هەندێ بابەتی

# زمان و ڕێنووسی کوردی

هەندێ بابەتی

# زمان و ڕێنووسی کوردی

مەسعوود محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مەسعوود محەمەد
هەندێ بابەتی زمان و رێنووسی كوردی
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٩١
چاپی یەكەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٥٥ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
رێنووسی یەكگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

# وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی

## پێشەکی

زمانی کوردی لە هەموو مێژوودا خاوەنێکی دەسەڵاتدار و دڵسۆزی نەبووە. لەوەتەی مادەکان لێیان تێك چووە، بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ زیاتر، میللەتی کورد خاوەن کیانی سیاسی و حکوومەت نەبووە تاکو توانیبێتی خزمەتی زمانەکەی بکا و بەرەو ژوورتری ببا بەهۆی سازدان و لە چەرخدانیەوە بۆ بەکارهێنانی ئەدەبی و ڕەسمی و هونەری یاخود هەر نەبێ ڕێزمان و دەستوورەکانی بپارێزێ و وەك زمانێکی یەکگرتوو لە سەرانسەری کوردستاندا بیهێڵێتەوە. مەل و گیای دەشت و دەر چەند لەخۆوە دەژین و زۆر و کەم دەکەن و ڕێکەوتی خۆش و ناخۆش بەرەوپێش و بەرەوپاشیان دێنێ و دەبا، زمانی کوردیش، لە چاو زمانەکانی تری خاوەن کیان و حکوومەت، هێندە خۆڕسك و بێ شوان و باغەوان و پەرژین و ئاو و دان بووە. لێرە بەپێشەوە نەدەسبژارێك کراوە، نەخزمەت و خۆراکێکی دیوە، نەیارمەتییێك دراوە لە کەوتن ڕاست بێتەوە یاخود بەسەر پێیانەوە تاقەتی ڕاوەستانی هەبێ. تازەبەتازە نەبێ بەجۆرێکی سەرەتایی و کەوت و ڕەوت پشکنینەوەی تێدا دەکرێ و هەوڵی بەرەو پێشبردنی دەدرێ، لە کۆنەوە نەبیستراوە چ لایەنێکی دەسەڵاتدار خۆی تێ گەیاندبێ مەگەر خۆ تێگەیاندنی دوشمنانە و ناحەزانە. ئەمەی لێرەدا دەیڵێم وەك بەڵگەنەویست (بدیهییە) دێتە بەرچاوان، یەکێك بیەوێ نەیسەلمێنێ ئەرکی هێنانەوەی بەڵگە بۆ نەسەلماندن دەکەوێتە ئەستۆی خۆیەوە.

مێژووی میللەتی کورد بەهەموو تاریکی و نەزانراوی و بێ تۆژینەوەی خۆیەوە هێشتان لە زمانی کوردی بەرچاوتر و شوێنەوار ڕوونترە. ڕەنگە بتوانین کورتەباسێکی بەسەرهاتی میللەتەکەمان بگێڕینەوە، پێ بە پێ لە چەند هەزار ساڵێکەوە تا ڕۆژانی ئێستا لەگەڵیدا سەرەوژێر بینەوە و تا ڕادەیێکیش لەو بەسەرهاتە بگەین و هۆی ڕوودانی، کەم کەمە، بەدەستەوە بدەین، بەڵام زمانەکەمان زۆر و کەم سەرگوزەشتی نیو مەعلومیشی نییە، کەس ناتوانێ و نازانێ بڵێ بەر لە هەزار ساڵ زمانی کوردی چۆن بووە و لەهجەکانی لە چ بارێکدا بوون، فەرهەنگی وشەکانی چەند بوو، ڕێزمانی

ئەوسای لە چاو هی ئێستای چ جوداوازییێکی هەبوو، دواتر چیی بەسەر هات و لە کام ڕێبازەوە بەرەو شکڵی ئێستاکەی گلێر بووەوە... پێشتر چۆن بوو، کەوتبووە بەر تاوی کام سەقافەت، چەند لەهجە بوو، لەهجەکانی لە چییەوە پەیدا بوون و چۆن لە یەکتر دوو دەکەوتنەوە، بۆچی دوور دەکەوتنەوە. پوختەی گوتە ئەوەیە تا ئێستا ئەوەی لە بارەی مێژووی زمانی کوردی و لەهجەکان و فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆریەوە دەزانین هەر ئەوەیە کە لە هەڵکەوتی ئێستاکە و ڕابردوویێکی زۆر نوێی بۆمان دەردەکەوێ، هەرچی هۆی بەستنەوەی ڕابردووی کۆنی بەئێستاکەیەوە هەیە لێمان بزرە. پاشماوەی زەردەشت و ئاڤێستا، بەنیسبەت زانستی ئێستامانەوە، بەتەواوی پچڕاوەتەوە لە ڕۆژگاری دوا خۆیانەوە. کەمتاکورتێك لە زانیاریی مامۆستاکانی ئەم چەرخە لەبارەی ئاڤێستا و نزیکی و دووریی لە کوردیی ئەم ڕۆژانەمان باییی ئەوە ناکا چ هەنگاوێکی گرنگی پێ باوێین بەرەو دۆزینەوەی پێوەندیی میانی زمانی کوردیی ئەوسا و ئێستا و جۆر و هۆی گۆڕانی لە شکڵی کۆنیەوە بۆ هی چەرخەکانی نوێی.

پڕکردنەوەی بەتاڵایی و کەلەبەر لە زانستەکانی (کوردیناسی)دا بەندە بەچالاکیی پسپۆڕانەی ئارکایۆلۆجییەوە. بەلای باوەڕی منەوە ئیمکان نییە نەخشەیێکی مەفهوم و قەناعەتهێنی مێژووی بەسەرهاتی کورد و زمانی کوردی بکێشرێ بەر لەوە زاناکانی ئاسار لە ژێر خاکی کوردستانەوە مەعلوومات بەسەر بخەن. دەبێ سینەی گۆڕستانی مێژووی کورد کە خاکی کوردستانە لە چەندین جێگە ماسیدڕی لێ بدرێ و چین چین ڕابردووی بەسەر یەکتردا تەپیوی وەك پەڕەی کتێبی شڕ هەڵدرێنەوە و واتاکانیان لێك بدرێنەوە. زانایانی ئاسار کاری یەکجار گرانتریان کردووە لە دەرهێنانەوەی مێژووی کورد کە میللەتێکی زیندووە و بەخۆی و مەفتەنیەوە درێژەی ئەو ڕابردووە ژێرخاك بووەیە، مێژوو و زمانی گەلێك میللەتی لەناوچووی خرانەوە سەر ڕووپەڕەی زیندەگانییەوە و بوونەوە زانیاریی سەرەتایی کە لە فێرگەکان بەدەرس دەخوێندرێن، وا هەیە ڕێزمانیشیان دۆزراوەتەوە و کتێبی لەسەر دانراوە. هەڵکەندنی گردی (شمشارە) لە خوارووی ڕانیە بەسەر زێی بچووکەوە ڕووناکاییەکی گرنگی خستە سەر باری ئەو ناوچەیە و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی دراوسێ و دوور و نێزیکیەوە لە ڕۆژگارێکدا کە هەزار ساڵ زیاتر پێش زەردەشتەوە دێت.

لەم هەڵکەندنە و دۆزینەوە و خوێندنەوەی خشتە سوورکراوە لێنووسراوەکانیەوە، بۆ یەکەم جار لە هەموو مێژوودا، زانرا ناوەکانی ئاوایی و گردە دەسکردەکانی ئەو

ناوچەیە لە نزیکەی چوار هەزار ساڵەوە گۆڕانێکی کەم نەبێ بەسەریاندا نەهاتووە. ناوی (شمشارە) خۆی ئەوسا (شووشەرا) بووە، چەندین دێ و وێرانگەی تریش لە ناوچەی بیتوێن و ڕانیەدا هەر ئەو ناوانەیان هەبووە کە ئێستا هەیانە وەك دێی (کامەریان) کە ئەوسا (شیمەرینی)[1] بووە... ئەم دۆزینەوانە سەرنج بۆ هێندێ دەبەن کەوا هەر لە یەکترچوونێك لە میانی ناوێکی کۆن و یەکێکی نوێ لە ئاواییەکانی کوردستان بێتە بەرچاو، هەڵدەگرێ ببێتە بەڵگە و یەکبوونی ئەم دوو شوێنە بسەپێنێ.

جگە لە ناوەکان، کەوا کەرستەیێکی زۆر گرنگی زانستی و مێژوویی بەرهەم دێنن بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی ڕابردووی کۆن و نوێی کورد، لەو نووسینانەی سەر خشتەکانی فەرهەنگۆکێکی وشەی عادەتیش پێك دێت لێی دەوەشێتەوە بەراورد بکرێت لەگەڵ فەرهەنگی ئێستای زمانی کوردی. نووسینەکان بەزمانی (خووری)

نووسراون و لەلایەن پسپۆڕێکی زمانەکەوە لە خەتی (میخی)یەوە بۆ خەتی لاتینی گۆڕاون و بەزمانی ئینگلیزیش تەرجەمە کراون.

هەرچەند نووسینەکان تۆژینەوەیێکی زۆریان دەوێ و جارێ بەجۆرێکی سەرەتایی بڵاو بوونەتەوە و تەرجەمە کراون، لەگەڵ ئەمەشدا لە بەرچاوی من دروشم و ڕەنگ و شێوەی زمانی کوردییان تێدا دەدۆزرێتەوە. ئەگەر چاوم ڕەشکەوپێشکەی نەکردبێ لە دیتنی شێوە و تارمایی زمانی کوردی لەو نووسینانەی گردی (شمشارە) و بەتەواوی ساغ بێتەوە کە وا زمانی کوردیی ئێستا و زمانی (خووری)ی کۆن لەیەك دەکەن هەنگاوێکی زۆر فرەوان بەرەو پێشەوە دەچین لە سەپاندنی ئەو کۆنە باوەڕەم کەوا میللەتی کورد و (خووری) هەر یەکن وە یاخود هەر نەبێ خوورییەکان ڕەگەزێکی زلن لەو شادەمارانەی ڕایەڵەی «کوردایەتی» پێك دێنن. لێرەدا نموونەیێك دێنمەوە لەو ڕستە خوورییانە کەوا بەسەر خشتە سوورکراوەکانی شمشارەوە نووسراونەوە.

لە ژمارە (١٣)ەی گۆڤاری (سۆمەر)ی ساڵی **١٩٥٧** لە گوتاری پرۆفیسۆر ج لێسۆ ئەم ڕستەیە بەنووسینی لاتینی دەخوێنیتەوە کە ڕستەکە خۆی بەزمانی خوورییە tuppaka sa tusabilam. واتای ڕستەکەش بەزمانی ئینگلیزی بەم جۆرەیە کە لە هەمان جێگە لە گوتارەکەدا تۆمار کراوە your letter which you sent me. واتای ڕستەکە بەکوردی ئەمە دەردەچێ «نامەکەت کە بۆت ناردبووم». کە ورد بیتەوە دەبینی

(١) بڕوانە: گۆڤاری (سۆمەر)، بەرگی ١٦، ساڵی ١٩٦٠ ل١٥.

لە (نووسینەکەی خووری)دا دووجاران وشەی tu دێتەوە کەوا بەزاهیر (توو)ی کوردیی ئێستاکەیە. لە کۆتاییی ڕستەکەشدا پیتی m هەیە کە ئەویش ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە لە کوردیی ئێستاکەدا. وشەی sabila بەلای باوەڕی منەوە ئەویش (سپارد، ڕاسپارد)ی ئێستاکەی کوردیی خۆمانە. وەنییە من چ دیراسەیێکی زمانی خووریم کردبێ، چی لێرەدا دەیڵێم خوێندنەوەیێکی سەرپێ و ڕواڵەتیی ئەو ڕستانەیە کە لە گوتارەکەدا نووسراون.

جا ئەگەر ئەم یەکبوونەی کورد و خووری بەتەواوی ساغ بووەوە و سەلماندمان زمانی ئێستای کورد نەوەی زمانی ئەوسای خوورییەکانە ڕاستەوخۆ هەزار ساڵێك لە ئاڤێستا ژوورتر دەکەوینەوە بەرەو دۆزینەوەی کۆنترین سەرچاوەی نووسراوی کوردی.

بەهەمەحاڵ هەڵکەندنەکانی (شمشارە) زەخیرەیێکی زلی مێژوویی بەدەستەوە دا و ڕووناکییێکی بەهێزی خستە سەر گەلێك باری نەزانراوی ناوچەی ڕانیە و بیتوێن و ئەو شوێنانەی پێوەندییان پێیەوە هەبووە لە دوور و نیزیکەوە. دەوجا کە هەڵکەندنی تاکە یەك گرد ئەو هەموو ئەنجامە بەدەستەوە بدا تۆ بڵێی ڕووپێو[٢]کردنێکی سەرلەبەری کوردستان بەپشکنینەوەی ئارکایۆلۆجی دەبێ چمان بۆ پەیدا بکا؟ بێگومان بەرهەمێکی لە ئەندازە بەدەر.

لێرەدا دەمەوێ لە خوێنەری کورد بگەیەنم، بەپێی باوەڕی خۆم، دۆزینەوەی بنجەکانی زمان و ڕێزمانی کوردی بەندە بەتۆژینەوەی ئارکایۆلۆجی لە سەرانسەری، یاخۆ بەشی زۆری کوردستاندا. ئەم تۆژینەوەش تا ئێستا نەهیچی ئەوتۆی کراوە ببێتە بناخەی دیراسەیێکی فیلۆلۆجی کە خۆ پێوە ماندووکردن بهێنێ، نە چ موژدەیێکیش لە ئاسۆی کوردستانەوە هەواڵی تۆژینەوەیێکی ئارکایۆلۆجیی نێزیکمان بۆ دێنێ. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر لەم لەحزەیەدا پێمان بڵێن بڕیار دەرچوو لەلایەن میللەتە یەکگرتووەکانەوە کە زانایانی ئارکایۆلۆجی و کوردناسی خەریکی هەڵکەندن و ماسی دڕ لێدان بن لە هەموو بستێکی خاکی کوردستاندا کە گومانی تێدابوونی ئەنتیکیی لێ دەکرێ، دەبێ ساڵانی ساڵ بەدیار بەرهەمی ئەو هەوڵ و تەقەڵایە زانستییانەوە ڕاوەستین تا دەردەست دەکرێن و دەزانرێن و پوختە دەبن و دێنە قاڵبی سوود لێ

(٢) ڕووپێوکردن: مسح، مساحة.

وەرگرتنەوە. ئەم کارە خەیاڵییە کە چەندین ساڵی پێ دەوێ، کاری حەقیقیی دەیان و زیاتر لە دەیان ساڵی پێ دەوێ. ڕەنگە خەیاڵەکەش هەر نەیێتە دی.

ئەمە ڕاستییێکە دەمەتەقە هەڵناگرێ. کەواتە چاوەنۆڕکردنی ڕوونبوونەوەی مێژووی میللەتی کورد و زمانی کوردی بەنیازی خۆهەڵگرتن بۆ ئەوە ئەوساکە دەست بکرێ بەدۆزینەوەی دەستوورەکانی زمانەکەمان، سەرەڕای ئەوە کە کارێکی دووبەختییە (یا دەبێ یا نابێ) پەکخستنی هەموو توانایێکیشە لە مەیدانی زمانزانیدا بەدیار ئومێدێکی مەوهوومەوە بۆ ماوەیێکی کۆتایی بزر. تا ئێستا هیچ میللەتێك لە هیچ مەیدانێکی زانستدا، زمان بێ یا شتێکی تر، دەست و قەڵەمی خۆی ڕەق نەکردووە بەهۆی ناتەواویی مەعلوومات تێیدا، فەلەکناسەکان ئەگەر پەیڕەوی ئەم تێفکرینەیان کردبا و ڕاوەستابان تا ڕۆژگاری ئاسمان گەردی، دەبوا ورتەیان لە بەرەوە نەیی نەك لە سەردەمی سۆمەر و بابل و میسری کۆن و یۆنانەکانەوە بگرە تا گالیلیۆ و کۆپەرنیکۆسیش.. بەم گەز و گرێیە ڕەنگە ئیمڕۆش فەلەکناسان مافی قسەکردنیان نەبێ لەبارەی ئاسمانەوە بەهۆی ئەوەوە کە هێشتا زانستی فەلەك لە چاو پانایی و قووڵاییی بێ برانەوەی جیهاندا وەك قەترە بەدەریایە. دەبوو فینیقییەکانیش دەریاگەڕی نەکەن چونکە هێشتا چی ئەوتۆ لەبارەی دەریاکانی هەموو جیهانەوە نەزانرابوو لەوە گەڕێ زانستەکە تۆماریش نەکرابوو. کە قیاس لە زمان و ئاسمانگەردی و دەریاپێوی بکەیت هەموو زانستەکانی تریش دەبوو خەویان لێ بکەوێ تا کاتێکی کەس نەزانیو.

لەوەڕا مەعلووم دەکرێ ئەو دەنگ و سەدایەی کە ناوەناوە دێتە بەر گوێمان و موژدەیێکی غەیبی بەکورد دەدا و پیرۆزباییشی لێ دەکا بەبۆنەی ڕوونکردنەوەی مێژووی زمانەکەمان هەر لە زەردەشتەوە تا ئیمڕۆ لە ڕێی هەوڵ و تەقەلای زانستکارانەی خۆیەوە، چ بنج و بناوانێکی ئەوتۆی نییە دڵ خۆش کا. دەنگ و سەدایەکە هەر بەموژدەدانیش ڕازی نابێ، لەژێر لێوەوە تێشمان دەگەیەنێ کەوا خەریکبوونی شارەزایانی زمان بەدانانی دەستووری ڕێزمان بۆ ئاخاوتنی کوردیی ئەم سەردەمە کارێکی کاڵ و کرچە و زەحمەتی بێهودەیە. کە ئەمە دەڵێم خۆشم دەزانم دۆزینەوەی داوی پێوەندیی میانی کوردیی کۆن و لەهجەکانی ئێستاکەی کارێکە لێی دەوەشێتەوە پەیکەری زێڕی بۆ داڕژرێ و خاوەنەکەی بەپێشەوای سەرلەبەری ڕۆشنبیر و نووسەر و زانایانی کورد لە قەڵەم بدرێت و وەك (احمد شوقی) بکرێ بەمیری

کوردناسی، تاج و گۆچانی ئیمارەتی پێ بدرێت. بەڵام حەزکردن و خۆش ئامەدیکردنی من لە شتێك نابێتە پێکهێنەری ئەو شتە. کوێر حەز لە دوو چاوی ساغ دەکا و نیوە چاوێکی ناساغیشی پێ نابڕێ. هەر وەك دەزانم کەس نییە بتوانێ قورساییی ١٠ تەن هەڵگرێ، وە یا بەدەست لێکدان ڕەهەوا کەوێ و بفڕێ، وەیا بەبازێك لە دەجلە بپەڕێتەوە هەروەهاش دەزانم، تۆش دەزانیت، بەکەس ناکرێ لەهجەکانی ئێستاکەی کوردی بەرێی شەقامەڕێدا بپەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشت و پێشتر. ئەم هەموو زانستەی فیلۆلۆجی و کوردناسی و ئارکایۆلۆجی و مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و ساغکردنەوەی تاو و تەئسیری تێکەڵبوون و تێك هەڵقژان و تێك چڕمسانی میللەتان و زمانەکانی ئەم ناوچەیە پان و بەرینە لە ماوەی دوو سێ هەزار ساڵاندا کاری تاکە کەس نییە، کاری جیلێکی سەرلەبەریش نییە، نەفەسی ئەم کارە لە عومری تاکە کەس و تاکە جیل یەکجار درێژەترە سەیری ئاشوورناسی بکە کەوا لە ١٠٠ ساڵ زیاترە زاناکانی ئاسار تێیدا خەریکن و جیلا و جیل زانستەکانیان بۆ یەکتر دەور و تەسلیم دەکەن و هێشتانیش بەرێگاوەن.

بڕیاری دوارۆژ چی دەبێ با ببێ لەبارەی ڕوونکردنەوەی مێژووی کورد و زمانی کوردییەوە، گریمان دەستێکی قودرەت ئەم مێژووەی بۆ خستینە بەر تیشکی نێوەڕۆ و هەندی کتێبێکی چاپکراوەی خەتخۆشی بێ هەڵە ئاسان بوو بۆ خوێندنەوە و بۆ تێگەیشتنیشی، ئا لەم حاڵەشدا کە لە حاڵی بەهەشت دەکا نەك هی زەوی، خەریکبوون بەڕێزمانی ئاخاوتنی ئێستاکەمانەوە هەر بەملەوەیە و دەبێ بکرێ و بنووسرێ و بڵاو بێتەوە و بخوێنرێتەوە. بۆیەیە تۆژینەوەی فیلۆلۆجی و ڕێزمانی لەم ڕۆژگارەدا بەهەمەحاڵ پێویستی سەر شانی زمانەوانانە، هەریەکەیان بەقەدەر تواناییی خۆی. ئامادەکردنی دیراسەی (خورد یاخود درشت)ی زمانی کوردی لە هەردوو حاڵی ڕوونبوونەوە و ڕوون نەبوونەوەی مێژووی زمانەکەمان کارێکی سوودبەخشە، لە سوودبەخشیش پترە چونکە پێویستە ئەگەر مێژوو ڕوون نەکرایەوە ناچارین دەبێ دەستەودامەنی ئاخاوتنی ئێستاکەمان بین و لێی بکۆڵینەوە کە مێژووش ڕوون کرایەوە ئەوساش ماوەیێکی باش بڕدراوە لە ئامادەکردنی دیراسەی پوختەی باری ئێستای زمانی کوردی. لە فەرزی جەمسەری هەندێك لەو دەستوورانەی کە ئیمرۆ دەدۆزرێنەوە لەگەڵ جەمسەری دەستووره مێژووییەکان یەکتر نەگرنەوە و نەگونجێن، دیسانەوە تەعدیلکردنی دەستوورەکانی نوێ بۆ گونجاندنیان لەگەڵ هی کۆن ئاسانتر

دەبێ لەوە کە لە سەرەتاوە دەست بکرێ بەدانان و دۆزینەوەیان، ڕەنگە بەشێکی زۆریش لەو دەستوورە نۆێیانە بێ تەعدیلکردن ببنە درێژەپێدانێکی ئاسایی و ڕاستەوخۆی دەستووراتی کۆنینە.

وا دەزانم حورمەتگرتنی ئەم ئیحتیماله زۆر بێ هێزەی دۆزینەوەی سەرەتاکانی زمانی کوردی لە پێش سێ چوار هەزار ساڵێکەوە، هەر ئەوەندەی لێ دەوەشێتەوە کە تازە خستمە ڕوو؛ هەرگیز داوامان لێ ناکا دەستپاچە بەدیار بوون و نەبوونیەوە بووەستین تا ڕۆژگارێکی بێ برانەوە یاخود زۆر دوور و درێژ. وەستانمان زیانێکی سادە و بێ تەئویلە لە خۆمان و لە زمانەکەشمانی دەدەین.

ئەم باوەڕەم دەمهاوێتە سەر ڕێبازی خۆش ئامەدیکردن لە هەموو چالاکیێکی زمانزانانی کورد بەرەو دۆزینەوەی دەستووره ورد و درشتەکانی زمانی کوردی، فەتوا بۆ خۆشم دەدا کەوا لە گوێرەی دەسەڵاتی خۆم، بەتەنیایی یاخۆ لەگەڵ خەڵقی تر، لەو تەرزە چالاکییەدا دەستێکم هەبێ. نەزانراوی و شراوەیی دەستوورەکانی کوردی بەبەریەوە هەیە خەڵقێکی زۆر بۆ ماوەیێکی درێژ لەگەڵی خەریك بن و لێی نەبنەوە.

ڕەنگە بگوترێ کردنەوەی دەرگەی تۆژینەوەی زمان لە ڕووی هەموو کەسێك قەڵەبالغییێکی بێ تام بەدەوری زمانەوە کۆ دەکاتەوە، بەلام وا دەزانم ئەم تێبینییە هەر لەسەر کاغەز بایەخدارە، لە واقیعدا جێی مەترسی لێکردن نییە، جارێ لە پێشەوە دەبێ بلێین و بزانین من و تۆ ناتوانین، ڕێشمان نییە، خەلق مەنع کەین لەو چالاکییە هەروەك ناتوانین مەنعیان کەین لە ڕاوەماسی یاخود لە سێ باز و شەترەنج. لەوەش بەولاوە هەرکەسە ئوبالی بەئەستۆی خۆی، کە بێ و خۆ بەزمانەوە یا بەشەترەنجەوە خەریك کا. خەریکبوونی خەڵق بەزمان و غەیری زمانەوە چ ئەرکێکی مادی ناخاتە سەر شانی کەس، بەهەڵە چوونیشیان زەرەر لە خۆیان نەبێ نادا چونکە مەرج نییە هەڵەی فلان و فیسار بەلای نووسەرانەوە پەسند بێ و بکرێتە ڕێباز و شێوازی نووسین، نووسەران بەزەحمەت شتی ڕاست لە غەیری خۆیان دەسەلمێنن چ جایی هی چەوت. ئەوەی ڕاستیش بێ نووسین کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر بۆ خۆی ئاسانیش بێ بلاوکردنەی ئاسان نییە. تۆ کە شتێکت نووسی و لێی بوویەوە جارێ دووچاری گرفتی گەورە نەهاتووی، چاپکردنی نووسراوەکەت گرفتی ڕاستەقینەیە. لەگەڵ ئەم هەموو زەحمەتەی مادی و زیهنیی نووسین، کەم وایە یەکێك خاوەن بەهرە نەبێ خۆی لێ بدا. کەواتە ئازادبوونی نووسەران لە خەریکبوونیان بەزمانەوە هی سڵ لێکردن نییە.

خۆ خەریککردن بەزمان و دۆزینەوەی دەستوورەکانی هەر لە تاکە ڕێگەیێکەوە تێ ناکا، چەندین لایەن و کەلێن و پەنا و پەسێو هەن لە تێکڕای باسی زمان و زانستەکانی، هەریەکەیان لەوانەیە عومری مرۆڤ بەسەر ببەن و کۆتاییان نەیێ. بێگومان یەخەگیربوونی سەرلەبەری ئەو سەرەباسانە بەنیسبەت تاکە کەسێکەوە کارێکە سەری هەیە بەڵام کۆتایی نییە، چونکە بەتەنیا لێیان نابێتەوە گریمان دەسەڵات و هێزی نووسینیشی هەبێ لەو هەموو مەیدانانەدا. دۆزینەوە و دانانی دەستوور بۆ سەرتاسەری زمان نەئیشی تاکە کەسە و نە لە ساڵێك و دوو ساڵیشدا بەئەنجام دەگا. خۆ ئەگەر ئەو هەموو زانستانەی زمان تۆمار بکرێن و بەدرێژییەوە بخرێنە پەڕاوێزی کتێبێکەوە ڕەنگە کتێبەکە هێندە قورس بێ هەڵگرتنی وەزەحمەت بکەوێ.

کۆڕی زانیاری کورد ئەو هەموو لایەنانەی گرتووەتە بەرچاو و لە گوێرەی پێداویستیان پلانی کارکردن و تۆژینەوەی بۆ ئەندامان و لیژنەکانی داناوە. پەڕاوێزی ئەو پلانەی کۆڕ هێندە فراوانە دەتوانێ هەموو جۆرە زانستێکی زمان بگرێتە ناوەوە هەر لە ئێستاوە هەتا ئەو کاتانەی کۆڕ هەیە و مەعلووماتی سەر بەزمان، لە کۆن و لە نوێ، خۆبەدەستەوە دەدا. بەشێوەیێکی دائیمی دوو لیژنەی زمانی لە کاردان و لەوەتەی کۆڕ بنیات نراوە لیژنەکانی خەریکن و هەر بەرێوەن، چ مەعلومیش نییە کەی لەو فەرمانە دەبنەوە. لە فەرزی گەیشتنە کۆتایی کاری ئێستاکەیان دەشێ لە دواڕۆژێکی نێزیکدا سەرلەنوێ بکەونەوە گەڕ.

من بۆ خۆم لەگەڵ یەکێك لەو لیژنانە بەپێی بەرنامەیێکی لێهاتوو بۆ تۆژینەوەیێکی پوختە لە شەقامەکانی ڕێزمانی کوردی لە دوو ساڵ زیاترە خەریکم. لیژنەکە مەودایێکی باشی بڕیوە و گەلێك ڕاستی و تایبەتی نهێنیی زمانی کوردیشی دۆزیوەتەوە لەوانەی تا ئێستا وەك شرایەویە وا بوون. لەو لێکۆڵینەوانەدا هەوڵ دراوە سەیری ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بکرێ هەر لەبەر تیشکی سروشتی زمانی کوردی خۆی نەك هی زمانانی تر، واتە ویستراوە ڕێزمانی کوردی ئازاد بێ لە تاو و گوڕی دەستووری ئەو زمانانە کە بەهۆی خەریکبوونی زمانزانانی کورد پێیانەوە شاڵاویان هێناوە بۆ ناو زۆربەی ئەو کتێبانە کە لەسەر ڕێزمانی کوردی دانراون.

ئەم لیژنەیە لەگەڵ تێکڕای ڕێزمان خەریکە، بەرهەمی لێکۆڵینەوەکانیشی لە ئەنجامدا کتێبێکی گەورە پێك دێنێ، لەو کتێبانەی مەبەستیش ڕوون دەکەنەوە و

خوێنەریش وەڕز ناکەن بەدرێژە پێدانی لە عادەت بەدەر. نووسینی ئەم پەڕ ئەو پەڕ لەسەر هەموو باس و لاباسەکانی ڕێزمانی کوردی کارێکی ئەکادیمیی نەفەس درێژی ئەوتۆیە نە لەگەڵ جۆری خەریکبوونی لیژنە ڕێك دەکەوێ نەدەستیش دەدا بۆ خوێندەوارێکی ئاسایی کە هەر هێندەی مەبەستە لە سەرجوملەی دەستووری زمان شارەزا بێ، بەشێوەیێکی مامناوەنجی و لە ئەنجامدا بەقەدەر شاگردێکی زانکۆ (جامعة) تێیدا بەڵەد بێ. ئەم تەرزە دیراسەیە کە دەست بدا بۆ خوێنەری ئاسایی، نەك هەر لە کوردی بگرە لە هەموو زمانێکدا بەدی دەکرێ و پێداویستێکی خوێندنەوەی ڕۆژانەی ڕۆشنبیرانە.

تۆژینەوەی ورد و درێژە پێدراو لە پەنا و پەسێو و گۆشە پەنهانەکانی زمان کە لە خۆیانەوە ناکەونە بەرچاو و سرنجی خوێنەری بەپەلە و سەری ڕێ بەهۆشی مرۆڤێك ناگرن خۆی بۆ باسی زمان ئامادە وە یا تەرخان نەکردبێ، ئا ئەم تۆژینەوەیە لە پەراوێزی دیراسەی تێکڕایی و سەرلەبەر و یەك نەفەس جێی نابێتەوە. سەیرێکی بەشی یەکەمی ئەم نووسینە بکەی کە خەریکی ڕۆڵی تاکە یەك (پیت وە یا دەنگ)ی زمانی کوردییە و لەگەڵ درێژەی کە هەیەتی نەیتوانیوە هەموو سەروبەرێکی باسەکە ناوکێڵ بکا، بۆت ئاشکرا دەبێ پێوانی هەموو زمانی کوردی بەم گەز و گرێیە و ڕووچوون تێیدا بۆ ئەم قووڵاییە هەوڵێکی بێ بڕانەوەی دەوێ، بەرهەمەکەش دەگا بەبارستی (ئینسایکلۆپیدیا). لە زمانی کوردیدا چەندین کەلێن و قوژبنی نەدیتراوی وا هەیە هیچ کامێکیان ناکەونە ژێر سەرەباسە بەرینەکانی ڕێزمانەوە و لەوانەن کتێبی فێرگەکان هەر خۆیانیان تێ نەگەیەنن، کەچی ئەم وردە جەمسەر و جمگە و باریکە دەمارانە قەڵافەتی زمان دەکەن بەساختێکی یەکگرتووی تەواو. وا دەبێ مەکینەیێکی زۆر گەورە بە لێ دەرکێشانی یەك دوو برغوو و بزمار هەمووی لەبەریەك هەڵدەوەشێ و لە مەکینەیی دەشۆڕێ. زمانیش هەر وایە، وردیلە ئەمرازەکانی لەگەڵ قووچاندن و کردنەوەی هەندێ لە پیتەکانی وە یا گوشین و شلکردنی چەند وشەیێکی، گیان دەخەنە بەر ڕستە و گوتە و ئاخاوتنی و دەیانکەن بەهەڵگری واتا و مەبەستی دەروون و مێشکی ئەو کەسە زمانەکە بەکار دێنێ. وەك دەزانین دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەم وردە تایبەتییانە و پێکدا دووران و تێك چڕمسانی ناوەکیی ئاخاوتن سروشتی ڕاستەقینەی زمان دەردەخەن، دەستوورە بەرچاو و بەرینەکانی زمان مرۆڤ ناگەیەنن بەناوەڕۆکی، چونکە بەهۆی زێدە بەرچاوییەوە پێویستییان نییە بەسرنجدان و

لێقووڵبوونەوە. کار و بەرکار و کارا و ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و ئەمراز... ئەمانە سەرەباسی یەکجار بەرینن، هێندەش بەسەر زارانەوەن هەر دەڵێی گوتنەوەیان بووە بە(تحصیل حاصل). وا هەیە ئەم سەرەباسە بەرینانە لەبەر زۆر گوتنەوەیان لە کاتێکی کۆنەوە، شارێیەکی هێندە بەرفرەوانیان لە ڕێزماندا تەخت کردووە، بەربەستی هەوڵ و تەقەلاّی تازە دەکا لەلایەن نووسەری خاوەن ڕای سەربەخۆوە کە ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکە و دەبێ چارەسەر بکرێ چونکە لەوانەیە گەلێك لەو دەستوور و شارێیە پەرەسەندوو و باوەڕ پێکراوانە هەڵەی گەورەیان تێدا بێ هەر نەبێ لەبەر ئەوە کە بەزۆری لە دەستوور و ڕێزمانی بێگانەوە وەرگیراون و لێ بێدەنگبوونیان دەبێتە هۆی سەپاندنی هەڵە بەسەر ڕێزمانی کوردییەوە.

لەم تێبینییانەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم و پێتی بسەلمێنم کەوا خەریکبوونی من و غەیری منیش بەباسی درێژە پێدراو لە تاکەکانی مەوزووعی ڕێزمان ئەرکێکی پێویست و ناچارییە هەر دەبێ ئەنجام بدرێ. گریمان سەرڕشتەی زمانی کوردی هەڵکرایەوە، وەك کەلاّفەی دەزوو، تا ئاڤێستا و پێش ئاڤێستاش وە یاخود هەر تا دەورانی ساسانی وەیا بەملاوەتر بەدوا دەستاندا هات، ئەم کارەی شیکردنەوەی زمان و خوردکرنەوەی باسە گەورەکانی نەپشتگوێ دەخرێ، نەبایەخی کەم دەبێتەوە نەئەنجامدانیشی چ زیانێك بەهەوڵ و تەقەلاّی کەس دەگەینێ. وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی زمانەکەمان تا ئەو ڕادەیە کە گەڕ و سووڕی میکانیزمی دەروونیی زمانەکە دیار دەخا فەرمانی سەرشانی زمانزانانی کوردە. لە گەلێك هەڵوەستی نازکدا هەست دەکرێ بەزێدە پێویستبوونی بەکارهێنانی ئەوپەڕی پسپۆڕی و شارەزایی لە هەرچی پێی دەگوترێ (فقه اللغة – فیلۆلۆجی)، ئەوساش ڕەنگە قەناعەت پەیداکردنی بێ کەلەبەر کارێکی سەخت بێ.

دەڵێن خڵتەی ژێر دەریا مێژووی ملیۆنان ساڵی ڕووداوەکانی فیزیایی و سروشتی سەر زەویت بۆ دەگێڕنەوە؛ ئەمەش گوتەیێکی ڕاستە چونکە هەر زەرەیێك لەو خڵتەیە کە لە دەرەوەی دەریاکەوە سەرەوژێر بووەتەوە بۆ تەختی بنی، بەخۆی و حیکایەتی ئەو ڕووداوەی کە سەرەوژێری کردووەتەوە چووە بۆ بنی دەریا. حیکایەتەکەی لە دەرەوە بەجێ نەهێشتووە. وردە تایبەتییەکانی زمانیش وەك زەرەی ئەو خڵتەیە وایە، ئەویش لە بنەڕەتدا زادەی ڕۆژگارێکی دێرین و واقیعێکی تێپەڕیوە بەهەموو کەین و بەین و سەر و بەرێکیەوە، کە بەلێژگەی مێژووشدا سەرەوخوار بووەوە تا ڕۆژانی ئێستاکە ڕەنگ

و دەنگێکی زۆری ئەو ڕابردووەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بەدیاری بۆمان. ئەگەر شارەزای زمان چاوێکی زەرەبین و هەستێکی مووقلاّشی هەبێ لەوانەیە گەلێك لە ڕەنگ و دەنگی ئەم دیارییە کۆنە تەرجەمە بکا بۆ سەر ئاخافتن و ڕاوێژی ئێستاکەمان. زمانزانێکی ئاسایی کە چاو و هەستی زەرەبین و مووقلاّشیشی نەبێ دەتوانێ لە ڕێی وردبینی و قووڵبوونەوەی خۆی بەناو شیرازەی داوە باریکەکانی زماندا شوێنپێ خۆش کا بۆ گەشتی سەرەوژوورتر بەرەو بنج و سەرچاوە کۆنەکانەوە، هەرچەند بۆ خۆی لەو بنج و سەرچاوانە زۆریش باخەبەر نەبێ. لێرەدا بەنموونە دەڵێم یەکێك لەو مامۆستایانەی بەزمانەوە خەریك بوون، لە عاست چەند فیعلێکی وەك (چاندی، ستاندی) لەسەر سوڕمان بەولاوە شتێکی بەدەستەوە نەبوو چونکە ئەو فیعلانە لەو جۆرەن کە بەهۆی ئەمرازی (اندن)ەوە بوون بەتێپەڕ (متعدی) دەوجا کە ئەمرازەکەت لە فیعلەکە وەرگرتەوە چیی ئەوتۆی لێ نامێنێتەوە پێی بگوترێ فیعلی (تێ نەپەڕ). تۆ ئەگەر لە (چاندن) ئەمرازەکەی (اندن)ت لابرد دەمێنێتەوە تاکە پیتی (چ) کە ئەمە دەست نادا ببێتە فیعل. خۆ و تالع من بەهۆی پێوەندیمەوە لەگەڵ هەندێ عەشرەتەکانمان ئاگاداری بنجی ئەو دوو فیعلانە بووم، بنجەکانیان تا ئێستاش لە نێوان ئەو عەشرەتانەدا بەکار دێن، دەڵێن «تووتنەکە چنا، زەوییەکە چنا»، لە ئایندە (مضارع)دا دەڵێن (تۆ بڵێی تا دوو ڕۆژی تر ئەم پەڵە زەوییەم بۆ بچینی؟). هەروەها دەگوترێ «هەقەکە بەتەواوی ستنا – ئەم هەقە بەکەس ناستنێ». خولاسە لەو مامۆستایەم گەیاند کە «چاندن و ستاندن»لە دوو فیعلی «چنان و ستنان»ەوە هاتوون، وا دیارە بۆ مەبەستی سووککردنەوە پیتی «ن» لە سیغەی تێپەڕدا بەهۆی (اندن)ەوە سواوە و لە جیاتی بگوترێ «چناندی و ستناندی»، کە ئەمە ڕاستیی فیعلەکەیە، دەگوترێ «چاندنی و ستاندی». بەنیسبەت مامۆستاکەوە دوو گرێی گرنگ لە تۆژینەوەیدا کرایەوە، بەلاّم تا ئێستاش بەنیسبەت ئەو و منیشەوە گرێی فیعلی «مان» کەوا لە ئایندەدا دەبێتە «دەمێنێ» نەکراوەتەوە چونکە بەپێی دەستووری داڕشتن و وەرگرتنی فیعلی ئایندە لە ڕابردووەوە دەبوو فیعلی(ما) لە ئایندەدا ببێتە «دەمێ»، سیغەی «دەمێنێ» تێپەڕە نەك تێنەپەڕ و دەبوو لە ڕابردوودا «ماندی» بێ وەك کە دەڵێی (سووتاندی – دەسووتێنێ، ڕژاندی – دەڕژێنی). دەوجا لێرەدا بەنیسبەت (ما – دەمێنی) دوو پرسیاری بێ وەرام دێنە پێشەوە:

یەکەم: دەبێ ئەسڵی (ما) چی بووبێ و چیی لێ قرتابێ؟

دووەم: چۆن وابوو سیغەی تێپەڕ (متعدی) بۆ تێ نەپەڕ (لازم) بەکار بێت؟

کە زۆر ورد بینەوە دەتوانین ئەم پرسیارەش بکەین و بڵێین: بەعادەتی دەستووری فیعلی ڕوودان (مطاوعە)ی وەك (ڕژا – دەڕژێ، سووتا – دەسووتێ) لە صیغەی تاکی یەکەم (مفرد متکلم) و هەموو کەسەکانی تردا ئەم (ێ)ەی کەسی سێیەمی تاك هەر دەمێنێ و ناپەڕێ. دەگوترێ (دەڕژێم، دەسووتێم – دەڕژێن، دەسووتێن) کەچی لە هی (مان)دا ئەم یێیە بۆ کەسەکانی غەیری سێیەمی تاك نامێنێتەوە. دەڵێی (دەمێنم، دەمێنن) کەچی دەبوا بگوترێ (دەمێنێم، دەمێنێن) ئاخۆ ئەم جوداوازییە چییە و لە کوێوە هاتووە؟ تۆ بڵێی لە بنەڕەتدا (ماندن) نەبووبێ کە ئێستاش لە فارسیدا هەروا بەکار دێت؟ ئەگەر قەناعەت بێنین کەوا (ماندن) سواوە و بووە بە(مان) گرێیەکان لە خۆوە دەکرێنەوە و سیغەی ئایندە (مضارع)ی دەبێتەوە خزمی سیغەی ڕابردووی و گەردانی (تصریف) بەم جۆرە دەبێ:

| | |
|---|---|
| من ماندم | من دەمێنم |
| تۆ ماندیت | تۆ دەمێنیت |
| ئەو ماند | ئەو دەمێنێت |
| ئێمە ماندین | ئێمە دەمێنین |
| ئێوە ماندن | دەمێنن |
| ئەوان ماندن | دەمێنن |

ئەوسا سەیریش لەوەدا نامێنێ کە (ی)ی کەسی سێیەمی تاك لە (مضارع)دا بۆ کەسی یەکەم و دووەم و هەموو کەسەکانی تر خۆ بەدەر ناخاتەوە چونکە ڕاستەوخۆ وەك فیعلی (مرد) حیسابی لەگەڵدا دەکرێ بێ زیاد و کەم:

| | |
|---|---|
| ئەو مرد | ئەو دەمرێت |
| من مردم | من دەمرم |
| ئێوە مردن | ئێوە دەمرن |
| ئەوان مردن | ئەوان دەمرن |

دەبینی لێرەشدا (ی) کە نایێتەوە بۆ کەسی یەکەم و دووەم، تەنانەت بۆ سێیەمی کۆش هەر نایێتەوە. لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا باسی فیعلی (مرد) و نەبوونی

بە(ڕووداو – مطاوعة) دەخوێنیتەوە، چی دەربارەی (مرد) گوتراوە سەرلەبەری دەشێ لەبارەی (مان – ماندن) بگوترێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ فیعلی «مان – ماندن» لە نوقتەی بەرامبەری (مردن)ەوە دەوەستێ، واتای ئەو پێچەوانە دەکاتەوە، دەگوترێ «فڵانەکسی ماوە یا مردووە؟» ئەمە فەرقێکی نییە لەگەڵ ئەوەدا کە بگوترێ «ماوە یا نەماوە».

ئەم نموونەیەی لێرەدا خرایە بەرچاو بەخۆی و درێژەیەوە، لە سوود بەولاوە تێیدا نییە بۆ زمانزان و تێکڕای باسی زمان چ لەلایەن مێژووی زمانەوە بێ چ لەلایەن ڕێزمان و دەستوورەکانیەوە بێ. بێ زیانی لە باسی وەهادا ناگۆڕێ بەزیان ئەگەر باسەکە نیشانیشی نەپێکابێ چونکە توانای نییە بەخۆی و هەڵەیەوە بەسەر خەڵقدا بسەپێ؛ دۆزینەوەی هەڵەبوونی، شتێك نییە لەبەرچاوی دەیان و سەدان زمانزانی کورد خۆ بشارێتەوە. لە حاڵێکدا باسەکە بەهەڵەش چووبێ دوو سوودی گەورەی هەر تێدا پەیدا دەبێ:

سوودی یەکەم لەوەدایە زیهنی زمانزانان بۆ هەندێ ڕێباز و پەنا و پەسێوی زمانی کوردی دەبا کە نیگای تایبەتی خاوەنەکەی بۆیان چووە و لەوانەیە زیهنی یەکێکی تر لە خۆوە بۆیان نەچێ. تۆ سەیری (کریستۆف کۆلۆمب)، بەرەو ڕۆژاوا کە نیشتە دەریای ئەتلانتیك بەو ئومێدە بوو لەوێوە بگا بەهیندستان، هەر لەو باوەڕەوە بوو ناوی هەندێ جەزیرەی نا (جەزیرەکانی هیندستانی ڕۆژاوا) چونکە وای دەزانی گەیشتووەتە هیندستان نەك ئەرزێکی تر. هەڵەی کریستۆف کۆلۆمب نەیتوانی زاناکانی جوگرافیا بەهەڵە ببا و زوو زانییان ئەم زەوییە دۆزرایەوەیە وڵاتێکی سەربەخۆیە و چ پێوەندیی نییە لەگەڵ هیندستاندا.

سوودی دووەم لەوەدایە، تۆژینەوەی شارەزایانە ئەگەر ئەنجامی بێ هەڵەشی بەدەستەوە نەدا تیشك داوێژێ بەدەوری خۆیدا و بە بەریەوە هەیە ڕاستەشەقامان ڕوون کاتەوە و شوێن هەنگاوی خەڵقی تر ئاشکرا بکا. بەنموونە دەڵێم فەلەکناسانی یۆنان کە گوتیان ڕۆژ سێ سەد هێندی زەوی گەورەیە و لەو گوتەیەدا چوار هەزار جار بەسەهوو چوو بوون دیسانەوە زیهنی خەڵقی سەردەمی خۆیان و دوا خۆیانیشیان بۆ ئەو ڕاستییە برد کە ڕۆژ لە زەوی گەورەترە بەپێچەوانەی ڕواڵەتی بەرچاو.

نووسینێکی شارەزایانە تا دەگا بەو شوێنە کە ئەنجامی هەڵە بەدەستەوە بدا زۆر

ورده تێبینی و سرنجی ڕاستی دەربڕیوە کە تێکڕایان دەبنە سامانێکی تازە داهاتووی ئەو باسە. لە تەجرەبەی خۆم وا بووە ئەوەندە سوودەی پێم گەیشتووە لە خوێندنەوەی گوتارێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ لێکدانەوە و ئەنجامەکانی ڕێك نەکەوتووم زۆر زیاتر بووە لەو سوودە کە لە گوتارێکی سافیلکەی بێ قووڵاییی کەم برشتم وەرگرتووە هەرچەند لەگەڵ باوەڕی خۆشم گونجاوە، چونکە وردی و قووڵایی و شارەزاییی گوتارەکەی یەکەم چەندین دەرگەی بەڕوومدا کردووەتەوە بۆ ناو ناوەڕۆکی مەوزووعی پڕ گرفت و گرێ و گاڵ کە ئەگەر ئەو نووسینە نەبا ڕەنگ بوو بەزەحمەت یاخود بەدرەنگەوە بۆم کرابانەوە، لەوانەش بوو هەر نەکرێنەوە.

خوێندنەوەی نووسینی ورد و قووڵ سەرەڕای وەدەستهێنانی زانیاریی تازە بابەت و نهێنی، گەشتێکی خۆشکەڵەش دەکا بەزیهنی خوێنەر، دەست لە ناو دەستی نووسەر، بەناو ئەو دەربوونە پێچەڵپێچانەدا کە زیهنی نووسەرەکە بەچرای تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی خۆی ڕوونی کردوونەوە. گەشتی ڕاستەشەقامان کە درێژەی کێشا، بەهۆی یەك ئاهەنگییەوە (رتابة)، بیری گەشتەوەر کول دەکا و ڕای دێنێ بەڕەوتی بێ گرفت لە ڕێبازی هەمواردا ئیتر کە هەنگاوی هەڵێنا لە ناو ڕێچکۆڵەی تەسك و بەرداویدا یاخود دڕك و دار و خلیسك و هەوراز و نشێوی هاتە پێش خێرا ماندوو دەبێ و توانای بزووتنەوەی نامێنێ. خوێندنەوەی نووسینی ورد و بەهێز و پێز بۆ ناو قووڵاییی بابەت وەرزش بەمێشك دەکا و زاخاوی زیهن دەدا، با بڵێم تیغی زەکاوەتی خوێنەر دەمەزەرد دەکاتەوە. وەك لێتەوە دیاریشە ژیان و بەرەو پێشچوونی، ساڵە و ساڵ لە زەحمەتی و سەختی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی و زانستی زیاد دەکا. هەر بابایە و شیعر و پەیکەر و ڕەسمی نامەفهوومتر دێنێتە کایەوە و دەشڵێ (فەن بۆ گەل نەك بۆ فەن). وەنییە من چ ڕەخنەیێکم هەبێ لە جۆری (سازدان و بەرهەمهێنان) کە هونەرمەند وەیا نووسەر پەسندی دەکا، تەنیا لەوەدا ئیعتیرازم هەیە کە تیجارەت بەناوی (گەل)ەوە بکرێت. بەرهەمێك کە بەجۆری سەخت و نامەفهووم دەروونی خاوەنەکەی تەرجەمە کرد لەوە دەردەچێ بۆ گەل بێ یا بۆ گەل نەبێ و دەبێ پێ بگوترێ (فەن بۆ ڕاستی) بەو مانایە کە هونەرمەند نەخشەی هەست و تاسەی خۆی کێشاوە بەبێ فێڵ و بەو شێوازەی کە تێیدا پسپۆڕە، گەل تێی بگا یا تێی نەگا. چ کەس گوناهبار نییە لەوەدا ئەم جیهانە پڕە لە پرسیاری سەخت و سەرکەش، زانستەکانیش چ تاوانێکیان نییە کە من و تۆ تێیان نەگەین. سروشت بەهەموو بارێکیەوە و لە هەموو

ڕوییێکەوە مەتەڵاوی و هەزار تۆژاڵە. ئەوەی دەیەوێ تێی بگا دەبێ خۆ ماندوو کا و خەریکی تێگەیشتنی بێ: ژیان و گۆڕان و بەرەو پێشچوون لەبەر خاتری من و تۆ خۆ سادە و تەنك و بێ بارست و قووڵایی ناکەن تا تێیان بگەین، کە ئەمە بکەن دژی خۆیان ڕەفتار دەکەن. دەبێ من و تۆ لە تین و تاو و زیرەکی و تێگەیشتنی خۆمان زیاد کەین تاکو لەگەڵ ژیان جووت بڕۆین، گوتەی (بۆ گەل) نابێ بکرێتە لەمپەر و بەرهەڵست لەبەر هەنگاوی گەلەکە خۆی. دەبێ کارێك بکرێ گەل لە بەرهەمی سەخت بگا ئەو بەرهەمە لە ئەدەبدا بێ یا لە زانست یا لە هونەر.

زمانیش یەکێکە لەو باسانە کەوا باری زەحمەت و لایەنی ورد و قووڵی تێدایە. هۆش و بیری مرۆڤ چەند بەتوانایە لەوەدا بۆ خەیاڵی ورد و تێکەڵ و گرێیاوی و تێك هەڵکێش بڕوا زمانیش ئامادەیە لەو گوێرەیە دەستوور و ڕێباز و ڕچەی باریك و گەوەك و تێك ئاڵقاو بخولقێنێ بۆ ئەوە بتوانێ هەست و نەستی هۆش و دەروونی مرۆڤ دەربڕێ. بەولای دەربڕینی واتاکانی دەروونی مرۆڤەوە، زمان ناچاری دەربڕینی ئەو واتا و مەبەستانەیشە کە لە ڕێبازی تەجرەبە و زانستەکانی (تەتبیقی و پیشەسازی)یەوە ڕۆژ بەڕۆژ لە پتربووندان، ئەم کارەیش ئیمڕۆ و دوێنێ بەرەنگاری نەبووە، لەوەتەی مرۆڤ بووە بەخاوەن هۆش و تێگەیشتن و تەجرەبە و زانست و هونەر و پیشە، ئەرکی زمان و ئاخاوتنی بەرەو زەحمەتتری و گرانترییەوە ڕۆییوە و هەر لە ڕۆیشتندایە. هەڵبەت ئەم حاڵەی بەردەوامبوونی سەرەوژوورچوون و ورد و قووڵبوونەوەی بەرهەمەکانی (عەقلی و تەتبیقی) مرۆڤ بەدرێژاییی کات داوای لە زمان کردووە کە ئەویش لە هەموو ڕووییێکەوە بەرەو ژوور بچێ و ورد و قووڵ بێتەوە دەنا لە ڕەوتی (هۆش و کردەوە)ی مرۆڤ دادەما و بەمەدا مرۆڤ خۆی پەکی بەرەو پێشچوونی دەکەوت چونکە کە زمانی ئاخاوتن و تۆمارکردنی دابڕا لە تیژڕۆییی هۆش و جوانکاریی دەستەکانی کەرەستە و ئەمرازی پاراستن و بیرهاتنەوە تێگەیاندنی ئەو جوانکارییەی لە دەست چوو.. مرۆڤ کە زمانی نەیتوانی ببێ بەتەرجومانی بیر و هۆش و کردەوەی، وردە وردە دەبێتە گیانلەبەرێکی (نەزۆکی عەقلی) و کانیاوی ئیلهامی وشك دەبێ و پەکی جوانکاری و (ابداع)ی دەکەوێ، چونکە بلیمەتی و زانایی و زیرەکی و ئامادەییی مرۆڤ بۆ داهێنانی واتای تازە و بەرهەمی نۆژەن و کردنەوەی دەرگە داخراوەکانی سروشت بەهۆی لە یەکتر گەیشتن و بەیەکتر گۆڕینەوە و هاریکاریی تاکەکانیەوە دەبێ، تاکە مرۆڤ ناتوانێ کانیاوی بێ بن لە

دەروونی خۆیدا هەڵقوڵێنێ و وشکاییی نەبێ. بەتێککردنەوەی جۆگە و شەلەگە و چاویلکەی بیر و هۆشی ملیۆنەها تاکەکانی مرۆڤ بۆ ماوەی کاتی بێ برانەوە ئەم زانست و ژیار (حضارە) و هونەر و تێکڕای بەرهەمی (هۆش و کردەوە)ی ئادەمیزاد پەیدا بووە. شیرازەی بەیەکەوە بەستنەوە و بەیەکگەیشتن و تێك گەیشتن و هاریکاری و هەرەوەز و هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی مرۆڤیش زمان و ئاخافتن بووە. هەڵبەت لە بیرمانە ئاخافتن خۆی دەبێتەوە (نووسین)، واتە نابێ خەیاڵ بۆ هێندێ بڕوا کەوا ڕەنگ بۆ نووسین جێی ئاخافتن بگرێتەوە ئەگەر ئادەمیزاد نەگەیشتبا بەداهێنانی ئاخافتن.

هەرچەند بمانەوێ ئیسپاتی ئەوە بکەین کە (پێویستی) و داخوازییەکانی ئابووری و گوزەران مرۆڤی خستووەتە سەر ڕێبازی گۆڕان و پێشکەوتن، هەرگیز ناتوانین ئەو گۆڕان و پێشکەوتنە لە قەرزی زمان و ئاخافتن ڕزگار بکەین. هۆی بەرەو پێشچوونی مرۆڤ ئابووری بێ یا غەیری ئابووری، ئەو ڕاستییە هەر دەمێنێ کەوا لە گوێرەی پێشکەوتن و ئاڵۆزانی باری ژیان زمانیش بەرەوپێش چووە و دەستوورەکانی تێك ئالاون، بەو پێیە، زمان و ئاخاوتنی پلەی شوانکارەیی ناتوانێ ئەرکەکانی پلەی زانست و تەکنیك هەڵگرێ و فەرمانەکانیان جێبەجێ بکا، زاتەن زمانیش لە پلەی شوانکارەیی نەوەستاوە لە حاڵێکدا مرۆڤ گەیشتبێتە زانست و تەکنیك. هەرگیز نەدەکرا و نەدەشیا کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە ڕێبازی گۆڕانی (مادی)دا بگا بەئاسمانگەردی کەچی ئاخاوتنی هەر ئەوە با کە لە قۆناغی ئاژەڵ لەوەڕاندندا هەبوو. تۆ لەلای خۆتەوە بەراوردیێکی نووسینی کوردی بەر لە ٥٠ ساڵ بکە لەگەڵ هیی ئێستاکەیدا، خۆ کورد جارێ لە باری (مادی)یەوە چ قۆناغێکی ئەوتۆی نەبڕیوە ژیانی ٥٠ ساڵ لەمەوبەری لێ ببێتە بێگانە کەچی نووسینەکەی هێندە گۆڕاوە و بەرەو پێش چووە هەر دەڵێی پێوەندیی خۆی پچڕیوە لەگەڵ ئەو ڕابردووە نێزیکەیدا[٣].

بێگومان گۆڕان و بەرەوپێشچوونی نووسینی کوردی کە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و (مادی)یەوە سەری هەڵنەداوە، بەهۆی وەرگرتنی زانست و ڕۆشنبیریی نوێوە بووە کەوا بەحازر و بزری و بێ پەك کەوتن لەسەر (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) لە جیهانی پێشکەوتووەوە بۆی هاتووە. هەڵبەت من نامەوێ بڵێم چ گۆڕانێکی مادی و

(٣) لەم گوتەیەدا تەنها مەبەست شێوازی نووسینە نەك ئاخاوتن.

کۆمەڵایەتی لە نێوان کورددا پێك نەهاتووە چونکە دیارە گوتەی وەها بیٚ بایەخ و بنجە، بەڵام چ گومانیش نییە لەوەدا بەرەو پێشچوونی نووسینی کوردی لە ڕێبازی خوێندنەوە و ڕۆشنبیریی نەوباوی ئەورووپاوە چ خزمایەتییێکی نییە لەگەڵ ئەو هێندە پێشکەوتنەی کە چاوەڕوان دەکریٚ لەو کەمە گۆڕانە مادی و کۆمەڵایەتییە ڕەسەنە کە لە کوردستاندا پەیدا بووە. زمان چونکە تەرجومانی هۆش و دەروونی مرۆڤە هەوڵ دەدا، لێشی دەوەشێتەوە، بگا بەو پلەیە کە هۆش و دەروون پێی گەییوە تا بتوانیٚ مەبەستەکانیان دەربڕیٚ، دەوجا چ فەرقێك نییە بەلای زمانەوە لەوەدا هۆشی مرۆڤ لە ڕێی گۆڕانی مادی و کۆمەڵایەتییەوە گەیشتبێتە پلەیێکی هەوراز یاخود لە ڕێی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی مێوان و تەرجەمە کرایەوە، کەوا بەئەسڵ لە واقیعێکی پێشکەوتووەوە سەری هەڵداوە. بۆ خۆت دەبینی زمانی کوردی، وەك هەموو زمانێکی تر، چەند بەخێرایی پێش دەکەویٚ لە مەیدانەکانی (نظري)دا، بەهۆی (ممارسە)ی بیروباوەڕی ئەو مەیدانە (نظري)یانەوە، کەچی چ هەنگاوێك بەرەوپێش نەچووە لە دانانی ناوی تازە داهاتوودا بۆ هەزاران ئەمراز و ڕشتە و پارچەی جوداجودای دروستکراوێکی وەك فڕۆك. تۆ بڵیٚ کەی دەتوانین بەکوردی باسی (کۆمپیوتەر) بکەین بەخۆی و ناوەڕۆکە قەڵەباڵغ و پڕ لە ئەمرازەکەیەوە هەروەك باسی مێژوو و فەلسەفە و تیۆرییەکانی سەر بەکۆمەڵایەتییەوە دەکەین؟ تا ئێستا چەندین زاراوەی جودا جودا بۆ باسەکان و بەشەکانی ڕێزمانی کوردی کەوتوونە سەر زار و ناو نووسینەوە تا وا بووە یەك عینوان دوو سیٚ زاراوەی بۆ دانراوە وەك وشەکانی (فرمان، کار، کردار..) کەوا بۆ زاراوەی (Verb، فعل) بەکار دێن.

پوختەی قسە ئەمەیە، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان بەهەردوو باری مادی و نامادییەوە زمانیش لە خۆوە بەرەو پێش دەچیٚ و لە گوێرەی ئاڵۆزان و زەحمەت کەوتنی ئەو مەوزووعانەش کە زمان لێیان دەدویٚ، ئاخاوتن بەرەو زەحمەتتربوون و وردتر و قووڵتربوونەوە دەڕوا کە ئەمەش بەرهەمێکی کوتومت و ناچاریی گۆڕانی ژیان و زۆربوونی گرفتەکانیەتی. لەمەشدا زمان سەختی و زەحمەتیی نویٚ دەخاتەوە سەر سەختی و زەحمەتیی کۆن کە لە بنەڕەتدا تایبەتی و سروشتی ئاخاوتنە بەهۆی ئەوەوە کە تەرجومانی هۆش و چالاکییە پڕ لە تێك هەڵکێشان و ئاڵقاندن و ڕایەڵی باریك و وردیەتی.

سرنجێکی سەرپێیی لە زمانە پێشکەتووەکانی جیهان دیمەنێکی سەرسوڕهێن دێنێتە بەرچاوی بینەر لەوەدا کە باس و دیراسە و لێکۆڵینەوە لەم زمانانەدا هێندە زۆر بووە بەسەر یەکتردا کەڵەکەیان کردووە و مرۆڤ پێ ڕاناگا سەرەباسەکانیان بخوێنێتەوە چ جایی هەموو کتێبەکانیان. لەگەڵ ئەمەشدا نووسین لەسەر بابەتی Linguistics ڕۆژ بەڕۆژ لە پتربووندایە. لەوەش سەیرتر تا ئێستا بیروباوەڕی زمانزانەکان لەبارەی زۆربەی ئەم باسانەوە کە لێیانەوە دەدوێن یەکتر ناگرنەوە. وا دەبێ زمانزان بۆ خۆی باوەڕگۆڕی دەکا و سبەینێ نووسینی ئیمڕۆی دەسڕێتەوە. تاکە وشەی Linguistics چەندین تەعریفی جودا جودای بۆ دانراوە. سەیرێکی کتێبی What is Linguistics لە دانانی David Crystal بکەیت دەبینی لە چەند سەرچاوەیێکی گرینگی زانستەوە نموونەی جوداوازی ئەو تەعریفانەت بۆ دێنێ و بەدوا ئەوەدا نارەزایی خۆیشی دەردەبڕێ لە عاست هەموویاندا. زمانی عەرەبی کەوا لە ماوەی پتر لە ١٢٠٠ ساڵ پێش ئێستاوە تا ئیمڕۆ لەسەر فەرهەنگ و (فقە) و ڕێزمان و هەموو بارێکیەوە دەریا دەریای کتێب دانراوە هێشتان ئەوەندە لێڵایی و گرفتی تێدا ماوەتەوە کە نووسەرانی ئیمڕۆی عەرەبی، وەك (بصری و کوفی)یەکانی کۆن، لەمیانی خۆیاندا نەتوانن ڕێك کەون لەسەر گرتنە بەری تاکە ڕێگەیێك و باوەڕێکی یەکگرتوو لە ڕێزمان بەتایبەتی و لەسەر جوملەی باسەکانی زمان بەتێکڕایی.

بێگومان حاڵی زمانێکی خزمەتنەکراوی وەك کوردی گەلێك زیاتر لەو زمانە خزمەتکراوانە جوداوازیی بیروباوەڕ هەڵدەگرێ، چونکە ئەگەر لەو زمانانەدا ڕێککەوتن پەیدا بووبێ لەسەر هەندێ باسەکانیان بەهۆی زۆر لێدوان و جێوانەوە و دەمەتەقە و ڕاستکردنەوە و لێکۆڵینەوە، لە کوردیدا هێشتان چی ئەوتۆ لە سەرەباسەکانی قەراردادە نەبووە بەجۆرێکی وەها کە لە دەمەتەقەی هەڵاوێرێ. بەنموونە دەڵێم یەکێك ئارەزوو بکا دەتوانێ (کارا و جێگری کارا – فاعل و نائب فاعل) بخاتە ژێر عینوانێکەوە و دەشتوانێ بۆ هەریەکەیان ناو و عینوانێکی سەربەخۆ دانێ لە ڕێزماندا.

تۆمارکردنی بیروباوەڕ و بڵاوکردنەوەی بەنێوان ڕۆشنبیر و خاوەن بیروباوەڕاندا سەرەڕای ئەو سوودانەی تا ئێستا لێی دواین، سوودی تریشی هەیە لەوانەی پشتگوێ ناخرێن. زیهنی خاوەن بیر و فەلسەفە ڕێکۆردەر نییە بتوانێ بۆ ماوەیێکی بێ کۆتایی هەڵیان گرێ و بیانپارێزێ، کە تۆماری نەکردن وردە وردە لە یادیان دەکا. جا ئەگەر شتی بەنرخیان تێدا بێ لە کیس خۆی و خەلقەکەش دەچێ. تۆ کە ئێستا شتێکت

نووسی و لە فۆتانت پاراست(٤)، سبەی ڕۆژ خۆت و نووسەرانی تریش دەتوانن لێی زیاد کەن وە یاخود هەڵەکانی ڕاست کەنەوە، واش دەبێ هەندێ تێبینیی ورد و قووڵ لە نووسینەکەت ببێتە ڕووناکی کە تاریکاییی شوێنی تر لە نووسیناندا بڕەوێنێتەوە. تۆ پێم بڵێ کام مەیدانی ڕۆشنبیریی کورد گەشتی نیوەچڵی تێدا کراوە تاکو لە ڕێی خۆ دابینکردن بە(قەناعەت)ەوە یەخەی بەردەین و بڵێین چیی تری پێی ناوێ سەرەباسە زلەکانی ڕۆشنبیری (کوردناسی) بەمێژوو و ئەدەب و زمان و کۆمەڵایەتی و هونەر و فۆلکلۆریەوە، هیچ کامێکیان لە بەرکوڵێك پتر لێیان ئامادە نەکراوە، تێیاندا هەیە کەس لە بەرکوڵیشی نەخواردووە. کە دەڵێم (بەرکوڵ) ئەوەت لە بیر نەچێ قازانی چێشتەکە گەلێك لە قازانی عادەتی زلترە.

کارێکی زۆر پیرۆزی نووسین، بەنیسبەت تێکڕای بزووتنەوە و ڕاپەڕینی ڕۆشنبیریی کوردەوە، لەوەدایە تۆڵەی بێ نووسینی لێرە بەپێشەوەمان دەکەینەوە و جیلەکانی دوا خۆمان لە سەرسوڕمانی وەك ئێستاکەمان ڕزگار دەکەین هەر نەبێ لە عاست ئەم ساڵانەی ئێمەی تێدا دەژین. چەندین کەس لە کوردان خەریکن پەڕە شڕی کۆنە کتێبەکانی پەنا و پەسێوی مزگەوت و تەکیە و مەزارەکان ئەمدیو ئەودیو دەکەن بەڵکو، خوا و ڕاستان، لە دێڕێکدا یاخود لە وشەیێکدا هەواڵێکی پێش خۆمان بۆ دەردەست بکرێ وە یاخود نیوە ئیشارەیێك بۆ ڕووداو وەیا زانست وەیا هەر شتێکی تری سەر بەکوردایەتییەوە بێ لە بن بێژنگی تۆژینەوەدا بمێنێتەوە و سوودێکی لێ وەربگیرێ. لە بەشێکی ئایندەی نووسینم لەسەر حاجی قادری کۆیی دەخوێنییەوە چ موژدەیێکی گیان بووژێنەوەم لە چەند دێڕێکی (مەلای ئیبنو ئادەم)ەوە وەرگرت کە لە ساڵی ١٢٠٥ی کۆچیدا بەپێی داخوازی جێگە چەند جاران ناوی کورد و کوردی و کوردستان دێنێ... (سلیمانیە) بە(مقر سلطنە کردستان) دادەنێ و ئەو کەسانەی کە عەیب دەگرن لە نووسینی کوردی دەیانخاتە ژێر مەفهومی ئەو پەندەی کوردییەوە کە دەڵێ (وەك هێلکە لە توێکڵی خۆی دەرچووە).

---

(٤) شاعیری عەرەب ڕاستی کردووە لەوەدا کە گوتوویەتی:

کل سـر جاوز الاثنین شـاع
کل علم ما حوتە الکتب ضاع

دەشڵێن مەبەست لەم (اثنین)ە دوو لێوە نەك دوو کەس.

نـووسین، بـێ زیـاد و کـەم، دەرکـردنـی تـەزکـەرەی نـفـوسە بـۆ ئـەو ڕۆژگـارە کـە نووسینـەکـەی تێدا دەکرێ. ڕۆژگـارێك کـەوا بـەر نـووسین و تـۆمـارکردن نـەکـەوتبـێ زێدنامە (شهادة الجنسیة)ی نییە و ناناسرێتەوە. حاڵی زمانیش وەك حاڵی تێکڕای ئەو بابەتانەیە کە لەوانەن لە سەریان بنووسرێ. پەنجا ساڵێك دوای ئیمڕۆ کەوا حاجی قادر گوتەنی «ئێمە دەمرین و دەبینە خاکی سەرەڕێ» و جوامێرێکی کوردی ئەوسا خـەڵـەت و پـەڵـەت و ڕاست و دروستـی نـووسیـنـی ئـەم ڕۆژگـارەمـان دەخـوێنێتـەوە و بەراوردییێکی دەکا لەگەڵ بێ نووسینیی لێرە بەپێشەوە، چەندێکی لێویشی هەڵقرچێنێ لە خەڵەتەکان، درووددێك هەر دەنێرێ بۆ گیانی نووسەرەکان، بەدوا درووددا لێی دەوەشێتەوە بشسەلمێنێ کەوا بەشێکی نیشانە پێکانی خۆی قەرزداری ئەم خەڵەت و پەڵەتانەیە.

بەدوا خوێندنەوەی سەرلەبەری ئەم تێبینییانە لێت چاوەنۆڕ دەکەم، ئەی خوێنەری کوردی عاشقە زمان، خۆش ئامەدی بکەیت لە زۆربوونی نووسین و لێکۆڵینەوەی زمانزانانە وە تەنگیش نەیەیت لە درێژەکێشان و وردکاریی ئەو نووسینانە. بایەخدانی کۆڕ بەم تەرزە بەراوردی و تۆژینەوە و سرنج گرتنی قووڵ و نەفەس درێژ کە لەم نیمچە کتێبەدا دێتە بەرچاوت لە سەرجوملەی تێبینی و ڕوونکردنەوەی ناو ئەم پێشەکییە هاتووە، منیش بە هەمان ڕێبازدا بۆ هەڵگرتنی ئەرکی ئەم نووسینانە ڕۆیشتووم بەو نیازە خزمەتێکی تێروپڕی ڕێزمانی کوردی بکرێت، لەویشەوە هی تێکڕای ڕۆشنبیری کورد(*).

## بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا

زمان وەك نیشانەی هەرە ئاشکرای زیندووەتی و هۆشیاریی مرۆڤ، گەلێك باری ئەندازیارانە و زانایانەی ئەوتۆی تێدایە لەوە ناچێ بەجۆرێکی عەفوی و لە خۆوە پەیدا بووبێ هەر دەڵێی پسپۆڕ و ئوستاد دروستیان کردووە. مەبەستم لێرەدا ئەو زاراوە و ڕستە و دارشتنانە نین کەوا دوای گۆڕان و فراژوویی و شارستانەتی لە زمانێکدا پەیدا دەبن چونکە دیارە بەرهەمی ئەو پلەیە سەرکەوتووەی زمان دەبێ بەرهەمێکی ڕێك و بەپێی دەستوور و ڕێزمان بێ. مەبەسم ئەو دروشمە پڕ ژێری و پسپۆڕییەیە کە لە

(*) بەشی یەکەمی ئەم کتێبە لە ژمارە یەك و بەشی دووەمی لە ژمارە دووی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)دا بڵاو کراونەتەوە.

زمانی پێش پلەی شارستانەتی و زانیاری نوێدا بەدی دەکرێ.

با لە (تعمیم) خۆ دەرخەم بوو (تخصیص) و لەباری زمانی کوردییەوە بدوێم.

وەك دەزانین لە ماوەی چەند سەد ساڵێکی رابردوودا زمانی ئاخاوتنمان لە بنچینەدا گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە دووری خاتەوە لە زمانی نووسینمان. لە چەند وشەیێکی تازە دروستکراو و هەندێك لاسایی راوێژی رۆژاوا بەولاوە چیی نوێی تێدا نییە جیاوازی کاتەوە لە زمانی کوردەواریی ۱۰۰ – ۲۰۰ ساڵ لەمەوبەر. بەیتی عەلی بەردەشانی و هەڵبەستەکانی کوردی و نالی و حاجی قادر چ فەرقێکیان نییە لەگەڵ وتوویژی ئێستاکەمان، ئەو فەرقە نەبێ ئەوان لە سەلیقەوە نزیکتر قسەیان کردووە ئێمەش لەبەر خۆپاراستن لە وشەی بێگانە وا دەبێ دەڵێی زمان دەگرین و بەوشە دادەنووسێین.

ئەو کوردییەی خۆمان کە گۆڕانێکی شارستانی و زانستیی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە پەکی بخا لەوەی ببێ بەنموونەی رەسەن بۆ دارشتنی ئوستادانە، وەك سرنج دەری دەخا تا بڵێی دەوڵەمەندە لە رووی رێکی و ئەندازە و وردەکارییەوە. گەلێ جار بەدەست خۆم نییە هەستی شانازی دەکەم لەوەدا کە زمانی نژادەکەم ئەوەندە زیرەکی و مووقلاشیی تێدا بەکار هاتبێ و لەگەڵ خۆمدا دەڵێمەوە میللەتێك توانیبێتی لە مەیدانی زماندا بەو رادەیە ژیرانە و جوانکارانە بنیاتی تەعبیری دانابێ داخوا ئەگەر لە هەموو مەیدانێکی دروستکردن و بنیاتناندا ئازادی و دەسەڵاتی تەواوی هەبا دەبوا چ بەرهەمێك بۆ خۆی و ئادەمیزاد بێنێتە دی. کورد لەگەڵ ئەو هەموو دیواری بەندیخانەی دەوری و کۆت و زنجیری دەست و پێی توانیوەتی موافقی سروشتی داهێنەر و سەلیقەی راست و رۆناك رێبازی ئەوەندە هەموار بۆ رێزمان و رشتەی واتا دەربرین تەخت کا کەوا بەتێپەرینی سەدان ساڵ لە ژێردەستی و بێ خزمەتیدا کوێر نەبێتەوە، هەر دەڵێی یاریگەی رۆمەکانە لەبەر مەحکەمی و ئەندازەی بلیمەتانە زەمانە نەیتوانیوە لە ناوی ببا. کوردی گوتەنی، بێ لە گەمە، جێی سەرسوڕمانە کەوا زمانەکەمان بەجۆری ئێستاکەی لەلانی جوانی و دامەزراوییەوە لە چنگی درندەی رۆژگار و رووداوە سامناکەکانی رزگار بووە. نەك هەر زمان بەڵکو وا بووە میللەتێك خۆیشی لە ناو چووە لە ئەنجامی کەمتر ناخۆش لەوەی بەسەر کوردا هاتووە.

هەرچەند ئێرە جێگەی لێکۆڵینەوەی ئەو هۆیانە نییە کە کورد و زمانەکەی

پاراستووه، بەڵام نەفۆتانی کورد و زمانی باسێك نییە بەوەندە لێی ببیەوە بڵێی وا ڕێك کەوت و... وا قەوما و نازانم چی. هەر لەوەندە تێ فکرە کە سوپای ئیسلام فارسەکانی پێچایەوە لە هەموو خاکی کە ئێستا کە پێی دەگوترێ عێراق تاکە شوێنەوارێکی فارسی تێدا نەمایەوە و هەمووی وردە وردە بوو بەعەرەب. بەڵام هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا کە کورد حکوومەت و سوپای بەرگریشی نەبوو هەر مایەوە بۆ کورد و بەکوردی. وا دیارە ڕووداو تاکە هۆی کارکردن و ئەنجامدان نییە، ئەوەی ڕووداوەکەی بەسەردا دێ دەبێتە کەرتێکی (معادلە)ی مێژوویی. بۆ میسال با بڵێین بەردێك بەسەر شتێکدا بەربووەوە، قورسی و سووکیی بەردەکە و ماوەی سەرەوژێربوونەوەی کاری خۆی دەکا، بەڵام چەندوچۆنی و ڕەقی و نەرمیی ئەو شتەی دەکەوێتە ژێر بەردەکەوە تێکەڵی ڕووداوەکە دەبێ، ئیتر لە نەتیجەی بەیەککەوتنەوەی هەردوویان دەردەکەوێ داخوا کاریگەریی ئەمیان یا بەرگرتنی ئەویان زیاترە. لەوانەیە ئەگەر ئەو شتەی خۆی گرت لەبەر تاوی بەردەکە کەمتر نەرم با وەیا بێ هێزتر با ورد و خاش بووبا. گەلانیش بەرامبەر کارەساتی مێژوو هەر وان، گەل هەیە توانای بەرگریی لە یەکێکی دیکە زیاترە، جا هۆی ئەو زێدە بەرگرییە هەرچی دەبێ با ببێ. مەیلێکی ئاشکرای فراوان هەیە لە نێوان خاوەند ڕایاندا بۆ ئەوە بگوترێ مرۆڤ بەتێکڕایی چوونیەکن و وەك یەك ملکەچن بۆ یاسای گۆڕان و پێشکەوتن و پاشکەوتن، بەڵام ئەم مەیلە لە چاوگەی (خۆشەویستنی مرۆڤ)ەوە هەڵدەقووڵێ نەك لە واقیع وەیا زانستەوە. مومکین نییە ئەو گەلانەی لە جێگەی جیاجیا ژیا بن و ڕووداوی لە یەکدی جیا کاری تێ کردبن، لە ئەنجامی هەزاران ساڵی ئەو جیاوازییە هەروەك یەك بن لە ڕووی هێز و توانایی و قابلیەتەوە. ئەوەی لێرەدا وا بەکورتی و سەرپێیی دەیڵێم لە ڕەگەزپەرستییەوە نییە و ناشچێتە پاڵ ئەو فەلسەفەی دیواری هەڵاوێردن و جیاکردنەوە لە میانی مرۆڤدا دروست دەکا. خۆ زۆر ئاشکرایە میللەتانی دواکەوتوو لە مەیدانی ڕەگەزپەرستیدا دەیێکی میللەتانی پێشکەوتوو هۆی شانازی و خۆ هەڵدانەوەیان نییە. کەواتە جگە لەوە ڕەگەزپەرستی لە خۆیدا کارێکی چەوتە، بەنیسبەت میللەتی دواکەوتوو دەچێتە ڕیزی خۆکوژییەوە. ئەوەی مەبەستی منە لە دەربڕینی ڕاستی، لەو باوەڕەمەوە سەر هەڵدەدا کەوا ڕێگەی کامەرانی دەرناکا بۆ مەڵبەندی ئاوات و ئومێد ئەگەر لە زەمینی ڕاستییەوە نەڕوا. بەلای منەوە خۆ بەسەهووبردن لە واقیع ئەنجامەکەی هەڵدێرانە. کلۆڵییە. هەر بۆیەیشە پەروام نییە لەوە کە ناوناوە بەپێی داخوازی ڕوونکردنەوەی

بابەت بەملا و بەولادا سەر خوار کەمەوە و هەندێ جار تا کۆتاییی ڕێچۆڵەیێکی فەرعی بڕۆم و لەو سەرەوە لەگەڵ نەختێك زانیاریی یاریدەر بێمەوە ناو شەقامی ئەساسیی نووسینەکە.

وا لێرەدا یەکێك لەو ڕێچکۆلانە بانگهێشتنم دەکا تا گەشتێکی کورتیلەی تێدا بکەم.

لە سەرەتاوە گوتم ئاخاوتن ڕێزمانی پسپۆڕانەی تێدایە، ئێستاکە ئەوەش ئیزافە دەکەم و دەڵێم ئاخاوتن لە پلەیێکی یەکجار زۆر پژانی هۆشی مرۆڤەوە دەست دەکا بەپێشکەوتن و ڕێککەوتن. لەو مەیدانەدا ئاخاوتن ماوەیێکی زۆر درێژ پێش دەکەوێتەوە لە کردەوە و بەرهەمەکانی دیکەی مرۆڤ وەك چاندن و مەڕداری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و خانووکردن و ئەنواعی هونەر و ڕستن.. بگرە گۆشت برژاندن و چێشت لێنان. پێویست نییە بۆ میسال هێنانەوە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆن و تاریك چونکە ژیانی ئەوڕۆمان پڕە لە میسال، بەشی زۆری عەشایری کورد تا ئێستاکەش لە خانووی ناڕێکوپێکی ئەوتۆدا دەژین فەرقێکی چەندانیی نییە لەگەڵ هێلانەی مەل و لانی هەندێ جانەوەر. بۆ خۆم لە ناوچەی ناودەشت و هەرێمی جەلك و مەمك لە قەزای ڕانیە خانووم دیوە بەرزاییی دەرگە و بانەکەی لە گوێرەی بڵندیی بالآی ئەو ئاژەڵە بووە کە خانووەکەی بۆ دروست کراوە، جا ئەگەر بۆ مەڕ کرابێ ڕەشەوڵاغی تێوە نەچووە. خاوەنەکەی دەبوا بالآی خۆی دوو کەرت بکا (بچەمێتەوە) تا دەچووە ژوورەوە لە ژوورەوەش هەر بەچەماوەیی هاتوچۆی بۆ دەکرا، سەر بەرزکردنەوە و خۆ ڕاستکردنەوە لە ئیمکاندا نەبوو. ئەمە لانی بەرزایی، خۆ لەلایەن جوانی و ئەندازە و هونەرەوە هەر بەجارێ هیچ. ئەم عەشیرەتەی وا سەرەتایی لە مەیدانی گۆڕانی مادی و پێشکەوتنی کۆمەلآیەتیدا لە قسەکردن و ئاخاوتندا ڕێزمانپەرست و ئەندازیارێکە تاکی نەبێ. با میسالی لەوەش ئاشکراتر بێنین بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەس، منداڵ هێشتا بەسەر پێیان نەکەوتووە دەست دەکا بەگڕوگاڵی قسەکردن. بەر لەوە بچێ بۆ قوتابخانە ئەوەندەی باوك و دایکی شارەزا دەبێ لە ئاخاوتن. وا بووە لەبەر مەلەکەی بەراوردیکردن و بەیەکدی گرتن (مقارنة ومقايسة) منداڵ دووچاری هەڵە بووە لە قسەکردندا. بیستوومە منداڵ گوتووەتی (وەرم؟) کە ئەمەی ئیشتقاق کردووە لە فیعلی (وەرە) لە ڕێی بەراوردیکردن لەگەڵ فیعلی دیکەدا وەك (بخۆ، بخۆم؟ – بڕۆ، بڕۆم؟ بشۆ، بشۆم؟ – هتد). ئا ئەم منداڵە هێشتا نەدەستی قەڵەمی گرتووە و نەتوانیوەتی دوو شەتڵە بایەنجان بچێنێ لە دێراوێکدا. دەوجا بۆ دەبێ مرۆڤ ئاخاوتنی زووتر و

پێشکەوتووتر بێ لە بەرهەمەکانی دیکەی؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ڕێچکولە فەرعییەکەیەکە بانگهێشتنم دەکا.

وەك من بۆی دەچم هۆی ئەم زوو و درەنگییە لە سروشتی ئاخاوتنەوە هەڵدەستێ.

سرنج دەری دەخا ئاخاوتن براجمرانەی (توأم) هۆشە. لەوساوە هۆش پەیدا بووە ئاخاوتن پەیدا بووە، هەر باییی ئەوەی براجمرانەیێك لە کاتی زاندا دوای براکەی دیکە دەکەوێ ئاخاوتنیش دوای هۆش دەکەوێ. ئەو پێوەندیی مادی و نیسبەتی برایەتی کە لە میانی هۆش و ئاخاوتندا هەیە بەدی ناکرێ لە میانی هۆش و هیچ بەرهەمێکی دیکەی هۆش. ئاخاوتن و هۆش ئەوەندە لە یەکەوە نزیکن و بەیەکەوە لکاون هەر دەڵێی دوو ڕووی یەك سکەن، بۆیە بەجۆرێکی عەفوی و بێ ئەرك و خەریکبوون هەر لە سەرەتاوە (سەرەتای پەیدابوونی هۆش پێش هەزاران ساڵ یاخود سەرەتای عومری منداڵی) بەرادەی پژانی هۆش ئاخاوتنیش دەگەشێ و دەکرێتەوە وەك هۆش و ئاخاوتن بەموازاتی یەکدی دێن هیچ بەرهەمێکی دیکەی مرۆڤ بەو موازاتە نایێ لەگەڵ دۆش. هەمان سروشتی ڕێکخستن و ڕیزکردن و دەستوور دانان کە هۆش هەیەتی ئاخاوتنیش ڕاستەوخۆ دەیبێ، هەردووکیان لە یەك سەرچاوە هەڵدێنجن. تەنیا زمانە بتوانێ هەموو ورتە و خورتە و خەیاڵ و وەسواسیی هۆش تەرجەمە بکا بەجۆرێکی پیت بەپیت و لە هەمان کات. جگە لە زمان ئەمرازێك یا ئەندامێکی لەش یا هەر هۆیەك بێ ناتوانێ ڕاستەوخۆ و کوتومت بەپێی جوولەی هۆش دەست هەڵێنج واتا دەربڕێ. تۆ لەوە گەڕێ دوای هەزاران ساڵ لە گۆڕان و پێشکەوتن مرۆڤ گەیشتووەتە پلەیێك لە ژیری و شارستانەتی بتوانێ بەهۆی ڕەسم و هەڵکەندن و مۆسیقا و دانس و ڕەمز تەعبیر لە ئەندەروونی بدەنەوە، چونکە ئێمە قسە لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و هۆش و ڕاگەیاندن دەکەین نەك لە پلە هەڵکشاوەکانی پێشکەوتنی. بەلام لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنە و داهێنان و تەکنیکەشدا کە مرۆڤ پێکی هێناوە دوو جیاوازیی گەورە هەیە لە میانی ئاخاوتن و هۆیەکانی دیکەی تەعبیر:

یەکەم: وەك ئاخاوتن بەئاسایی و ئاشکرایی و دەسبەجێ واتا و مەبەسی هۆش دەردەبڕێ هۆیەکانی دیکە بەو جۆرە و نزیك لەو جۆرە ئامادەی واتا ڕاگەیاندن نین. نەك هەر ئەوەندە، بگرە هەر ناتوانن بەهیچ جۆرێك وەك ئاخاوتن ببن بەئەمرازی خۆش جلەوی ڕێزمانی و سەلیقی بۆ تەعبیر،

نەخەلق هەموو دەبن بەرەسام و پەیکەرتراش و مۆسیقار، نەهیچ پارچەیێکی هونەریی ئەو هونەرانە لە واتاییێکی تایبەتی مەحدوود بەولاوە بەدەستەوە دەدەن. پەیکەرێك کە واتای (ترسان) ببەخشێ ئیمکان نییە ببێ بە (ترسام، ترسنۆك، مەترس، ترس و لەرز، مەیانترسێنە، ترساندمت... هتد) و تێکەڵ بەرِشتە ببێ و بەشداری بکا لە واتای جۆرجۆر. هەروەها پارچەیێکی مۆسیقا و رەسم و دانسیش.

دووەم: هەرچەند هۆی جیاجیا بۆ تەعبیر پەیدا بووبێ دیسانەوە وەك ئاخاوتن نین کە شان بەشان و جۆت لەگەڵ هۆش بێن و لە سەرەتای عومرەوە مرۆڤ فێریان ببێ وەك فێری ئاخاوتن دەبێ. ئەو هۆیانەی کە تازە بەتازە پەیدا دەبن بۆ تەعبیر گەلێك زەحمەتتر و گرێیاویترن لە کشتوکاڵ و راو و مێوە چنین و بەقاڵی و قەسابی. تاك تاکە نەبێ خەلق هەر نایانزانێ و فێریان نابێ. بگرە تێشیان ناگا.

بـرایـەتـی و خـزمـایـەتـیـی ئـاخـاوتـن و هـۆش نـەك هـەر لـە رووی رێکـی و دەستوورخوازییەوە، بەڵکو لە باری (سلبی)شەوە خۆ دەنوێنێ، لە ئاخاوتندا (استثناء) و نارێکی و چەوتی دەدێترێ، هەروەها هۆشیش بەسەهوو دەچێ و بریاری هەڵە دەدا و باوەری چەوت دادێنی. هەڵە و چەوتیی باوەر و ئاخاوتنیش کە پەیدا بوون تا راست دەکرێنەوە وەیا دەسرێنەوە زۆرەکی زۆری دەوێ. هەروەهاش تێ هەڵچوون بۆ گەیشتن بەسەر رشتەی ئەو چەوتی و هەڵەیە لە بیروباوەر و ئاخاوتندا ئەوەندە دوور و قوڵمان دەبا سەرەدەری لێ ناکەین. لە فەرزی مەلەوانی ئەو گۆمەش بین و بمانەوێ بگەین بەچاوگەی سەرووی باسەکە لەم مەقالەیەدا هەر نایگەینێ. کەواتە با لێرە بەولاوە بچینە سەر رێبازی ئەسڵی نووسینەکە و لە پێشەکی و لاباس و تەمهید واز بێنین.

وەك زانینی سەرەتایی وایە مجادلە هەڵناگرێ کە دەڵێم زمان بۆ دەربرینی واتا جگە لە وشە و رشتە ئەنواعی پیت و ئەمرازیش بەکار دێنێ. مەبەس لە (پیت) لێرەدا پیتی (املاء) نییە بەڵکو پیتی رێزمانییە کە هەندێ جار نرخی ناوی دەبێ چونکە مومکینە پیتێك ببێ بەراناو وەك لە گوتەی (دیتم)دا پیتی (م) بۆ شەخسی یەکەم دەگەرێتەوە و دەلالەتی (مرۆڤ)ی هەیە.

دەبینی لە نووسین و ئاخاوتندا بەگۆرین وەیا زیاد و کەم کردنی پیتێك لە وشە وەیا

ڕستەدا واتا بەتەواوی دەگۆڕێ وەك (کەچ، کەچە – مشت، مشتە – نووسین، نووسیم – هتد). لە زمانی عەرەبیدا ئەو پیتانەی کە دەخرێنە قالبی وشەوە وەیا لێی دەقرتێن بۆ پەیداکردنی واتای تازە و جۆرجۆر لە هەمان وشە (أنسیتموها) پێك دێنن. بەزیادکردنی یەکێك یا زیاتر لەو پیتانە و هاتنیان بۆ ناو وشە لە عەرەبیدا ئەوەندە وشەی تازە پەیدا دەبن نایێنە ئەژمار وەك (کتب، کاتب، کاتبوا، اکتتاب، استکتب، مکاتبة، مکتب، مکتبة، مکتوب، اکتبوا، یکتبون، کتابة.. تا بەدوای کەوین لێی نابینەوە). لە کوردیشدا کۆمەڵێك پیت هەن دێنە ناو وشەوە بۆ پەیداکردنی واتای تازە. هەرچەند ئەو پیتانە تا ئێستا کەس نەیژماردوون وەك هی عەرەبی، بەڵام سرنجێکی سەرپێیی دەری دەخا ژمارەیان لەو نۆیەی (أنسیتموها)ی عەرەبی یەکجار زیاترە. وا دەبێ یەك بێت، واش دەبێ لە یەکێك زیاتر پێکەوە دێنە ناو وشەوە و مانای دەگۆڕن وەیا لێی زیاد و کەم دەکەن، بۆ مەبەسی ڕوونکردنەوە چەند میسالێك دێنمەوە: (کوشتن، کوشتی، کوشتمان، کوشتووەتی، کوشتییان، کوشتتان، کوشتنەوە، دەکوژی، بکوژ، بکوژە) لەم وشانەدا پیتی (ن، ی، م، ا، ە، و، د، ب) هاتنە استعمالەوە و بەشدار بوون لە پێکهێنانی واتای تازەدا، سەرژماریشیان ٨ بوو. (پوول، پوولەکی، بێ پوول، بەپوول، پوولدار، پوول بەپوول) یاخود (نووسین، پێنووس، نووسەر، نووسراو) یاخود (کردن، هەڵکردن، لێکردن، داکردن، ڕاکردن، پێکردن، کردنەوە) بۆ خۆت پیتی تازە هاتوو بۆ ناو وشەکان بژمێرە و خەریکی میسالی دیکە بە تا دەگەی بەسەژماری هەموو ئەو پیتانە لە کوردیدا دێنە ناو وشەوە و دەبن بەهۆی داڕشتنی (اشتقاق) وشەی تازە.

لەم گوتارەدا نووسینەکەمان تەرخان کراوە بۆ باسی ڕۆڵی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا چ بەتەنیا چ لەگەڵ پیتی دیکەدا بێتە ناو وشەوە و بەشدار بێ لە دەربڕینی واتا یا لە داهێنانی واتای تازەدا. دەبێ پێشەکی ئەوەندە بڵێم ئەم باسە تا ئێستا، وەك گەلێ باسی دیکە، لەسەری نەنووسراوە یاخود من نەمدیوە کەس لەسەری نووسیبێ. کارێکی من لێرەدا دەیکەم سەرەتای لێکۆڵینەوەیێکە قووڵایی و پانایی تەواوی هەیە و گەیشتن بەوپەڕی باسەکە پێویستی بەسەرنجدانێکی دوور و درێژ و بەراوردێکی فیلۆلۆجیی پسپۆڕانەی فراوان هەیە. ڕەنگە بۆ دۆزینەوەی تەعلیلی هەندێ جۆر لە بەکارهێنانی (ی) لە کوردیدا نووسەر ناچار بێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنی زمانەکە لەوە بتوژێتەوە داخوا ئەو پیتە لەو زمانانەدا کە کاریان کردووەتە سەر زمانی کوردی وەزعی چۆن بووە و چیی بەسەر هاتووە بەڵکو لەم ڕێگەیەوە بگا بەسەرچاوەی

پەیدابوونی یەك لە جۆرەكانی بەكارهێنانی ئێستاكەی. ئەم دوور و قووڵییە لە پەراوێزی باسەكەی من بەدەرە. ئەوەی لێرەدا دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر بەكارهێنانی (ی)ە لە زمانی قسە پێكردنی ئەورۆماندا. هەڵبەت ڕوونكردنەوەی چەندوچۆنی ئێستاكەی زمانەكەمان ڕێگەی عەودالبوونی سەرەوژووری مێژوویی كوێر ناكاتەوە و ماوەش لە كەس نابڕیٚ بۆ هەوڵدانی تەواو، ڕەنگە پێچەوانەی ئەمە ڕاست بیٚ بەو مانایە كە هەڵكردنی مۆمێك هەرچەندە كزیش بیٚ كەم زۆر تیشكێك دەپڕژێنیٚ بەدەوروبەری خۆیدا. گەرچی كەموكوڕی و هەڵەش هەبیٚ و هەیە لە نووسینەكەمدا بەوەندە دڵ خۆش دەبم كە سرنجی زمانەوانی كورد و كوردیم ڕاكێشابیٚ بۆ ئەم باسە و بەمەدا لایەنێكی مەیلەو شرایەوەی زمانەكەم خستبێتە بەرچاوی.

با ئەوەندەش بڵێم لێرەدا پیتی (ی) هەموو جۆرەكانی دەگرێتەوە چونكە لە ڕاستیدا هەموو هەر (ی)ن هەرچەند لە لاتینی بۆ هەر جۆرە (ی)ە وێنەیێك دانراوە. سروشتی (ی، و) ئەو جۆرجۆرییە هەڵدەگریٚ تەنانەت لەم ڕووەوە هەردووكیان خۆ لە پیتی (ا)یش جیاواز دەكەنەوە كە ئەمیش وەك ئەوان پیتە بزوێنە و لە عەرەبیدا بەهەرسێكیان دەگوتریٚ (حروف العلة). وەك لە پیتی (ی، و) قووچاو و كرایەوە هەیە لە پیتی (ا)دا ئەم دوو چەشنییە نادیتریٚ و ئیمكانی دیتنیشی نییە. دەڵێی (پەنیر، هەولێر – ڕۆژ، ڕوومەت) بەڵام بۆ (ا) هەر ئەو دەنگە هەیە كە لە وشەی (مانگ) دەبیستریٚ. باسی سروشتی (ی، و) و جۆرەكانیان و (یەكبوون)ی هەموو جۆرەكانیان و ئەو دەمەتەقەی لەسەر ئەو باسەوە هەڵدەستی لێرەدا جێگەی نابێتەوە و دەبیٚ وەك سەرەباسێكی (فۆنەتیك) قسەی لیٚ بكریٚ. بەئاواتەوەم زمانەوانێكی كورد لەم باسە پڕ لەزەتە بدویٚ و تا دوا دڵۆپ، مەوزووعەكە هەڵگوشیٚ.

پیتی (ی) سروشتێكی نەرم و شلی هەیە لەسەر زمان سووك دیٚ، ئەم نەرم و شلییە وای كردووە پیتی (ی) بەئاسانی بێتە ناو وشە و بەئاسانی بسویٚ و بچێتەوە. وەك لێرە بەدواوە ڕوونی دەكەمەوە، كورد ئەم لایەنەی بەسەلێقە هەست پیٚ كردووە و بەجۆرێك لەگەڵیدا ڕەفتاری كردووە هەر دەڵێی بە(صراحە) تێمان دەگەینیٚ و پێمان دەڵیٚ مامڵەتم لەگەڵ پیتی (ی)دا مامڵەتێكی تایبەتییە، نەكەن لێی بەسەهوو بچن.

بۆ خاتری ئەم تێبینییەم لە ناو زنجیرەی باسەكەدا ون نەبیٚ و نرخی نەدۆڕێنیٚ، لێرەدا لەسەری دەڕۆم تا لێی دەبمەوە ئەوجا دەگوێزمەوە بۆ ئاڵقەیێكی دیكە لە زنجیرەكەدا.

گوتم پیتی (ی) نەرم و شلە بەئاسانی دێت و دەچێتەوە. هاتنی بۆ ناو وشە و ڕستە مەوزووعی ئەسڵیی نووسینەکەمە تا کۆتاییی باسەکە دەیخوێنێتەوە بەڵام سوان و تێچوونی ئێستاکە بەجۆرێکی سەربەخۆ لێی دەکۆڵینەوە.

دەزانین زمانی کوردی بۆ وەسف و ئیزافە و شەخسی سێیەم لە فرمانی مازیی تێپەڕدا (فعل ماض متعد للمفرد الغائب) پیتی (ی) بەکار دێنێ وە دەڵێی (بەردی ڕەق – کراسی بارام – کردی و چاندی). لێرەدا وشەکان کۆتاییيان هاتووە بەپیتی دەنگدار [کراس، بەرد، کردن، چاندن]. دەوجا با بزانین کە وشەی «موصوف یاخود مضاف» یا فیعلی تێپەڕ کۆتاییيەکەی پیتە بزوێنی (ی) بوو پیتە بزوێنی (ی)ی ئیزافە و وەسف و شەخسی سێیەمی بەدوادا هات کورد چیی کردووە؟

لە وشەی (تروزی و ماسی و دزین) پیتە بزوێنی (ی) کۆتاییيە. با ئێمە وەسف بۆ (تروزی) و ئیزافە بۆ ماسی بێنین و دزینیش بخەینە پاڵ شەخسی سێیەم لە مازیدا.

دەڵێین (تروزیی ناسك، ماسیی زەلم، بارام دزیی). پێویست نییە من بڵێم، ئاشکرایە کەوا لە قسەکردندا «ی» وەسف و ئیزافە و شەخسی سێیەم بەهیچ جۆرێك دەرناکەوێ و درێژایی (ی)کەی کۆتاییی وشەکە زیاد و کەم ناکا. چ بڵێی (ترۆزی خۆشە) چ بڵێی (ترۆزیی ناسك) فەرقێك بە(ی)کەی ناکەی و لە هەردوو حاڵیشدا درێژی دەکەیەوە، خۆ مەعلوومیشە ڕستەی (ترۆزی خۆشە) پیتە بزوێنی (ی)ی ئیزافە و وەسفی تێدا نییە تا بگوترێ بۆیە بەقەدەر (تروزیی ناسك) درێژ بووەتەوە. واقیع ئەوەیە (ی)کەی ئیزافە و وەسف لە قسەکردندا کەم و زۆر خۆ بەدەرناخەن و بەتەواوی لە ناو دەچن. لێرەدا چاو لەوە بپۆشە من هەر میسالی وەسف دێنمەوە و دەڵێم (ترۆزیی هناسك) چونکە فەرقی ئەم و (ترۆزیی هەولێر) نییە حوکمی هەردوويان یەکێکە. بۆ شەخسی سێیەمیش چ بڵێی (بارام نووسی) چ بڵێی (بارام کردی) لە هەردوو حاڵدا درێژایی (ی) کە لە کۆتایی هەر دوو فرماندا بەقەدەر یەکن. دیاریشە وشەی (کردی) کە لە چاوگی (کردن)ەوە هاتووە بەئەسڵ (ی) لە کۆتاییدا نییە تا بڵێین بۆیە ئەویش وەك وشەی (نووسی) درێژ بووەتەوە. بەڵێ گومان لەوەدا نییە کورد بڕیاری داوە کە (ی) شەخسی سێیەم و ئیزافە و وەسف کەوتە دوای پیتە بزوێنی(ی)وە دەبێ بقرتێ. بەڵام زۆربەی نووسەرانی کورد ئەم (ی)ە قرتاوە ئیعدام کراوە زیندوو دەکەنەوە و دەینووسن، بەڵگەشیان ئەمەیە گۆیا بەپێی ڕێزمان دەبێ (ی) هەبێ ئیتر ئەگەر لە قسەکرنیشدا خۆ بەدەرنەخا لە نووسیندا دەبێ بگەڕێتەوە نەکا دەستووری زمانەکە تێك چێ. جارێ لە

پێشەوە با ئەوە بڵێم ئێمە کە زانیمان بەئەسڵ (ی) هەیە و ئەم ڕاستیەمان خستە ناو کتێبەکانی دەستووری زمانەوە لزووم نامێنێ ترسی تێکچوونی دەستوور وەیا توهمەی نەزانین هانمان بدا لەو ناوەدا (ی)یەك قوت کەینەوە. ئەگەر ئەو ترسە یەخەگیرمان بێ و بمانکا بەدیلی خۆی دەبێ لە قسەکرنیشدا چارێکی ئەو ترسە بدۆزینەوە، خۆ ئێمە بەئاخاوتن سەد ئەوەندەی نووسین زمانەکەمان بەکار دێنین فایدەی چی ئەم (ی)یە نازدارە جارێکیان بەنووسین زیندوو کەینەوە و سەد جاران لە ئاخاوتندا بیمرێنین. دوور نابینم ڕۆژەك لە ڕۆژان پێشنیارێك بڵێ کە لە قسەکردندا گەیشتیتە (ی)ی قرتاو برۆیەکت هەڵتەکێنە تا ببێتە نیشانەی هەبوونی... وەنییە من ببڕای ببڕای دانانی نیشانە لە جێی پێویست لە نووسیندا پەسند نەکەم، بەڵام نابێ ئەو کارە بێ لزووم بێ. خۆ بەنیسبەت ئەم (ی)یە قرتاوە ئیشارەت دانان نەك هەر بێ لزوومە بەڵکو دژی ئیرادەی خاوەنی زمانەکەیە کە میللەتی کوردە، چونکە ئیرادەی کورد ئەوەیە کە لە ئاخاوتندا (ی) دەرنەکەوت ناشێ بەهیچ جۆرێك دەرکەوێ یاخود با بڵێم دەرنەکەوتن (ی) لە ئاخاوتندا بەگوێرەی ئیرادە و بڕیاری ئاشکرای گەلی کورد مانای ئیعدامکردنی دەبەخشێ. بەڵگەش بۆ ئیسپاتکردنی ئەم بڕیارە کەم نییە.

یەکەم: دەزانین لە کوردیدا جۆرێك لە جۆرەکانی داڕشتنی ئیسمی مەعنا Abstruct لە ئیسمی مادەوە زیادکردنی پیتە بزوێنی (ی)ی تیژە لە کۆتاییی وشە. دەڵێی (چاك، چاکی – خۆش، خۆشی – سەوز، سەوزی). دەبا بزانین کە کۆتاییی وشەکە پیتە بزوێنی (ی)ی تیژ بۆ (وەك سپی، برسی) ئاخۆ بۆ داڕشتنی ئیسمی مەعنا چی دەکەین؟

بەپێی قاعیدەی ئیزافە و وەسف و شەخسی سێیەم کە لێرە بەپێشەوە لێی دواین دەبوا لە داڕشتنی ئیسمی مەعناشدا وشەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەو (ی)یە کە بۆ ئیسمی مەعنا زیاد دەکرێ لە قسەکردندا خۆ بەدەرنەخا و تێ بچێ؛ کەچی خاوەنی زمانەکە لێرەدا بڕیارێکی زۆر جیاوازی دا و کەم و زۆر لەگەڵ دەستووری ئیزافە و وەسف و شەخسی سێیەم پێوەندیی نییە: چونکە مەبەستی ئەوە نەبووە (ی) کە بفەوتێ (صیغە)یێکی تایبەتی داناوە بۆ ئەوە هەم ئیسمی مەعناکە دروست بێ و هەم (ی) کە بپارێزرێ. فەرموو سەیری ئەم میسالانە بکە:

دەڵێی (زەرد، زەردی – شین، شینی – سەوز، سەوزی) بەڵام لەگەڵ (سپی)دا

کارێکی دیکە دەکەوێ و دەڵێی (سپی، سپییەتی). خۆ بەپێی زاهیری دەستووری (نووسی و تروزیی ناسك) دەبوا لێرەشدا هەر بڵێی (سپی) و یێیەکەی ئیسمی مەعنا ئیعدام کەی.

دەڵێی (تێر، تێری) کەچی دەڵێی (برسی، برسیەتی – هەندێکیش دەنووسن برسییەتی). دەبوا وشەی برسیش لە ئیسمی مەعنادا هەروەك خۆی بمێنێتەوە و یێیە تازەکە تێ بچێ.

دەبینی لەو حاڵانەدا خاوەنی زمانەکە ڕێی نەهێشتنی (ی)کەی نەداوە خۆ ئەگەر بەرژەوەندیی دیبا یا ئارەزووی کردبا کەس مەنعی نەدەکرد لە ئیعدامکردنی، ئەوسا من و تۆش بۆ خۆمان لە نووسیندا وەستاییمان بەخەرج دەبرد و (ی)یەکەمان قوت دەکردەوە وەك کێڵی قەبر و دەماننووسی (برسی، سپی).

دووەم: لە حاڵی نیسبەتیشدا وەك مەعلوومە پیتە بزوێنی (ی)ی تیژ دەخرێتە کۆتاییی وەشەوە وەك (شارەزووری، هەولێری، نەجەفی). ئەوەندە هەیە ئەگەر کۆتاییی وشەکە بزوێنی (ا، وو، ۆ، ێ، ە) بوو لەبەر ناچاری (ی)یەکی دەنگدار Consonant دەخرێتە میانی ئەو پیتانە و «ی»ی نیسبەتەوە تا ئیمکان هەبێ تەلەفوز بکرێ چونکە پیتە بزوێن هەڵناگرێ پیتە بزوێنێکی دیکەی بچێتە سەر. دەڵێی (خورما – خورمایی، بانە – بانەیی، شنۆ – شنۆیی، لادێ – لادێیی، مازوو – مازوویی). ئەدی ئەگەر کۆتاییی وشەکە پیتە بزوێنی «ی»ی تیژ بوو [ئەو پیتە بەپێی بڕیاری کۆڕی زانیار «ی» دەنووسرێ، زۆربەی نووسەران بەدوو «ی»ی دەنووسن، هەمیشە ئیشارەیێکی دیکەی بۆ دادەنێ] ئەوسا دەبێ نیسبەت بۆ ئەو وشەیە چۆن بێ؟ بەپێی قاعیدەی باس لێکراوی ئیزفە و هاوڕێکانی دەبوا «ی»کەی نیسبەت خۆ بەدەرنەخا و وشەکە وەك خۆی بمێنێتەوە. کەچی کوردەواری وای نەکردووە؛ هەرچەند هەموو کورد لە یەك ڕێبازەوە نەڕۆیشتوون بۆ دەربڕینی نیسبەت لەم حاڵەدا بەڵام هەموو لەوە ئیتفاقیان کردووە کە نابێ «ی»ی نیسبەت ئیعدام بکرێ. ناوچەی کۆیە بۆ داڕشتنی سیغەی نیسبەت لە وشەی وەك «جەلی و سماقوولی و سلێمانی» دەڵێ «جەلیەتی، سماقوولیەتی، سلێمانیەتی» واش دەبێ دەڵێ «جەلەتی، سماقوولەتی، سلێمانەتی» هەندێ ناوچە لەو حاڵانەدا ئەم سیغەیە بەکار

ناهێنێ «ی»کەی نیسبەتیش ئیعدام ناکا دەڵێ (خەلقی سلێمانی و جەلی..) ١٠ رۆژ پێش نووسینی ئەم جێگایە لە کۆیە بووم و قەڵەباڵغی هەبوو بەدەورمەوە، یەکێك لە قساندا گوتی (کابرایەکی جەلیەتی فەردە تووتنێکی دەفرۆشت). ئەمە بۆیە دەگێڕمەوە چونکە لە هەندێ زمانەوانی خەلقی ناوچەی سلێمانیم بیستووە ئەم سیغەیان بەرگوێ نەکەوتووە کەچی لە دەوروبەری کۆیە زۆر باوە.

سێیەم: وا دەبێ واوی بزوێن (ئەوەی هەندێ نووسەر بەدوو «وو»ی دەنووسن، کۆڕی زانیاریش ئیشارەی دەخاتە سەر «وَ») وەك «یَ»ی بزوێن دەکەوێتە کۆتاییی وشەوە وەك (دوو، پشوو، خوو). بەپێی قیاس دەبوا ئەگەر واوی عەتفی بەدوادا هاتبا واوەکەی عەتفی تێ چووبا و خۆی بەدەر نەخستبا هەروەك دیتمان «ی» بەدوا پیتە بزوێنی «ی»دا لەناو دەچێ. بەڵام کورد واوی عەتفی نەفۆتاندووە با بەدوا وشەیێکیشدا بێ کە کۆتاییی پیتە بزوێنی واوی تیژ بێ. کە دەڵێی (دوو و سێ) خۆ خەریك دەکەی واوەکە بەئاشکرایی و بێگومان بدرکێنی هەرچەند دەربڕینی واوەکە سەهلیش نییە. بۆ ئەوە واوەکە بەباشی ببیسترێ بەدوا واوی کۆتاییی وشەکەدا، دەیبزوێنی و «ضمە»یێکی سووکی دەدەیتێ نەکا لە پەنا پیتە بزوێنی پێش خۆیدا نموودی نەبێ. تۆ کە دەڵێی «کورد و عەرەب» واوەکەی عەتف لێرەدا واوی بزوێنە چونکە بەدوا پیتی «د»دا ترسی لەناوچوونی نییە بەڵام کە دەڵێی «دوو و سێ، ڕوو و دەست» لە ڕاستیدا واوەکەی عەتف دەکەی بە دەنگدار و واوێکی بزوێنی کورتی بەدوادا دێنی تا واوەکەی عطف لە ژێر تاوی واوەکەی کۆتاییی وشەی پێشەوە نەشرێتەوە، تەنانەت بەپێی دەستووری نووسین دەبێ (ڕوو وو دەست، دوو وو سێ) بنووسرێ. ئەمە جارێکی دیکەش ئیرادەی کورد دەردەخا لە چونیەتی مامڵەتی لەگەڵ وشە و پیت و قسەکردن. بەلای کوردەوە واوی عەتف ئەوەندە گرینگە و سەربەخۆیە ناشێ بسوێ و لە ناو بچێ.

وەك «ی»ی ئیزافە و وەسف و شەخسی سێیەم نییە سوانی زەرەر نەبەخشێ. تۆ کە گوتت (ڕوو دەست، دوو سێ) واتاکەت کورت دێنێ و مەبەست ڕوون نابێتەوە. هەندێ جار سوانی واوی (عطف) و ونبوونی لە میانی دوو وشەدا وشەی لێکدراو پێك دێنێ یاخود واتایێکی ئەوتۆ دەبەخشێ پێوەندیی نەبێ لەگەڵ (عطف). کە بڵێی (دوو سێ)

وەك ئەوەیە گوتبێتت دووجار سێ کە دەکا شەش، بۆیە ناچاری کە مەبەست لە (دوو و سێ) ٢+٣ بێ دەبێ بەئاشکرایی واوەکەی میانی وشەی (دوو) و وشەی (سێ) بدرکێنی و بڵێی (دوو وو سێ) تا بکەن پێنج. دەوجا کە قرتانی واوێك ئەوەندە ئیشکال دروست بکا دیارە نابێ بقرتێ. کورد ئەوەی هەست پێ کردووە بەجۆرێکی سەلیقی و بێ مامۆستا، ڕێزمانی وتووێژیشی بەپێی ئەو هەست و سەلیقەیە داڕشتووە، حەیف و سەد حەیف ئێمە دروشمی زەکا و ئیدراکی فیتریی ئەو گەلە بسڕینەوە بەخۆ تێ هەڵقوتاندنی دوور لە شارەزایی هەرچەند لە ڕواڵەتدا هەڵقوتانەکەمان بەکارێکی ئوستادانەش بێتە پێش چاوان.

قسە لەوەندە نابڕێتەوە، سەرەڕای ئەوە ژیاندنەوەی «ی»ی مردوو لە نووسیندا کارێکە دوور لە شارەزایی و پڕە لە ستەم دژی زەکای کوردەواری، ئا ئەم ژیاندنەوە بەرەنگاری فرمانێکی بێ سەر و بنمان دەکا و ئەرکێکمان دێنێتە بەر لێی دەرنەچین، چونکە لە کوردیدا وە نییە هەر «ی» لەو شوێنانەدا سوابێ بەڵکو پیتی قرتاو لە زمانەکەماندا ئەوەندە زۆرە و جێگاکانی ئەوەندە جۆرجۆرە ئەگەر وەك «ی» هەموویان بژیێنەوە زمانەکە تێك دەچێ و لە «کوردی» دەشۆرێ. ڕێی ئەوەشت نییە بڵێی هەر «ی» دەژیێنمەوە مەگەر خۆتم لێ بکەی بەحاکمی عورفی چونکە فەرقی «ی» نییە لەگەڵ پیتی دیکەدا کە ئەمیانت ژیاندەوە دەبێ هەرچی وەك ئەو مردوو بن بیانژیێنێتەوە، قیامەت هەر لە بەرخی مەلا دانەهاتووە. دەبێ لە نووسیندا (بەرەلا) بگەڕێنیەوە بۆ «بەرهەڵدراو»، «هەستە» بکەیتەوە «هەڵبوەستە»... کلۆج، کل وجە... نەخوازەلا، نەخوازێ ئەڵڵا یا هەر بنجێکی دیکە بێ... مریشك، مری هیشك... مراوی، مری ئاوی... گۆرانیی یاری کە ڕاکە پێ کەنە دەبێتە یاری بکە ڕابکە پێ بکەنە. دەبێ ساڵان خەریك بی ئەسڵ و فەسڵ و بنج و ڕەگی هەموو وشەیێك لە کوردیدا بدۆزیەوە و وای بنووسی. کە ئەمەت کرد زمانی کوردیت کوشت، کە ئەمەش نەکەی نابێ تەنیا یەخەی «ی» بگری و دەستەملانی بی.

لە کوردیدا قرتاندن (حذف) دەستوورێکی زۆر پەرەسەندوە و ڕێزمانیشە، ئەوەندە هەیە نابێ قرتاندن تەرتیبی پیتی وشە بگۆڕێ چونکە کە تەرتیبی گۆڕا وشەکە دەبێتە ناڕەوان. بۆ میسال، وشەی «دشنام – دژنێو» لە ڕێی قرتاندن بووە بە«جنێو، جوێن، جوون». گۆڕینی «دژنێو» بۆ «جنێو» سەلیقەی ڕاست پەسندی دەکا چونکە دوو پیتی «دژ» بەکورتکراوەییی گۆڕان بۆ «ج» کە لە درکاندندا نزیکە لە «دژ». دیارە تاکە پیتی

«ج» لەسەر زمان سووکترە لە «دژ». کەواتە لەو گۆڕین و کورتکردنەوەدا سوود بەرهەم هاتووە بێ ئەوە تەرتیبی پیتەکان تێك چێ. ئیتر لەوە زیاتر چیمان دەوێ کە لە ڕێبازێکی هەموارەوە زمانەکەمان ئاسانتر کەین. بەڵام گۆڕینی «جنێو» بۆ «جوێن» تەرتیبی پیتەکان تێك دەدا بۆیە بە«ڕەوان – فصیح» لە قەڵەم نادرێ کەواتە دەبێ نووسەر خۆی لێ بپارێزێ. کە «جوێن» ناڕەوان بوو جوون هەر بەجارێ لە ڕەوانی دەشورێ. بەڵێ خەڵق لە قسەکردندا هەمووان دەڵێن و کەسیش ڕێی ئەوەی نییە مەنعیان بکا بەڵام ئەوەی غەڵەتە هەر غەڵەتە، لە کوردیدا بێ یا هەر زمانێکی دیکەی جیهان بێ، خۆ ناشکرێ و ناشێ غەڵەت بەڕاست حیساب بکرێ.

میسالێکی دیکەت بۆ دێنمەوە، دەگوترێ (لە بۆچی هات؟). ئەمە کورت کراوەتەوە و بووە بە (بۆچی هات؟). جارێکی دیکەش کورت کراوەتەوە بۆتە (بۆ هات؟). ئەم سێ ڕستەیە تا ئێستا لە قسەکردندا زیندوون. بەلای منەوە هەرسێ ڕستە دروستن چونکە لە کورتکردنەوە بووەلاوە شتێك نەهاتووەتە ناوەوە لە ڕاستییان دوور خاتەوە و بیانکا بەهەڵە، کورتکردنەوەش لە کوردیدا دەستوورە، هەر مامڵەتێکیش بەر دەستوور کەوت پەسندە. بەڵام گۆڕین و کورتکردنەوەی (لە بۆچی هات) تا دەبێتە (لۆ چی هات یاخود لۆ هات) لە دەستوور لای داوە چونکە دیارە وشەی (لۆ) لە ئەسڵدا مەوجود نییە و پێك هێنراوە لە لامەکەی (لە) و واوەکەی (بۆ). واتە (لە بۆ) کراوەتە (لۆ). ئەم داڕشتنە بەر هیچ دەستوورێك ناکەوێ تا بڵێین داڕشتێکی ڕاستە. ئەگەر لە کوردیدا (لە لۆ چی) هەبا ئەوسا دەمانگوت (لۆ چی، لۆ) کورتکراوەن دەبوون بە (فصیح – ڕەوان) چونکە گوتمان کورتکردنەوەی دەستووری (ڕەوانی) تێك نادا. نووسەر و پشکنەر و لێکۆڵەرەوە ڕێی ئەوەی هەیە وەك زانای ئەکادیمی بنج و بناوانی گوتە و ڕشتە و دەستووراتی زمانەکە هەڵتەکێنێ بیانباتەوە سەر ڕەگ و بنکە و بناخەی ئەسڵییان، لەو ڕێبازەشدا تا بەرەو مێژووی کۆن هەڵکشێ و لە سرنج و تێفکرین و بەراوردیکردنی قووڵ بێتەوە زیاتر خزمەتی زمانەکەی دەکا و هەوڵ و تەقەڵلاکەی بەرهەمدارتر دەبێ. بەڵام ڕێی ئەوەی نییە دۆزینەوەی ئەسڵی وشەیێك بکا بەهۆی ئیعدامکردنی وشەیێکی دیکە کە لە ڕێی گۆڕان و کورتکردنەوەدا شکڵێکی تازەی پەیدا کردووە. زانایێکی گۆڕانی گیانلەبەران با ئەسڵی ژیان بدۆزێتەوە و بەپێپلکەی گۆڕاندا سەرەوژێر و سەرەوژوور بڕوا تا مرۆڤ دەگەیەنێ بەگیانلەبەری (یەك خليّة)، بەڵام تۆ بڵێی بۆی هەبێ بڕیاری ئیعدامی مرۆڤ بدا چونکە ئەسڵەکەی دۆزیوەتەوە؟ یاخود لە ناوچەوانی هەموو کەسێك بنووسێ ئەمە

لە ئەسڵدا (یەك خەلیەیی) بووە نەکا ئەو ڕاستیە فەرامۆش بکرێ؟ بەس نییە زانیارەکە و ڕاستییەکە تۆمار بکا و بیانپارێزێ لە فۆتان بێ ئەوە خۆی و خەڵق دووچاری ئەرکی بێ لزووم بکا؟

زمان چونکە کەرەستەی تەعبیری گیانلەبەرێکی قابلی گۆڕانە ئەویش لە گۆڕاندایە. ئەگەر بەڕادەی گۆڕانی ژیان و یاسای کۆمەڵایەتی و بەرهەمی زانستی ئادەمیزاد زمانەکەی نەگۆڕێ و پێش نەکەوێ دیارە وردە وردە کز دەبێ بەجارێ دەکوژێتەوە. دەبێ فرمانی زمانەوان ئەوەبێ یارمەتی زمانەکەی بدا تا دەسەڵاتی تەعبیری زیاد کا و شیایی ژیان و گەشەکردنی بگا بەپلەی سەرسووڕێنی زانست و تەکنیکی نوێ. یارمەتیدانیش لەوەدا نییە زمان بخرێتە قاڵبی مردوو و ڕێگەی ئاسانبوون و مشتومالکردنی لێ بگیرێ. بەڕادەی ئەوە کە گێڕانەوەی ژیان بۆ سەدەی چواردەم و پازدەهەم دەیکوژێ و لە ناوی دەبا گێڕانەوەی زمانیش بۆ ڕابردووی کۆنی پەکی مانەوە و گەشەکردنی دەخا. سەرەڕای هەموو ئەو تێبینییانە و گەلێکی دیکەی کە هەن و نەمهێنانە ناو باسەکەوە شتێکی زۆر گرینگ هەیە دەبێ ڕەچاوی بکەین، کە بڕیارمان دا ئەو پیتانەی لە قسەکردندا سواون لە نووسیندا بگەڕێنەوە ئیتر نووسەری عادەتیی کوردی لە بازاڕ و دەر و دەشت بۆ خۆی دەست و قەڵەمی ڕەق دەبێ چونکە مەعلوومە نووسەری عادەتی ئەو دەستوور و ڕێزمانە نازانێ فێری ئەوەی بکا لە کوێ پیت قرتاوە تا لە نووسیندا بیگێڕێتەوە. زانینی ئەم لایەنە نەك هەر بۆ پیاوی عادەتی بەڵکو بەنیسبەت خوێندەواری فراژووشەوە زەحمەتە. فەرموو لەگەڵ مندا سرنجێك بدە ئەم زەحمەتییە:

شەخسی سێیەمی تاك لە فیعلی مازیی تێنەپەڕدا ڕاناوەکەی دەرناکەوێ وەك لە تێپەڕدا دەردەکەوێ. دەڵێی «ڕۆیشت، خەوت، نووست، هەڵستا، مرد، ژیا، چوو، هات» لەمانە و هەموو فیعلێکی تێ نەپەڕی وەك ئەمانە «ی»ی شەخسی سێیەم وجوودی نییە. کەواتە ئەوانەی کە لە فیعلی تێپەڕی وەك «نووسین، دڕین، پرسین، کڕین، دزین» بۆ شەخسی سێیەم «ی»یەك بەزیادەوە دەنووسن «پرسیی، کڕیی، دزیی» دەبێ ئاگاداری ئەوە بن لە مازیی تێ نەپەڕی شەخسی سێیەم کە بەئەسڵ فیعلەکە «ی»ی تێدابێ نابێ «ی»یەکی دیکەی لێ زیادکەن. «فڕین، خزین، خشین، ڕزین» و هەموو فیعلێکی تێ نەپەڕ وەك ئەوان کە خرایە پاڵ شەخسی سێیەم دەبێ بنووسرێ «فڕی، خزی، ڕزی» چونکە لەو حاڵەدا شەخسی سێیەمی تاك ڕاناوی نییە. دەوجا سەیری

نووسەری عادەتیی کورد بکە چۆن سەری لێ ناشێوێ کە دەیەوێ بنووسێ «دزی و فڕی و خشی و بڕی»؟ لە کوێ ئەم «ی»یە قوت کاتەوە وەك کێڵە قەبر و لە کوێ بیخاتە قەبرەوە وەك مردوو.

ئەم زەحمەتیەت لە بیر بێ و بەچاوێکی پڕ لە وردی و ژیرییەوە سەیرێکی فەلاکەتی لێرە بەدواوە بکە.

گوتمان و دیتمان ڕاناوی شەخسی سێیەمی تاك لە فیعلی مازیی تێپەڕدا «ی»یە. بەپێچەوانەی ئەو، ڕاناوی شەخسی دووەمی تاك لە فیعلی مازیی تێنەپەڕدا «ی»یە یاخود «یت»ە. بۆ شەخسی سێیەم دەڵێی «کوشتی، بردی، کردی» بۆ شەخسی دووەم دەڵێی «بردت، کوشتت، کردت» بەڵام بۆ شەخسی دووەم لە مازیی تێنەپەڕدا دەڵێی «نووستیت، هەڵستایت، کەوتیت، ڕۆیشتیت» هەیشە دەڵێی «نووستی، هەڵستای، کەوتی، ڕۆیشتی» بۆ مەبەسی کورتکردنەوە [خۆم لەوانەم]. کەواتە بەپێی مەزهەبی دۆستانی «ی»ی قرتاو لەو فیعلە تێنەپەڕانەی کە بەئەسڵ «ی» هەیە وەك «فڕین، خزین، خشین» دەبێ بۆ شەخسی دووەمی تاك بنووسی «فڕیت، خزیت» یاخود «فڕیی، خزیی، خشیی» ئەگەر ویستت بۆ ئیختیسار «ت»یەکە بقرتێنی:

بەڵام لە فرمانی (مضارع)دا فرمانەکە تێپەڕ بێ یا تێنەپەڕ بێ ئەو (ی)یەی شەخسی دووەم هەر دێتە ناوەوە. دەڵێی (دەنوی، دەڕۆی، هەڵدەستی – یاخود دەنوویت، دەڕۆیت، هەڵدەستیت) هەروەها دەڵێی (دەخۆی، دەکەی، دەکوژی – دەخۆیت، دەکەیت، دەکوژیت) لێرەشدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بی فەرقی تێپەڕ و تێنەپەڕ نەکەی و (ی)یەکی زیاد بخەیە کۆتاییی ئەو فرمانانەوە کە لە ئەسڵدا (ی)یان هەیە و بنووسیت (دەفڕیی، دەخشیی، دەخزیی، دەنووسیی، دەدزیی، دەدڕیی – یاخود دەفڕییت، دەخشییت، دەدزییت.. هتد) ناشزانم چۆن دەتوانی خۆت ڕزگار کەی لە ئیشکالی ڕێنووس داخوا دەنووسی (فڕی یت، فڕی ی ت، فڕییت).

پشووی حەسانەوە مەدە فەلاکەتی دیکەش لە پێشە.

بۆ «جمعی متکلم» لە فرمانی مازیی تێنەپەڕ دوو پیتی (ین) بەکار دێ وەك (نووستین، ڕۆیشتین، هەڵستاین) لە مازیی تێپەڕ دەگوترێ (کردمان، بردمان) لە فرمانی مضارعیشدا ئەم (ین)ە بۆ (جمعی متکلم) هەر دێتەوە بەڵام ئەمجاریان فرمانەکە تێنەپەڕ و تێپەڕ بێ فەرق ناکا. دەڵێی (دەڕۆین، هەڵدەستین، دەنووین)

هەروەها دەشڵێی (دەکەین، دەخۆین، دەبینین). کەواتە بۆ (جمعی متکلم)یش وەك شەخسی تاکی دووەم لە فرمانی مازی تێنەپەڕدا و لە فرمانی «مضارع»ی تێپەڕ و تێنەپەڕدا «ی»یەکی زیاد دەبێ بخەینە پاڵ «ی»ی ئەسڵی و بنووسین «فڕیین، خزیین، دەفڕیین، دەخزیین – دەنووسیین، دەبڕیین». لە ئەنجامی ئەم تێکەڵ پێکەڵی و مەعلووماتفرۆشییەدا ئەم لیستەی سیحری خوارەوە پێك دێ:

(بارام دزیی) چونکە مازیی تێپەڕە بۆ شەخسی سێیەمی تاك.

(بارام خزی) چونکە مازیی تێنەپەڕە بۆ شەخسی سێیەمی تاك.

(جەنابت دزیت) چونکە مازیی تێپەڕە بۆ شەخسی دووەمی تاك.

(جەنابت خزییت) چونکە مازیی تێنەپەڕە....

(جەنابت دەدزییت)<br>(جەنابت دەخزییت) چونکە فرمانەکە (مضارع)ە بۆ شەخسی دووەمی تاك.

(جەنابت دەچیت) چونکە فرمانەکە لە ئەسڵدا «ی»ی نییە.

(ئێمە خزیین) چونکە مازیی تێنەپەڕە بۆ (جمعی متکلم)

(ئێمە دەدزیین)<br>(ئێمە دەخزیین) چونکە فرمانەکە (مضارع)ە بۆ (جمعی متکلم)

(ئێمە دەچین) چونکە فرمانەکە لە ئەسڵدا «ی»ی نییە.

لیستەیێکی ڕێکوپێك وەك (جۆگەلەی لۆغاریتم)، هەر دەبێ پیرۆزباییی بۆ بکەی لەو نووسەرانەی حەز لە پاراستنی ئەو شتانە دەکەن کە کورد کوشتوونی...

پێی ناوێ من بڵێم، لە خۆوە دیارە، ئەم شێوە نووسینە لە مەتەڵ دەچێ و هەر دەڵێی زەکای خەلقی پێ تاقی دەکەیتەوە.

ئەوەی هێنامە پێش چاوی خوێنەر لەو چەند دێرانەی دواییدا وەنییە بۆ مەبەسی نەسەلماندن وە یا خۆهەڵدانەوە بێ، نەخێر ئەمە ئەنجامێکی (حەتمییە) ڕاستەوخۆ هەڵدەچێ لە کاسەی ئەو ڕێنووسەی کە دەنووسێ (ترۆزیی ناسك).

زۆربوونی دەستوور لە زماندا بۆ خۆی دەبێتە ئامانجێك بەقەدەر زمانەکە زەحمەت، ڕەنگە لەویش زەحمەتتر بێ. قەواعیدی عەرەبی دە جار لە عەرەبی زەحمەتترە.

گەورەترین نووسەر و بوێژی عەرەب ڕزگارنەبوون لە هەڵەی قەواعیدی. کەس نییە (قواعد اللغة العربية) بزانێ و هەڵەی تێدا نەکا بەڵام دەیان ملیۆن کەس عەرەبی دەزانن، هەزاران خوێنەر و ئەدیبیش هەن پوختەییێکی باشی قەواعید دەزانن کە کافی بێ بۆ نووسین و تێگەیاندن. با ئێمە پەند لەوە وەرگرین و لە ڕێی مەعلووماتفرۆشی و بەناوی پاراستنی زمان، نووسین و ڕێنووس و ڕێزمان لە خەڵقی وەزەحمەت نەیەخین. تا دەتوانین بەرەو (ئاسانتر و سادەتر)ەوە بڕۆین بەمەرجێك نەچینە ناو سنووری هەڵە.

بەدەم نووسینەوە و لە ڕێی میسال هێنانەوە ناوی (ی) ئیسمی مەعنام هێنا. مەوزووعی (اسم المعنى – Abstruct noun) درێژە و تەفسیلێکی زۆری هەیە، لێرەدا لە گۆشەی نیگای پیتی (ی) و بەشداربوونی لە پێکهێنانی سیغەی (ئیسمی مەعنا) لە کوردیدا سەیری مەوزووع دەکەین و بەس.

وەك دیار دەکەوێ لە باسەکەمان، کورد بەسەلیقە لە داڕشتنی ئیسمی مەعنادا دەستووری وای بەکار هێناوە ئەویش وەك هەندێ لەو دەستوورانەی باسمان کردن هەر دەڵێی کاری پسپۆڕ و دەسکردی شارەزایانە نەك بەرهەمی عەفوی و تێکڕای میللەتێکە.

ئەو وشانەی پێیان دەگوترێ ناوی مادە (اسم المادة) بەگوێرەی ڕادەی مادیەتیان دەکرێن بە سێ بەشی لە یەکدی جودا [من ئەو سێ بەشە پەسندتر دەکەم لەوە بکرێ بەپێنج و شەش].

بەشی یەکەم: ناوی مادیی تەواو. وەك: (بەرد، خەڵووز، چیا، ئاو، برنج...)

بەشی دووەم: ناوێکە لە خودی خۆیدا مادە نییە بەڵام دەبێ بەناو یاخود نیشانە و عەلامەت بۆ شتێك یا گیانلەبەرێك یا بۆ مرۆڤ کە هەموویان مادەن وەك: (قوتابی، قایمقام، کارگێڕ، فەلاح، پێشەنگ) و گەلێك لە ناوی وەزیفە و کەسب و کار. وەك دەبینی ئەم بەشەی دووەمی ناو، مەرج نییە ببێ بەماڵ بۆ ئەو شتەی یا ئەو کەسەی پێی ناو نراوە. لەوانەیە یەکێك ئەوڕۆ قوتابی بێ ڕۆژێکی دیکە فەلاح بێ یاخود لە هەمان کاتدا قوتابیش بێ و فەلاحیش بێ. بەڵام بەشەکەی یەکەم گۆڕانی تێدا نییە، بەرد هەر بەردە ئاویش هەر ئاو. کە بەردت ورد کرد و بۆ بەگەچ لە بەردایەتی دەشۆرێ، واتە وەك ئەو کەسە نییە کە فەلاح بێ و قوتابی بێ هەر هەمان کەس بێ، «شتێك» کە بەرد بوو یاخود

ئـاسن بـوو کـە بـەهـێزێکی فـیزیـایـی وەیـا کیـمـیـایـی کرا بـەمـادەیێکی دیکـە حیسابێکی تـازەی بۆ دەکرێ لـە ژێر نـاوێکی تـازەدا. بـەرد هـەر بـەردە، بـەرد گـەچ نییە، بـەرد مـادەیـە قوتـابی و مـهندس لـە خۆیـانـەوە مـادە نین «اصطلاح»ن کراون بـەنـاو بۆ مـادە. ئـەم مقـارنـەیـە و لێکدانـەوەی نـەزەری دوور دەکێشێ تـا دەگـەینـە کۆتـایـەکـەی، بـا لـە کورتی بـبـڕینـەوە و بـچینـە سـەر بـەشـەکـەی سێیـەم.

بـەشی سێیـەم: ئـاوەڵنـاو (صفـە). لزووم نـابینم لێرەدا بکـەوینـە سـەر وەسف و نـاسـاندنی (تـەعریف) ئـاوەڵنـاو و تـا دەلالـەتی مـادیـەتیی هـەیـە و چۆن وا دەبێ بـەپێی سروشتی (مـەوصوف) یـاخود لـەبـەر داڕشتنی لـە سـەرچـاوەیێکی نـامـادییـەوە ئـاوەڵنـاوەکـەش لـە مـادیـەت دەشۆرێ وەك بڵێی (خـەونی خۆش، خـانـوویێکی، خـەیـاڵی) چونکە خـەریکبوون بـەو تـەفسیلاتـە گـەلێك دوورمـان دەخـاتـەوە لـە ئـەسڵی بـابـەت. مـەبـەس شیکردنـەوەی داڕشتنی ئیسمی مـەعنـایـە لـە ئـاوەڵنـاو. تـەنـانـەت خۆ لـەوەش نـاگـەینم داخوا استلاحی (اسم المعنی – معنـای مطلق – تـەجرید – Abstruct) کـامیـان پـەسندتر و ڕاستتر و گونجـاوترە لـەگـەڵ واتـای ئـەو سیغـەیـە کـە قسـەی لـێ دەکـەین. لـە مـەکتـەبی سـەرەتـاییـیـەوە فێر کراین بڵێین (اسم المعنی Abstruct noun) و (اسم المـادە Material noun) منیش هـەر ئـەو دوو زاراوەم خستووەتـە ئیستعمـالـەوە لـەم نووسینـەمدا، لێشیـان نـاڕازی نیم چونکە بۆ هـەڵوەستی ئێستـاکـەمـان و تـا بڕیـارێکی گشتی دەدرێ بـەجۆرێکی دیکە، خزمـەتی مـەبـەس دەکـەن و واتـای ویستراو ڕادەگـەیـەنن.

ڕێی بـاسکردنی بـەشی سێیـەم، وەك من بۆ بـاسـەکـە دەچم و تێی گـەییوم، هـەموارتر و بێ کۆسپترە لـە دووانـەکـەی دی. ڕچـەی ئـەم نووسینـە دەری دەخـا یـەکـەم و دووەم گیروگرفت و دەمـەتـەقـەی زۆرە، ڕەنگـە بـاری وای تێدا بێ سـەلمـاندن و نـەسـەلمـاندنی نیواونیو بێ.

بـا لـە ئـاوەڵنـاوەوە دەست پێ بکـەین.

بـەجۆرێکی پێشـەکی دەڵێم هـەموو ئـەو ئـاوەڵنـاوانـەی بـەپیتـە دەنگدارەکـان کۆتـاییـیـان هـاتووە وەك (جوان، بـەرز، خۆش...) ئیسمی مـەعنـایـان لێ وەردەگیرێ بـەئیزافـەی (ی) واتـە یێی تیژ لـە کۆتـاییی وشـەکـەدا، تـەنـانـەت ئـەگـەر دوو پیتی (و، ی)یش دەنگدار بوون و کـەوتنـە کۆتـاییی وشـەوە، دەستوورەکـە نـاگۆڕێ. دەڵێی (جوان، جوانی – ڕێك، ڕێکی –

دزێو، دزێوی – خاو، خاوی – هێژا، هێژایی) بەڵام کە کۆتاییی وشە پیتە بزوێنی (ا، وو، ۆ، ێ، ە) بوو وەك وشەی (ئازا، دوورِوو، دەستەمۆ، کرمی، ڕووتە) ئەوسا پیتە (ی)ی دەنگدار دەکەی بەپێوەندیی میانی ئەو پیتە بزوێنانە و پیتە بزوێن (ی) چونکە مەعلوومە پیتە بزوێن ناچێتە سەر بزوێنێکی دیکە، ئیتر دەگوترێ (ئازایی، دوورِوویی، دەستەمۆیی، کرمێیی، ڕووتەیی). لەبیرت بێ هاتنە ناوی (ی)ی دەنگدار لێرەدا ئەویش جۆرێکە لە بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا و بەڵگەیێکە بۆ سەپاندنی ئەوە کە پیتی (ی) لەبەر سروشتی نەرم و شلی زوو دێتە ناوەوە. لەو هەموو پیتانەی ئەلفوبێی کوردی پیتی (ی)مان هێنا و کردمانە پێوەندیی میانی وشەکان و پیتە بزوێنی (ی) ئیسمی مەعنا و نەمانگوت (ئازاوی، دوورِووشی، دەستەمۆلی، کرمۆفی، ڕووتەکی). لێرەدا ئەوەش دەڵێمەوە ئەگەر کۆتاییی ئاوەڵناو پیتە بزوێنی (ی) واتە یێی تیژ بوو وەك (برسی، تەژی) ئیسمە مەعناکە دەبێتە (برسیەتی، تەژیەتی). لەبەر زێدە قورسی ناگوترێ (برسییی، تەژییی) ناشکرێ (ی)کەی ئیسمی مەعنا لە ناو بچێ لەبەر هۆیەکی یەکجار گرینگ کە فیترەتی هەستیاری خاوەندی زمانەکە ڕەچاوی کردووە. هۆیەکەش ئەمەیە:

تۆ ئەگەر ئیسمی مەعنات دارِشت لە وشەی وەك (برسی) بەزیادکردنی (ی) لە کۆتاییی وشەکەدا ئەوسا بەپێی قاعیدە و لەبەر زەحمەتی درکاندن (تلفظ) یێکە وەك هی شەخسی سێیەم و وەسف و ئیزافە لە گوتندا خۆ بەدەرناخا و تێ دەچێ. بەو جۆرە وشەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و هەر دەگوترێ (برسی). دەوجا وشەی (برسی) بەمانای (جایع) لەگەڵ (برسی) بەمانای (جوع) تێکەڵ دەبن و جیاکردنەوەیان زەحمەت دەبێ هەندێ جاریش هەر جیا ناکرێنەوە. کە گوتت (برسی ناخۆشە یاخود گوتت وەی برسی چەند درِی!) بۆت مەعلووم نەکرا مەبەست (جائع – برسی) بوو یاخود (جوع – برسیەتی) بوو. بەمەدا دیار دەکەوێ کورد سیغەیێکی تایبەتی هێناوە بۆ ئەو تەرزە وشانە تا لە چەلەمەی تێکەڵبوونی مانای جیاجیا ڕزگار بێ. لە قرتان و تێچوونی (ی)ی شەخسی دووەم و سێیەم و ئیزافە و وەسف ترسی ئەو تێکەڵ پێکەڵیە لە گۆرِێدا نییە، تۆ کە گوتت (ترۆزیی ناسك، ترۆزیی شارەزوور) هەر یەك واتا دێتە مێشکی گوێگرەوە بۆیە لزووم نییە بڵێی (ترۆزیەتیی ناسك، ترۆزیەتیی شارەزوور) هەر بۆیەیشە لە نووسینیشدا هیچ لزوومیك نییە (ی) مردوو بەدوا (ترۆزی)دا قەتار کەی. دەربارەی ئەم مەوزووعە هەندێ ڕۆشنبیری زل بۆ لایەنگیریکردن لە نووسینی

(تروزیی ناسك) دەڵێن و خۆیشم لێم بیستوون ئەگەر (ی)ی ئیزافە نەنووسرێ (ئازادی ئامۆزام – ازاد ابن عمی) جیاواز ناکرێتەوە لە (ئازادیی گەل – حریة الشعب). بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەگەرەیە وەلامی قەناعەتبەخش هەیە:

جارێ با ئەوە بڵێم تۆ ئەگەر بەنووسینیش چارێکت کرد ئەی لە قسەکردندا چ دەکەی؟ لێرەدا قسەیێکی پێشووم دووبارە کردەوە.. بەناچاری.

لە ڕاستیشدا ترسی تێکەڵی و سەرشێوان نییە چونکە (ی)ی ئیسمی مەعنا گەلێك درێژترە لە (ی)ی ئیزافە و وەسف، واتە (ی)کەی (ئازادیی گەل) فەرقێکی زۆری هەیە لەگەڵ (ی)کەی (ئازادی ئامۆزام). من لە نووسیندا ئەم دوو (ی)یە بەپێی درێژی و کورتییان لە یەکدییان جیا دەکەمەوە وەك دیتت نووسیومە (ئازادیی گەل – ئازادی ئامۆزام) هەرواش دەنووسم تا بڕیارێك دەردەچێ بەجۆرێکی دیکە بنووسرێ. (ی) ئیسمی مەعنا بەقەدەهی نیسبەت و هەموو ئەو (ی)یە ئەسڵییانە کە دەکەونە کۆتاییی وشەوە درێژاییی هەیە. کە دەڵێی (هەولێری، جوانی، ترۆزی، شایی) پیتەکان بەقەدەر یەکدین. بەلام کە دەڵێی (خەلقی شارەزوور) ئەم یێیەی ئیزافەی دوای شارەزوور بەئانقەست نەبێ درێژ ناکرێتەوە. هەروەهاش کە دەڵێی (بەردی ڕەق).

وردبوونەوەیێکی دیکەش هەیە لەم باسەدا زیاتر چاومان دەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت و شارەزاتریشمان دەکا لە هەندێ باری سەلیقەی کورد کە زمانەکەی پێ داناوە و بەمەدا جارێکی دیکەش بۆمان ئاشکرا دەبێ کەوا (ی)ی وەسف و ئیزافە و شەخسی یەکەم و دووەم و سێیەم ناچنە ڕێزی (ی) نیسبەت و ئیسمی مەعناوە.

لەو میسالانەی لێرە بەپێشەوە بەپێی پێویست هێنامانەوە بۆمان دەرکەوت کەوا (ی)ی ئیسمی مەعنا و نیسبەت سەرەڕای ئەوە کە درێژن تا لە ئیمکانیشدا بێ هەر بەدرێژی دەمێننەوە. وەك دیتمان کە دەکەونە دوای پیتە بزوێنەکان (ی)یەکی پێوەندی دەکەوێتە میانیانەوە هەتا مومکن بێ تەلەفوزیان پێ بکرێ و بەدرێژی بمێننەوە. دەڵێی (بەغدایی، شنۆیی، شەقلاوەیی.. بۆ نیسبەت – دارایی، فیرۆیی، گەورەیی.. هتد بۆ ئیسمی مەعنا). بەلام (ی)یەکانی شەخسی یەکەم و دووەم و سێیەم و وەسف و ئیزافە کە دەکەونە دوای پیتە بزوێن بۆ خۆیان لە بزوێنی دەکەون و دەبنە دەنگدار Consonant واتە (ی)ی پێوەندی نایێ و بیانپارێزێ. دەڵێی. (هەرای پار، خانەی بارام، سەکۆی دوکان، پشووی ئاشتی، جێی من.. بۆ ئیزافە – هەرای گەورە، خانەی

بچووك، سەكۆی بڵند، پشووی درێژ، جێی دوور.. بۆ وەسف)، یاخود دەڵێی (خەیات درووی، قەساب گرووی.. بۆ شەخسی سێیەم) هەروەها (ی)ی شەخسی سێیەم كە چووە دوای مەفعولێك پیتی كۆتایی بزوێن بێ بۆ خۆی لە بزوێنێ دەكەوێ دەڵێی (كردی.. هەرای كرد، هەڵەی كرد، درۆی كرد.. هتد) بەمەدا جارێكی دیكەش بۆمان مەعلووم دەبێ (ی)ی ئیزافە و وەسف و شەخسی یەكەم و دووەم و سێیەم ناچنە تای تەرازووی (ی)ی نیسبەت و ئیسمی مەعناوە.

دەوجاكە «ی»یەك كورتتر بوو لە یەكێكی دیكە و بەپێی كورتی و درێژی لە نووسیندا جیا كرانەوە بۆ دەبێ «ی»یەكی مردوو زیندووكرێتەوە؟ كوا تێكەڵبوونی مەعنا و سەر لێشێوان. كە ویستت بڵێی (أوز أبیض) بنووسە (قازی سپی) كە ویستت بڵێی (القاضي العالم، قاضي البصرة) بنووسە (قازیی زانا، قازیی بەسرە).

«ی»ی وشەی (قازی) یێیەكی درێژە بەوە فەرق ناكا «ی»ی ئیزافە و وەسفی بەدوا دابێ یا نەیێ. چ بڵێی (قازی هات، قازی لێرەیە، قازی زانایە. [لێرەدا وشەی قازی «مبتدأ»ە یێی وەسف و ئیزافەش لە دوا «مبتدأ»ەوە نایەن]) چ بڵێی (قازیی بەسرە، قازیی زانا) لە هەموو حاڵاندا «ی»كەی وشەی (قازی) فەرق ناكا لەلایەن كورتی و درێژییەوە ئیتر بۆ دەبێ بسەلمێنین ڕێزمان داوا دەكا بنووسرێ (قازی زانایە، قازی هات، قازیی زانا، قازیی كفری) بۆ عیناد نەبێ وەڵامێك نییە.

دیتت گوتم (تا لە ئیمكانیش دابێ هەر بەدرێژی دەمێننەوە)، ئەمەم بۆیە گوت چونكە وا دەبێ ئەو ئیمكانە وەزەحمەت دەكەوێ. «ی»ی نیسبەت و ئیسمی مەعنا (لە ڕاستیدا هەموو یێیەكی تیژی كۆتایی وشە وەك هی نیسبەت و ئیسمی مەعنا) كە «ان»ی جمعی بەدوا داهات ئەو درێژیەی نامێنێ. دەڵێی (ڕاستی – ڕاستیمان گوت، ڕاستیتان گوت) بەڵام كە ویستت بۆ جەمعی غایب بێ دەڵێی (ڕاستیان گوت) نووسەران لە نووسینی ئەم سیغەیە یەك جۆر نانووسن وا هەیە دەنووسی (ڕاستییان، ڕاستییان) بەڵام ئەوەی بەزاردەگوترێ شتێكە كەوا «ی»كەی (ڕاستی) درێژایی خۆی دۆڕاندوە. هەروەها دەڵێی (ترۆزییان خوارد) لێرەشدا (ی)كەی (تروزی) كورت بووەتەوە. هەمان شكل كە پیتە بزوێنی «ە» كەوتە دوا ئەم «ی»یە درێژانە كورتیان دەكاتەوە، دەڵێی (ئەم تەرۆزییە) لە گوتندا ناڵێی (ئەم تەروزیییە) هەرچەند بنووسین واشی بنووسی[١] ئا

(١) ئەم لا باسە درێژەی زیاتر تێدایە، بەڵام بەوەندە وازم لێ هێنا.

ئەم مشکلەیەش یەکێکە لەو گرفتانە کە دەبێ بڕیارێکی گشتیی بۆ بدرێ تا ڕێنووسەکە ببێ بەیەك شکڵ و لەسەر بنچینەیێکی ڕاستیش هەڵستابێ.

تا ئێرە کارێکی کورد کردوویەتی کارێکی عادەتییە. لە مادەی (برسیەتی) و وردەکاریی جیاکردنەوەی «ی»ی درێژ و کورت نەبێ کە زێدە ژیریێکی تێدایە، دەستوورەکانی دیکە هاوتای ئەو دەستوورانەن لە زۆر زمانی بێگانەدا ڕەچاو دەکرێن. بەڵام کورد هەنگاوێکی یەکجار پسپۆڕانەی هاویشتووە لە دارشتنی جۆرێك ئیسمی مەعنادا پلەیێکی بەرز ژووررووی ئەو پلە سەرەتاییە کەوتووە کە کورد و غەیری کورد تێیدا هاوبەشن. لەم هەنگاوەدا مەبەسێکی پێك هێناوە لە زمانەکانی دیکە هۆی پێکهێنانیان نایەتە بەرچاو یاخود نەهاتووەتە بەرچاوی من. با بزانین ئەم هەنگاوە چییە بەولای دارشتنی ئیسمی مەعنای عادەتییەوە.

تاقمێك هەن لە ئاوەڵناو سەرەڕای ئیسمی مەعنای عادەتی کە تازە باسمان کرد، جۆرێکی دیکەی ئیسمی مەعنایان لێ دادەڕشترێ واتایان خۆ جیاواز دەکاتەوە لە واتای جۆرەکەی عادەتی بەهۆی ئەمرازێکی تایبەتییەوە.

سرنجت بدە ئەم کۆمەڵە وشانە و ئیسمی مەعناکەیان. دەڵێی (خۆش، خۆشی – جوان، جوانی – کۆن، کۆنی – ڕێك، ڕێکی – نوێ، نوێیی). بەدوا ئەمانەدا دیقەت لەم وشانە و دوو جۆری ئیسمی مەعناکەیان بگرە. دەڵێی (درێژ، درێژی، درێژایی – پان، پانی، پانایی – قووڵ، قووڵی، قوڵایی – ڕەش، ڕەشی، ڕەشایی هەموو ڕەنگەکان وەك ڕەش وان – قورس، قورسی، قورسایی، شیرن، شیرنی، شیرنایی هەموو تامەکان وەك شیرن وان – ڕاست، ڕاستی، ڕاستایی...) لێرەدا وەك دەبینی و بەپێی ڕای خۆم بۆشت شەرح دەدەم وردبینیێکی تا بڵێی زیرەکانە دێتە بەرچاو لە کاری فەیلەسووفی زمان دەکا زیاتر لەوە زادەی سەلیقەی میللەتێك بێ. سرنج دەری دەخا هەموو ئەو مەعنایانەی بەجۆرێك تەحدید دەکرێن (وەك بەمەساحە و پێوان و هەڵکێشان) یاخود هەستێکی مادیی تەواویان پێ دەکرێ (وەك تامکردن و دەست لێدان)، ئا ئەو مەعنایانە هەڵدەگرن، لە موتڵەق دابڕێن و میقداریان دیاری بکرێ، بۆ ئەم تەحدید و دابڕینەش پیتی «ی» بەکەڵك نایێ چونکە بۆ موتڵەق بەکار دێ و ناتوانێ هەنگاوێکی دیکە بەولای موتڵەقەوە بڕوا، ئیتر زیرەکیی فیتری و هەستی عەفویی ڕاست کوردی بۆ ئەوە بردووە سیغەیێکی تایبەتی «وێ چوو» پەیدا کا مەبەس ڕاگەیەنێ، ئەم سیغەیەش بەئیزافەی «ایی» نەك تەنیا «ی» پەیدا بووە.

کە گوتت «پانی» بەوەدا «عرض»ی موتڵەق ڕادەگەینی بەڵام کە گوتت «پانایی ژوورەکە» مەبەست ئەو هەندە مەسافە تەحدید کراوەیە کە لەو دیوار بۆ دیوارەکەی بەرامبەری دەگرێتەوە، ئەو هەندە مەسافە لە (مطلق)ی واتای (پانی) دادەبڕی. هەروەها درێژی (مطلقی طول)ە بەڵام درێژایی هەندێکی تەحدید کراوە لەو درێژییە. وشەی (ڕاستی) کە لە ڕاست داڕشتراوە مانای (استقامە)یە بەڵام ڕاستایی میقدارێك ڕێگە وەیا زەویی ڕاست و بێ خواری و نزمییە. ڕاستایی بۆ قسە و بیروباوەڕ نابێ چونکە لەمانەدا تەحدید تەسەور ناکرێ. زەردی مانای (صفرە)یە بەڵام زەردایی ئەوەندە ڕەنگە زەردەیە کە لەسەر شتێك بەجێ دەمێنێ لە نەتیجەی دانانی بۆیاغی زەرد لەسەر ئەو شتەدا، یاخود ئەو میقدارە ڕووناکییەیە کە چاوێکی زەعیف دەیبینێ ئیتر دەگوترێ «چاوی فلانەکەس کوێر نەبووە زەردایی دەکا». کە گوتت (ڕەشایی) مەبەست میقدارێکی دیارکراوە لە (ڕەشی) وەك ڕەشاییی زەلام لە شەودا یاخود ڕەشاییی خەڵووز کە لەسەر جێگەیەك دەمێنێتەوە. (ترشی) بەرامبەری (حموضة)یە، بەڵام (ترشایی) ئەو تامەیە کە بەزمان دەیچێژێ بۆیە دەگوترێ (ترشاییی سماق زیاترە یا کەمترە لە هی لیموندزی). هەروەها شیرنایی و تاڵایی و تفتایی میقدارێکن لە شیرنی و تاڵی و تفتی. لە پێنج هەستەی (حواس خمس) ئادەمیزاد تەنیا بۆ هەستی چێشتن و (لمس) کە لەگەڵ مادە تێکەڵ دەبن وەیا بەیەك دەگەن (بەیەکگەیشتنی مادە لەگەڵ مادە) ئەم سیغەیە بەکار دێ ئەوەی دەدیترێ و بۆن دەکرێ و دەبیسترێ بەڕادەی چێشتن و دەست لێدان (لمس) هەستی مادییان پێ ناکرێ بۆیە ئەم سیغەیان لێ ناوەشێتەوە. ناگوترێ (جوانایی و درۆزنایی و دەنگخۆشایی و بێنخۆشایی). دیارە ئەو مانایەی کە هەر بەزیهن دەزانرێ بەجارێك لەوە دوورە (ای) بۆ بەکار بێ (ڕەزیلی و حەق پەرستی و نیشتمانپەروەری و هەموو مانایێکی زیهنیی وەك ئەمانە) لە سیغەی عادەتی بەولاوەیان نییە. ئەمە دەستوورێکی گشتییە، بەڵام ئەگەر وابوو یەك لەو هەستانەی بەر دیتن و بیستن و بێنکردن دەکەوێ مومکین بوو تحدید بکرێ وەیا گەیشتە پایەی مادییەت لە هەست پێکردنیدا ئەوسا قاعیدەکە دەیگرێتەوە. بۆ میسال دەڵێم بۆنێك کە زۆر سکوون بوو تا وای لێ هات ببێ بەخزمی تامکردن وشەی (تیژایی)ی بۆ بەکار دێ وەك «تیژاییی بۆنی بیبەر» زاتەن تیژایی بۆ تامکردنە. هەروەها ئەو میقدارە ڕووناکییەی کە لە درزێکەوە دەدیترێ پێی دەگوترێ ڕووناکایی چونکە تەحدیدی تێدایە. لە ڕۆناکاییی ڕۆژیشدا تەحدید هەیە چونکە دەوەستێ

بەرامبەر تاریکی وەیا تاریکاییی شەو، واتا هەریەکەیان لە ڕێی مقابلە لەگەڵ ئەوی تردا تەحدید پەیدا دەکەن و لە موتڵەق دەپچڕێتەوە.

لێرەدا با جارێکی دیکەش سەر لە (سپی، سپیەتی، سپیایی) خوار کەینەوە. بۆ مانای موتڵەقی (بیاض) سپیەتی بەکار دێ و لێرە بەپێشەوە گوتمان ئەو سیغەیە بۆیە هاتووەتە ناو نەوەك (بیاض و ابیض) تێکەڵ بن. دەبینین سیغەی «سپیایی»ش هەیە بەڵام وە نییە وەك سپیەتی بێ مانای (بیاض)ی موتڵەق بگەینێ. دەڵێی (ئەمە سپیاییی گەچەکەیە یاخود سپیاییی بەفرەکە لە دوورەوە دیارە) مەعلومە گەچەکە و بەفرەکە دوو شتی مەحدوودە بۆیە گوترا سپیایی نەك سپیەتی. هەر بۆیەیشە بە(شیر و ماست و ڕۆن و پەنیر و دۆ)ش دەڵێن سپیایی چونکە ئەمانە سەرەڕای ڕەنگی سپییان مەحدوودن و دەشخورێن.

ئەم سیغەیە جگە لە زەکاوەتی جیاکردنەوەی (محدود) لە (مطلق)، لە لایەنی دارشتنیشەوە زەکای تێدایە: پیتی «ی» کە پیتێکی نەرم و شلە و لەسەر زمان سووکە لایقە ببی بەئەمرازی دارشتنی مانای موتڵەق لە ئاوەڵناوەوە کە ئەویش خۆی لە خۆیدا مادییەتی تێدا نییە، ئەمە بەجۆرێکی گشتی، بەڵام ئاوەڵناوێك کە هەستی مادیی پێ بکرێ لە ڕێی تامکردن و دەست لێدانەوە، وەیا قابلیەتی تەحدید و پێوان و کێشانی هەبێ (کە هەمووی کرداری مادین) دەبێ کارێکی سەختتری لەگەڵدا بکرێ بۆ ئەوە ئەو مەعنایە تەحدید کراوە ببەخشێ. «ی»ی تەنیا کوڕی ئەو مەیدانە و هەڵگری ئەو بارە نییە بۆیە ئەمرازێکی نیسبەت بەو قورسی بوو بەکار هاتووە کە سێ پیتی (ایی)یە. بەپێی گرنگبوونی دارشتنی ئیسمی مەعناکە ئەمرازەکەش گۆڕاوە بۆ درێژتری. (ی) لایقە بۆ واتای موتڵەق. (ایی) لایقە بۆ دابڕین و بەرەو مادییەتبردنی ئەو میقدارەی کە لە موتڵەقەکە دەپچڕێتەوە. ئەوەش دێتە بەرچاو کە پیتی «ا»ش وەك «ی» نەرم و شلە لەگەڵ سروشتی ئاوەڵناودا دەگونجێ دەوجا هەروەك ئەمرازی «ی»ی وشەی «پانی» هەم ڕێك دێ لەگەڵ «پان» کە ئاوەڵناوە و هەم بەسیشە بۆ وەرگرتنی مانای موتڵەق، ئەمرازی (ایی)ش ڕێك دێ لەگەڵیدا و بەسیشە بۆ دابڕینی هەندێك مەسافە لە موتڵەقی «پانی» و پێکهێنانی ئەو مادییەتە کە لە وشەی «پانایی»دا ڕەچاو دەکرێ. ئەو تێبینییە دەمینێتەوە کە بڵێم لە سێ پیتی (ایی) ئەلفەکە و یێکەی کۆتایی بنچینەیین و یێکەی بەینیان ئالْقەی پێوەندییە چونکە وەك گوتمان لێرە بەپێشەوە پیتە بزوێن ناچێتە سەر پیتە بزوێن ئەگەر یەکێکی دەنگدار نەکەوێتە بەینیانەوە.

بەر لەوە بگوێزمەوە بۆ دارشتنی ئیسمی مەعنا لە دوو جۆرەکەی دیکەی ئیسمی مادە دەمەوێ هەندێك لەسەر وشەی گەرم و سارد و گەرما و سەرما بدوێم چونکە دارشتنی ئیسمی مەعنا لەم وشانەدا گرێ و گاڵی تێدایە پێویستە بەقەدەر حاڵ روون بکرێتەوە. لە وشەی (گەرمایی)دا زیهن بۆ ئەوە دەڕوا لە (گەرما) وەرگیرا بێ. بەڵام وردبوونەوە دەری دەخا لە وشەی (گەرم)ەوە هاتووە نەك (گەرما). کە دەڵێی (گەرمایی)ی ئاگرم بۆ هات دیارە مەبەست میقداری هەست پێکراوی (گەرمی)ی ئاگرەکەیە نەك (گەرما)ی ئاگرەکە چونکە مەعلوومە ناگوترێ ئاگر گەرمایە، کەواتە نابێ (گەرمایی ئاگر) لە (گەرمای ئاگر)ەوە هاتبێ. دەگوترێ ئاگر گەرمە دەوجا بەپێی دەستووری باسی لێکراوی لێرە بەپێشەوە (گەرم، گەرمی، گەرمایی) دارشتنێکی ڕاست و دروستە و سەرپێچیی تێدا ناکرێ و دەگوترێ (گەرمایی خوێن وەیا ئاگر وەیا ڕۆژ.. هتد) دیقەت بگرە لە وشەی (سەرما)، ئەم (ما)یەی کۆتاییی وشەکە لە ئەسڵدا وجوودی نییە. نەك (ما) بەڵکو پیتی (م)یش هەر وجوودی نییە چونکە مەعلوومە ئەسڵەکە وشەی (سارد)ە. کەواتە لە ڕێبازێکەوە کە تا ئێستا نازانین (با بڵێم من نازانم) سەر ڕشتەکەی چییە ئەم (ما)یە بۆ سارد و گەرم هاتووە و کردوونی بە(گەرما و سەرما). بەپێی قیاس دەبێ بەئەسڵ (ساردما و گەرمما) بووبن و کورت کرابنەوە بۆ مەبەسی ئاسانیی تەلەفوز. لە بەکارهێناندا (سەرما و گەرما) جارێکیان وەك ئاوەڵناو خۆ دەنوێنن جارێکیان وەك ئیسمی مەعنا. کە دەڵێی (ئەوڕۆ سەرمایە یا گەرمایە) لێرەدا ئاوەڵناون وەك ئەوەیە بڵێی (ئەوڕۆ خۆشە یا فێنکە یا ساردە یا گەرمە). کە دەڵێی (سەرما و گەرمای دوێنێ) هەردوویان لە ئاوەڵناوی دەشۆرێن دەبنە ئیسمی مەعنا و واتاکەیان دەبێتە (ساردی و گەرمی). مەیلم بۆ ئەوە دەڕوا کە لە ئەسڵدا هەردوویان ئیسمی مەعنا بووبن بەڵام لە ڕێی (مجاز)ەوە بەمرووری کات وەك ئاوەڵناو بەکار هاتبن. دیقەت بگرە کە دەڵێی (سەرمامە یا گەرمامە) بەو جۆرە لە کاری دێنی کە بڵێی (خۆشیمە یا شادیمە یا ناخۆشیمە) مەعلوومە (خۆشی و شادی ناخۆشی) هەموویان ئیسمی مەعنان.

دەڵێی (ساردایی بەفرەکەم هەست پێ کرد) ناڵێی (سەرمایی بەفرەکە) مەبەستیش ئەو میقدارە ساردییەیە کە لە بەفرەکەوە هەڵدەستێ، لە هەندێ ناوچەکانی کوردستان دەگوترێ (ساردایی، هاتووەتە بازاڕ) مەبەس لەو ساردایییەیە بەفر و شەربەت و ماستاو و خواردنەوەی هاوینییە هەروەك مەبەس لە (سپیایی) شیر و ماست و کەرە و هاوڕێکانیەتی.

بۆ دارشتنی ئیسمی مەعنا لە دوو جۆرە ناوەکانی دیکە دوو سیغە هەن یەکیان بەزیادکردنی (ەتی) ئەوی دی بەزیادکردنی (ایەتی) لە کۆتاییی وشەدا. بەپێی ئەوە ئەمرازی قورس لایقترە بۆ شە و واتای قورس دەبوا (ایەتی) بەکار هاتبا لەگەڵ ئیسمی مادەی تەواودا وەك بەرد و دار و ئاسن و چیا. دەمایەوە (ەتی) بۆ جۆرەکەی دی. بەڵام وا دەردەکەوێ لە ڕێی (استقراء)ەوە مانەوەی زمانی کوردی بەبێ نووسین بۆ هەزاران ساڵ وای کردووە ئەو دەسەتوورانەی لە یەکدی نزیکن تێکەڵ بەیەکدی ببن و یەکیان لە جێی ئەوی دی بەکار بێ. هەڵبەت ئەمەش شتێکی سەیر نییە بەڵکو ڕوونەدانی سەیرە، تۆ بنوارە زمانی عەرەبی لەگەڵ ئەوەشدا کە ١٣٠٠ ساڵ زیاترە بەهۆی قورئان و بەدوا قورئاندا بەهۆی نووسینەوە ڕێزمانی پارێزراوە و لە زۆر بنکەی خوێندن و ڕۆشنبیریدا هەر بەو زمانە ڕێزمانییە وتووێژ کراوە دیسانەوە زمانی قسە پێکردنی عەرەب نەخزمایەتییێکی ماوە لەگەڵ ڕێزمان نەهیچ لەهجەییێکی بەلەهجەیێکی تری دەچێ. ئەگەر قیاسی کوردی لە عەرەبی بکەین، دوورکەوتنەوەی زمانی ئاخاوتنی کوردی لە ڕێزمانی بنچینەیی گەلێك کەمترە لە هی عەرەبی، واتە زمانی وتووێژی کوردی نزیکترە لە دەستوور و ڕێزمان تا عەرەبی. شتێکی مەعلوومیشە لە ڕێزماندا ئەو بەشەی وردی و جۆرجۆریی تێدا بێ ئامادەترە بۆ گۆڕان و تێکەڵبوون، وەك کلافەی هۆندنەوە تا داوەکانی باریکتر بن زووتر دەئاڵۆزێ و درەنگتر گرێکانی دەکرێنەوە. بەو پێیە دەبێ لە کوردیدا بەئەسڵ دارشتنی ئیسمی مەعنا لەسەر بناخەییێکی زۆر مەحکەم هەستابێ چونکە تا ئێستاش شوێنەواری کوێر نەبۆتەوە و هەموو سیغەکانی یا شەقامێکی ئاشکرا یا ڕێچکۆڵەیێکی دیاری هەرماوە. وەك لە میسالاندا دیتمان چوار سیغە هەن بۆ ئیسمی مەعنا بەزیادکرنی (ی، ایی، ەتی، ایەتی) لە کۆتاییی وشەدا. هەریەك لەو سیغانەش بۆ مەبەس و مانایەکی تایبەتی بەکار دێن. لەو زمانانەی کە من شتێکیان لێ دەزانم یەکێکیان ئەو وردەکارییەی تێدا نییە لەو مەیدانەدا. هەرچەند ئەو ڕایەی لێرە بەدواوە دەربارەی ئەو مەوزووعە دەری دەبڕم بەشێکی لە تەخمینەوە دێ بەڵام وە نییە تەخمینەکە لە بۆشیەوە هاتبێ یاخود بەپێی هەوەسبازی بێ. من بۆ ئەوە دەچم کە لە ئەسڵدا ئەمرازی (ەتی) بۆ ئەو ناوانە بووبێ کە ئیسمی مادەی تەواونین وەك (ئەندام، قایمقام، مهندس) بەڵکو شتێکن لە بەینی مادە و ئاوەڵناو [وشەی قایمقام و مهندس بۆ میسال دێنمەوە دەنا مەعلوومە لە کوردیی کۆندا ئەو وشانە نەبوون]. بەو پێیە ئیسمی مەعنایان دەبێتە (ئەندامەتی، قایمقامەتی،

مهندسەتی – بەنووسینی کوردی موهەندیسەتی). ئەمرازی (ایەتی)ش بۆ ناوی مادەی تەواوبووبێ وەك (بەرد، زێڕ، زیو) ئیتر گوترابێ (بەردایەتی، زێڕایەتی، زیوایەتی). لەوانەیە زیەن بۆ ئەوە بچێ کە ئەم سیغانە و بەکارهێنانیان عەرەب گوتەنی (سماعی)ن بەڵام ئەمە دوورە لە قەناعەت چونکە لە (سماعی)دا ئەوەی ڕچەیە (اطراد) بەدی ناکرێ و هەر وشەیەك بەڕێکەوت بۆ خۆی لە ڕێبازێکەوە ڕۆییوە. دیومە لە ڕێزمانی عەرەبی (استثناء) لە ئەژماری وشە دەستوورییەکان زیاتر بووە لەگەڵ ئەمەشدا ڕیزبوونی چەند وشەیێك و لەیەکچوونیان بووە بەبنچینەی دەستوورێك و ئەوەی بەر دەستوور نەکەوتبی هەرچەند زۆریش بووبێ پێی گوتراوە (استثناء) تەماشاکە لە کوردیدا ئەو وشانەی پێوەندیی شەخسی (وەك خزمایەتی یا جنسیەت) ڕادەگەینن زۆربەیان بە(ایەتی) دەگۆڕێن بۆ ئیسمی مەعنا وەك (خوشکایەتی، باوکایەتی، خزمایەتی، ژنایەتی، کچایەتی، کەسایەتی، ئامۆزایەتی، خاڵۆزایەتی، پوورزایەتی، مێردایەتی، بەدوا ئەماندا کوردایەتی، عەرەبایەتی، تورکایەتی، عەجەمایەتی، ئینگلیزایەتی..) چاوپۆشین لە ڕچەی ئەو هەموو وشانە و چوونیەکیەتییان لەوانە نییە بایەخێکی هەبێ چونکە دەستووری زمان بناخەیێکی لەوە بەهێزتری ناوێ تا دەبێ بەدەستوور. بەڵێ ئەم دەستوورەش (استثناء)ی هەیە وا دەردەکەوێ ئەو وشانەی پیتی (ا)یان تێدا بێ لەبەر نەقوڵاییی کۆبوونەوەی دوو (ا) لە وشەیێکدا بەئەمرازی (ەتی) ئیکتیفا دەکرێ بۆ ئیسمی مەعنایان وەك دەڵێی (پیاو – پیاوەتی) خۆش نییە بڵێی (پیاوایەتی) لەبەر درێژی و قورسی دەنا دەبوا وەك گوتت (ژنایەتی) بشڵێی (پیاوایەتی). یاخود دەڵێی (برایەتی) کەچی دەبوا بڵێی (برایایەتی) چونکە ئەلفەکەی کۆتاییی وشەی (برا) ئەمرازی (ایەتی) قبووڵ ناکا بێ ئاڵقەی (ی) بەڵام دیارە بۆ کورتکردنەوە وازهێنراوە لەو (ی)یە و ئیکتیفاش کراوە بەیەك لە دوو (ا)کەی (برا) و (ایەتی). هەروەها ناوی گەل کە ئەلفی تێدا بوو ئەویش بە(ەتی) دەگۆڕێ بۆ ئیسمی مەعنا وەك (ئەڵمان – ئەڵمانەتی) لەبەر قورسی ناگوترێ (ئەڵمانایەتی)[١].

---

(١) بەزاندنی پیتی (ا) نەك هەر لێرە، لە شوێنی دیکەشدا ڕەچاو دەکرێ وەك لەو میسالانەدا: دەڵێی (دەستاودەست، دەماودەم، دزاودز، دەشتاودەشت) بەزیادکردنی دوو پیتی (ا، و). بەڵام دەڵێی (ماڵەوماڵ، بانەوبان، شانەوشان، دارەودار، شاخەوشاخ، زارەوزار) بەزیادکردنی دوو پیتی (ە، و). دیارە لەو وشانەدا چونکە پیتی (ا) هەیە بۆ مەبەسی سووك گوتن پیتی (ا) گۆڕاوە بۆ (ە) دەنا دەبوا بگوترێ (مالاوماڵ، باناوبان، شاخاوشاخ...).

ناوی گەلێکیش ئەگەر بە (ی) نیسبەت لە کۆتاییی وڵاتەکەدا پەیدا بوو وەك (هۆڵەندەیی، فنلەندەیی، نەرویجی) ئیسمی مەعنای بەزیادکردنی (ەتی) دەبێ وەك (هۆڵەندەیییەتی، فنلەندەیییەتی، نەرویجییەتی). لە وشەی (ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئۆکرانیا) و ناوی وەك ئەمان ئەگەر نیسبەتەکەیان بکەیتە (ئیتاڵیایی، ئیسپانیایی و ئۆکرانیایی) ئەوا دەبتە (ئیتاڵیاییەتی و ئیسپانیاییەتی.. هتد) خۆ ئەگەر نیسبەتەکە بکەیتە (ئیتاڵی و ئیسپانی و ئۆکرانی – کە ئەمە سیغەیێکی عەرەبیی زیاترە لە کوردی) ئەوسا دەڵێی (ئیتاڵیەتی و ئیسپانیەتی.. هتد) ئەوەش تێبینی دەکرێ ئەگەر وشەی وەك (خۆیی) لە نیسبەتدا دوو (ی)ی تێدا بوو بۆ ئیسمی مەعنا دەبێتە (خۆییاتی) نەك (خۆییایەتی) دیارە بۆ مەبەسی ئاسانیی ئەم «ی»کەی دوایی قرتاوە. بۆیە دەگوترێ «کۆییاتی». بەپێی قیاس دەبێ بگوترێ «شنۆییاتی، هێرۆییاتی، هەڵشۆییاتی – کە لە شنۆیی و هێرۆیی هەڵشۆیییەوە وەرگیراون».

شتێکی دیکەش سرنج بۆ خۆی ڕادەکێشێ: ناوی ئەو کەسب و کارەی کە مانای ئاوەڵناوی تێدا بەهێز و ئاشکرایە مامڵەتی ئاوەڵناوی لەگەڵدا دەکرێ وەك (سەپانی، جۆتیاری، وەستایی، شاگردی، پاسەوانی، سەرتاشی، باغەوانی، کابانی... بەقیاس لەمانەوە وشە عەرەبییەکانش دەبنە: نەجاری، خەیاتی، تەباخی، قەسابی.. هتد).

بەڵام وەکو گوتم لە ئەنجامی بەکارهێنانی زارەوزاری هەزاران ساڵ و لەبەر بەچەسپاندنی ڕێزمان بەنووسین و تۆمارکردن هەڵبەت تێکەڵبوون پەیدا بووە لە میانی ئەو سیغانە تا وای لێ هاتووە سنووری ئاشکرا لە میانی هەندێ لەو سیغانەدا هەڵگیراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵنەدۆڕاوە بۆ بەربەستکردنی کوێربوونەوەی سنوور و تێکچوونی ڕێزمان. زمانزانان و ئەدیبانی کورد دەتوانن بڕیاری ئەوە بدەن کە فلان سیغە بۆ فلان مەعنا بێ. ئەوەندە هەیە کارەکە زۆر ئاسان نییە هەم لەبەرئەوە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیێکی زۆری دەوێ و هەم لەبەر زەحمەتی (ناڵێم استحالة) ڕێککەوتنی ئەدیبەکانمان لەسەر ڕایەکی هەمەگی.

بێگومان ئەم باسەی دارشتنی ئیسمی مەعنا ئەوەندە فراوانە لەوانە نییە بخرێتە ڕێزی کۆمەڵە باسێك و ببێ بەئاڵقەی زنجیرەیێك، خۆی بەتەنیا ئەوەندە ئاڵقەی تێدایە ببێ بەزنجیرە. بەڵام بەنیسبەت منەوە کە لە ڕۆڵی «ی» بدوێم ناکرێ ئەم باسە هەڵبوێرم. هەرچەند بەجۆرێکی ناتەواو و نیوەچڵیش بێ لێدوانی پێویست بوو، وا دەزانم سوودبەخشیش بووبێ. کردنەوەی دەروازە لە ژوورێکی مەنفەزبڕاوی

زمانەکەمان هەروەك ژوورەکە رووناك دەکاتەوە هانیشمان دەدا بۆ کردنەوەی دەیان ژووری وەك ئەو کە تا ئێستا بەداخراوی ماوەتەوە و جاڵجاڵۆکەی فەرامۆشی شوێنەوار و دروشمی شاردووەتەوە. یەك باوەش خامەی ژیر و دڵسۆز ببن بەگەسك ئەوجا دەتوانن ریسی جاڵجاڵۆکە و تۆزی بێ خزمەتی لەو ژوورانە بتەکێننەوە. خامەی من ئەگەر بەقەدەر تاکە قەسەلێکی ئەو گەسکە هەوڵی ماڵین و تەکاندنی دابێ خۆم زۆر بە بەختیار و سەربڵند دەزانم.

ئەوەی ماوە لە باسەکەم دەربارەی رۆڵی «ی» پێویستی بەشەرح و قووڵبونەوە نییە، رەنگە هەر بەژماردنی جۆری بەکارهێنانی لێی ببینەوە.

لە فیعل: بۆ جەمعی قسەکەر (جمع المتکلم) لە ئایندەدا «ین» بەکار دێ وەك «دەخۆین، دەکەین، دەرۆین، هەڵدەستین» لە فیعلی «بناء مجهول» بۆ مازی «ین» بۆ ئایندە (ێین) دێتە ناو وشەکە وەك «دیتراین، دەدیترێین – نووسراین، دەنووسرێین – لێ دراین، لێ دەدرێین». تاقمێك فیعل هەن لە کوردیدا من پێیان دەڵێم (افعال الوقوع – فیعلی روودان) فاعیلەکانیان بەشتێك هەڵناستن ئەوەی روو دەدا لە خۆوە روو دەدا وەك (رما، سووتا، برژا، درا، پسا، خلیسکا، کولا) هەموویان کۆتاییان بەبزوێنی (ا) دێ تەسریفیان وەك تەسریفی بنا مەجهول وایە. (ا) کە لە ئایندەدا دەبی بە (ی) وەك (سووتا، دەسووتێ – رما، دەرمێ) کە ئەمە فەرقی نییە لەگەڵ تەسریفی بنا مجهول وەك (دیترا، دەدیترێ). ئەم فیعلانە لە رووی کارنەکردنی فاعیلیانەوە زۆر بێ هێزن لە عەرەبیدا بەشی زۆریان بەر (افعال المطاوعة) دەکەون. ئاشکرایە بوونی (ا) لە کۆتایی فیعلەکە یارمەتیی ئەو بێ هێزییەی داوە چونکە خۆی بێ هێزە و بەرەلایشە، هەر دەڵێی بەو بێ هێزییە و بەرەلاییە فیعلەکە بێ خاوەند ماوەتەوە. کارێکی یەکجار شارەزایانە و ژیرانەیە کە بنا مەجهول هەمان سیغەی بۆ بەکار هاتووە، چونکە ئەویش مانای تێپەری (تعدیە) دۆراندووە و فاعیلەکەی لە وشەدا نادیار بووە. هەندێ (استثناء) لەو تاقمە فیعلەی (روودان)ە هەیە وەك لە فیعلی (مردن)دا[١] دەدیترێ. دەبوا بگوترێ (مردا) بۆ شەخسی سێیەم لە مازیدا چونکە شەخسی مردوو بەئیرادەی

(١) فیعلی (تۆپی) ئەویش وەك مردن وایە، هێندە هەیە بۆ جانەوەر بەکار دێ نەك بۆ مرۆڤ، لە جانەوەریشدا غالب بۆ ئەوانە بەکار دێ کە گۆشتیان ناخورێ. گۆشت نەخوراو پێی دەگوترێ (تۆپیو) گۆشت خوراو پێی دەگوترێ (مردار).. مرۆڤیش پێی دەگوترێ (مردوو).

خۆی نامرێ، هەڵبەت دەبوا چاوگەکەش (مردان) با وەك (پسان، سووتان...) بەڵام وەك بڵێی گرینگیی ڕوودانەکە و زێدە ناخۆشی کە تێیدایە هێزی بەدارشتنەکەی داوە. (هەڵستان)یش(٢) لە ڕواڵەتدا خۆی بە (استثناء) دەنوێنێ، بەهۆی ئەو (ا)یەی وا لە کۆتاییی وشەکەدایە دەبوا ئەویش وەك (ڕمان، خلیسکان..) لە تاقمی فیعلی (ڕوودان) بێ کەچی ماناکەشی ڕوودان نییە چونکە (هەڵستان) لە خۆوە پەیدا نابێ، بەویستن و ئیرادە دەکرێ. بەڵام لە ڕاستیدا ئەسڵی (هەڵستان) لە (هەڵوەستان)ەوە هاتووە، ئەویش فیعلە ڕووتەکەی (وەستان)ە. دیارە (وەستان) ماناکەی (لە حەرەکە کەوتنی ناچاری)یە کە فیعلیکی بێ هێز ئەم مانایە دەبێ ڕاگەیەنێ.

من بۆ ئەوە دەچم کە فیعلی (نووست) بۆ ئەو نووستنە بێ کە ویستنی لەگەڵدابێ نەك لە خۆوە بێتە سەر مرۆڤی بەخەبەر. ئەگەر نووستنەکە بێ ئیرادەی مرۆڤ بێ دەگوترێ (خەوی لێ کەوت). کەواتە (نووست) فیعلێکی بەهێزە. بەڵام فیعلی (بۆرژا) ڕاستەوڕاست ڕوودانە و سیغەکەشی هەر ئەو سیغەیە.

کە گوتمان (ا)یەکەی فیعلی ڕوودان دەبێتە (ی) لە ئاینەدەدا (مضارع) دیارە لەو سیغانەدا کە ڕاناوەکەیان (ی)ی تێدایە دەبێ دوو (ی)ی تێدا کۆبێتەوە وەك (برژاین، دەبرژێین – خلیسکایت، دەخلیسکێیت). لەمەشدا دەبێ فیعلەکە هی ڕوودان بێ واتە بێ هێز بێ دەنا مەعلوومە لە ئایندەیدا دوو (ی) کۆ نابنەوە وەك دەڵێی (هەڵستاین، ڕاوەستاین – هەڵدەستین، ڕادەوەستین). بەڵام (وەستان) بۆ خۆی لە هەندێ لەهجەدا وەك فیعلی بێ هێز بەکار دێ، دەگوترێ (وەستاین، دەوەستێین) بەمەرجێك مەبەس لە حەرەکە کەوتنی ناچاری بێ بەهۆی ماندووبوونەوە. هەرچۆنێك بێ (استثناء) لە هەموو دەستوورێکدا هەیە، ئێرەش جێی ئەژماری (استثناء) نییە تا چی دیکەی بەدوو کەوین.

لە جۆرێك فیعلی کوردیدا (ی)یەك دێتە ناوەوە (انتقال) دەبەخشێ. دەڵێ (تفەنگێکم گرتە نیشانە)، بەڵام کە مفعولەکە لە ڕستەدا ون کەی دەڵێی (تفەنگێکم گرتێ). دەڵێ (چوومە ماڵەکە.. چوومێ – نۆڕیمە باغەکە، نۆڕیمێ – بوومە مامۆستا، بوومێ – خونجامە جێگەکە، خونجامێ). ئەم (ی)یە کە دەچێتە دوا فیعلەکەوە (بوومێ، چوومێ،

---

(٢) ڕاوەستان و داوەستانیش خزمی (هەڵستان – هەڵوەستان)ن چونکە ئەمانیش فیعلە ڕووتەکەیان لە (وەستان)ەوە هاتووە.

گرتمیٚ، کەوتمیٚ، نۆڕیمیٚ، خونجامیٚ، دامیٚ، پەسوامیٚ، ترنجامیٚ) ئاوەڵناوی شەخسی سێیەم نییە بەڵکو (ئەمراز وەیا پاشگر[(١)])ێکە بزووتنەوەکە و ئینتقالەکە دەبەخشیٚ. ئەم (ی)یە هەمان بزوێنی (ە)یە کە دەکەوێتە دوا فیعلەکەوە لەو ڕستانەدا کە مفعولیان تێدا دیار دەکریٚ وەك گوتمان و لێرەدا دەڵێینەوە (گرتمە نیشانە، چووینە خانووەکە، نۆڕیمانە باغەکە، کەوتیتە خوارەوە..).

تاکە فیعلێکی دیکەش وەك ئەمانەیە لە (تصریف)دا بەڵام واتای کەمێك جیاوازە چونکە ئەمیان (جعل) دەگەینیٚ لە ڕێی (جعل)ەوە کە گۆڕین وەیا سازدانی تێدایە سەر بە(انتقال) دەگەینیٚ. دەڵێم (دارەکەم کردە مێز، تۆ دەکەمە پاڵە، بمانکە وەکیلی خۆت) کە مفعولەکە ون بوو دەڵێم (کردمیٚ، دەتکەمیٚ، بمانکەییٚ..) دیارە چاوگەی (کردن) بەمەعنا (جعل) دوو (مفعولی) دەویٚ ئیمکان هەیە هەردوویان ون بن یا تەنیا یەکێکیان. لە ڕاستیدا بەئەسڵ (کردن) لەگەڵ (بوون) سروشتێکی تایبەتی کۆیان دەکاتەوە کە ئەویش (پەیدابوونی گۆڕان)ە لە هەردوو فیعلەکەدا هێندە هەیە لە (کردن)دا مەفعول دەگۆڕیٚ، لە (بوون)دا فاعیل دەگۆڕیٚ. دەڵێی (بارامم کردە سەرپاڵە – بارامم کردیٚ) دەشڵێی (بارام بووە سەرپاڵە – بارام بووییٚ). ئەم سروشتە تایبەتییە کە هەردوویان تێیدا بەشدارن وای کردووە بەجۆرێکی تایبەتیش بەکار بێن کە لە فیعلەکانی دیکە دیار ناکەویٚ. دەڵێی (بارامم کرد بەسەرپاڵە، بارام بوو بەسەرپاڵە). (استثناء) هەیە لەم دەستوورەدا ئەویش لە فیعلی (دان، گەیشتن) چونکە دەتوانی بڵێی (پارەکەم دا بەبارام، گەیشتم بەتۆ) دەشتوانی بڵێی (پارەکەم دایە بارام و گەیشتمە تۆ) ئەگەر هیچ (استثناء)ی دیکە هەبیٚ بەبیرمدا نەهاتووە. لە ڕاستیدا ئەم فیعلاتە خۆیان و (استثناء)یان دەبیٚ لە ڕێی (استقراء)ەوە دەسنیشان بکرێن، ئەوهەندەی من لێرەدا نووسیمن هەر بۆ مەبەسی میسال هێنانەوە بوو.

لەم فیعلانەی (بزووتنەوە و گوێستنەوە سازدانە) نەبیٚ هیچ فیعلێکی دیکە لە کوردیدا ئەم (ئەمراز وەیا پاشگر)انەی بۆ بەکار نایەٚ. ناگوتریٚ (خواردمە نان، دەخومیٚ – شوشتمە جلك، دەشومیٚ – شکاندمە بەرد، دەشکێنمیٚ..).

بەهۆی پەیدابوونی تاو و گوێستنەوە لە شتێکەوە بۆ شتێکی دیکە، یاخود گۆڕانی

(١) لێرەدا (مناقشە)ی ئەوە ناکەم پیتێك کە لە کۆتاییی فیعلەوە بیٚ و بزووتنەوە و گۆڕان و ئینتقال پەیدا بکا داخوا پاشگرە یا ئەمراز.

شتێك بۆ شتێكی دیكە لەم سیغەیەدا، فیعلی تێ نەپەڕ وەك تێپەڕی لێ دێ، فیعلی تێپەڕیش كار لە دوو (مغعول) دەكا. مەعلوومە (بوون، چوون، كەوتن، هاتن، داهاتن، نۆڕین) فیعلی تێ نەپەڕن كەچی كە دەڵێی (هاتمە ژووری، داهاتمە تەیرەكە، نۆڕیمە دیمەنەكە، بوویتە بوێژ، كەوتینە ئاوەكە، دەچنە ڕاو...) وشەی (ژوور، تەیر، دیمەن، بوێژ، ئاو، ڕاو) جێی مەفعولی گرتووەتەوە. كە دەشڵێی (جلەكەم خستە ئاوەوە، بارام دەكەمە سەر پاڵە، بەردێك بگرە چوێلەكە، پارەكەیان بردە بانك) دوو مەفعولت هێنایەوە (جل و ئاو، بارام و سەرپاڵە – بەرد و چوێلەكە – پارە و بانك) هەر جووتە وشەیێك (مفعول)ی فیعلێكن.

ئەوەش دەبێ بزانین هەموو ئەو فیعلانەی لە میسالاندا بەكارمان هێنان سیغەی ئەسڵییان وەك فیعلی دیكە ڕەفتار دەكەن، واتە ئەگەر نەتەوێ بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەسەی (انتقال و گوێستنەوە...)یان بەكار بێنی، لە خۆیانەوە ئەم كردارە ناكەن. دەڵێی (تازە هاتم – نۆڕیم نەمدۆزییەوە – چوێلەكەم گرت – پارەتان برد – هەرچی كاغەز هەبوو خستم – خانووەكە داهات – ماندوو بووین – گەشتی كرد – لەگەڵتان دەخونجێین – كابرا گەیشت...).

تا ئێستا بەتێفكرینێكی كەم ئەم فیعلانەم دۆزیوەتەوە لەم بابەتە بن: (خستن، گرتن، بوون، چوون، كەوتن، هاتن، داهاتن، گەیشتن، خونجان، پەسوان، ناردن، هەڵدان – بەمانای تەدەخول لە قسە وەك بڵێی هەڵمەدەیێ، بارام هەڵی دایێ، كابرا هەڵدەداتێ.) فیعلی (هەڵكشان) لەگەڵ دیاركەوتنی (مفعول)ەكە ئەم كارە دەكا دەڵێی (هەڵكشامە سەری شاخەكە) بەڵام ناگوترێ (هەڵكشامێ).

باسی فیعلی (انتقال...) لەوە زیاتر پێویستی بەلێكۆڵینەوە و درێژەپێدان هەیە بەڵام لێرەدا مەودا نییە..

ئەم میسالانەی خوارەوە هەندێ جۆری بەكارهێنانی (ی) نیشان دەدەن لەگەڵ پیتی تردا:

١– سپیێنە، ڕەشكێنە، زەردێنە، شلكێنە.

٢– سوورێژە، خروێلكە، وەردێنە (ناوی ناساغی).

٣– یەكەمین، دووەمین (پلە و ڕووتبە).

٤– ئاسنین، زێڕین، زیوین.

٥– گڵینە، مسینە.

٦– کەمینە، زۆرینە، کۆنینە.

٧– جوانترین، خۆشترین...

٨– خوشکێ، پووریێ، دایکێ، کیژێ، حورمێ، کچێ.

(بانگهێشنی مێینە) لە فۆلکلۆردا هەیە دەڵێ (هێ ڕەوشەنێ، هێ چەلەنگێ پێش قۆشەنێ). ڕەوشەن ناوی ئافرەتە، چەلەنگیش کە بووە بەئاوەڵناو بۆ ڕەوشەن مامڵەتی مێی لەگەڵدا کراوە.

٩– مێینە، نێرینە ڕەنگە بچنە ڕیزی (کەمینە و زۆرینە)وە نەك (گڵینە و مسینە) چونکە تەنیا جۆرە (وصف)ێك نیشان دەدەن، وەك گڵینە و مسینە نین دروستکراو بن لە مادەیێك و بەو دروستکردنە پێك هاتبن.

١٠– جگێنە، مووشێنە، هێلکە شکێنە، چەڵەمەشکێنە، کارەمستێنە، تۆپێنە، جغزێنە. هەموو ناوی یاریی میللین. لە ناوچەی هەولێر و کۆیێ و هەندێ شوێنی دیکەی کوردستانی خواروو دەگوترێ (جگانێ، مووشانێ، هێلکەشکانێ، چەڵەمەشکانێ، کارەمستانێ، تۆپانێ، جغزانێ... هتد).

یارییەك هەیە لە پشدەر پێی دەڵێن (دایە مەمدۆڕەکێنە). لە کۆیێ پێی دەڵێن (دونگ لە مەڕێ) ڕاستییەکەی (گورگ لە مەڕێ)یە چونکە لەو یارییەدا گورگ لە مەڕ دەدا و دەیرفێنێ.

لەمەدا دیار دەکەوێ زۆرینەی ناوی یاری لە زمانی کوردیدا بەئەمرازێك پێك دێ پیتی (ی)ی تێدایە.

١١– ژنانی، کوڕانی، کچانی و ئاوەڵناوی ئەوتۆیی مانای (کەس) ڕادەگەیەنێ یا ئافرەت بێ وەك نێر ڕەفتار بکا یا پیاو بێ وەك مێ ڕەفتار بکا. کە گوتت (ژنانە، کچانە، کوڕانە) مانای (کەس)ی تێدا نامێنێ، بۆ جلك و عادەت و ڕاوێژ بەکار دێ.

لە هەندێ لەهجەی کوردیدا دەگوترێ (چوومە ڕەواندزی، ماڵی لە هەولێرێیە، لە بیتوێنێدا ڕاو دەکا، لە شنۆییێدا ڕۆیشت).

مامڵەتێکی تایبەتی لەگەڵ ناوی شاری (کۆ)یەدا کراوە. لە حاڵێکدا کە زەرف و مەفعوولیش نییە دەگوترێ (کۆیێ). لە بەکارهێنانی ناوی هیچ شار و ئاوایییەکی

دیکە ئەم ڕێگەیە نەدراوە. دەڵێی (کۆیێ خۆشە، کۆیێ دیار کەوت) هەرگیز ناگوترێ (شنۆیێ دیارکەوت، ئاکۆیێ عەشرەتە، هەڵشۆیێ دوورە). مەتەڵی کۆن دەڵێ (سەیرە لە کۆیێ)، ئەگەر ئەم مەتەڵە بۆ هەولێر با خەڵقی سلێمانی نەیاندەگوت (سەیرە لە هەولێرێ) دەیانگوت (سەیرە لە هەولێر). وەنییە ناوی شارەکە بەئەسڵ (کۆیێ) بێ چونکە مەعلوومە ئەسڵەکەی (کۆ)یە. حاجی قادر دەڵێ:

لە مـــەیدانی بـــەهارا شارەکەی کۆ

قوبەی کشمیری دابەر شەق وەك گۆ

لە فۆلکلۆردا هەیە دەڵێ.

«هەی گۆ گۆ گۆ دەچمە شاری کۆ دێنم دوو لیمۆ».

(ی) لە چووککردنەوەشدا بەکار دێ. دەگوترێ (جووجە، جووجیلە – جوانوو، جوانیلە – جەوەندە، جەوەندیلە...). لە هەندێ ئاوایی و دێی ولاتی کۆییدا بۆ خۆم لە تووتنەوانم بیستووە گوتوویەتی (ماشیلکە، تەماتیلکە، ترۆزیلکە، شووتیلکە). دونگی مەڕ کە لەگەڵ گۆشتی قاورمەدا سوور بووەوە پێی دەڵێن (چزیلك) کە بەلای منەوە وشەیێکی چووککراوەیە هەرچەند ئەسڵەکەشی نەزانرێ. (پشیلە)ش چووککرایەوەی (پشیك)ە.

لە (عطف)دا دەچێتە پێش ئامرازی (ش)ەوە دەگوترێ (ئەویش، بارامیش، ترۆزیش، دار و بەردیش). بەلام ڕێی ئەوە هەیە ئەگەر کۆتاییی وشە پیتە بزوێنی (ا، ۆ، وو، ێ، ە) بوو ئەم (ی)یە بقرتێ وەیا بمێنێ. دەگوترێ (تۆیش، تۆش – ئێمەیش، ئێمەش – کایش، کاش – پێیش، پێش – نووستوویش، نووستووش). هەڵبەت کە کۆتاییی وشە (ی) واتە یێی تیژ بۆ ئەم (ی)ەی عەتف بەدیار ناکەوێ لە قسەکردندا وەك دەڵێی (ترۆزیش، برسیش، عەلیش...) ئەوەش دەبێ بڵێم (ی)ی عەتف هێزی (ی)ی ئیسمی مەعنا و نیسبەتی نییە، دیتمان لە میسالاندا کە کەوتە دوای پیتە بزوێن بۆ خۆی لە بزوێنی دەکەوێ و هیچ (ی)ی پێوەندی نایێ بیپارێزێ، سەرەڕای ئەمە کە گوتمان ڕێ هەیە بۆ قرتانیشی.

لە هەندێ پێشگردا (ی) خۆ تێکەڵ دەکا وەك (تێگەیشتن، لێگرتن، پێگوتن).

لەگەڵ وشەی (کرم)دا ئاوەڵناوێکی تایبەتی پەیدا دەکا دەڵێی (دڵی کرمێ بوو، مێوەکە کرمێ بوو). بەلام لەگەڵ هەندێ وشە (کەژ، نەرم، گوڵ) ناو پەیدا دەکا بۆ

ئافرەت دەگوترێ (کەژێ، نەرمێ، گوڵێ، شەمێ).

(ی) بەشدار دەبێ لە پێکهێنانی چوار ئەمراز یەکیان بۆ هاندان (دەی بیکوژە). دووەمیان سەیر پێ هاتن [تعجب] دەگوترێ (وەی چەند خۆشە). سێیەمیان بۆ نارەزایی (هەی بێ وەفا). چوارەمیان بۆ بانگکردن (ئەی جیهان، ئەی نیشتمان). وشەی (کەی) هەرچەند لە کێشی ئەم چوار ئەمرازەیە بەڵام ناوی پرسیارە و ئەمراز نییە لەبەرئەمە (ی)کەی پیتی ئیملایە وەك (ی) هۆشیار، سلێمانی، چێشتن، مەی.

(ی) دەچێتە دوای چەند وشەیێکی وەك (شەو، ڕۆژ، سبەینە) کە پێیان دەگوترێ (ناوی زەرف) دەیانکا بەزەرف و دەیناخاتە ڕێزی (دوێنێ و پێرێ) کە زەرفن و هەر ئەم دارشتنەشیان هەیە، واتە وەك (شەو، ڕۆژ، چێشتەنگاو) نین ئەسڵییکیان هەبێ و (ی)ی چووبێتە دواوە. دەڵێی (ڕۆژێ دەگەڕێم و شەوێ دەنووم.. چێشتەنگاوێ هاتەوە.. سبەینێ نامە دەنووسم). ئەم وشانە و گەلێ وشەی دیکە وەك (نیوەڕۆ، مەغریب، عەسر، عیشا، نیوەشەو، بەهار، هاوین، پایز، زستان، ڕۆژهەڵات.) یێیان دەچێتە دواوە و دەیانکا بەزەرف.. (نیوەڕۆیێ گەیشتم، – مەغریبێ. عەسرێ.. ڕۆژهەڵاتێ دەڕۆم، نیوەشەوێ تێر خەو دەبم، هاوینێ.. بەهارێ دەچمە کێو... هتد). وا دەزانم (ی)یێ دوای وشەی (بەیانی) پێی نیسبەتە کەچی زەرفیشی دروست کردووە چونکە مانای (سبەنێ)یە بێ زیاد و کەم. وەك وشەی (بەیانی) وشەکانی (شەوەکی و ڕۆژەکی و پێشەکی و پاشەکی)ش هەر بەهۆی (ی)ی نیسبەتەوە بوون بەزەرف.

دیسانەوە دەبێ بڵێم سروشتی نەرم و شلی (ی) وای کردووە بەشدار بێ لە پێکهاتنی کۆمەڵێك وشەی دوو پیتی وەك [ئێ (بۆ تصدیق)، بێ، بێ شەرم، بێ (میوەی بێ کە کورتکراوەی بەهێیە)، بێ (دار بی)، پێ، تێ (تێگرتن)، تی (کەوتە سەرتی) جێ، چێ (چێکردن) چی، خێ (بەمانای خوێ)] پێویست نییە من هەموو وشەکان بکەمە لیستە و جێگەیان پێ بگرمەوە. خوێنەر دەزانێ بۆ خۆی بەدوا ژماردنیان بکەوێ، هێندە هەیە دەبێ کۆمەڵێك لە ناوی پیتی (هجا)ش بخاتە سەر لیستەکە چونکە ئەمانیش زۆریان لە کوردیدا ناوەکانیان دوو پیتییە و کۆتاییان (ی)یە وەك (بێ، تێ، ڕێ، زێ، ژێ.. هتد).

بەلامەوە نازکیی پیتی (ی) بووە بەمانیع لەوەدا بەدەگمەن نەبێ نەیێتە سەرەتای وشەوە، چونکە پیتی نازك و نەرم و شل لەوە دەوەشێتەوە دەوری پێوەندی ببینێ لە

میانی پیتاندا، هاتنی لە سەرەتای وشەدا ئەم دەورەی لێ دەسەنێتەوە. سەیرکە لە کاتێکدا کە پیتی (ی) لە ناو ڕستە و وشەدا دەنگداریش بێ (واتە بزوێن نەبێ) دیسان تا ڕادەییێك دەوری پێوەندی دەبینێ وەك دەڵێی (ڕای کرد، مەیخۆ..).

لێرەدا باسەکەمان کۆتاییی دێ هەرچەند نەگەیشتوومە کۆتاییی مەوزووع چونکە بێگومان جۆری بەکارهێنانی (ی) لەوەندەی خستمە ڕوو زیاترە، گەلێك لە سەرەباسەکانیش پێویستی بەشیکردنەوەی زیاتر هەیە. تاکە یەك میسال دێنمەوە وەك نموونە بۆ ئەو هەڵبواردنانەی لە ترسی درێژەی وەڕسکەر کەلەبەریان خستووەتە نووسینەکە، بەلکی لە هەلی ئایندەدا من پڕیان کەمەوە یاخود نووسەری دیکە لێیان بدوێن، میسالەکە ئەمەیە:

لە لیستەی ئەو فیعلانەی (انتقال)یان تێدایە فیعلی (نۆڕین) سروشتێکی تایبەتی هەیە کە لە شوێنی خۆیدا لێی نەدوام وەك لە زۆر شتی دیکەی ئەوتۆیی نەدواوم. نۆڕین فیعلێکە هەم تێپەڕ هەم تێ نەپەڕ. فیعلێکی (دوو سروشتی)یە. مومکینە نۆڕین بەمانای (دیتن) بێ کە فیعلێکی تێپەڕە مومکینیشە بەو مانایە بێ کە فیعلی (نظر)ەی عەرەبی ڕای دەگەینێ و بەهۆی (حرفی جر) دەکرێ بەتێپەڕ دەنا بۆ خۆی لە ئەسڵدا تێ نەپەڕە. دەگوترێ (خانووەکەم نۆڕی) کە لێرەدا فیعلەکە تێپەڕە وەك ئەوەیە بڵێی (گۆشتم خوارد، خانووەکەم دیت). دەشگوترێ (نۆڕیم کەسم نەدیت) کە ماناکەی تێ نەپەڕە وەك ئەوەی کە بڵێی (ڕۆیشتم تا ماندوو بووم، تەماشام کرد نەمدۆزییەوە). هەر ئەم دوو (سروشتی)یە وای کردووە کە وەك فیعلی (انتقالی) بەکار دێ یەك (مفعول)ی دەوێ واتە دەبێتە فیعلێکی تێنەپەڕ (چونکە گوتمان فیعلی تێپەڕ لە حاڵی «انتقالی»دا دوو «مفعول»ی دەوێ) کەچی لە (تصریف)دا وەك فیعلی تێپەڕ (تصریف) دەکرێ. دەڵێی (کردمان، خواردمان، نۆڕیمان). ئەگەر تێ نەپەڕ با دەبوا بچێتە ڕیزی فیعلەکانی تێ نەپەڕ لە (تصریف)دا وەك (ڕۆیشتین، وەستاین، فڕین) ئەویش ببێتە (نۆڕین نەك نۆڕیمان). سەیرێکی زۆر سەیرتر ئەوەیە کە بەمانای تێ نەپەڕیش بەکار بێ لە (تصریف)دا هەروەك تێپەڕ (تصریف) دەکرێ. دەڵێی (نۆڕیمان کەسمان نەدیت، نۆڕیمانێ) کە ماناکەی تێ نەپەڕە.

لە ڕاستیدا مەبەسی بنچینەییی ئەم باسە کردنەوەی دەرگایەکی نەکراوەیە لە زمانەکەماندا زیاتر لەوە ژماردن و دەورە لێدانی تەواوبێ وەك زەویی بەیار کە پانایی و درێژاییی بێ سەروبن بێ لە هەوەڵەوە یەك گاسنی لێ دەدرێ بەدوای ئەو شۆبڕێندا

وەرد دەدرێتەوە و دەکرێ بەدوو گاسن و سێ گاسن... زمانی کوردیش هێشتا کەمێکی نەبێ نەبووە بەکێڵگەی قەڵەم، بۆیە عوزری نووسەر لە پەلەکردن و ماوەبڕینی خێرا وەك عوزری ئەو جووتیارە چالاکەیە دەیەوێ لە پێشەوە هەموو زەوییەکەی شۆ ببڕێ نەکا بوورە و بەیاری تێدا بمێنتەوە.

وا بووە وشەیێکی عەرەبیم لە جێگەیێکدا بەکار هێناوە، لە شوێنێکی دیکەدا کوردییەکەم نووسیوە. هەرچەند ئەمە کارێکی زۆر ئەدیبانە و پەسندیش نییە بەڵام بۆ خۆم چاوی لێ دەپۆشم چونکە (تێگەیاندن) بەلای منەوە لە پێش مەبەسی ئارایش و (کوردیی پەتی)یەوە دێ. هۆیەکی دیکەش هەیە بۆ ئەوە بێ پەروا بم لە بەکارهێنانی وشە بێگانە کە لەبەر گوێیان ئاشنا بووبێ، (حساسیة)م نییە دژی ئەو تەرزە وشانە. نامەوێ لە تورکێك یا فارسێك یا ئەفغانێك زیاتر کۆمە بکەم لە دەربڕینی واتا بەهۆی وشەی ڕێکوپێکی بێگانە کە واتای تەواو بەدەستەوە دەدەن. تەنیا فەرقێك ڕەچاو دەکەم ئەویش ئەوەیە چونکە کوردی تازە بەتازە پێی دەنووسرێ پێویستی زیاترە لە تورکی و فارسی بەئاشناکردنی وشە نوێیەکانی لەبەرچاو و گوێی خوێنەری کوردی. دەستیشم نەپاراستووە لەوە جارێکیان وشەی عەرەبیم بەئیملای کوردی نووسیبێ و جارێکیان بەئیملای عەرەبی. واش بووە وشەی کوردیم بەدوو جۆرە ئیملا نووسیوە، چونکە تا ئێستا بڕیارێك نەدراوە جۆرێکی تایبەتی ڕێنووس ببێ بەدەستوور. کە حاڵیش وا بوو پەنجە و قەڵەم ناوناوە ڕێگۆڕکێ دەکەن.

کە سۆز و ڕاستیخوازی ڕابەری نووسەر بێ هەرچۆنێك دەنووسێ با بنووسێ تا ئەو ڕۆژەی شەقامێکی ئاشکرا قەرارداده دەکرێ.

کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ چ (فوقانی) چ (تحتانی)

کە (حبت) بۆ سیادەت بێ چ بــەرزنجی چ بــــاراوی.

### سوورێکی خامە بەدەوری «ڕاناو»دا

زانایانی زمان تەواوێك خەریك بوون، لە کۆنەوە، پتریش خەریك دەبن لە دواڕۆژدا، بۆ دۆزینەوەی بەشەکانی ئاخاوتن بەپێی سروشتی وشە و ئەو ڕۆڵەی پێی هەڵدەستێ لە ڕستەدا. یەکێك بیەوێ زیهنکاری بکا و دەسەڵاتی زمانزانیش یارمەتیی بدا دەتوانێ، بایی قەناعەتی خۆی و بەشێکیش لە خەڵق، بەڵگە بێنتەوە بۆ ئەو دابەشکردنەی کە

خۆی پەسندی دەکا چونکە بابەتی وەك ئاخاوتن کە بوونێکی مادیی نییە بیکا بەمەوزووعی ئەزمونی[1] «مختبری» و ڕاستی و هەڵەیی بەتەجرەبە ساغ بکرێتەوە، هەڵدەگرێ هەریەك لە سەرەباسەکانی چەندین بیروباوەڕی جیاجیا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و هەمووشیان شانازی بکەن و بەخۆیاندا هەڵبلێن. کە ئەمە دەڵێم ئاگاداری هێندێم بیروباوەڕی خۆیشم، کە هەبێ، یەکێکە لەو شانازیکەرانە و بەخۆداهەڵگوتووانە و هەر لە هەمان ڕێبازی یەکجار فراوانی زمانزانییەوە یەکێکی وەك من دەرفەتی دەبێ لە کنارێکەوە هەنگاو هەڵێنێ و خۆ بترنجێنێتە ڕیز و کۆڕی بلیمەت و پسپۆڕ و ئوستادانی ئەم بەشە گرنگەی زانستی مرۆڤ.

لە ڕواڵەتدا زمانیش هەر بەقەدەر دیمەنە بەرچاو و ئاشکراکانی تری جیهان دەروونی دەکاتەوە بۆ سرنج و تێوەڕامان، خەیاڵێکی سەرپێیی دەڵێ ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ وا لە چاوان دەچەقن لە هەڵاتن و ئاوابوون خوار و ژوورکردنیاندا.. گیا و گەڵای دەشت و دەر لەبەر هەستی پەنجەکانماندا دەردێن و گەشە دەکەن و وشك دەبن.. شاخ و گرد و تەلان و هەڵدێر و ئاو و ئاگر و ئاژەڵ کەرەستەی گوزەرانی ڕۆژانەمانن.. هیچ کامێکیان پەردەی نهێنیی لە خۆی نەئاڵاندووە و بەقەدەر ئەلفوبێی ئاخاوتنمان، لەوانیش زیاتر، دێنە بەر پێنج هەستەی ئادەمیزاد، کەواتە زانستی زمانیش یەکێکە لەو زانستانەی سەرچاوەکانیان ڕوونە و لە دیمەنی ئاشکراوە «انعکاس» دەکەنەوە بۆ بەر هەست و زیهنی مرۆڤ، هێندەی وانیش پێویستی هەیە، یان نییە، بەفێرکار و مامۆستا بۆ لێ شارەزابوونی.

ئەم خەیاڵە سەرپێیییەی فری بەسەر ڕاستییەوە نییە:

ئاخاوتن سەرەڕای ئەوە کە بەرهەمێکی هەست پێکراوی بێ پەردە و ئاشکرای مرۆڤە، زادەی ئیرادە و خواهیشت و هۆشی مرۆڤیشە، با بڵێم دەسکردی هۆشیەتی، مەخلووقی زیهنیەتی. مرۆڤ نازانێ چۆن دەبینێ و دەچێژێ و دەبیسێ و دڵێ لێ دەدا و زراوی کار دەکا و مووی درێژ دەبێ و ددانی دەکەوێ، بەڵام دەزانێ چ دەڵێ و بۆ چی دەڵێ. دیتن و چێشتن و بیستن و دڵ لێدان و ددان ڕوان و کەوتن دەسکردی مرۆڤ نین، کاری سروشتن لە مرۆڤدا و لە غەیری مرۆڤیشدا، بەڵام ئاخافتن هەموو پیت و وشە و ئەمراز و ڕستە و تێك هەڵکێشان و داڕشتن و کورتکردنەوە و درێژە پێدانێکی کوتومت

---

(١) ئەزموون: امتحان.

خەڵقی خواهیشت و ویستی مرۆڤە، زەنەی هەست و بیریەتی. دارتاش کە تەختێك دەکا دار و بزمار و مشار و لۆکە و قوماشەکە لەلاوە دێنێ و دەیانکا بەتەخت، بەڵام هەمان دارتاش کە قسە دەکا سەرلەبەری ئاخاوتنەکەی لە دەروونی خۆیەوە دروست دەکا، لە نەبوونەوە دەیهێنێتە بوون، دەروونی دارتاش سەرچاوەی ئاخاوتنە زیاتر لەوەی کانیی سەرچاوەی ئاو بێ چونکی ئاوی کانی مەخلووقی کانییەکە خۆی نییە، بەڵام ئاخاوتن مەخڵووقی دەروونەکە خۆیەتی. تەنانەت بەرهەمی هونەرمەندیش، وەك ڕەسم و پەیکەرتراشی و مۆسیقا، بەقەدەر ئاخاوتن مەخڵووقی هونەرمەندەکە نییە چونکە کەرەستەی بەرهەمهێنانی هونەر لە ڕەنگ و فرچە و مەڕمەڕ و کەمان و عوود زادە و مەخلووقی هونەرمەند نین. قیاسی بەرهەمی هونەری لە ئاخاوتن ناکرێ، چونکە ئەو بەرهەمانە لە تەك ئاخاوتندا زۆر بێگانە خۆ دەنوێنن بەنیسبەت مرۆڤەوە، قیاسیان لەگەڵ «نووسین» دەکرێ لەو ڕووەوە کە خامە و مەرەکەب و کاغەزیش وەك کەرەستەی بەرهەمی هونەری شتی لاوەکی و دەرەکین بەنیسبەت دەروونی مرۆڤ کە کارگەی ئاخاوتتە.

ئەم نیسبەت و پێوەندییە یەکجار نێزیکەی میانی مرۆڤ و زمان کە نیسبەتی خەڵق و داهێنان و هەڵقوڵین و زەنەکردنە، وا دەکا کە زمانزان لە خەریکبوونی بەزانستی زمانەوە وەك خەریك بێ بەدەسکردێکی ئاشکرا و مەفهومی خۆیەوە وایە، هێندەی کە خوێندنەوەی کتێب و نووسراو و تیۆرییەکانی سەر بەزمان یاریدەی دەدەن بۆ قووڵبوونەوە لەم زانستەدا، زیاتریش لەو، وردبوونەوە و سرنج گرتن و بەراوردکردن لە خودی زمانەکە، کە تەرجومانی دەروونی خۆیەتی، ڕۆشناییی بۆ هەڵدەکەن و تەرکیبی زمانەکەی بۆ ئاشکرا دەکەن وەك ئەوەی لەبەریەك هەڵوەشا بێ و گرێ و گاڵ و تەگەرەکانی کردبێتەوە و نهێنییەکانی ڕەواندبێتەوە.

ئەم تێبینییانە دوو ئەنجامی گرنگ بەدەستەوە دەدەن:

یەکەم: زمانزان ڕێی ئەوەی نییە دەم لە زمانێکی بێگانە بدا تا بەڕادەی زمانی مادەرزادی خۆی لێی شارەزا دەبێ. فێربوونی «رسمی» و دەرس خوێندن لە زمانێکدا مرۆڤ ناکا بەشیرمژی ئەو زمانە. بۆ کوردێك کە عەرەبی یا ئینگلیزی فێر دەبێ ئەوەندە بەس نییە لە ڕێی فێربوونەوە بزانێ عەرەب و ئینگلیز کار «فعل» پێشی بەرکار «مفعول» دەخەن و دەڵێن «أری رجلاً، I see a man» و وەك کورد ناڵێن «پیاوێك دەبینم» و بەرکارەکە پێش بخەن.. تا کوردێك مافی ئەوەی دەبێ دەم لە ڕێزمان و

تایبەتییەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بدا، پێویستە وەك ئینگلیزێك و عەرەبێك پێشخستنی بەرکاری لێ ببێتە سەلیقەی لە بیری بچێتەوە کە لەو پێشخستنەدا دژی سەلیقەی کورد رەفتار دەکا. گەورەترین هەڵەیێکی شاگردی زمان بیکا ئەوەیە دەرس لای مامۆستایێك بخوێنێ کەوا هەر بایبی ئەرکی سەر شانی زانایێکی ئەکادیمی شارەزای ئەو زمانە بێ کە بەدەرسی دەڵێتەوە. زمان هەر کار و کارا و بەرکار و تێپەڕیو و داهاتوو و وشە و ئەمراز... نییە، شیرازە و تەقەڵ و درووما‌نێك کە ئەمانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، گیان و هەست و هۆش و سەلیقەی مرۆڤ خۆیەتی. بەرەوژووری مێژوو بۆ زمانەکەت سەرکەویت، جوولەی مێشك و خورپەی هەناو و سۆزی دڵ و تاسەی گیانی باپیرەکانی تێدا دەدۆزییەوە کە ئێستاکە خۆت بێ مامۆستا و دوور لە لاسایی، بەسەلیقە دووبارەیان دەکەیتەوە بێ ئەوە توانیبێتت فکر بکەیەوە لە سەرچاوەکانیان. زمانزانێکی بێگانە لە فەرزی بەدەرسیش ئەو مێژووە بخوێنێ، لە تاکە رێی مێشکەوە فێری دەبێ و لە تاکە رێی زمانەوە دەیداتەوە، مەگەر بۆی بلوێ وەك تۆ تێیدا بکوڵێ و فرچکی زانایانەی پێوە بگرێ. بەداخەوە، دیومە مامۆستای زمانی کوردی لە رێی فێرکاری[٢] بێگانەوە چووەتە ناو زمانەکەیەوە و رێزمانێکی تەرجەمەکراوی بەدەرس وەرگرتووە و دەیەوێ بیکا بەکلیل، راستی و نهێنییەکانی زمانی کوردیی پێ بکاتەوە. چەندین جار لە وتووێژدا دووچاری دڵگەرمی بووم لەوەدا کە دەبینیم رۆشنبیرێکی کورد لە موناقەشەی پرسیارێکی زمانی کوردی بەئاسایی و بێ پەروا بنیشتۆکەی «کوردی لە زمانەکانی هیندی – ئەوروپاییە»ی جێواوتەوە بەجۆرێك هەر دەڵێی بیری نەکردووەتەوە لەوەی کە کۆیێ و پژدەر و دیاربەکر و هەورامان و شکاك و قامیشلیش کوردن، نەك هەر (هیندی – ئەوروپایین) کەچی زۆر جار ئاخاوتنیان لە یەکدی دوور دەکەوێتەوە.

دووەم: زمانزانانی زمانێك، کە خۆشیان رزگار بکەن لە تاو و تەئسیری زمانێکی بێگانە و بەمێشکێکی ئازاد و کرایەوە دەست بکەن بەتوێژینەوە لە رێزمان و تایبەتییەکانی زمانەکەیان، لەوانەن بەرێبازی جیاجیادا برۆن بۆ بنج و بناوانی باسەکانیان و ماوەی فراوان لە یەکدی بترازێن بێ ئەوەی یەکێکیان جارێ چووبێتە ناو سنووری هەڵە. زمانەوان زانایێکی کیمیا نییە، کە هەڵەی نەکردبێ، هەر بگا بەتاکە ئەنجامێکی راست لە تەحلیلی ئاو و با و خاك، زمان لە دەروونی خەڵقەوە

(٢) فێرکار: معلم.

هەڵقوڵیوە بەسەر شەقامێکی هەزاران ساڵەی مێژوودا، لەوانەیە گەلێك لە دەستوورەکانی تێکەڵبوون و بەیەك گەیشتنەوەی چەند لەهجەیێك پەیدای کردبێ، یاخود لە ئەنجامی دابەشبوونی شەقامەڕێیێکی زمان بۆ چەند ڕێچکۆڵەیێك ئەو دەستوورانە بەرهەم هاتبن، بەو پێیە دەشێ «اجتهاد»ی زمانزانێك بیگەینێ بەڕێچکۆڵەیێك کە دراوسێی ئەو ڕێچکۆڵەیە بێ زمانزانێکی تر پێی گەییوە. بەنموونە دەڵێم جارێکیان لە وتووێژی میانی ئەندامانی لێژنەی ڕێنووس دەربارەی هەندێ لە گیروگرفتەکان، من گوتم ئەو پیتە «د»ەی کە لە هەندێ لەهجەی کوردیدا دێتە میانی پیتی «ڕ»ی ئەسڵی وشە و «ر»ی سیغەی «بنا مجهول»ەوە بۆ مەبەستی سووککردنی «تلفظ»ی هەردوو «ر»ەکەیە، وەك دەگوترێ «کڕدرا، گۆڕدرا». گوتم ئەو «د»ە وەك «نون الوقاية»یە زمانی عەرەبی وایە بەزیادەوە دێ بۆ مەبەستێکی تایبەتی. یەکێك لە ئەندامان بۆ ئەو باوەڕە چوو کە ئەم «د»ە هەمان پیتی ڕەسەنی «کڕیدن و گۆڕیدن»ە لەم حاڵەی بەیەکگەیشتنەوەی دوو «ر» دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئاخاوتن، کەواتە بەزیادەوە نەهاتووە وەك «نون الوقاية». ڕاستی هەر کامیان بێ، یا شتێکی تر بێ غەیری ئەم دوو «احتماڵە»، زمانەوان و زمانزان لێی بەعەیب ناگیرێ، بۆ تەعلیلی زاهیرەیێکی زمانەکەی، یەکێك لەو ڕێبازانەی پەسند کردبێ کە دەست دەدەن بۆ «تعلیل» و لە ڕاستەشەقامەکانی زمانیشیان لانەداوە، بەتایبەتی بەنیسبەت زمانی کوردییەوە کە تۆژینەوە و پشکنینەوە و تەقەلای دۆزینەوەی دەستوورەکانی، جارێ، کاری سەرەتایین و نەگەییون بەپلەی سەپاندن.

چاوەڕوان دەکرێ لە حاڵی ئێستاکەماندا زمانزانی کوردی، کە خۆی کورد بێ، یا لە ڕێی لاساییکردنەوەی بێگانە، کە بەکارێکی نارەوای دەزانم، یا بەهۆی سرنج گرتن و «استقرا»ی خۆیەوە ڕێی ئەوتۆ بگرێتە بەر بۆ دانانی ڕێزمان (ڕاستییەکەی دەبێ بڵێین دۆزینەوەی ڕێزمان) زۆر و کەم جیاواز بێ لە ڕێی زمانزانێکی تر و بگا بەئەنجامی سەربەخۆی خۆی لە بیرکردنەوە و پێوانە و کێشانەی زمانەوانی. بەلای منەوە هەر هەوڵێکی تایبەتی نهێنییەکی زمانەکەمان ئاشکرا بکا و دەستوورێکی ڕوون کاتەوە هەوڵێکی پیرۆز و بایەخدارە، ئەو ڕێگایە چ دەبێ با ببێ کە تەقەلاکە بەسەریدا گوزەری کردووە. گریمان تێکڕای شێوازی کارکردنێك لەسەر ڕێبازی زانستی تازەش نەڕۆیبێ، دۆزینەوەی دەستووری ڕاست لە بەکارهێنانی ئەو شێوازە ناتەواوە نرخی کەم نابێتەوە، هەڵەی پەیڕەویکردنی شێوازی ڕاستیش هەر بەهەڵە لە قەڵەم دەدرێ و

دروستیی شێواز شەفاعەتی بۆ ناكا.

ئەم جۆرە بیركردنەوە بۆ هەندێمان دەبا كە سەیرمان نەیێتەوە لە زۆربوونی بیروباوەڕی جیاجیا هەم لای زمانزانانی جیهان دەربارەی تێكرای زانستی زمان و سەرجوملەی زمانەكانی گەلان هەم لای زمانزانی تاكە زمانێك لە عاست سروشت و ڕێزمان و تایبەتییەكانی ئەو تاكە زمانەدا. بەولای سەیر پێ نەهاتن، بۆ ئەوەمان دەبا كە لەو حاڵە نارازیش نەبین و ئەگەر بەزیهنێكی فراوان سەیری دیمەنەكە بكەین خۆشئامەدیش بكەین لە زۆریی شێواز و جۆری تێفكرین لە زانستی زماندا، چونكە بێگومان هەر زانایە لە ئەنجامی هەست و تەسەورێكی سەربەخۆی خۆیەوە شێوازێكی سەربەخۆی گرتووەتە بەر، دەشێ بەرهەمێكی ئەوتۆ بەدەستەوە بدا لەو شێوازەوە نەبێ دەست نەكەوێ. ئەگەر لە نێو سێ چوار هەڵە ڕاستییێكمان پێ ببەخشێ زۆرمان قازانج كردووە.

چ لە تێكرای زانستی زمان بێ، چ لە تاكە سەرەباسی «بەشەكانی ئاخاوتن» بێ بیروباوەڕ و لێكدانەوەی زمانزانان پەراوێزی خۆی فراوان كردووە و ژمارەی بەشەكانیش تێ هەڵكشاوە، وا پێ دەچێ هەر لە فراوانبوون و تێ هەڵكشانیش بێ تا ماوەیێكی نادیاری دوارۆژ.

بەنیسبەت «بەشەكانی ئاخاوتن»ەوە ئەوە دابەشكردنانەی لەلایەن زمانزانانی كوردەوە بەزۆری لە كار هاتوون، سێ بەشەكەی عەرەبی «اسم و فعل و حرف» و هەشت بەشەكەی ئینگلیزی «ناو و ڕاناو و ئاوەڵناو و كار و ئاوەڵكار و Preposition و ئەمرازی پێوەندی و Interjection»ن.

ئەو كوردانەی لە بابەت ڕێزمانی كوردییەوە نووسیبێتیان، بەپێی سەرچاوەی سەقافەتیان پەیرەوی عەرەبی یا ئینگلیزییان[٣] كردووە؛ نووسەری كورد هەیە هەر ئەو سێ بەشەی عەرەبیی كردووە بەبنچی نووسینەكەی و بەوەدا «ڕاناو – ضمیر»ی كردووە بە بەشێكی «ناو – اسم»، ئەو دەورەیشی داوە بە «ڕاناو – ضمیر» لە پێكهێنانی واتا و داڕشتنی ڕستە لە كوردیدا كە زمانزانانی عەرەب بۆیان داناوە. تاقمێكی تر لە زمانزانانی كورد كە پەیرەوی ڕۆژئاوایان كردووە «ضمیر – ڕاناو»یان داناوە بەیەكێك لە بەشەكانی ئاخاوتن، بەڵام هەروەك لە زاراوەكەی «ڕاناو – Pronoun»ڕا

(٣) چاكتر ئەوەیە بڵێین «ئەوروپایی».

دەردەکەوێ ئەو کوردانەش وەك زمانزانانی ئەوروپا «ڕاناو»یان بەسێبەرێکی «ناو» زانیوە و بەجۆرێك لە سەربەخۆیەتییان کەم کردووەتەوە کەڵکی ئەوەیان پێوە نەهێشتووە ئەو دەورە زلەی هەبێ کە لە ئاخاوتنی کوردیدا بەڕاستی هەیەتی؛ وردە وردە لەگەڵ ڕچەی نووسینەکەم ئەم ڕاستییەت بۆ ڕوون دەکەمەوە، وەك خۆم لە «ڕاناو» و دەوری یەکجار گەورەی لە ئاخاوتنی کوردیدا تێ گەیشتووم.

پەیڕەوانی زمانی عەرەبی لە کوردیشدا هەر بە«ضمیر» ناوی ئەم بەشەی ئاخاوتنیان بردووە، ئەو چەند وشەشیان بە «ضمیر» داناوە کە لە عەرەبیدا «ضمیر»ن.

شاگردانی فێرگەکانی[٤] ئەوروپاش، وەك ئەوروپاییەکان ڕاستەوخۆ Pronounیان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، هەندێکیان پێی دەڵێن «بۆناو» هەندێکیان «جێناو» هەندێکیشیان «ڕاناو»یان بۆ کردووە بەزاراوە. ئەم وشەی دوایی لە نێو کوردستانی خواروودا باوی ستاندووە و زۆربەی نووسەران بۆ «ضمیر، Pronoun» بەکاری دێنن، منیش کوردی گوتەنی «بەگوێی مامۆستا» کردوومە بەسەرەباسی ئەم گوتارە. هەر لەم ڕێبازەی چاو لێکەری زاناکانی ئەوروپاوە نووسەرەکانمان هەموو ئەو وشانەیان بە «ڕاناو» لە قەڵەم داوە کە لە زمانەکانی ئەوروپادا پێیان دەڵێن «ڕاناو» و بەر ئەو «تعریف»ە دەکەون کە بۆ ڕاناویان هەڵبەستووە.

تۆ بڵێی «ڕاناو، ضمیر، Pronoun» لە کوردیدا هەر ئەوە بێ کە عەرەبی بۆ خۆی بە «ضمیر»ی داناوە؟، یاخود ڕاستە Pronoun کە پێی بڵێین «ڕاناو» ئەوەندە فراوان و بێ سنوور بێ کە ئەوروپاییەکان جغزیان بۆ پان کردۆتەوە؟ ئایا سروشتی زمانی کوردی و سەلیقەی قسەکەری کورد دەسەلمێنێ بەو وشانەی پێیان دەگوترێ «ڕاناوی لکاو» لە کوردیدا ئەو واتایە ڕاگەیەندرێ کە «are, am, is» لە ئینگلیزیدا ڕای دەگەیەنن؟

چیت لێ بشێرمەوە، ڕۆشنبیری کورد، بەدبەختانە نەمتوانیوە لەگەڵ یەکێك لە خاوەن بیروڕایانی کورد بگونجێم لەسەرپاکی باسی «ڕاناو، ضمیر، Pronoun» بگرە هەر لە سەرەتاوە ڕازی نیم بەزاراوەی «ڕاناو، بۆناو، جێناو، بەرناو» کە جۆرێکن لە وەرگێڕانی وشەی «Pronoun» بۆ سەر زمانی کوردی. خۆدابڕینی زاراوەی «ضمیر» بەسەر ئەم بەشەی ئاخاوتن، کە تەسەوری زانایێکی عەرەب دەداتەوە بۆ ناو ڕێزمانی

(٤) فێرگە: مدرسة.

کودی نەزمانەکەمان لێمان دەسەلمێنێ و نەهیچ لایەنێکی باسەکە ڕوون دەکاتەوە. کە ڕێمان ببێ «ضمیر» بەکار بێنین، بۆ نەڵێین «بارز، واضح، معلن» چونکە ئەو واتایەی «إضمار» کە عەرەب هەستی پێ دەکا لە سروشت و دەوری «ضمیر»ی عەرەبی، دەبێ کوردێك دژی ئەو هەست پێ بکا کە سرنج بگرێ لە «ضمیر، ڕاناو» لە ئاخاوتنی کوردیدا لەو ڕووەوە کە ڕستەی واتاداری خاوەن «إسناد، حکم» لە کوردیدا دروست نابێ بێ «ضمیر، ڕاناو». بەشێکی یەکجار کەم نەبێ لە ڕستەی کاردار «جملة فعلیة» لە کوردیدا، هەرچی ئاخاوتن هەیە بێ «ڕاناوی لکاو» نابێتە ڕستەی تەواو.

کە خۆمان ئازاد کەین لە لاساییکردنەوە و ڕەها بین لە تاوی بیروباوەڕی حازر و بزری زمانزانە ناوادارەکان و سرنج بگرین لە سروشتی زمانەکەمان وەك هەیە، نەك وەك لە ئاوێنەی ڕێزمانی بێگانەدا دەیبینین، باییی لێ وەشانەوەی باسەکەش بەشە جوداکانی ئاخاوتن هەڵسەنگێنین و بەیەکدییان بگرین، بۆ زیهنی ڕوون و کرایەوەمان دەردەکەوێ ئەو تاقمە وشەی کە لە زمانەکەماندا دەبنە «ڕاناوی لکاو» بەشێکی هێندە بنجی و سەربەخۆن لە ئاخاوتندا و دەورێکی وەها بێ هاوتا پێ هەڵدەستن لە دارشتنی ڕستەی تەواودا کە هەرگیز نەشێ بەبیرماندا بێ ئەو وشانە بکرێن بەسێبەری هیچ یەکێك لە بەشەکان، چەندی گرنگ دەبێ ئەو بەشە با ببێ.

بۆ دەرخستنی دەوری لە غایەت بەدەر گرنگی ئەو تاقمە وشەیە لەوە تێ فکرە کەوا ئیمکان هەیە ڕستەی تەواو پێك بێ لە کوردیدا بێ لەکارهێنانی ناو، یاخود کار یا ئاوەڵکار، یا هەر بەشێکی تر بێ لە بەشەکانی ئاخاوتن، بەڵام ڕستەی تەواوی «اسناددار» بێ «ڕاناوی لکاو» پێك نایێ. ئەم کۆمەڵە نیمچە وشەیەی کە پێیان دەگوترێ «ڕاناوی لکاو» لە دروستکردنی ڕستەدا وەك داوە دەزوو وایە کە پارچەکانی قوماشێك بەیەکدیدا دەدرووێ و دەیانکا بەجلوبەرگ، یا ئەو لەحیمەی وردە ئەمرازی مەعدەن بەیەکدییەوە دەبەستێتەوە و مەکینەی تەواویان لێ پێك دێنێ.

بۆ خۆت لەگەڵ خۆتدا خەریکی گوتنەوەی گوتەی جۆرجۆری زمانەکەت بە و سرنج لە کەرت و بەشەکانی بگرە و بیانخە بەر تەرازووی «منطق» و هەست و زانینت.. وا منیش فکری خۆم لەگەڵ هی تۆ جووت دەکەم و ڕستەی جوداجودا لێرە و لەوێ، بێ ئامانج و مەبەستی دیارکراو، بەسەر زماندا دێنم... «وەی چ خۆشە سەرکەویت.. تا توانیم ڕۆیشتم.. بڕۆن بۆ خۆتان بخولێنەوە.. تا دەستی نەدا خەنجەری نەیفەرموو دەسا دەی.. چییە گوارە گوناهی وا بەنەستەق.. بەگوێ هەڵتاواسیوە سەر موعەلەق –

بەردەکان زلن.. ئێمە کوردین.. دوای حەسانەوە ڕۆیشتین..». تا ڕستەی واتاداری تەواو بێنینەوە ڕاناوی لکاو، بەناچاری و بەدائیمی، یەکێکە لە کەرتە بنجییەکانیان.. ڕەنگە «کار» لە ڕستە دەرنەکەویٚ و واتاش تەواو بیٚ. وەك کار «ناو» و هەموو کەرتەکانی تری ئاخاوتنیش هەر وان، تەنانەت ڕاناوی نەلکاویش هەموو جاران لە قسەدا دەرناکەویٚ، تاکە کەرتێکی بیٚ برانەوە هەر ڕاناوی لکاوە.

دەوجا کە بەشێکی ئاخاوتن ئەوە بیٚ ڕستەی واتاداری تەواو بیٚ ئەو پێك نەییٚ، چۆن ڕەوایە تێکەڵ بەشتی تر بکریٚ کە دەگونجیٚ هەبیٚ و نەبیٚ لە ڕستەدا؟ ئەم جیاوازییە زلەی میانی ڕاناو و غەیری ڕاناو کە نەبێتە هۆی جیاوازکردنەوە و هەڵاویٚردنی، ئیتر لزووم چییە بەشەکانی تری ئاخاوتن لە یەکدی جیاواز بکرێنەوە و خۆمان بە لێتۆژینەوەیان ماندوو بکەین؟ تا خەریك بین جیاوازی بدۆزینەوە لە میانی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار «صفة وظرف» ناگەین بەدەییٚکی ئەو جیاوازییەیی وا لە میانی ڕاناوی لکاوی «هەڵستاین» و وشەی دارا و باغ و مامزدا هەیە.

پەیڕەوانی فێرگەکانی ئەوروپا ڕاناوی زمانی کوردی دەکەنەوە بەو هێندە بەشەی کە لەو زمانانەدا بەڕاناو حیساب کراون. سەرجوملەی دابەشکردنەکەیان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- ڕاناوی کەسی Personal pronoun وەك: من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان لەگەڵ جۆری لکاویان کە جیاوازیی تێدایە هەم لە کاری تێپەڕ و تیٚ نەپەڕدا و هەم لە لەهجەییٚکەوە بۆ لەهجەییٚکی تری کوردی.

٢- ڕاناوی لێکدەر، رابط، گەیەنەر، پیٚ گەهـ، پێوەندی: لە ئینگلیزی Relative pronoun، لە دەستوورێکی فارسی (حرف ربط)ی پیٚ گوتراوە و ناوی تریشی هەیە غەیری ئەمانە. وێنەی ئەم ڕاناوە لەم ڕستەیەدا دیار دەکەویٚ «ئەوەی کە دوێنیٚ هاتە لام بارام بوو». بەلای هەندیٚ زمانزانانەوە هەر «کە»یەکە ڕاناوە، بەلای هەندێکیشەوە ئەو پیتە «ی»ی دوای یەکەم وشەی ڕستەکە ئەویش هەر ڕاناوە.

٣- ڕاناوی پرسیاری، وەك: کەی، کام، کویٚ، چۆن، کوا، بۆ، چەند، ئاخۆ، ئایا، کامەتە، کامەیە...

٤- ڕاناوی ئیشاری وەك: ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە، هۆوانە، هۆ و هیٚ...

٥- ڕاناوی خۆیی وەك: خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان...

٦– ڕاناوی هەیی وەك: «هی من، هی تۆ، هی خۆمان» یاخود هین من، هین تۆ، بەپێی لەکارهێنانی ناوچەیی لە هەندێ شوێنی کوردستانی ژێروودا.

٧– ڕاناوی نادیار هەندێك پێی دەڵێن بۆ ناوی «مبهم» – ناوی تریشی هەیە، کە بگەڕێین بەدوا هەموو جۆرە ناوەکانی.

ئەم ڕاناوە (نادیار – مبهم)ەیان دابەش کردووە بۆ دوو بەش:

أ– ڕاناوی نادیاری سادە – یاخود ڕووت وەك کەس، کام، پیاو، چی، هیچ، کابرا، فلان، هین، هەموو، کەم، یەك، هەرامە، وانێك...

ب– ڕاناوی نادیاری لێکدراو وەك: هیچ کەس، هینەکە، کابراکە، هەر کابرایێ، هەموو کەس، یەکێ تر، گەلێ، کەسێ، نەختێ، فلانە کەس...

ئەم کۆمەڵە وشەیەی لەیەك نەچووی، واتا جیاوازی، خاوەن تایبەتیی سەربەخۆ لە ڕستەدا خراونەتە ژێر ناو و عینوانی ڕاناو لەبەر هۆیێکی بنجی، گۆیا هەر یەکێك لەمانە بگرە لە وشەی «من» تا دەگاتە «فلانە کەس» جێگەی ناوێکیان گرتووەتەوە لە ڕستەدا و دەشێ وشەکە لابەیت و ناوێك بخەیتە جێگاکەی، واتە کە گوتت «کابرا هات» دەتوانی بڵێی «دارا هات»، هەروەهاش ئەو وشانەی تر کە لە لیستەی سەرەوە بەدوا یەکتردا قەتارمان کردن هەموویان ئەو قابلیەتەیان تێدایە کە ناو بخرێتە جێگایانەوە.

بێگومان لە قەواڵەی گوتارێکدا مەودای موناقەشە و نرخاندنی هەریەك لەو بەشانە و لەو وشانە پەیدا نابێ، کە بمەوێ لەسەر هەموویان بدوێم دەبێ نیمچە کتێبێکی لەسەر بنووسم، کەواتە بیروباوەڕ و ڕەخنەیێکم کە هەبێ دەربارەی سەرپاکی باسەکە دەبێ بەجۆرێکی گشتی و لە گۆشەی نیگای تەسەوری خۆمەوە بەرەو پیریان بچم، نەك موفرەداتی لیستەکان خورد کەمەوە و هەریەکەیان باوێمە ئەو پەراوێزە ڕێزمانییەوە کە بەپێی قەناعەتی خۆم پێی ڕەوا دەبینم. بەنموونە دەڵێم دەربارەی ئەو کەرتەی پێی گوترا «ڕاناوی پرسیاری» سەرەڕای ئەوە کە من بەڕاناوی نازانم، موفرەداتی کەرتەکەش بەچەند جۆرێك دادەنێم. وشەی «کێ» پرسیارە لەبارەی «کەس»ەوە، وشەی «ئایا» پرسینی «مطلقە» و ناچێتە ڕیزی «کێ و چەند و کەی»ەوە. «ئایا» ئەمرزی پرسینە و «کێ» ناوێکی ڕێکوپێکی سەربەخۆی واتاداری پرسینە. تەعریفێك کە دانراوە بۆ «ناو» وشەی «کێ»ی بەردەکەوێ بەڵام وەك لاستیکیش لێکی بکێشیتەوە باوەش

بەوشەی «ئایا»دا ناگرێ مەگەر بەزۆرەملێ و کوتەکم حقی چن.. ئەوەی ڕاستی بێ وشەی «ئایا، ئاخۆ، ئەرێ» هەر لە ڕێی ئەوەوە کە واتای پرسیاریان تێدایە دەترنجێنە ناو پەڕاوێزی «ڕاناو»ەوە، دەنا ئەگەر بەهۆی بەشداربوونیان لە واتای پرسیار نەبێ کە کۆیان دەکاتەوە لەگەڵ «ڕاناوی پرسیاری» هەرچی پێوەندی و خزمایەتی و نزیکی هەیە لەمیانی ئەمان و ڕاناودا پەیدا نابێ، چونکە بەهیچ زانا و پسپۆڕ و پاڵەوانیش ناکرێ پێمان بسەلمێنێ ئیمکان هەیە ناوێك بخرێتە شوێنی «ئایا» لە ڕستەدا تا هەر نەبێ لە ڕواڵەتدا پێ بگوترێ «ڕاناو، جێناو، بۆناو، pronoun». ئەگەر بەتەئویلێکی زۆر دوورەدەست زمانزانێك هەڵمان فریوێنێ بەوە کە (ئایا) دەست دەدا ناوێکی بخرێتە جێ، من لە ئێستاوە پێش نیاز دەکەم «هەلاو»یش بەڕاناو قبوڵ بکرێ چونکە دەشێ بڵێین مەبەستمان لە وشەی هەلاو «مرۆڤی ئەوپەڕی تەلەکە»یە.

دەمەتەقە و موناقەشە لەسەر ئەو بیر و باوەڕەی «ڕاناو»ی کردە «٧» جۆر و «م»ی وشەی «گرتم»ی لەگەڵ «فلانەکەس» لە ژێر یەك عینواندا کۆ کردەوە و بەهەردوویانی گوت «ڕاناو» نەسەری دیارە نەبن، ئەوەندەی بەدوای کەوین و لێی بکۆڵینەوە و ڕەخنەی لێ بگرین بە بەریەوە هەیە. کە بمانەوێ دەتوانین بۆ ماوەیێکی دوور و درێژ هەر بەردەوام بین لەسەر بەراوردکردنی «کە»ی ڕستەی «ئەو پیاوەی کە هات» لەگەڵ وشەی «خۆمان» یاخود وشەی «کابرا» یاخود «هین» و چەندین جار خۆمان و خەلقیش ئیقناع کەین کە ئەمانە ناشێن هەموویان بخرێنە ژێر عینوانێکەوە و لەوەشڕا هەنگاوی تر هەڵێنین بۆ دەرخستنی نادروستی ئەو بیروڕایانە بەهۆی هێنانەوەی ڕستەی وەك «ئایا کە ئێوە هیچ خۆتان بۆ من نەبزێون بۆچی من هی ئێوە بم» کە بەپێی دابەشکردنەکەی سەرەوە لە ١٥ کەرت ١٢ کەرتی ڕاناوە!! خولاسە مەیدانی ڕەخنە بەرفروانە و بەپێی باوەڕی من ڕەخنەکانیش زۆر بەهێزترن لەو بنگە فکرییانە کە زمانزانەکان بەڵگە و ئیسپاتیان لێ هەڵقوولاندووە بۆ کۆ کردنەوەی فەرهەنگۆکێکی وشەی لە یەکدی جودا لە ژێر عینوانی «ڕاناو»دا.

من کە عوزری بێ مەودایی دێنمەوە لە پەڕاوێزی گوتار، ئەسەفێکی کەم ناخۆم بۆ ئەو بێ مەوداییە لەو ڕووەوە کە هەڵسووڕ و داسووڕی فکر بەدەوری ئەو وشانەدا بەدەم سرنجدانێکی ورد و قووڵ لە سروشت و کونهی واتایان و دەوریان لە ئاخاوتندا، بێگومان، گەشتێکی خۆش و سوودبەخشمان پێ دەکا لە ڕووپێوێکی پان و بەرینی زمانەکەمان. لە ڕەتی پشکنین و توێژینەوە لە زماندا بەکوتانەوەی «بدیهییە»کانی

نـایـەتـە بـەر چـەژی پشکنـەر و خـوێنـەر، خـەریکبـوون بـەوردەکـاریـی شیکـردنـەوە و هەڵوەشاندنی رایەڵ و تەقەڵەکانی ناوەرۆکی زمان و بەدوادا گەرانی پەیوەندییەکانی ناوەکی «داخلی» مەیلەو نهێنی میانی وشە و ڕستە و دارشتن و واتای ئاخاوتن، زاخاوی مێشك دەدەن و نیگا فراوان دەکەن. کە لەم گوتارەدا ئەمەم بۆ نەکرێ هەلێکی زلم دۆڕاندووە و خۆشییێکی زیهنیی شیرینکەلەم لە کیس چووە. تۆ بلێ چەندمان زیاد دەکرد لە خەرمانی زمانزانیمان ئەگەر لە موناقەشەی وشەی «هیچ» گەیشتباین بەدۆزینەوەی ئەو تایبەتییەی وای کردووە کە دەڵێی «فلانە شت هیچە، فلانە شت هیچ نییە» هەمان واتا بەدەستەوە بدەی و «سلب و ایجاب»ی وشەکە لە موتڵەقی «سلبیة» نەگۆڕێ؟ وەك وشەی «هیچ» گەلێکی تریش لەوانەی بەڕاناو دانراون سەرگوزەشتی سەربەخۆیان هەیە و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە تیشکێك داوێژێ بۆ یەکێك لە دەربوونەکانی زمان. کە ئەم وردبوونەوەیەم بۆ نەکرێ ناچارم قسە لە تێکڕای ئەو «ڕاناوانە» بکەم و ڕەخنەی گشتی لەو بنگە فکرییە بگرم کە لەسەری هەڵچەقیون لەگەڵ دەربرینی تێبینی و سرنجی تایبەتی خۆم، کە هەبێ، دەربارەی سەرجوملەی باسەکە.

وەك لێرە بەپێشەوە گوتم ئەو کۆڵەکە ناوەندییەی باوەڕی خاوەنانی فێرگەی «حەوت جۆر ڕاناو»ی پێوە وەستاوە دەستدانی وشەکانە بۆ هاتنی «ناو» لە جێی ئەوان.

ڕەخنەیێکی بنجیی سەرەتایی لەو تێفکرینە ئەوەیە کەوا گوێ ناداتە ئەو ڕاستییە کە جۆر و چۆنەتی و سروشتی وشە لە پێشەوە و بەر لە هاتنی بۆ ناو ڕستە لە خودی وشەکە و واتای سەرهەڵدەدا و دەسەپێ، هەر ئەوساش دەبێ ناو و عینوانی بۆ داندرێ، لەوە بەولاوە کە بەپێی قابلیەتی واتاکەی دەستی دابچێتە قاڵبی جیاجیاوە ناشێ بگوترێ سروشتێکی نوێی لێ ڕسکا لە گوێرەی پێداویستی ئەو قاڵبە تازەیە، بەنموونە دەڵێم کە وشەی «کەس» بەخۆی و واتایەوە بەر «تعریف» و سروشتی «ناو» کەوت ئیتر یەکجارەکی دەبێ بە «ناو» لە قەڵەم بدرێ، لەوە بەولاوە چوونی بۆ ناو قاڵبی جیاجیا حاڵەتی وشەکە دەگۆڕێ نەك واتا و جۆری. هەندێك، یاخود بەشێ زۆر، لە زمانزانە تازەکانی کورد پەیڕەوی ئەوروپاییەکان دەکەن و دەسەلمێنن یەك وشە لە ڕستەیێکدا ئاوەڵناو «صفة» بێ و لە ڕستەیێکی تردا ئاوەڵکار «ظرف» بێ، یاخود ڕاناو ببێتە ئاوەڵناو.. هەرچەند من لێرەدا قسەم لەگەڵ «ڕاناو»ە بەلام زیانێك نییە لەوەدا بلێم زمانی کوردی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار «صفة و ظرف»ی لە یەکدی جودا کردووەتەوە بەر لەوە بچنە ناو ڕستە. ئاوەڵناو «صفة» زۆر بەرچاوە پێویست نییە من لیستەی بۆ

بگرمەوە، بەڵام ڕەنگە لزووم هەبێ بڵێم بۆ ئاوەڵکار «ظرف» دوو سیغەی قەراردادە هەیە جگە لەوە کەوا دەبێ ڕستە و نیمچە ڕستەش دەوری «ظرف» ببینن. دەگوترێ «کورد مەردانە خەبات دەکا» وشەی «مەردانە» ئاوەڵکارێکی بێ فێڵە و هەر لەگەڵ «کار – فعل»دا بەکار دێ و هەرگیز ناگوترێ دارا مەردانەیە یاخود زیرەکانەیە. دەشگوترێ «حەز دەکەم لەگەڵت بەخۆشی ڕابوێرم». ئەم وشەی «بەخۆشی» ئەویش ئاوەڵکارە و هەر وەسفی (کار – فعل) دەکا و نابێتە ئاوەڵناو، تۆ ناتوانی بڵێی «دارا بەخۆشییە، من بەپیاوەتیم». ئێمە ئەگەر لاسایی زمانی بێگانە بۆ هەڵەمان نەبا دەزانین کورد وشەکانی وەك «چاك، خۆش، سارد، گەرم، جوان، دزێو، بەرز، نزم، تاڵ، شیرن... هتد»ی لە بنەڕەتدا بە «ئاوەڵناو – صفة» دروست کردووە و کە هیچ پێچەکە و خوارەکە و تەئویل لە ئاخاوتندا نەبێ ئەمانە ڕاستەوخۆ وەسفی ناو دەکەن، واتە لە گوتنەوەی ئەو وشانە خەیاڵی کوردێك تەنیا بۆ وەسفکراوێکی خاوەن کیان دەڕوا چ مادی بێ چ مەعنەوی و هەرگیز بەبیریدا نایێتەوە کەسێك بڵێ «ڕۆیشتم تاڵ، دەڵێم شیرن...». ئەمە ڕاستییێکە، بەلای منەوە، نەسەلماندن هەڵناگرێ، دەوجا کە بەپێی سەلیقەی کوردانەمان بڕیارمان دا «جوان، تێر، خراپ» بەئەسڵ «ئاوەڵناو – صفة»ن لەوە بەولاوە کە کەوتنە قاڵبی ئەوتۆ لە ڕواڵەتدا وەسفی غەیری ناویش بکەن نابێ زوو تەسلیم بین و بڵێین ئەم وشانە سروشت و واتایان دۆڕاند و بوون بەشتێکی جودا لە «صفة». بەلای منەوە کە گوترا «فلانە کەس زۆر دەخوا» لێرەدا هەرچەند لەبەرچاوان وشەی «زۆر» وەسفی ناویش ناکا لە ڕاستیدا هەر «ئاوەڵناو»ە، دەتوانین بەوە دڵنیا بین کە «موصوف»ێکی قرتاو هەبووە و تێ چووە، وەك ئەوەی کە ئەسڵی ڕستەکە «فلانەکەس خواردنێکی زۆر دەخوا» بووبێ. تۆ سەیرکە وشەی «زۆر» لە ڕستەکەدا جێی «بەرکار – مفعول»ی حەزفکراوی گرتووەتەوە و لە پێش «کار – فعل»ەوە هاتووە وەك «بەرکار، مفعول»ی سەریح، گریمان ئەو سازاندنە[٥] ئیقناعیشمان نەکا و نەسەلمێنین بەرکاری[٦] حەزفکراو هەبووبێ، چ چار نامێنێ دەبێ بڵێین زمانی کوردی ئەوە هەڵدەگرێ ئاوەڵناوەکانی، کە لە بنەڕەتدا بەئاوەڵناوی پەیدا بوون،

---

(٥) سازدان: تعليل.

(٦) لیژنەی ڕێزمانی سەر بەکۆڕی زانیاریی کورد، دوای لێکدانەوەیێکی دوور و درێژ «کار، کارا، بەرکار»ی پەسند کرد بەواتای (فعل، فاعل، مفعول) لێرەدا ماوەی شەرحدان نییە، کە پێویست بوو خۆم ئامادەم گۆشەی نیگای لیژنە ڕوون کەمەوە.

وەسفی کاریش بکەن و نەبنە ئاوەڵکار، واتە بکەونە حاڵەتی وەها لە ڕستەدا کە ڕواڵەتی ئاوەڵکار بنوێنن، چونکە ئاوەڵناوبوونی ئەم وشانە دەمەتەقە هەڵناگرێ. سرنج بگریە ئەم میسالەی خوارەوە نەختێکی تریش ڕاستییەکەت بۆ ئاشکرا دەبێ، دەڵێی «دارا بەمنداڵی ژیر بوو». دەزانین وشەی «بەمنداڵی» ئاوەڵکارە و دارشتنەکەشی هەر هی ئاوەڵکارە. ئەدی وشەی «ژیر» چییە؟ خۆ لە ڕستەکەدا نەکەوتووەتە جێگەی ڕێزمانی ئاوەڵناوەوە هەرچەند وشەی ژیر بۆ خۆی ئاوەڵناوە، چونکە دەزانین وشەی «صفة» لە کوردیدا دەکەوێتە دوای وشەی «موصوف»ەوە وەك بڵێی «منداڵی ژیر، مەلی جوان». کەواتە لێرەدا وشەی «ژیر» کە «ئاوەڵناو»ێکی ڕاستەقینەیە بەپێی پێویستی دەربڕینی مەبەس کەوتووەتە قاڵب، یاخود حاڵەتێك مەودای نادا خۆ لە ناوێك بئاڵێنێ و وەسفی بکا هەرچەند زمانی کوردی ئەو و ئاوەڵەکانی بۆ وەسفی «ناو» خەلق کردووە.

بەلای منەوە هەروەك ناشێ وشەی «هات» جارێکیان فیعل بێ و جارێکیان «حرف جر یاخود ناو یاخود ئاوەڵناو» بێ هەروەهاش کە وشەی «چەند»مان بە«ناوی پرسیار» دانا ناکرێ لە دێرێکدا ناوی پرسیار بێ و لە دێرێکی تردا ئاوەڵناو یاخود ڕاناو بێ. نووسەری کورد هەیە لەو باوەڕەدایە کە گوتت «چەندت ژمارد؟» لێرەدا وشەی «چەند» دەبێتە «ڕاناو، ضمیر» چونکە ئیمکان هەیە جێی ژمارەیێکی گرتبێتەوە وەك لە وەرامدا بڵێی «بیستم ژمارد». بەڵام کە گوتت «چەند کەست ژمارد؟» وشەی «چەند» دەبێتە «صفە، ئاوەڵناو» چونکە وەسفێکی وشەی «کەس» دەکا.

سەلماندنی ئەم باوەڕە، کوردی گوتەنی، دەرگەی خێزان لە ڕاناو دەکاتەوە و دەیخاتە سەرپشت و بەشێکی زۆری وشەی فەرهەنگی کوردی دەکا بەڕاناو. کە گوتت «باوکم هات» دەبێ لێرەدا وشەی باوکیش ڕاناو بێ چونکە دەتوانی بیگۆڕی بەناوی باوکت و بڵێی «برایم بەگ هات» کە ناوی باوکت برایم بەگ بێ. هەروەها هەموو وشە ناوەکانی کەس و خزم برادەر و جیران و دۆست و دوشمنت دەبنە ڕاناو چونکە «ئامۆزا دایك، خوشك، برا... تا دەگاتە خزمی خەزووری سەپانی شێخی» هەموویان ئەحمەدێك، حەسەنێك، فاتیلەیێك هەر هەن بچنە جێی ئەو وشانەوە. ئەوەی ڕاستی بێ کە ئێمە بسەلمێنین بەپێی گۆڕانی جێگەی وشە لە ڕستەدا عینوان و دەوریشی دەگۆڕێ دەبێ بڵێین «برایم بەگ»یش ڕاناوە چونکە «برایم بەگ هات» دەشێ بکرێتە «باوکم هات». وشەکانی وەك ترێ، سێو، هەنار، هەرمێ، تەماتە، نارنج.. هتد ئەوانیش دەبنە ڕاناو

چونکە ئیمکان هەیە کە گوتت «هەنارم کڕی» وشەی هەنارەکە بگۆڕی و بڵێی «میوەم کڕی»، میوەش وەك هەنار دەبێتەوە ڕاناو بەهەڵگێڕانەوەی میسالەکە. هەرچی پۆشاك و ئاژەڵ و سووتەمەنی و تەقەمەنی و پێڵاو و گوڵ و درەخت و چەك و پارە... خولاسە هەموو ئەوانەی پێیان دەڵێن «اسم الجنس» دەست دەدەن بەخۆیان و موفرەداتیانەوە ببنە ڕاناو. ئەمە لیستەیێك لە نموونەی ڕستە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەس:

١– خەنجەرم کڕی، چەکم کڕی.

٢– چوخەڵم لەبەر کرد، جلکم لەبەر کرد.

٣– وەنەوشەم دیت، گوڵم دیت.

٤– سووتەمەنی دەکڕم، نەوت و دار و چیلکە دەکڕم.

٥– فلانە کەس هات، ئەحمەد هات.

٦– مامم هات، ئەحمەد هات.

حەز دەکەی نیوەی وشەی فەرهەنگی کوردی بێنە و بیکە بەڕاناو، پەکی تەعبیرت ناکەوێ و دەتوانی ڕستەیێك بێنییەوە بۆ ئەو ناوەی مەبەستە خۆی تێدا نەناسێتەوە یاخود سواری چەرخ و فەلەکی ڕستەگۆڕی بکەی و هەر ساتە خۆی لە بارێك ببینێ.

بەئانقەست نموونەی پێنجەم و شەشەمم هێناوە لە لیستەی سەرەوە تا ئەوانەی «فلانە کەس» بەڕاناو دادەنێن چاریان نەمێنێ و لێمان بسەلمێنن، لەبەر خاتری باوەڕەکەی خۆیان، مام و ئەحمەدیش بەڕاناو قبووڵ بکەن چونکە فلانە کەسەکە هەر خۆی مامم بۆ هەر خۆی ئەحمەدیش بوو.

بەڕاستی، دەردەکەوێ، ئەم ڕاناوە باری زمانزان سووك دەکا چونکە چ نامێنێتەوە نەبێتە ڕاناو و لە کۆڵ دەردی سەری دابەشکردنی ئاخاوتن دەبینەوە. سەیری، هەولێر و کەرکووك و ئەدیس ئەبابا ئاگایان لە خۆیان نییە ئەوانیش ڕاناون، چونکە وەك دەتوانی بڵێی «هەولێرم دیت» دەتوانی هەولێرەکە بکەی بەشتێکی تر و بڵێی«ئاواییم دیت، شارم دیت، کۆمەڵە خانوو و قەڵەباڵغیم دیت، کەونە شاری ئاشوورم دیت...»،

وا دەزانم دیارخستنی چەندوچۆنی بەشەکانی ئاخاوتن بەگوێرەی حەقیقەتی واتای وشە، تاکە ڕێگەیێکە لە پێش زمانزان، چونکە تێکەڵکردنی (حاڵەتی وشە و واتای وشە) هەموو حیسابان سەرەوبن دەکا. بۆ خۆت جارێکی تر سەیری

سەرجوملەی ئەو وشانە بکە کە دەکەونە ناو جغزی ئەو حەفت جۆرە ڕاناوەی لێرە بەپێشەوە نووسیمن[٧]، دەبینی وشەکان هێندە لە یەکدی دوورن و بابەتی وەها جیاجیایان تێدایە لزووم نامێنێ وشەی تازە بەنموونە بێنینەوە بۆ دەرخستنی نادروستی ئەو تەقسیمانە. باوەڕ دەکەم تۆش لەگەڵ مندا سرنج بگری دەگەی بەو قەناعەتە کەوا هەرچەند بمانەوێ دوو بەشی لە یەکدی جودا لە ئاخاوتندا پەیدا کەین، وەك ئەو جوداییەمان بۆ نادۆزرێتەوە کە لە میانی وشەی «ئایا» و وشەی «فلان و فیسار»دا هەیە. بەڕاستی هەرگیز کار و چاوگ (فعل و مصدر) هێندی ئەم وشانە لە یەکدی دوور نین، لەگەڵ خۆتدا بڵێ «فلانە کەس.. ئایا» و بەیەکدییان بگرە، ئینجا بڵێ «کردن، کردی – نووستن، نوست» و ئەمانیش بەیەکدی بگرە. ئینساف لێمان داوا دەکا چ دوودڵی نەکەین لەوەدا کە بڵێین «کردن و کردی» یەك شتن ئەگەر لە پێشەوە سەلماندبێتمان ئایا و فلانە کەس هەردوویان ڕاناو بن.

لە هەموو کارێکی زیهنیدا، کە زمان یەکێکە لە هەرە پێشەوەی ئەو کارانە، وردبوونەوە وە قووڵ داگرتن و زەڕەبینی – مەرجی پسپۆڕی و وەستایی و شارەزاییە نەك پانبوونەوە بەسەر بابەتدا. مرۆڤ دەبێ ئاگای لە خۆی بێ بەر تەڵە و فاقەی ڕواڵەتی درۆزن نەکەوێ؛ تۆ ئەگەر ورد نەبیەوە، نەخێر ئەگەر تەلەسکۆپ بەکار نەهێنی، وا دەزانی ڕووی مانگ وەك ئاوێنەیێکی لەکەدارە، ئەوەندەش لەو ڕواڵەتە دڵنیا دەبی پاکانەی بۆ دەکەی و زۆر بەڵگەی عەقڵی و مەنتیقیشی بۆ دەهێنییەوە. کە یەکێك لە ڕێی تەلەسکۆپەوە کەژ و دۆڵ و لووتکە و گردۆلکەی تێدا دیتەوە و وێرای دۆزینەوەکەی ئاشکرا بکا، ڕەنگە هەر بەشێتی دانێی. بۆ میسال و بەنیازی ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی خۆم، بەشی «ڕاناوی کەسی Personal Pronoun» کە بەلای هەموو زمانزانانەوە ڕاناوە و بەجێگری ناو دانراوە، دێنمە بەر سرنج و هەندێکی لێ ورد دەبمەوە لە گۆشەی نیگای خۆمەوە تا بزانین ئاخۆ ئەم چەند وشە بێ گومان و بێ فێڵە «من، ئێمە – تۆ، ئێوە – ئەو، ئەوان» کە ڕاناوی میراتین لە مێژووی کۆنەوە،

---

(٧) ساغکردنەوەی پێشخستن و پاشخستنی ڕاناوە لکاوەکان لێرەدا جێی نابێتەوە پێویستە بەوردی باس لەوە بکرێ ئایا «کتبتهم» بنووسرێ «نووسیمن، نووسینم، نووسیانم، نووسیمیان». کە دەرفەتم ببێ لە شوێنی خۆی لەم گوتارەدا هەندێکی لەسەر دەنووسم، ناشتوانم لە ئێستاوە بەڵێن بدەم چونکە بۆ خۆم نازانم سنووری نووسینەکەم تا کوێ دەڕوا و چ ڕووپێوێك «مساحة» دەگرێتەوە، لەبەر زێدە بەرفرەوانیی مەوزووع.

هەموویان وەك یەكن و یەك قابیلیەتیان هەیە لە جێگرتنی ناو وبەكارهێنانیان لە ڕستەدا؟

دەزانین ئەم كۆمەڵە وشەیە بە سێ بەش دابەش دەكرێن:

١– كەسی یەكەم «قسەكەر»، من و ئێمە.

٢– كەسی دووەم «قسە بۆ كراو»، تۆ و ئێوە.

٣– كەسی سێیەم «قسە لێكراو»، ئەو و ئەوان.

تا ئێرە گرفت نییە و بەدیهییەمان كوتاوەتەوە، جارێ باس لەوەش ناكەین وێنەیەكی تری ئەم وشانە هەیە كە پێی دەڵێن «ڕاناوی لكاو، ضمیر متصل» چونكە ئیشمان بەو باسە نییە لێرەدا، هەرچەند ئەویش بەر «بدیهیە» دەكەوێ و زانیاریی بازاڕییە.

بەڵام دوای ئەم مەعلوومە سادەیە، وردبوونەوە و پێوانە و كێشانەی لەسەرەخۆ ڕاستییەك دەردەخا كە ئەم كۆمەڵە وشەیە، گردەبڕ، دەكا بەدوو كەرتی لە یەكدی جودا، جوابییەكەش وەك ئەوە نییە كە گۆڕانی حاڵەتی وشە لە ڕستەدا پەیدای دەكا، نەخێر جوداییەكە لە دەروون و قابلیەتی وشەكاندایە:

سرنج بگرە لەم ڕستانە:

من مرۆڤم – ئێمە مرۆڤین.

تۆ مرۆڤی – ئێوە مــرۆڤن.

ئەم ڕاناوانەی كەسی یەكەم و دووەم قبووڵ ناكەن هیچ ناوێك وەیا وشەیەك جێگەیان بگرێتەوە. ڕاناوی «من» بۆ ڕستە پێكهێنان تەنیا لەگەڵ جۆرە لكاوەكەی خۆی كە پیتی «م»ە دەبێتە «فاعل» یاخود «مبتدأ» یاخود «Subject» یاخود هەر شتێكی تر بێ، بەتەواوی خۆی لە قەبەڵ جۆری لكاوی كردووە هەر دەڵێی خۆی لە قەبەڵ خۆی كردووە. كە دەڵێم «من كوردم» ناتوانم هیچ وشەیێكی فەرهەنگی كوردی و غەیری كوردی لە جێگەی ئەم «من»ە دانێم تەنانەت كە ناوم «دارا» بێ و بشمناسیت ناتوانم بڵێم «دارا كوردم» هەروەها كە گوتم «تۆ ئازایت» ڕێم نییە بڵێم «قوتابی ئازایت» كە خۆت قوتابی بیت. هەڵبەت «ئێمە و ئێوە»ش وەك «من و تۆ» وان لە نەبوونی ئیمكانی هاتنی وشەی غەیری خۆیان بۆ جێگەیان لە ڕستەدا. ڕاناوی لكاوی

کەسی یەکەم و دووەم دەست نادەن، هەرگیزاوهەرگیز، ببن بەتەواوکەری ڕستە لەگەڵ غەیری ڕاناوە نەلکاوەکانیان. نەکا بەسەهووم بردبیت، یاخود تایبەتییێکی ئەم ڕاناوانەم لیٚ شاردبیەوە، دەبیٚ ئەوە بڵێم لە یەك حاڵدا ڕیٚ هەیە ڕاناوی لکاوی «ئێمە و ئێوە» ببێتە تەواوکەری ڕستە لەگەڵ غەیری دوو وشەی «ئێمە و ئێوە»دا، حاڵەکەش ئەمەیە کە لەم نموونانەدا دەردەکەویٚ. دەگوتریٚ:

من و دارا و برزوو شاگردین.

دارا و برزوو و تۆ شـــاگردن.

ئەم ڕێدانە زیرەکییەکی گەورەی تێدایە چونکە هاتنی وشەی دارا و برزوو لەگەڵ ڕاناوی «من»دا، فاعیلەکە یاخود «مبتدأ»ەکەی کرد بە «جمع» ناکریٚ ڕاناوی لکاوی تاکی بەدوادا بیٚ، خۆ دیارە ناشکریٚ «جمع»یك بیٚ بەدوا ئەو فاعیلە وەیا «مبتدأ»ەدا کە کەسی یەکەمی تێدایە مەگەر ئەو جەمعە بۆ کەسی یەکەم بیٚ. نزیکیی کەسی یەکەمی تاك لە کەسی جەمع دەیانکا بەهاودەنگی یەکتر. کەسی یەکەمی تاك کە لەگەڵ کەسی یەکەمی جەمع تەنیا لە ڕووی ژمارەوە جودایە، لەگەڵ کەسی دووەم و سێیەمی جەمع لە هەموو ڕووێکەوە جوایە، حاڵی کەسی دووەمی تاکیش وەك کەسی یەکەم وایە ئەویش خزمە لەگەڵ جەمعی کەسی دووەم، هێندە هەیە کە دەڵێی «تۆ و برزوو مرۆڤن» ڕاناوە لکاوەکەی «ن» بەرێکەوت بۆ جەمعی دووەم و جەمعی سێیەم هەر یەکێکە، هەڵبەت تۆ لە ڕستەدا مەبەستت جەمعی کەسی سێیەم نییە. سەیری، کە دەڵێی «تۆ و برزوو نووسیتان» ڕاناوەکە هی کەسی دووەمی جەمعە نەك هی کەسی سێیەم، چونکە لە کاری تێپەڕدا ڕاناوی لکاوی جودا هەیە بۆ هەر کەسە.

ئینجا با بێینە سەروکاری کەسی سێیەم:

دەگوتریٚ:

ئەو مرۆڤە دارا مرۆڤە کیٚ مرۆڤە؟

ئەوان مرۆڤن کورد مرۆڤن هەموویان مرۆڤن

ڕاناوی کەسی سێیەم دەست دەدا وشەی تر بێتە جێگاکەی، هەر بەو پێیەش ڕاناوە لکاوەکەی ببێتە تەواوکەری ڕستە. کەسی سێیەم، بەهۆی ئەوەوە کە خۆی غائبە، دەبێتە خزم لەگەڵ هەموو غائبێك و دەشیٚ غائب جێی بگرێتەوە. لەوەش زیاتر، هەر لەبەر خاتری ئەو غائبانەیە ڕاناوی کەسی سێیەم دروست بووە. بەڵیٚ ڕاستە لە

بنەڕەتدا ڕاناوی «ئەو، ئەوان» بۆ مرۆڤ داهاتووە، ئێستاش کە دەڵێی «ئەو» بەر لە هەموو شتێك مرۆڤت بەبیردا دێ و حەز ناکەی لە ڕستەدا «ئەو» بەسەراحەت بۆ غەیری مرۆڤ بەکار بێ، بەڵام دوای داهاتنی ناچارە ملکەچی بێ بۆ هەموو ئەنجامێك کە «غیاب» لێی دەوەشێتەوە. با لە موناقەشەی ئەوە گەڕێین ئاخۆ چۆن دەتوانین، یا ناتوانین، ڕاناوی «ئەو و ئەوان» بۆ غەیری مرۆڤ بەکار بێنین، خۆ لە فەرهەنگدا چەندین وشە بۆ مرۆڤ بەکار دێن وەك تێکڕای «اسم علم» و ناوی گەل و کۆمەڵ و خزم و کەس و ئیشارە و پرسیار و «مبهم» و ئاین و حزب و مەزهەب و نازانم چی، هەمووشیان غائبن وەك کەسی سێیەم [ڕاستییەکەی، ئەم وشانە کەسی سێیەمن، دوو وشەی «ئەو و ئەوان» ڕاناوی کەسی سێیەمن]. دەوجا کە ڕاناوێك دەلالەتی ئەو غائبانە بدا و لەبەر ئەوان پەیدا بووبێ دیارە جۆری لکاویشی دەبێتە تەواوکەری ڕستەکانیان.

ئەم تایبەتییەی «غیاب» کە لە ڕاناوی کەسی سێیەمدا هەیە و کۆی دەکاتەوە لەگەڵ هەموو «غائب»ێك لەو ڕووەوە کە هەرچی «غائب» هەیە ئەویش کەسی سێیەمە، ڕێی خۆش کردووە لەبەر خامەی زمانزانان بۆ لێك کێشانەوەی پەڕاوێزی «ڕاناو» تا ئەو هەموو وشەی لەیەك دوورە بگرێتە ناو باوەشی خۆیەوە. بۆ خۆت دەبینی وشەکانی شەش بەشی «ڕاناو» لەو حەفت بەشەی ژماردمانن کە حیساب کراون بەڕاناو هەموو دەبنە ڕاناوی کەسی سێیەم. ناتوانین یەکێك لەو وشانە بکەین بەڕاناوی کەسی یەکەم یا دووەم[^(٨)]. باوەڕ دەکەم ئەم «غیاب»ە خلیسکە لەبەر پێی زمانزان، دەبێ لێی بەپارێز بێ.

لەو کورتە سرنجەی لە ڕاناوی «کەسی، شخصی Personal»مان گرت بۆمان دەرکەوت ئەو زمانزانەی لە ڕێی قابلیەتی هاتنی ناو بۆ شوێنی وشەیێك، وشەکە بکا بەڕاناو، پەکی ئەوەی دەکەوێ «من، ئێمە – تۆ، ئێوە» بەڕاناو دانێ چونکە مەعلوومان کرد هیچ ناوێك، وەیا غەیری ناویش، ناشێ جێگەیان بگرێتەوە لە ڕستەدا. پێی ناوێ بڵێم، لە خۆتەوە دەزانی، لەلانی ڕێزمانەوە واتای وشەکانی «من، تۆ...» کە دەلالەتی شەخسیان هەیە هیچ ئەوە ئیسپات ناکا کە ڕاناون چونکە دەستووری ڕێزمان لە چۆنەتیی ڕەفتاری وشەوە وەردەگیرێ نەك واتای وشە، هەر

---

(٨) حیکایەتی «خۆم، خۆت» دواتر دێ.

وشەی «ڕاناو» بۆ خۆی ڕاناوی ڕێزمانی نییە، وشەی «فعل، کار» ئەویش فیعل نییە، ئاوەڵناویش ئاوەڵناو نییە، کە دەڵێی «ناوی من نووسرا» هەرچەند لە ڕووی واتاوە وشەی «ناو» لە ڕستەدا مەفعوولێکە ئاو ڵێڵ ناکا، بەپێی دەستووری ڕێزمان پێچەوانەی مەفعوولە. کە ڕستەکەت گۆڕی و کردتە «ناوی منی نووسی» ئەوسا وشەی «ناو» دەبێتە مەفعوول.

کاکڵی گوتە، لێرەدا، ئەوەیە ئەگەر میقیاسەکانی کلاسیکی بکەین بەدیاردەری ڕاناو، دوو بەش لە سێ بەشی ئەو وشانەی تا ئێستا لای هەموو دنیا ڕاناو بووە لە «ڕاناوی» دەکەون، واتە وشەکانی «من، ئێمە – تۆ، ئێوە» بەر ئەو مەفهوومە ناکەون کە «ئەو، ئەوان» دەکا بەڕاناو.

جگە لەم تایبەتییە، تایبەتییێکی تری واتایش سەرلەنوێ کەسی یەکەم و دووەم جیا دەکاتەوە لە کەسی سێیەم. پێوەندیی کەسی یەکەم و دووەم بەمرۆڤەوە گەلێك بەتینترە لە هی کەسی سێیەم، چونکە وەك بەدیهییە ئاشکرایە لە مرۆڤ بەولاوە مەخلووقێك نییە قسە بکا و بڵێ «من وام کرد، ئێمە ڕۆیشتین»، بەنیسبەت کەسی دووەمیشەوە دیارە لە بنەڕەتدا مرۆڤ وتوویژی هەر لەگەڵ مرۆڤ بووە، دوایی بەپێی پەرەسەندنی مامڵەتی مرۆڤ لەگەڵ جیهان و فرەوانبوونی جغزی ئاخاوتنی، غەیری مرۆڤیش بووە بەکەسی دووەم. سرنج بدە تا ئێستاش بەدەگمەن و لە حاڵی تایبەتیدا نەبێ ڕاناوی «تۆ، ئێوە» بۆ دار و بەرد و ئاژەڵ و چشتی ئەوتۆیی بەکار نایێ. ئەم لە قەبەڵبوونەی ڕاناوی کەسی یەکەم، تا ڕادەیێکیش کەسی دووەم، بۆ مرۆڤ سروشتی وشە داخوازی دەکا نەك دەستووری زمان. واقیع وایە مرۆڤ نەبێ ئاخافتن ناکا، بەڵام ڕێزمان چ مانیعێکی نییە لەوە کە هەرچی هەیە لە جیهاندا بەدەنگ بێ و بئاخێوێ، ئەوساش قسەکەر مرۆڤ بێ یا گۆچان، فیعلی ڕابردوو یەك داڕشتنی دەبێ بۆ هەردوویان و دەگوترێ «من بێژارم، من چەمام». خۆت دەزانی وشەی پرسیار لەبارەی ئادەمزادەوە «کێ»یە و لەبارەی غەیری ئادەمزادیشەوە «چی»یە، بەڵام لە ڕستەدا چ فەرقێك نییە لە میانی بەکارهێنانی «کێ، چی» و دەڵێی «کێ هات، چ قەوما». زمانزان دەبێ خۆ بپارێزێ لە تێکەڵکردنی فەلسەفە و زمان و ئاگای لە خۆی بێ دەستووری فەلسەفە و مەنتیق نەکا بەدەستووری زمان. بۆ دانانی ڕێزمان، زانست و فەلسەفە و مەنتیق و لێکدانەوە هەموو دەبنە ئەمرازی دۆزینەوەی یاساکانی زمان نەك یاساکە خۆی. دەبینی هەندێ زمان سوورن لەسەر جیاکردنەوەی نێر و مێ، زیاتر لە جیاکردنەوەی

تاك و گەل لە ئاخافتندا کەچی زمانێکی تر ئەمەی نەکردووە، خۆ مەعلوومیشە مەنتیق و زانست و فەلسەفە یەك نرخاندنی هەیە بۆ ئەم شتانە و چ گوێ ناداتە دەستووری زمانەکان، سەلیقەی هەر میللەتە بەپێی ئەو زەرفە مێژووییە کە تێیدا ژیاوە ڕێگایەکی گرتووەتە بەر بۆ دەربڕینی واتا و داڕشتنی گوتە، لەو کارەشدا دەستووری وەهای داناوە کە لەگەڵ سروشت و تایبەتییەکانی خۆی ڕێك کەوێ؛ با بڵێم مەنتیقێکی زادەی سەلیقە و زەوقی ئاخاوتنی پەیدا کردووە کە زۆر جاران لەگەڵ مەنتیقی فەلسەفە و زانستی ڕووت ناگونجێ. بەلای منەوە ڕواڵەتێکی بێ هێز و پێزی وەك ئەوەی وشەی «فلان» دەتوانێ جێی خۆی چۆڵ کا بۆ «دارا» هەرگیز بەمەنتیقی زمان غەلەبە ناکا لەسەر ڕاستییێکی زۆر بەهێز و پێز کە سروشت و واتای وشەکە خۆیەتی. ئەم ڕواڵەتە لە مەنتیقێکی دەرەوەی زمانەوە، کە مەنتیقی لێکدانەوەی زمانزانانە و بەسەر زمانیاندا سەپاندووە، بایەخی زیاد لە مافی خۆی وەرگرتووە و هەندێ ڕێچکۆلەی زمانی تەماوی کردووە.

یەکێك لەو بڕیارە غەڵەتانەی کە لە مەنتیقی دەرەوەی زمانەوە بەسەر ڕێزمانی کوردیدا بڕاوە، ئەوەیە کە دەگوترێ چونکی کوردی لە زمانەکانی هیندی – ئەورووپاییە نابێ ڕستەی بێ فیعلی تێدا بێ، هەر لەو بڕیارە غەڵەتەوە گەلێك ڕاست بەهەڵە دانراوە و گەلێك هەڵەش کراوە بەدەستوور. ئەو زمانزانانەی بڕیاری وایان داوە گوێیان نەداوەتە واقیعی سەربەخۆی هەر زمانێك لە خێزانی هیندی – ئەورووپایی، بەڵکو مەیلەو بەپەلە ڕواڵەتێکی بەرچاوی هەندێك لە زمانانی ئەو خێزانەیان پان کردووەتەوە بەسەر هەموو زمانەکانی و بێ دوودڵی کردوویانەتە دەستوورێکی گشتی. گومانم نییە لەوەدا بڕیاری باس لێکراو ئەو غەڵەتە گەورە بەناوبانگەی تێدایە کە لە «اصول الفقە» پێی دەڵێن «مصادرة(٩) علی المطلوب» چونکە بڕیارەکە هەڵوەستێکی ناڕەوا و ناڕاست دادەهێنێ بۆ دزینەوە و دەست بەسەرداگرتنی ئەو مەوزووعە کە جێی موناقەشە و دەمەتەقەیە، خۆ ئێمە جارێ نەمانسەلماندووە هەموو زمانێکی هیندی – ئەورووپایی لەو بابەتەن تا بسەلمێنین کوردیش لەو بابەتەیە، موناقەشەی ئێمە لەسەر ئەوەیە ئایا لە کوردیدا ڕستەی بێ فیعل هەیە یا نییە کەچی بڕیارەکە هەر لە پێشەوە دەستی بەسەر مەوزووعدا گرت و بێ ئەوە لە کوردی بکۆڵێتەوە ڕستەی بێ فیعلی لێ یاساغ کرد. چ فەقێك نییە لەوەدا یەکێکی تر بێ و بڵێ (چونکە لە کوردیدا ڕستەی بێ

(٩) شەرحی ئەم زاراوە گەلێك پتری پێ دەوێ، بەداخەوە لێرەدا دەرفەت نییە.

فیعل هەیە دەبێ لە هەموو زمانەکانی هیندی – ئەوروپاییش ڕستەی بێ فیعل هەر هەبێ) هەڵبەت ئەمەش هەر «مصادرە»یە چونکە جارێ نە ئەوە سەلمێنراوە کە لە کوردیدا ڕستەی بێ فیعل هەیە و نە ساغیش بووەتەوە هەموو زمانەکانی تریش تێیاندا هەیە.

بەلای باوەڕی منەوە وەك بەدیهییە وایە کە کوردی ڕستەی بەفیعل و بێ فیعلی تێدایە و هەر لەو حاڵەتەدا ڕستە بێ فیعلەکانی نابینین کە بەچاویلکەی خوازرایەوەی زمانزانەکانی بێگانە سەیری زمانی کوردی بکەین. ئینکارکردنی هەبوونی ڕستەی بێ فیعل لە کوردیدا ئەو خلیسکەمان پێ دەبا کە، کوردی گوتەنی، تەوقی سەری ڕێزمانەکەمان بەئەرز دەکەوێ، چونکە بەشێکی گرینگ لە بنج و بناخەی زمانەکە هەڵدەتەکێنێ، فەرموو سەیری ئەم میسالانە بکە و بەدوا ئەودا سرنج بگرە لە ئەنجامی نەسەلماندنی هەبوونی ڕستەی بێ فیعل لە میسالەکاندا؛ دەگوترێ:

من پاك بووم.

من پاك دەبم.

ڕستەی یەکەم سیغەی ڕابردوو و ڕستەی دووەم داهاتووی کاری «بوون»ە و دەتوانی وشەی پاك هەڵگری و بڵێی «بووم، دەبم» هەروەك دەڵێی «نووستم، دەنووم – خورادم، دەخۆم». لەم ڕستانەدا فیعل هەن و جێی دەمەتەقە نین.

ئینجا سەیری ئەم ڕستەیە بکە:

من پاکم.

لێرەدا کام بەشی ڕستە فیعلە؟ هەڵبەت دوو وشەی «من، پاك» نەکەس دەڵێ فیعلن و بەزۆرەملێش نابنە فیعل. ئەوەی دەمێنێتەوە لە ڕستەکەدا و دەکەوێتە بەر هەست تەنیا پیتی «م»ە، ئاخۆ ئیمکان هەیە پێی بگوترێ فیعل؟

تاقمێك لە زمانزانەکان خۆ لەوە لادەدەن بەو تەرزە بەشەی ئاخاوتن بڵێن فیعل چونکە لە حیسابی وانیشدا بەڕاناو دانراوە، بەڵام کۆڵیش نادەن لە دەعوای هەبوونی فیعل لە ڕستەی کوردیدا ئیتر دەڵێن لە میانی کۆتاییی وشەی پاك و پیتی «م»دا دەنگێکی بێ هێز هەیە ئەو دەنگە فیعلە. ئەم دەعوایە نەك جارێك، چەندین جار ڕەش دەبێتەوە و لەبەریەك هەڵدەوەشێ و بەسەر خۆیدا دەتەپێ بێ ئەوە ئەرکێکی چەندان بەخەرج بدەین.

ئەگەر ئەم دەنگە بێ هێزە فیعل بێ کەواتە دەبێ لە «مضاف و مضاف إلیە»شدا فیعل هەبێ چونکە ئەو دەنگە بێ هێزەی تێدایە، وەك کە دەڵێی «کورم، کچم، خێزانم».

با لە ئیزافە گەڕێین و بلکێین بەهەمان میسال کە هێنامانەوە، بەڵام ئەمجارەیان کەسی یەکەمی جەمعی بۆ بەکار بێنین ئەوسا دەڵێین: «ئێمە پاکین». دەبینی لێرەدا پیتی «ك» چ بزوێن و دەنگی بێ هێزی بەدوادا نایێ و ڕاستەوخۆ ڕاناوی «ین» دەکەوێتە شوێنی، کەواتە ئەو خۆ هەڵفریواندنەش جێگەی نەما کە لە میسالەکەی پێشوودا جنجرۆکی مرۆڤی نەسەلمێنی لێ گیر دەبوو.

دیسانەوە با واز لە جەمع بێنین و بادەینەوە سەر میسال بۆ کەسی یەکەمی تاك وەك میسالەکەی «من پاکم».

دەڵێی «من ئازام – من خەڵقی لادێم – من ئامادەم – من کاکە برزووم...» لەمانەدا چ دەنگێکی بێ هێز نییە لە میانی کۆتاییی وشەکان و ڕاناوەکە تا وەهمی جنۆکاویش گومانی ڕاناوی لێ بکا.

ڕاستی، ئەم دەنگە بێ هێزە کە دێتە ناو ڕستەی وەك «پاکم» لە ناچارییەوە دێ، چونکە تۆ ناتوانی «تلفظ» بکەی بەپیتی «کاف»ی وەستاو و بەدوا ئەودا «میم»ێکی وەستاو بێنی، چ عەلاجت نییە دەبێ «کاف»ەکە قورسکەی بۆ درکاندنی «میم»ەکە. لێرەدا تۆ پیتی «میم» لە دەرەوەی وشەوە دێنی و دەیلکێنی بەوشەکەوە کە ئەمە سەرلەنوێ ناچارت دەکا «کاف»ەکە قورس کەی تاکو مەعلووم بکرێ لەوێدا وشە کۆتاییی دێ، وا هەیە لە ناو خودی وشەکەدا ئەم قورسکردنەی پیتی پێش کۆتایی وشە دەبێتە کاری ناچاری چونکە هەندێك پیت کە کەوتنە پێش هەندێکی ترەوە ئیمکان نییە بەوەستاوی «سکون»ی تەواوەوە «تلفظ» بکرێن. کە گوتت «کرم» بۆت ناکرێ «ڕێ و میم»ەکە هەردووان بەجارێ بوەستێنی، هەڵبەت دەبێ یەکێکیان قورس کەی، کە مەعلوومە پیتی «ڕێ»یە و «میم» نییە چونکە «میم»ەکە کەوتووەتە کۆتاییی وشەوە و جێگەی خۆی هی وەستانی تەواوە. هەروەها کە دەڵێی «شەکر» دەبێ «کاف»ەکە قورسکەی. هەندێ دەنگ هەیە هەردوو حاڵەتان هەڵدەگرن، واتە وەستانی تەواو و قورسکردن، وەك کە دەڵێی «دەنگ» دەتوانێ «نون»ەکە بووەستێنی و دەشتوانی قورس کەی. واش دەبێ پیتی پێش کۆتاییی وشە قورسکردن هەڵناگرێ وەك «دەنگ، ڕەنگ، ماست، بیست، مەرد، بەرد، کەرت، شەرت...». کورتەی قسە ئەوەیە ئەم دەنگە زۆر بێ

هێزە کەوا دەبێ پێی دەڵێن «کسرة مختلسة، Stress، قورسکردن – من پێی دەڵێم بزوێنی بێ تەرەف» چ پێوەندییێکی نییە، کەم و زۆر، بەرێزمانەوە و کارێکی سەر بەزانستی «فۆنێتیك»ە. تاکو ئێستاکەش کەس دەرسی دەنگەکانی زمانی کوردیی نەکردووە لە رووی قابلیەتی هەر دەنگێك بۆ وەستاندنی لە پێش دەنگێکی وەستاوی ترەوە. من بەشێوەییێکی سەرەتایی نەختێك لە مەوزووعەکە تێ فکریوم، رەنگە تا رادەیێك گەلاڵەی نیمچە دیراسەییێکیشم کردبێ، بەڵام هێشتا لێکدانەوەکانم نەخستوونەتە سەر یەك و رێکم نەخستوون، سەرەرای ئەوە کەوا جاریێ زۆریشی بەبەرەوە ماوە.

کەواتە دڵ خۆشکردن بەو رواڵەتە بێ بایەخە لە کارێکی وا گرنگدا، کە بریاردانی بوون و نەبوونی فیعلە لە رستەی کوردیدا، جگە لەوە کە هەرچی زانستی زمانە و هەرچی هۆش و هەست و مەنتیقە گاڵتەی پێ دەکا، هەر خۆی، واتە ئەو دڵ خۆشکردنە، نیشانەی بێ بایەخکردنی رێزمان و دەستوورەکانیەتی چونکە قبووڵکردنی رواڵەتی بێ هێز و بێ دەلالەت و بێ نرخ بە بەڵگەی زمانەوانی بۆ ئیسپاتکردنی مەسەلەییێکی زلی رێزمان هەرچی متمانەیە نایهێڵێ و دەمانباتە سەر ئەو قەناعەتە کەوا رەنگە لە هەموو سەرەباسەکانی رێزماندا تۆژینەوەی وەها سەراوی بەکار بێ و بەکار هاتبێ.. با ئەم رووپەرەیە لێرەدا وەرگێرین و چی تر بەدوای نەکەوین چونکە ئەوە ناهێنێ یەك هەنگاوی تری بۆی هەڵێنین.

هەندێك لە زمانزانان راناوی «م» لە رستەی وەك «من پاکم» بەفیعل دادەنێن، واتە بەلای وانەوە هەموو راناوە لکاوەکان لەو رستانەدا کە بێ فیعلن خۆیان فیعلەکەن و کاتی «ئێستا، حاضر» دەبەخشن. ئەم تاقمە دەڵێن «میم»ی رستەی «من پاکم» وەك amی زمانی ئینگلیزی وەیا sui زمانی فرەنسی وایە کە حاڵەتێکی «فعل الکینونة، verb to be»یە واتە ئەو وشانەی کە بەراناو دادەنرێن لە رستەی «من پاکم، ئێمە پاکین، تۆ پاکی، ئێوە پاکن، ئەو پاکە، ئەوان پاکن» دەبێ سیغەی ئێستاکەی فیعلی «بوون، کینونە» بن، گۆیا رابردوو «من پاك بووم» داهاتوو «من پاك دەبم» بێ.

ئەم باوەرە نەختێك لە باوەرەکەی پێشووتر کامڵترە لەو رووەوە کە هەر نەبێ وەك کەسێك لافاو راماڵی دابێ دەیەوێ دەست بەپنچکێك وەیا لکە دارێکەوە بگرێ. بەڵام بەداخەوە ئەویش لەلای خۆیەوە کارێك دەکا بەزمانەکەمان با بەدەواری شری نەکردبێ.

کە گوترا ئەو «میم»ەی کۆتاییی ڕستەی «من پاکم» فیعلە نەك ڕاناوە، ئەوسا دووچاری مەتەڵی ئەوتۆ دەبین لە زمانەکەماندا بەکەس هەڵنەیێ، چونکە ڕاستەوخۆ بەو حەقیقەتە ڕەق و تەقە دەکەوینەوە کە هەمان «میم» لە کۆتاییی فیعلیشەوە دێ وەك «گوتم، ڕۆیشتم، دەبینم، بکەم..» بەو پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە لە کوردیدا یەك «فعل» دوو فیعلی تێدایە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەپێکی سەیرە، ئێسکیشی سووك نییە، ئینجا تێ دەمێنین بەدەست ئەو «استحالە»وە کە بەکەس ناکرێ لە ڕستەی «ڕۆیشتم»دا واتای فیعل بەسەر ئەو «میم»ە بێ گوناهەدا بسەپێنێ، ئەوساش «میم»ەکە دەبێتە «فعل و نافعل». لەوەش سەیرتر حاڵی «میم»ەکەیە کە دەبێتە «مضاف إليە» وەك کە بڵێی «بارامی کوڕم» لێرەدا هەر بەجارێ پەکی هۆش و گۆشی هەموو زمانزانینێکمان دەکەوێ چونکە لە «اضافە»دا چ پێویستێکمان نییە بەفیعل. خۆ ئەگەر هاتو گوتم «من براتم» ئەوسا «تێ»یەکە و «میم»ەکە هەردووکیان، خۆشی بێ و ترشی بێ، دەبنە «فعل» هەرچەند ئیمکان نییە بەشرینقەش واتای فیعلیان تێ بکرێ. دەمێنێتەوە بڵێین ئەو «میم»ە و هاوڕێکانی هەر لە حاڵێکدا بەفیعل دادەنرێن کە لە ڕستەدا فیعلی بەرچاو نەبێ، واتە کە گوتمان «من کوڕم» لێرەدا «میم»ەکە فیعل بێ تاکو ڕستەکە نەبێتە ڕستەی بێ فیعل، کە گوتیشمان «بارامی کوڕم ئەمەتە» با لێرەدا «میم»ەکە ڕاناو بێ یا هەرچی دەبێ با ببێ هەر فیعل نەبێ، بەو گوێرەیە دڵمان تەسکین دەبێ بەنەهێشتنی «تناقض» و بێ مەنتیقی لە بڕیار و دەستوور و لێکدانەوەی زمانزانیمان. خولاسە بۆ خاتری سەپاندنی بوونی «فعل» لە هەموو ڕستەیێکی کوردیدا پێویستمان هەیە بەهەندێك چاوپۆشی و لەبیرخۆبردنەوە و هۆش خەواندن، ئەگەر وا نەکەین دووچاری ئەوە دێین کە دان بنێین بەبوونی ڕستەی بێ فیعل لە زمانی کوردیدا، ئەوساش مەبدەئە پیرۆزەکەی «هەموو زمانەکانی هیندی – ئەورووپایی هەر ڕستەی بەفیعلیان هەیە» کەلێنی تێ دەکەوێ، یاخود هەر بەجارێ سەرەوبن دەبێ، ئیتر لەوە بەولاوە خوا دەزانێ کورد و زمانی کوردی چییان بەسەر دێ.

بەدەست خۆم نییە لێرەدا بەنیسبەت لەناوچوونی ئەو مەبدەئەوە قسەی کابرای شارەزووریم بەبیردا دێ کە گوتی «دەمرێ نامرێ ملی وەقوتەوە».

زمانی کوردی نەزیاد دەکا نەکەم دەکا بەوە کە هەموو دەستوورەکانی لەگەڵ هەموو زمانەکانی هیندی – ئەورووپایی ڕێك بکەوێ یا ڕێك نەکەوێ. من تەعەسوبێکم نییە، نەبەلایەنگیری نە بەدژکاری، بۆ هەر ڕاستییێك کە لە تۆژینەوە دەربارەی

زمانەکەمان ئاشکرا دەبێ، تەعەسوبێکم کە هەبێ بۆ ڕاستییەکە خۆیەتی.

من وا لەبەرچاومانە هەر هەمان ڕاناوی لکاو کە بەدوا فیعلەدا دێ لە کۆتاییی ئەو ڕستەیەش دێ کە فیعلی بەرچاوی تێدا نییە، ئینجا دەبێتە «مضاف إليه» و کارا و بەرکار و بەدوا ئەو ئەمرازانەشدا دێ کە پێیان دەگوترێ Preposition:

من هاتم،

من کوڕم،

دارای کوڕم هات،

لێم گەڕێ،

پێم بڵێ،

بمبینە،

دەتاندیتم،

مەمخەرە هاویەیی هەولی فیراق،

دەستم تێ مەدە هەر خۆم ئاگرینم.

لە هەموو ڕستەکاندا «میم»ەکە وەك خۆی دێتەوە بێ ئەوە زەرەییێك لە واتا و سروشت و تایبەتییەکانی زیاد و کەمی کردبێ ئیتر بە چ مافێك و ئینسافێك بەمرۆڤی کورد بڵێم: براکەم ئەم «میم»ە لە فلانە ڕستەدا شتێکی جیاوازە لە «میم»ەکانی تر، خۆ ئەگەر قەناعەتیشت نەیێ، کاکی کورد، دەبێ لەبەر خاتری من خۆت ئیقناع کەی.

بەڕاستی ئەمە کاری کردن نییە.

دوای ئەمە سەرلەنوێ دەبێ خۆم و خەڵقیش هەڵفریوێنم بەوە کە بڵێم ئەم «میم»ەی ڕستەی «من کوڕم» هەمان «am»ی «فعل الکینونە»ی «I am a boy»ە هەروەهاش دوو پیتی «ین» لە ڕستەی «ئێمە کوڕین» «فعل الکینونە»ی (are)ە لە ڕستەی «We are boys»دا.

وەی کە دوور دەکەوینەوە لە جەرگەی زمانی کوردی و خۆمان لە تایبەتییەکانی کوێر دەکەین بەقسەی ئەوتۆیی.

لە ئینگلیزیدا ئەم «are, am, is»ە بەڕاستی «فعل الکینونە – Verb to be»ن و

«تصریف» دەکرێن و لە «ماضی»دا دەبنە «were, was»:

I am

I was

We are

We were

He is

He was

ڕاناوە لکاوەکانی کوردی ئەم «تصریف و ماضی و مضارعە»یان نییە چونکە فیعل نین تا هەیانبێ. ڕێکەوت وایە ڕاناوی کەسی یەکەم لە کوردیدا کە «میم»ە نەختێك لە amی ئینگلیزی دەچێ خۆ هەموو ڕاناوەکانی تر زۆر و کەم پێکچوونیان نییە لەگەڵ were, was, is, am. کە دەڵێی «ئێمە کوردین» چ شەباهەتی تێدا نییە لەگەڵ ڕستەی We are Kurds، واتە ڕاناوی «ین» لە کوێ و فیعلی «are» لە کوێ. هەر ڕاناوی «میم» خۆی چ ناشوبهێتە «sui» کە «فعل الکینونە»ی کەسی یەکەمی تاکە لە فرەنسیدا، خۆ فرەنسیش وەك ئینگلیزی و کوردی یەکێکە لە خێزانەکەی «هیندی – ئەوروپایی».

لە ئینگلیزیدا ڕاناوی لکاو نییە وەك لە کوردیدا هەیە، تەنانەت هەموو فیعلەکانی یەك سیغەیان هەیە بۆ هەموو کەسەکان، تەنیا لە «مضارع»ی کەسی سێیەمی تاکدا پیتێکی S دەلکێ بەکۆتاییی فیعلەکەوە. تۆ سەیرکە کە دەڵێی I was ڕاناوێکی نەلکاو و فیعلی «کینونە»ت بەکار هێناوە، بەڵام لە کوردیدا کە دەڵێی «من بووم» ڕاناوی نەلکاوی «من» و «فعل الکینونە»ی «بوو» و ڕاناوی لکاوی «م»ت هێنا دەوجا کە «م»ەکە بۆ خۆی «فعل الکینونە» بێ ئەی فیعلی «بوو» دەبێ چی بێ؟

پوختەی قسە لە سەرلەبەری ئەم مەوزووعە ڕادەگەیەنێ کەوا لە ڕستەی وەك «من پاکم، لێمرا دیارە، تۆ برای منی، هەموومان کوردین، سەیری[١٠] چەند جوانە، دارا کوڕی ڕۆستەمە، ناوی سالم عەبدوڕەحمان بەگە، ڕەواندز بەسەر خەرەندەوەیە...» و هەزاران ڕستەی ئەوتۆیی لە زمانی کوردیدا نەهیچ فیعلێکی نهێنیی تێدایە نەعەقڵ دەسەلمێنێ ئەو بەشەی پێی دەگوترێ «ڕاناو» لە ڕستەکاندا فیعل بن چونکە هەروەك مراوی کەرکەدەن نییە ئەمانەش فیعل نین، کە بەزۆرەملەش کردمانە فیعل هەرچی

(١٠) بەئانقەست ئەم ڕستەیەم هێنا تا بڵێم دەشێ لێرەدا فیعلێکی قرتاو هەبێ و بەئەسڵ «سەیری کە» بووبێ، بەڵام «چەند جوانە» بۆ خۆی بێ فیعلە.

دەستووری بنجی هەیە بۆ پێکهێنانی ڕستەی تەواو لە کوردیدا لەگەڵ هەوەڵ تەکانی ئەم زۆرەملەیەدا پەرەم بەپەرەم دەبێ و زمانی کوردی ئەوە نامێنێ کە هەیە، دەبێ ڕێزمانێك ساز دەین ئەوەندە پڕ فەند و فێڵ و ساختە و تەئویل بێ بایبی ئەوە بکا هەر نەبێ لە ڕواڵەتدا پەردەیێکی درۆزن بخاتە سەر ئەو هەموو ئیعتیرازانە کە دێنە سەری و ڕێی پێ دەگرن. بەنموونە دەڵێم کە گوترا ڕاناوەکان فیعلن ئەوسا دەبێ تەعریفی فیعل دەسکاری بکرێ تا ئەوانیش بگرێتەوە، تەئویلیش بێتەوە بۆ نەبوونی ئاوەڵکار «ظرف»ی ئەوتۆ لەگەڵ واندا بگونجێ، شەوەها و ڕۆژەهاش خەریك بین تەوجیهێك بێنینەوە بۆ گۆڕانی ئەو وشانە لە ڕاناوەوە بۆ فیعل، لە فیعلەوە بۆ ڕاناو و لە خەڵق بگەینین چۆن «میم»ی ڕستەی «من پاکم» فیعلە و هی ڕستەی «ڕۆیشتم» ڕاناوە.

چ سەرپێچیی پێ ناوێ، لزووم بەدوودڵیش ناکا لەوەدا بێ پەروا و بەقەناعەتێکی تەواوەوە بڵێین ڕستەی بێ فیعل لە کوردیدا هەیە وەك ڕستەی فیعلدار. ئەوەی ئیمکانیشی پەیدا کردووە ڕستەی بێ فیعل هەبێ ڕاناوە لکاوەکەیە بەخۆی و توانای زۆر سەیرییەوە بۆ دروستکردنی «حکم، اسناد» لە ڕستەدا. لە کوردیدا ڕاناوی لکاو ئەوەندە کاریگەرە نەك هەر لە ڕستەی بێ فیعلدا «اسناد، حکم» هەڵدەستێنێ، فیعلیش، بەدەگمەن و لە هەندێ سیغەی تایبەتی نەبێ، بێ ڕاناوی لکاو کار ناکا بەتایبەتی لە لەهجەی کوردستانی ژێرووردا کەوا خەریکە خۆ دەسەپێنێ وەك شێوە زمانی ئەدەبی کوردی. زمانزانێك کە سرنج بگرێ لە بەشەکانی زمانی کوردی و ڕۆڵی هەر بەشە لە ئاخاوتندا بێنێتە بەر هەست و هۆشی خۆیەوە زوو لەوە دڵنیا دەبێ کەوا ڕستەی بێ فیعل هەیە و پڕی زمانی کوردییە، سەرلەنوێ پرسیارێکی تریش لە خۆی دەکا و دەڵێ ئایا دەشێ لە کوردیدا ڕستەی تەواوی بە (اسناد) پەیدا بێ بێ ڕاناوی لکاو؟ بەلامەوە لێرەشدا قەناعەت پەیدا دەکا بەوە کەوا هاتنی ڕاناوی لکاو بۆ ناو ڕستەی بە «اسناد» دەستوورێکی بنجی و گشتییە لە زمانی کوردیدا، تەعلیلێکیش پێویست دەبینێ بۆ نەبوونی ڕاناوی لکاو لە زۆرینەی فیعلی کەسی سێیەمی تاك و لە سیغەی «فەرمان، أمر، طلب، ویستن» بۆ کەسی دووەمی تاك. دەبێ پرسیارێك لە خۆی و سروشتی زمانەکەی و مەنتیقیش بکا هۆی نەبوونی ڕاناو لە فیعلی وەك «هات، فڕی، ڕما، مرد – بڕۆ، وەرە، بڵێ، بخۆ، بژی» چییە و بۆ ئەم فیعلانەی کەسی سێیەم و دووەمی تاك بێ ڕاناون؟ هەوڵ دەدەم لەم نووسینەمدا، ئەگەر زێدە لە تەحەمولی بارستی گوتار درێژ نەبێتەوە، بەپێی تێگەیشتنی خۆم وەرامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

نووسەرم دیوە لە کوردیدا بەئاسایی و بێ خۆ ماندووکردن و بەڵگە هێنانەوە گوتووەتی ئەم بزوێنەی کۆتاییی ڕستەی وەك «دارا مەردە» کە دەبێتە هۆی «اسناد» لە ڕستەدا هەمان فیعلی «کینونە»یە کە لە فارسیدا بەوشەی «است» دەردەبڕێ، ئەوەشی خستووەتە سەر قسەکانیەوە بۆ پتەوکردنی باوەڕەکەی کەوا لە هەندێ شێوەی کوردی ڕستەکە بەتەواوی خۆی لە فارسی نزیك دەکاتەوە و دەبێتە «دارا مەردەس». زمانزانێك کە لەبەر تیشکی چاوغەڵەتێنی «دارا مەردەس» بگا بەو قەناعەتە کە لەو جۆرە ڕستانەدا کورد و فارس «مەردە، مەردەس – مرداست»یان لە یەك سەرچاوەوە هەڵێنجاوە دەبوا پرسیارێك لە خۆی بکا و بڵێ لە فارسیدا ئەم «است»ە هەر بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکار نایێ، بۆ هەموو کەسەکان بەکار دێ و دەگوترێ «مرداستیم، مرداستم، مرداستی، مراستید، مرداستند، مرداست» ئەدی بۆ لە کوردیدا هەر بۆ کەسی سێیەمی تاك، ئەویش لە هەندێ لەهجەکانی، ئەم «است»ە تارمایێکی دەدیترێ؟ بۆ ناگوترێ «من مەردەسم، تۆ مەردەسی، ئێمە مەردەسین..»؟

لێرەدا پەردەیێك لەسەر مەوزووع هەیە دەبێ لابرێ ئینجا خۆی بەدەستەوە بدا.

لە فارسیدا کە بڵێی «منم – بەئیملای کوردی مەنەم دەنووسرێ» وەك ئەوەیە لە کوردیدا بڵێی «منم»: کە گوتیشت «من هستم» ئەم گوتەیە لە کوردیدا دەبێتە «من هەم». ئەم سیغەیەی «منم – مەنەم» بۆ هەموو کەسەکان بەکار دێ وەك خۆی، تەنیا بۆ کەسی سێیەمی تاك نەبێ. دەڵێی «منم، توئی، مائیم، شمائید، ایشانند» بەڵام بۆ کەسی سێیەمی تاك دەبێتە «اوست – دیارە کورتکراوەی أوهست»ە.

سیغەکەی تریش هەروەها بۆ هەموو کەسەکان دێتەوە و دەگوترێ: «من هستم، ما هستیم، تۆ هستی، شما هستید، أو هست، ایشان هستند».

کوردیش وەك فارسی هەردوو سیغەی هەیە:

منم، ئێمەین، تۆی، ئێوەن، ئەوە، ئەوانن.

من هەم، ئێمە هەین، تۆ هەی، ئێوە هەن، ئەو هەیە، ئەوان هەن.

لەمەڕا دیار دەکەوێ کورد کە دەڵێ «دارا مەردە» ڕستەیێکی کوردیی پەتیی بەکار هێناوە، ئەمرازێکیشی(١١) بۆ دروستکردنی «حکم و اسناد»ەکە هێناوەتەوە کە نەك هەر

---

(١١) مەبەستم ئەو بزوێنەی «ە»یە کە لە کۆتاییی ڕستەکەدایە «دارا مەردە»، بەلای منەوە بزوێنەکە جێگەی «ڕاناوی لکاو»ی گرتووەتەوە.

کوردییە و بەس بەڵکو یەکێکە لە دوو سیغەی کوردی ڕەسەن کە تا ئێستا بەجووتە زیندوون و هەریەکەیان کارێکی تایبەتی دەکا. بەو پێیە «دارا مەردە، من مەردم» لە «دارا مرداست، من مرد استم» وەرنەگیراوە، لەو دوو ڕستەیەی کوردیش وەرنەگیراوە کە گوترابا «دارا مەرد هەیە، من مەرد هەم»، زۆر ئاشکرایە ڕاناوەکانی «ە، م» شتێکی جیان لە «هەیە، هەم». ڕاستییەکەی «هەیە و هەم و هەین و هەن..» بەولای «حکم و اسناد»ی «مطلق» شتێکی بەزیادەوەیان تێدایە کە واتاکەیان ڕاستەوخۆ دەکاتە «مەوجوودە، مەوجوودم، مەوجوودین...».

بەڵام لێرەدا ڕوونکردنەوەیێك پێویستە بێ درێژە پێدان، چونکە نە ئەو دەرفەتە هەیە نەئەو تۆژینەوە کراوە ڕێی درێژ کێشانەوە بدا.

لە فارسیدا سیغەی «هستم، هستیم» هەر بۆ حاڵی حازر هەیە نە لە ڕابردوو، نە لە «مضارع»دا پەیدا نابێ. لە «ماضی»دا دەبێتە «بودم» لە «مضارع»دا دەبێتە «می شوم».

لە کوردیدا بەنیسبەت مەوزووعەوە دوو تێبینی دێتە پێش:

١- «هەم، هەین..» «ماضی»شیان هەیە و دەگوترێ «هەبووم، هەبووین، هەبووی، هەبوو، هەبوون». لە تسریفەکەشڕا دیارە فیعلەکە تێ نەپەڕە، چونکە ڕاناوی تێ نەپەڕی بۆ بەکار هاتووە، خۆ لە گوێرەی واتاکەی هەر ئەمەیش چاوەڕوان دەکرا.

٢- فیعلی «هەبوون» بەواتای «تملك»یش بەکار دێ، بەڵام ئەوسا جۆری لەکارهێنان و تەسریفی دەگۆڕێ. بۆ حازر دەگوترێ «هەمە، هەمانە، هەتانە، هەیەتی، هەیانە».

هەمیسان بۆ حازر دەگوترێ «هەیەتم، هەیەتمان، هەیەتت، هەیەتتان، هەیەتی، هەیەتیان». لێرەدا وەك ئەو سیغەیەی لێ کرا کە دەڵێ «کردوومە، کردوومانە...» «کردوومە، کردوومانە...» دێ لە زاری خەڵقی سولەیمانی. دەشدیترێ بۆ کەسی سێیەمی تاك بۆ هەردوو وێنە هەر سیغەی «هەیەتی» بەکار دێ.

لە «ماضی»دا دەگوترێ «هەمبوو، هەمانبوو، هەتبوو، هەتانبوو، هەیبوو، هەیانبوو».

لە «مضارع»دا دەگوترێ «دەمبێ، دەمانبێ، دەتبێ، دەتانبێ، دەیبێ، دەیانبێ».

ئاشکرایە بەکارهێنانی «هەبوون» بەواتای «تملك» دەیکاتە کاری تێپەڕ «معتدی»،

بەپێچەوانەی ئەوە کە بەواتای «مەوجوودم» بەکار بێ ئەو فیعلی لەگەڵیدا دێ دەبێتە تێ نەپەڕ، وەك گوتمان.

تۆ کە دەڵێی «من هەم، من هەبووم، من دەبم» بەواتای مەوجوودم، مەوجوود بووم، مەوجوود دەبم، وەك ئەوەیە گوتبێتت «من نووستووم، من نووستم، من دەنووم» کە تەسریفی کارێکی تێ نەپەڕە.

بەڵام کە دەڵێی «هەمە، هەمانە» سیغەی «گوتوومە، گوتوومانە»ت بەکار هێناوە کە هی کاری تێپەڕە. لە کاری تێ نەپەڕدا ناگوترێ «نووستوومە، نوستوومانە...».

کە دەشڵێی «هەیەتم، هەیەتمان» صیغەی «گوتووەتم، گوتووەتمان»ت بەکار هێناوە کە ئەویش هی تێپەڕە.

لە «ماضی»دا کە دەڵێی «هەمبوو، هەمانبوو» لە ڕاستە «تصریف»ت لاداوە چونکە وەك ئەوە نییە بڵێی «کردم، گوتم»، بەڵام لەبەر هۆیێکی گرنگ ئەم لادانە کراوە، ئەگەر وەك «کردم و گوتم» کرابایە «ماضی» ئەوسا دەبووە «هەبووم» کە تێ نەپەڕە و واتای «تملّك» دانا، واتای «مەوجوود بووم» دەدا. بۆیە کە دەڵێی «هەمبوو، هەمانبوو» ئەوەت کردووە کە لەگەڵ فیعلی تێپەڕی خاوەن پێشگری دەکەی: دەڵێی «هەڵم گرت، دەرم کرد...»، ئەگەر فیعلەکە تێ نەپەڕ بێ دەڵێی «هەڵستام، دەرچووم».

لە «مضارع»یشدا کە دەڵێی «دەمبێ» «مضارع»ی عادەتیت نەهێناوە وەك «دەخۆم، دەبینم، دەخۆین، دەبینین» چونکە ئەگەر وات کردبا دەبوا بڵێی «دەبم» کەوا بەواتای تێ نەپەڕ دێ و «تملّك»ی تێدا نابێ. «دەمبێ، دەمانبێ» وەك فیعلی «دەمانپەرژێ، دەمانخورێ، دەماندزێ(١٢)، دەمانەوێ» وایە کە فیعلی تێپەڕن، بەڵام ڕاناوە

(١٢) دەمدزێ: لە دزینەوە نەهاتووە، بەئەسڵ لە وشەی «دزێو» وەرگیراوە، دزێویش بەواتای (ناشیرن) دێ، کەواتە دەمدزێ «پێم دزیوە – یقززنی»یە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم کۆمەڵە فیعلە، هی تریش هەن، لە کوردیدا سروشتی تایبەتی خۆیان هەیە و مامڵەتیان لە هەندێ ڕووەوە لە فیعلی تر جودایە وەك ئەوەی کە لە «ماضی»دا ڕاناوە لکاوەکەیان «فاعل»ە و لە «مضارع»دا دەبێتە مەفعوول: «پەرژام، دەمپەڕژێ – دزام، دەمدزێ– ویستم، دەمەوێ». بەسەهو مەچۆ لە ڕاناوەکەی فیعلی دەمەوێ بەوەدا کە وەك فاعیل بێتە پێش چاوت، ڕاناوی لکاو لە «مضارع»دا نایێتە دوای نیشانەی «دە»ی مضارعەوە بەمەفعوولی نەبێ وەك «دەمنووسێ، دەمبینێ، دەمکا، دەمخا..» فیعلی «دەمەوێ» واتاکەی دەبێتە =

لکاوەکەیان «مان» هەرچەند هی فیعلی تێپەڕە، لێرەدا جێگەی «مفعول»ی گرتووەتەوە.

ساغکردنەوەی ئەو باسانە گەلێك پتری دەوێ لەوەندەی من لەسەری ڕۆیشتم، بەڵام بێگومان لە پەڕاوێزی گوتارێکدا هەر هێندەی جێ بۆ دەکرێتەوە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ دەبوا بەجۆرێك خۆمیان لێ بدزمەوە باسەکەش ناتەواو نەبێ و قازانجی «کورتکردنەوە»ش پێك بێ، بەڵام لەو دەربوونەی تێیدا ڕۆیشتم بۆ سەر شار و ناوەڕۆکی گوتارەکە، لووت و بزووت تووشم هات و پێم نەکرا خۆمی لەبەر لادەم تا باجی خۆی لێ سەندم. مەبەسم لەو تێبینییە «هەمە و هەیەتم»ە نەك باسەکانی تر کەوا لە جەرگەی مەوزووعەوە هەڵدەستن.

تا ئێرە کارێکی کردبێتم و گوتەیێکی گوتبێتم، بەزۆری، ڕەخنە و ڕاستکردنەوە و پێ ڕازی نەبوون بووە، لە دوو لێوەی خامەم دەرنەچوو «ضمیر، ڕاناو، Pronoun» چییە و چەندە و چۆنە. بەڵام وەنییە لەوەدا سووچی من هەبێ، مەوزووع لە خۆیەوە پەل داوێ بەهەموو لایێکدا و گەلێك دەفتەران دەخوێنێتەوە، تەنانەت وا بووە من دەفتەرم لێ داخستووە دەنا درێژتریش خۆی لێك دەکێشایەوە.

لەو ڕووپەڕنەی وا بەدەستەوە ماون لە گوتارەکەدا دێمە سەر چەقی باسەکە و هەوڵ دەدەم، بەپێی تێفکرینی خۆم، وەرام بدەمەوە:

لە کوردیدا «ڕاناو» چییە؟

ڕاناو چەندن؟

ڕاناو چ کارێك دەکەن؟

پێشتر گوتم لەو لیستەی حەفت لکاوییە، شەش لکیان ڕاناو نین. هەڵبەت کە دەڵێم ڕاناو نین لەو ڕووەوەیە کەوا لکی حەفتەم «ڕاناوی کەسی» کە لە ئینگلیزیدا پێی

---

= «یعوزنی» هەرچەند لە ڕابردوودا «ویستم» بەواتای «طلبت، أردت»ش بێ.

سەیرێکی فیعلی «دەمخورێ» بکە، هەرچەند لە ڕابردوودا «خورام» تێ نەپەڕە و چ مەفعوولی پێ ناوێ، لە «مضارع»دا ڕاناوەکەی «م» بووە بەمەفعوول. بەپێی دەستوور دەبوا بۆ دروستکردنی فیعلی تێپەڕ لە «خوران» هەر خوراندن هەبێ و بگوترێ «خوراندمی، دەمخورێنێ» کەچی وا لە «مضارع»دا ماملەتی بەتەواوی هی تێپەڕە بەبێ زیادکردنی پاشگری «اندن». مەوزووع پتری بەبەرەوە هەیە و پێویستی بە «استقراء»یش زۆرە، بەڵام لێرەدا جێی نابێتەوە، جێگاکە خۆی چی تر بەبەرەوە نییە.

دەگوترێ Personal ئەو ڕاناو بێ، چونکی هەرچی هۆی کۆکردنەوە و لەیەك چواندن و خزمایەتی هەیە لە بەینی ڕاناوی کەسی و شەش بەشەکەی تردا نییە. لە فەرزی لە ڕێی تەعریفێکی فش و فۆڵی ڕاناوەوە بشتوانین جغزێکی پان و شل و شەپەتە بەدەوری هەمووواندا بکێشین ئەو جغزە هەروەك خەندەقەی لێ دێ کە بەدەوری ئاو و ئاگرەوە هەڵکەندرابێ، سەد جاران بلێی «ئاو و ئاگر مادەن» دژایەتی و «تناقضی»ی میانیان بەو قسەیە هەڵناستێ. ئەگەر بەوشەسازی و فەندی ڕەوانکاری چاری «تناقضات» کرابا دەمانگوت «داگیرکەر و داگیرکراو هەردوویان ئادەمیزادن» و بەوە لە هەرا و هۆریا و شۆڕش و کشتوبڕی دەبووینەوە. هەر تەعریفێك بێ و ڕاناوەکانی «گوتمان، دەڵێین: کۆ بکاتەوە لەگەڵ وشەی وەك «ئایا، هیچ کەسێ» ئەو تەعریفە لەوەی زیاتر نەکردووە کە خۆی ئاوس کردووە بەشتی وێك نەچووی وەك «هێلکە مراوی و خاکەناز و مووی ساختەی باروکا». پێشتر گوتم و ئێستاش دەڵێمەوە کە زمانزان یاسا و دەستووری وەها دانێ ڕاناوی «میم» لە ڕستەی «کردم»دا بەر ئەو تەعریفە بخا کە بۆ «فلانە کەس و فیسار» دانراوە ئیتر پێی ناوێ (اسم و فعل و ظرف و صفە)ش لە یەکدی جودا کاتەوە، شاعیر گوتەنی «زەحمەتی بێهودە چ لازم».

من لێرەدا ڕێ بەخۆم نادەم، دەرفەتیش نییە، بچمە ئەو بنج و بنگە فکرییەوە کە بیروباوەڕی زمانزانانی لەسەر هەڵچەقیوە دەربارەی تێکڕای دەستوورەکانی ڕێزمان یا تایبەتی دەستووری سەر بەڕاناو کە یەکێك بێ لە بەشەکانی ئاخاوتن. ئەم کارە نەدەکرێ و نەپێویستە. لێرەدا هەر هێندە ماوەی قسە و تۆژینەوە هەیە کە بایی هەڵسەنگاندنی ئەو ژوورخانە ئاشکرا و دیارە بکا کە لە کتێبان نووسراوە و بەسەر زار و زمانانەوەیە.

ئەو شەش بەشەی ڕاناو کە دەمێنێتەوە دوای دەرهاوێشتنی ڕاناوی کەسی لە لیستەی حەفت کەرتی، بەلای منەوە، ئەوانیش کۆ نابنەوە لە ژێر ناونیشانی «ڕاناو» یا هەر عینوانێکی تر بێ چونکە زۆر لەو بەشانە هێند لە یەکدی دوورن ئەگەر ڕواڵەتێکی بێ بایەخیش خزمایەتییان لە میاندا پێك بێنێ، جوداییی وەها بەهێز لە یەکدییان دەترازێنێ کە نەشێ هەرگیز لە تەك یەکترا دابنرێن و بەتیرە و هۆزێك حیساب بکرێن. سرنج بدە ئەو «ی»ی ڕستەی وەك «پیاوەکەی هاتە لام» و بیخە تەك وشەی «هیچ کەس» و خۆ خەریك کە بەدۆزینەوەی شەباهەت و لە یەکدی چوون لە بەینیاندا. بێ لە گەمە ئەم دوو وشەیە هەر ئەوەندە لە یەکدی دەچن و خزمن لەگەڵ یەکتر کە هەریەکەیان وەك

ئەوی تر بریتییە لە پیتی «ئەلفوبێ» و لە ئاخافتندا دەورێکی هەیە، لەوە زیاتر هیچ تایبەتییێکی «مشترك» کۆیان ناکاتەوە. وەك ئەم دوو وشەیەش وشەی «هی» لە ڕستەی «جلکەکە هی دارایە» و وشەی «یەکێك» لە ڕستەی «یەکێك هات بۆ ماڵەکەمان» ئەوانیش هێندی هەموو جووتە وشەیێکی لە یەکتر بێگانە بێگانەن. وشەی «هی» واتاییێکی ڕووتی «تملّك» دەبەخشێ وەك وشەی of لە ئینگلیزیدا، هەر ئەوەندە فەرقەش هەست پێ دەکرێ لە بەینیاندا کە جۆری بەکارهێنانیان لە دوو زمانەکەدا لە یەکتریان جودا دەکاتەوە. وشەی «یەکێك» بەلەفز و واتاوە تەواو و سەربەخۆیە.

خولاسەی قسە ئەوەیە کە وشەکانی «من، ئێمە، ئێوە، تۆ، ئەوان، ئەو» بەخۆیان و شێوە لکاوەکانیانەوە ڕاناو بن ڕێگە دەبەسترێ بەتەواوی لەوە ئەم عینوانە بۆ هیچ بەشێکی تری ئاخاوتن بەکار بێ.

بەڵام تۆ بڵێی کە ناوی ڕاناوت نەکردە عینوانی ئەم تاقمە وشەیە ئایا عینوانی ڕاناو دەست دەدا بۆ شەش کەرتەکەی تر؟ بێ ئەوە بچمە ناوی درێژە پێدان و خوردکردنەوەوە، بەلای باوەڕی منەوە، ئەم چەند تێبینییانەی خوارەوە بەقەدەر «بدیهیە» دێنە بەر هەست و سرنجی مرۆڤ دەربارەی کۆمەڵە وشەی لیستەی شەش لکاوییەوە:

١- عینوانی «ڕاناو» دەست نادا، نە بۆ تێکڕای لیستەکە نە بۆ هیچ یەکێك لە لکەکانی.

٢- ئیمکان نییە هیچ عینوانێکی تر ئەم کۆمەڵە وشەیەی لە یەکتر نەچووی پەراگەندەی بێ سنوور و پەراوێز بخاتە ژێر سایەی خۆیەوە.

٣- گەلێك لە وشەکانی یەکێك لە لکەکان بۆ خۆیان ناچنە ژێر تاکە یەك عینوانەوە و دەبێ دابەش بکرێن بەسەر چەند بەشێکی ئاخافتندا.

من لێرەدا ماڵئاواییی یەکجارەکی دەکەم لەم شەش لکەی لیستەی ڕاناوان و چ ڕووپێوی تری ئەم گوتارەیان پێ ناگرمەوە، مەگەر ناوناوە موناسەبەیێکی ناچاری بیانهێنێتەوە ناو باسەکە، چی ماوە لە مەودای نووسین لە قەبەڵ ئەو تاقمە وشەیەی دەکەم کە لە لیستەکەدا «ڕاناوی کەسی»ی بۆ بەکار هاتبوو.

ڕاناوی کەسی؟

وەك لێتەوە دیارە، بەر لەوەی بچمە ناو لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوە، عینوانی «ڕاناوی

کەسی» بەلای قەناعەتی منەوە پرسەك «علامة سؤال»ێکی گەورەی بەسەرەوەیە، واتە هەر لە پێشەوە بەم عینوانە ڕازی نیم خۆ بکاتە ڕوانگەی تێوەڕامان لەم کۆمەڵە وشەیە.

عینوان و ناو و نیشان کە دادەنرێ بۆ هەر باسێك وای لێ چاوەڕوان دەکرێ چەند مەبەستێکی بنجیی جێبەجێ کردبێ وەك:

١- ڕێ نەدا بەهاتنە ناوی غەیری باسی ئەسڵی بۆ ناو جغزی عینوانەکە، کەچی وشەی «کـەسی» کـوێرەڕێیـانـیش نـابـەستێتـەوە لـە ڕووی وشەی وەك «کـێ» کـە ڕاستەوخۆ و بێ کینایە و تەئویل لە هەموو کەسان کەسترە و بێ سێ و دوو قوت دەبێتەوە لەسەر چەقی واتای «ڕاناوی کەسی». لە وشەی «کێ»ش واز بێنە سەیرێکی وشەی «ئەمە» بکە: لەبەر تیشکی واتای «ڕاناوی کەسی»دا چ فەرقێك هەیە لە میانی «ئەمە دارایە - ئەو دارایە؟»، بەڕاستی کوردی گوتەنی، درۆزن نەبێ فەرقیان پێ ناکا.

نـەخـێر، زاراوەی «ڕانـاوی کـەسی» شوورەیێکی هێندە بڵند ڕاناکێشێ بەدەوری مەبەستدا کە نەهێڵێ وشەی بێگانە بەسەریدا بازدا بۆ ناویەوە.

٢- هەموو کەرت و بەشەکانی باسەکە بگرێتەوە بەهۆی واتای عینوانەکە خۆیەوە نەك لە ڕێی تەئویل و یارمەتیدانەوە.

کـە ئـەمـە بـکـەین بەکێش و تەرازووی هەڵسەنگاندنی زاراوەی «ڕانـاوی کـەسی» دەبینین زاراوەکە لە زۆر ڕووەوە کورت دێنی. پێشتر گوتم وشەکانی «من، ئێمە» بەهیچ جۆرێك ناچنە جێی ناو، ئیمکانیش نییە ناو جێیان بگرێتەوە، کەواتە زاراوەی «ڕاناو» بۆ ئەمان دەست نادا چونکە بەر واتای ڕاناو ناکەون. دوو وشەی «تۆ، ئێوە»ش لەو ڕووەوە وەك «من، ئێمە» وان. بەڕاستی وشەکانی «ئێمە، من - ئێوە، تۆ» ڕاناو نین بەڵام «کەس»ی تەواون. کە سرنج بدەین دەبینین وشەکانی «ئەو، ئەوان» دەشێ پێیان بگوترێ «ڕاناو» چونکە جێی ناویان گرتووەتەوە، بەڵام وەنییە هەموو جاران دەلالەتی «کەس»یان هەبێ وەك کە بڵێی «من مێشوولەکەم نەکوشت، ئەو لە خۆوە مرد». بەو پێیە مەعلووم دەکرێ کە «من، ئێمە، تۆ، ئێوە» کەسن و ڕاناو نین، «ئەو، ئەوان» ڕاناوی و هەموو جاران کەس نین.

٣- بەرچاوترین و بنجیترین سروشت و تایبەتی باسەکە دیار بخا.

لەم لایەنەوە زاراوەی «ڕاناوی کەسی» سەرەڕای بەسەهووبردن، هەر دەڵێی بۆیە

هاتووه تایبەتییەکانی ئەم کۆمەڵە وشەیە تێ ببا و ڕواڵەتێکی درۆزن لە جێگەیان دانێ. لە فەرزی زاراوەی «ڕاناوی کەسی» دەستیش بدا، کە هیچ دەست نادا، دیسانەوە بەنیسبەت ڕاگەیاندنی سروشت و کاری وشەکانەوە کەم و زۆر نەیپێکاوە، بەتایبەتی بەنیسبەت «ڕاناوی لکاو»ەوە کە بەشێکە لە ڕاناوی کەسی و هەر ناتەواویێك لە عینوانەکە هەبوو بەنیسبەت ئەوەوە دەبێتە ناتەواوی لە هەموو مەورزووع. با بزانین لە گۆشەی نیگای ڕاناوی لکاوەوە چۆن زاراوەکە هەر بەجارێ دەست نادا.

پێی ناوێ دووبارە کەمەوە لە خۆوە دیارە، ئەوەی لە زاراوەکەدا بۆ جۆری نەلکاوی دەست نەدا، بۆ جۆری لکاویشی دەست نادا، چونکە لکاو و نەلکاو هەر یەك شتن، ئەمەش «بدیهیە»یە و دەمەتەقە هەڵناگرێ. کەواتە جۆری لکاویشی نەهەمووی ڕاناوە و نەمەرجە هەموو جارانیش بۆ کەس بێ. دەمێنێتەوە زاراوەی «لکاو» ئایا ئەو چۆنە؟

ئەم وشەیە «لکاو»ە هەر لەوەدا ڕاست دەکا کە لە نووسیندا دەلکێ بەوشەی پێش خۆیەوە، لەوە بەولاوە، وەك کڵاوی سەخرەجنی، هەموو سروشت و کار و تایبەتییێکی ڕاناوە لکاوەکان دەشارێتەوە. کە لێت بپرسن ئادەمزاد چییە و بڵێی گیانلەبەرێکە بەپێیان دەڕوا ڕاست ئەوەیە گوتبێتت ڕاناوی لکاو ئەوەیە دەلکێ بەوشەی پێش خۆیەوە. نەختێك وردبینەوە لێمان مەعلووم دەبێ هەر ئادەمزاد بەپێیان ناڕوا، چەندین گیانلەبەری تریش وەك ئەو بەپێیان دەڕۆن. گرنگترین ڕەوشت و سروشتی ئادەمزادیش ئەوە نییە کە بەپێیان دەڕوا، نەخێر پێیەکانیشی ببڕیتەوە جارێ هەر ئادەمزادە.

ڕاناوی لکاویش تەنیا کەرتێکی ئاخاوتن نییە کە دەلکێ بەوشەوە، چەندین ئەمراز هەیە وەك ئەو دەلکێن و لە نووسیندا دەبنە پارچەی یەك وشە وەك کە دەڵێی «کچی باش، سێیەم، هۆشمەند، فرۆشیار، بەختەوەر...». لکان و نەلکانی وشە لە نووسیندا دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دەستوورەکانی ڕێنووس، لەوانەیە بڕیار بدرێ هەندێك لەو لکاوانە نەلکێنرێن یاخود لکان هەر بەجارێ یاساغ بکرێ. ئاشکرایە زاراوەی «لکاو» وەرگێڕانی «متصل»ی عەرەبییە بۆ سەر کوردی، سەیریش لەوەدایە پەیڕەوانی زمانەوانانی ئەورووپا کە دەیانەوێ لە عەرەبی دوور کەونەوە ئەم زاراوەیان هێناوە و دوو جاران تێیدا بەسەهوو چوون، جارێکیان لەوەدا کە نابێ زمانزانی کورد لاساییی زمانێکی تر بکاتەوە لە دانانی ڕێزمانی کوردی، جارێکیشیان لەوەدا کەوا بەڕێکەوت ئەم وشەی «لکاو»ە چەندی بڵێی مێشك غەڵەتێنە لەو «تصوراتە»ی دروستی دەکا

دەربارەی ڕاناوی لکاو و هەرچی ڕەوشت و کردار و تایبەتییێکی هەیە دەیخاتە ژێر پەردەوە.

ڕەنگە وا چاك بێ لێرەدا پێشدەستی بکەم و ئەو کردار و سروشتەی ڕاناوی لکاو باس بکەم بەر لەوەی بچمە سەر دیارخستن و ژماردنی ڕاناو و بەشەکان و جۆرەکانی. بەدرێژاییی نووسینەکەشم دەبێ ئەوەت لە بیر بێ کە من جارێ هەر ڕاناوی لکاو بەکار دێنم، نەبەزاراوەی ڕاناو و نەبەهی لکاو ڕازیم، وتووێژ دەربارەی دۆزینەوەی زاراوەییێکی ڕاست و دروست بۆ ئەم تاقمە وشەیە کارێکی لێرە بەدواوەیە، کارێکی ئاسانیش نییە با جارێ خۆم و خوێنەری پێوە خەریك نەکەم.

ڕاناوی لکاو سەرەڕای ئەوەی کە پێکهێنەری ڕستەی تەواوی خاوەن «حکم و اسناد»ە لە کوردیدا تایبەتییێکی سەربەخۆی ئەوتۆشی هەیە کەم و زۆر لە تیرە و هۆزی «ناو، ئاوەڵناو» تەنانەت ڕاناوی نەلکاویش دەرناکەوێ، بەکورتی تایبەتیی ئەوتۆیە لە خودی ڕاناوە نەلکاوەدا هەیە و هیچی تر، بەوردی سرنج بگری دەبینی چالاکیێك لەو ڕاناوانەدا هەیە لە دەستەی کۆمەڵەی ناو و نەلکاو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاریان دەردەبا و دەیانگەیەنێ بەو پایەیە کە دەبوا فیعل نەبێ نەیگاتێ، لەو ڕووەوە کە «فعل» بۆ خۆی ڕوودانە و چالاکییێکی ڕووتە. با مەبەستت بۆ ڕوون کەمەوە بەمیسال:

دەڵێی: تێ فکریم، تێوە ڕامام، لێ دوام.

ئەمراز (یاخود پێشگر)ەکانی وەك «تێ، تێوە، لێ» هاتنە پێش «فعل»ەکان و لەگەڵیاندا بەکار هاتن. ئەم پێشگرانە وەك خۆیان دەمێنێتەوە کە فیعلەکان دەبنە چاوگ «مصدر» چونکە چاوگیش وەك فیعل ڕوودانی تێدایە و دەگوترێ: تێفکرین، تێوە ڕامان، لێدوان. ئینجا با بەرکار «مفعول»ێك بێنینەوە و بیخەینە ڕستەوە لەگەڵ ئەو فیعلانە. دەڵێی: لە دارا فکریم، لە تۆوە ڕامام، لە برزوو دوام. دیتت پێشگرەکان کە کۆبوونەوە لەگەڵ «ناو، ڕاناوی نەلکاو» گۆڕان و بوونە «لە».

ئینجا با ڕاناوی لکاو بێنین لەگەڵ فیعلەکان، دەڵێین:

تێیان فکریم، تێوەم ڕامان، لێت دوام.

دیتت پێشگرەکان کە دەکەونە پێش ڕاناوی لکاوەوە وەك ئەوەن کە کەوتبنە پێش فیعلەوە، واتە ڕاناوە لکاوەکان ڕەفتاری فیعل دەکەن نەك ناو و ڕاناوی نەلکاو. لەو میسالانەدا ڕاناوە نەلکاوەکان هەموویان لە جێگەی «مفعول» بەکار هاتن، بەڵام وەك

فاعیلیش بەکاربێن فەرقێك ناکەن لە ڕەفتاریان کە ڕەفتاری فیعلە، دەڵێی:

لێم دان، تێمان گرتن، تێت ڕاخوڕین.

چەند میسالێکی تر لەگەڵ بەکارهێنانی ئەمرازی «بە» دێنینەوە. دەڵێی: پێ هەڵگەڕا، پێ کرا، قسەکەی پێ گوت، لە چاوگیشدا هەر دەگوترێ پێ هەڵگەڕان، پێکردن، پێگوتن.

ئەم ئەمرازەش کە لەگەڵ ناو و هاوڕێکانی هات ئەوە نامێنێ کە لەگەڵ فیعل و چاوگ بوو. دەگوترێ:

بەشاخەکە هەڵگەڕا، چراکە بەئاگر کرا، قسەکەی بەدارا گوت.

بەڵام لەگەڵ ڕاناوی لکاودا ئەو ڕەفتارە دەکا کە لەگەڵ فیعلدا کردی:

پێی هەڵگەڕام، پێتان کرد، هەرچی هەبوو پێم گوت.

ئەمە ڕەفتارێکە لە ڕاناوی لکاو بەولاوە هەرچی بەشی ئاخاوتن هەیە نایکا، بۆشی ناکرێ، هەر هەمان چالاکی و بزۆزی و کاریگەرییە وا دەکا ڕاناوی لکاو ئەو جێگۆڕکێیە بکا کە لەم میسالانەدا دەردەکەوێ:

دەڵێی «دەمگوت». کە نەفیت کرد دەڵێی «نەمدەگوت».

ئینجا پێشگر یا ئەمرازێکی بخە پێش و بڵێ «پێم نەدەگوت». دەبینی ڕاناوە لکاوەکەی «م» هێندە ئامادەیە بۆ کارتێکردن، کام کەرت لە پێشی فیعلەکەوە بێ دەرلەحزە پێوەی دەلکێ و کاری خۆی لێ دەکا، ڕاناوەستی لەسەر هاتنی کەرتێکی تر.

جارێك تریش لەوە بفکرە کە لە کوردیدا «مضاف إلیه» بەهۆی «ی» پێوەندی یا «اضافی» بەدەوری خۆی هەڵدەستی. دەڵێی «سەری شاخەکە بەرزە، ناوی تۆ دارایە، خانووی فلانە کەس دوورە...». بەڵام کە ڕاناوی لکاو بوو بە«مضاف إلیه» هەر بۆ خۆی دەبێتە پێکهێنەری «ترکیب اضافی» بێ ئەوە پێویست هەبێ «ی»ی پێوەندی بێتە ناو ڕستەوە. دەڵێی: براتان ڕۆیشت، خانووەکەمان فرۆشرا، چاوت شینە، ڕێیان دوورە.

بگەڕێی بەدوا میسالاندا لە زمانەکەت، گەلێك جۆری بەکارهێنانی ڕاناوی لکاو دەدۆزییەوە ئەم تایبەتییەی زێدە چالاکی و بزۆزی و کارکردنەی تێدا دیارکەوێ. من بۆ خۆم لەو زمانانەی شتێکیان لێ دەزانم یەکێکم نەدیت ڕاناوی لکاوی یاخود بەشێکی تر لە بەشەکانی ئاخاوتنی ئەو کردارە بکا کە ڕاناوی لکاو لە زمانی کوردیدا دەیکا.

بەڕاستی ڕاناوی لکاو داینەمۆی زمانی کوردییە، بەتایبەتی لە لەهجەی کوردستانی خوارووودا، حەیفە زمانزان هەر بەقەدەر ئاوەڵناو و پیتی پێوەندی و ئیشارە و پرسیار بایەخی پێ بدا یاخود لەسەری زمانیەوە بیکا بەسێبەری ناو. باوەڕم هەیە هەر کەسێك بەڕوونی و ئاشکرایی و قووڵی لە ڕاناوی لکاوی کوردی نەگا، لە کونهی زمانی کوردی ناگا. لێرە بەدواوە دەبینی زۆربەی کەسەکان ڕاناوی لکاوی جۆرجۆریان هەیە، هەریەکەیان کارێك دەبینن و بەفەرمانێك هەڵدەستن لە «ماضی»یەوە بۆ «مضارع» و لە تێپەڕەوە بۆ تێ نەپەڕ و لە ڕستەی بێ فیعلەوە بۆ ڕستەی فیعلدار. ئەوەندەی فیعل لە «تصریف»دا شکڵی دەگۆڕێ و کات گۆڕی دەکا ڕاناوی لکاویش لە لەهجەی کوردیی خوارووودا شکڵ و کرداری خۆی دەگۆڕێ، جێگۆڕکێش دەکا.

ئەوەندەی بۆم باس کردی لە زێدە چالاکی ڕاناوی لکاو و پێکهاتنی ڕستەی تەواو و بە«اسناد» بەهۆی ئەوەوە بەسە بۆ دەرخستنی گرنگیی ڕۆڵی ئەم بەشەی ئاخافتنە لە زمانی کوردیدا. هەر لە ڕێی ئەم گرنگییەی ڕۆڵیەوە دەریش دەکەوێ ڕاناو هەڵناگرێ ناو و عینوانێکی زیهن غەلەتێنی بۆ دانرێ کە تایبەتییەکانی بشارێتەوە یاخود بیکا بەخزمەتکاری بەشێکی تری زمان کە «ناو»ە. سەیرە وشەی وەك «ئەدی، ئەرێ، پەکوو، دەك، وەی...» ناونیشانی سەربەخۆیان هەبێ، بەڵام داینەمۆی زمانەکە ناونیشانێکی هەبێ وەك خوازرایەوە وا بێ.

من، جارێ، پێشنارێکم نییە بۆ گۆڕینی زاراوەی «ڕاناو». وا بەچاك دەزانم ئەرکی دۆزینەوەی زاراوەییێکی لێهاتوو بۆ ئەم بەشەی ئاخافتن یا بخرێتە سەرشانی دەستەیێك لە زمانزانان، یاخود کۆڕی زانیاریی کورد بەبەرخۆی هەڵبڕێ. بەڵام بەنیسبەت زاراوەی «لکاو»ەوە ئەو هەموو خۆگرتنە و قایمەکارییە بەپێویست نازانم. دەست نەدانی زاراوەی «لکاو» گەیشتووەتە ڕادەی تاوانباری، لەوە تێ پەڕیوە کە هەر ناقۆڵا و نالەبار بێ، بەلای منەوە «نەلکاو و لکاو» هەردوویان دوشمنی ڕێزمانی کوردین، لەناوبردنیان نەك مافی هەمووانە و بەس، فەرمانێکی دڵسۆزی و پەرۆشە بۆ زمانەکەمان وا بەسەر شانمانەوە. من لە ڕێی سروشت و ڕەفتاری جۆری «لکاو»ەوە بۆ ئەوە دەچم زاراوەی «چالاك»ی بۆ بەکار بێ، خۆ ئەگەر وشەیێکی بەهێزتر و بزۆزترمان بەدەست کەوێ باشتریشە، چونکە لکاوەکان بۆ چالاکی و بزۆزی وشەی نموونەیین. هەر لە ڕێی «چالاك»یشەوە فکرم بۆ وشەی «مەند» دەڕوا کە بکرێ بەزاراوە بۆ «نەلکاو».

لە پاشماوەی گوتارەکەمدا دوو زاراوەی «مەند و چالاك» بەکار دێنم لە جیاتی «نەلکاو و لکاو» و دەڵێم «ڕاناوی مەند و ڕاناوی چالاك».

ئەو وشانەی لە لەهجەکانی کوردیدا بۆ ڕاناوی مەند دێنە بەرگوێ، ناڵێم دێنە بەرچاو چونکی زۆریان لە نووسیندا بەکار نایێن تا چاو بیانبینێ، بەدرێژی لە کۆبوونەوەیێکی لیژنەی ڕێزمانی سەر بەکۆڕی زانیاری کوردەوە لێیان کۆڵرایەوە و «استقراء»ی تایبەتی ئەندامانی لیژنە کۆکرانەوە و ئەم لیستەیان لێ پێك هات:

أ- بۆ کەسی یەکەم:

١- تاك: من، ئەز، ئەمن، م.

٢- کۆ: ئێمە، ئەمە، ئەم، مە.

ب- بۆ کەسی دووەم:

١- تاك: تۆ، ئەتۆ، ئەتوو، توو، تە.

٢- کۆ: ئێوە، ئەنگۆ، ئەوە، هەوە، هوین، هنگ، وە.

ج- بۆ کەسی سێیەم:

١- تاك: ئەو، ئەوێ، وێ، وی، ئەوی.

٢- کۆ: ئەوان، وان، ئانا، ئەو، وا.

دەزانم بەشێکی وشەکانی ئەم لیستەیە بەرگوێی خوێنەری کورد نەکەوتووە، واتە هەموو کوردێك هەموو وشەکانی نەبیستووە، بەڵام گومانم نییە وشەی تریش هەن کە بەرگوێی ئەندامانی لیژنەی ڕێزمان نەکەوتوون یا بەبیریاندا نەهاتوون. لێرەدا نەمەبەستمە، نەرێشم هەیە ڕەسەنی و بیژۆکیی هەریەك لەم وشانە ساغ کەمەوە، لیستەکە وەك خۆی دەهێڵمەوە بۆ سرنج و تێفکرین، سەریش لە کەس ناشێوێنێ لە نووسیندا هەروەك لە خۆشمی نەشێواندووە. ڕچەی خامەی نووسەران بەرپێی هەندێك لەو وشانەی وا هەموار کردووە کە هەر ئەوان بێنە سەر کاغەز و بگەنە بەرچاوی خەڵق.

ئەمانە کە سەرجوملەی وشەکانی «ڕاناوی مەند» بن لە شکڵی «چالاك»دا لیستەیێکی تر دروست دەکەن، بەڵام وەك بۆت دەردەکەوێ ئەمیان وەك هی «مەند» بێ

دەمەتەقە نییە. ئەوەی ڕاستی بێ خەریکبوون بەگەیشتنی کۆتاییی دەمەتەقەکە تا ئەو ڕادەی ئیسپاتێکی بێگومان بەرهەم بێنێ و گۆشەی نیگای خاوەنەکەی بسەپێنێ بەبەڵگەی ڕێزمان و «منطقی» و مێژوویی، مەیدانێکی گەلێك بەرفرەوانتری دەوێ لەم گوتارە. چارم ناچارە دەبێ خۆم لە زۆر تەفسیلات و وردەکاری و نهێنبینی بدزمەوە تا نووسینەکەم لە قەوارەی گوتاردا جێی ببێتەوە، زەرەبینی و قووڵبوونەوەی ئەوپەڕەکی دوا بخرێ بۆ تۆژینەوەی لەسەرەخۆتر و بەرفراوانتر.

بەڵام وا بەباش دەزانم بەرلەوەی یەخەگیری «ڕاناوی چالاك» بین چەند قسەیێك هەیە لەگەڵ ئەو بەشەی پێی گوترا «ڕاناوی خۆیی» یەکلای بکەین و جێگەی ڕاست و دروست بۆ ئەم «ڕاناو»ە دەستنیشان بکەین. لە پێشەوەش بەڵێنم دا کە دواتر سەرێکی لێ خوار بکەینەوە، با ئێرە جێگەی پێکهێنانی بەڵێنەکە بێ.

سەرجوملەی وشەی ئەو «ڕاناوە» بەقەدەر ژمارەی «ڕاناوی چالاك» دەبێ کە بۆ «اضافة» بەکار بێ. ڕاناوەکان، بەو پێیە، ئەمانەن:

کەسی یەکەم: خۆم، خۆمان؛

کەسی دووەم: خۆت، خۆتان؛

کەسی سێیەم: خۆی، خۆیان.

لە هەندێ لەهجەی کوردیدا لە جێگەی «خۆمان» تەرکیبی «خۆن» بەکار دێ، لە جێگەی خۆتان «خۆو». من ناچمە ناو درێژەی جیاوازیی لەهجەکانی کوردی چونکە بەپێویستی نازانم و بابەتی باس لێکردنیش نییە. هەر دەمەتەقەیێك هەبێ لەگەڵ ئەم کۆمەڵەی سەرەوەدا دەیکەم.

ئەم وشانە، زیاد لە پێنج بەشەکەی تری لیستەی ڕاناوان وەك ڕاناوی «هەیی و پرسیاری و ئیشاری... هتد» هەڵدەگرن لە ڕستەدا شوێنی وشەکانی «ڕاناوی مەند» بگرنەوە، دەگوترێ «من خۆم هاتم، ئێمە خۆمان هاتین، ئێوە خۆتان هاتن، تۆ خۆت هاتی»، دەشتوانی ڕاناوە مەندەکانی نەڵێی و ڕستەکەش وەك هەیە وا بمێنێتەوە و بڵێی: «خۆم هاتم، خۆمان هاتین، خۆتان هاتن». ئەم ڕواڵەتە زیهن بۆ ئەوە دەبا کە وشەکان وەك بەشی «مەند» ئەوانیش ڕاناو بن چونکە لە ڕستەدا جێگەی ئەو بەشەیان بەتەواوی گرتووەتەوە و ڕاناوی «چالاك» دەبێتە تەواوکەریان.

بەڵام نەختێك وردبوونەوەی زمانزانانە ڕاستییێکی تر دەردەخا و جێگە و ناونیشانی

ڕاستەقینە بۆ ئەم کۆمەڵە وشەیە دەستنیشان دەکا.

دەزانین ئەم وشانە پێك هاتوون لە ئیزافەی «خۆ» بۆ ڕاناوەکانی چالاك. بێگومان تاکە وشەی «خۆ»ش لە فەرهەنگدا واتایێکی بۆ دیار دەکرێ و کراوە چونکە وەك هەموو وشەیێکی فەرهەنگی لە ئاخاوتندا بەکاردێ و دەگوترێ. خۆماڵی، خۆیی، خۆییباتی، خۆ هەڵدانەوە، خۆڕەپێشکردن، خۆکرد... هتد هەر بەو پێیە خۆم، خۆمان، خۆتان، خۆت، خۆی، خۆیان بێ زیاد و کەم تەرکیبێکی ئیزافییە وەك هەر تەرکیبێکی تر لە زمانی کوردیدا لەگەڵ تێبینیی ئەوە کە واتای «خۆ» تەرکیبە ئیزافییەکە ئامادە دەکا بۆ ئەو بەکارهێنانە کە واتاکە لێی دەوەشێتەوە. بەمیسال دەڵێم لە کوردیدا ناگوترێ منم دیت، ئێمەم دیت، ئێمەمان دیت، تۆت دیت، ئێوەت دیت، ئێوەتان دیت. کەچی دەگوترێ خۆم دیت، خۆمانم دیت، خۆمانمان دیت، خۆت دیت، خۆتانت دیت، خۆتانتان دیت. کە ئەمە وایە هەڵبەت ئیسپاتی هێندێی نەکرد «من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەوان» ڕاناو نین بەڵکو بەپێچەوانە، ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم ڕاناوانە بۆ دەربڕینی واتای جۆرجۆر پێویستیان هەیە بەوشەی جۆرجۆر کە واتاکان بەدەستەوە بدەن. تۆ سەیرکە دەتوانی بڵێی «دەستتم گوشی» بەڵام وا خۆشە بڵێی «دەستی خۆم بڕی» هەرچەند لە ڕووی ڕێزمانەوە چ مانیعێك لەوەدا نییە کە بڵێی «دەستمم بڕی». تۆ دەتوانی بڵێی «ئەوی دیت، ئەوانی دیت» بەڵام ئەوسا کەسێکی سێیەمی تری دیوە نەك «خۆی و خۆیان». ئەمانە پێداویستی «تعبیر» دەیانهێنێ بۆ ناو ئاخاوتن نەسیفەتی ڕاناوی لە «من و تۆ و ئەو» دەسەنێتەوە نەئەم سیفەتەش بۆ وشەی «خۆ» دەسەپێنێ، کە ورد بییەوە دەبینی میسالەکان «خۆ» دەکەنەوە بەوشەیێکی فەرهەنگیی خاوەن واتاییێکی تایبەتی.

«خۆ» دەوەستێتە بەرامبەر «نفس، عین، Self» لە ڕووی واتاوە، وا دەبێ جێگەی لە ڕستەدا هەر ئەو واتایانە دەبەخشێ واش دەبێ جێگەی «تأکید» دەگرێتەوە. دەڵێی «خۆکوشتن» کە واتاکەی «قتل الذات»ە دەشڵێی «من خۆم هاتم» کە دەبێتە «جئت بنفسي، بذاتي» بۆ تەئکیدە. لە ئینگلیزیشدا دەگوترێ Self sacrification کە واتاکەی خۆبەختکردنە دەشگوترێ «I myself» کە ڕاستەوخۆ «من خۆم» ڕادەگەیەنێ کە تەئکیدێکی ڕووتە.

هەر ئەو ڕاگەیاندنەی واتای «تأکید»ە ڕێ دەدا بگوترێ «خۆم هاتم» و ڕاناوی چالاك «م» ببێتە تەواوکەری ڕستەکە بەدوا وشەی «خۆ»دا. دیقەت بگرە دەتوانی بڵێی

«هەموومان هاتین» کە لەویشدا ڕاناوی چالاکی «ین» بەدوا وشەی «هەموو»دا هاتووە. کە دەڵێی «خۆمان هاتین» وشەی «خۆ» سەرلەبەری «ئێمە» دەگرێتەوە، هەروەها کە دەشڵێی «هەموومان هاتین» وشەی «هەموو» دیسانەوە سەرلەبەری «ئێمە» دەگرێتەوە، لە هەردوو حاڵیشدا، سەرەڕای گرتنەوەی سەرلەبەری واتای ئێمە، تەئکیدیش هەیە. بۆیەیە دەشێ ڕاناوی چالاکی «ئێمە» کەوا لەم ڕستانەدا «ین»ە بەدوا «هەموو، خۆ»دا بێت. تۆ سەیرکە کە لە ڕستەدا وشەی «نیوەمان، هەندێکمان...» کەوتە جێگەی «هەمووما ن» ئەوسا بەدوو جۆر دەتوانی ڕستەکە تەواو بکەی:

نیوەمان هاتین.

نیوەمان هات.

لێرەدا واتای «ئێمە» هەیە بەڵام نەك سەرلەبەری «ئێمە»، دەتوانی وشەی «نیوە» بکەیتە «بدل ناقص»ی ڕاناوی (ئێمە) و ڕاناوە چالاکەکەی (ین)ی بدەیتێ و (بڵێی نیوەمان هاتین) دەشتوانی وشەی (نیوە) بەکاربێنی وەك کەسی سێیەم، چاکتریش ئەوەیە بەگوێرەی ڕواڵەتی وشەکە کە ڕواڵەتێکی (تاکە) فیعلی تاکی بۆ بێنیەوە و بڵێی (نیوەمان هات نەك نیوەمان هاتین) چونکە کە وشەی (نیوە) لە ڕستەکەدا خۆی لە واتای (ئێمە) و کۆبوونەکەی ترازاند وا پەسندترە بەجارێك لێی بترازێ، واتە هەم لە ڕووی کەسی یەکەمەوە و هەم لە ڕووی کۆ (جمع)ەوە.

لە بیرت نەچێ هەرگیز بۆت ناکرێ بڵێی «هەموومان هات» چونکە واتای هەموو سەرلەبەری ئێمە دەگرێتەوە و دەبێ وەك ئەو کار بکا.

دیتت سروشتی «هەموو» هەڵی گرت ببێتە «نیوە، هەندێك، کەمێك...» بەڵام سروشتی «خۆ» ئەم کەرتکردنە هەڵناگرێ کە ئەمە چ دەخلێکی نییە بەسەر ڕێزمانەوە.

بۆیەیە زمانزان نابێ خۆی تەسلیم بەڕواڵەتی وشە و پێداویستی سروشت و واتای بکا لە ڕستەدا. چ سووچی زمان نییە کە ناگوترێ «هەمووم هاتم» چونکە واقیع ئەمەیە کەسی تاك نیوە و سێیەکی نییە تاکو وشەی «هەموو» بێ و دەفعی شوبهەی هاتنی نیوە و سێیەکی بکا. وشەی «هەموو» هەر هەمان وشەیە کە دەدرێتە پاڵ «ئێمە» و دەگوترێ «هەموومان» و کە ناشدرێتە پاڵ «من و تۆ» و ناگوترێ «هەمووم هاتم، هەمووت هاتی». وشەی «خۆ»ش هەر هەمان وشەی فەرهەنگییە لە تەرکیبی «خۆکوشتن» و «خۆیان هاتن، خۆمان هاتین»دا. تۆ سەیرکە وشەکانی «خۆ، هەموو،

هەندێك» ڕاناوی چالاكیان بەدوادا نایێ ئەگەر ئیزافەی ڕاناو نەكرابن، بەتایبەتی بەنیسبەت «خۆ»وە. تۆ هەرگیز ناتوانی بڵێی «خۆ هات، خۆ هاتم، خۆ هاتین» تەنانەت ئەگەر ڕاناوی مەندیش لە پێشەوە بێ هەر ناگوترێ «من خۆ هاتم، ئێمە خۆ هاتین، ئێوە خۆ هاتن». بەنیسبەت «هەموو»ەوە كە دەگوترێ «هەموو هاتین» ئەوەی ڕاستی بێ ڕاناوەكەی قرتاوە دەنا ئەسڵی ڕستەكە «هەموومان هاتین» بووە. هەڵبەت تایبەتییێك لە وشەی «هەموو»دا وای كردووە ڕێ بدرێ بەقرتانی ڕاناوەكە، تایبەتییێكی وشەی «خۆ»ش وای كردووە ڕێ نەدرێ بەقرتانی ڕاناوەكە، بەڵام ئێرە جێی ئەم درێژەپێدانەی تێدا نابێتەوە با وازی لێ بێنین.

خولاسە وشەی «خۆ» واتاییێكی فەرهەنگیی هەیە و لە سنووری ئەو واتایەدا بەكار دێت، ئیزافەی بۆ ڕاناوەكانی «چالاك» وا دەكا لە تەواوكردنی واتای ڕستەدا ڕاناوی چالاكی بەدوادا بێت و بگوترێ «خۆم هاتم، خۆم سەركردەم» دەنا كە ئەو ئیزافەیەی نەبێ وەك وشەیێكی عادەتیی لێ بەسەر دێ بێ زیاد و كەم وەك بڵێی «خۆهەڵدانەوە باش نییە» كە ئەمە لەلایەن دەستووری ڕێزمانی و واتای فەرهەنگییەوە چ فەرقێكی نییە لەگەڵ ئەوەدا كە بڵێی «دەست هەڵبڕین پێویستە لە كاتی دەنگ وەرگرتندا». سەیرێكی ئەم ڕستە نموونەییانە بكە:

كابرا خۆیی دەرچوو، كابرا كۆیی دەرچوو.

بەرخەكە خۆماڵییە، بەرخەكە ئاوەكییە.

خۆی بوو بەفێركار، برای بوو بەفێركار.

چەندی ئارەزوو بكەین دەتوانین ڕستە بێنینەوە و وشەی «خۆ» تێیاندا وەك هەر وشەیێكی تری فەرهەنگی كوردی بەكار هاتبێ و ئەو واتایەی بەدەستەوە دابێ كە بەپێی جێگەی لە ڕستەدا و لە گوێرەی سروشت و تایبەتی خۆی لێی چاوەڕوان دەكرێ.

ئینجا با بێینە سەر و كاری ڕانای «چالاك».

قسەی من لێرەدا بەزۆری لەگەڵ لەهجەی كوردیی ناوچەی كوردستانی ژێرووە، ئەو لەهجەیە بووە بەئەمرازی نووسین و كەرەستەی تەعبیری ئەدەبی و بڵاوكردنەوەی كتێب و ڕۆژنامە و گوتار و نامێلكە. دەورەدان لە هەموو لەهجەكانی كوردی كات و ماوەیێكی زۆری دەوێ، خۆم و خوێنەریش لە ئەرك و پێوە خەریكبوونی دەبەخشم.

جارێ با لە پێشەوە ئەو ڕاناوە چالاكانە بخەمە سەر كاغەز كە بەلای هەموو

زمانزانەکانەوە ڕاناوی چالاکن، لەگەڵ تێبینیی ئەوەدا کە هەر من پێیان دەڵێم (چالاك)، لەلایەن زۆربەی نووسەرانەوە (ڕاناوی لکاو)یان بۆ بەکار دێ، ناشزانم ئاخۆ لە دواڕۆژدا شتێکی تریان پێ دەڵێن یاخود پێ دادەگرن لەسەر هەمان ناونیشانی (ڕاناوی لکاو) بۆیان.

جۆری چالاکی ڕاناوی (من) لە هەموو حاڵانادا هەر پیتی (م)ە، پێی ناوێ میسالی بۆ بێنمەوە چونکە «استثناء» لە دەستوورەکەدا نییە و چ شکلێکی تر پەیدا نابێ بۆ ئەم ڕاناوە.

ڕاناوی چالاکی (ئێمە) دوو جۆری هەیە (مان، ین).

کەسی دووەمی تاك (ت، ی) جۆرەکانی چالاکیەتی، بەڵام بەلای تاقمێك لە زمانزانانەوە لە جیاتی (ی) (یت) ڕاناوە و دەڵێن دەبێ ئەو (تێ)یە بەدوا (یێ)یەکەدا هەر بێت و نەقرتێ وەك (تۆ بەر لە من هاتیت، دوای من دەڕۆیت). من خۆم لەوانەم هەمیشە دەڵێم و بەزۆری دەنووسم (تۆ بەر لە من هاتی، دوای من دەڕۆی). دواتر قسە لەم باسە یەکلا دەکەین.

بۆ کەسی دووەمی کۆ ڕاناوی چالاك (تان، ن)ە.

بۆ کەسی سێیەمی تاك ڕاناوی چالاکی بێ دەمەتەقە هەر (ی)ە کە لە «ماضی» بەدوا فیعلی تێپەڕدا دێ و دەشبێتە «مضاف الیە» وەك (چی پێی کرا کردی، خۆی و برای هاتن).

بۆ کەسی سێیەمی (یان، ن) ڕاناوی چالاکن.

بەر لەوە بگوێزمەوە بۆ ڕاناو چالاکەکانی گوماناوی دەبێ ئەوە بڵێم ئەم ڕاناوانەش لە بەکارهێناندا بێ گرفت نین، ڕوونکردنەوەی چۆنەتیی هاتنیان بۆ ناو ڕستە داستانێکە سەربەخۆ، دەمەوێ لێرەدا بەکورتترین شێوە لێی ببمەوە.

ڕاناوی چالاکی فیعلی تێپەڕی ڕابردوو، هی هەموو کەسەکان، خۆیان دەبنەوە «مضاف الیە»، وەك:

کردمان، برامان.

کردت، برات.

کردتان، براتان.

کردی، برای.

کردیان، برایان.

میسالم بۆ کەسی یەکەمی تاك نەهێنایەوە چونکە لە هیچ حاڵێکدا ناگۆڕێ.

لە «مضارع»دا بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ ڕاناوە چالاکەکان یەك جۆریان هەیە، وەك:

دەخۆین، دەڕۆین.

دەخۆی، دەڕۆی.

ئێوە دەخۆن، ئێوە دەڕۆن.

ئەوان دەخۆن، ئەوان دەڕۆن.

ڕاناوی فیعلی «ماضی» تێ نەپەڕیش هەر ئەو ڕاناوەی فیعلی «مضارع»ە بۆ هەموو کەسەکان:

ڕۆیشتین، دەڕۆین.

ڕۆیشتی، دەڕۆی.

ئێوە ڕۆیشتن، ئێوە دەڕۆن.

ئەوان ڕۆیشتن، ئەوان دەڕۆن.

هەر ئەو ڕاناوەی «مضارع» و فیعلی تێ نەپەڕیشە کە لە ڕستەی بێ فیعلدا دەبێتە هۆی پەیداکردنی «حکم و اسناد»:

ئێمە کوردین.

تۆ کوردی.

ئێوە کوردن.

ئەوان کوردن.

هەموو زمانزانان لەوەدا یەك باوەڕیان هەیە کە کەسی سێیەمی تاك لە «ماضی»ی تێ نەپەڕدا ڕاناوی نییە، بۆیەیە ڕاناوێکی مەعلوومکراوی بێ دەمەتەقەی نییە، وەك کەسەکانی تر، ڕستەی تەواوی بێ فیعلی بۆ پێك بێنێ، هەر ئم هۆیەیشە وای کردووە زمانزانان ڕێك نەکەون لەسەر یەك باوەڕ دەربارەی ئەمرازی «حکم، اسناد» لە ڕستەی بێ فیعلی وەك (ئەو کوردە)، ئایا ئەم بزوێنەی کۆتاییی ڕستە «ە» ڕاناوە یاخود شتێکی

ترە؟ لە جێی خۆیدا قسە لەم باسە دەکەم.

تێکەڵ پێکەڵێیکی یەکجار سەرشێوێن هەیە لە بەکارهێنانی ڕاناوە چالاکەکان لە «صیغە» جۆرجۆرەکانی فیعلی تێپەڕدا، ئەوەندەی سەرم هێنا و برد نەمتوانی شێوازێکی نووسینی ئەوتۆ بەکار بێنم گیروگرفتەکان باوێتە ناو پەراوێزێکەوە لەگەڵ پەراوێزی گوتار خزمایەتیی هەبێ، بەناچاری ئەم باسە زۆر گرنگ و گرێیاوییەم واز لێ هێنا، کە وام نەکردبا دەبوا پشکێکی گەورەی بارستی گۆڤارەکەم بۆ گوتارەکەی خۆم دابڕیبا کە ئەمەش کارێکی ناڕەوایە. لێرەدا تاکە میسالێك دێنمەوە زەحمەتی تەقەڵلای یەکلاکردنی گرفتەکان بێنێتە بەرچاو.

شاعیرێکی کورد لە سەرەتای شیعرێکی ئەمەی گوتووە:

«کوشتمت ئاخر بەناحەق».

هەڵبەت ئەمە گوتەیێکی کوردی ڕەسەنی بێ هەڵەیە و دەشێ بۆ داڕشتنی ڕستەی تر ببێتە نموونە. دەبینی «مفعول» بەدوای «فعل»ی (کوشتن)دا هاتووە کە ڕاناوی چالاکی کەسی یەکەمە، واتە پیتی «م»ە. بەشوێن (مفعول)دا ڕاستەوخۆ «فاعل» هاتووە کە ڕاناوی چالاکی کەسی دووەمی تاکە واتە پیتی «ت»ە. بەو پێیە دەبێ کە بمەوێ کەسی یەکەم بکەم بەفاعیل و کەسی دووەم بکەم بەمەفعول جێگەیان بەیەکتر بگۆڕمەوە و بڵێم (کوشتتم) واتە من تۆم کوشت. کەچی لە هەندێ لەهجەی کوردیی ڕێکوپێکدا دەگوترێ (کوشتمی) کە ئەمە لە هەمان کاتدا واتای (ئەو منی کوشت)یش دەگەیەنێ.

لە پژدەر دەگوترێ (کوشتنم) واتە من ئێوە یا ئەوانم کوشت، کەچی لە شوێنی تردا بۆ هەمان واتا دەگوترێ (کوشتمن). لە هەندێ ناوچەدا دەڵێن (کوشتیانم یاخود کوشتمیان). وا هەیە دەگوترێ (کوشتینی) بەواتای ئەو ئێمەی کوشت، کەچی دەشگوترێ کوشتمانی.

لە سیغەی ئاوات «تمنّی» دەتوانی بڵێی (بمکوشتبای، بمکوشتبان) واتە من تۆ، ئێوەم بکوشتبا، لە هەمان کاتدا دەشتوانی بڵێی (کوشتبامی، کوشتبامن). ڕستەی (کوشتبامی) ئەو واتایەش دەبەخشێ (ئەو منی کوشتبا).

تا بەدوای میسالان بکەوین بابەتی تازە بەتازەی گیروگرفت دێتە بەرچاو. هۆی ئەم تێك ئاڵقان و تێك ئاڵۆزانە بەلای منەوە شتێکی نهێنی نییە، بەڵام باس لێکردن و

هەڵوەشاندنی گرێپچکەکانی، سەرەڕای زەحمەت، کاری تاکە کەسێکیش نییە. گریمان من توانیم هەموو جۆری هەڵەی بەکارهێنانی ئەم ڕاناوانە بدۆزمەوە، جۆرە ڕاستەکانیش دەستنیشان بکەم، تۆ بڵێی مافی ئەوەم هەبێ داوا لە نووسەران و زمانزانانی کورد بکەم بێنە سەر ئەو ڕێیە کە من بەڕاستی دەزانم؟ دەبێ ئەم باسەش واز لێ بێنم وەك وازم هێنا لە موناقەشەی پێنج بەش لە حەفت بەشی لیستەی ڕاناوەکان بەخۆیان و «مفردات»یانەوە. وا دەزانم بڕیاری ڕاستی و هەڵەیی بەکارهێنانی ڕاناوە چالاکەکان مافی کۆڕی زانیاری کوردە، یا بۆ ئەو یا لایەنێکی تری خاوەن دەسەڵاتی بەجێ بهێڵێن.

ئینجا با بێینە سەر باسی ئەو ڕاناوە چالاکانە کە دەمەتەقەیان بەسەرەوە هەیە. لە پێشەوە قسە لە ڕاناوەکانی کەسی دووەم دەکەین ئینجا کەسی سێیەم، هەردووکیشیان هی تاك.

گوتمان لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا «فعل ماض متعد» ڕاناوی کەسی دووەمی تاك پیتی «ت»ە وەك کە دەگوترێ (خواردت، دیتت، کێڵات، بیستت، درووت). بەپێی دەستوورێکی گشتیی ڕێزمانیش هەر هەمان ڕاناوە دەبێتەوە (مضاف الیە – حەز دەکەم زاراوەی «خاوەن» بەکار بێ بۆ مضاف الیە)، دەگوترێ (برات، خزمت، بەرگت، ناوت، ڕێت، کەللەت...)، دەشچێتە پاش ئەمرازانەوە وەك (لێت دەپرسم، پێت دەڵێم).

بەڵام ڕاناوی چالاکی کەسی دووەمی تاك لە کاری ڕابردووی تێ نەپەڕ و کاری «مضارع»ی تێپەڕ و تێ نەپەڕ و ڕستەی بێ «فعل»ی تەواو، ئا لەم سێ حاڵەتەدا دەمەتەقەی لەسەرە. تاقمێك لە زمانزانان دەڵێن ڕاناوەکە دوو پیتی (یت)ە و ناشێ پیتی «ت»ەکە لە ڕستەدا بقرتێ و دەبێ هەمیشە وەك لەو میسالانەدا دەردەکەوێ، بەکار بێ:

تۆ ڕۆیشتیت – ڕابردووی تێ نەپەڕ؛

تۆ دەڕۆیت – «مضارع»ی تێ نەپەڕ؛

تۆ دەکەیت – «مضارع»ی تێپەڕ؛

تۆ پاکیت – ڕستەی بێ کار «فعل»ی تەواو؛

هەروەها لە سیغەیێکی (فەرمان، داواکردن، أمر، طلب) کە یەکێکە لە دوو (صیغة)ی (فەرمان، أمر) لە کوردیدا دەبێ ئەم ڕاناوە «یت» بێ نەك «ی»:

دەبێ نان بخۆیت ئینجا بخەویت.

سیغەی (فەرمان، أمر) لە جۆرەکەی تردا (بکە، بخۆ، بخەوە)یە بێ زیادکردنی (یت).

بەلای هەندێك لە زمانزانانەوە، کە منیش لە باوەڕی ئەواندام، ئەوەی ڕاناو بێ لەو ڕستانەدا هەر پیتی (ی)ە، پیتی (ت) کە بەدوا یێیەکەدا دێ زیادەیێکی (صرفی، گەردانی)یە دەشێ بمێنێ و دەشێ لەناو بچێ. وەنییە من لە زەرفێکدا بم بتوانم بلێم لە مێژووی کۆنەوە ئەم (ت)ە هەر وا بێ بایەخ بووە، یاخود بزانم لە ئەسلدا چۆن و بۆ چ مەبەستێك هاتووە، بەلام ئەوەی بەڕاناویشی دادەنێ لەم لایەنانە بێ خەبەرە وەك من، بەلگەی بەڕاناو حیسابکردنی هەر ئەوەندەیە کە بەدوا یێیەکەدا دێ و دەشێ «تلفظ» بکرێ.

لە باوەڕی مندا ڕاناوی چالاك، لەبەر زێدە گرنگیی ئەو دەورەی پێی هەلدەستێ لە ئاخافتندا، ناشێ هیچ پیتێکی بقرتێ. لە پێش چاومانە ڕاناوە چالاکەکانی (مان، تان، یان) لە هەموو حالێك و لە هەموو ئەو لەهجانەدا کە بەکاریان دێنن وەك خۆیان دێنەوە و هیچ پیتێکیان لێ کەم ناکرێتەوە، تێیەکەی (دەکەیت)یش ئەگەر پیتێکی بنجی با دەبوا ئەویش وا با. لەمەش زیاتر دەتوانم بلێم: بۆ دەبێ ڕێ هەبێ تێیەکە بقرتێ و بگوترێ (دەکەی) کەچی ڕێی قرتانی (یێیەکە) نەبێ، خۆ زۆر ئاشکرایشە دەنگی (ی) لە کوردیدا بەئاسانی لە ناو دەچێ. ئەگەر یێیەکە بنجی نەبا دەبوا ئەو ببێتە قوربانیی تێیەکە و بگوترێ (دەکەت لە جێگەی دەکەی). هەر هەمان دەنگی (ت) لە ڕابردووی تێپەڕدا بەهۆی ئەوەوە کە ڕاناوە هەرگیز تێچوونی بۆ نییە.

کە بگەڕێینەوە بۆ بوێژانی بابان لە سەدەی نۆزدەمدا دەبینین تێکڕایان بەزۆری ئەم تێیەیان قرتاندووە. کوردی دەلێ:

خۆت بۆ ستەمان کەم بووی بیستت قسەی ئەغیاریش

فیرعەونی زەمان ئامان گوێ مەگرە لە هامانت

گوتی (کەم بووی) نەیگوت (کەم boowیت).

تۆ کە حۆری وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی

لەم دلەی پڕ شەرەر و سینەیی سۆزانمدا

گوتی (تۆ کە حۆری) نەیگوت (حۆریت). گوتی (چ دەکەی) نەیگوت (چ دەکەیت).

لزووم نییە نموونە لە شیعری شاعیرانی ناوچەکانی تری کوردستان بێنینەوە چونکە بەکارهێنانی ئەم تێیەی دوای یێیەکە زیاتر لە سلێمانی باوە.

بگەڕێینەوە بۆ فارسیش، کە لەگەل کوردیدا خزمایەتیی هەیە، دەبینین لەوێدا بۆ

کەسی دووەمی تاك لە (ی) بەولاوە ڕاناوی چالاك بەکار نایێ، واتە دەنگی (ت) هەر بەجارێ بزرە لە هەموو ئەو ڕستانەدا کە «حکم و اسناد»یان تێدایە. تەنیا بۆ «اضافة» لە فارسیدا (ت) دەبێتە ڕاناوی چالاکی کەسی دووەم.

دەگوترێ:

تو رفتی، تو گفتی، تو اورا دیدی.

تو می روی، تو می گوئی، تو اورا می بینی.

دستت مریزاد.

هەر دەڵێی فارسی ئەم ڕاناوەی «اضافة»ی لە کوردی خواستووەتەوە چونکە لە کوردیدا بەکارهێنانی ڕاناوی (ت) بەپێی دەستووری گشتیی ڕێزمان بۆ «اضافة» و بۆ فیعلی تێپەڕی ڕابردوو دەبێ و دەگوترێ:

کردت، بردت، خـواردت، هێنات

دەستت، خانووت، برات، خانەت

کەچی لە فارسیدا چ دەستووری گشتی نایێتە بەرچاو کە ئەم (ت)ەی هێنابێتە ناو ڕستەوە، یا دەبێ بڵێین تایبەتییێکی زمانی فارسییە یا زیهن بۆ ئەوە دەڕوا لە زمانی کوردیی خواستبێتەوە.

وەنییە لەوەدا چ زیانێك هەبێ ئەم (ت)ە بەبەشێکی ڕاناوەکە حیساب بکرێ، هەروەها زیانیش نییە بگوترێ زیادەیێکی «صرفی»یە، ڕاستی هەر لایێکیان بێ زمانی کوردی زەرەری لێ ناکەوێ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دوو تێبینی دێنە بەر هۆشی مرۆڤ:

یەکەم: ڕاستی، کە سوودێکی تایبەتیشی نەبێ، چاکترە لە هەڵە، با هەڵەکەش چ زیانێکی لێ نەکرێ.

دووەم: ڕەوا نابینم ئەو کەسانەی (ت)ەکە بە بەشێکی ڕاناو دادەنێن داوا بکەن لە خەلق کە هەمیشە لە نووسیندا تێیەکە بنووسن. سەپاندنی ئەم تێیە بەسەر نووسیندا دوو زەرەری گەورەی تێدایە:

١– بەشێکی یەکجار زۆری کەلەپووری ئەدەبیمان کە تێیەکەی بەکار نەهێناوە ڕاستەوخۆ مۆری هەڵەی لێ دەدرێ.

٢– ڕێبازێكی گوشاد لە ڕەوتی ئەدەبیمان كوێر دەبێتەوە و ئازادیی تەعبیرمان كەم دەبێتەوە، بەتایبەتی بەنیسبەت شاعیرەوە كەوا دەبێ كێش و قافیەی شیعری بەند دەبێ بەتێبردنی ئەو تێیە.

سەیری ئەم بەیتەی نالی بكە هەرچەند بۆ كەسی سێیەمیشە:

نالی زمانەكەی تەڕ و پاراوی سووسنت

حەیرانی چاوی نەرگسە وەك لالە نادوێ

كە مەجبوورت كردبا بڵێ (نادوێت) كوتێكت دەخستە دەستی و شیعرەكەت لێ یاساغ دەكرد، ئەوسا یەكێكی تریش ڕێی دەبوو لەلای خۆیەوە مەنعی ئەم نیوە دێرەش بكا لە هەمان قەسیدەدا:

یا شاهی نەوبەهارە هەڵی داوە هوردوێ

چونكە وشەی (هوردوێ) پیتێكی «ك»ی لێ قرتاوە ئەسڵەكەی (هۆردوێك) بووە.

خاوەنانی ئەو باوەڕەی كە دەڵێ «ت»ەكە زیادەیێكی «تصریفی»یە چ ڕێیان كوێر ناكەنەوە، هێشتنەوە و قرتاندنی تێیەكە دەخەنە بەر زەوق و خواهشتی بێژەر.

كەواتە بەكارهێنانی ڕاناوی چالاكی كەسی دووەمی تاك «ضمير متصل للمفرد المخاطب» لە لەهجەی كوردستانی خوارووداا گردەبڕ دەبێتە دوو جۆری لە یەكدی جودا:

جۆری یەكەم بەلای هەموو زمانزانەوە تاكە پیتی «ت»ە ئەویش لەم شوێنانەدا بەكار دێ:

١– ڕابردووی تێپەڕ لە هەموو كاتەكانی و هەموو سیغەكانی خەبەری و ئینشائیدا.

نموونە بۆ سیغەكانی خەبەری:

كردت، كردووتە، كردبووت، دەتكرد.

نموونە بۆ سیغەكانی ئینشائی:

كردبات، كردبێتت، كردبووبات، بتكردبا (بتكردایە لە لەهجەی سلێمانیدا)[١٣].

---

(١٣) تێبینی: خوێنەر بمبوورێ لەوەدا كە ناتوانم باسی سیغەی «خبری و انشائی» كارەكان لێرەدا شەرح بدەم و جیاوازیی میانی واتای «خبری و انشائی»ش ڕوون كەمەوە.

٢– دەبێتە «مضاف الیه – خاوەن» بێ یارمەتیی «ی»ی ئیزافە، دەڵێی: (برات هات، ناوت دارایە، دەستەکانت درێژن).

«لێوت کە وەکو لەعلی بەدەخشانە بەئاڵی»

٣– وەك فیعل و چاوگ دەکەوێتە دوای ئەو ئەمرازانەی سەر بەفیعلن. دەگوترێ «لێتەوە دیارە، پێت خۆشە، تێترا دەبینم» کە چاوگەکانی (لێوە دیار بوون، پێ خۆشبوون، تێ ڕادیتن)ە. ئەم ئەمرازانە هەرگیز نایێنە دوای ناو وەیا ئاوەڵناوی مەندەوە. دەگوترێ «لە ئەخۆڵەوە دیارە، بەتۆ خۆشە یاخود تۆ پێت خۆشە، لە تۆ ڕادەبینم».

دەشبێتە هاوبەشی ناو و ڕاناوی مەند لە ئەمرازی (بۆ)دا، کە هەرگیز فیعلی بەدوادا نایێ. دەگوترێ (بۆت بەپەرۆشم، بۆ تۆ بەپەرۆشم، بۆ دارا بەپەرۆشم).

٤– لە ڕستەی فیعلیدا دەبێتە «فاعل و مفعول» و بەپێی داوای دەستووری دروستکردنی ڕستەی فیعلی لە کوردیدا جێگۆڕکێ دەکا، دەگوترێ:

چیت کرد – لێرەدا فاعیلە.

دەتبینم – لێرەدا مەفعولە.

نموونەی جێگۆڕکێ:

دەتگرت، نەتدەگرت، هەڵت نەدەگرت، منداڵەکەت هەڵنەدەگرت.

لە ئێمەت پرسیبا، لێت پرسیباین، لێمانت پرسیبا، پرسیبات.

هەڵبەت ڕاناوی چالاکی کەسی دووەمی تاك لەم تایبەتییانەدا هەر خۆی وا نییە، هەرچی ڕاناوی چالاك هەیە وایە.

ئەمە دەربارەی جۆری یەکەمی ڕاناوەکە کە پیتی «ت» بوو.

جۆری دووەمی ئەم ڕاناوە چالاکە چ بڵێین تاکە پیتی «ی»ە و چ بڵێین دوو پیتی «یت»ە ئەویش مەیدانی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ بەکارهێنان لە ئاخاوتندا:

١– لەگەڵ فیعلی ڕابردووی تێ نەپەڕدا دێ:

تۆ هەڵستای – هەڵستایت، تۆ نووستی – نووستیت، تۆ چووی، چوویت.

٢– لەگەڵ فیعلی «مضارع»دا دێ تێپەڕ بێ و تێ نەپەڕ بێ:

دەکێڵی، دەکەی، دەخۆی، دەنووی، دەکەی، دەمری، دەبرژێی یاخود دەکێڵیت، دەخۆیت، دەکەویت...

٣- لەگەڵ یەکێك لە دوو سیغەی فەرمان «أمر»دا دێ:

بکەی، بخۆی، بنووی، ببی، بدەی، بڵێی، بکەوی یاخود بکەیت، بنوویت، بڵێیت...

ئەوەی ڕاستی بێ سیغەی فەرمانی ڕاستەقینە هەر (بکە، بخۆ، بنوو، بکەوە)یە نەهی ڕاستەقینەش (مەکە، مەخۆ، مەنوو، مەکەوە)یە، هەر بۆ کەسی دووەمیش بەکار دێ کەوا لە بنەڕەتدا «أمر و نهی» بۆ ئەو داهاتووە. سیغەکەی تر بە «مثبت و منفی»یەوە واتە (بکەی، بکەن، بکەم، بکەین، بکا، بکەن - هەروەها نەکەی، نەکەن، نەکەم، نەکەین، نەکا، نەکەن) فەرمان و نەهیی ڕەبەق نین، وا دەبێ بۆ «دعاء» یاخود هەڕەشە و مەبەستی تریش بەکار دێن:

خوا نەکا تۆ نەخۆش بی.

خوا بکا بباریّ.

بچیّ بۆ فێرگە باشترە لە بازاڕ.

پارەکەم بدەیێ و نەدەیێ دەغڵەکەت هەر بۆ دێنم.

(تەماعی گەورەیی بێ چەك نەکەن نەك).

٤- دەبێتە تەواوکەری ڕستەی بێ فیعل، واتە لە ڕێی ئەوەوە «حکم، اسناد» لە ڕستەی بێ فیعلدا پەیدا دەبێ، وەك:

تۆ مرۆڤی، تۆ مرۆڤیت.

هەمیشە لە پێشەوەی، لە پێشەوەیت.

دوشمنی کەس نی، نیت.

لە سیغەی فەرمانی ڕاستەقینەدا (مەکە، مەڕۆ) ئەم ڕاناوە بەدەرناکەوێ، لە کەسیشم نەبیستووە گوتبێتی لێرەدا ڕاناو هەیە، تەنها مامۆستا (نووری عەلی ئەمین) بەلایەوە لەو فەرمانانەدا کە کۆتاییان بزوێنی (ە)یە بزوێنەکە ڕاناوە وەك (بکە، ببە، بدە، بوەستە)، کەچی هەرخۆی دەڵێ هەمان بزوێن لە ڕستەی وەك (دارا کوردە)دا ڕاناو نییە و کاری بوون (فعل الکینونە)یە.

ئەوەی ڕاستی بێ بەلای منەوە نەك هەر ڕاناو وجوودی نییە لە فیعلی ئەمری کەسی دووەمی تاکدا، هۆیەکی زۆر بەهێزیش هەیە بۆ نەبوونی ڕاناو هەم لەو فیعلە و هەم لە

زۆربەی فیعلەکانی کەسی سێیەمی تاکدا. لێرەدا بەپێشەوە بەڵێنم دا کە ئەگەر مەودای شیکردنەوەی ئەم هۆیە بمێنێ لە گوتارەکەمدا، بەپێی باوەڕی خۆم شەرحی باسەکە بکەم. بەداخەوە هەرچی دەرفەت و مەودایە بەدەستەوە نەماوە لەبەر زێدە درێژەکێشانی باسەکان، بۆیێ بەناچاری وازی لێ دەهێنم.

ئێستا دێینە سەر باسی ئەو ڕاناوانەی کەسی سێیەمی تاك کەوا دەمەتەقەیان بەدەورەوە هەیە و زمانزانان تێیاندا گومانـاوین.

بەڕاستی هەر لە دوو نوقتەدا زمانزانان ڕێك دەڕۆن لە باوەڕیان دەربارەی ئەم ڕاناوانەی کەسی سێیەمی تاك: نوقتەی یەکەم ئەوەیە کە فیعلی ڕابردووی تێنەپەڕ «ماض لازم» بۆ کەسی سێیەمی تاك ڕاناوی نییە. نوقتەی دووەم ئەوەیە لە فیعلی ڕابردووی تێپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاکدا، دەنگی (ی) دەبێتە ڕاناو، وەك: کردی، دیتی، بردی، سووتاندی، هاوێشتی... ئەم ڕاناوەیش چ دەورێکی ڕاناوی چالاك هەیە پێی هەڵدەستێ، دەبێتە «مضاف الیه» و بەدوا ئەمرازەکانی سەر بەفیعلەوە دێ و دەبێتە فاعیل و مەفعول و جێگۆڕکێ دەکا بەپێی داخوازی دەستوورەکانی بەکارهێنانی ڕاناوی چالاك.

لەوە بەولاوە جیاوازیی بنجی هەیە لە میانی زمانزانان دەربارەی بوون و نەبوونی ڕاناوی چالاك بۆ کەسی سێیەمی تاك.

بەشی زۆری خاوەن ڕایەکان بۆ ئەم بیروباوەڕانەی خوارەوە دەچن:

١- لە فیعلی «مضارع»دا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك هەمیشە هەیە و بریتییە لەو (ت)ەی کۆتاییی فیعلەکان کە لە هەندێ لەهەجەکاندا دەقرتێ وەك: دەچێت، دەخوات، دەنوێت، دەژیت، دەکات، دەنووسێت.

هەندێ لەم خاوەن ڕایانە وا دەزانن دەنگەکەی پێش دەنگی (ت) ئەویش هەر بەشێکی ڕاناوەکەیە.

٢- لە فیعلی فەرمان «أمر»یشدا عەینی باوەڕ دووبارە دەکەنەوە و دەڵێن لە فیعلەکانی (بڕوات، بنوێت، بلێت، بژیت، بکات) دەنگی (ت)ی کۆتاییی فیعلەکان ڕاناوە. باوەڕی وەهاش هەیە دەنگەکەی پێش (ت)ەکەش بە بەشێکی ڕاناو دادەنێ.

بەڕاستی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك ئەگەر هەبێ لە فیعلی «مضارع»دا هەر خۆیەتی سەر هەڵدەداتەوە لە فیعلی فەرمان «أمر»دا چونکە سیغەی «مضارع»

نیشانەی «مضارعە»کەی دەکرێ بەنیشانەی «أمر» و وەك خۆی دێتەوە، واتە فیعلی (دەڕوات) نیشانەکەی (دە)ی لێ دەگۆڕێ و دەکرێتە (ب) و فیعلەکە دەبێتە (بڕوات). سیغەی «أمر»ی ڕاستەقینە هەر ئەوەیە کە بۆ کەسی دووەمی تاك بەکار دێ، چونکە فەرقی دیاری هەیە لەگەڵ سیغەی «مضارع»دا. بەنموونە: لە «مضارع»دا دەڵێی (دەخۆی)، کەچی لە «أمر»دا دەڵێی (بخۆ)... دەڵێی (دەکەی – بکە، دەچی – بچۆ، دەمری – بمرە).

٣– بزوێنی کۆتاییی ڕستەی وەك (دارا مەردە) بەڕاناو دانانێن، بەلایانەوە (فعل الکینونە، Verb to be، کاری بوون)ە، تەنانەت هی وا هەیە لە ڕستەکانی (من مەردم، تۆ مەردیت، ئێمە مەردین، ئێوە مەردن) تەواوکەری ڕستەکان (م، یت، ین، ن) بەڕاناو دادەنێ بەڵام بزوێنی (ە) لە ڕستەی (دارا مەردە)دا بەڕاناو دانانێ و بەفیعلی حیساب دەکا.

بەنیسبەت خاڵی یەکەم و دووەمەوە کە ڕستەکانی (دەچێت، دەخوات، دەژیت...) لە ئایندەدا و ڕستەکانی (بچێت، بخوات، بژیت) لە فەرماندا دەکا بەنموونەی بوونی ڕاناوی چالاك بۆ کەسی سێیەمی تاك، چی لێرە بەپێشەوە گوتم دەربارەی (ت)ی کەسی دووەمی تاکەوە کە بەدوا (ی) ڕاناودا دێ، هەمووی دووبارە دەبێتەوە دەربارەی ئەم (ت)ەی کۆتاییی فیعلەکان بۆ کەسی سێیەمی تاك. هەموو ئەو ڕەخنەی لەوێ خستمە بەرچاو لێرەش، ئۆتۆماتیکی، دێتەوە. بەڵام بەنیسبەت کەسی سێیەمی تاکەوە ڕەخنەیێکی تایبەتی بەزیادەوە هەیە پتر دەبێتە سەپێنەری ئەو ڕایەی کە دەڵێ (ت)ی فیعلەکانی (دەخۆیت، دەخوات) واتە هی کەسی دووەم و سێیەمی تاك زیادەی (تصریفی)ن نەك ڕاناو.

کەسی سێیەمی تاك لە «مضارع و أمر»دا نەك هەردوو سیغەی (بەتێ و بێ تێ)ی هەیە، سیغەیێکی سێیەمیشی هەیە لە زۆرترین ناوچەکانی کوردستانی خواروودا بەکار دێ، هەروەها لە گەلێك شوێنی کوردستانی سەرووشدا. سەیری ئەم نموونانە بکە:

١– دەڵێ، دەڕوا، دەژی

دەڵێت، دەڕوات، دەژیت

دەڵێتن، دەڕواتن، دەژیتن

٢– بکا، بنویٚ، بژی

بکات، بنوێت، بژیت

بکاتن، بنوێتن، بژیتن

له هەردوو سیغەی «مضارع و أمر»دا سیٚ جۆر بەکارهێنان هەیە و تا ئێستاش زیندوون، چ دیاریش نییە بمرن. کە ڕێگە هەبیٚ بگوتریٚ ئەو (ت)ەی کۆتاییی فیعلەکان کە دەشیٚ بقرتێن ئەوان ڕاناون، بۆ نەگوتریٚ (تن)ە کە تێکڕای ڕاناو بیٚ؟

بێگومان کەسانێك کە خەیاڵیان چووە بۆ ئەوە کە هەر (ت)ەکە ڕاناو بیٚ، ئەگەر خۆیان بەزۆری (تن)ەکەیان بەکار هێنابا بیٚ دوودڵی دەیانگوت ئەو ڕاناوە، بەڵام ڕێکەوت وایە لە ئاخاوتندا خۆیان هەمیشە هەر (ت)ەکە بەکار دێنن، تەنانەت لە هەندێکیانم بیستووە کە ئەم (تن)ە لە ناوچەی سلێمانیدا هەر بەکار نایێ، ئیتر کە خۆی بەکاری نەهێنیٚ و لە شارەکەشیدا بەکار نەهاتبیٚ، دیارە بەدرەنگەوە بایەخی پیٚ دەدا یا هەر پێی نادا. بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە کە ئەم سیغەیە لە سلێمانی و غەیری ئەوێش لە سەرانسەری کوردستاندا بەکار هاتووە و بەکار دیٚ. لێرەدا بەنموونە شیعری دوو شاعیری کوردی سەدەی نۆزدەم دەکەین بەشایەدی قسە:

شێخ ڕەزا لە پێنج خشتەکیێکی بەسەر غەزەلی مستەفا بەگی کوردییەوە ئەمەی گوتووە:

بەیادی چاوی مەستی خۆم گوتی مەیخانە (بێتن) جێت

فیعلی (بێتن)م خستە ناو کەوانەوە تا چاوی خوێنەر باشتری بخوێنێتەوە.

لە لاپەڕە ٩ی دیوانی (مەلا وەسمان) کە خۆی خەڵقی سلێمانی بووە ئەم بەیتە دەخوێنیتەوە، لە پێشەوە بەرێنووسی خاوەنی دیوان ئینجا بەرێنووسی تازەی کوردی بەیتەکە دەنووسمەوە:

علمە کالای مغفرت پشتانی بالای ادمی

ژنگی عصیان دیزرینی توبە (دیکاتن) رفو

ئەمەش بەیتەکەیە بەرێنووسی تازە:

عیلمە کالای مەغفیرەت پشتانی باڵای ئادەمی

ژەنگی عیسیان دەیرزێنیٚ تۆبە (دەیکاتن) ڕفوو

دیسان فیعلی (دەیکاتن) خرایە ناو کەوانەوە بۆ مەبەسی ئاشکرایی.

بەپێی باوەڕی من، بوونی ئەم جۆرە «تصریف»ە زیاترە ڕاناونەبوونی پیتی (ت) ئیسپات دەکا چونکە دیار دەدا کەوا نەك هەر پیتی (ت) بەڵکو دوو پیتی سەرلەبەری (تن) بەزیادەوە دێنە ناو فیعلەوە و هەردووشیان بەجارێ، یا هەر جارە یەکێکیان، دەقرتێن.

ئەو زمانزانانەی پێ دادەگرن لەسەر گوتن و نووسینی دەنگی (ت) لە کۆتاییی فیعلەکاندا و دەڵێن دەبێ هەمیشە بگوترێ و بنووسرێ (دێت، دەخوات، بکات، بڵێت) سێ جاران، هەرجارە بەجۆرێك، ستەم دەکەن:

جاری یەکەم ستەمیان لەوەدایە کەوا بێ بەڵگە و هۆی «ترجیح»، تاکە دەنگی (ت) دەسەپێنن بەسەر گوتن و نووسیندا لە حاڵێکدا جووتە دەنگی (ت، ن) وا لە کاردان و خەڵق دەیانڵێ و دەشیاننووسێ. بێگومان سەپاندنی (ت، ن) زیاتر لە ئیحتیمالی هەڵە دوورە چونکە ئەگەر دەنگی (ت) ڕاناو بێ ئەوا (ت)ەکە هەیە و نەقرتاوە و دەشێ بگوترێ (ن)ەکە زیادەیێکی «تصریفی»یە خۆ ئەگەر (ت، ن) بەیەکەوە ڕاناو بوون، ئەوە نیشان پێکراوە و لە هەڵەی حیسابنەکردنی (ن)ەکەش بەڕاناو ڕزگار بووین. لە فەرزی هیچیشیان ڕاناو نەبن فەرقی (ت)ی تەنیا و (ت، ن)ی بەجووتە نییە: هەڵە هەر هەڵەیە.

جاری دووەم ستەمیان لەوەدایە کە بەسەپاندنی (ت) دوو شەقامەڕێی ئاوەدان کوێر دەکەنەوە، بێ لزووم و بێ بەڵگە و بێ پاڵپشتی مەنتیقی و زانستی و مێژوویی... بێ هیچ.

جاری سێیەم ستەمیان لەگەڵ «اجتهاد»ی خۆیانە، چونکە کە مەیلیان بۆ ئەوە چوو پیتی قرتاو بەڕاناو حیساب بکرێ، بۆ لە نیوەی ڕێگە دەوەستن و تاکە پیتی (ت) دەکەنە ڕاناو لە حاڵێکدا زمانەکە دوو پیتی بەدەستەوە داوە؟

هەندێك لەو زمانزانانە بەڵگەیێك دێننەوە کەمێك دەبێتە داروەکازی دەستی ئەم (ت)ە. دەڵێن لەو فیعلانەی سیغەی «دووبارەکردنەوە»یان هەیە ئەم دەنگەی (ت) دێتەوە و قرتانی بۆ نییە وەك کە بڵێی «دەرگاکە دەکاتەوە، نەختێکی تر دێتەوە، دارەکە خەریکە دەژیتەوە، تازە بەرەو ماڵ دەبێتەوە..».

ئەم بەڵگەیە زەکا و وردبینی تێدایە، بەڵام مەبەست ناسەپێنێ.

سرنج بگره دەبینی هەرچی فیعلی کەسی سێیەمی تاك هەیە لە «مضارع»دا بەبزوێن کۆتاییی دێ وەك «دەڕوا، دەچێ، دێ، دەژی...»، دەوجا کە ویستت پاشگری «ەوە»ی دووبارەکردنەوەی بخەیتە سەر دەبێ پیتێکی پێوەندی ببێتە ئاڵقەی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆتاییی فیعلەکە، کە خۆی بزوێنە، لەگەڵ پاشگری «ەوە» کە ئەویش بەبزوێن دەست پێ دەکا، مەعلوومێکی وەك بەدیهییەش وایە بزوێن ناچێتە سەر بزوێن بێ ئاڵقەی پێوەندی. کەواتە دەبێ پیتێك بەزیادەوەبێ ئەگەر چ پیت لە بەیندا نەبوو. لەوەڕا دەردەکەوێ هاتنی «ت» یا پیتێکی تر شتێکی ناچارییە و نابێتە بەڵگەی ڕاناوبوون، تەنانەت ڕەسەنبوونیشی. بەڵام ئەو پرسیارە هەر دەمێنێ لە خۆمانی بکەین: بۆ دەنگی (ت) هات و دەنگێکی تر نەهات؟ بۆ نەمانگوت «دێخەوە» لە جیاتی «دێتەوە»؟ یاخود بۆ نەمانگوت «بەرەو ماڵ دەبێشەوە» لە جیاتی «دەبێتەوە»؟.

بەلای منەوە هاتنەوەی «ت» لێرەدا لە هاتنی هەموو دەنگێکی تری «ئەلفوبێ»ی کوردی لەبارتر و موناسبترە، چونکە خۆی بەئەسڵ وەك زیادەیێکی «تصریفی» هاتنی بۆ ناو فیعلی «مضارع» شتێکی عادەتییە، واتە لە فەرزی ئیسپاتیش بوو کە ڕاناو نییە ئەوەی هەر بۆ دەمێنێتەوە کە زێدە لە دەنگەکانی تر دەشێ بێتە ناو فیعلەوە بەوێنەی «تصریفی» یاخود لە ژێر هەر عینوانێك بێ. تۆ کە ڕێت هەبێ بڵێی «دێت» با ئەو دەنگەی «ت»ە ڕاناویش نەبێ، هاتنەوەی خۆی لە کاتی پێویسدا گونجاوترە لە هاتنی دەنگێکی تری بێگانە وەك «ش، ك، ل، م...». لەم ڕووەوە لە ئاوەڵەکەی خۆیشی کە «ن»ە ئاشناترە بەفیعلەکە، چونکە خۆی بەفیعلەوە دەلکێ و دەکەوێتە میانی کۆتاییی فیعلەکە و نوونەکەوە، جگە لەوە کە پیتی[١٤] (ت) یەکێکە لەو پێنج پیتانەی دەکەونە پێش (نوونی چاوگ) و دەبنە کۆتاییی فیعل.

کەواتە سەیر نییە دەگوترێ (دەخواتەوە) و ناگوترێ (دەخواتنەوە) یاخود (دەخوانەوە) با ئەو «ت»ە زیادی «صرفی» بێ نەك ڕاناو.

ئەم بۆرە بەڵگەی هاتنەوەی «ت» لە «مضارع»ی دووبارەکراوی کەسی سێیەمی تاك، نابێتە داروەکاز لە هەڵستاندنەوەی باری «ت» لە «مضارع»ی کەسی دووەمی تاکدا چونکە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەوێدا نایهێننەوە ناو فیعل و دەڵێن «دێیەوە، دەخۆیەوە، دەکرێیەوە، دەدۆزییەوە..». لێرەدا هۆیێکی یەکجار ورد و نهێنی

(١٤) لەم شوێنانەدا مەبەس «دەنگی پیتەکان»ە، پیت بۆ خۆی نیشانەی دەنگە.

هەیە، بەسرنج گرتنێکی دوور و قووڵ نەبێ لە زمان و بزووتنەوەی ناوەکیی میکانیزمی زمان، ئیمکان نییە هەستی پێ بکرێ. هۆیەکەش ئەمەیە:

بزوێنەکانی کۆتاییی فیعلی «مضارع»ی کەسی سێیەمی تاك هەمیشە بەبزوێنی دەمێننەوە و هیچ کامێکیان ناگۆڕێن بە (دەنگدار)، لەبەر ئەمە هەرگیز ناشێ بزوێنی تری پێوە بلکێ. فیعلەکانی (دەخوا، دەڵێ، دەژی، دەچێ، دەبا...) ناکەونە هیچ حاڵێکەوە شکڵی کۆتاییان بگۆڕێ بەپیتی دەنگدار. ئەم شکڵەیان «نهائی»یە. بەلام ڕاناوی «ی»ی کەسی دووەمی تاك وا دەبێ بزوێنە و وا دەبێ دەنگدارە، واتە ئیمکان هەیە خۆی ببێتە ئەو پیتە کە بزوێنی «ەوە»ی پێوە بلکێ، ئیتر زەرورەت نامێنێ ئەو «ت»ەی زیادەی «تصریفی» بکرێ بەئاڵقەی پێوەندی، سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

دەچیت، دەژیت، دەبیت.. لەمانەدا یێیەکە بزوێنە.

دەخۆیت، دەکەیت، دەڵێیت.. لەمانەدا یێیەکە دەنگدارە.

دەوجا کە حاڵ وابێ ڕێ هەیە بگوترێ (دێیەوە، دەکەیەوە، دەچییەوە، دەژییەوە، دەڵێیەوە). کە زەرووەرتیش نەما بۆ هاتنی «ت» هەڵبەت خەڵق ئازاد دەبێ لەوەدا کە وەك زیادەی «تصریفی» بیهێنێتەوە یا بیقرتێنێ، بەوەدا جارێکی تریش ڕاناونەبوونی ئەم «ت»ە بەرەو ئیسپات دەچێ(١٥).

دیسانەوە بانگهێشتنت دەکەم لەگەڵ مندا، بەچاوێکی زەرەبین، سرنج بگریە ئەم تایبەتییەی «فعل أمر» بۆ کەسی دووەمی تاك.

سیغەی «أمر»ی ڕاستەقینەی وەك (برۆ، بکە، بڵێ، بژی) هیچ زیادەی «تصریفی»ی تێدا نییە وەك لە سیغەکەی تردا هەیە کە دەگوترێ (برۆیت، بکەیت، بڵێیت، بژیت). لەبەرئەمە سیغەی «أمر»ی ڕاستەقینە لەو فیعلانەدا کە دووبارەکردنەوەیان تێدایە چاوپۆشییان تێدا دەکرێ لە نەهێنانی پیتی ئاڵقەی پێوەندی بۆ بەینی کۆتاییی فیعلەکان، کە بزوێنن، لەگەڵ پاشگری «ەوە»، کە دووبارەکردنەوە ڕادەگەیەنێ. لەم حاڵەدا زەرووڕەت وا دەکا بێ هێزترین بزوێن لەناو بچێ کە بزوێنەکەی سەرەتای

---

(١٥) لە گوتاری (بەکارهێنانی «ی» لە ڕێزمانی کوردی) کە لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بلاو کرایەوە، بەراوردیێکی ژمارەی مەیلەو ورد هەیە دەربارەی ئەو یێیانەی هەمیشە بزوێنن و ئەوانەی لە بزوێنی دەکەون، خوێندنەوەی ئەویان یارمەتی تێگەیشتنی ئەمیان دەدا.

«ەوە»یە واتە بزوێنی «ە» کە فەتحەی پێ دەگوترێ لە زمانی عەرەبیدا. بەو پێیە دەگوترێ (بخۆوە، بکەوە، بلێوە). وا بزانم تەنیا ناوچەی سلێمانی، کە حەز دەکا پیتی پێوەندی بەکار بێنێ، لەم فیعلانەدا پیتی «ر»ی ناسك دەهێنێ بۆ میانی هەردوو بزوێنەکان و دەڵێ (بخۆرەوە، بکەرەوە، بڕۆرەوە..). بەڵام لەوێشدا کە کۆتاییی فیعلەکە «رە» بوو واز لە «ر»ەکەی زیاد دێنن و دەڵێن (وەرەوە، بشارەوە..). ئەم حەز لێکردنەی ناوچەی سلێمانی لە پیتی پێوەندی، هەر خۆی سەبەبی ئەوەیە هەمیشە کات بلێن (دەڵێیتەوە، دەخۆیتەوە..) جارێکیان بەرێکەوتیش پیتی «ت»ەکە نەقرتێنن. وا دەبێ زیاتریش مەیلی خۆیان بۆ ئارایشتی وشەیی، کە تایبەتییێکی «حضاری»ی پێشکەوتووە، دیار بخەن بەوەدا کە سەرەڕای تاکە پیتی «ر» زیادەییێکی تری درێژی «تصریفی» بخەنە کۆتاییی فیعلی «أمر»ەوە و بلێن «بخۆرەوەوانێ، بێرەوەوانێ، بکەرەوەوانێ». لە ڕابردوو و «مضارع»یشدا ئەم زیادییە هەر بەکار دێنن.

ئەم ڕوونکردنەوانە دەربارەی حاڵاتی کەسی دووەمی تاك، بەر لەوە لە کەسی سێیەمی تاك بدوێم و فیعلی دووبارەکردنەوە باس بکەم، جێیان خۆش نەدەبوو بۆیێ لە شوێنی خۆیانم هەڵەنگاوتن بۆ ئێرە.

کەواتە باوەڕی من ئەمەیە لە فیعلەکانی (دەڕوات، دەچێت، دەخوات، دەژیت) کە فیعلی «مضارع»ی کەسی سێیەمی تاکە، نەپیتی (ت) نەپیتی پێش ئەو هیچ کامێکیان ڕاناو نین، پێداویستی «تصریف»ن. وەك ئەوانیش دوو پیتی (ت، ن) لە فیعلەکانی (دەڕواتن، دەخواتن، بچێتن، بڕواتن...). ئەم زیادییانە ئەگەر ڕاناو بان دەبوا لە شوێنی تردا دەربکەون و ببنە هۆی پەیدابوونی «حکم و اسناد» لە ئاخافتندا، تۆ سەیریان بکە لەو شوێنانەدا کە بەکاریش دێن «حکم و اسناد» دروست ناکەن چونکە بەقرتانیان چ نوقسانییێك پەیدا نابێ، «حکم و اسناد»ێك لە ڕستەدا کە هەیە هەر دەمێنێ. ئەوەی ڕاستی بێ ڕەنگە جۆرێك «تأكيد» ڕابگەیەنن، بەتایبەتی لە کاری وەك (دەبارێتن)دا ئیشارەییێکیش هەیە بۆ «مستقبل»، واتە زیاتر لە بەیانی ڕاستییێکی «مطلق»، ڕوودانێکی بەرچاوی چاوەڕوانکراو دەخاتە بەر هەستی مرۆڤەوە.. بەڵام ئەم تێبینییە لێکۆڵینەوەی زیاتری دەوێ.

دەربارەی خاڵەی سێیەم کە بزوێنی کۆتاییی ڕستەی وەك «دارا مەردە» و زمانزانان بەلاساییکردنەوەی ڕۆژئاواییەکان دەڵێن «کاری بوون، فعل الكينونة، Verb to

be»یە ڕەخنەیێك و تێبینییێكی بنجیم هەیە لەگەڵ هەندێك ڕوونكردنەوە كە دەبن بەكۆتاییی گوتارەكە.

وەك پێشتر باسم كرد زمانزان هەیە لە نێوان هەموو ڕاناوە چالاكەكاندا تەنیا بەم بزوێنە دەڵێ «فعل الكینونة»، واتە ئەمیان زیاتر لەوانی تر قسەی بەسەرەوە هەیە كە فیعل بێ. دەبا بزانین هیچ ئیمكان هەیە ئەم بزوێنە، یاخود هاوڕێكانی كە ڕاناوە چالاكەكانن وەك (م، مان، ین، ت، ی – یت، تان، یان، ن..) فیعل بن؟ لەو ڕووەوە زووتر موناقەشەییێكی بیروباوەڕەكەم كرد لە ڕوانگەی تێكڕای ڕاناوە چالاكەكانەوە، لێرەدا كەمێك زیاتر لە موناقەشەكە قووڵ دەبینەوە بەنیسبەت ئەو بزوێنەوە چونكە تایبەتییێكی سەربەخۆ لەودا هەیە تا ڕادەیێك وتووێژ دەربارەی ئەو جودا دەكاتەوە لەوانی تر.

لە ڕستەی (دارا مەردە)دا كوا فیعل؟ دەزانین هەموو فیعلێك لە خودی خۆیدا، واتە لە ناوەڕۆك و واتای وشەكەیدا، دوو ڕەگەزی هەیە كە هەر خۆیان ناوەڕۆك و واتای فیعلەكە پێك دێنن. ئەم دوو ڕەگەزە (كات و ڕوودان)ن. هەرچی فیعلی جیهان هەیە بیانهێنەوە بەنموونەی دەمەتەقە، تاكێكیان بێ ئەم دوو ڕەگەزە نییە و ئیمكانیش نییە هەبێ. كە دەڵێی (دارا هات) بێ پێویستی تەئویل و یارمەتیدانی زمانزانانەی من و یەكێكی تر ڕاستەوخۆ ڕات گەیاند كە ڕوودانی «هاتن» لێرە بەپێشەوە بووە، (دارا)ش لابەری لە ڕستەدا و بڵێی «هات» ئەم ڕوودانە و كاتی لێرە بەپێشەوە سەرلەبەریان لە فیعلەكەوە هەڵدەقووڵن و دەبن بەناوەڕۆكی(١٦). ڕوودان و كاتەكە لە مێشكی من و تۆ،

---

(١٦) دەتوانم بڵێم بوونی «فاعل، كارا»یێكیش بەزەروورەت دێتە زیهنەوە، خۆ ئەگەر گوتبام «هاتم» فاعیلەكە وجوودیشی لە فیعلەكەدا دیار دەكەوت، بەڵام وجوودی فاعیل لە دەرەوەی فیعلەوە دێ و ڕەگەزی فیعلەكە نییە، دەبینی هەرجارە فاعیلەكە دەگۆڕێ «هاتم، هاتین، هاتی، هاتن..»، بەڵام ڕوودان و كاتەكە هەر خۆیانن. بێگومان بەسترانەوەی فیعل بەفاعیلەوە لەو زمانانەدا كە ڕاناوی چالاكیان هەیە زیاتر دێتە بەرهەست تا ئەو زمانانەی ڕاناوی چالاكیان نییە. كە دەڵێی (من نووسیم) بەهۆی دەنگی «م» لە كۆتاییی فیعلەكەدا كە بووە بەكەرتێكی چڕمساوی وشە، شەخسی فاعیلت هێندی فیعلەكە لە بەرچاوە بەڵام كە دەڵێی I wrote بەهۆی وشەی I نەبێ فاعیلەكە نایێتە بەرهەستی مرۆڤەوە، واتە وشەی Wrote خۆی لە خۆیدا كەسی یەكەم بەدەستەوە نادا، لە ڕاستیدا هیچ كەسێك بەدەستەوە نادا.. قسە درێژەی زیاتر هەیە بەڵام دەرفەت نییە.

یاخود لە ڕاگەیاندنی واقیعێکی دەرەوەی فیعلەکە، یا لە «مقتضی الحال» و شتی ئەوتۆوە نەهاتوون، هەر خۆیان فیعلەکەن. کە دەشڵێین (ڕوودان) مەبەسمان پەیدابوونی شتێکی نەبووە، واتە لە فیعلی (هاتم)دا هاتنەکە لە نوێ پەیدا بوو و پێشتر وجوودی نەبوو.

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییە بەدیهییانەدا با سەیرێکی (دارا مەردە) بکەین. با بزانین، بێ شەرمکردن لە جێگە و مەقامی زاناکانی ئەوروپا، ڕوودان لە کام بەشی ڕستەکەدا هەیە؟

تۆ کە دەڵێی (دارا مەردە) حەقیقەتێکت باس کردووە، چ مەبەستت ئەوە نییە (تازە دارا بووەتە مەرد) تا خەیاڵمان بۆ (ڕوودان) بچێ. لە ڕستەکەدا مەردایەتیی دارا ڕووداوێکی تازە نییە کە پێشتر وجوودی نەبووبێ. ئەگەر گوتبات (دارا مەرد بوو) ئەوسا مەردایەتیی دارا دەبوو بەڕووداوێك لە کاتی ڕابردوودا.

بۆ ڕوونکردنەوە فیعلێکی کەسی یەکەم دێنمەوە: دەڵێی (من مەردم). ئەم ڕستەیەش کە کردت بە (من مەرد بووم) ڕووداوێکی ڕابردووی لێ دەفامرێتەوە، واتە کە وشەی «مەرد»ت خستە بەرتاوی فیعلێکی ڕاستەقینە، واتاکەی کە «مەردایەتی»یە دەبێتە «ڕووداو».

تەماشای ئەم نموونەیەش بکە: (دارا نوستووە، من نوستووم). لێتەوە دیارە بزوێنی «ە» کە من بەڕاناوی دادەنێم و پیتی «م» کە بەلای زۆر لە زمانزانانەوە ڕاناوە لەم تەرزە سیغەیەی فیعلدا هەردوویان دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی «ڕوودان». واتە کە گوتبات (دارا نوستوو، من نوستوو) ڕوودان پەیدا نەدەبوو هەرچەند لە ڕستەکەدا سیغەیێکی فیعلیش هەیە و ڕوودانیش ڕەگەزێکی فیعلە.

کەواتە لە ڕستەی (مەرد بوو)دا واتای «تجرید»ی مەردایەتی بەهۆی فیعلەکەی «بوو» دەبێتە ڕوودان. هەروەهاش لە ڕستەی «نوستووم یا نوستووە»دا ڕاناوە چالاکەکان بەهۆی بوونی سیغەیێکی فیعلی «نوستن»ەوە دەبنە ڕاگەیێنی واتای «ڕوودان»، هیچ کامێك لە ڕاناوەکان لە خودی خۆیاندا ڕوودانیان تێدا نییە.

لەم نمایشەدا دەردەکەوێ کە فیعلی «بوون»ت لە وشەی «مەرد» دوور خستەوە و ڕاناوی «م»ت لە کۆتاییی فیعلدا ڕاگوێست بۆ دوای وشەیێك کە ڕوودانی تێدا نەبێ وەك وشەی «مەرد»، ئیتر ئەو ڕستەی کە پەیدا دەبێ بەداهەتەن ڕوودانی تێدا نابێ، واتە کە

گوتت «مەردم» گوتەیێکی بێ فیعل و بێ ڕوودانت گوتووە چونکە نەوشەی (مەرد)، نە (م) هیچ کامێکیان بەخەیاڵیش ڕووداویان تێدا بەدی ناکرێ.

بەڕاستی ئەوەی زیهن دەغەلەتێنێ و بەرەو هێندێی دەبا وا بزانێ لە ڕستەی «مەردم، مەردە»دا ڕووداو هەبێ، ئەو «حکم و اسناد»ەیە کە ڕاناوە چالاکەکە ڕای دەگەیەنێ و بەوەدا بزووتنەوەیێکی واتایی پەیدا دەبێ لە ڕستەکەدا کە هەرگیز لە وشەی ساردوسڕ و بێ تاو و تین پەیدا نابێ ئەگەر هەزاریشی بەدوا یەکدیدا قەتار کەی. کە بڵێی (لێرەوە تــا کــەرکــووك دەشت) و وەستــای لــە قسەکــەت، چــەنــد لاشەیـێکـی وشە و ئــەمــرازت بەدوایەکدیدا ڕیز کردووە بێ گیان و بزووتنەوە، بەڵام کە گوتت (... تا کەرکووك دەشتە) ئا ئەم بزوێنەی کۆتاییی ڕستەکە گیانێك و  جموجۆڵێك دەخاتە بەر وشەکان و ڕەگەزێکی تازە دێنێتە ناوەڕۆکی ڕستەکەوە کە بریتییە لە بڕیاردانی (دەشتایەتی) مەودای میانی ئێرە و کەرکووك. فامرانەوەی ئەم بڕیارە لە ڕستەکەدا وا دەکا خەیاڵ بۆ واتای ڕوودان بڕوا، کەچی هیچ شتێك لە نەبوویەوە پەیدا نەبووە، واتە ڕوودان لە گوتەکەدا نییە، لە ڕاگەیاندنی حەقیقەت بەولاوە. ئەو بڕیاری «حکم و اسناد»ە لە فیعلیشدا هەیە سەرەڕای ئەوە کە کات و ڕوودانیش هەیە، واتە لە ڕستەی «نووسی»دا ڕوودانــی «نــووسین» لــە کــاتــی «ڕابــردوو»دا دوو ڕەگــەزی ڕەسەنــی فــیــعــلــەکــەی «نــووسین»ن، ئـیـنـجـا بڕیـارێکیش هـەیـە کـە ڕووداوی «نـووسین» لـە کـاتـی ڕابـردوودا قەوماوە. بەڵام لە ڕستەی (دارا مەردە)دا لە غەیری بڕیاری هەبوونی مەردایەتی کە هێز و پێزی گوتەکەیە، نەڕوودان نەچ کاتێك مەبەستی گوتەکەیە، کە مەبەست نییە لێشی نافامرێتەوە.

ئەمە لەلایەن بوون و نەبوونی ڕوودان لە ڕستەی (دارا مەردە)دا. با بزانین «کات» لەم ڕستەیەدا هەیە یاخود نییە؟

بەر لەوە لەبارەی کاتەوە تۆژینەوە بکەم دەبێ ئەوە بڵێم نەبوونی «ڕوودان» تەنیا بۆ خۆی بەسە ببێتە ئیسپاتی نەبوونی فیعل، واتە وشەیێك یاخود تەرکیبێك ڕوودانی تێدا نەبوو دیارە فیعلی تێدا نییە، چونکە ڕەگەزی هەرە گرنگ لە فیعلدا (ڕوودان)ە بەدوا ئەودا کاتە، سەرەڕای ئەوە کە بەکۆبوونەوەی هەردوو ڕەگەز فیعل پەیدا دەبێ. سەیری چاوگ بکە دەبینی خۆی ڕوودانێکی ڕووتە و هیچی تر، کەچی لەبەر نەبوونی کات تێیدا، پێی ناگوترێ فیعل هەرچەند کاتیش دووەم ڕەگەزی فیعلە. بەو پێیە گریمان لە ڕستەی (دارا مەردە)دا کاتیش هەبێ، فیعل هەر پەیدا نابێ چونکە ڕوودان لە ڕستەکەدا

وجودی نییە، لەگەڵ ئەمەشدا چ زەرەر ناکەین لە ساغکردنەوەی بوون و نەبوونی کات لە ڕستەکەدا.

(دارا مەردە، ئامێدی شارێکی کوردە، ئەهریمەن ئەفسانەیە، زانکۆی سلێمانی چالاکترە لە هی بەسرە، یا هی بەسرە چالاکترە لە زانکۆی بەغدا، دەستی ڕاست لە هی چەپ بەهێزترە...) لەم ڕستانە و هەرچی وەك ئەوان هەیە، بەخەیاڵی کەسدا تێ ناپەڕێ دارا کەی مەرد بووە؟ شاری ئامێدی ئیمڕۆ یا دوێنێ کورد بووە؟ دەستی ڕاست لە کەیەوە بەهێزتر بووە لە دەستی چەپ؟، قسەکەر لەو گوتانەدا مەبەستی دەربڕینی ڕاستییێکە(١٧) بێ ئەوە ئاگای لە دوێنێ و ئیمڕۆ و سبەینێ هەبێ و بێ ئەوە ڕستەکەش خۆی لە خۆیدا چ کاتێکی دەستنیشانکراو ڕابگەیەنێ. وا دەبێ لە دەرەوەی ڕستەوە، ڕێکەوت یاخود حاڵ، کات بەرستەکەوە دەلکێنێ وەك: دارا لێرەیە، من تێرم، جلەکانم لای وتووچین، هەموو لەشم تەڕە. لەم ڕستانەدا دیار دەکرێ ڕاستییەکان لە کاتی ئێستادا هەن، بەڵام ئەم دیارکردنە ڕاگەیاندنی حاڵە نەك تەرکیبی ڕستە. تۆ سەیرکە حاڵ و ڕێکەوت چ کارێك دەکەن لە ڕستەی وەك (منداڵەکە نە دەچێتە مەکتەب و نە دەبێتە شاگردیش لای دارتاش). لەم ڕستەیەدا هەر دو فیعلی (دەچێ و دەبێ) فیعلی «مضارع»ن، کەچی نەچوون و نەبوونەکە لێرە بەپێشەوە مەعلووم کراوە و ڕووداوی تێپەڕیون.

کە دەڵێی (هەنگوین شیرینە) ڕاستییێکت گوتووە لە هەموو کاتدا هەر ڕاستە، واتە لەوەتەی هەنگوین هەبووە هەر شیرین بووە، ئێستاکەش شیرینە و لە دواڕۆژیشدا هەر شیرین دەبێ، خۆ کەسیش ناڵێ لەم ڕستەیەدا سێ کات بەجارێ کۆ بووەتەوە.

---

(١٧) عادەت وا ڕۆییوە بگوترێ «ڕاستی» دەنا ئیمکان هەیە ڕستەکە درۆی تێدا بێ یاخود کابرای قسەکەر مەبەستی درۆ بێ. زاتەن ڕستەی «خبری» ئەو ڕستەیەیە کە هەڵدەگرێ ڕاست بێ یا درۆ بێ وەك ئەوەی بڵێی «داری گوێز لە قەزوان بەعومرترە، دارا ئامۆزامە». واش دەبێ ڕستەی «خبری» هەر درۆی ڕووتە وەك: شاخی هەورامان لە فەرەنسەیە. لە ڕستەی «خبری»دا بریار هەیە کە پێی دەڵێن «حکم و اسناد» ئیتر بریارەکە ڕاستی و درۆیی هەڵدەگرێ. فەرقێکیش نییە لەوەدا ڕستەی «خبری» فیعلی تێدا بێ یا نەبێ: باران باری، سبەی دەچمە پردێ، دارەکەم ئاو دا.. هەموویان ڕستەی «خبری»ن. ڕستەی «انشائی» درۆ و ڕاستی هەڵناگرێ وەك کە بڵێی: کاشکی نەچووبام، خوایە لێم خۆش بی، هەستە لەوێ لاکەوە.

که دەگوترێ کات لە وشە وەیا ڕستەدا هەیە مەبەست ئەوەیە لە خودی وشەکە یا تەرکیبەکە کات هەبێ نەك لە دەرەوە زەرووڕەت، یا ڕاگەیاندنی حاڵ، یا پێویستێکی عەقلی و مەنتیقیی هێنابێتی. ئەگەر تەماشای تەنیا واتا و ناوەڕۆکی وشە و تەرکیبی ڕستە نەکەین و گوێ ڕاگرین بۆ دەنگ و سەدای دەرەکی داخوا کاتمان بۆ تێ دەخوێنێتەوە یا ناخوێنێتەوە، هەموو فیعلەکان تێکەڵ بەیەکدی دەبن و شیرازەی باسی زانستیی زمانی لەبەر یەکدی هەڵدەوەشێ؟ حاجی قادر دەڵێ:

(هەر کەسێ زا بەناعەلاجی مرد)

دوو فیعلی (زا، مرد) هەردوویان ڕابردوون، کەواتە ئەم قسەیە هەقی بەسەر ئەو کەسانەوە نییە لێرە بەدواوە دەبن، ئەو کەسانەش ناگرێتەوە کەوا جارێ نەمردوون چونکە نەیگوت (بەناعەلاجی دەمرێ).

دەڵێی (تێ نەکۆشیت، سەرناکەویت). فیعلەکان بۆ کەسی دووەمی تاکن و «مضارع»یشن، کەواتە کەسێکی تر بەر ئەم قسەیە ناکەوێ، ئەو کەسەی پێشتریش تێ نەکۆشابێت لەوانە بووە دەرچووبێت.

خولاسە دەلالەتی حاڵ نابێ دەخلی هەبێ بەسەر سروشت و واتای وشە و ڕستەوە. ڕێزمان خەریکی خودی وشە و داڕشتن و تێك هەڵکێشانی ئاخاوتن دەبێ. کە فیعل ڕواڵەتی ڕابردوو بوو هەر بەڕابردوو دەمێنێتەوە با دەلالەتیشی بۆ دوارۆژ بێ یا بەپێچەوانە.

لە ڕستەی وەك (دارا مەردە، ترێ میوەیە)دا کەوا مەبەست دەرخستنی باوەڕێك وەیا ڕاستییێکی «مطلق»ە و هیچ یەك لە بەشەکان و کەرتەکانی ڕستەکان لە خۆیانەوە پەنجە بۆ کاتێکی دیارکراو درێژ ناکەن، هەر «اعتبار»ێکی دەرەکی بێ و کات «تحدید» کا بۆ ئەم باوەڕە وەیا ڕاستییە، بایەخی پێ نادرێ لە گۆشەی نیگای ڕێزمان و زانستی زمانەوە. کە لە عەینی ڕستەکەدا کات پەیدا نەبوو ئیتر ئەوا کات نییە.

لە عەرەبیدا دەمەتەقە نییە لەسەر هەبوونی ڕستەی بێ فیعل، ئەو بڕیار و «حکم و اسناد»ە کە لە کوردیدا بەهۆی ڕاناوی چالاکەوە پەیدا دەبێ، لەوێدا تەرکیبی ڕستە، بەتایبەتی «تنوین الضمة»، دەیخاتە ناوەڕۆکی گوتەکە: دەڵێی «دارا رجلٌ، العنب فاکهةٌ» بەوەدا هەموو واتای (دارا مەردە، ترێ میوەیە) بەخۆیان و ڕاناوی چالاکیانەوە هاتنە ناوەوە چ شەڕەدەندووکێش نییە لەسەر بوونی فیعل. بەڵێ دەزانم نەبوونی فیعل لە

هەندێ ڕستەی عەرەبیدا ڕاستەوخۆ ئیسپاتی شتێك ناكا لە زمانی كوردیدا بەڵام هەر نەبێ بەبیرماندا دێنێ زمان هەیە ڕستەی بێ فیعلی تێدایە، واتە نەبوونی فیعل لە ڕستەدا كارێكی «مستحیل» نییە، چ سەیر پێ هاتنیشی ناوێ «حكم و اسناد» لە زمانێكدا بە «تنوین» و لە یەكێكی تردا بەڕاناوی چالاك پێك بێ، بێ فیعل و بێ كات.

ئێستاكە شریتەی وتوویژ و موناقەشە، دوای ئەم گەشتە دوور و درێژە، زۆر بەئاسایی دەمانگەیەنێتە دوا ئاڵقەی زنجیرەی باسەكە: ئایا كە ئەم بزوێنەی كۆتاییی ڕستەی وەك (دارا مەردە) واتە بزوێنی (ە) كە فەتحەی عەرەبییە، خۆی هۆی پێكهێنانی حوكم و ئیسنادە لە ڕستەكەدا دەبێ چ ناوێكی لێ بنرێ؟ ئایا فیعلە یاخود ڕاناوە یاخود شتێكی ترە؟

بەنیسبەت پرسیاری ئەوە كە فیعل بێ لێرە بەپێشەوە بەدرێژاییی نووسینەكەم گوتوومە فیعلی تێدا نییە چونكە ڕوودان و كاتی تێدا نییە. ئێستاكەش دووبارە دەكەمەوە ئەم بزوێنە هەرچی ببێ فیعل نابێ. كەسێك بشیەوێ ئیسپاتی فیعلبوونی ئەم بزوێنە بكا دەبێ بەشێكی زۆر لە ڕێزمانی كوردی بگۆڕێ تاكو دووچاری «تناقض» نەبێ لەگەڵ خۆیدا. من لێرە بەپێشەوە گوتم فیعل دوو ڕەگەزی بنجی هەیە (ڕوودان و كات) و بزربوونی یەكێك لەم دوو ڕەگەزە لە وشەدا پەكی هێندێی دەخا پێی بگوترێ فیعل. ئێستا ئەمەش ئیزافەی سەر ئەو قسانە دەكەم كە لەو تەعریفانەی بۆ «فعل» دانراوە لە كوردی، سەرەڕای كات و ڕوودان مەرجێكی تریش دانراوە بۆ حیسابكردنی وشە بەفیعل: دەبێ وشەكە خۆی لە خۆیدا واتایێكی تەواوی هەبێ نەك بەهۆی وشەی تر یا یارمەتیی ڕستە و تەركیبی ناو ئاخاوتن، واتە دەبێ فیعل لە تەنیا وشەكەی خۆیدا كات و ڕوودانی تێدا بێ وەك: هات، دەخوا، ببینە.. لیژنەی ڕێزمانی كوردی سەر بەكۆڕی زانیاری كوردەوە خۆیشی ئەم «تعریف»ەی پەسند كردووە بۆ فیعل. دەوجا كە ئەم تەعریفە بكەین بەچرا و فیعلی پێ بناسینەوە چ لزووم نامێنێ بەنیسبەت ڕاناوی چالاكەوە بەدوا كات و ڕووداویشدا بگەڕێین چونكە ئاشكرایە هیچ كامێكیان بە تەنیایی واتا بەدەستەوە نادا نە بێ زەمان و نە بەزەمان و نە بێ ڕوودان و نەوەكی تر.. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ لەبەر تیشكی ئەم تەعریفەدا هێشتا دەنگی «مبهم»ی وەك (هەچە، ختە، چغە، وەشە، هەیهە، كشە..) كە بۆ «امر و نهی» بەسەر ئاژەڵدا بەكار دێ زیاتر بەر واتای فیعل دەكەوێ تا ڕاناوی چالاك چونكە ئەم دەنگە موبهەمانە بەقەدەر «فعل أمر» كات و ڕوودانیان تێدایە، خۆ دیارە وشەی ئەوتۆن

دەشنوسرێن. کە گوتت (ختە) وەك ئەوەیە گوتبێتت (ئەی پشیلە لاچوو، دوور کەوە). نیسبەتی پێوەندیی کات بەفیعلی ئەمرەوە لە چاو فیعلی ڕابردوو و «مضارع»دا داستانێکی سەربەخۆیە، پێویستی بەلێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە کە بەهیچ شکڵێك لێرەدا جێی نابێتەوە، ئەوەندە تێبینییەشم هێنایە بەرچاو تاکو خوێنەر یا زمانزان وەك شوانی پسپۆڕ کەوا بەترووکەیێکی[١٨] شەوقی هەورەتریشقە ڕانەکە بەسەر دەکاتەوە، ئەویش لە تروسکەی ئەم تێبینییەڕا لایەنێکی مەیلەو تاریکی زمان بێنێتە ناو جغزی نیگایەوە و زیهنیشی بەدوا لایەنی تاریکیی تردا بگێڕێ.

لام وایە چی تر لزووم نییە بەدوا ئیسپاتی فیعل نەبوونی بزوێنی کۆتاییی ڕستەی (دارا مەردە)دا بکەوین، چونکە ئەوەندەی هێنامانە بەرچاو لە ڕووناکی و بەڵگە و هۆی شت ناسینەوە، ئەم بزوێنەی ڕووت کردەوە لە هەموو واتا و سروشت و تایبەتی و ڕواڵەتی فیعل.

بەڵێ بێگومان (دارا مەردە) ڕستەیێکی بێ فیعلە، وەك (مبتدأ و خبر)ی زمانی عەرەبی حوکم و ئیسنادی تێدایە بەلام نەك لە ڕێی داڕشتنێکی ڕووتەوە کە «تنوین» تێیدا دەبێتە تەواوکەری واتا، بەڵکو بەهۆی بزوێنێکی ئاشکراوە کەوا بوونێکی هەمیشەییی هەیە لە ڕستەدا و ناشێ بەهیچ جۆرێك بن لێو بخرێ وەك «تنوین». لە هەر حاڵێك و هەر زەرفێکدا بزوێنەکەت لادا و گوتت (دارا مەرد) ڕستەکە واتا دەدۆڕێنێ، لە ڕستەیی دەکەوێ. بەڵێ دەتوانی جێگەی بزوێنەکە بگۆڕێ و بڵێی (دارایە مەرد) کە ئەوسا بەولای (حکم و اسناد)ەوە واتایێکی زیادیشت دەربڕیوە وەك «مبالغە» یاخود مەدح بێ.

دەمێنێتەوە بزانین کە ئەم بزوێنە فیعل نەبێ دەبێ چی بێ؟ بەر لەوە لە پرسیاری (چییە) بتۆژینەوە با سەیرێکی جێگەی بزوێنەکە بکەین لە ڕستەدا:

من مەردم.

تۆ مەردی.

ئەوان مەردن.

ئێمە مەردین.

(١٨) ترووکە: بەواتای «لحظە» دێ. هەردوو وشەی «ترووکاندی، لحظ» لە چاوەوە سەر هەڵدەدەن.

ئەو مەردە، خۆی مەردە، دارا مەردە.

چ گومانێك نییە لەوەدا بزوێنەکە جێی ڕاناوی چالاکی پڕاوپڕ گرتووەتەوە و وەك ئاوەڵەکانی هۆی (حکم و اسناد)ە لە ڕستەدا. بەڵام کە ئەمە وا بێ، لە سەدی سەد وایشە، ئاخۆ ڕاناوە؟

لێرە بەپێشەوە باسی ئەوەمان کرد لە کوردیدا بۆ پێکهێنانی ڕستەی بێ فیعل ڕاناوی ڕابردووی تێ نەپەڕ بەکار دێ، واتە هەروەك دەڵێی (ئێمە ڕۆیشتین) دەشڵێی (ئێمە مەردین). چاکتر ئەوەتە لیستەیێك ڕێك خەین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بەدیهییە، دەڵێی:

| | |
|---|---|
| من ڕۆیشتم | من مەردم. |
| تۆ ڕۆیشتیت | تۆ مەردیت یاخود ڕۆیشتی، مەردی. |
| ئێمە ڕۆیشتین | ئێمە مەردین. |
| ئێوە ڕۆیشتن | ئێوە مەردن. |
| ئەوان ڕۆیشتن | ئەوان مەردن. |

کە بێینە عاست کەسی سێیەمی تاك دەڵێین:

ئەو ڕۆیشت.

لەم فیعلەدا، وەك پێشتر گوتمان، ڕاناوی چالاك نییە، کەواتە بۆ پێکهێنانی ڕستەی وەك (تۆ مەردی، من مەردم) ناتوانین ڕاناوی چالاك بخوازینەوە لە فیعلی ڕابردووی تێ نەپەڕی کەسی سێیەمی تاك، چونکە ڕاناوی چالاکی نییە. بەمجۆرە کە بێین و چاوەنۆڕی ڕاناوێکی نامەوجوود بکەین پەکی وتووێژمان دەکەوێ لە هەموو ئەو ڕستە بێ فیعلانە کە خاوەنەکەیان کەسی سێیەمی تاك بێ چونکە دەزانین لە کوردیدا ڕستەی بێ فیعل واتا نابەخشێ بێ ڕاناوی چالاك.

لەم سرنج گرتنەڕا دەردەکەوێ ئەم بزوێنەی کۆتاییی (دارا مەردە) و هەموو ڕستەیێکی وەك ئەو، ناچاری هێناوەتی و جێی ڕاناوی چالاکی کەسی سێیەمی تاکی پێ گرتووەتەوە بۆ دروستکردنی ڕستەی واتادار، کە ئەمە نەکرابا یا دەبوو ڕستەی بێ واتا بەکاربێ وەك (دارا مەرد، زستان سارد، براکەت زیرەك) یاخود ئەو ڕستانە سەرلەبەریان یاساغ بکرێن کە ئەمە شتێك نییە خەیاڵ بۆی بچێ.

ڕەنگە کەسێك بڵێ خۆ لە فیعلی ڕابردووی تێ نەپەڕیش ڕاناوی چالاك نەبوو بۆ

کەسی سێیەمی تاك کەچی بەسەلیقە دەزانین فیعلەکە واتای تەواوی هەیە بە«حکم و اسناد»ەوە: کە دەگوترێ (هات، ڕۆیی، نووست، برژا، سووتا، فڕی...) بەقەدەر (هاتم، ڕۆیشتین، نووستین، برژاین...) لەبەر زەوق و زیهنمان ڕاست و دروستە و هیچ ناتەواوییێکیان لێ هەست ناکەین، کەواتە ڕەنگ بوو ئەگەر لە ڕستەی بێ فیعلیشدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك نەبا پێی نەهاتباین و لێمان بەنوقسانی نەگرتبا. بەڵێ ڕەنگە شتی وەها بگوترێ، خۆ ئەگەر کەسیش نەیڵێ وا من گوتم. بەڵام قسەکە جێی قەناعەت نییە، کە باشی لێ وردبیەوە:

جارێ هەر لە پێشەوە خاوەنی زمانەکە وەرامی داوەتەوە بەوەدا کە ڕازی نەبووە ڕستەی بێ فیعل بێ ڕاناوی چالاك بێ، ڕاهاتن و ڕانەهاتنیش لە زووەوە دەرگەی باس لێکردنی بەستراوە چونکە زەوقی کوردی خۆی لە عاست دوو «احتمال»ی بوون و نەبوونی ڕاناوی چالاك نەدیوە تاکو ڕێ هەبێ خەیاڵمان بڕوا بۆ «احتمال»ی پێ ڕاهاتن. تاکە «احتمال» هەر ئەوە بووە کە دەبێ ڕاناوی چالاك لە ڕستەی بێ فیعلدا ببێ، ئەگەر نەبوو پێویستە بۆی خەڵق بکرێ.

بەنیسبەت نەبوونی ڕاناوی چالاك لە بەشی هەرە زۆری فیعلەکان بۆ کەسی سێیەمی تاك و لە فیعلی «أمر» بۆ کەسی دووەمی تاك، تەعلیلێکی ڕێکوپێك هەیە کە ڕاستەوخۆ لە «فقە»ی زمانەوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام زۆر بەداخەوە، وەك زووتر عوزرم هێنایەوە، چ دەرفەت و مەودای شیکردنەوەی ئەم جۆرە لاباسانە لە گوتارەکەدا نەماوە، بۆیێ بەناچاری لە بیر خۆمی دەبەمەوە و دەگەڕێمەوە بۆ ئەسڵە باسەکە و وەرامی دوا پرسیاری سەر بەو بزوێنەی کۆتاییی ڕستەی (دارا مەردە) دەدەمەوە و خەریك دەبم بزانم ئەم بزوێنە لە کوێوە هاتووە.

هەرچەند لێم ڕوون نییە لە کەیەوە کورد وێنە ئاخاوتنی ئێستاکەی بەکار دێنێ و لەبەر ئەمە ناتوانم سەرچاوەی مێژوویی بۆ کەرەستەیێکی تەعبیری وەك ئەم بزوێنە دەستنیشان کەم و بیخەمە پەڕاوێزی زەمەنی خۆیەوە، دیسانەوە تێکڕای زمانەکە، وەك میراتێکی مێژوویی، تایبەتییەکانی ڕەسەنی کۆنینەی خۆی پاراستووە تا ئەو ڕادەیە کە شارەزاییەکی گشتی و ورد بەتەرکیبی ناوەکیی زمانەکە و میکانیزمی هاتنە گەڕی دەستوورەکانی دەسەڵات دەدەن بەتۆژەرەوە تەعلیلی گەلێك لەو زاهیرە و ڕواڵەتانەی بکا کە بنجی مێژووییان نادیارە. لە فەرزی پێکانی نیشانەش زەحمەت بێ لەو زیهنکارییانەدا، کوتانەوەی ڕێبازەکانی زمان ئاشنامان دەکا بەتێککردنەوە و لە

یەکدی ترازان و ڕاستایی و پێچە بەدەورەیان، ئیتر وەك بەڵەد بتوانین دەوری نیشان هەڵبێین، کە نەشیپێکین.

زانیمان ناچاری ئەم بزوێنەی هێناوە تاکو جێی ڕاناوی چالاك پڕ کاتەوە لە ڕستەی بێ فیعلدا. ئێستا پرسیار لەوە دەکرێ بۆچی ئەم ناچارییە شتێکی تری نەهێنا؟ چ دەقەوما بگوترایا (دارا مەردك، یاخود مەردش، یاخود مەردوف) یا هەر شتێکی تر بێ؟ بێگومان چ نەدەقەوما، بەڵام ئەوساش پرسیارەکە هەر بەملەوە دەما و دەگوترا بۆچی ئەم پیتە، یا کۆمەڵە پیتە هات زیادە لە هەموو شتێکی تر؟

من ئەوەندەی تێ دەفکرم لەوە کە ئەمرازێك یاخود هۆیێکی تەعبیری ڕێکوپێکتر و ئاسانتر و سووکتر لەم بزوێنەیە بدۆزمەوە و بڵێم دەبوا سەلیقەی کورد ئەوی هێنابا و کەلێنی ناچاریی پێ پڕ کردبایەوە، ناگەم بەهیچ ئەنجامێك، ئەو ئەنجامە نەبێ کە زمانی کوردی لەخۆوە بێ ماملۆستا ئەم بزوێنەی هێناوە کە کەمترین میقداری ئاخاوتنە و لەو کورتتر چ دەنگ پەیدا نابێ و کردوەتی بەمزە و باجی ناچاری. جەردەیە و ڕێی پێ گرتووم دەیەوێ شتێکم لێ بسەنێ، منیش بەتاکە یەك «فلس» لە کۆڵ خۆم کردەوە و ڕێگەم پێ چۆڵ کرد. بەجگەرە ڕازیم کردبا لە فلسێکی پتر دەگرتەوە.

کەواتە بیروباوەڕی من ئەوەیە کورد بەئەسڵ لەبەر ناچاری ئەم بزوێنەی هێنا و لەمەشدا کەمترین ئەرکی بەخەرج بردووە چونکە لەوە کەمتر و سووکتر چنگ ناکەوێ.

بێگومان لە کوردیدا (ئاسانیی تەعبیر) یەکێکە لە تایبەتییەکان و مەبەستەکانی ئاخافتن. لە گوتاری (بەکارهێنانی «ی» لە ڕێزمانی کوردیدا) کە لە بەرگی یەکەم – بەشی یەکەمی گۆڤاری کۆڕدا بڵاو کرایەوە هەوڵم داوە ئەم لایەنەی زمانەکەمان نەختێك ڕوون کەمەوە لە ڕێی ڕوونکردنەوەی سروشتی نەرم و شلی دەنگی (ی)وە کە بەزۆری لە پێکهێنانی ڕستە و واتادا بەکار دێ. ئەم بزوێنەی (ە)ش هەمان سروشتی بایەخداری هەیە بەڵام لە ڕووی زێدە کورتییەوە. ئەوەی ڕاستی بێ بزوێنی «ە» هێندە کورت و «مختصر»ە بە بەریەوە نییە نەرم و شل بێ. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو کورتییەشدا هەرگیز ناشێ تێ بچێ، کە وەك ڕاناو بەکار هاتبێ، چونکی نەمانی ڕاناوەکە واتای ڕستەکە لە ناو دەبا. لەبەر ئەم هۆیە گرنگەیە کاتێك کە بکەوێتە دوای وشەیێك کۆتاییەکەی بزوێن بێ (یێی) پێوەندی دێ و دەبێتە ئیستگە تا بزوێنەکە خۆ بەسەرەوە بگرێ. دەڵێی (ئەمە چرایە، لەسەر چاوت برۆیە، ناوت چییە، پارەم پێیە،

منداڵ حەزی لە گەمەیە). کە کۆتاییی وشە (واوی تیژ) بوو وا دەبێ بزوێنەکە دەخەنە سەر واو، واش دەبێ (یێ)ی پێوەندیی[١٩] بۆ دێننەوە. دەگوترێ (جارێ زووە، جارێ زوویە).

ئەم ڕاستییە، بەرەو دواوە، تیشکێك داوێ بۆ سەر یەکێك لەو مەوزووعانەی پێشتر لێی دواین.

ئەو لەهجە کوردییەی کە دەڵێ (دارا مەردەس) چ ییّی پێوەندی ناهێنێ بۆ پاراستنی بزوێنەکە، بەپێچەوانە بزوێنەکە تێ دەبا و هەر سینەکە دەهێڵێتەوە و دەڵێ (چراس، بروّس..). کە سرنج بگرین دەبینین فارسیش هەر وا دەکا، واتە دەڵێ (بالاست، نیکوست..). لەمەڕا دەردەکەوێ ئەم لەهجە کوردییە بەهۆی نزیکی و دراوسێیەتیی لەگەڵ فارسدا سینەکەی هێناوەتە ناو ئاخاوتن و هەندێك لە ڕاستە شەقامی کوردی دوور کەوتووەتەوە، بزوێنەکەی (دارا مەردە)ش پاشماوەی (است)ی فارسی نییە و بەچکەیێکی زادەی کۆشی زمانی کوردییە.

ئەم بزوێنەی «ە» بەهۆی سووکی و کورتییەوە بۆ مەبەستی تریش بەکار دێ لە ئاخافتندا، بەڵام دیارە لەو حاڵانەدا «حکم و اسناد» پێك ناهێنێ، وەك ئەوەی لەگەڵ ئیشارە و ئەمرازی «تعریف»دا خۆ بەوشەوە دەلکێنێ، دەڵێی (پیاوەکە، ئەم پیاوە، ئەو پیاوانە، پیاوەکان..). وا دەبێ کە بەدوا بزوێندا هات ییّیەك دێ و دەیپارێزێ واش دەبێ تێ دەچێ، دەڵێی: (ئەم برایە، ئەم پەنجەرەیە) کە لێرەدا پارێزرا، بەڵام لە ڕستەی وەك (پەنجەرەکە داخە، براکەت ڕۆیشت) تێ چوو. شێوەی تریش هەیە بۆ تێبردن و پاراستنی بزوێنەکە لە لەهجەی زمانی کوردیدا وەك کە لە ناوچەی کۆیێ و زۆر شوێنی تری کوردستاندا دەڵێن (برایەکەم هات، ئەو پەنجەرە داخە).

وا دەبێ بۆ داڕشتنی وشەی تازەش بزوێنەکەی «ە» بەکار دێ، دەڵێی (چاك، چاکە – خراپ، خراپە – دەست، دەستە – لێ کەوتە – کردە و بردە...). کە خەریك بی گەلێ جۆری تری بەکارهێنانی ئەم بزوێنە دەدۆزیتەوە لە زمانی کوردیدا، کە ئێرە جێی هێندێ نییە.

کەواتە پوختەی باوەڕی من دەربارەی بزوێنی ڕستەی وەك (دارا مەردە، ڕێگاکە سەرەو لێژە...) ئەوەیە کە ناچاری هێناوەتی بۆ دروستکردنی «حکم و اسناد» لە ڕستەی

(١٩) وشەی (پێوەندی) بۆ ئێرە دەست نادا بەڵام ماوەم نییە بەدوا وشەیێکی تردا بگەڕێم.

بێ فیعلدا، لەم کارەشدا بەئەرکی (ڕاناوی چالاك) هەڵدەستێ، کەواتە:

ئەم بزوێنە جێی ڕاناوی چالاکی گرتووەتەوە.

ئەم بزوێنە بووەتە ڕاناو.

ئەم بزوێنە ڕاناوە.

***

ڕوونکردنەوە

لەم گوتارەمدا نیشانەی سەر «ی»ی درێژی قووچاوم هەر بۆ ئەو «ی»ە بەکار هێناوە کە نەلکاوە بەپێش خۆیەوە وەك وشەی (کوری، بلاوی...). قاڵبی ئەم «ی»ە لە شکڵی لکاوی بەپیتی ترەوە، نیشانەکەی «ـ» وەك دوو خاڵی پیتی «ت» خۆ دەنوێنێ، بەداخەوە ئەمە هەڵەی ئەو ساختمانەیە کە پیتەکانی دارشتووە بۆ چاپی کۆڕی زانیاری کورد، وا کۆڕ خەریکە پیتی تر دادەڕێژێ کە خۆشخوێن بێ.

دیسان دەسپارێزیم نەکردەوە لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە بۆ مەبەسی تێگەیاندن. زاراوەکانی «ماضی، مضارع، أمر، حکم، اسناد، مطلق، فعل، فاعل، مفعول، مصدر، ظرف، صفە، موصوف...» و گەلێکی تری وەك ئەمانە هەموو کەس تێیان دەگا، لەوانە بوو کە وەرم گێڕابانە سەر کوردی، بەهۆی ئەوەوە کەوا جارێ خەلق پێیان ڕانەهاتووە، واتا و مەبەسی نووسینەکە بەلای گەلێ کەسەوە وەزەحمەتتر کەوتبا.

خۆم ئازاد زانیوە لە پەیڕەویکردنی جۆری ڕێنووس، چونکە تا ئێستاش بڕیارێك دەرنەچووە بۆ دەستنیشانکردنی یەکێك لەو جۆرانەی لە باودان. تا ئەو ڕۆژەی بڕیارێك شوێن خشکەی خامە ڕوون دەکا و بەسەردا ڕۆیشتنی بۆ دەکا بەدەستوور، من و تۆ و هەموو کەسێك دەتوانێ یەکێك لە ڕێنووسە ئاشناکان بکا بەگەشتگەی خامەی.

ئاغڵەب باسەکان کە لێیان دواوم گەلێك زیاتر لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و درێژەپێدان هەڵدەگرن، هەندێك باسیش هەن هەر بەجارێ لێیان خامۆش بووم. ئەوەی ڕاستی بێ، لەبەر تازەییی تۆژینەوەی «فیلۆلۆجی» لە کوردیدا، بەتایبەتی لەبەر کاری وێرانکەری لاساییکردنەوەی بێگانە لەو هێندە تۆژینەوە کەمەی کە تا ئێستا خراوەتە کۆڕی ڕۆشنبیریی کوردییەوە، زۆربەی سەرەباسەکانی زمان، هەریەکەیان هەڵدەگرێ کتێبی دوور و درێژ و بەهێز و پێزی لەسەر بنووسرێ. باسی «ضمیر، ڕاناو» بەکتێبێك تەواو

نابێ کە بمانەوێ لە هەموو بارێکیەوە لێی بدوێین، دەشێ لە هەلْکەوتی دوارۆژدا بۆ خۆم خەریکی تەواوکردنی بەشێك لەو باسانە بم کە بەناتەواوی لەم گوتارەدا لەسەرم نووسیون.

گۆشەگیریم کرد لە ناوهێنانی ئەو نووسەرانە کە ڕەخنەم لە ڕایەکانیان گرتووە، تاکە ناوێك نەبێ کە تێرادیتەییی برایەتی و ئاشناییی میانمان زالْی کردم بەسەر دوو دلْی کردن لە دەربڕینی، خۆ ئەگەر هاتبام یەك یەك ناوی نووسەرەکانم هێنابا و ڕایەکانم بەدرێژی هەلْسەنگاندبان، ئیتر هەر نەدەگەیشتم بەکۆتاییی گوتارەکە، کەوا لەگەلْ هەموو مەودا لێ کورتکرنەوەشی هێندە خۆی لێك کێشایەوە کە مەجبوورم بکا تکای بەخشین بکەم لە خوێنەرانی بەڕێز.

# چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی

## شلکردنەوەیێکی سەرەتایی

ئاخاوتن بەهۆی ئەوەوە کە بێ خۆ پێوە ماندووکردن و بەدوادا گەڕان بەسەر زار و زماندا تێ دەپەڕێت، دەبێتە کارێکی خووکردی عادەتی وەك هەڵستان و گەڕان و خواردن، بۆیەیە سەرلەبەری یەکچوون دێتە بەر هەست و هۆش و گۆشی مرۆڤەوە. کاتێك فەرق بەئاسانی و زەحمەتیی شوێنە جوداکانی قسەکردن دەکرێت کە بێگانەی زمانەکە خەریکی فێربوونی بێت و وەك منداڵی گاگۆڵەکردوو، هەست بەجێی هەموار و لەمپەر و ئاستەنگانی بکات و جوداوازییان تێ بگات.

لەلایەن ئاسانی و زەحمەتیی ئاخاوتنەوە، نموونەی لە ڕێزمان سادەتر، دەربڕینی دەنگەکانە وەك کە کابرایێکی ڕۆژاوایی ناتوانێ دەنگی لامە قەڵەوەکەی ناو وشەی (ألّله) دەرببڕێت وەیا هەندێك ئاخێوەر دەنگی (ح) دەکەن بە (خ) وەیا دەنگی (ق) دەکەن بە (ك) و هی تریش... هەر لە بیرمە کاتێك ڕادیۆ پەیدا بوو و دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستانی عێراق کە لە سنوری ئێران نزیکن و لە کۆنەوە دەمیان لە فارسی وەردەدا، گوێیان لە وتووێژی تاران بوو بەو شێوە فارسییە ڕەسەنەی کە لە زاری تارانییەکانەوە دەردێت و هیچ وێچوونێکی نییە لەگەڵ ئەو فارسییە شەق و پەقەی کوردەکانی دیوی کوردستانی عێراق قسەی پێ دەکەن، بەلایانەوە وا بوو کە خەڵقی تاران نازانن بەفارسیی دروست قسە بکەن و زمانەکە بەخواروخێچی لە زاریانەوە دەرەهێنن، چونکە وایان دەزانی لەهجە فارسییە شکڵ کوردییەکەی خۆیان کە بەڕاوێژێکی کوردانەی دەردەبڕن هەر خۆیەتی فارسییەکەی ناو گوڵستانی سەعدی و دیوانی حافز، ئاگایان لەوە نەبوو لەهجەیێکی ئەوان شیعری فارسیی پێ دەخوێننەوە وەك ئەوەی دەبێ کە فارسێك بە لەهجەی خۆی شیعری کوردی بخوێنێتەوە. نەهی خۆیان فارسی دەبێ و نەهی فارسەکان کوردی دەردەچێ.

بەڵێ، بێگومان، زەحمەتیی کاروباری زمان هەر لە دەربڕینی دەنگەکانی

ئاخاوتنەوە دەست پێ دەكات تا دەگاتە كۆتاییی زەحمەتە زۆر ئەستەمەكانی لایەنە یەكجار بزر و وردەكانی ڕێچكۆڵە تاریك و پێچەكەكانی ڕێزمان.

من لەم گوتەیەمدا بەسەر ئاخێوەری عادەتیدا دەكشم و دەری داوێم لە حیسابی ئاسانی و زەحمەتیی دەستوورەكانی ڕێزمان چونكە سەرلەبەری ڕێزمان و كاری تێك هەڵكێش و ئاڵۆزبڵۆزی ئاخاوتن و واتا دەربڕین چشتێكی بێگانە و نائاشنایە بەلای ئەوەوە، بێگانەیی و نائاشنایەتیشی لە ڕادەیێكدایە چ فەرقێك ناكات لە نێوان ڕاستە شەقامەكان و باریكە ڕێگەكانی ڕێزمان بەهۆی ئەوەوە كەوا بەلای ئەوەوە هەموو شەقامەڕێ و باریكە ڕێگەكان بەتێكڕایی و بێ جوداییكردن لە بەینی سەختی و هەمواریی پێدا تێپەڕینیانەوە یەك چەشمەنداز و یەك مەزرا و یەك گوزەرگە پێك دەهێنن ئەویش زمانە. كابرایێكی نەخوێندوو كە دەڵێ «شەكر دەكرم» بەلای خۆیەوە شتێكی گوتووە وەك «لێیان بەداوێوە كردم» هەردووكیان قسەن و لە زارەوە دەردێن.

ئـەوەی ڕاستـی بـێ، لـەم نـووسینـەمـدا خـوێنـدەواری عـادەتـیشم لـە حـیسابـان دەرهــاوێشتــووە، بــەولای خــوێنـدەواریــی عــادەتـیـیــەوە، ئــەو ڕۆشنـبـیـرەشم تــێ نەخوێندووەتەوە كە دەخلێكی ڕۆشنبیرییەكەی بەسەر ڕێزمانەوە نییە چونكە هەروەك لە باسەكانی سەربەفەلەكدا حیسابێك بۆ ڕۆشنبیری خۆتەرخان نەكردووی زانستی (فـەلـەك) نـاكـرێ هـەروەهـاش لـەو بـاسی وردی ڕێزمـانـدا حـیساب بـۆ ڕۆشنـبـیـری خۆتەرخان نەكردووی ڕێزمان ناكرێ.

نووسینەكەم ڕوو لەو ڕێزمان شناسانەش ناكات كە ڕاهاتووی باسە بەرچاو و ناو دەركردووەكانی ڕێزمانن وەك باسەكانی (ناو، ئاوەڵناو – كار، ئاوەڵكار – چاوگ و قەدی كار... هتد) كەوا تێكڕایان سەرەتا و ڕووكەشێكی ڕێزمانن، هێندەش عادەتین لەوانەن لە هەموو زمانێكدا سەرەباسی بێ دەمەتەقە بن وەك پێست و گۆشت و ئێسك كە هەموو ئادەمیزاد خاوەن پشكن تێیاندا. بەڕاستی ئەم هاوبەشییەی زمانە جوداكان لـە گـەلـێك سەرەبـاسی ڕێزمـانـدا یـەكێكـە لـەو هـۆیـانـەی وا دەكـات گـەلێك لـە ڕێزمـان شنـاسـەكـانمـان دەستـوورەكـانـی زمـانێكـی وەك ئـینـگلـیزی وەیـا ڕووسی وەیـا عـەرەبی بگوێزنەوە بۆ ناو ڕێزمانی كوردی ئیتر وردە وردە لایەنە تایبەتییەكانی كوردیش بخەنە ژێر حوكمی ئەو دەستوورانەوە، كە ئەگەر لە سەرەتاوە بەجۆرێكی سەربەخۆ لە ڕێزمـانـی كـوردی تـۆژیـنـەوەیـان كـردبـایـە هـەرگیـز بـیریـان بـۆ ئـەوە نـەدەچـوو ئـەو تـایبـەتـییـانـە بـخـەنـە ژێر حـوكـمێكـەوە كـە خـزمـایـەتـیی نییە لەگەڵیاندا. خواستنەوەی

دەستووری زمانی بێگانە وای کرد بەشێك لە ڕێزمان شناسەکان بڵێن هەروەك وشەی (are) لە ڕستەی (We are brave)دا پێی دەگوترێ (Verb to be) دەبێ ڕاناوی (ین)ش لە ڕستەی (ئێمە ئازاین)دا هەر بە (Verb to be) حیساب بکرێت.

من لەم نووسینەمدا نەختێك بەولای باسە بەرچاوەکانی ڕێزمانەوە بۆ ناو هەندێك لە حەشارگەکانی دەستووراتی ڕێزمانی کوردییەوە دەڕۆم کە لە نووسینی لێرە بەپێشەوەدا باسیان نەکراوە، وابزانم هەستیشیان پێ نەکراوە مەگەر ناوناوەیێك خۆم بەشێوەیێکی خێرا بەسەر بەشێکیاندا تێ پەڕیبێتم ئەویش بەپێی داخوازی ئەو باسەی ڕووی خامەمی لەو حەشارگە کردبێت.

لە کوردیدا تایبەتیی ئەوتۆ هەیە بەر هیچ یەکێك لە دەستووراتی ڕێزمانەکانی دەرەوەی کوردی ناکەوێت، بگرە لە ڕێزمانی کوردیشدا جارێ هیچ دەستوورێکی بۆ دانەندراوە، هێندەش تایبەتی و بێ مانەندە ڕەنگە زەحمەت بێ دەستوورێکی ڕاست و ڕەوان و بێ گرێی بۆ بدۆزرێتەوە وەك لەم دوو نموونەیەدا هەست بەزەحمەتبوونی دۆزینەوەی دەستوور دەکەین:

١– دەمگرن.

٢– دەیانگرتم.

ڕستەی یەکەم (دەمگرن) کاری ئایندە (مضارع)ی تێدا بەکار هاتووە، ڕستەی دووەم (دەیانگرتم) کاری ڕابردووی بەردەوام (ماضی استمراری) تێدا بەکار هاتووە.

تایبەتییە سەیرەکە لەوەدایە: ڕاناوە لکاوەکان[١] کە هی کەسی یەکەمی تاك (م) و کەسی سێیەمی کۆن (ن، یان) لە هەردوو ڕستەشدا کەسەکەی یەکەم مەفعول و کەسەکەی سێیەم فاعلە، زۆر بەسەیری جێگۆڕکێ دەکەن، واتە ڕاناوی (م) کە لە ڕستەی یەکەمدا پێش کەوتووە (دەمگرن) لە ڕستەی دووەمدا پاش کەوتووە (دەیانگرتم)، ڕاناوی (ن)یش کە لە ڕستەی یەکەمدا دوا کەوتووە لە ڕستەی دووەمدا دەبێتە (یان) و وەك فاعل دەچێتە ئەو جێگەیەی کە ڕاناوی (م) وەك مەفعول گرتبوویەوە. تا ئێستا تەعلیلێك بەخەیاڵاندا هاتبێ لەم جێگۆڕکێیەدا هەر ئەوەیە

(١) لە گوتاری (سوورێکی خامە بەدەوری ڕاناودا) کە لە ژمارە دووی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوم کردبووەوە وام پەسند کردووە لە جیاتی (ڕاناوی لکاو) زاراوەی (ڕاناوی چالاك) بەکار بێت.

بگوترێ ئەو ڕاناوەی بکەوێتە دوای نیشانەی «دە» لە کاری مضارعدا دەبێتە بەرکار (مفعول) ئەوەی بشکەوێتە دوایەوە لە ڕابردووی بەردەوامدا دەبێتە کارا (فاعل). بەڵام وەك دەبینی ئەم قسەیە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی مەتەڵی جێگۆڕکێکە بێ ئەوە هیچ تەعلیلێك بەدەستەوە بدات وەك ئەوەی بڵێم (بۆیە زەوی شتان بۆ خۆی ڕادەکێشێت چونکە هێزی ڕاکێشانی هەیە) کە ئەمە بەتەواوی وەك ئەوەیە گوتبێتم (بۆیە زەوی شتان بۆ خۆی ڕادەکێشێت چونکە شتان بۆ خۆی ڕادەکێشێت).

تاکو تایبەتییە مەتەڵاوییەکەی نموونەکانی سەرەوە باشتر ڕوون بێتەوە و پتر سەیری بینەر بهێنێتەوە لە هەردوو نموونەدا ڕاناوی کەسی یەکەم دەخەمە دوای نیشانەی «دە»ی مضارعەوە:

١– دەمگرن(٢)

٢– دەمگرتن

لەم دوو نموونەیەدا ڕاناوەکان لە جێگەی خۆیان ماونەوە، بەڵام لەبەر گۆڕانی سیغەی کارەکە لە مضارعەوە بۆ ڕابردووی بەردەوام لە نموونەی یەکەمدا (بەرکار و کارا – مفعول و فاعل)ن، لە نموونەی دووەمدا (کارا و بەرکار – فاعل و مفعول)ن.

ئەم خۆگۆڕییەی کە ڕاناوەکان لەم نموونەدا دەیکەن یەکێکە لەو تایبەتییانەی زمانی کوردی کەوا نە لە هیچ زمانێکی تردا دیتوومە و نەهیچ تەعلیلێکی ڕێزمانیش تا ئێستا توانیوەتی شێوەی مەتەڵایەتیی لەسەر هەڵگرێت.

ئەوەی ڕاستی بێ نەك لە زمانی غەیری کوردی، بگرە لە هەموو لەهجە ئاخاوتنەکانی کوردیش ئەم خۆگۆڕییە پەیدا نابێت هەرچەند شتێکی زۆر بنجی و گرنگیشە لەو لەهجانەی کە ئەم تەرزە ڕستانە لە ئاخاوتندا بەکار دەهێنن چونکە یەکەمیان سیغەی هەرە بنجییەکەی ئایندەیە و دووەمیشیان سیغە هەرە ڕەسەنەکەی ڕابردووی بەردەوامە کە یەکێکە لە چوار سیغە بنجییەکەی ڕابردووی خەبەری بەتێکڕایی. لە جێگەی مناسبی ئەم نووسینەدا بەشێك لە مەتەڵایەتیی نموونەکان هەڵدەهێنرێت و ڕوون دەکرێت..

من کە هاتم سەرەباسەکەم ناونا (حەشارگە) مەبەسم ئەوە بوو لێکۆڵینەوەکەم لە

(٢) لە دێری کۆتاییی لاپەڕە ٢٦١ و دێری سەرەتای لاپەڕە ٢٦٢ی بەرگی چوارەمی کۆڕی زانیاری کورد و نموونەی (دەیانگرم) و (دەیانگرتم) هاتوونەوە، هەر لە نووسینی خۆم.

بابەتی ئەوتۆ بێت نەك تەنیا لە ڕووی وردییەوە خۆی لە باسەکانی تری ڕێزمان جودا کردبێتەوە، بەڵکو سەرەڕای وردی نابەرچاویشی جوادەکەرەوەیێکی بێت. نابەرچاویش هەر ئەوە نییە شتە خۆ بزرکردووەکە پەردەی بەسەردا هەڵکێشرابێت وەیا خزابێتە تاریکاییەوە: نەدیترانی شتی بێ سەرپۆش، وەك جووجەڵەی کەو و سوێسکە کە چاو فەرقیان پێ ناکات هەرچەند تێکەڵ بەو بەرد و دارەشن کەوا لە بەردەست و دەماندان، ئەو نەدیترانەش هەر دەبێتەوە نابەرچاوی وەك ئەو نموونانەی تازەم هێنانەوە بۆ جێگۆڕکێی ڕاناوەکان کە هەموو کوردێك ڕۆژانە ئەم جۆرە بەکارهێنانەی ڕاناوان بەسەر زاریدا دێت بەڵام زمانشناسەکانیش هیچ هەستێکیان بەگۆڕانی ڕاناوەکان لە فاعلەوە بۆ مەفعول نەکردووە، ئەگەر هەستیان پێ کردبا جارێکیان خۆیان لێ بەدەنگ دەهێنا و تەعلیلێکیان بۆ پەیدا دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا من لە باسی ڕاناو، ئەمجارەیان، گۆشەی تری وەها شرایەوە دەخەمە بەر نیگای خوێنەرانەوە کەوا هەرگیز بەهیچ جۆرێك قسەی لێ نەکرابێت و خامەی هیچ یەکێك لە نووسەرانی کورد و کوردیی بۆ خوار نەبووبێتەوە، وەك دواتریش بۆت دەردەکەوێ نابەرچاویی ئەو گۆشانە لە نابەرچاوی جووجەڵەی کەو و سوێسکەش پترە چونکە گۆشەی ئەوتۆن وجوودی سەربەخۆیان نییە بەڵکو لە ئاکامی بەراوردکردن و بەیەکتر گرتن و لێکدانەوەی ئەوتۆیی وجوود پەیدا دەکەن هەروەك ئاکامی موعادەلەی ریازی بەشێوەی potential وجوودی هەیە کە لە عەرەبیدا پێی دەڵێ (وجود بالقوة) نەك (وجود بالفعل). کە سرە گەیشتە ئەو باسانەی ڕاناو بۆت مەعلووم دەبێ چەند نابەرچاو و پشت پەردەن.

وەك دەزانین حەشارگە جێی خۆ تێدا شاردنەوە وەیا شت تێدا شاردنەوەیە، کە جێگاکە لەوانە بوو دەروونی دیار بێت وەیا بەیەکەم نیگا بدیترێت بەحەشارگە ناشێت. باسی ڕێزمانیش کە بەعادەت باسێکی وشکی زانستیی دوور لە عاتیفە و ئارایشت و هاتوچۆی سۆز و دڵ و ئارەزووی مرۆڤانەیە، نەختێك تەڕایی و تام و شام پەیدا دەکات کە بەهۆی وردپێوی و لێ قووڵ بوونەوەی زیاد لە عادەتەوە هەم مەنزەرگۆڕیی تێدا پەیدا دەبێت و هەم بەناچاری بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە لایەنێکی زاتی و مرۆڤانەشی تێکەڵ دەبێت چونکە هێنانەوەی تەعلیلی دوورەدەست بۆ مەفهوومکردنی ڕاستیی ورد و شرایەوە سەردەگەیەنێ بەهەڵدانەوەی سەرپۆش لە ڕووی ئەو نیازە نهێنیە بەنەفسدا ڕووچووانەی لە کۆنەوە وای لە خاوەن زمان کردووە دەستووری لە عادەت بەدەر بۆ دەربڕینی واتای لە عادەت بەدەر پەیدا بکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕژانی نەفسە بۆ ناو بابەت.

١– حەشارگەی «ڕاناو»:

ڕاناو لە هەموو زمانانەدا جێگەی قسە لێکردن و لێکۆڵینەوەیە، زۆریشی لەسەر نووسراوە تەنانەت خۆم گوتارێکی ١٢٠ لاپەڕەییم لەسەر هەندێ باری ڕاناوی کوردییەوە نووسی، لە بەرگی دووەمی گۆڤاری کۆڕدا بڵاو کرایەوە. چی لێرەدا بەلایەنێکی شرایەوەی ڕاناوی کوردی دەهێنرێتە پێش نیگای بینەرانەوە گۆشەیێکی زۆر تەسك و بزری ڕاناوە کەوا هەرگیز لێرە بەپێشەوە قسەی لێ نەکراوە، ڕەنگە زیهنی کەسی تریشی بۆ نەچووبێت چونکە هەر کەسێکی باسەکەم لەگەڵدا کردبێتەوە بەتەواوی بۆی نوێ بووە.

لێکۆڵینەوەکەش لەبارەی هەندێ تایبەتیی ئەو بەشەیە پێی دەڵێن (ڕاناوی لکاو) کە تەعبیرێکە یەکسەر لە زاراوەکەی عەرەبی (ضمیر متصل)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی. من لە گوتارە باسکراوەکەی سەرەوەدا ناڕەزاییی خۆم لەم زاراوەیەی (ڕاناوی لکاو) دەربڕیوە لەو ڕووەوە کەوا تایبەتی و خەسڵەتە یەکجار بێ مانەندەکانی ئەو تەرزە ڕاناوەی زمانی کوردی لە بن سێبەری تیری ئەو زاراوە پیاوغەڵەتێنەدا دەشرێنەوە و دەورە هەرە گرنگەکەی لە پێکهێنانی ڕستەی واتاداری کوردی، یەکجارەکی بێ نموود دەبێت. من پێشنیارم ئەوە بوو زاراوەی (ڕاناوی چالاك)ی بۆ بەکار بێت هەر بەو پێیەش زاراوەی (ڕاناوی مەند) بکرێتە جێگری (ڕاناوی نەلکاو) هۆی پێشنیارەکەشم لە گوتارەکەدا ڕوون کراوەتەوە، کەسێك بیەوێ لە گۆشەی نیگام بگات دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی گوتارەکە. وا دەزانم باسی ئەم حەشارگەیەش هەر لە بێ جێیی و نالەباریی زاراوەی (لکاو – نەلکاو) زیاد دەکات.

با بێینە سەر چەقی باسەکە:

دەزانین ڕاناوی چالاك (لکاو) لە کوردیدا (بەڕاستی دەبێ بڵێین لە لەهجە ئاخاوتنی کوردستانی خواروو، چونکە لەهجەی سەروو هەموو ڕاناوە چالاکەکانی تێدا دەرناکەوێت) دوو جۆرە: ١– ڕاناوی چالاکی کاری تێپەڕی ڕابردوو (ماض متعد) ٢– ڕاناو چالاکی کاری تێ نەپەڕی ڕابردوو کە هەر خۆیەتی لە کاری ئایندەدا، چ تێپەڕ بێت چ تێ نەپەڕ.

ڕاناوە چالاکەکانی تێپەڕی ڕابردوو، وەك دەزانین ئەمانەن:

(م) بۆ کەسی یەکەمی تاك وەك: کردم.

(مان) بۆ کەسی یەکەمی کۆ وەك: کردمان.

(ت) بۆ کەسی دووەمی تاك وەك: کردت.

(تان) بۆ کەسی دووەمی کۆ وەك: کردتان.

(ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك وەك: کردی.

(یان) بۆ کەسی سێیەمی کۆ وەك: کردیان.

ڕاناوە چالاکەکانی تێنەپەڕی ڕابردوو و هەموو ئایندەیێکیش ئەمانەن:

(م) بۆ کەسی یەکەمی تاك وەك: هاتم، دێم، دەکەم.

(ین) بۆ کەسی یەکەمی کۆ وەك: هاتین، دێین، دەکەین.

(یت، ی) بۆ کەسی دووەمی تاك وەك: هاتیت، دێیت، دەکەیت، یاخود هاتی، دێی، دەکەی.

(ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ وەك: هاتن، دێن، دەکەن.

– کەسی سێیەمی تاك ئەم ڕاناوەی نییە.

(ن) بۆ کەسی سێیەمی کۆ وەك: هاتن، دێن، دەکەن.

سرنجێکی سەرپێیی دەری دەخا کەوا پێنج ڕاناوی کۆمەڵەی یەکەم هەمیشە لە دوا کاری تێپەڕدا دێن، دەشزانین لە ڕووی هێزەوە تێپەڕ لە ژووروووی هەموو کارەکانەوە دێت. لێرەدا دەبێ بەبیر خوێنەری بێنمەوە، کار لە ڕووی هێزەوە سێ پلەی هەیە:

یەکەم: کاری تێپەڕ کە هێزەکەی بەتەنیا (کارا – فاعل) دابین نابێت و (بەرکار – مفعول) داوا دەکات.

دووەم: تێ نەپەڕی عادەتی وەك (هات، چوو، گەیشت، ڕۆیشت، نیشت...) کە لەوێدا کارا بەخوایشتی خۆی کارەکە دەکات.

سێیەم: تێ نەپەڕی هەرە بێ هێز کە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن (افعال المطاوعة) و من لە کوردیدا پێیان دەڵێم (کاری ڕوودان) کە فاعیلەکەیان خوایشتی نییە لەو شتەی ڕوو دەدات. سیغەی هەرە بەرچاوی کوردی بۆ ئەو کارانە ئەوەیە کۆتاییەکەی لە ڕابردوو بەدەنگی (ا) دێت و لە ئایندەدا (ا)کە دەبێتە (ێ)، وەك:

ترازان، پسان، سووتان، دڕان، لوان، لکان، سوان، کولان، برژان... ئەمەش جۆری (تصریف)یانە لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە و نیشان دەدات کە ئەلفەکەیان دەبێتە (ێ):

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئێوە | برژان | دەبرژێن | – | لکان | دەلکێن |
| ئێمە | سووتاین | دەسووتێین | – | برژاین | دەبرژێین |
| من | ترازام | دەترازێم | – | کولام | دەکولێم |

دەنگی ئەلفی کۆتایی کار ئەگەر هی (مطاوعة – ڕوودان) نەبێت لە ئایندەدا بەدیار ناکەوێتەوە چ تێپەڕ بێت چ تێ نەپەڕ. نموونەی تێپەڕ وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کێلام | دەکێلم | ناگوترێ | دەکێلێم |
| پێواتان | دەپێون | ناگوترێ | دەپێوێن |

نموونەی تێ نەپەڕی عادەتی وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەلستام | هەلدەستم | ناگوترێ | هەلدەستێم |

سیغەی تریش هەیە بۆ کاری ڕوودان بەلام هێندەی کار ئەلفییەکان بەرچاو نین وەك: خشین، لەرزین، بەزین (بەواتای لە شەڕدا هەلاتن نەك غاردانەی بەئارەزوو)، ڕزین، جمین (وەك: ڕێگاکە جمی – واتە هەرەسی کرد).

پێویستە لێرەدا ئەوەش بلێمەوە (چونکە لە نووسینی ترمدا گوتوومە) سیغەی کاری کارا بزر (الفعل المبنی للمجهول) لە کوردیدا بەتەواوی و لە هەموو ڕووییێکەوە وەك کاری ڕوودانی ئەلفی گەردان دەکرێ و وەك ئەویش ڕاناوی کاری تێ نەپەڕی بۆ بەکار دێت چونکە بەڕاستی ئەویش لەوپەڕی بێ هێزیدایە، وەك:

دیتران، دەدیترێن – خوارین، دەخورێین – گیرام، دەگیرێم.. هتد.

مەبەست لەم ڕوونکردنەوەیە ئەوە بوو کە بیکەمە پێشەکی بۆ چوونە ناو حەشارگە ڕێزمانییەکەی باس لێکراو:

ڕاناوەکان بەپێی هاتنیان بەدوا کاری ڕابردووی بەهێز و بێ هێزدا، خۆشیان دابەش دەکرێن بەچەند بەشێك لە ڕووی هێز و بێ هێزییەوە.

یەکەم: ئەو ڕاناوانەی هەمیشە لە دوا کاری ڕابردووی تێپەڕەوە دێن و هەرگیز ناچنە دواوەی کاری تێ نەپەڕ. ئەو ڕاناوانە بریتین لە: م، مان، ت، تان، ی، یان.

دووەم: ئەو ڕاناوانەی (ڕاست ئەوەیە بڵێم ئەو ڕاناوەی) دەچنە دوای ڕابردووی تێپەڕ و تێ نەپەڕەوە. لەم بابەتە یەك ڕاناو هەیە ئەویش ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە (م).

سێیەم: ئەو ڕاناوانەی هەمیشە لە کۆتاییی ڕابردووی تێ نەپەڕەوە دێن، کە ئەمانەن:

ین – بۆ کەسی یەکەمی کۆ، وەك: نووستین.

یت، ی – بۆ کەسی دووەمی تاك. وەك: نوستیت (نوستی).

ن – بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ وەك: نووستن.

تا ئێرە کارێکی کردبێتم، زیاد لەوەی نووسەرانی تر کردبێتیان، هەر ئەوەیە کە ڕاناوەکانم لە ڕووی هێزەوە کرد بە سێ پلە، بەڵام جارێ ئەنجامە هەرە گەورەکەی ئەم دیاردە ڕێزمانییە ماوە لە حەشارگە دەربهێنرێت.

من لە نموونانەدا کاری ڕابردوو دەهێنمە ناو ڕستەکانەوە چونکە نامەوێ لێرەدا بەدرێژی هەموو سەروبەرێك و ئەنجامێکی دوور و نێزیکی ئەم دیاردەیە بکوتمەوە لەبەر زێدە درێژی و ئاڵۆزبڵۆزیی باسەکە، ناوناوەییێکیش، بەنیازی پتر ڕوونکردنەوە، نموونە لە غەیری ڕابردووش دەهێنمەوە. هۆی بایەخ دانیشم بەڕابردووەوە لەوەوە دێت کە هەر خۆیەتی پلەی هێز و بێ هێزیی کارەکانی تێدا بەدیار دەکەوێت چونکە دیتمان لە ئایندە (مضارع)دا ڕاناوە چالاکەکان ناگۆڕێن لە تێپەڕەوە بۆ تێ نەپەڕ.

ئێستا دێمە سەر ڕووناککردنەوەی دەروونی حەشارگەکە:

لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا کە ڕاناوی چالاکی بەهێز و ناوەندی وەیا ناوەندی و بێ هێز کۆ بوونەوە هەمیشە ڕاناوە بەهێزترەکە دەبێتە کارا (فاعل) و بێ هێزەکەش دەبێتە بەرکار (مفعول)، هەرچەندێکیش جێگەیان بەیەکتر بگۆڕێتەوە و ڕاناوە بەهێزەکە لە شوێنی بەرکار دانێیت و بێ هێزەکەش بخەیتە شوێنی کاراوە هەمیسان ڕاناوە بەهێزەکە هەر بەکارایی (فاعلی) دەمێنێتەوە. دەزانین لە ڕابردووی تێپەڕدا کارا (فاعل) بەرکارەکە (مفعولەکە) دەخاتە پێش خۆیەوە وەك کە دەڵێی (نانم خوارد، گۆشتمان کڕی، چیرۆکت نووسی) هەر بەو پێیەش کە ڕاناوی چالاك (واتە ڕاناوی لکاو) بەدوا یەکتردا دێن ڕاناوەکەی پێشەوە دەبێتە بەرکار و ئەوی دواییش دەبێتە کارا، بەڵام کە ڕاناوەکان لە دوو پلەی جوداوازی هێزدا بوون هەمیشە هێزدارەکە دەبێتە کارا:

دیتمن          واتە من ئێوە وەیا ئەوانم دیت.

دیتنم          هەمیسان بەواتای من ئێوە وەیا ئەوانم دیت (لەهجەی پژدەر).

لەم نموونەیەدا ڕاناوی (م) لە پلەی ناوەندی هێزدایە، ڕاناوی (ن)یش لە پلەی بێ هێزی تەواودایە بۆیە هەر (م)ە کە دەبێتە فاعل. بەڵام کە ڕاناوی (م) لەگەڵ ڕاناوی (ت)ی کەسی دووەمی تاکدا هات هەمیشە ڕاناوەکەی (ت) دەبێتە فاعل:

دیتمت          واتە تۆ منت دیت.

دیتتم          هەمیسان بەواتای تۆ منت دیت.

کە ویستت بڵێیت (من تۆم دیت) دەبێ ڕاناوە بێ هێزەکەی کەسی دووەمی تاك بهێنیت کە (یت، ی)ە:

من دیتمیت (وەیا دیتمی)

لەم نموونەیەی (دیتمی) ڕاستییێکی گەورە خۆ بەدیار دەخات:

ئەگەر لە گوتەی (دیتمی) مەبەست کەسی دووەمی تاك بوو و (ی) کە کورتکرایەوەی (یت) بوو ڕاناوی (م) فاعلە و (ی)ەکە مەفعوولە. بەڵام ئەگەر لە گوتەی (دیتمی)دا ڕاناوەکەی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك بوو ئەوسا ئەو دەبێتە فاعل و ڕاناوەکەی (م) دەبێتە مەفعوول چونکە ڕاناوی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك بەهێزترە لە ڕاناوی (م) جێگاکەشی جێگەی فاعلە چونکە کەوتووەتە دواوەی ڕاناوەکەی تر. کەواتە لە ڕستەی (دیتمی)دا ئەگەر مەبەست (دیتمیت) بوو ڕاناوی (م) فاعلە و (ی – یت) مەفعوولە، بەپێچەوانەی ئەوەی ڕاناوەکەی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك بێت کە ئەوسا (م)ەکە دەبێتە مەفعوول و (ی)ەکەش فاعل.

لەم دەستوورەوە دەزانرێ ئەگەر دوو ڕاناوی بەهێز لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا کۆ بوونەوە ڕاناوەکەی پێشەوە دەبێتە مەفعول و هی دواوەش دەبێتە فاعل بەپێی دەستووری گشتیی ڕێزمان وەك کە لە هەندێ شێوە ئاخاوتندا دەڵێن (دیتمانیان – واتە ئەوان ئێمەیان دیت). بەڵام ڕاستتر ئەوەیە لە تەك ڕاناوی بەهێزدا کە ببێتە فاعل ڕاناوی بێ هێز بەکاربێت وەك مەفعوول. باشتر و دروستتر ئەوەیە بگوترێ (دیتیانین– بەواتای ئەوان ئێمەیان دیت) کە بەپێی دەستوور ڕاناوی بێ هێزی (ین) بۆ کەسی یەکەمی کۆ وەك مەفعول هاتووەتەوە. ئێمە کە ڕاناوی (م) لە پێش و لە پاشی ڕاناوی فاعل بەکاردێنین و دەڵێین (دیتمیان، دیتیانم) لە هەردوو حاڵیشدا (م)ەکە

مەفعولە بۆیەیە چونکە ڕاناوی (م) لە پلەی ناوەندی هێزدایە و بەفاعلی و بەمفعولی هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ڕاناوە بەهێزەکان شێوەی بێ هێزیان هەیە کە ببێتە مەفعول کەواتە چاکتر ئەوەیە لە حاڵی مەفعولیدا شێوە بێ هێزەکەیان بەکار بێت.

لە ئایندە (مضارع)دا دەستوورێکی گشتی هەیە کە بریتییە لەوەی ڕاناوی لکاوی دوای نیشانەی ئایندە کە دەنگی «دە»یە (لە شێوەی سلێمانی دەنگی «ئە»یە) هەمیشە دەبێتە مەفعول لەبەر ئەمە کە دەڵێی (دەتانبینم) ڕاناوی (تان) مەفعولە و ڕاناوی (م) فاعلە، هەروەهاش کە دەڵێی (دەتانبینین، دەیانبینن) لە هەموو حاڵدا ڕاناوەکەی دوای (دە)ی ئایندە مەفعولە. لێرەدا دیمەنێکی بەرواڵەت سەیر دێتە پێش چاو، ڕاناوە بەهێزەکان بوونەتە مەفعول و بێ هێزەکانیش فاعل. هۆی ئەم دیاردەیە لەوەوە دێت کە ڕاناوی لکاوی فعلی ئایندە (مضارع) هەمیشە بێ هێزە هەرچەند فاعلیشە، واتا لە گوتەی (دەبینین)دا ڕاناوی (ین) فاعلە و دەبێ فاعل بێت ئیتر بەناچاری ڕاناوی بەهێزی کەسەکان وەك مەفعول دێتەوە لە مضارعدا چونکە مومکین نییە (وەیاخود پەسەند نییە) لە مضارعدا ڕاناوی بێ هێز بەغیری فاعیلیەت بێت.

ئەم تێبینییەی هاتنی ڕاناوی بێ هێز بۆ کاری ئایندە و هی بەهێز بۆ ڕابردووی تێپەڕ جارێکی تریش لە سەرنجگرتن لە صیغەی ڕابردووی بەردەوام تێ دەخوێندرێتەوە:

وەك دەزانین صیغەی ڕابردووی بەردەوام (ماضي استمراري) نیشانەی ئایندەی لە پێشەوە دێت وەك کە دەڵێین (دەماندیت، دەیخوارد، دەتانبیست – لێرەدا کاری تێ نەپەڕمان پێویست نییە چونکە دەمانەوێ بزانین کارا و بەرکار چۆن ڕەفتار دەکەن، دیاریشە لە کاری تێ نەپەڕ بەرکار پەیدا نابێ).

گوتمان لە کاری ئایندەدا هەمیشە مەفعول دەکەوێتە دوای نیشانەی (دە)ی ئایندەوە، وەك (دەمگرن، دەمبینن..) بەڵام لە ڕابردووی بەردەوامدا چونکە کارەکە ئایندە نییە و ڕابردووە، نیشانەکەی (دە) سروشتی خۆی دۆڕاندووە و لەوە دەرچووە نیشانەی ئایندە بێ، بۆیە ئەو ڕاناوەی بەدوا (دە)کە دادێت ڕاناوی فاعیلە نەك مەفعول، ڕاناوەکەی مەفعولیش کە دەکەوێتە دوایی فعلەکەوە ڕاناوی بێ هێزی مەفعولە وەك کە لە عادەتی دەڵێی (هەڵیان گرتم، ڕایان گرتم). ئەم ڕاستییەیە مەتەڵەکەی،

دەمگرن (ئایندە – مضارع)

دەمگرتن (ڕابردووی بەردەوام)

ڕوون دەکاتەوە. وەك دەبینیت، دۆزینەوەی ئەم دیاردەیەی بەهێزی و بێ هێزیی ڕاناوی چالاك (لکاو) ڕووپەڕەیێکی هەڵنەدرایەوەی ڕێزمانی کوردی هەڵدەداتەوە کە لەوێدا نهێنی و نەزانراویی هۆی بەشێك لە ڕەفتارە سەیرەکانی ڕاناوی لکاو دێتە ناو جـغزی ئـاشکرایـی و زانـراویـیـەوە. هـەڵدانـەوەی ڕووپـەڕەی ئـەوتـۆیـی لـە تـاکـە ڕێی لـێکـۆڵـینـەوەی ڕەسەن و سەربـەخـۆی زمـانـەکـەمـانـەوە مـومـکـیـن دەبێت، هـەرگـیـز بـەڕوونـاکـاییی خواستنـەوەی دەستووراتـی ڕێزمـانـە بێگـانـەکـان حـەشارگـەی هـێندە خۆماڵی ڕۆشن نابێتەوە.

**٢– حەشارگەی پاشگرەکانی** «**کار**»:

لە نێوان ڕێزمانشناسەکانی کورددا وا ڕۆیشتووە کەوا تەنیا دوو پاشگری کار هەیە لە زمانی کوردی ئەویش پاشگرەکانی ١– اندن ٢– ەوە (یاخود «وە» بەلای هەندێ کەسەوە) وەك دەڵێی (برژاندی، برژایەوە، برژاندییەوە...).

بێگومان ئەم دوو پاشگرە پاشگری هەرە بەرچاوی زمانی کوردین. وا دەزانم زێدە بەرچاوبوونی ئەوان وای کردووە پاشگری تری نابەرچاو (ئەگەر هەبن) لە زمانی کوردیدا بەجارێك بزر بوون و چوونەتە حەشارگەی نابەرچاوییەوە.

پـاشگری تـر، غـەیـری ئـەم دووانـە، نـەختـێك بـەخـۆ مـاندووکردن و وردبـوونـەوە و لێدانەوە دەردەکەون. من لە سەرنج ڕاگرتنی خۆمدا سێ پاشگری تری بێ گومان و یەکێکی گومانـاویم دۆزیوەتەوە. دوور نابینم هـی تریش هـەبن.

لـە سێ پـاشگـرە بـێ گـومـانـەکـان یـەکێکیـان وەختـە بـچێتـە نـاو چـاوانـەوە کـەچـی ناشدیترێ وەیاخود بابڵێم تا ئێستا هەستی پێ نەکراوە وەك پاشگر. بەڕاستی نەدیتنی ئەو پاشگرە لەلایەن ڕێزمانشناسانی کوردەوە چ تەعلیلێکی دڵخۆشکەرەوەی نییە، هیچ کامێکیش لەو ڕێزمانشناسانە باییی سەری دەرزی عوزری نەدیتنی پاشگرەکەیان بەدەستەوە نییە مەگەر عوزری نەبوونی ناوونیشان و سەر و سۆراغێکی لە ڕێزمانی بێگانەدا، بەتایبەتی ڕێزمانی فارسی کە لەوێدا باس و خواسی (اندن) هەیە لە تەك (انیدن)دا. دیارە دیتنی پاشگری (ەوە) پێویستی بەوە نییە لە زمانی تردا نموونەی هەبێ چونکە بۆ خۆی لە کوردی هەندە زەق و بەرچاوە لەوانە نییە نەدیترێت.

لە پێشەوە باسی ئەم پاشگرەیان دەکەم، ئەویش پاشگری (ا)یە لە کاری وەك (ترسا، سووتا، نووسا، برژا...)دا کە سیغەی ڕەسەنی ڕوودانن. ئەم پاشگرە لە ژێر سێبەری (اندن)دا بەتەواوی نادیار بووە و نیگای کەسی بۆ نەچووە کە حیسابێکی پاشگربوونی بۆ بکات. لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە ڕێی بەکارهێنانی (اندن)ەوە پاشگربوونی (ا) بەئیسپات دەگات.

وشەیێکی وەك (ترس) بەهۆی (اندن)ەوە دەکرێتە (ترساندن) و فیعلەکەش دەبێتە فیعلێکی پاشگردار. لەمەدا چ ئیعتیراز نییە چونکە ڕاستییێکی بێ دەمەتەقەیە، بەڵام دەبوو بەبیرماندا بێتەوە وشەی (ترس) بەر لەوەی بەهۆی (اندن) ببێتە (ترساندن)، بەهۆی (ا) بووەتە (ترسا).

لێرەدا ڕەنگە ئیعتیرازێك بگیرێت و بگوترێت ئەم دەنگەی (ا) لە کۆتاییی کارەکەدا بەشێکی ئەسڵیی کارەکەیە وەیاخود شێوەییێکی تەسریفییە نەك (پاشگر)، بەڵام نەختێك بەراوردکردنی کارەکە لەگەڵ هی تری وەك ئەودا کە بەڕواڵەت (ا)یان لە کۆتاییدا هەیە پێمان دەسەلمێنێ ئەم (ا)یە پاشگرە نەك شێوەی تەسریف وەیا پیتی ئەسڵیی وشەیە:

هەموو ئەو فیعلانەی غەیری (ڕوودان – مطاوعە) کە دەنگی (ا) لە کۆتاییاندا هەیە کاتێك کە دەخرێنە گەردانی داهاتووەوە دەنگەکەی (ا)یان تێ دەچێت و نامێنێت، لەمەشدا فیعلەکە تێپەڕ بێت وەیا تێ نەپەڕ فەرقێك ناکات، بەنموونە:

کێڵام – دەکێڵم

هێنام – دەهێنم

ڕاوەستام – ڕادەوەستم

وێرام – دەوێرم

بەڵام لە فیعلی (ترسام، سووتام)دا دەنگەکەی (ا) لە ئایندەدا بەدیار دەکەوێتەوە لە شکڵی (ێ):

ترسام – دەترسێم

سووتام – دەسووتێم

ئەمەش بەتەواوی وەك گۆڕانی ئەلفەکەی (اندن)ە بۆ (ێ):

ترساندم – دەترسێنم

سووتاندم – دەسووتێنم

ڕەسەن بوونی ئەم دەنگەی (ا) لە کاری وەك (ترسام، ترازام...)دا لە گەلێك ڕووی ترەوە بەئیسپات دەگات یەك لەو ڕوانە ئەوەیە کە دەبینین لە حاڵی پێکهێنانی (اسم فاعل مرکب) لە کاری تێ نەپەڕدا هەمیشە ئەم (ا)یە بەدیار دەکەوێت وەك بەشێکی بنجی وشە:

خێرا سووتاو     ناگوترێ (خێرا سووت)

هەمیشە ترساو     ناگوترێ (هەمیشە ترس)

لە حاڵێکدا کە کاری تێ نەپەڕی عادەتی بکرێتە (اسم فاعل مرکب) سوانی بەسەردا دێت وەك:

بەرهەڵست     نەتگوت بەرهەڵستاو

تیژڕۆ     نەتگوت تیژ ڕۆیشتوو

هەڵکەوت     کە بڵێی (هەڵکەوتوو) سیغەکە هی ئیسم فاعیل عادەتییە وەك تێر نوستوو، زۆر ڕۆیشتوو...

تێپەڕ     نەتگوت تێپەڕیو کە ئیسم فاعیلی عادەتییە.

چەند ئاشکرایە کە هەبوونی یەك سیغەی (اسم فاعل مرکب) لە فیعلی وەك (سووتا، برژا)دا بەڵگەی بنجیبوونی دەنگەکەی (ا)ی کۆتاییی فعلەکانە وەك پاشگر، کە لادانی مومکین نییە.

ئەم تێبینییەی دروستبوونی (اسم فاعل مرکب) پتر بنجیبوونی (ا)کەی (سووتان، برژان... هتد) دەردەخات کە بێین (اسم فاعل مرکب)ی فیعلێك سەیر کەین کە (اندن)ی تێدا بێت وەك:

دەمار بزوێن، شەڕ هەڵگیرسێن، ئاو کوڵێن

دەبینین لەم نموونانەشدا ئەلفەکەی (اندن) لە سیغەی مضارعدا بووە بە (ێ) و تێکەڵ بەپێکهێنانی ئیسم فاعیلەکە بووە، واتە چونکە ئەلفەکە بنجییە لە فیعلەکەدا هەر ماوەتەوە و تێ نەچووە. تەنیا فەرقێك هەبێ لە نێوان قابلیەتی (سووتان و سووتاندن) هەر ئەوەیە کەوا (سووتاندن) سیغەیێکی تریشی هەیە بۆ پێکهێنانی (اسم فاعل مرکب) ئەویش لە ڕابردووی فیعلەکەوە وەردەگیرێت وەك:

دار سووتاندوو، گۆشت برژاندوو، دیوار ڕماندوو.

ئەم سیغە زیادەی (سووتاندن) لە چاو (سووتان) لەوەوە دێت کە هەموو فعلێکی تێپەڕ دوو سیغەی (اسم فاعل مرکب)ی هەیە نەك تەنیا ئەو فیعلانەی (اندن)یان بەدوادا هاتووە وەك:

گۆشتخۆر، گۆشت خواردوو – گۆشتبرژێن، گۆشت برژاندوو

ئاردپێو، ئارد پێواو – ئاردرژێن، ئارد رژاندوو

جل شۆر، جل شوشتوو – جلدڕێن، جل دڕاندوو

ئەم بەردەوامبوون و مانەوەی ئەلفەکەی سیغەی ڕوودان هەروەك ئیسپاتی ئەوە دەکات کە ئەلفەکە پاشگر و پێکهێنەری فیعلەکەیە، لە هەمان کاتدا هەر خۆیەتی دەبێتە هۆی گومانکردن لەو پاشگرەی کە زووتر گوتم پاشگرێکی گوماناوییە چونکە پاشگرە گوماناوییەکە لە سیغەی ئایندەدا بەدەر ناکەوێتەوە، ئەمەش نموونەی ڕوونکردنەوە:

لە وشەی (تەقە) بەهۆی پاشگری (اندن)ەوە فیعلی (تەقاندن) پەیدا دەبێ. لێرەشدا بەر لەوەی بگەینە (تەقاندی) فیعلێکی تری تێنەپەڕ هەیە ئەویش فیعلی (تەقی)یە. ئەم فیعلەی (تەقی) بەهۆی دەنگی (ی) پەیدا بووە، کەواتە ڕێی تێ دەچێ خەیاڵ بۆ ئەوە بڕوات کەوا فیعلی (تەقی)ش وەك (ترس، ترسا) بەهۆی پاشگرەوە پەیدا بووبێ پاشگرەکەش (ی) بێ، لەیەکچوونی (ترسا، تەقی) جارێکی تریش بەهێز دەبێت بەوەدا کە هەردووکیان فیعلی (ڕوودان – مطاوعە)ن، هەموو فیعلەکانی تری وەك (ڕزی، خزی، جمی، وەری...) ئەوانیش لە بابەتی (تەقی)ن و فیعلی ڕوودانن. ئەم لەیەکترچوونانە وا دەکەن زیهن بۆ ئەوە بڕوات (ی)کەش وەك (ا)کە پاشگر بێت، بەڵام لە دوو لاوە ئەم ئیحتیمالە بێ هێز دەبێت:

یەکەم: وشەی (ترس) کە دەبێتە (ترسا) بەهەمان ڕێگەدا دەڕوات کە (اندن)ی پێدا ڕۆیشتووە و دەبێتە (ترساندی) واتە ئەلفەکە و (اند)ەکە وەك ئاوی یەك سەرچاوەن، کەچی وشەی (تەقە) کە دەبێتە (تەقی) بەهەمان ڕێگەدا نابێتە (تەقیندی) تاکو بڵێین لێرەدا پاشگری (ی، یند) هەردوویان وەك (ا، اند) لە یەك سەرچاوەوە هەڵکوڵیون چونکە فیعلی (تەقی) دەبێتە (تەقاندی)، ئەمەش هێند ئاشکرایە بەدواکەوتنی ناوێ.

دووەم: ئەم (ی)ە لە ئایندەدا دەرناکەوێتەوە تاکو بڵێین بەشێکی گرنگی فیعلەکەیە و پاشگرە. (تەقە)کە لە ڕابردوودا بوو بە (تەقی) لە ئایندەدا (ی)ەکە تیٚ دەچێت، تێچوونەکەش لەگەڵ ڕاناوی کەسی یەکەمدا ڕوونترە وەك:

تەقیم – دەتەقم

خزیم – دەخزم

ئەگەر فیعلەکە (تەقا، خزا) بوویایە لە ئایندەدا دەبوونە (دەتەقێم، دەخزێم).

لەم گوتارەدا بۆ دەرخستنی پاشگربوونی (ا) نموونەم لە (ترس) هێنایەوە کە (اسم مصدر)ە و بنگەی لێکدانەوەکە بەچاکی ڕوون دەکاتەوە چونکە سەرچاوەیێکە هەردوو فیعلی (ترسا، ترساندی) لیٚ هەڵکولێوە. وشەی تری (اسم مصدر) زۆرن وەك (ترس) کە لەوانیش فیعل بەهۆی (ا، اند) وەرگیراوە، بەنموونە:

جۆش – جۆشا، جۆشاندی

خرۆش – خرۆشا، خرۆشاندی

گریە – گریا، گریاندی

سوور – سوورِا، سوورِاندی

خول – خولایەوە، خولاندیەوە

نووزە – نووزایەوە، نووزاندیەوە

جووڵە – جووڵا، جووڵاندی (جووڵایەوە، جووڵاندیەوە)

لە فەرهەنگی کوردیدا وشەی تر زۆرن لەم بابەتەی (اسم مصدر – ناوی چاوگ) کە دەبنە بنگەی فیعلی ڕوودان بەهۆی پاشگری (ا) و فیعلی تێپەڕ بەهۆی (اند)، بەڵام لە زماندا هەموو جاران دروستکردنی ئەم تەرزە فیعلانە پەکی لەسەر ناوی چاوگ نەکەوتووە چونکە لە سەرچاوەی ترەوە کار دروست دەکەن وەك کە لە وشەی (ترش) کە ئاوەڵناو فیعلی (ترشا، ترشاندی) دروست دەبێت، زۆر جارانیش فیعلەکان لە بەشی وشەیێك پێك دێن کە دەبنەوە بنگەی ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب) وەیا ناوی ئەمرازی (اسم آلة) وەیا ناوی تری جۆرجۆر وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| ڕما | ڕماندی |
| سووتا | سوتاندی |

| | |
|---|---|
| برژا | برژاندی |
| درِا | درِاندی – درِی |
| سرِایەوە | سرِییەوە |
| رِفا | رِفاندی (بووەتە فرِاندی) |
| ستنا | ستاندی |
| چنا | چاندی |

ئەم کارانە لە (اسم مصدر)ەوە نەهاتوون: کاری (رِما – رِماندی) چ بنگەیێکی وەهای نییە بلێین لێیەوە وەرگیراوە، مەگەر ئەو بنگەیە کە دەنگی (رِمان)ی شت لەگەڵ دەنگەکەی (رِم) لە یەکتر دەچن وەك کە (گرمە) خۆی بنگەی (گرماندی)یە.

وشەی (سووتا – سووتاندی) بنگەی (سووت)ی تێدایە کە لە (چەنگ سووتەکە، سووتوو...)دا دەردەکەوێتەوە. (برژا، برژاندی) لەگەڵ (خاوبرژ، برژەبرژ...)دا هاوبەشی بنگەی (برژ)ن. (درِا، درِاندی – درِی) رِادەگیرێن لەگەڵ ماسیی درِ، سەردرِ...). وشەی (سرِایەوە، سرِییەوە – لێرەدا «سرِاندییەوە» پەیدا نییە. دەشێ بگوترێ وشەکە سیغەی «بناء للمجهول»ە و لە بنەرِەتدا «سرِرایەوە» بووە و لێی سواوە) لەگەڵ (دەستەسرِ) بەراورد دەکرێن. وشەی (رِفا) بنگەیێکی مەعلوومی نییە ئەوە نەبێ کە لە فارسیدا (ربودن) هەیە بەڵام لەوێدا هەر بەتێپەرِی بەکاردێت کە دەوەستێتە بەرانبەر (رِفاندن – نەك رِفا).

دوو فیعلی (ستنا، چنا) رِوونکردنەوەییێکیان دەوێت، بۆیە هەر لە لیستەکەدا خرانە یەك کەوانەوە:

لە لاپەرە (٢٣٤)ی بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆرِی زانیاری کورد، لە گوتاری (پاشگری «اندن» لە زمانی کوردیدا)، نووسینی د. نەسرین فەخری فیعلی (چناندن) باسی هاتووە و بەپەرِاوێز لە خوارووی لاپەرِەکەوە نووسراوە (ئەمەم لە مامۆستا مەسعوود بیستووە). چی من بۆ د. نەسرینم رِوون کردووەتەوە ئەوەیە لێرەدا دەینووسم هەم لەبارەی (چناندن) و هەم لەبارەی (ستناندن)ەوە:

من گوتوومە، لە گوتارێکیشمدا بڵاوم کردووەتەوە، دوو فیعلی (ستاندی، چاندی) کەوا هەموو ئەو زمانشناسانەی من لێیان شارەزام وا دەزانن تەنیا سیغەی تێپەرِیان

هەیە، لە واقیعدا هەردووکیان فیعلە تێنەپەڕەکەیان هەیە و تا ئێستاش لە نێوان بەشێکی زۆری عەشیرەتەکانی کورد بەکار دێن. دوو فیعلی (ستنا، چنا) هێندەی هەموو فیعلێکی تر لە گەڕدایە لە جێگەیێکی وەك پژدەر و هۆزەکانی سەر بەبڵباسەتیدا . خەڵق بەڕاشکاوی دەڵێن (ئەم قەرزە بەکەس ناستنێ، قەرزەکە ستنا – ئەرزەکەم دوێنێ چنا، تا دوو ڕۆژی دیکە دەچنێ). دیارە کە فیعلەکە (ستنا و چنا) بێ دەبوو تێپەڕەکەیان (ستناندی و چناندی) بێت. بەلای منەوە لە تێپەڕدا یەکێك لە دوو نوونەکان سواوە. لێرەدا پێویستە بڵێم فعلی (دەچنێ) کە لە (چنا)وە وەرگیراوە بەرێکەوت لە کەسی سێیەمی تاکدا لەگەڵ (دەچنێ)ی فیعلی (چنین) یەکتر دەگرنەوە، کە ئەمە ڕواڵەتێکی بێ بایەخە، بەڵگەش لەمەدا ئەوەیە کە فیعلەکان بدرێنە پاڵ کەسانی ترەوە لە یەکتر دەترازێن وەك (دەچنێم، دەچنێین، دەچنێن، دەچنێیت – دەچنم، دەچنین، دەچنن، دەچنیت).

پوختەی گوتە ئەوەیە پاشگری (ا) وەك پاشگری (اند) بەدوا ناوی چاوگ و وشەی تردا دێت با ئەو وشانەش ڕاستەواتاییێکی ئاشکرایان نەبێ، خۆ ئەگەر یەکێك بڵێ لە فیعلی وەك (ڕما)دا کە ئەسلەکی مەفهومی نییە بەڵگە پەیدا دەبێ (ا)کەی کۆتاییی فیعلەکە بەشێکی فیعلەکە بێت نەك پاشگر، ئەوسا دەبێ دان بەوەدا بێنین کە پاشگری (اند)یش بەشێکی فیعلەکەیە و پاشگر نییە چونکە هەردووکیان لە یەك بار و یەك هەڵوەستدان و دەچنە ژێر حوکمی یەك دەستوورەوە. جوداوازییێکی گرنگ و بەرچاو هەبێ لە نێوان دوو پاشگری (ا، اند)دا ئەوەیە کە پاشگری (اند) بەهێزترە و پێی دەکرێ پتر لە (ا) فعلان پێك بێنێت، کە ئەمە ڕاستییێکە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پاشگرەکان و پلەی هێزیان و چ دەخلێکی نییە بەسەر پاشگربوون و نەبوونیانەوە. بەنموونەی ڕوونکردنەوە دەڵێم ئەو (ی)ە کە ناوی واتا دروست دەکات (وەك: جوان، جوانی – خۆش، خۆشی...) چی لێ کەم نابێتەوە بەوەدا کە پێی ناکرێ هەموو جاران لە هەموو وشەیێکدا ببێتە هۆی دروستبوونی ناوی واتا. وشەی (کورد) دەبێتە (کوردایەتی) بەپێی دەستووری دروستکردنی ناوی واتا لە ناوی هۆز و میللەت و شتی ئەوتۆوە، لەمەشدا خەلەل بەدەوری (ی) ناگات لە مەیدانی خۆیدا. وشەی (خایاندی)ش هیچ بنگەیێکی واتاداری نییە لێیەوە پەیدا بووبێت، تەنانەت فیعلی (خایا)ش دروست نەبووە تا بڵێین لەوەوە سەری هەڵداوە.

پاشگری دووەم، کە ئەویش زۆری خزمی پاشگری (ا)یە و بەر هەمان دەستووراتی تەسریف دەکەوێت پاشگری (کا)یە.

لە پێشەوە دەبی بڵێم دەنگی (ك) لە وشەسازیی کوردیدا دەورێکی گەورە دەبینێت چ بەتەنیا بێتە ناو تەکوینی وشەوە چ لەگەڵ دەنگی تردا.

نموونەی دەوری (ك) لە وشەی غەیری فیعلدا لەم لیستەیەی ژێرا دەردەکەوێ:

| | |
|---|---|
| جل | جلك |
| دار | دارك (دارکە تووتن) |
| شل | شلك، شلکێنە |
| سەر | سەرەك، سەرۆك |
| بن | بنك |
| بەیان | بەیانەکی |
| لا | لاوەکی |

تۆژینەوەی سەرلەبەر لە باسی دەوری (ك) لە وشەسازیی کوردی زۆری بەبەرەوەیە، من لەم نووسینەدا بەسەر نموونەکاندا تێ دەپەڕم بەو نیازەی نیگایێکی خێرای خوێنەر بۆ فرەوانی و هەمەچەشنەیی و زۆریی ئەو وشانە ڕابکێشم کە دەنگی (ك) لە دەرەوە بۆیان دێت و تێکەڵ بەدروستبوونیان دەبێت. دیارە هەمان قابلیەتی زێدە بەرچاوی دەنگی (ك) لە پێکهێنانی وشەی (ناو، ئاوەڵناو، ناوی ئالەت...) هەر خۆیەتی دەردەکەوێتەوە لە هاتنی بەشێوەی پاشگر لە کۆتاییی هەندێك فیعلی کوردیدا.

ئەم پاشگرەی (کا)ش وەك دوو پاشگری (ا، اند) وا دەبێ بەدوا وشەی واتاداردا دێت و دەیکات بەفیعل، واش دەبێ بەدوا وشەیێکدا دێت کە لەو ڕواڵەتەدا واتای دیاری نییە وەك لەم نموونانە دەردەکەوێ:

| | | |
|---|---|---|
| ١- ئاڵۆز | ئاڵۆزا | ئاڵۆزکا |
| ٢- نووزە | نووزایەوە | نووسکایەوە |
| ٣- مردن | دامرد | دامرکایەوە |
| ٤- تۆتەگرتن | | هەڵتۆتەکا |

لـەم نموونـەدا بـنـەمـای واتـادار هـەبـوو، ئـەوانـەی خـوارەوەش لـەوانـەن فـۆرمـی ئێستاکەیان واتای سەربەخۆی تێدا نییە:

١– بزر بزڕکا

٢–ترووش هەڵترووشکا

٣– خلیس خلیسکا (خلیسك بەهۆی «ك» بووەتە ئاوەڵناو)

٤– پەشۆ پەشۆکا (ڕەنگە لە «پەشێو»ەوە هاتبێ، بەو پێیە دەبێ «پەشێوکا» بووبێت و لێی سوا بێت. ئەگەر وا بێ دەبێ نموونەکە بخرێتە لیستەی ژووڕا)

٥– پروو هەڵپرووکا (ڕەنگە لە «پروان – هەڵپرووان»ەوە هاتبێ، بەڵام ناتوانم بەتەواوی لێی دڵنیا بم)

ئەم نموونانە بەسن بۆ ئەو مەبەسەی من لێرەدا دەوری هەڵدێم، کەسێك بیەوێ دەتوانێ نموونەی تر لە زمانی کوردی بدۆزێتەوە.

پاشگری (کا) وەك دوو پاشگری (ا، اند) لە ڕێژەی ئایندەدا دەنگەکەی (ا)ی دەبێتە (ێ) و دەگوترێ: دەئاڵۆزکێ – دەنووسکێتەوە – هەڵدەتووتەکێ – دادەمرکێ – دەبزڕکێ...هتد، بەمەشدا جارێکی تر دەردەکەوێ کەوا سەرلەبەری (کا) پاشگرە و بووەتە بەشێکی بنجیی فیعلەکان و لە گەرداندا هیچ یەکێك لە دوو دەنگەکانی تێ ناچن.

لەبارەی ئەم پاشگرەوە چەند تێبینییەك هەیە:

یەکەم: لە سروشتی پاشگرەکەدا (وصفیة) هەیە بۆیەیە ئەو فیعلانەی دروستیان دەکا شێوە و وێنە و چۆنایەتییان تێدا دەردەکەوێ. ئەم ڕاستییە وا دەکا جوداوازی بکەوێتە نێوان ئەو فیعلەی بە (ا) پەیدا دەبێت و ئەوەی بە (کا) پەیدا دەبێت. فیعلی ئەلفی (واتە ئەوەی بەهۆی «ا» پەیدا دەبێ) هەر لەو حاڵەدا وەسف ڕادەگەیەنێ کە ئەسڵی مادەکە لە بنەڕەتدا وەسفی تێدا بێت وەك: گەشایەوە، شێوا، ئاڵۆزا... بەڵام لە فیعلی وەك: ڕما، پسا، کولا...دا هیچ وەسف دەرناکەوێت و هەموویان ڕوودانی سادەیان تێدایە. فیعلی (ترسا) وەسفێکی تێدایە لەوەوە دێت کە (ترس) خۆی لە کەسی ترساودا دەردەکەوێت وەك کە

(جۆش) لە ئاوی جۆشاودا دیاردەیێکی ئاشکرایە ئیتر فیعلی (جۆشا)ش وێنەی تێدا پەیدا دەبێ.

دووەم: خزمایەتییەکەی (کا) لەگەڵ (ا، اند)دا وای کردووە بەشێکی فیعلەکانی قبووڵی (ا، اند) بکەن وەك ئاڵۆزکا – ئاڵۆزا – ئاڵۆزکاندی.

سێیەم: سەربەخۆیی (کا) وای لێ دەکا هەموو جاران جوت نەیەت لەگەڵ (ا، اند)دا. هەڵتووتەکا و هەڵترووشکا قبووڵ ناکەن بە (اند) تێپەڕ بکرێن وەیا بەهۆی (ا) فیعلیان لێ پەیدا بێت.

لێرە بەپێشەوە لە موناسەبەدا گوتوومە من وا پەسەند دەکەم ئەم پاشگرەی (کا) بەکار بێت لە داهێنانی ئەو فیعلانەی وەسفیان تێدایە وەیا حاڵەتی شت دەگۆڕن. بەنموونە لە موناقەشەدا دەرم بڕیوە ئەگەر لە وشەی (هەڵم) فیعل دروست بکرێ دەبێ بڵێین (هەڵمکا) نەك (هەڵما، هەڵمی) چونکە گۆڕانی شکڵی ئاوی تێدایە. تۆ سەیری کە دەست بەدوا ڕێ خشان وەیا سووتاندا پێستەکەی هەڵدەستی دەگوترێ (پفکەی کردووە – نەك پفەی کردووە) کەچی وشەیێکی وەك (ئاوس) کە خۆی وەسفە دەشێ بەهۆی (ا) ببێتە فیعل (ئاوسا) چونکە لە بنەڕەتدا وەسفیەتی تێدایە.

پاشگری سێیەم چاوی هەموو زمانشناسێك لە ڕێزمانی کوردی بەسەریدا خشاوە، ناڵێم دیتوویەتی، بەزۆریش باسی کراوە بەڵام بێ ئەوەی هەست بەوە بکرێ کە پاشگرە. وا دەزانم هۆی ئەم هەستنەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کەوا لە ڕێزمانەکانی غەیری کوردی پاشگرێك نییە بوەستێتە بەرانبەر ئەم پاشگرە، لەبەر ئەمە مومکین نەبووە لە ڕێی شوێن پێ هەڵگرتنەوەی زمانشناسانی بێگانە کەس تێی هەڵئەنگوێت. هەموو دۆزینەوەیێکی تازە و بەدرەنگە کاتەوە لە ڕێزمانی کوردی ئەوەمان بۆ ئیسپات دەکات کەوا بەعادەت تێ فکرینی ڕێزمانیمان لە سەرچاوەی فکر و تۆژینەوەی ڕێزمانی غەیری کوردییەوە هەڵقووڵیوە. ئەم لاساییکردنەوەمان بوو بەهۆی ئەوەی باسە ڕێزمانییەکانمان بکەونە ژێر هەمان سەرەباسی کە لە زمانەکانی بێگانەدا بوونەتە سەرەباسی ڕێزمان تا گەیشتینە حاڵێك بڵێین دەبێ (فعل الکینونة) لە ڕستەی وەك (من ئازام)دا هەبێت. ئێمە (فعل الکینونە)ی ئینگلیزی و فرەنسەیی و ڕووسی لەو ڕستە کوردییانەدا خەڵق دەکەین کە بەوەهم و خەیاڵیش تێیاندا پەیدا نییە، کەچی پاشگرێکی وەك (ا، کا) نابینین هەرچەند وەها زەق و ڕەقە خەریکە لە چاوان بچەقێت

هەر چونکە ئەوەی وجوودی نییە لە زمانەکەماندا لە زمانی تردا وجوودی هەیە، ئەوەی وجوودیشی هەیە، لەواندا نییە. بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە ڕێزمانی بێگانە هەڵدێنجین ناویشی دەنێین (ڕێزمانی کوردی). ڕەنگە زۆربەی هەرە زۆری زاراوەکانمان وەرگێڕانی پیت بەپیتی زاراوەی بێگانە بێت، وەك ئەوەی کە زاراوەی (ڕاناوی لکاو و نەلکاو) وشەی (ڕاناو)ی لە Pronoun ی ڕۆژاوا و دوو وشەی (لکاو و نەلکاو)یشی لە (متصل و منفصل)ی عەرەبی وەرگرتووە. بەلای باوەڕی منەوە چاولێکەری نەبێ هەرگیز ڕەوا نییە زاراوەی (لکاو – نەلکاو) بۆ ئەو بەشە ڕاناوە بەکار بێت چونکە هەرچی خاسیەت و تایبەتیی ڕاناوەکان هەیە لەو زاراوەیەدا دەشرێتەوە و هەموو دەورە چالاکەکەیان لە ئاخاوتنی کوردیدا بەکفنی ئەو زاراوە درۆزنە وەك مردووی لێ دێت بەجۆرێك دەبینین یەکێك لەو زمانشناسانەی زاراوەکەیان پەسند کردووە کەم و زۆر ئیشارەیان بۆ ناکات. بەنموونە دەڵێم تۆ کە گوتت (مرۆڤ گیانلەبەرێکە بەسەر دوو قاچانەوە ڕادەوەستێت) ڕێگە لە فکری خۆت دەبەستیەوە کە بیر لە هۆش و نەفس و غەیبپەرستن و (الحاد) و ڕق هەڵگرتن و هونەرکاری و زانست و... هتدی مرۆڤ بکەیتەوە چونکە ئەم لایەنانە هیچیان دەخلێکیان نییە بەسەر دوو قاچ و سێ قاچەوە. سەیریش ئەو سەیرەیە، کەس نییە نەڵێ پێویستە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لە زمانی کوردی بکرێ، کەچی لە کاتی دانانی دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی یەکسەر ڕێبازی حازربەدەستی ڕێزمانانی تر دەگرینە بەر.

ئەم پاشگرەیان ئەداتە زۆر مەشوورە زۆر باسکراوەکەی فیعلی (مبني للمجهول)ە کە لە زاری کرمانجیی خواروودا دوو دەنگی (را)یە.

لێرەدا کە دەڵێم نووسەرانی کورد باسی ئەم پاشگرەیان کردووە بێ ئەوە هەست بەوە بکەن کە پاشگرە، دەبێ ئیشارەتێکی بەهێز بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە د. عەبدوڵڵا نەقشبەندی ئەندامی شەرەفی کۆڕی زانیاری کورد، لە گوتارەکەی بەناونیشانی (پاشکۆی «درا») کە لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری کۆڕدا بڵاو کرایەوە، مەبەستی لە پاشکۆ «پاشگر»ە، هەروەها بەدەم ڕوونکردنەوەی ناو گوتارەکە لێمان مەعلووم دەبێ مەبەستیشی لە «درا» کۆتاییی ئەو فیعلانەیە کە لە ڕابردووی مەجهولی فیعلی خاوەن (اند) پەیدا دەبن وەك:

سووتاندی سووتاندرا

لەگەڵ ئەمەشدا من ناوی «حەشارگە» لەسەر ئەم پاشگرەی (را) هەڵناگرم. وا دەزانم گەلێك هۆی بایەخدار هەیە وا دەكات گوتارە باسكراوەكە دانەنێم بەئاشكراكەر و روونكەرەوەی پاشگری (را). سەیرێكی گوتارەكە بكەیت دەبینی خاوەن گوتار خۆی حیسابێكی بۆ ئەوە نەكردووە كە نووسەرانی كورد ئەم (درا..)یەیان بەپاشگر حیساب نەكردووە، ئەمەش راستیێكە رێمان پێ دەدا ئێمەش وەك نووسەری گوتارەكە وا دانەنێین گوتارەكە لە رێبازی پاشگری كورددیدا پیادەرێیەكی تازە و نوێ و كەس نەدیتووی كوتاوەتەوە. جگە لەمە زۆر تێبینیی تر هەن لە نوقتە نەزەری رابەربوون و رابەرنەبوونی گوتارەكە، هەموویان وام لێ خۆش دەهێنن بەنووسینەكەی خۆم دەربارەی پاشگری (را) بڵێم ئاشكراكەری حەشارگەیێك، هەرچەند ئەم قسەیەشم بەهیچ جۆرێك لە نرخی گوتارەكەی د. عەبدوڵڵا داناشكێنێت چونكە نرخی گوتار هەر لەوەدا نییە ئایا رابەرە یا رابەر نییە. ناوەرۆك پایەی نووسین دەردەخات.

ئەمانەی خوارەوە هەندێكن لەو تێبینییانەی تازە باسم كردن:

١ – لە سەرەتای گوتارەكەدا، لە ژێر عینوانی «پێشەك» دەردەكەوێ سەرچاوەی بۆچوونەكەی خاوەن گوتار باسی پێشگر و پاشگر نییە چونكە وەك خۆی دەڵێ باسەكەی لەسەر ئەوە هەڵستاوە كە (لێژنەی زمان) پێشنیاری كردبوو ئەگەر لە سیغەی مەجهولدا دوو دەنگی (ر) كۆبووەوە پیتێكی (د) بخرێتە نێوانیانەوە بۆ نەهێڵانی قورسایی لە دەربرینی دوو دەنگی (ر)ی یەك لە دوا یەكدا وەك: (گۆررا – گۆردرا) (كررا – كردرا) (بررا – بردرا)... لەم سەرەتایەوە بۆ ناو باسەكە دەروات بەشێوەیێكی مەیلەو (بەلای منەوە) لێڵ، لێڵییەكەش لەو گوتارەدا شتێكی چاوەروانكراوە چونكە هەڵگرتنەوەی پاشگری (درا) لەم رێكەوتی هاتنی دالێك لەلاوە بۆ بەینی دوو دەنگی (ر)، پەردە بەسەر مەنشەئی پاشگرەكەدا دەهێنێت و تاریكی دەكات لە حاڵێكدا دەزانین زۆر كەس لە نووسەران و بێژەرانی كورد ئەم دالە بەكار ناهێنن و دەڵێن (كررا، بررا، گۆررا) جگە لەوەی كەوا گەلێك لە فیعلە تێپەرەكان چ دەنگێكی (ر)یان بەدوادا نایەت تاكو بیر لە هاتنی دال بكەینەوە بۆ ناو سیغەی (مبني للمجهول)یان، وەك (كوژرا، دیترا، بیسترا، هێشترا «هێڵرا» گوترا... هتد). لەبەر ئەمە حیسابكردنی (درا) وەك پاشگر، كەسایەتیی پاشگرەكەی (را) زڕ دەكات چونكە هەر دەڵێی وەك ئەو وێنەیەی لێ بەسەر دێت كە دوو تارمایی دەداتەوە، كەچی راستیی باسەكە ئەوەیە كە هەریەك تاكیان حەقیقییە ئەویش (را)یە.

٢- دواتر كه له بەندی (٣، ٤) دێته سەر باسی (كردووەوەی یەك كار و بناغەی دوو كار) لەگەڵ ئەو فیعلانە خەریك دەبێ كە (اند)یان بەدواوەیە بەپێی درێژەیێك كە لێرەدا كارمان پێیەوە نییە، ئەوەندە نەبێ كە پاشكۆكەی (درا)ی ناو گوتارەكە، سەرلەنوێ، دالی كۆتاییی فیعلەكانی (اند)ی بەگەڵ (را) خستووە و خۆی لێیان پێك هێناوە. بەلای سرنج گرتنەوە زۆر ئاشكرایە، لە فیعلی وەك (سووتاندرا)دا تەنیا (را) پاشگرە و دالەكە هی كۆتاییی فیعلەكەیە، واتە هی (اند)ە:

| | |
|---|---|
| سووتاندی | سووتاندرا |
| برژاندی | برژاندرا |

ئەم دالە نەك هەر لە فیعلی خاوەند (اند)، بگرە لە هەموو فیعلێكی كۆتاییی بە (د) هاتبێت لە سیغەی (مبني للمجهول)یدا دەردەكەوێتەوە وەك:

| | |
|---|---|
| سپاردی | سپاردرا |
| بژاردی | بژاردرا |
| هەڵی كەند | هەڵكەندرا |
| بواردی | بواردرا |
| كردی | كردرا (بەسوان دەبێتە «كرا») |
| بردی | بردرا (لە سلێمانی بووەتە «برا» - هەروەك فیعلی «خسترا» بووەتە «خرا») |

ئەم ڕاستییەی هاتنی (د) لە كۆتاییی فیعلەوە، نەك لە تەكوینی پاشگرەوە، ڕوونتر دەبێتەوە كە سەیری نموونەی ئەوتۆ بكەین كۆتاییيان بە (د) نایەت وەك: دیتی - دیترا، گوتی - گوترا، كوشتی - كوژرا، لستیەوە - لسترایەوە

لەم نموونانەدا دەردەكەوێ پاشگری فیعلی (مبني للمجهول) تەنیا (را)یە نەك (درا). د. عەبدوڵڵا لە گوتارەكەیدا بەڵێنی داوە كە لە گوتارێكی تردا باسی پاشكۆی (را) بكات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا و دوای تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر بەڵێنەكەدا دەرفەتێكی وای بۆ ڕێك نەكەوت بەئەنجامی بگەیەنێت، دەشزانم هۆیەكی یەكجار بنجی و پەككەری ئەم وەخرانە نالەباریی باری تەندروستییەتی مامۆستایە. ئەگەر لێمان مەعلووم بووبایە لە چ ڕێبازێكەوە بۆ پاشگری (را) دەڕوات، باشترمان دەزانی لێڵی و ڕوونیی

ئەم (درا)یە لە چ پلەیێکدایە.

زۆر لایەنی تری گوتارەکە، بەلای ڕوانینی منەوە، گرفتێ هەیە کەوا بێگومان لە پلەی لێڵی زیاد دەکات هەرنەبێ لە بەرچاوی مندا کە بینینم لەگەڵ بینینی ناو گوتارەکە جودایە، وەك ئەوەی کە بەپێی ڕوونکردنەوە و نموونەکانی گوتارەکە هەر لە ڕێی بەکارهێنانی (اند)ەوە فعلی (دوو کار) پەیدا دەبێت کەچی زۆر فیعل هەن لەگەڵ سیغەی (اند) سیغەیێکی تری تێپەڕیان هەیە و هەردوو سیغەش یەك واتا بەدەستەوە دەدەن، وەك:

گەڕا – گەڕاندی – گێڕای        کەوت – کەواندی – خستی

چوو – چواندی – بردی        قەڵشی – قەڵشاندی – قەڵاشتی

ڕۆیی – ڕواندی – هەناردی        ڕژا – ڕژاندی – ڕشتی

فیعلی وەهاش هەیە پاشگری (اند) بەخۆیەوە ناگریت و سیغەی تایبەتی دەیکاتە تێپەڕ وەك: هات – هێنای        مایەوە – هێشتیەوە... هتد.

یەکێکی تریش لەو لایەنانەی کە من تێیدا نەیارم لەگەڵ بیروڕای گوتارەکە ئەوەیە کە لە لاپەڕە (١١٨)ی گۆڤارەکە، لە زیمنی نووسینی گوتارەکەدا، فیعلی (دەناسرێنی) هاتووە. من وا دەزانم ناشێ فیعلی (مبني للمجهول) سەرلەنوێ بەهۆی (اند) وەیا شتێکی تر بکرێتەوە (مبني للمعلوم). لە فیعلی (ناسین) کە خۆی تێپەڕە ڕێژەی (ناساندن) پەیدا دەبێت و دەگوترێ (تۆ بەو دەناسێنم وەیاخود بەیەکترتان دەناسێنم) نەك (تۆ بەو دەناسرێنم وەیاخود بەیەکترتان دەناسرێنم).

لە لاپەڕە (١٢١)یش فیعلی (کراندن) هاتووە کە گۆیا لە (کردن)ەوە وەرگیراوە. ئەوەی من لە زمان و ڕێزمانی کوردی دەربارەی فیعلی ئەوتۆوە بیزانم ئەوەیە کەوا کوردەواری دەڵێ (جلکەکانم بەکردن دا نەك جلکەکانم کراند – گیسکەکەم بەخواردن دا نەك گیسکەکەم خوراند – پشیلەکەم بەکوشتن دا نەك پشیلەکەم کوشتاند وەیا کوژراند).

لە لاپەڕە (١٢٣)ش گوتارەکە بۆ ئەوە چووە کە واتای (دڕین) ئەوەیە کەمێکی وەیا لایێکی چشت دڕابێت و (دڕاندن)یش لەت لەتکردنی چشتەکە بێت. وا دەزانم فیعلی (دڕین) جگە لە (دڕاندن)ی شتی پان، واتایێکی تری هەیە کە لە (دڕاندن)دا نییە ئەویش لەو شتانەدا کە ئەستوورایی وەیا قووڵاییان هەیە وەك کە دەڵێی (دیوارەکەی

دڕی و مەڕەکانی دەرکرد) کەس نالێ و نەیگوتووە (دیوارەکەی دڕاند). بەمندالّی لە قوتابخانە کە بمانویستبایە یەکێك قەلّس بکەین دەمانگوت (فلاّنە کەس کێوە چوو؟ عاردی دڕی و پێوە چوو).

لەلایەن فیعلی بەهێز و بێ هێزیشەوە کە لە بەندی (٢)ی گوتارەکەدا لە لاپەڕە (١١٧) باس کراوە منیش و (لێژنەی زمان و زانستەکانی)ش بۆ ئەوە چووین کە فیعلی کوردی لەلایەن هێزەوە سێ بەشە: یەکەم – فیعلی تێپەڕ. دووەم – فیعلی تێ نەپەڕی عادەتی (ارادی) وەك: ڕۆیی، هات، هەلّستا... هتد. سێیەم – فیعلی ڕوودان کە فاعیلەکەی دەوری بەخوایشتی خۆی تێدا نابینێت وەك: پسا، سووتا، خنکا، کولا... هتد. فیعلەکانی (مبني للمجهول)یش لە کوردیدا وەك فعلی ڕوودانن هەم لە ڕووی بێ هێزییەوە و هەم لە ڕووی تەسریفییەوە... ئەم بۆچوونانەی من و لێژنەکە لە بۆچوونەکەی ناو ئەم گوتارە دەترازێن، تەواوێکیش لێی دوور دەکەونەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە و هی تریش کە پێویست بەباسکردنیان نییە وا دەزانم هەقم هەیە بەم نووسینە لەبارەی پاشگری (را)وە بلّێم خەریکە حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی لە نۆژەن ئاشکرا دەکات.

ڕوونکردنەوەیێکی کورتیلەی پێویست ماوە:

لە لیستەیێکی نموونەاندا گوتم: فیعلی (چوو) کە بکرێتە تێپەڕ دەبێتە (چواندی – بردی) فیعلی (ڕۆیی) دەبێتە (ڕواندی – هەناردی).

بەزاهیر دوو فیعلی (چوو – ڕۆیی «ڕۆیشت») یەك واتایان هەیە، بەلاّم بەوردبوونەوە فەرقێکی بنجی لە نێوانیاندا هەستی پێ دەکرێ. کە دەلّێی (ڕۆیی) هەر ئەوەت مەبەستە بلّێی (ئێرەی بەجێ هێشت) مەگەر بەدوا ئەودا جێگایەك مەعلووم کەیت وەك (ڕۆیی بۆ ئەوبەر.. بۆ هەولێر.. بۆ بازاڕ) بەلاّم کە گوتت (چوو) لە سەرەتاوە مەبەستت ئەوەیە بلّێی (ڕۆیی بۆ جێگایەکی زانراو) لەبەر ئەمە کە یەکێك لە لای تۆوە هەلّستا و بەجێی هێشتی نالّێی (فلاّنە کەس چوو) دەلّێی (فلاّنە کەس ڕۆیی – ڕۆیشت). لەم حالّەتەدا پێویستە لەگەلّ فیعلی (چوو)دا جێگاکەش مەعلووم بکەیت وەك (فلاّنە کەس چوو بۆ هەولێر وەیا چووە هەولێر). لەبەر ئەمە کە هاتی فیعلی (چوو) بکەیت بەتێپەڕ دەبێ بلّێی (بردی) نەك (هەناردی) چونکە لە وشەی (بردن)دا کابرای کە شتەکەی بردووە لەو شتەی کە براوە جودا نابێتەوە و هەمان (مەعلوومیەتی

جێگا) کە لە فیعلی (چوون)دا هەیە لە (بردن)یشدا پەیدایە. وشەی (هەناردن) بەیەکەوەبوونی کابرا و شتە هەناردراوەکەی تێدا نییە هەروەك لە (ڕۆیین – ڕۆیشتن) مەعلوومیەتی جێگاکە پەیدا نییە.

دەزانم لەم قسەیەمدا چاوی هەرچی ڕێزمانشناسی کورد هەیە هەڵدەبەزێتەوە، وەك چاوی ئەو فەلەکناسانەی یەکەم جار دیتیان نووسراوە زەوی بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە کەچی هەروەك خولانەوەی زەوی ڕاستییێکی بێ دەمەتەقەی ئەم جیهانەیە پاشگربوونی (را)ش ڕاستییێکی بێ دەمەتەقەی ڕێزمانی کوردییە. باوەڕ دەکەم ئەگەر باسی ئەم پاشگرە مسیۆ (X) وەیا مستر (S) وەیا پرۆفیسۆر (W) لە ئەوروپاوە بۆمانی بەدیاری ناردبایە بەچاوێکی ترمان تەماشا دەکرد، کەمتریش لێی دەسڵەمینەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە دیاردە بێ ئەژمارەکانی چاولێکەریمان..

پاشگربوونی ئەم ئەداتەی (کا) بەهەمووی ئەو بەڵگانە ئیسپات دەکرێ کە پاشگربوونی (اند) ئیسپات دەکەن. هەروەك دەڵێین پاشگری (اند) بەدوا فیعلی تێ نەپەڕ وەیا (اسم مصدر) وەیا دەنگی سروشتی وەیا وشەی تری بەواتا و بێ واتادا دێت و دەیانکات بەفیعلی تێپەڕ، هەروەهاش پاشگری (را) بەدوا فیعلی تێپەڕدا دێت و دوو هێندەی پاشگری (اند) کاری تێ دەکات، ١– لە مەعلوومەوە دەیکاتە مەجهول ٢– لە تێپەڕەوە دەیکاتە تێ نەپەڕ، تەنانەت ئەو فیعلە تێ نەپەڕانەی کە (اند) کردبوونی بەتێپەڕ، ئەم پاشگرەی (کا) دێت و سەرلەنوێ دەیانکاتەوە بەتێ نەپەڕ ڕێگەش نادا بە (اند) جارێکی تر لە سیغەی مەجهولەوە بیانکاتەوە مەعلووم وەیا لە تێ نەپەڕەوە بیانکاتەوە تێپەڕ.

نموونەی وەرگێڕانی فیعلی تێپەڕ لە مەعلوومەوە بۆ مەجهول و لە تێپەڕەوە بۆ تێ نەپەڕ:

| | | | |
|---|---|---|---|
| خواردی | خورا | بردی | برا، بردرا |
| دیتی | دیترا | بیستی | بیسترا |

نموونەی گۆڕینی تێپەڕ (اند) بۆ تێ نەپەڕ و مەجهول:

| | | | |
|---|---|---|---|
| برژاندی | برژێندرا | سووتاندی | سووتێندرا |
| پساندی | پسێندرا | ستاندی | ستێندرا |

نموونەی بێ دەسەڵاتی (اند) لە ئاست ئەو کارەی پاشگری (را) کە فیعلان لە تێپەڕەوە بەتێ نەپەڕ دەگۆڕێت و مەعلوومان دەکاتە مەجهول:

فیعلی: دیترا، دەدیترێ، خوار، دەخورێ

نابێتەوە: دیتراندی، دەدیترێنێ، خوراندی، دەخورێنێ...

هەروەهاش: پسێندرا، دەپسێندرێ، سووتێندرا، دەسووتێندرێ

نابنەوە: پسێندراندی، دەسپێندرێنێ، سووتێندراندی، دەسووتێندرێنێ.

پاشگری (را)ش وەك پاشگرەکانی (ا، کا، اند) لە ئایندەدا دێتەوە و دەنگەکەی (ا)ی دەبێتە (ێ):

دیترام: دەدیترێم نووسراین: دەنووسرێین

هێزی ئەم پاشگرە، جگە لەوەی کە دوو جاران کار دەکاتە سەر (فعل)، بەوەدا دەردەکەوێ کە فیعلێکی سەربەخۆی نوێ دروست دەکات گەردانی ڕابردوو و ئایندەی، وێڕای چاوگی، پێوەندیی بەفیعلە ئەسڵییەکەوە نامێنێت وەیاخود وەك نەمێنێ وای لێ بەسەر دێ. بەنموونە دەڵێم فیعلی (گوتن) کە ڕابردووی (گوتی) و ئایندەی (دەڵێ)یە، لە شێوەی (مجهول)دا دەبێتە (گوترا، دەگوترێ، گوتران). لەمەدا دەبینی سیغەی (دەگوترێ) لە (گوترا) وەرگیرا کەچی ئایندەی (گوتی) (دەڵێ)یە. هەرچەند لەهجە هەیە (دەڵێرێ – بەواتای دەگوترێ) بەکار دێنێت بەڵام ئەم بەکارهێنانە، سەرەڕای کەمبوونی، لە کوێرەڕێگاوە بەرەو دەربڕینی مەبەست ڕۆیشتووە نەك لە شەقامە ڕێگاوە چونکە زۆربەی زۆرینەی هەموو فیعلە مەجهولەکان ڕابردوو و چاوگیان لە یەکتر وەردەگیرێن و هەموویان لە فیعلە مەعلوومەکە دادەبڕێن، وەك:

گیران، گیرا، دەگیرێت

کوژران، کوژرا، دەکوژرێت

خوران، خورا، دەخورێت

دیتران، دیترا، دەدیترێت

ئەم تایبەتییەی پاشگری (را) زۆر بەئاشکرایی لەو فیعلانەدا دەردەکەوێت کە (اند)یان بەدواوەیە، ئەمەش چۆنیەتییەکە:

دەزانین فیعلێکی (اند)ی هەبێت لە ئایندەدا دەنگی (د)ەکەی دەرناکەوێتەوە وەك کە

دەڵێی (دەسووتێنێ، دەبرژێنێ، دەوەستێنێ... هتد) بەڵام کە فیعلەکان بەهۆی (را)وە بوون بەمەجهول دەنگەکەی (د) لە ئایندەدا دێتەوە هەر چۆن کە لە ڕابردوو هەیە وەك (دەسووتێندرێ، دەبرژێندرێ، دەوەستێندرێ...). بەڵێ، مومکینە ئەم دەنگەی (د) لە فیعلی ئایندەدا بەسەرزارانەوە بسوێت و دەرنەکەوێت و بگوترێ (دەسووتێنرێ، دەبرژێنرێ) بەڵام سوانی دەنگ لە وشەدا شتێکی زۆر جودایە لە تێچوون و نەمانی چونکە دیتمان لەم حاڵەتەی سواندا مومکینە دەنگەکە تێ نەچێ. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بڵێین سوان دوو پلەی لە یەکتر جوداوازی هەیە: ١- سوانی یەکجارەکی کە بەهۆی کۆنبوونی سوانەکەوە وەك تێچوونی لێ هاتووە: نموونەی ئەم تەرزە سوانە وشەی (کلۆج)ەکە لە (کل وجّهٍ)ی عەرەبییەوە هاتووە. بەشێکی بەرچاوی وشەی کوردی کە بەئەسڵە ئاڤێستاییەکەی بگیرێت ئەم جۆرە سوانەی تێدا بەدی دەکرێت. ٢- سوانی کاتی کە نەگەیشتووەتە پلەی کوشتنی ئەو دەنگەی سوانی بەسەردا هاتووە، وەك کە بەزۆری خەلق لە جیاتی (هەڵستام) دەڵێن (هەستام). هەر لەم وشەیەدا سوانێك هەیە بووەتە یەکجارەکی ئەویش سوانی دەنگی (و)ە کە لە بنەڕەتدا هەبووە و لە بیر کراوە چونکە وشەکە بەئەسڵ (هەڵوەستام) بووە. سوانی کاتی لە کوردیدا زۆر باوە، هەندێ ناوچەش تێیدا چالاکترە لە ناوچەیێکی تر سەرەڕای ئەوە کە هەندێ دەنگ ئامادەترە بۆ سوان لە هی تر... دەنگیش هەیە خۆی بە هی تر دەگۆڕێتەوە، کە ئەمانە باسی سەربەخۆن و لێرەدا جێگەیان نابێتەوە و سەردەکێشنەوە سەر فۆنەتیك و وشەسازی و ڕستەسازی.

لە حاڵەتی دەنگەکەی (د)ی ناو پاشگری (اند) ئەوەی بەسەریدا دێت سوانە نەك تێچوون چونکە بەزۆری دەپارێزرێت. زۆربەی خەڵق دەڵێن (دەسووتێندرێ، دەخنکێندرێ...)، سوانەکەی لەو ناوچانەدا بەرچاوە کە بەعادەت دەنگی (د) دەسوێنن. بەڵام هەمان دەنگی (د) لە فیعلی ئایندەی (معلوم)دا بەتەواوی و لە هەموو شوێن و لەهەجەیێکدا تێ دەبردرێ. هەرچی کورد هەیە دەڵێ (دەسووتێنم، دەبرژێنم، دەڕازێنمەوە...)، کەس ناڵێ (دەسووتێندم، دەبرژێندم، دەڕازێندمەوە...).

یەکێك لە خاسیەتەکانی تری (را) ئەوەیە کەوا لە دوو ڕێگەوە فیعلی (مجهول) دروست دەکات.

ڕێگەی یەکەم: کە هەر خۆیەتی شەقامەڕێگەی دروستکردنی ڕێژەی (مجهول) ئەوەیە لە سەرەتاوە فیعلی تێپەڕی ڕابردوو بکرێ بەمەجهولی سەربەخۆ و گەردان

بکرێ لە هەموو کاتەکاندا وەك لەم نموونانە دەردەکەوێت:

پاراستی، پاراسترا، دەپارێسترێ

کردی، کردرا، دەکردرێ

بردی، بردرا، دەبردرێ

بیستی، بیسترا، دەبیسترێ

خواردی، خواردرا، دەخواردرێ

بواردی، بواردرا، دەبواردێ دەبوێردرێ

ناردی، ناردرا، دەناردرێ دەنێردرێ

دەبێ ئەوە بڵێم کەوا هەموو فیعلە ئەلف و یائییەکانی وەك، (نووسین، بڕین، دزین، کێلان، پێوان، هێنان) لە کاتی گۆڕانیان بۆ مەجهول ئەلف و یێیەکەیان تێ دەچێت:

کێڵای کێلێرا

پێوای پێورا

نووسی نووسرا

دزی دزرا

ئەم ئەلف و یێیە لە کاتی ئایندەشدا تێ دەچن بێ ئەوە بکرێن بەمەجهول:

کێڵام دەکێڵم

پێوام دەپێوم

نووسیم دەنووسم

دزیم دەدزم

بەڵام فیعلە واوییەکان لە هەردوو حاڵی مەجهول و مەعلومودا واوەکەیان دەمێنێتەوە:

فەرمووم، فەرمووام، دەفەرمووم

گرووم، گرووام، دەگرووم

هێندە هەیە ئەگەر فیعلە واوییەکە تێنەپەڕ بوو لە کاتی ئایندەدا واوەکەی دەڕوات:

چووم   دەچم

بووم    دەبم

بەڵام لەم حاڵەتەدا پێوەندیی مان و نەمانی واوەکە بەفعلی مەجهولەوە نییە چونکە پێوەندیی فیعلی مەجهول هەر بەتێپەڕەوە هەیە.

ڕێگەی دووەم: ئەم ڕێگەیەیە کە لە هەندێ لەهجەی ئاخاوتنی ناوچەیی، لێرە و لەوێ، پەیڕەوی دەکرێت بەوەرگرتنی فیعلی مەجهول لە ڕێژەی ئایندەی فیعلی مەعلوومەوە وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەبوێرم | (بوێر) | بوێررام | دەبوێرریێم |
| دەپارێزم | (پارێز) | پارێزرام | دەپارێزریێم |
| دەکەم | (کە – ك) | کرام | دەکریێم |
| دەبەم | (بە – ب) | برام | دەبریێم |
| دەخەم | (خە – خ) | خرام | دەخریێم |

لەم ڕێگەیەدا، بەهۆی ئەوەوە کە ڕێژەی ئایندە (مضارع) لە گەلێك فیعلدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت، شێوەی فیعلە مەجهولەکان زۆر دوور دەکەونەوە لە وێنەی ئەسڵی فیعلە مەعلوومەکان، هەروەها لەلایەن بنگەی دروستکردنی فیعلە مەجهولەکانەوە جوداوازییێکی زێدە بەرچاو پەیدا دەبێ لە بنگەی فیعلێکەوە بۆ بنگەی یەکێکی تر، بەنموونەی ڕوونکردنەوە دەڵێم لە فیعلی (بواردن) ئەو فیعلە مەجهولەی پێك دێت چ لە ڕابردووەوە وەربگیرێت و چ لە ئایندەوە فەرقێکی زۆر ناکات. لە ڕابردووەوە دەبێتە (بواردرام) لە ئایندەوە دەبێتە (بوێررام – بوێردرام) کەچی لە فعلی (خستن) جارێکیان مجهولەکەی دەبێتە (خسترام) جارێکیشیان (خرام).. هەر ئەم ڕاستییەیە وا دەکات کە ئەگەر ڕواڵەتی سیغەی ئایندەی فیعل زۆر دوور کەوتەوە لە صیغەی ڕابردووی، ناشێ فیعلە مەجهولەکە لە ئایندە وەربگیرێت وەك ئەوەی کە فعلی (گوتن) ئایندەی دەبێتە (دەڵێم) هەرگیز ناشێ لە سیغەی مەجهولی ڕابردوودا بگوترێ (لێرام).

فیعل هەیە ڕابردوو و ئایندەی یەك دەقی هەیە وەك (بەستن) کە دەبێتە (بەستم، دەبەستم)، ئەم تەرزە فیعلە تەنیا یەك ڕێژەی مەجهولی هەیە چ لە ڕابردووەوە و چ لە

ئایندەوە وەرگیرێت:

(بەست)م، (بەست) رام، دەبەستریێم

دە (بەست)م، (بەست) رام، دەبەستریێم

هەرچی فیعلێکی (اند) هەیە، بەهۆی ئەم دوو سەرچاوەییە لە دارِژانی فیعلی مەجهول، دوو سیغەی دەبێت چونکە دەقی ڕابردووی فیعلی (اند) جوداوازییێکی هەیە لە دەقی ئایندەی ئەویش گۆڕانی ئەلفەکەی (ا)یە بۆ (ێ) لە ئایندەدا:

(سووتاند)ت، (سووتاندرا)یت

دە(سووتێن)یت، (سووتێندرا)یت

لێرەدا، کە قسەمان لە یەك سیغەیی و دوو صیغەیی دارِشتنی فیعلی مەجهولە، پێویستە بڵێم فیعلە ئەلف و یائی و واوییەکان کە نموونەیان لێرە بەپێشەوە خسترایە بەرچاو هەموویان یەك سیغەیان هەیە چ لە ڕابردوو وەربگیرێن و چ لە ئایندە:

(کێڵ)ام، دە(کێڵ)م، (کێڵ)رام

(نووس)یم، دە(نووس)م، (نووس)رام

(دروو)م، دە(دروو)م، (دروو)رام

یەکێك لە خاسیەتە باشەکانی ئەم پاشگرەی (را) ئەوەیە کە ئەگەر بکەوێتە دوای ڕابردووەوە ناهێڵێ لە ئایندەی مەجهولدا هیچ یەکێك لە دەنگەکانی بسوێت. لێرەدا نموونە لە فیعلی (شوشتن) وەردەگرم:

شوشتم، شوشترام، دەشوشتریێم، شوشتران

بەڵام ئەگەر لە صیغەی ئایندەیەوە فیعلە مەجهولەکەی وەرگرین ئەوسا ئەم گۆڕان و سوانەی بەسەردا دێت:

دەشۆم، شۆرام، دەشۆرێم، شۆران

ئەم خاسیەتەی پاراستنی دەقی فیعلی ڕابردوو لە ئایندەدا کە پاشگری (را) دەیبینێت بەبەریەوە هەیە دەمەتەقە لەسەر باسی ڕەگ و بناغەی فعل و چاوگ...ی بەشێکی زۆر لە فیعلەکان کز بکاتەوە، چونکە کە زانیمان لە فیعلێکی وەك (شوشتن)دا سیغەی ئایندەی شێوەی مەجهولی (دەشوشترێ)یە ڕێگە نامێنێ، وەیا زۆر کورت دەبێتەوە، بۆ شەڕە دندووکێ لەسەر ئەوەی ڕەگی صیغەی ئایندەی فیعلەکە ئایا (شۆ)یە

یـاخـود (شۆر)ە چـونـکـە هـەروەك (دەشۆم) هـەیـە (دەشۆرم)یش هـەیـە. بـەڕاستـی ئـەم حیکایەتەی ڕەگی فعل و ڕەگی چاوگ و ڕەگی ڕابردوو و ئاینده و قەد و ئاینده و قەد و بەژن و بالآیان چاوبەستەکێیەکی سەیرمان لێ دەکات، چونکە چاوگ و ئاینده و (أمر) و ڕەگ و قەد و هەرچی سەر بەتاکە فیعلەوە هەیە یەك ئەسڵ و بنجی هەیە و مومکین نییە هۆشی نەشێواو بسەلمێنێ ڕەگی (کوشتن) شتێکە و هی (دەکوژێ) شتێکی ترە وەك ئەوەی کە پێوەندی لە نێوان چاوگ و ڕابردوو و ئایندەی فیعلەکە نەبێت و هەریەکە بۆ خۆی لەبنی گۆمێکەوە بڵقی دابێت، لە حاڵێکدا دەزانین و دەبێ بسەلمێنین چاوگ و ڕابردوو و ئاینده و فەرمان و مەعلووم و مەجهول هەموویان لە تاکە سەرچاوەیێکەوە هەڵدەکوڵن، ئەوەی دەشیەوێ بزانێ بۆچی فیعلێك لە ڕابردووەوە بۆ ئاینده سوان و قرتانی بەسەردا دێت دەبێ بگەڕێ بەدوا ئەو دەستوورانەی سوان و قرتان لە وشەی کوردیدا پەیدا دەکەن نەك خۆی لەم ئەرکە بدزێتەوە بۆ بن سێبەری فێنك و ئاسوودەی ڕواڵەتە درۆزنە چاوغەڵەتێنەکەی ڕەگی ئاینده و قەدی ڕابردوو و نازانم چی. سەیر لەوەدایە ئێمە کە بڵێین ڕەگی ئاینده (مضارع) لە ڕابردووەوە وەردەگیرێ، بیروڕامان دەخەینە ناو تناقضێکی بێ دەرفەت چونە وشەی (ڕەگ) وا ڕادەگەیەنێ ڕەگەکە بنج و ماکی فیعلەکە بێت کەچی کە گوتمان لە ڕابردووەوەی وەردەگرین لە ڕەگایەتی دەشۆرێ و دەبێتە وەچە.

فەرموو سەیرێکی ئەم شەڕەدندووکەیە بکە کە لەسەر حیکایەتی ڕەگەوە هەڵدەستێ:

لە فیعلی (بردن) سیغەی ئاینده (مضارع) دوو شێوەی زیندووی هەیە، شێوەیێکی (دەبەم)ە کە زۆربەی ناوچەی خوێندەواری کوردستانی ژێروو بەکاری دێنێت، شێوەیێکی تریشی (دەبەرم)ە کە لە نێوان هەندێ عەشایری کورد باوە. بەو پێیە هەر یەکێك لەو دوو لەهجەیە بێژەکەی خۆی بە (ڕەگ) دادەنێت، یەکێکیان ڕەگی (بە – ب) ئەوی تریشیان ڕەگی (بەر). بێگومان خاوەنەکانی ڕەگی یەکەم (بە – ب) بەئاسانی دەتوانن ئەوانی تر دەمکوت بکەن و هەناسەیان ببڕن چونکە نووسەر و زمانزان و خوێندەواری کوردی لە خۆیانن، مرۆڤێکی ناو شاخ و داخی کوردستان کەی دەزانێ وەیا دەوێرێ دەنگی ئیعتیراز هەڵبڕێ لە ئاست نەعرەتەی خوێندەواران و خاوەن شەهادان. لەگەڵ ئەمەشدا دەستوورەکانی زمانی کوردی بەخامۆشی و بێ نەعرەتە لێدان پشگیری لە (دەبەرم) دەکەن نەك (دەبەم) چونکە دەستوورێکی زۆر بەرچاوی ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب) لە کوردیدا دەڵێ (باربەر) ڕاستە نەك (باربە):

دەبەڕی، باربەر

دەکوژی، پیاوکوژ

دەخوا (خواردی)، نانخۆر

دەگریٚ، دەستگرە

کەواتە مەسەلەی ڕەگ ئەو باسە ڕوون و سەلمێنراوە نییە کەوا بیٚ لێکدانەوەی تەواو و لیٚ قووڵبوونەوە بووەتە (قضية مسلمة) لە نێوان زۆربەی زمانشناسانی کورد.. کە دەشڵێم پاشگری (را) ئەگەر لە ڕابردووەوە فیعلی مەجهول دروست بکات دەقی (فعل) دەپارێزێت بیٚ ئەوەی لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە سوانی بەسەردا هاتبیٚ بیروڕایەکی بیٚ کێشان و پێوانم دەرنەبڕیوە، چونکە زۆر لەو فیعلانەی ئێستا لە ناوچەیێکەوە بۆ ناوچەیێکی تر کورت و درێژی تێدا پەیدا بووە، شێوە درێژەکەی لەگەڵ ئەو بەشەی پاشگری (را) دەیپارێزێت ڕێك دەکەوێت وەیا لێی نزیك دەبێتەوە. بەنموونە فیعلی (شووشتن) دەهێنمەوە کە لە سیغەی مەجهوولدا دەبێتە (شۆرا) بەپێی بەکارهێنانی لە زۆر ناوچەی کوردستاندا. کەسێك نەختێك شارەزاییی بەلەهجە ئاخاوتنەکانی دەشت و دەوری کوردەواری هەبێت دەزانیٚ لە زۆر ناوچەدا لە جیاتی (شووشتن) کە لە (شستن)ی فارسییەوە نزیکە وشەی (شۆرین) بەکار دەهێنن و دەڵێن: جلکەکانم شۆری – جلکەکانم بۆ دەشۆرن. لەمەوە دەردەکەویٚ سیغەی مەجهولی (شۆرا – دەشۆریٚ) ڕاستەوخۆ لە (شۆرین)ەوە هاتووە نەك (شووشتن)، تەنانەت ئەم واوەی (ۆ) کە لە (دەشۆم)دا هەیە چ پێوەندیی بەفیعلی (شووشتن)ەوە نییە کە دەزانین واوەکەی تیژە، واتە (وو – هەندێك نووسەر بەدوو واو «وو»ی دەنووسن) نەك (ۆ). دیارە (دەشۆم) کورتکراوەی (دەشۆرم)ە کە لە (شۆرین) هاتووە نەك (شووشتن). ئەم ڕاستییە پتر بەسیغەی ناوی کارای لێکدراوی فیعلەکە ڕوون دەبێتەوە: دەگوتریٚ (جلکشۆر) کەس نەیبیستووە بگوتریٚ (جلکشۆ، جلکشۆش).

فیعلێکی تری وەك (بیستن) کە ئایندەکەی لە هەندیٚ لەهجەدا دەبێتە (دەبیسم) و لە لەهجەی تریشدا دەبێتە (دەبیەم) زۆر بەچاکی ئیسپات دەبیٚ کە صیغەی (دەبیسم) ڕەسەنتر و ڕاستتر و ڕێزمانیترە لە (دەبیەم) چونکە هەم ناوی کارای لێکدراو و هەم سیغەی مەجهولی فیعلەکە ئەمە دەسەپێنن:

ناوی کارای لێکدراو وەك (گوێبیست – گوێبیس)

سیغەی مەجهولی وەك (بیسترا – بیسرا)

کەس نەیبیستووە گوترابێ (گوێ بیە – بیەرا). کەواتە ڕەگ و دەق و قەدی سیغەی موزاریعی فیعلەکە (بیس)ە نەك (بیە) هەرچەند ئەمیشیان کورتتر بێت لەوەی تر. کورتبوون بۆ خۆی بەتەنیا ئیسپاتی ڕەسەنبوونی وشە کورتەکە ناکات لە زمانێکی وەك کوردیدا کە یەکێك لە دەستوورەکانی زۆر بنجی و پەرەسەندووی سوان و قرتانی دەنگی وشەکانیەتی: (قەراغ) کورتە و (قەرەداغ) درێژە هەمووشمان دەزانین (قەرەداغ) ڕەسەنە و (قەراغ) کورتکراوەیەتی، ئەگەر نەڵێم غەڵەتەکەیەتی.

لەبارەی ئەم صیغەیەی (اسم فاعل مرکب)ەوە کەوا زۆر جاران قەد و ڕەگی فیعل دەپارێزێت: ئەوەندەی بەدوای نمووناندا گەڕابێتم تەنیا (٣) فیعلم دیوەتەوە سیغەی ئیسم فاعیل مورەکەبیان لە لاوە دەنگی (ر)ی بۆ هاتبێت ئەوانیش فیعلەکانی (دان – نان – خستن)ن کە ئیسم فاعیلەکەیان دەبێتە (ناندەر – لێنەر – یەکخەر).

ئەم پاشگرەی (را) جارێکی تریش دەقەی فیعلەکان نیشان دەداتەوە کە لە پێکهێنانی ناوی بەرکار (اسم مفعول) دەور دەبینێت:

هەروەك ناوی کارا (اسم فاعل) بەزیادکردنی (و) لە کۆتاییی فیعلی ڕابردووی تێ نەپەڕدا دروست دەبێ هەروەهاش (ناوی بەرکار) بەزیادکردنی (و) لە کۆتاییی ڕابردووی مەجهولدا دروست دەبێت وەك لەم نموونانەدا بەدیار دەکەوێت:

| | | |
|---|---|---|
| هات: هاتوو | هەڵستا: هەڵستاو | ناوی کارا |
| بیسترا: بیستراو | دیترا: دیتراو | ناوی بەرکار |

بۆ نموونەی ناوی کارا فیعلی تێپەڕم نەهێنایەوە چونکە بەڕاستی تا ئێستا ساغ نەکراوەتەوە ئایا هاتنی (و) بەدوا ڕابردووی تێپەڕدا ناوی کارا دروست دەکات یا ناوی بەرکار:

(گوتوو – کردوو – بردوو – خواردوو – کێڵاو – هێناو – دزیو –.)

ئەم ڕێژانە بەزاهیر لە فاعیل دەکەن بەڵام لە سیغەی ڕابردووی نزیکدا وشەکان دەکەونە گومانەوە لەوەدا ئایا فاعیلن یا مەفعول؟ بەنموونە دەڵێم (خواردوومە – بیستوومە – کێڵاومە – دزیومە...) ئایا ڕێژەی کارایان تێدا بەکار هاتووە یاخود بەرکار؟ با بێین لە جێگەی ئەواندا وشەی هاوواتای عەرەبی بەکار بهێنین بزانین بەلای فاعیلدا دەشکێنەوە یاخود مەفعول:

| | | |
|---|---|---|
| خواردوومە | آكلمە | مأكولمە |
| بیستوومە | سامعمە | مسموعمە |
| كێڵاومە | حارثمە | محروثمە |
| دزیومە | سارقمە | مسروقمە |

كە گوتت (نانم خواردووە) چ وشەیێكی عەرەبی بەخۆیەوە دەگرێ (نانم آكلە – نانم مأكولە)؟ ئەگەر بڵێین ڕستەی (نانم مأكولە) نانەكە دەكاتە مفعول كە لە حەقیقەتیشدا مەفعولە، ئەوسا دوو بەرهەڵست پەیدا دەبێ:

١– (نانم مأكولە) هیچ دەورێكی فاعیلەت ناداتە فاعیلەكە، بگرە پێوەندیی فاعیل بەفیعلەكەی (خواردووە) بەجارێ دەپچڕێنێ، ئەمەش ئەنجامێكە سەلیقە نایسەلمێنێ.

٢– (نانم مأكولە) بەتەواوی (نانم خواروە) ڕادەگەیەنێت كە ئەگەر مەبەست وەها با پێویست نەدەبوو بەوەی صیغەی تایبەتی (خواردووە)ی بۆ بەكار بێت.

ئایا كە وازمان هێنا لە ئیحتیمالی مەفعولبوونی (خواردووە) بەهیچ تەئویلێك دەتوانین بڵێین لە ڕستەی (نانم آكلە)دا وشەی (اكل) وەك ئەوەیە گوترابی (نان آكلم –آكلی نانم) بۆ ئەوەی فاعیلبوونی وشەی (خواردووە) تەوجیهێك وەرگرێت؟ چەند بەسەیری ئەم صیغەیەش خۆی حەشارگەیێك نیشان دەدات كە لە بنەڕەتدا مەبەستی نووسینەكەم نەبوو، خۆ ئەگەر حەشارگەش نەبێ دەبێ بەمەتەڵێكی ڕێزمانی بڕوات.

بەهەمەحاڵ، لە سیغەیێكی ناوی كارای لێكدراودا وشەكان دەبن بەفاعیلی بێ دەمەتەقە، وەك: نان خواردوو – دنیادیتوو – گەنم دزیوو – سەرتاشوو – زەوی كێڵاو:

من نان خواردووەكەم، من نانم خواردووە

تۆی دنیا دیتومان، تۆ دنیات دیتووە

دارا گەنم دزیوو دەرچوو، دارا گەنمی دزیوە

ڕەسەنبوونی هەرسێ پاشگری (ا – كا – را) وەك پاشگری (اند) دیسانەوە لەوەشدا دەردەكەوێ كە بەراورد بكرێن لەگەڵ پاشگری (وە)دا.

پاشگرەكانی (ا – كا – اند – را) بەكۆتاییی فیعلەوە دەلكێن و دەكەونە پێش ڕاناوە چالاكەكانەوە:

ترسام ئاڵۆزکام سووتاندم دیترام

دەترسێم دەئاڵۆزکێم دەسووتێنم دەدیترێم

تەرتیبی ئەمانەش لە بەینی خۆیاندا بەم شێوەیەیە: پاشگری (ا) پێش دەکەوێت، بەدوا ئەودا (کا) دێت، ئینجا (اند) دێت، دوای هەمووان (را) دێت:

ئاڵۆزا ئاڵۆزکا ئاڵۆزکاندی ئاڵۆزکاندرا

پاشگری (ەوە) کاتێك بەکۆتاییی فیعلەوە دەلکێ کە هیچ یەکێك لەو پاشگرانە بەفیعلەوە نەبێت و ڕاناوی چالاکیش دیار نەکەوتبێ. دەڵێی: هاتمەوە، دیتمتەوە، دیترامەوە، هەڵستاندمتەوە. لەم نموونانەی کۆتاییەدا پاشگری (ەوە) سێ قۆناغ لە فیعلەکە دوور کەوتووەتەوە، (اند – م – ت). لە فیعلێکی وەك (ئاڵۆزکاندرامەوە) چوار قۆناغ کەوتووەتە نێوان کۆتاییی فیعل و پاشگری (ەوە)وە (کا – اند – را – م) هەروەهاش لە فیعلی (پەشۆکاندرامەوە – پەشۆکاندمیانەوە)...

دەبینی تەفاعیلی ئەم پاشگرانە لەگەڵ فیعلەکەدا وا دەکات لە مقارنەدا پاشگری (ەوە) زۆر بێگانە خۆ بنوێنێ بەنیسبەت فیعلەکەوە. پاشگری (ەوە) سەرەڕای دوورکەوتنەوەی لە فیعلەکە کە دیاردەیێکی بێگانەتییە، تێکەڵ بەتکوینی فیعلەکەش نابێت چونکە هەم لە فیعلەکە جودا دەبێتەوە لە ئایندەشدا وەك خۆی بێ گۆڕان دێتەوە، کەچی (ا، کا، اند، را) لە سیغەی ئایندەی فیعلدا، دەبنە (ێ، کێ، ێن، رێ).

من لەم نموونانەدا ئینکاری پاشگربوونی (ەوە) ناکەم، بەپێچەوانە، دەمەوێ لەگەڵ دانهێنان بەپاشگربوونی، پایەی هێز و بێ هێزیشی دەرخەم لە چاو پاشگرەکانی تر، بەمەشدا نیمچە وەرامێکی ئەو زمانشناسانە دەدەمەوە کەوا دەزانم لەبەر ڕانەهاتنیان لە دانهێنان بە (ا، کا، را)، زۆریان بەلاوە ئەستەم دەبێ دوابەدوای ئەم نووسینە دانی پێدابهێنن، ئەمەش دیاردەیێکە لە هەموو کات و شوێنێکدا رووی داوە، گەلێك جارانیش مەیلی نەسەلماندنی شتی نامەئلووف وای کردووە لە مەیدانی زۆر گرنگی زانستی تەتبیقیدا بەرهەمی داهێنان و دۆزینەوە بەدرەنگەوە پێشوازی و خۆشامەدیی لێ بکرێ.

من بۆ ئەوە دەچم ڕێژەی تری فیعل هەبێ لە بنەڕەتدا بەهۆی هاتنی پاشگر لە کۆتاییی وشەوە پەیدا بووبێت، بەڵام وردەوردە لەگەڵ دوورکەوتنەوەی سەرەتای داهاتنی ئەو ڕێژانە بنەچەکەی پێشگرەکە کوێر بووبێتەوە و بەپارچەیێکی بنجیی فعلەکە حیساب کرابێت. یەکێك لەوانەی گومانی پاشگربوونی لێ دەکرێت جووتە

دەنگی (سا)یە کە لە کۆتاییی گەلێك لە فعلەکاندا دێت وەك: ترسا، نووسا، دارِسا، راسا، پسا، ئاوسا، تاسا، چرووسا، چەوسایەوە... ئەم فیعلانە سەرلەبەریان لە ڕواڵەتی ئێستاکەیاندا شکڵی یەك وشەییان وەرگرتووە و (سا)کەی کۆتاییان لە پاشگر ناکات بەڵام فیعلێك هەیە پێ دەچێ (سا)کەی پاشگر بێت ئەویش فیعلی (گیرسانەوە) بەواتای (بەندبوون بەجێگەیەکەوە) وەك لەم نیوە بەیتەدا دەردەکەوێ:

«ئاخۆ بەچ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من»

زۆر ئاشکرایە ئەم وشەیە لە بنکەی (گیر) و پاشگری (سا) پێك هاتووە. بەوردبوونەوە دەردەکەوێ دەنگی (س) لە کۆتاییی گەلێك وشەدا دەوری (وصفیة) دەبینێ وەك: جارِس، قەڵس، وەرِس، ئاوس، مەکس (خەبەرەکە مەکس بووەوە)، خاوس.. کە ئەمە وابێ دوور نییە (سا)ش پاشگر بووبێت لە بەشێکی ئەو فیعلانەدا بەڵام وردەوردە بەکەرتێکی بنجیی فیعلەکان حیساب کرابێت..

ئەو زمانشناسانەی لە حیکایەتی ڕەگ و قەدی کار دەدوێن و دەڵێن کورتترین بەشی ئەو قەد و ڕەگانە بنجی ئەسڵی کارەکەن دەبێ کەمتر ڕەخنەم لێ بگرن و پتریش بەدوا قسەمدا بێن لەوەدا کە دەڵێم لەوانەیە (سا) پاشگر بێت چونکە بەپێی بیرورای ئەوان لادانی (سا) لە فیعلەکان بەشێکی کەمیان لێ دەهێڵێتەوە کە زۆر گونجاو دێت لەگەڵ واتای (ڕەگ). بەنموونە دەڵێم ئەگەر بسەلمێنین لە فعلی (کردن)دا سیغەی ئایندەی کە کورتترین ڕواڵەتیەتی بکەین بەرِەگ و بنجی وشەکە و بڵێین (دە«کە»م) نیشانەی موزاریع و ڕاناوی لێ وەرگرینەوە و (کە – ك) دەمێنێتەوە بۆ ڕەگ، دەبێ لە فیعلی (نووسا)شدا ڕەگەکە (نو)ە و (سا)یەکە پاشگرە هەروەك لە فیعلی (ئاڵۆزکا)دا (ئاڵۆز) بنجە و (ئاڵۆزکا) بنجە و (کا)ش پاشگرە. من کە لە یەکێك بسەلمێنم لە فیعلی (بردم، دەبەم) ڕواڵەتی (بە – ب) لە سیغەی موزاریعدا کورتترین بنجی کارەکەیە و گوێ نەدەمە (بردن، بردم، دەبەرم..) دەبێ ئەو کەسەش بێ خۆ خوراندن بسەلمێنێ، بگرە مەمنوونیش بێ، کە بڵێم لە فیعلی (نووسا)دا (نوو) بنجی فیعلەکەیە و (سا)ش لەلاوەی خۆی پێوە لکاندووە..

**٣- حەشارگەی (فعلی انتقالی) و (انتقالی پێچەوانە).**

ئەم زاراوەیەی (انتقالی) یەکەم جار لەلایەن خۆمەوە بەکار هاتووە، لە بەشێکی گوتاری (بەکارهێنانی «ی» لە ڕێزمانی کوردی) کەوا لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری

کۆڕی زانیاری کورددا بڵاو کراوەتەوە. ئەوە ڕاستی بێ، زاراوەکە لە ڕێی ناچارییەوە خۆی بەسەرمدا سەپاند چونکە لە دەمی نووسینی گوتارەکەدا، لەویش بەپێشەوە، وشەیێکی لەبارترم بەبیردا نەهات بیکەم بەزاراوە بۆ ئەم دیاردەیەی زمانی کوردی کە تایبەتییێکی خۆیەتی و لە زمانانی تری دوور و نزیك (لەوانەی لێیان ئاشنام) وێنەی پەیدا نییە. وا دەردەکەوێ، هەروەك (مافتیء، مابرح، مالبث..) جۆرە فیعلێکن تەنیا لە زمانی عەرەبی بەکار دێن، هەروەها فیعلی (چوومە خانووەکە. دەیچمێ..) و ئاوەڵەکانی تری وەك خۆی ماڵی بێ هاوبەشی زمانی کوردین تەنانەت فارسی کە مەشووورە زۆر لە کوردی نزیکە ئەم جۆرە فیعلانەی تێدا نادیترێ.

لەبارەی زاراوەکەوە، ئەگەر وشەی کوردی لەبار، یاخود وشەی بێگانەی لەبارتر چەنگ کەوێ پێویستە بەو بگۆڕدرێتەوە چونکە من لە وشەی (انتقال) مەبەستم تەنیا ئەو فیعلانە نییە کە بزووتنی ڕاستەقینەیان تێدا بێت بەڵکو ئەو فعلانەش بەر زاراوەکە دەکەون کە بزووتنەوەی مەعنەوی وەیا ئیعتیبارییان تێدایە و بەشدار دەبن لەو خاسیەت و تایبەتییانەی کە شەقڵی ئەم جۆرە فیعلانەن. ئەم فیعلانەی ڕستەکانی خوارەوە هیچیان بزووتنەوەی ڕاستەقینەیان تێدا نییە بەڵام جۆرێك تەئسیر لە لایێکەوە بۆ لایێکی تر دەبەن هەرچەند تەئسیرەکەش مەعنەوی و ئیعتیباری بێت نەك مادی، وەك:

دارام کردە پشکنێر، نۆڕیمە خانووەکە، بوویتە پیاو

قسەم گوتە دراوسێکەم، دایە گریان

هەبوونی واتای بزووتن و (انتقال)ی مەعنەوی و ئیعتبیاری لەو فیعلانەدا باشتر هەستی پێ دەکرێت کە بەراورد بکرێن لەگەڵ بەکارهێنانی عادەتییاندا:

من بووم دەمنووسی، من بوومە نووسەر

خانووم دروست کرد، خانووەکەم کردە ئۆتێل

دەنۆڕم کەس نابینم، نۆڕیمە باغەکە

گوتم بەزیاد بێ، گوتمە دارا پارەت بداتێ

جۆم دا نەك گەنم، جۆم دایە ئازاد

بەشێکی زۆر لەو فیعلانە واتای بزووتنەوەیان تێدایە وەك فیعلەکانی (دان،

هـەناردن، بردن، چوون، گەیشتن، هـاتن، کەوتن، خستن، ترنجـان..) بەڵام لە شێوەی بـەکـارهـێنـانـی ئـنـتـیـقـالـیدا جۆرە تـاو و تـەئسیرێکی تـازە بـەرەو ئـامـانجێکی دیـارەوە دەردەبڕن وەك لـەم ڕستـانـەدا دەردەکەوێ:

کەوتم و هـەڵستـامـەوە، کەوتمـە نـاو دەغڵەکەوە

دەچم نـان دەکرم، دەچمـە مـاڵی مـامم

دەنـکـە تـەزبـیـحـەکـە دەتـرنجێ و دەردێتـەوە، دەنـکـە تـەزبـیـحـەکـە تـرنـجـایـە ڕیـزی دەنکەکانی ترەوە

تۆ نەهـاتی شەکر بکڕیت، تۆ نەهـاتییە هـەڵپەڕکێ

ئـازاد دوێنێ گەیشت، ئـازاد گەیشتـە ئـامـانج

بـاسی فیعلی (انتقالی) لـە گوتـارەکەی خۆم (بەکـارهێنـانی «ی» لە ڕێزمـانی کوردیدا) کراوە، هـەر لـەو گوتـارەشدا چەند لایەنێك و خـاسیـەتێکی ئـەم فعلانـە بـاس کراون، دەوری ١٢ – ١٣ فیعلیش لـەو گوتـارەدا دۆزراوەتـەوە.

مـامۆستـا تۆفیق وەهبی لـە کتێبـەکەی (دەستووری زمـانی کوردی – جزئی یـەکەم، ساڵی ١٩٢٩)دا، بـەجۆرێکی یـەکجار خێرا و لـە گۆشـەیێکی تـەسکەوە بـاسی بـابـەتێکی ڕێزمـانیی کردووە کە پێوەندیی بـەفیعلی (انتقالی)یـەوە هـەیـە. لـە بـەندی (٤٧) لاپـەڕە (١٠)ی کتێبـەکەدا بزوێنی (ە – ئـە)ی کۆتـاییی فیعلی نـاو ئـەم ڕستـەیـەی (ئـەچمـە مـاڵەوە)ی بـە (ئـەداتی تـەواوی) دانـاوە. لـە لاپـەڕە (٢٢)ی کتێبـەکەشدا بـەپێی ڕاگـەیـاندنی نموونـەکان دەردەکـەوێت مـەبـەست لـە (ئـەداتی تـەواوی) ئـەو وشـانـەن کـە لـە عـەرەبیدا پێیـان دەگـوترێ (حروف الجر). لـە ڕستـەی (تۆ کـاغـەزێکت بـەپۆستـەدا نـارد) وشـەی (بـە – دا) بـە (ئـەداتی تـەواوی) دانراوە هـەروەهـاش وشـەی (لـە)ی نـاو ڕستـەی (منـاڵـەکە لـە هـەیوان نووست). من، دوای نـەختێکی تر، بـەو جۆرەی هـەموو ڕاگـەیـاندنێکی دوور و نێزیکی ئـەم ڕایـەی مـامۆستـا وەهبی بگرێتـەوە لـەگـەڵ بۆچوونـەکانی خـۆمی بـەراورد دەکـەم، ڕەنـگـە لـەم هـەوڵـەشدا مـەیدانێکی بـەرفرەوانتر بـەڕایـەکی مـامۆستـا وەهبی بگرمـەوە لـەوەی نـاو کتێبـەکەی.

بـەپێی ئـەوەی کە جـارێکیـان خۆم لـەبـارەی ئـەو فیعلانـە شتێکم نووسیبێت مـامۆستـا تـۆفـیـق وەهـبـیش بـەر لـە من بـاسی کربێتـن هـەر دەڵێی مـافـی ئـەوەم نـەمـابـێ نـاوی (حەشارگە) بکەمـە عینوانی ئـەو جۆرە فیعلانـە. بـەڵام هـەروەك لـە درێژەی نووسینـەکەم

دەردەکەوێ چەند لایەنێکی نوێ لە لێکۆڵینەوەی ئەمجارەدا کە لەمەوپێش نەهاتووەتە ناو نووسینانەوە ڕێ دەدا باسەکە بکەوێتە ژێر ناونیشانی (حەشارگە). لە ئاست نووسینەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی نووسینی ئەمجارە لە چەند ڕوویێکەوە نوێیەتیی خۆی بەرچاو دەکات:

١– نووسینەکەی مامۆستا وەهبی تایبەتییە زۆر جوداکەرەوەکەی سیفەتی (انتقالی) ئەم فیعلانەی باس نەکردووە. بێدەنگبوون لەم لایەنە وەك ئەوەیە مرۆڤی بێدەنگ بێ لە جۆری تێپەڕ و تێ نەپەڕی فیعل.

٢– نووسینی مامۆستا وەهبی کە بزوێنەکەی (ە) دوای فعلەکانی داناوە بە (حرف جر) لە دوو خاڵی زۆر گرنگی تایبەتی فیعلەکان، بەتێکڕایی، چاو دەپۆشێت:

أ– لەوەدا کەوا بەشی کەمی فیعلەکان هەڵدەگرن بزوێنەکەیان بکرێتەوە بە (حرف جر) وەك فیعلی (بوون – کردن – گەیشتن – دان – گوتن...) ئەمەش هەردوو جۆری بەکارهێنانی فیعلەکانە:

بوومە ئەندازیار: بووم بەئەندازیار

تۆ کردە وێنەگر: تۆم کرد بەوێنەگر

گەیشتینە ئاوات: گەیشتین بەئاوات

پارەکەم دایە وەستا: پارەکەم دا بەوەستا

گوتمە براکەم: گوتم بەبراکەم

فیعلیش هەیە دەشێ بزوێنەکەی ببێتە (لە، تێ) وەك:

بەردم گرتە چوێلەکە: بەردم لە چوێلەکە گرت

گرتمێ: تێم گرت

بەشی زۆری فیعلەکان هەڵناگرن بزوێنەکەی ئنتقالییان بگۆڕێ بە (حرف جر) وەك ئەمانەی لیستەی ژێرا:

نۆڕیمە خانووەکە، چوومە کوێستان، خستمە خوارەوە

کەوتمە سەر زەوی، هاتەوە ماڵی، هەڵکشامە سەری شاخ

ترنجایە ریزەوە، هەستامە سەر پێیان...

ب– لەوەدا کەوا لە حاڵی بزربوونی (مفعول) بزوێنەکە دەبێتە (ێ).

هەرچەند ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە سلێمانی کەم بووەتەوە بەڵام لە ناوچەکانی تری کوردستان زۆر باوە. نموونەی بزربوونی فیعلەکان ئەمەیە:

بەردم گرتە چوێلەکەکان: بەردم گرتنێ

کەوتمە باغەکەوە: کەوتمێ

نۆڕێمە ئێوە: نۆڕیمنێ

ئەم بەکارهێنانە لێرە بەپێشەوە لە سلێمانیش دیتراوە، وەك لەم دێرە شیعرەی نالی دەردەکەوێ:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ ڕووڕەشی تۆ بم

ئەمساڵە بەجێ دێ ئەســەری وەعدەیی پـــاری

(نالی) گوتی (ماچت نەدەمێ) نەیگوت (ماچت پێ نەدەم).

حاجی قادر دەڵێ:

خانەقاکەی کەنەفی ئەمنە ئەدەبخانەیی عـام

جێی قەزای حاجەتە عالەم بەزەرووری دەچنێ

(حاجی) نەیگوت (تێی دەچن).

بەیتی فۆلکلۆری دەڵێ:

هەی زێڕینێ و زێڕینێ

کۆیێ خۆشە بابچینێ

کە دەڵێم لە حاڵی بزربوونی مەفعول بزوێنەکە دەبێتە (ێ)، مەبەس بزربوونی ئەو مەفعولەیە کە لە شکڵی (انتقالی) بەکارهێنانی فیعلەکە دەردەکەوێ نەك ئەو مفعولەی کە لە بنەڕەتدا بۆ فیعلی تێپەڕ دێتە ناو ئاخاوتن. لە ڕستەی (بەردم گرت) بەردەکە مـەفـعـولـی عـادەتـییـە بزربـوون و دیـارکـەوتـنی کـار نـاکـاتـە سەر فـیـعلـەکـە، واتـە کـە بەردەکەت لە ڕستە دەرهاوێشت دەڵێی (گرتم). بەڵام کە فیعلەکەمان کردە (انتقالی) دەڵێین (بەردم گرتە چۆیلەکە). لێرەدا (چۆیلەکە) مەفعولی (انتقالی)یە، کە لامان برد دەڵێین (بەردم گرتێ). ئەم شکڵە ئنتیقالییە لەگەڵ (ڕاناوی لکاو) دەردەکەوێتەوە

هەرچەند ڕاناوەکە مەفعولیش بێ، واتە دەرکەوتنی مەفعول لە وێنەی ڕاناوی لکاودا مەنعی هاتنی (ێ)کە ناکات وەك کە دەڵێی (بەردتان دەگرمێ – بەردم گرتنێ – بەردت گرتمێ.. هتد). ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی ڕاناوی لکاو کە لە شتی تری جودا دەکەونەوە، چ ناو بێ و چ هەر یەکێك لەو وشانە بێ بەرتاقمی ناو دەکەون وەك (ڕاناوی نەلکاو، ئاوەڵناو). لەبەر ئەم خاسیەتە زێدە تایبەتییانەش کە من دەمەوێ بەو ڕاناوانە بڵێم (چالاك) نەك (لکاو).

٣– ماموّستا وەهبی لەوەش نەدواوە کە فیعلەکان لە حاڵەتی (انتقال)دا مەفعولێك بۆ فیعلەکە دەهێنن، جا ئەگەر تێپەڕ بێت دوو مەفعولی دەبێت، ئەگەر تێنەپەڕیش بێت یەك مەفعول، وەك لەم نموونانە دەردەکەوێت:

چووم: چوومە سەفەر

بووم: (تێ نەپەڕ) بوومە یەکەم

هات: هاتە کەرکووك

پارەم خست: پارەم ختسە گیرفانمەوە

دزم گرت: (تێپەڕ) بەردم گرتە دزەکە

ئاو دەهێنم، ئەسپەکە دەهێنمە تەویلە

ئەمە لەبارەی نووسینەکەی ماموّستا وەهبییەوە.

بەنیسبەت نووسینی لێرە بەپێشەوەی خۆشمەوە لە چەند ڕوویێکەوە نوێیەتیی نووسینی ئەمجارە دەردەکەوێ:

١– ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە دەری خست مەبەست لە (بزربوونی مفعول) تەنیا مەفعولە ئینتیقالییەکەیە، هەروەها دەرکەوتنی ئەو ڕاناوە چالاکەی جێی مەفعولە ئینتیقالییەکە دەگرێتەوە (بەردیان دەگرمێ – بەردم گرتنێ). ڕوونکردنەوەکە لە کۆتاییی خاڵی (٢ – ب) لە بەسەرداچوونەوەی نووسینەکەی ماموّستا وەهبی باس کرا.

٢– لەلایەن ئەو فیعلانەی دەشێ ببنە (انتقالی): لە گوتارەکەی پێشوومدا (١٢) فیعلێکم دەستنیشان کردبوو، لەم نووسینەمدا ژمارەیان بۆ پتر لە دووهەند تێ هەڵدەکشێ:

وا لـێرەدا فـیـعلـەکـان دەخـەمـە لیستـەوە، دەشزانـم فیـعلـی تری وەك ئـەمـانـە مـاون بدۆزرێنەوە:

فیعلی تیٚ نەپەڕ:

١- بوون. ٢- چوون. ٣- کەوتن. ٤- هـاتن. ٥- داهـاتن [بـەواتـای «انقضـاض» وەك: بـاز داهـاتـە کۆترەکە - دادێتە کەوەکان]. ٦- گەیشتن. ٧- خونجان. ٨- پەسوان. ٩- تکان. ١٠- خزان. ١١- ترنجان. ١٢- ڕژان. ١٣- هـەڵکشان. ١٤- خشین. [مـارەکە خشییە نـاو گیـایەکە]. ١٥- پەڕین.

فیعلی تێپەڕ:

١- کردن. ٢- بردن. ٣- خستن. ٤- گرتن. ٥- هـەنـاردن. ٦- دان. ٧- هـەڵدان [هـەڵ مـەدەیێ - هـەڵدەداتە قسان]. ٨- گوتن [گوتمـە دارای وەرە ئێرەکانە]. ٩- هێنـان [هێنـامـە مـاڵەوە - هێنـامـە ڕەدایێ]. ١٠- داهێشتن [پەیژەکەم داهێشتە حەوشەکەوە]، دەتبەمـە سەر ئـاوەگردی دات دەهێڵمی کابرای کوردی، ئیقبـاڵی خۆت ئەی مەلکەقۆڕ، ئەگەر ژیـای ئەگەر مردی

١٠- نـان [نـایە بـانیەوە].

لە پـاش بۆسیدەن و بۆییدەنی تـام

نیـامـە سەر سەر و چـاوم بـەئیکرام

١١- خـزانـدن. ١٢- تـرنـجـانـدن. [دانـەکـەم تـرنـجـانـدە ڕێزی ئـەوانـی تر]. ١٣- پەسواندن. ١٤- وێران [وێرامـە ئـازاد]. ١٥- هـاویشتن.

٣- ئێستـاکە بـەتـازەیی دەڵێم: ئەو فیعلـە ئینتیقالییـانەی تێپەڕن کە دەکرێن بـە (مبنی لـلـمـجـهـول)یش بـەبـەریـانـەوە هـەیـە لـە شکـڵـی (انـتـقـالـی) بـمێننـەوە، هـەردوو مـفـعـولـیشیـان لـەگـەڵدا بـێت، وەك: دارەکـە خرایـە خـانـووەکـەوە - پـارەکـە درایـە خـاوەنەکەی، مفعولی ئەسڵیش جێی فـاعیل دەگرێتەوە.

بـەڵام لێرەدا یەك دوو تێبینیی کورتیلـە هـەیە، ئەوانیش هـەر نوێن:

یەکەمیـان لەبـارەی فیعلی (هـەڵدان - بـەواتـای خۆ لە قسان هـەڵقوتـاندن). ئەم فیعلە چ لە شێوەی مبنی للمعلوم بێت و چ لە شێوەی (مبني للمجهول) بێت یەکێك لە دوو مفعولەکانی دەردەکەوێت، تەنـانـەت وا دەبیٚ تـاکێکیشی دەرنـاکەوێت. کە دەڵێی: (کەس

ڕووی لەو نەبوو ئەو لەخۆوە هەڵی دایێ) هیچ مەفعولێك دەرنەكەوت. كە گوتت (لەخۆوە هەڵی دایە قسان) یەك مەفعول دەركەوت. لێرەدا مەفعولەكەی دیكە بەشێوەیێكی شرایەوە لە ناو مەفهومی قسەكەدا دەبێت وەك ئەوەی گوتبێتت (قسەم هەڵدایە قسان – ڕەخنەم هەڵدایە ناو قسان..). ئەم تەرزە وردەكارییە لە هەموو بابەتێك پەیدا دەبێ نەك تەنیا بابەتی زمان، پەیدابوونیشی بەڵگەی دەوڵەمەندیی ئەو سەرچاوەیەیە كە لێی هەڵقووڵیوە.

تێبینیی دووەم لەبارەی فیعلی (وێران)ە كە بەپێی سروشتی واتاكەی وا دەبێ وەك تێپەڕ تەسریف دەكرێ واش دەبێ وەك تێ نەپەڕ. كورد هەن دەڵێن (وێرامان – وێراتان – وێرای – وێرایان – وێرات) كە ئەمە تەسریفی تێپەڕە. هی تریش هەن دەڵێن (وێران، وێرا، وێرایت، وێراین) ئەمەش تەسریفی تێ نەپەڕە. هەر ئەمانەی كە وەك تێ نەپەڕ تەسریفی دەكەن لە (نفی)دا دەڵێن (نەوێرام، نەوێراین، نەوێرا، نەوێران، نەوێرایت) ئەگەر وەك تێپەڕ با دەبوو بڵێن (نەموێرا، نەمانوێرا، نەیوێرا، نەیانوێرا، نەتانوێرا، نەتوێرا). بەلای باوەڕی منەوە ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە (وێران) بەسەر شتی مادیدا نایەت، زۆرینەی ئەوەی بەر (وێران) بكەوێت مەعنەوی و ئیعتیبارییە وەك (وێرام لە ڕووبارەكە بپەڕمەوە – دەوێرم لە تاریكی بڕۆم – كەس ناوێرێ بڵێ لەل – نەوسن بەخۆی ناوێرێ...). بەسرنج دەردەكەوێ واتای وێران هێندەی (ڕۆیشتن، هاتن، هەڵستان...)یش كردەوەی مادیی تێدا نییە هەرچەند فیعلی تێ نەپەڕیشن. دیسانەوە (وێران) وەك فیعلە تێپەڕەكان نییە كە مەفعول دەخەنە پێش خۆیانەوە وەك: كاغەز دەنووسم، نانم خوارد، پارەمان دۆزییەوە... هتد.

دیارە خاسیەتە تایبەتەكەی (وێران) كە وەها بكات دوو جۆرە تەسریفی هەبێ وەك تێپەڕ و تێ نەپەڕ، ڕێی ئەوەی لێ دەبەستێ كەوا لە حاڵی (انتقالی)دا وەك فیعلی تێپەڕ داوای دوو مەفعول بكات. لە ڕاستیدا (وێران) بەزۆری دەبێتە خاوەن مەفعولی (اعتباری) كە بریتییە لە ڕستە نەك لە مەفعوولی بەرهەست (وێرام بڕۆم – وێرام بازدەم – وێرایان «مارەكە بكوژن» – دەوێرن «چوار ڕۆژان لەسەر شاخەكە بمێننەوە» – كەس ناوێرێ «سەیری چاوی بكات»...). هەموو ڕستەكانیش فیعلی (انشائی)یان تێدایە كە ئەمەش یەكێكە لە خاسیەتەكانی فیعلی (وێران) و بەشێكی تر لە فیعلی كوردی دەشێ پێیان بگوترێ فیعلی یاریدەر (الفعل المساعد – Oxiliary) وەك:

هاتم بڕۆم نەیانهێشت.

گوتم بیڵێم، نەموێرا.

هەستام خۆم بشۆم، ئاوەکە سارد بووبووەوە.

ویستم بنووم، لێم نەگەڕان... هتد

کەواتە فیعلی (وێران) ئەم خاسیەتانەی هەن:

١- بەزۆری لە بەکارهێناندا مەفعوولی (اعتباری) کە بریتییە لە ڕستەی (انشائی) دەهێنێتە ناو ڕستەوە.

٢- مەفعوولەکانی ناکەونەوە پێش خۆی، بەپێچەوانەی فیعلی تێپەڕی عادەتی کە هەمیشە مەفعوولەکەی پێش خۆی دەکەوێتەوە. [دەبێ لێرەدا بڵێم هەموو مەفعوولە ئینتیقالییەکانی فیعلی تێ نەپەڕ بەدوا فیعلەکاندا دێن: چوومە ماڵێ، دەکەومە خوارەوە، گەیشتینە ئامانج...] فیعلی (نۆڕین) ئەویش لە حاڵی (انتقالی)دا مەفعوول بەدوایدا دێت وەك (نۆڕیمە خانووەکە). ئەگەر بەشێوەی عادەتی لە کاربێت دەڵێی (خانووەکەم نۆڕی).

٣- یەك مەفعوول قبووڵ دەکات، لەمەشدا وەك تێ نەپەڕ کار دەکات.

تێبینیی تریش هەن بەرانبەر (وێران) وەك ئەوەی کە ئەگەر بەفیعلی دیکەی خزمی خۆی بگیرێت لەوانەی کاریگەرییان مادی نییە دەبینین فیعلەکانی تر مەفعوولەکانیان پێش خۆیان دەیەخن: فیعلی (گوتن، زانین، بیستن، ناسین) کاری مادی ناکەن بەڵام وەك هەموو فیعلێکی تێپەڕ ڕەفتار دەکەن هەم لە ڕووی تەسریفەوە، هەم لە ڕووی پێشخستنی مەفعوولەکانیانەوە:

قسەمان بیست

خەبەرتان زانی

شیعریان گوت

خەڵقمان ناسی

ئەم کۆمەڵە فیعلە - هی تریش هەیە - وەك فیعلەکانی (خواردن، کردن، بردن، کوشتن...) تەئسیری مادی لە مەفعوولەکانیان ناکەن، دیارە (وێران)یش هەر لەو بابەتەیە بەڵام بەشێوەیێکی بێ هێزتر.

لەم خاسیەتەی نامادیبوونی تەئسیری (وێران)ەوە تێبینییەکی تری گرنگ

هەڵدەستێ: دەشێ ئەم فیعلە بەهۆی (اند) جارێکی تریش ببێتەوە تێپەڕ وەك كە بڵێی (دارا نەیدەوێرا، من وێراندم)..

فیعلەكانی تری ئینتیقالی، ئەوانیش بەشێکیان، تێبینی هەڵدەگرن، بەڵام لەم نووسینەدا جێگەی هەموو لێکۆڵینەوەیێك نابێتەوە، بۆیە چی تریان لەسەر ناڕۆم.

٤- نە لە نووسینی مامۆستا وەهبی و نە لە نووسینی خۆمدا باسی ئەم لایەنە یەکجار گرنگ و بنجییە نەکراوە کە فیعلی ئینتیقالی دوو جۆری پێچەوانەی یەکتری هەیە، جۆرێکیان ئەوە بوو لێی دواین، جۆری دووەمی ئەوەیە کە دەبێتە حەشارگەیێکی سەربەخۆی ڕێزمانی کوردی هەرچەند بەپێی ئەو دەورەی فیعلەکان دەیبینن ڕاستەوخۆ دەکەونە ڕووبەڕووی (فعلی انتقالی)یەوە هەر دەڵێی وێنەی نیگاتیڤی ئەون.

فعلی (انتقالی پێچەوانە) کۆمەڵێکن لەو فیعلانەی لە شکڵی پێچەوانەیاندا لە لاوە تین و تاوێك بۆ سەر کارا (فاعل)ی خۆیان دەهێنن و دەیانخەنە جێگەی بەرکار (مفعول)ەوە. فیعلە ئینتیقالییەکان تاو و تینێکی تازەکردیان لە کارەوە بۆ مەفعوولێکی تازەکرد دەبرد، لە وێنەی پێچەوانەدا دیمەنەکە پێچەوانە دەبێ و لە مەفعولێکەوە تین و تاو بۆ فاعیل دێت.

من تا ئێستا لە ئەنجامی بەدوادا گەڕاندا ئەم فیعلانەم دۆزیوەتەوە کە کاری پێچەوانە دەکەن، فیعلەکانیش لە سیغەی ئایندە (مضارع)دا دەهێنمەوە چونکە دیاردەکە لەو سیغەیەدا سەرنج ڕاکێشە:

١- دەمدزێ [بەواتای بەلامەوە دزێوە]. ٢- دەمپەرژێ. ٣- دەمەوێ. ٤- دەمئێشێ. ٥- دەمبێ. ٦- دەمکەوێ [حصەم دەکەوێ]. ٧- دەمچێ. ٨- دەمیێ «دەمهێ - لە هاتنەوە». ٩- دەمخورێ.

لەم فیعلانە تەنیا فیعلی (دەمەوێ) لە جۆری تێپەڕە، ئەوانی تر هەموویان تێ نەپەڕن. گەلێك لەوانەی تازەبەتازە دەکەونە ناو وتووێژ و ئاخاوتنی کوردییەوە کاتێك ئەم فیعلەی (دەمەوێ) بەکار دەهێنن قیاسی دەکەن لە فیعلی تری تێپەڕی وەك خۆی و دەڵێن (دەوێم) وەك کە لە ئایندەی (بیستن)دا دەڵێن (دەبیەم):

| | |
|---|---|
| بیستم | دەبیەم |
| ویستم | دەوێم |

ئەم فعلەی (دەمەویٚ، دەمانەویٚ)، بارە پێچەوانەکەی باشتر ڕوون دەبێتەوە کە لە تەك فیعلی تری عادەتیی تێپەڕدا تەسریف بکرێن، بەنموونە چەند ڕستەیێك دەهێنمەوە:

دەتەوێن تۆ ئەوانت دەوێت

دەتبینن ئەوان تۆ دەبینن

دەمەوێن من ئەوانم دەوێت

دەمبینن ئەوان من دەبینن

لە هەردوو فیعلی (دەتەوێن، دەمەوێن) ڕاناوەکانی (ت، م) کە لە دوای نیشانەی موزاریعەوە هاتوون لە جێگەی مەفعوولدا هەڵکەوتوون کەچی لە واتادا فاعیلن، هەروەها لە هەردوو فیعلدا ڕاناوی (ن) جێگەی فاعیلی گرتووەتەوە کەچی مەفعوولیشە، بەڵام لە فیعلەکانی (دەتبینن، دەمبینن) کە فیعلی تێپەڕی عادەتین ڕاناوەکانی (ت، م) مەفعوولن و لە جێگەی مەفعوولیشن، ڕاناوەکەی (ن)یش فاعیلە و لە جێگەی فاعیلشدایە.

سەیرێکی مەعنا لێدانەوەی فیعلەکان بکە کە لە سەرەوەدا ڕوون کرانەوە: لە بەرانبەر (دەتەوێن)دا نووسراوە (تۆ ئەوانت دەوێت)، کەچی لە بەرانبەر (دەتبینن)دا نووسراوە (ئەوان تۆ دەبینن). ئەم مەعنا لێدانەوانە ڕاستن، بەڵام ئەگەر فیعلەکان یەك جۆر بوونایە نەك جۆری عادەتی و پێچەوانە، دەبوو ڕاناوەکان لە هەردوو فیعلدا بەپێی قیاس لە یەکترکردن ئەم شکڵەیان هەبوویایە:

تۆ ئەوانت دەو(ێت)

ئەوان تۆیان دەبین (ێت)

خۆ ئەگەر قیاسەکە لە فیعلە عادەتییەکەوە هەڵستابایەوە دەبوو فیعلەکان و ڕاناوەکانیان بەم جۆرە بن:

ئەوان تۆ دەبینن

ئەوان تۆ دەوێن

تۆ ئەوان دەبینیت

تۆ ئەوان دەویت (یاخود دەویستیت)

سەیر لەوەدایە فیعلی (ویستن) لە ڕابردوودا وەك فیعلەكانی تری تێپەڕ ڕەفتار دەكات و لەوان جوداواز نییە:

| | | |
|---|---|---|
| ویستم | پارەم ویست | بمویستبایە... |
| دیتم | پارەم دیت | بمدیتبایە... |
| بیستم | قسەم بیست | بمبیستبایە... |

وا دەزانم فیعلی (ویستن)ی زاری كرمانجی خواروو ئەگەر هەر خۆی مابایەوە بۆ ئایندە، دەبوو سیغەكەی ببێتە (دەوێم، دەویسم) هەروەك (بیستن) دەبێتە (دەبیەم، دەبیسم). وا پێ دەچێ لە ئایندەدا سیغەی (ئەڤین)ی زاری كرمانجیی سەروو دێتە جێگەی ئایندەی (ویستن) بەڵام بەشێوەی (انتقالی پێچەوانە) نەك شێوەی عادەتیی خۆی، ڕەنگە هەر بۆیەش بێ لە (دەمەوێ، دەتەوێ، دەیانەوێ...)دا ئەم بزوێنەی (ە) بەدوا ڕاناوەكەدا دێت چونكە كورتكرایەوەی (دەم ئەڤێ – ئەوێ، دەت ئەڤێ – ئەوێ، دەتان ئەڤێ – ئەوێ)ن(١).

گوتمان زۆریش ئاشكرایە، سیغەی (دەم ئەوێت – دەمەوێت) بەتەواوی وەك (دەم بیەت – دەم بینیت) وایە. ئەگەر واتاكەی (انتقالی پێچەوانە) نەبوویایە دەبووە (دەمخوازێت):

| | |
|---|---|
| دەمەوێت | دەمخوازێت |
| دەمەوێن | دەمخوازن |
| دەتەوێم | دەتخوازم |
| دەمانەوێن | دەمانخوازن |

ڕەنگە لە شێوەیێكی تەرجەمەی فیعلەكە بۆ سەر عەرەبی نەختێك بەرەو ڕوونبوونەوە بڕوات: دەزانین ڕستەی (دەمەوێیت) بەواتای (أريدك) دێت، بەڵام لە تەركیبدا بەپێی جێگەی فاعیل و مەفعوول لە ڕستەی كوردی و عەرەبیدا وەك ئەوەیە گوتبێتت

(١) لە (نوری علی امین)م بیستووە دەڵێ، لە شارەزوور سیغەی ئایندەی (ویستم) دەبێتە (دەویسم). من ئەمەم لە ڕۆژی ٤-١٠-١٩٧٦ بیست، ئەوسا چەند ڕۆژێك بوو دەست كرابوو بە لەچاپدانی ئەم نووسینە.

(تریدنی). جا ئەگەر ئێمە فعلێکی تری عەرەبی بێنین کە تەرکیبەکە و واتاکەی وەك (دەمەوێیت)ی کوردی بێت کەمێك یارمەتی خۆمان دەدەین بۆ زیاتر ئاشنابوون لە واتای فیعلە کوردییەکە. لە عەرەبیدا فیعل هەن ئەم دەورەی ڕوونکردنەوە ببینن وەك (تعوزنی، تستمیلنی..). ئەوانیش لە ڕیزی فیعلی تری عەرەبی وەك خۆیان باشتر مەفهووم دەبن:

تسمعني دەم بیەیت

تراني دەم بینیت

تُعوزني، تستمیلنی دەمەوێیت

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین چونکە فیعلەکانی عەرەبی لە باری (پێچەوانە) بەکار نەهاتوون، مومکینیش نییە بەکار بێن، ناتوانن بەتەواوی وەك فیعلە کوردییەکە ڕەفتار بکەن. لە کوردیدا دەڵێین (من دەمەوێیت). لە عەرەبیدا هەرگیز خەیاڵ بۆ ئەوە ناڕوات بگوترێ (أنا تُعوزني – تستمیلنی). ئەم ئیمکان نەبوونە لە فیعلی کوردی عادەتیش هەر بەرچاوە: کەس نەیگوتووە و ناشێ بڵێ (من دەمبینیت) هەرچەند لە تەرکیبیشدا وەك ڕستەی (من دەمەوێیت) داڕژاوە، هەر ئەمەیشە داخوازی سروشتی (پێچەوانەیی) لەو تەرزە فیعلە (انتقالی)یانەدا.

دیاردەی وەك گۆڕانی فیعلی (ویستن) بۆ (ئەڤین) لە ئایندەدا کە سەرچاوەیان جودایە و واتایان یەکە، لە فیعلی تری کوریيشدا دێتە بەرچاو. یەکێك لە فیعلە یەکجار بەکارهاتووەکانی کوردی کە ڕابردوو و ئایندەیان لە دوو سەرچاوەوە دێن فیعلی (دیتن)ە کەوا لە بەشێکی زۆری کوردستانی ژێروودا سیغەی ئایندەکەی لە فیعلی (بینین)ەوە وەردەگرن وەك ئەم نموونەیە ڕوونی دەکاتەوە:

بینیم دەبینم

دیتم دەبینم

کوردی کوردستانی ژێروو لە هەندێ ناوچەدا دەڵێن (دیتم – دەدینم) کە ئەمە بەکارهێنانێکی ڕاست و دروست و ڕەسەنیشە، بەڵام ناوچەکانی تر سەیریان لەم بەکارهێنانە دێتەوە کەچی لە هی خۆشیان پەسەندترە.

فعلی تریش هەن صیغەی ئایندە لە هی تر بخوازنەوە وەك:

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆیم | دەڕۆم | |
| ڕۆیشتم | دەڕۆم | |
| دێرام | دەدێرم | بەواتای ئاودان |
| داشتم | دەدێرم | |

فیعلێك هەیە لە (داشتن)ەوە پەیدا دەبێ، وەك ئەویش ئایندەکەی لە (دێران)ەوە وەدەگیرێت، کەچی کەم و زۆر پێوەندیی بەواتاکەیەوە نییە، (هەڵداشتن) بەواتای (فرێدانە خوار)ە وەك کە دەڵێی (لە شاخیم هەڵداشت)، ئایندەکەشی دەبێتەوە بە (هەڵدەدێرم). لەلایەن واتاوە فیعلی (هەڵداشتن) کە تێپەڕە خزمی (هەڵدێران)ە کە فیعلێکی لازمی ڕوودان (مطاوعە)یە. هەڵدێران لە تەسریفدا بەپێی ئەوە کە فیعلی ڕوودانە، جودا دەبێتەوە لە فیعلی (دێران) کە تێپەڕە و بەواتای (ئاودانی شیناورد)ە.

دێرام – ئاوم دا – دەدێرم

هەڵدێرام هەڵدەدێرێم

(هەڵداشتن)یش چونکە تێپەڕە هەر دەچێتەوە سەر (دێران) و دەبێتەوە (هەڵدەدێرم). جگە لە (هەڵداشتن) کە تێپەڕی (هەڵدێران)ە فیعلی (هەڵدێراندن)یش تێپەڕکردنی فیعلی (هەڵدێران)ە بەهۆی پاشگری (اند)ەوە.

ئەم ڕوونکردنەوانەی دوایی پێوەندیی بە (انتقالی پێچەوانە)وە نییە، بەڵام هەڵبواردنیان لە زەرەر بەولاوە شتێکی تری تێدا نەبووە. بۆیە بوو نەختێکیان لەسەر ڕۆیشتم.

بەکارهێنانی سەرلەبەری فیعلەکانی تریش وەك هی (دەمەوێ، دەمانەوێ)یە لە ڕووی ئەوەوە کە ڕاناوی (فاعل) دەکەوێتە شوێنی (مفعول):

دەمەوێ – دەمدزێ – دەمپەرژێ – دەمخورێ – دەمئێشێ – دەمبێ – دەمکەوێ – دەمچێ – دەمیێ [دەمهێ – لە هاتنەوە].

لەمانە چواریان (١– بوون ٢– کەوتن ٣– چوون ٤– هاتن) شێوەی ئینتیقالیشیان هەبوو. لەم لیستەیەی خوارەوە هەردوو شێوە بەکارهێنانیان بەسەریەکەوە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی لە تەك یەکتردا باشتر ڕوون ببنەوە:

| شێوەی انتقالی | شێوەی انتقالی پێچەوانە |
|---|---|
| دەبمێ | دەمبێ |
| دەکەومێ | دەمکەوێ |
| دەچمێ | دەمچێ |
| دەیێمی | دەمیێ |

لە شێوەی ئینتیقالیدا تاوی فاعیلەکە بۆ سەر مەفعولێك دەڕوات [لەم نموونانەدا مەفعوولەکە دیار نییە]، لە شکڵی پێچەوانەدا لە لاوە تاو بۆ سەر فاعلەکە دێت هەروەك لە فیعلە پێچەوانەکانی تریشدا هەمان دیاردە شتێکی بەرچاوە.

بەنموونە چەند فیعلێکی عادەتی دەخەمە سیغەی (انتقالی) و (انتقالیی پێچەوانە) تاکو جارێکی تریش جوداوازیی ئەم فیعلە ناعادەتییانە لە غەیری خۆیان دەرکەوێت.

فیعلی: نووستن، سووتان، برژان...

ئەم فیعلانە شێوەی (انتقالی) و (انتقالیی پێچەوانە)یان نییە. ئەگەر شیابا لەو شێوانەدا بەکار بێن دەبوو بگوترێ:

| انتقالی | انتقالیی پێچەوانە |
|---|---|
| نووستمە ژوورەکە، نووستمێ | دەمنوێ، دوو سەعاتان دەمنوێ |
| سووتامە ئاگرەکە، دەسووتێمێ | دەمسووتێ، ئاگرەکە دەمسووتێ |
| برژامە گۆشتەکە، دەبرژێمی | دەمبرژێ، گۆشتەکە دەمبرژێ |

نموونەم لە فیعلی تێپەڕ نەهێنایەوە چونکە فعلی تێپەڕ کە بخرێتە لیستەی (انتقالی پێچەوانە) واتا بەدەستەوە دەدات بەڵام واتایێکی عادەتی نەك (انتقالی پێچەوانە) ئەوساش لەوانە بوو مرۆڤ بەسەهوو وابزانێ نموونەکە دەستوورەکەی تێك داوە. من کە فیعلی (خواردن) بکەمە نموونە لە شێوەی (انتقالی)دا ئاشکرایە کە واتا نادات بەڵام لە پێچەوانەدا واتای عادەتی دەبێت:

| انتقالی | انتقالی پێچەوانە |
|---|---|
| خواردمە گۆشت | دەمخوا، گۆشت دەمخوا، گۆشتم دەخوا |

دەبینی لە شکڵی پێچەوانەدا (دەمخوا) واتای هەیە، لەبەر ئەمە دەشێ خوێنەری شلك

تێیدا بەسەهوو بچێت و دەستوورەکەی لێ بشێوێت، ئەوساش بۆ ئەوە بچێت کە هەڵە لە هێنانەوەی وشەی (گۆشت) پەیدا بووە، ئەگەر بگوترابایە (گورگ دەمخوا) ڕستەکە ڕاست دەردەچوو. بەڵێ دیارە (گورگ دەمخوا) گوتەیێکی ڕاست و دروستە بەڵام لە شکڵی پێچەوانەدا نییە، فەرموو بە (دەمەوێ)ی بگرە:

گورگ دەمخوا          پارە دەمەوێ

پوختەی گوتە و دەستووری ئەم فیعلانە ئەوەیە، چ تێپەڕ بن چ تێ نەپەڕ، دەبێ لە بەکارهێنانیاندا (انتقالی) وەیا (انتقالی پێچەوانە)یان تێدابێت، ئەگەرنا دەبنەوە فیعلی عادەتی. سەیری فیعلی (کەوتن) بکە لە شێوەی پێچەوانەیدا، کە دەڵێی (دەمکەوێ) مەبەستت ئەوەیە بەش و حیسەت دەکەوێ، واتە لە شتێکەوە مافێك بۆت دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەمە نەبێ و (خانوو کەوتن) بێ فیعلەکە لە شێوەی عادەتیی خۆیدا بەکار دێت و بیر بۆ هاتنەوەی تاو و تەئسیرێك لە خانووەکەوە بەرەو تۆ وەیا خاوەنەکەی ناڕوات. بەنموونەی لەکارهێنانی شێوەی پێچەوانەی فیعلی (کەوتن) سەیری ئەم چەند ڕستەیە بکە:

ئەرێ تۆ چەندت لە میراتەکە دەکەوێ؟

نیوەم دەکەوێ.

لەم خانووە تۆ ناتکەوێ برات دەیکەوێ.

نەخێر، منیش دەمکەوێ.

کە بڵێم (تۆ خانووت دەکەوێ) وەك ئەوەیە گوتبێتم (تۆ مەڕت دەزێ) وەیا (تۆ پارەت بزر دەبێ)، لە هیچ یەکێك لەم فیعلانەوە چ تاو و تینێك لە (خانوو، مەڕ، پارە) بەرەو تۆ ناگەڕێتەوە تاکو بگوترێ ئەمانە فیعلی ئیتنیقالیی پێچەوانەن.

ئەم فعلانەی لە لیستەی سەرەوودا ژمارەیان گەیشت بە (٩) و ناوم نان (فعلی انتقالی پێچەوانە) دەبێ بخرێنە بەر تیشکی ئەم تێبینییانە:

١– لە کوردیدا، بێگومان، فیعلی تر هەن دەوری پێچەوانە ببینن بەڵام من بۆیان نەچووم وەیاخود لەو شێوە ئاخاوتنەی من شارەزاییم پێیان نییە فیعلە پێچەوانەکانیان بەر ئەم نووسینە نەکەوتوون.

٢– هەریەکێك لەو فیعلانە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی دەوێت بۆ ئەوەی لە هەموو

بارێکیەوە ڕوون ببێتەوە. فیعلی (پەرژان) کە من لێرەدا وێنە پێچەوانەکەیم باس کردووە، لە شێوەی ئاخاوتنی تردا بەجۆرێکی عادەتی ڕەفتار دەکات. لە جێگەیێکی وەك کۆیێ دەڵێن (نەپەرژام بچم بۆ سەفەر – ناپەرژێم خانووەکەم سواغ بدەم) کە ئەمە بەکارهێنانێکی عادەتییە، واش دەبێ دەکرێتە فیعلی (انتقالی) و دەگوترێ (ناپەرژێمە سەر ئەم کارە) کە لەمەدا واتای (پێچەوانە) پەیدا نییە.

٣– ئەوەی لەم فعلانە دەکۆڵێتەوە دەبێ ئاگاداری خۆی بێت لێی تێکەڵ نەبن. لە فیعلێکی وەك (دەمبێتێ، دەمکەوێتێ، دەمچێتێ، دەمگاتێ، دەمداتێ، دەمڕوانێتێ، دەمکاتێ، دەمگرێتێ...) خەیاڵ بۆ ئەوە دەڕوات سیغەکان درێژە پێدراوی سیغەی (انتقالی پێچەوانە) بن چونکە (دەمبێ، دەمکەوێ، دەمچێ..) سیغەی پێچەوانەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەموویان (انتقالی)ی عادەتین:

جارێ باسی (دەمبێتێ) ناکەم چونکە نەختێك درێژەی هەیە، بەسەریدا باز دەدەم بۆ ئەوانی تر و دوایی بۆ ئەوە دەگەڕێمەوە:

فیعلی (دەمکەوێتێ): ئەم سیغەیە (انتقالی)یە و فاعیلەکەی کەسی سێیەمی تاکە، مەفعوولەکەشی کەسی یەکەمی تاکە. کە بێین سیغەکە بدەین بەکەسی یەکەم دەڵێین (دەیکەومێ). لەم صیغەیەدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك کە دوای نیشانەی (دە) دێت و بریتییە لە (ی) بووە بەمەفعوول هەروەك ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك لە سیغەی (دەمکەوێتێ) مەفعوول بوو. هەرچۆن دەڵێی (دەمکەوێتێ) دەتوانی مفعوولەکە بگۆڕیت بەڕاناوی کەسەکانی تر: (دەیکەوێتێ، دەتکەوێتێ، دەمانکەوێتێ، دەتانکەوێتێ، دەیانکەوێتێ). هەرواش دەتوانی بەپێی داخوازیی حاڵ ڕاناوەکان بکەیت بەفاعیل وەیا مەفعوول وەك کە بڵێی: (دەمکەونێ – دەیانکەومێ، دەتکەومێ – دەمکەویتێ، دەتانکەوینێ – دەمانکەونێ...) هەروەهاش فیعلەکانی تر دەشێ ڕاناوەکان تێیاندا فاعیل وەیا مەفعوول بن وەك (دەتگرمێ – دەمگریتێ، دەیانگرمێ – دەمگرنێ، دەتانگرنێ – دەیانگرنێ، دەمانگرنێ – دەیانگرینێ...).

لێرەدا تێبینییەکی بنجی هەیە لەبارەی گۆڕانی ڕاناوەکان لە فاعیلەوە بۆ مەفعول:

ڕاناوی کەسی یەکەم، کۆ و تاکی، نابن بەمەفعوولی ڕاناوی کەسی یەکەم. هەروەهاش ڕاناوی کەسی دووەم هیچیان نابنە مەفعوولی ڕاناوی کەسی دووەم. ناگوترێ:

| | |
|---|---|
| دەمبینم | دەمانبینم |
| دەمانبینین | دەمانبینم |
| دەتکەیت | دەتانکەیت |
| (ئێوە) دەتانکەن | (ئێوە) دەتکەن |

لە نموونەی چوارەمدا ڕاناوی (ئێوە)م نووسی تاکو مەعلووم بێ سیغەکە هی کەسی دووەمی کۆیە نەك هی سێیەمی کۆ چونکە ڕاناوی فاعیل بۆ کەسی سێیەمی کۆ و کەسی دووەمی کۆ لە فیعلی ئایندە (مضارع)دا هەر (ن)ە. کە بڵێم (دەتانکەن) لەوانەیە واتاکەی (ئەوان ئێوە دەکەن) بێت، کە بشڵێم (دەتکەن) دەشێ (ئەوان تۆ دەکەن) بێت.

لە حاڵەتێکدا بمانەوێ کەسی یەکەم ببێتە مەفعول بۆ کەسی یەکەم وەیا کەسی دووەم ببێتە مەفعول بۆ کەسی دووەم دەبێ وشەی (خۆ) بچێتە پێش ڕاناوی نەلکاوی کەسەکەوە و تەرکیبێکی (اضافی) هەردوویان ببێتە مەفعوول، وەك (من خۆم دەبینم، من خۆمان دەبینم، تۆ خۆت دەبینیت، تۆ خۆتان دەبینیت، ئێمە خۆمان دەبینین، ئێوە خۆتان دەبینن) دەشگوترێ (خۆم خۆم دەناسم، خۆمان خۆمان دەناسین، خۆتان خۆتان دەناسن...).

ئەم دروستنەبوونەی گوتەی وەك (من دەمبینم، ئێمە دەمانبینین) لە لاپەڕە «٤٦٣»ی بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا باس کراوە تەعلیلێکیشی بۆ هاتووەتەوە بەپێی داخوازی دەمەتەقەی ئەو جێگایە [دواتر کە لێکۆڵینەوەکان خرانە شکڵی کتێب لە ژێر عینوانی «ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لێژنەی زمان و زانستەکانی» ئەم تەعلیلە کەوتە لاپەڕە «٦٤»ی کتێبەکە.] بەڵام ڕەواندنەوەی گرفتەکە گەلێك لەوەی پتر دەوێ کە لەو شوێنەدا ڕوونم کردووەتەوە، تەنانەت لێرەشدا دەرفەتم نییە خۆم لە ئەسڵی باسەکەی (انتقالی پێچەوانە) بدزمەوە تاکو تەعلیلێکی تەواو بهێنمەوە بۆ دروستبوونی (من خۆمانم دیت – تۆ خۆتانت دیت) و دروست نەبوونی (ئێمە خۆممان دیت – ئێوە خۆتتان دیت)، واتە بۆچی دروستە تاك ببێتە (فاعل)ی ئەو گرووپەی خۆی یەکێکە لەوان، کەچی (گرووپ) نابێتەوە (فاعل) بەسەر تاکێکی خۆیدا.

کە بێینە سەر کەسی سێیەمی تاك و کۆ، لەوێدا حاڵەت بەتەواوی دەگۆڕێ: تۆ دەتوانی بڵێی (ئەو دەیبینێت – ئەو دەیان بینێت: ئەوان دەیانبینن، ئەوان دەیبینن)

بەڵام دەبێ بزانین لێرەدا فاعلەکە عەینی مەفعوولەکە نییە، واتە ڕاناوە نەلکاوەکە هەر خۆی نییە دەبێتەوە ڕاناوی لکاو، بەڵکو هەریەکەیان کەسێکی جودان. کە گوتت (ئەو دەیبینێت – ئەو دەیانبینێت) وەك ئەوەیە بڵێی (دارا حەمە دەبینێت – دارا مەڕەکان دەبینێت). ئەگەر ویستت بڵێی (دارا دارا دەبینێ) دەبێ لێرەشدا (خۆی) بەکار بهێنیت: (دارا خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێت – ئەوان خۆیان دەناسن – دارا خۆیان دەژمێرێت) واتە ئەو گرووپە دەژمێرێت کە خۆی یەکێکە لەوان. ئەمەش لەو قابیلیەتانەیە کە (غائیببوون) پەیدای دەکات چونکە (ئەو) بۆ هەموو تاکێکی غائب دەست دەدات، هەروەهاش (ئەوان) بۆ هەموو گرووپێکی غائب دەست دەدات لە هەمان ڕستەدا، بەڵام (من، تۆ) تەنیا بۆ یەك تاك دەست دەدەن، (ئێمە، ئێوە)ش تەنیا بۆ گرووپێك دەست دەدەن لە هەمان ڕستەدا. [لە گوتاری (سوورێکی خامە بەدەوری «ڕاناو»دا) کە لە بەشی یەکەمی بەرگی دووەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاو کرایەوە باسم کردووە کەوا هۆی زۆربوونی «ڕاناو» لەلایەن بیروڕای نووسەران ئەوەیە کە سیفەتی «غیاب» وا دەکات وشەیێك جێگەی وشەیێکی تری «غائب» بگرێتەوە. کە گوتارەکە بووە بەشێکی کتێبی (وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی) ئەم باسەی تەئسیری (غائبوون) کەوتە لاپەڕەکانی «٨٩، ٩٠»ی کتێبەکە]. وەك دەبینیت تازەیی باسی ڕێزمان لە کوردیدا بەبەریەوە هەیە لە زیمنی (حەشارگە)یێکی باسی لێ نەکراودا حەشارگەیێك و دووانی تر دەرکەون.. ئیتر با بگەڕێینەوە بەرەو باسی ئەسڵیمان.

نموونەی بەکارهێنانی جۆری (انتقالی)مان لە (دەمکەوێتێ، دەمگرێتێ) هێنایەوە کە ئەم تەرزە سیغەیە لەم دوو فیعلە و ئەوانی تریشدا پێوەندییان بە (انتقالی پێچەوانە)وە نییە. بەڕاستی سەرلەبەری فیعلەکان، چ پێچەوانە و چ غەیری پێچەوانە، دەبێ هەر تاکەیان بەجۆرێکی سەربەخۆ لێی بکۆڵرێتەوە و سروشتی تایبەتی هەریەکەیان ڕوون بکرێتەوە چونکە بەهۆی باری یەکجار لە عادەتبەدەری ئەم فیعلانە لایەنی زۆر ورد و نازکیان تێدا دەدیترێتەوە کەوا لە فیعلی عادەتیدا هەرگیز پەیدا نییە، جگە لەوەی کە تازەیی باسەکە، وێڕای وردی و نازکی، لە پێداویستی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوەیان زیاد دەکات. بەنموونە دەڵێم فیعلی (دەمچێ) بەواتای (پارەم دەچێ، مەسرەفم دەچی، زەرەرم لێ دەکەوێ) لە تەسریفدا زۆر بەرچاوە کە فیعلێکی (انتقالی) پێچەوانەیە چونکە لەو بارەدا نەبێ ناشێ ڕاناوی (م) بچێتە دوای نیشانەی ئایندەوە چونکە مەعلوومە بەئەسڵ فعلەکە (دەچم)ە، لە باری (انتقالی)دا

دەبێتە (دەچمێ – دەچمە خانووەکە)، دیارە (دەمچێ) هیچ کامێکیان نییە و لە ڕیزی فیعلەکانی تری وەك خۆیەتی کە ئەوانیش ڕاناوی فاعلیان لە باری پێچەوانەدا دەچێتە دوای نیشانەی ئایندەیانەوە. ئەم شێوە بەکارهێنانە کە نە لە عادەتی و نە لە (انتقالی)دا نایەتە بەرچاو فیعلەکە دەخاتە ڕیزی (انتقالی پێچەوانە) هەرچەند لە ڕووی واتاوە هێندەی بەشێك لە فیعلەکانی تر [دەمەوێ، دەمخورێ، دەمئێشێ..] فاعل بوونی ڕاناوەکەی (م) هەستی پێ ناکرێ. (دەمچێ) کە لە واتادا (زەرەرم لێ دەکەوێ وەیا پارەم دەچێ)یە، لە دوو ڕووەوە ڕاناوەکەی بەفاعل حیساب دەکرێ:

یەکەم: کە لە بەکارهێنانی (پێچەوانە)ی دەرهاوێیت و لەجیاتی (زەرەرمەندبوون و پارە و مەسرەف چوون) لە واتایێکی عادەتیدا سەیری کەیت. کە مەبەستت ئەوە بێ بڵێی (برام دەچێ – نەك پارە و زەرەر) هەرگیز ناتوانێ فیعلەکە بکەیتە پێچەوانە و براکە حەزف کەیت و بڵێیت (دەمچێ)، چونکە براکە لە حیسابی خۆیەوە چوونەکە دەکات نەك بەزەرەری تۆ.

دووەم: کە بەحاڵەتی (انتقالی) خۆی بگریت و بەکارهێنانە پێچەوانەکەی لەگەڵ ئینتیقالییەکەی بەراورد بکەیت، لە پێشەوە جۆری (انتقالی) سەیر دەکەین:

دەچم: ئەی خانوو ئەگەر کۆنیش بیت دەتچمێ [لێرەدا ڕاناوی کەسی دووەم مەفعوولە و هی کەسی یەکەم فاعلە].

دەچیت: ئەی کیچ هەرچی بکەم دەمچیتێ [لێرەدا ڕاناوەکان جێگەیان بەیەکتر گۆڕییەوە لە فاعلیەتەوە بۆ مەفعولیەت].

ئەمجارە باری پێچەوانەی:

دەچیت: ئەی پارە چەندی دەست دەپارێزم هەر دەمچیت.

لەم بەکارهێنانەدا ئەو (ێ)ە کە بەدوا فیعلی (انتقالی)دا دێت دەرنەکەوتەوە، بۆیە لە کەسی دووەمەوە تەئسیرێك دەگەڕێتەوە بۆ کەسی یەکەم کە ئەگەر لە باری پێچەوانەدا نەبوویایە کەسەکەی یەکەم دەبوو بەمەفعوولی ڕاستەقینە [ئەی کێچ دەمچیتێ].

بۆت دەردەکەوێت فاعیلبوونی ئەو ڕاناوەی جێگەی مفعولی گرتووەتەوە [بەدوانیشانەی موزاریعدا – دەمچیت] لە بەراوردکرن و مەبەستی گوتەکەوە دەردەکەوێت دەنا بەزاهیر فاعیلی ڕێزمانی لە ڕستەی (دەمچیت)دا ڕاناوەکەی کەسی

دووەمە (یت) هەروەك لە (دەچیت)دا كەسی دووەمە.

لە فیعلی وەك (دەمخورێ و دەمئێشێ) سروشتی فیعلەكان و ئەو مەبەستەی لە بارە پێچەوانەكەیاندا نیازی قسەكەرە، وا دەكەن لە خەیاڵدا شتێك هۆی هەستی (خوران و ئێشان) بێت دەنا لە ڕواڵەتدا و لە ناو دەقی ڕستەكاندا هیچ وشە پەیدا نییە ئەو دەورە ببینێت. لەم بەكارهێنانەدا (دەشیخورێ و دەشیئێشێ) شەبەنگ و تارماییی فاعلە ڕێزمانییەكە دەردەكەوێت نەك فاعیلەكە، بەڵام ئەگەر فیعلەكان بەعادەتی بێنە ناو ڕستەوە فاعلەكان بۆ خۆیان دەردەكەون نەك تارماییییان وەك كە بڵێی (دەستم دەخورێ، سەرم دەئێشێ) دوو وشەی (سەر، دەست) فاعیلی عادەتین، كە گوتیشت (دەمخورێ، دەمئێشێ) لە خەیاڵدا شەبەنگی شتێك دەبێتە هۆی (خوران، ئێشان).

بگەڕێمەوە بۆ فیعلی (دەمبێ، دەمانبێ):

لەم فیعلەدا قابلیەتێك هەیە پتر بەولای خاسیەتی (انتقال)یەوە دەبات، قابلیەتەكەش لەوەوە دێت كە هەندێك وشە هەن بەبەریانەوە هەیە ڕێ خۆش كەن لەبەر فیعلی (بوون)دا تەئسیری خۆی بەدەوروبەردا بپژێنێت، ئەمەش چۆنیەتییەكەی:

دەڵێی: بوومە پاڵە

لەمەدا فیعلی (بوون) بەجۆرێكی عادەتی لە شكڵی (انتقالی) بەكار هاتووە، كە مەفعوولەكەت لادا دەڵێی (دەبمێ). لەم حاڵەتەدا پاڵەیی ئەوپەڕی بوونەكە دەگرێتەوە و چی تری بەدوادا نایەت، لەبەر ئەمە ناتوانی بڵێی (دەیبمێ) بەڵام ئەگەر بابەتی (بوون)ەكە خزمایەتیی تێدا بێت، كە دەكاتە پێوەندیی نێوان دوو لایەن، ئەوسا بەكارهێنانی (بوون) وێنەیێكی تر هەڵدەگرێت كە ئیشارەت بۆ پێوەندییەكەی تێدا دەركەوتبێت وەك لەم نموونانەدا دەدیترێ:

تۆ نابیتە خوارزای دارا.

بەڵێ دەبمە خوارزای – بەڵێ دەیبمێ.

لێرەدا ڕاناوی (ی) كە لە دوای نیشانەی ئایندەوە هاتووە هەمان ڕاناوی ئیزافەی كەسی سێیەمی تاكە كە لە ڕستەی یەكەمدا (دەبمە خوارزای) بەدوا وشەی (خوارزا)وەیە كە بەپێی دەستووری گشتیی فیعلە (انتقالی)یەكان لە ڕستەی (دەیبمێ)دا ئەگەر بەدەری بخەینەوە دەبێ بڵێین (دەیبمە خوارزا – دەیبمە خزم). لە فیعلەكانی تردا، وەك كە بڵێی (دەگەمە دارا، دەیگەمێ – دەچمە بازاڕ، دەیچمێ –

دەنۆڕمە جادە، دەینۆڕمێ..) ئەم ڕاناوی (ی) کە لە پاش نیشانەی ئایندەوە هاتووە لە هەموو فیعلەکاندا هەر خۆیەتی ڕاناوی مەفعولی (انتقالی) نەك (مضاف الیە) بۆ مەفعوولی ئینتیقالی [خوارزای]. لە ڕستەی (دەیگەمێ) مەفعوولێك نەماوەتەوە لە خەیاڵدا بیری لێ بکەینەوە، بەڵام لە ڕستەی (دەیبەمێ)دا مەفعوولێك ماوە و بزر بووە ئەویش مەفعولەکەی (خزم، خوارزا، مام، برا...)یە کە هەر ئەو مەفعوولی (انتقالی)یە.

بێگومان زۆر شتی تر ماوە قسەی لێ بکەین بۆ دەرخستنی خاسیەتی تاك تاکی فیعلەکان وەك کە بڵێین لە وشەی (کردن) واتا ئینتیقالییەکە لە گۆڕینی شتێك بەشتێکدا دەردەکەوێت، کەچی لە (بوون)دا گۆڕانی شتێك بەشتێك ئەو ئینتیقالییەکە ڕادەگەیەنێت دیارە فەرقەکەش لەوەوە دێت (کردن) تێپەڕە و (بوون) تێ نەپەڕە وەك کە (گۆڕین و گۆڕان) یەکەمیان تێپەڕ و دووەمیان تێ نەپەڕە. ئەگەر ڕێ بەخۆم بدەم بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە وشەی عەرەبی بەکار بهێنم دەڵێم فیعلی کردن (جَعلْ) ڕادەگەیەنێت فیعلی (بوون)یش (صیرورة – أیلولة) ڕادەگەیەنێت.

تێبینییەکی زۆر بنجی و گرنگ لە شێوەی (انتقالی) و (پێچەوانە) ئەوەیە تەسریفی فیعلی پێچەوانە هەمیشە وەك فعلی تێپەڕ دەکرێت هەرچەند زانیمان لەو کۆمەڵە فیعلەی پێچەوانەدا تەنیا فیعلی (ویستن – دەمەوێ...) تێپەڕە، ئەوانی تر سەرلەبەریان تێ نەپەڕن. لەم لیستەیەی خوارەوە تەسریفی هەندێك لە فیعلی پێچەوانەی تێ نەپەڕ دەهێنمەوە کە وەك تێپەڕ ڕەفتار دەکەن:

فیعلی (بوون، دزان) دەکەم بەنموونەی بەراوردکردن [دزان هەر شێوەی پێچەوانەی هەیە]. (بوون) لە شێوەی عادەتی تەسریف بکرێت دەبێتە (بووم، دەبم – بووین، دەبین...). لە شێوەی (انتقالی)دا دەبێتە (بوومێ، دەبمێ – بووینێ، دەبینێ..). لە شێوەی پێچەوانەدا:

ئەرێ منداڵتان بوو؟ بەڵێ بوومان – نەخێر نەمانبوو

ئەرێ منداڵیان دەبێ؟ بەڵێ دەیانبێ – نەخێر نایانبێ

ئایا جلکە چڵکنەکانتان دزان؟ بەڵێ دزامانن – نەخێر نەماندزان

ئایا داراتان دەدزێ؟ بەڵێ دەماندزێ – نەخێر ناماندزێ

ئەم تەسریفە وەك ئەوەیە بگوترێ:

ئەرێ نانتان خوارد بەڵێ خواردمان – نەخێر نەمانخوارد

ئایا مەڕەکانتان فرۆشت؟ بەڵێ فرۆشتمانن – نەخێر نەمانفرۆشت

سەیری چۆن لەم فیعلە تێ نەپەڕانەدا (بوومان – دەیانبێ – دزامانن – ناماندزێ...) ڕاناوی فیعلی تێپەڕ و سیغەی فیعلی تێپەڕ بەکار هاتوون، هەر دەڵێی خەریکن دەستوورێکی بنجی و زێدە بەرچاوی زمانی کوردی بشێوێنن.

**٤– حەشارگەی (ناوگر)**

وا ڕۆییوە لە نێوان ڕۆشنبیران و زمانەوانان و ڕێزمانشناسانی کورد کەوا ئەوەی پێی دەڵێن (ناوگر Infix) لە زمانی کوردیدا پەیدا نییە، وەك کە (پێشگر و پاشگر Prefix, Suffix) هەیە. دەڵێن دیاردەی پێشگر و پاشگر دیاردەی بەرچاو و بێ دەمەتەقەیە لە کوردیدا [منیش لەوەدا لەگەڵیان یەك قسەم] بەڵام دیاردەی هاتنی دەنگێك لەلاوە بۆ ناواخنی وشەی کوردی کەس نەیدیتووە و نەیبیستووە...

ئەوەی ڕاستی بێ، لەم باسەدا نامەوێ بڵێم دڵنیا بووم لە هەبوونی ناوگر لە زمانی کوردی، لێرە بەپێشەوەش هەرگیز نەمگوتووە ناوگر لە کوردیدا هەیە بەڵام بڕیاریشم نەداوە لە دژی هەبوونی. ناوناوە لە نووسینمدا ئیشارەم بۆ هەندێ وشە کردووە کە پێ دەچێ شتێکی وەك ناوگریان تێدا بێت، لەگەڵ ئیشارەتەکەشدا گومانێکم خستووەتە دەوری ناوگربوونی ئەوەی لە ناواخنی وشەکاندا دەدیترێن بەوەدا کە گوتوومە لەوانەیە ناواخنەکە ئاکامی شۆخیکردن بووبێت وەیا پێداویستێکی فۆنەتیکی هێنابێتیە ناو وشەکەوە.

لەم نووسینەشدا بەجۆرێکی یەکجاری دان بەبوونی ناوگری کوردیدا ناهێنم، بەڵام ئەوەندەی جارانیش دیاردەی بوونی ناوگر لە بەشێکی وشەکانی کوردیدا بەلاوە نانێم چونکە وەك دەردەکەوێت لەم نووسینەدا باسی ناوگر و بوون و نەبوونی ڕێبازێکی ڕوونتری هەیە لەوەی تا ئێستا بەبیراندا هاتووە.

بەدەم سەرنج ڕاگرتن لە ئاخاوتنی کوردی و ڕێزمانی کوردییەوە، ڕۆژ لە دوا ڕۆژ، تاك تاکە وشەی ئەوتۆم دۆزیوەتەوە کە لە ناو ئاخنەکەیدا دەنگێك وەیا زیاتر هەیە گومان لەوەدا نییە کە لەلاوە بۆی هاتووە و واتایێکی تازەی پەیدا کردووە وەیا گۆڕینێکی خستووەتە ناو وشەکەوە بەو جۆرەی کە چاوەنۆڕ دەکرێ لە دەوری ناوگر.

ئەم لیستەیەی خوارەوە وشەی ئەوتۆن پێ دەچێ ناوگریان تێدا بێت:

ڕەمانە: بەشوێنی گەیشتنەوە یەکتری ڕان و سمت دەڵێن، ڕەنگە لە وشەی (ڕان)ەوە بەهۆی ناوگر (ەم) پەیدا بووبێت.

ئاسەوار: ناوئاخن کراوی (ئاسار)ە بەواتای شوێن و شوێنەوار: (ئاسەواری بڕایەوە)، واتە هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نەما. وشەکە لە (اثار)ی عەرەبییەوە هاتووە.

شەبەق: بەواتای (شەقبردنێکی گەورە)، پێ دەچێ لە وشەی (شەق) وەرگیرابێت.

ڕێژەوپێژە: لە ڕژان و پژانەوە هاتووە. دیارە دەنگێکی (ێ) هاتووەتە نێوان یەکەم و دووەم پیتی وشەکانەوە. هەرچەند دەشێ بایەخ بە (ڕێژە) نەدەین چونکی لە هەندێ لەهجەی کوردی لە جیاتی (ڕشتن) (ڕێشتن) دەڵێن بەڵام (پێژە) بایەخی هەیە چونکە نەم بیستووە لە هیچ لەهجەیێکی کوردی لە جێگە (پژان) (پێژان) بەکاربهێنن.

ترۆپك: بەتۆپەڵەی سەری شاخ دەڵێن، وا پێ دەچێ لە وشەی (تۆپ)ەوە هاتبێت. هەندێ لەهجە (تلۆپك)ی پێ دەڵێت.

لامێژی: (تێ هەڵخستنی بەچکەی ئاژەڵ لەم بزنە، یان مەڕە و لە یەکێکی تر).

گوێرەمێژ: (مانگا بەر لە دۆشینی، گوێرەکەکەی تێ هەڵدەخەن و خێرا خێرا «کەبوانوو» دەمی پێ لێ دەکاتەوە، ئینجا شیرەکە بەئاسانی دەدا و دەیدۆشێ).

[ئەم شەرحانە لە لاپەڕە (٨٠) لە زنجیرەی یەکەمی بابەتی فۆلکلۆری، ئامادەکردنی «ڕەئووف ئالانی و محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی» لەگەڵ دوو وشەی (لامێژی – گوێرەمێژ) بێ دەسکاری وەرگیراون].

برێشکە: لە برژانەوە هاتووە. دیارە دەنگێکی (ێ) لەلاوە هاتووە بۆ ناوئاخنی وشەکە. [برژ – برێژکە. داخوازی فۆنەتیك دەنگی (ژ)ی گۆڕیوە بە (ش) چونکە پاشگری (کە) دەنگی (ك)ی کپی تێدایە، لە حاڵێکدا دەنگی (ژ) ئاوازەدارە حەز لە (گ) دەکات، بۆیەیە (ژ)ەکە بووەتە (ش) کە ئەویش کپە تاکو لەگەڵ (ك)دا ڕێك بکەوێت].

ناوبرێشك: ڕاستییەکەی (نان برێشك)ە و گۆڕاوە، ئەویش وەك وشەی (برێشکە) لە برژانەوە هاتووە.

ئاراو: بەوەندە ئاوە دەڵێن کە بابیی یەك جار شووشتنی جلك بكات. ئەگەر كەرتی پێشەوەی وشەكە (ئار) واتای سەربەخۆ وەیاخود ئەسلێكی سەربەخۆی نەبێت، وا پێ دەچێ دەنگی (را) لەلاوە بۆ ناو (ئاو) هاتبێت.

خارشت: نەخۆشییەکی پێستی ئاژەڵە کە زۆر بەخورووە. دیارە لە (خوران) هاتووە، بەزاهیر دەنگێکی (ا) هاتووەتە نێوان (خ ر) لە وشەی (خوران).

بواردن: لە (بوردن)ەوە هاتووە. ئەمیشیان دەنگێکی (ا) هاتووەتە نێوان (و، ر) و فعلەکەی کردووە بەتێپەڕ [بنوارە لیستەی فیعلەكانی لاپەڕە (١٠٦) و شەرحی (بوردن) لە لاپەڕە (١٠٦)ی كتێبی (ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی بەپێی لێكۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەكانی). لەم شەرحەدا هەندێك ڕوونكردنەوەی خۆم لەبارەی فیعلی (بووردن) نووسیوە، پێشتر لیژنە بەئەندامەتیی د. نەسرین فەخری و سادق بەهائەدین و نووری عەلی ئەمین (بووردن)یان بەتێ نەپەڕ و (بواردن)یشیان بەتێپەڕەكەی دانابوو].

ژماردن: لە (ژمران)ەوە هاتووە کە سیغەی ڕوودانی فعلەکەیە و لە ئایندەدا دەبێتە (دەژمرێ) وەك كە (سووتا، برژا، ڕما) لە ئایندەدا دەبنە (دەسووتێ، دەبرژێ، دەڕمێ). ئەم وشەیە تا ئێستاش وشەیێکی زیندوو و بەکارهێنراوە لە ناو بەشێکی زۆری عەشیرەتی کورد.

شاردنەوە: ئەم فعلەش لە (شرانەوە)وە بەهۆی (ا) بۆتە تێپەڕ و بەئەسل فیعلێكی ڕوودانە وەك (ڕازانەوە، ناڵانەوە، ناورانەوە..). لە تەسریفدا فەرقی نێوانیان وەك تێ نەپەڕ و تێپەڕ دەردەکەوێت:

شاردمەوە: دەشێرمەوە – دەشارمەوە

شرامەوە: دەشرێمەوە

ڕازامەوە: دەڕازێمەوە

ناورامەوە: دەناورێمەوە

سپاردن: ئەسڵی ئەم فیعلە ئەگەر لێرەدا تۆمار نەکرێت لەوانەیە بەهۆی کەم لەکارهێنانیەوە پاش ماوەیێکی تر تێ بچێت. ئەسلەكەكەی لە (سپران)ەوە هاتووە کە ئەویش فیعلی ڕوودانە و ئایندەی دەبێتە (دەسپرێ) وەك كە دەگوترێ (كارەكە بەدارا سپرا – دەسپرێ). من بۆ خۆم لە هاتوچۆی نێوان

عەشیرەتانی ڕانیە و پژدەر گوێم لێیان بووە ئەم وشەیەیان وەها بەکار هێناوە. بەو پێیە دەبێ ئەلفێك وەك ناوگر هاتبێت و کردبێتیە (سپاردی).

دروێنە: لە (دروون)ەوە هاتووە: لێرەدا نوونەکەی چاوگ بە بەشێکی وشە حیساب کراوە و دەنگێکی (ێ) کەوتووەتە پێشیەوە، هەر خۆشیەتی لە زۆر ناوچەدا پێی دەڵێن (دروونە). ئەم (ێنە)ی کۆتایی وشەکە وەك پاشگرەکانی (نیسکێنە، ماشێنە، شلکێنە، ڕەشکێنە، سپێینە...) نییە کە هاتوونەتە کۆتایی ناوەوە نەك فیعلەوە، دەشزانین (دروون) سەر بەفیعلە نەك ناو.

گرنج: لە (گنج)ەوە هاتووە کە لە واتادا زۆری لێ نێزیکە. لێرەدا دەنگی (ر) بەزاهیر بووەتە ناوگر.

گرژ: وا دەزانم لە وشەی (گژ)ەوە هاتبێت وەك کە دەگوترێ (بەگژیدا چووەوە). واتای (گرژی) لە بەگژداچوونەوە زۆر ڕوونە. لێرەشدا ناوگر دەنگی (ر)ە.

برنج: دەبێ لێکۆڵینەوەیێکی مێژووی و بەراوردی تێدا بکرێت بەرلەوەی بڵێین بەهۆی ناوگری (ر)ەوە لە (بنج)ەوە هاتووە. وەك دەزانین (برنج) ڕوەکێکی زۆر ناو دەرکردووە بەوەی کە (بنج) دادەکوتێ.

قرژ: وا دەزانم لە (قژ)ەوە هاتبێت، چونکە (قرژ) بۆ گیای وشك و دڕك و شتی ئەوتۆی ڕووەك لەگەڵ گەزندەی وەك هۆڵەپەزە و شێرەکولە و... هتد بەکار دێت (قژ)یش بۆ مووی سەری مرۆڤ. لەمەشدا ناوگری (ر) دەوری دیتووە.

کۆمەڵ: دوور نییە لە (کۆڵ)ەوە هاتبێت.

دایە مەمدۆڕەکێنە: یارییێکە لە کۆیێ پێی دەڵێن (دونگ لە مەڕێ). وشەکە لە (دایە مەمدۆڕێنە) کەوتووەتەوە بەهاتنی دەنگێکی (ك) بۆ ناو پاشگری (اند) کە لە سیغەی ئایندە و ئەمر و نەهیدا دەبێتە (ێن).

وا دەزانم لیستەی وشەکان گەیشتە (٢٢) وشە. هەروەك بۆ یەکەم سەرنج دەردەکەوێت تارماییی بۆرە دەستوورێك لەو وشانەدا دەدیترێت کە بەهۆی دەنگی (ا) و (ێ) لە فیعلەکان و دەنگی (ر) لە ناوەکاندا لە وشەی ترەوە کەوتوونەتەوە. من تا ئێستا کە حەزم نەکردووە بڵێم ناوگر هەیە لە کوردیدا بەهۆی ئەوەوە بووە چ دەستوورێکی بەرچاوم نەهاتووەتە بەر هەست ڕچە و ڕێچکۆڵەیێك ڕەنگرێژ بکات بۆ هەڵقووتانی ناوگر لە وشەدا، بەڵام بەتێپەڕینی کات و بەرفرەوانکردنی مەیدانی بەداوداگەڕان

دروشمێکی دەستووری هاتنە ناوی ناوگری کوردیم بۆ ڕوون بووەتەوە باییی ئەوەی ترس و دوودڵی بێ دەستووریم لە باسەکە بشکێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا، دیاردەی ڕێزمانی کە سەری ڕێی بەهۆشی مرۆڤ گرت نابێ دانهێنان بەو دیاردەیە لەسەر بوونی دەستوور پەکی بکەوێت وەك ئەوەی بەشێکی فعلەکانی کوردی بەشێوەی ڕیزپەڕ (شاذ) و بێ دەستوور لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە گەردان دەکرێن کەسیش نەیگوتووە ئەم فعلانە فعل نین یاخود ڕابردوو و ئایندە نین چونکە دەستووریان نییە.

من لەم نووسینەدا باسی ناوگری کوردی وەك حەشارگەییێکی ڕێزمان دەخەمە بەرچاوی زمانشناسانی کوردەوە بۆ ئەوەی لێی ورد ببنەوە و بەدوای ڕاستیی پرسیارەکەدا بگەڕێن بەڵکو بەلاییێکیدا دەیەخن، چ بوون بێ چ نەبوون. دەبێ ئەوەش بەچاوی خۆمانەوە بگرین کە (ناوگر) شتێك نییە وەك دێوی سپی و ئینسانخۆر کە سڵی لێ بکەینەوە وەیا دوعای (قنوت)ی لێ بخوێنین، هەبوونیشی لە کوردی چ حیسابان سەرەوەبن ناکات، بگرە نەبوونی جێی سەیرهاتنەوەیە. ئەو نووسەرانە و زمانشناسانەش کە لێرە بەپێشەوە گوتوویانە ناوگر لە کوردی پەیدا نییە لێیان شیرن دێت دان بەڕاستیی پرسیارەکەدا بهێنن ئەگەر بۆیان ڕوون بووەوە ناوگر هەیە بەپێچەوانەی بۆچوونی خۆیان. مامۆستایانی کۆلێج و قوتابخانەکانمان دەتوانن بەچاوسوورکردنەوە لە قوتابییەکانیان دەمکوتیان بکەن و دەنگی ڕەخنە و نەسەلماندنیان کپ بکەن، بەڵام بێگومان دوای دەرچوونی قوتابییەکان و بەسەرچوونی ترسی کەوتن لە (امتحان) چاوسوورکردنەوە بەنیسبەت ئەو دەرچووانەوەوە دەپوچێتەوە و دەبێتە هۆی تیژتربوونیان لە تۆڵەسەندنەوەی سەردەمی نەفەس بڕینیان. لە کۆن و نوێ، لێرە و لە شوێنانی تر ئەو تەرزە مامۆستایانە هەبوون و هەن. ئەوان کەسانە خۆشیان و ئێمەش دەزانین هەڕەشەکردن لە بێ دەسەڵات کارێکی ناجایەزە، ئاکامەکەشی کە زیندەبەگۆڕکردنی مەبدەئی ئازادیی بیروباوەڕ و سەرپۆشکردنی ڕاستییە زەرەرێکە لە خۆمانی دەدەین. لەبەر ئەمە من لە ئێستاوە ئەو تەرزە هەڵوەستە تاوانبار دەکەم هەروەك هەمیشە تاوانبار کراوە و دەبێ بشکرێت. بەڵگەی بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕ دەبێ لە هۆش و ژیربێژی و واقیع و ڕاستییەوە هەڵێنجرێت نەك هەڕەشەکردن لە بێ دەسەڵات.

دەبێ ئەوەش بڵێم، باسی ناوگر وەکو هەموو باسێکی تری ڕێزمانی کوردی لە شێوەی ئاخاوتنی ئێستاکەمانەوە سەر هەڵدەدات نەك لە بنج و بناوان و سەرچاوەی

ئـاخـاوتـنـی چـەند سەد و چـەند هـەزار ساڵـی لـەمـەوپـێش. گریمـان بـەتـۆژیـنـەوەیـەکـی مێژوویی ورد و قووڵ بۆمـان ڕوون بووەوە فلانە پـاشگر و پێشگر و نـاوگر لە کۆندا نـەبـوون وەیـا جـۆرێکـی تـر بـوون ئـێمـە هـەر دەبـێ وەك ئـێستـاکـەیـان سـەیـر بـکـەیـن و بیـاننرخێنین. کە لێمـان مـەعلووم بوو لە وشەی (بواردن) و وشەی وەك ئـەودا دەنگی (ا) نـاوگرە چ لزووم نـامێنیٚ بۆ بنـەبڕکردنی پرسیـارەکە بزاندرێ لە کۆندا هـەبووە؟ نـەبووە؟ کەی هـاتووە؟ چۆن؟ بووە؟ چۆن گۆڕاوە؟ هـەروەك لـە کەس داوا نـاکرێ بۆ ئیسپـاتکردنی پێشگربوونی (هـەڵ، دەر، تیٚ، ڕا..) بـەمێژوودا بچێتـەوە و بزانیٚ پێش هـەزار ساڵ و دوو هـەزار ساڵ ئـەمـانـە چـۆن بـوون و چـۆن نـەبـوون. تـۆژیـنـەوەی مـێژوویـی کـارێکـی سەربەخۆیە و مەیدانی تری هەیە.

گریمـان ئـەم دەرگەکردنەوەیەی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە بەڕووی ڕۆشنبیرانی کورددا هیچیشی لیٚ شین نەبووەوە و سەری بەهیچ ئـاکامێکی بەرهـەمدار نـەگەیاند، ئـەوەندەی بـەسە ببێتە هۆی چاو پێداگێڕانـەوە بە بـەشێك لە قـەنـاعـەتـە ڕەگ داکوتـاوەکـانی ڕێزمـانی کوردی کە بەدەست ئەزموون و تاقیکردنەوەوە شلکە دەکات.

لـە کـۆتـایـیـی ئـەم لـێکـۆڵـیـنـەوانـەدا بـەدەرفـەت دەزانم خـزمـەتێکـی تـێکـڕای ئـەو ڕێزمـانشنـاسانـە بکەم کە وا دەزانن ڕانـاوی کەسی سێیەمی تـاك لـە کۆتـاییی فیعلی ئـایـندەدا دەردەکەوێتەوە هـەرچـەند دان بـەوەدا دێنن کـە لـە کـۆتـاییی ڕابـردووی تیٚ نەپەڕدا ئەو ڕاناوە دەرناکەوێت.

ڕێزمـانشنـاسەکان لـە جیـاتی ئـەوەی بڵـێن ڕانـاوی کـەسی سێیـەمـی تـاك کـە لـە ڕابردووی تێپەڕدا دەردەکەوێت، بەهۆی یەکگرتنەوەی سیغەکەی تێپەڕ لەگەڵ سیغەی تیٚ نـەپـەڕ لە ئـایندەدا ئەویش بزر دەبێت، لە جیاتی ئەمە دێن دەڵێن ڕانـاوی کەسی سێیەمی تاك کە لە ڕابردووی تیٚ نەپەڕ دەرناکەوێت بەهۆی ئەوەی لە سیغەی ئایندەدا لەگەڵ تێپەڕ یەکتر دەگرنەوە ڕانـاوە تیٚ نەپـەڕەکە دەردەکەوێتەوە، واتە لـە تێك بـەستنی مردوو و زیندوو مردووەکە دەژیتەوە نەك زیندووەکە دەمریٚ.

من لـە زۆر جێگەدا گوتوومـە و نووسیومـە، کەسی سێیەمی تاك لـە سیغەی ئـایندە دەرنـاکەوێت و ئـەوەی دەبێتە کۆتـاییی فیعلەکە لەو سیغەیەدا شێوەی تـەسریفییە نـەك ڕانـاو. لـە فیعلـەکـانی (دەچێت – دەخوات – دەژیت – دەچێتن – دەخواتن – دەژیتن) دەنگەکانی (ێت، ێتن – ات، اتن – یت، تێن) هیچیـان نـە بـە تـەنیـایی و نـە بـەتێکڕایی

ڕاناو نین بگرە شێوەی تەسریفین. لێرە بەپێشەوە، لە نووسینی دیکەمدا، بەڵگەی ڕاناو نەبوونی ئەو دەنگانەم باس کردووە، بەڵام لێرەدا ئەمجارەیان چەند بەڵگەیێکی دیکە دەهێنمەوە کە بەلای باوەڕی خۆمەوە هیچ گومانێك ناهێڵێ بەدەوری ڕاناونەبوونی ئەو دەنگانەوە، واش دەزانم کەسێك مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستی بێ یا دەبێ بەڵگەکان بسەلمێنێ و واز لە ڕاناو بوونی ئەو کۆتاییانە بهێنێت، یاخود لەسەریەتی بەڵگەی نوێی پێچەوانەی بەڵگەکانی من پەیدا بکات کە زانستی ڕێزمان پێیان ڕازی بێت نەك مەیلی پێ داگرتن لەسەر باوەڕی کۆن خۆی پێ هەڵفریوێنێ.

بەر لەوەی بەڵگەکان بهێنمەوە وا بەچاك دەزانم وەرامی یەکێك لە بەهانەکانی بەڕاناو حیسابکردنی ئەو کۆتاییانە بدەمەوە کە لەمەوبەر نەمهێناوەتە ناو نووسینی لێرە بەپێشەوەم.

زمانشناس هەیە دەڵێ بەڵگەی ڕاناوبوونی دەنگی (ت) لە کۆتایی فیعلەکانی (دەڕوات – دەچێت – دەژیت) و هەموو فیعلێکی تری وەك ئەوان کە بۆ کەسی سێیەمی تاکن، لەوەدایە کەوا بەناچاری ئەو دەنگە لە کاتی بەکارهێنانی پاشگری (ەوە) بەدیار دەکەوێتەوە واتە هەرچەند مومکینە بگوترێ (دەڕوا – دەڕواتن، دەچێ – دەچێتن، دەژی – دەژیتن) بەڵام کە ویستمان پاشگری (ەوە)یان بەدوادا بهێنین دەبێ دەنگەکەی (ت) زیندوو بکەینەوە و بڵێین (دەڕواتەوە، دەچێتەوە، دەژیتەوە) گۆیا بەمەدا ئیسپات دەبێ کە دەنگەکەی (ت) ڕاناوە نەك (تن)...

ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی ڕواڵەتپەرستییە چ پێوەندیی بەقووڵاییی زمان و ڕێزمان و دەستووراتی ئاخاوتن و حوکمە ورد و نهێنییەکانیانەوە نییە. ئەو کەسەی خەیاڵی بۆ دیاردەی هاتنەوەی ئەم (ت)ە چووە دەبوو لەگەڵ ئەودا خەیاڵی بۆ کەسی دووەمی تاکیش چووبایە لە فیعلەکانی وەك: (دەخۆیت، دەکەیت، دەچیت) کە لەواندا بەشی زۆری کورد دەڵێن (دەخۆیەوە، دەکەیەوە، دەچیەوە، دەنوویەوە...) چونکە لەمەدا بۆمان مەعلووم دەبێ بەنیسبەت ڕاناوی کەسی دووەمەوە جگە لە دەنگی (ت) کە لە کۆتاییی ڕاناوەکە هەیە دەنگێکی تری (ی)ش هەیە ئەم پاشگرەی (ەوە) خۆی پێوە بگرێت بۆیە بوو توانرا دەنگەکەی (ت) لە فیعلەکانی (دەکەیت، دەڕۆیت...) بسوێت و ڕاناوە ڕاستەکییەکەی (ی) بمێنێتەوە کە دەزانین ئەم (ی)ە هەرگیز سوانی بۆ نییە، واتە وەك دەنگەکەی (ت) نییە بسوێت و نەسوێت. لە حاڵەتی فیعلی ئایندەی کەسی سێیەمی تاکدا چ ڕاناوی وەك (یت) وجوودی نییە تاکو بتوانین لەوێشدا دەنگە سواوەکان

بەسواوی بهێڵینەوە و پاشگرەکە بەو بەشەی ڕاناوەوە بلکێنین کەوا وەك (ی)ەکەی کەسی دووەم ماوەتەوە و سوانی بەسەردا نەهاتووە. لە فیعلی (دەڕۆیت – دەڕۆی) ڕاناوەکە دەنگی (ی)ە و دەتوانی بڵێی (دەڕۆییەوە) دەشتوانی دەنگەکەی (ت) کە زیادەییێکی تەسریفییە بیهێنیتەوە و بڵێی (دەڕۆیتەوە) بەڵام لە فیعلی (دەڕوا) نە ڕاناو هەیە و نە دەنگێکی کۆنسنانت هەیە پاشگری (ەوە) خۆی پێوە بگرێتەوە بۆیە دەبێ دەنگێکی کۆنسنانت بێ و ببێتە ئاڵقەی پێوەندی.

هاتنەوەی دەنگی (ت) بۆ پێشاییی (ەوە) سیفەتێکی تازە بەو (ت)ە نابەخشێت و نایکاتە ڕاناو. ئەم دەنگە بەر لە قرتان و سوانی چی بووبێت بەهەمان سیفەتەوە دەگەڕێتەوە، واتە ئەگەر شێوە و زیادی تەسریفی بێت هەر وەها دێتەوە، کاتێك پێی دەڵێن ئەم دەنگە بەڕاناوی دێتەوە بۆ دوای پاشگری (ەوە) کە ئیسپاتمان کردبێت لە بنەڕەتدا ڕاناو بووە. نەهاتنەوەی (تن)یش هەر ئەوەندە دەلالەتەی هەیە کە دەنگەکەی (ت) بەئەسڵ نزیکترە لە کۆتاییی فیعلەکان بۆیەیە (ت)ەکە بەجۆرێکی عەفوی لە شێوەی بەدیهیدا هاتووەتەوە: من کە بتوانم لە فیعلەکاندا بڵێم (دەڕوات، دەچێت – دەڕواتن، دەچێتن) بۆچی دەبێ ناچاربم سەرلەبەری (تن) بهێنمەوە لە حاڵێکدا من بەر لەوەی پاشگری (ەوە) بەکار بهێنم ڕێم هەبوو ئەو دەنگەی (ن) بسوێنم و ئیکتیفا بە (ت) بکەم. خۆ ئەگەر دوو دەنگی (تن) وەیا تەنیا دەنگی (ن) لەگەڵ پاشگری (ەوە)دا هاتبایەوە ئەوساش چ بەڵگەیەك لەوەدا پەیدا نەدەبوو کە ئەمانە (ڕاناون)، دەبوو زووتر ڕاناوبوونیان بەئیسپات گەیشتبێت تاکو بڵێین لە هاتنەوەیان بەدوا (ەوە)شدا هەر ڕاناون. لە زۆر جێگەی کوردستاندا ئەم پاشگرەی (ەوە) کە بەدوا فیعلی ئەلفیدا دێت دەنگێکی (ی) ناوەندی دەهێنن بۆ ئەوەی پاشگرەکە خۆی پێوە بگرێت کەسیش نەیگوتووە ئەم دەنگە ناوەندییە ڕاناوە وەیا بەشێکە لە بەشەکانی تری ئاخاوتن. بەنموونە سەیری ئەم ڕستانە بکە:

هەڵستا هەڵستایەوە

گەڕا گەڕایەوە

«گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە»

«پشکۆی گوڵ ئاتەشین بەنەسیم بوو گەشایەوە»

ئەوجار دێمە سەر پێشکەشکردنی ئەو بەڵگانەی کە ڕاناونەبوونی کۆتاییەکانی

سیغەی فیعلی ئاینده (مضارع) بۆ کەسی سێیەمی تاك وەك (دەچێت، دەبێت، دەخوات، دەژیت) بەئیسپات دەگەیەنێت. لێرەدا دوو بەڵگەی تا بڵێی بەهێز و خیلافبڕ بەتازەیی دەیەخەمە سەر سفرەی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی کوردی. باوەڕ دەکەم وردبوونەوەی بەردەوام و سەرنج ڕاگرتنی ورد و قووڵ بەڵگەی دیکەی وەك ئەمانە پەیدا دەکەن چونکە، بەلای منەوە، هەموو ڕاستییێك چ لە زمان و چ لە غەیری زمان لە گەلێك سەرەوە بەڕاست دەگەڕێت.

بەڵگەی یەکەم:

فیعلێکی ئاینده دەهێنین و تەسریفی دەکەین، لەو تەسریفەشدا ڕاناوەکان جودا دەکەینەوە یاخود با بڵێین دەستنیشانیان دەکەین:

دەڕۆم: (م)

دەڕۆین: (ین)

دەڕۆیت: (یت)

دەڕوات:(ات یاخود ت) بەپێی ڕای ئەو زمانشناسانە.

دەڕۆن: (ن) بۆ (ئێوە) و (ئەوان)

ئێستا ئەم ڕاناوانە – ئەگەر ڕاناو بن – دەخەینە ڕستەی ئەوتۆوە تێیدا ببن بەمەفعول:

دەیانبردم: (م)

دەیانبردین: (ین)

دەیانبرد: ( )

دەیانبردن: (ن)

وا ڕاستییەکە لە چاوان دەچەقێت، ئەگەر (ات) وەیا (ت) کە لە کۆتاییی فیعلی ئایندەی کەسی سێیەمی تاکدا دێت ڕاناو با دەبوو ئەویش وەك ئەوانی تر دەرکەوتبایە و ببووبایە مەفعوول. ئەگەر ئەمە وەهابا دەمانگوت (دەیانبردت – وەیاخود دەیانبردات وەیا دەیانبردێت وەیا دەیانبردیت – بەپێی کۆتاییی فیعلەکانی ئایندەی کەسی سێیەمی تاك).

من دەزانم ئەم بەڵگەیە بەسە بۆ ڕەواندنەوە و یەکلاکردنی گرفتەکە چونکە زۆر لە باسی ڕێزمانی و هی تریش بە بەڵگەی لەمە بێ هێزتر یەکلا کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەتەما نیم ئەم بەڵگەیە نەسەلمێنان ئیقناع بکات چونکە نە بەڵگەکە وەك بەردو ئاسن و دار بەدەست دەگیرێت نە عینادیش کارێکی گرانە بەتایبەتی کە مرۆڤ لە مادەی عینادیکردن پیربووبێت و پێوەی ناسرابێت. یەکێك کە بەهەموو عومری نووسین و ڕێزمانشناسیی خۆی هەر گوتبێتی دەنگە (ت)ەکەی کۆتاییی فیعلی (دەڕوات و دەچێت و دەژیت) ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە، وەها بەئاسانی نایەت بڵێ بەڕاست خۆ ئەم دەنگە وەك ڕاناوەکانی تر لە ڕستەدا دەرنەکەوت کەواتە دەبێ ڕاناو نەبێت.. لە جیاتی ئەم سەلماندنە بۆرە تەئویلێك و وەرامێك دەسازێنێت، وەك ئەو بەردەبازەی بەسەریدا لە رووباران دەپەڕنەوە، ئەویش بەسەر تەئویل و وەرامی سازاودا باز دەهاوێت بۆ ئەوبەری رووباری سەلماندنی زۆر تاڵ و تفت. بەلام ئایا بەڵگەی دووەمیش لەوانەیە بەتەئویل و وەرامی دەسکرد بەردەبازی لێ پەڕینەوەی تێدا بسازێت؟ وا دەزانم ئەم بەڵگەیەیان هۆ لێ بەسەهووبردنی ئاسان نەبێت، فەرموو لەگەڵ مندا بەچاوێکی کرایەوە و هۆشێکی هەستیار سەیری بکە.

بەڵگەی دووەم:

دەزانین بەلای ئەو ڕێزمانشناسانەوە کۆتاییی فیعلەکانی (دەبێت، چووبێت، بووبێت..) هەموویان ڕاناون، تەنانەت بەڕاشکاوی دەتوانرێ بگوترێ (دەبێ، دەبێتن – چووبێ، چووبێتن – بووبێ، بووبێتن..) وەك کە دەگوترێ (دەڕوات، دەڕواتن – دەچێت، دەچێتن..).

زۆر بەجێیە.

بەلام من لە پاش ئەم (بەجێبوون)ە و حیساب دروستییەدا پرسیارێکم هەیە، ئەگەر (ت)ەکەی دوای (بووبێت، چووبێت..) ڕاناو بێت ئەدی (بووبێتم، چووبێتم، بووبێتین، بووبێتن...) چ لێ بکەین؟ بەڕاناوەکانی (م، ین، ن..) بڵێین چی؟ ئایا دەشێ بگوترێ لە یەك فیعلدا دوو ڕاناو فاعیل بن یەکیان بۆ کەسی سێیەمی تاك و ئەوی تریشیان بۆ کەسەکانی تر؟

ئەمە لە فیعلی تێ نەپەڕ؛ لە فیعلی تێپەڕ گرفتێکی گەورەتر پەیدا دەبێت، لە فیعلی تێ نەپەڕ دەڵێی (نووستبێت) بەلام لە فیعلی تێپەڕ دەڵێی (کردبێتی، خواردبێتی،

دیتبێتی)، کە لە کۆتاییی فیعلەکاندا دەنگی (ی) هەیە و دەزانین ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە وەك کە (کردبێتمان، کردبێتتان، کردبێتت، کردبێتیان) هەموویان ڕاناوی فیعلی تێپەڕیان هەیە. بەو پێیە دەبێ بڵێین (کردبێتی، خواردبێتی، دیتبێتی..) و هەموو فیعلێکی وەك ئەوان دوو ڕاناویان تێدایە بۆ کەسی سێیەمی تاك.

وەك دەبینی ئەم گرفتە لەوانە نییە بەماست تێ هەڵسوون و پینەکردن و چاو لێ هەڵەنگاوتن بڕەوێتەوە، بایەخ پێ نەدانیشی ڕاستەوخۆ دەبێتە هەڵاتن.

ئەو ڕێزمانشناسانە دەڵێن لە ڕستەی وەك (من ئازام)دا فیعل هەیە بەڵام قرتاوە و ناشزانین ئەسڵەکەی چی بووە، وەتەنگتر دێن لە ئاست ئەم (نووستبێتم، دیتبێتمان، کردبێتم..) چونکە لێرەدا دەبێ بڵێن ڕاناوێك لە ئاسمانەوە بەربووەتەوە و پەڕیوەتە ناو فیعلەکان.

لەم نووسینەدا بۆ مەبەستی تێگەیشتنی زۆرینەی خوێندەواری کورد و کوردی زاراوەی زۆر بیستراو و بەکارهاتووی وەك (فعل، صیغة، مبنی للمعلوم وللمجهول و شتی تریش) بەکار هاتووە. گەلێك لەو زاراوە عەرەبییانە لە کوردیدا پتر لە وشەیێکیان بۆ داندراوە لەلایەن زمانشناسەکانی کوردەوە، بۆ فیعل زاراوەکانی (کردەوە، کردار، کار، فرمان) بەنووسینـاندا بڵاو بووەتەوە، ڕەنگە هەموو خوێنەرێك لە هەموو زاراوەکان شارەزا نەبێت بەڵام هەموویان بزانن (فعل) چییە کە هەر خۆی سەرچاوەی زاراوە کوردییەکانە. وشەی (گەردان)ی کوردی بەواتای (تصریف) وەیا وشەی (ڕێژە) بەواتای (صیغە) زۆر ئاشنا نەبووەتن بەلای گەلێك لە خوێندەوارانەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە عومردا نەختێك تێ هەڵکشیون. لەبەر ئەمە ویستوومە لەم نووسینەمدا بەهۆی بەکارهێنانی زاراوەی ناو دەرکردووی عەرەبییەوە نەختێك لە تازەیی و زەحمەتیی باسەکان کەم بکەمەوە.

ناوی ئەو سەرچاوانەشم نەهێناوە کە نووسینەکەی من لەگەڵیاندا ڕێك ناکەوێت وەیا لە بنەڕەتدا پێیان ڕازی نییە. ناوهێنانی نووسینەکانی مامۆستا وەهبی و د. نەقشبەندیش لەبەر تاکە مەبەستی (حەشارگە)بوونی باسەکانی خۆم بووە نەك بەنیازی ڕووبەڕووبوونی بیروڕای ئەم نووسینانە. دەتوانم بڵێم زۆربەی نووسینی کوردی لەسەر ڕێزمان و سەر بەڕێزمان لەوانەیە بەعەلاقەدار لەگەڵ ئەم نووسینە لە قەڵەم بدرێن و لە پەراوێزاندا دەیان جار ناویان بێت بەنیازی پێ ڕازینەبوونیان.

من ناوناوه بەگوتار هەندێ باسی ڕێزمانی کوردیم داوەتە بەر لێکۆڵینەوەی ورد و درێژە پێدراوەوە کەوا گەلێك لە نووسینی عادەتیی سەر بەرێزمانی کوردی کە تا ئێستا ڕێزمانشناسان بڵاویان کردووەتەوە، نەفەسدرێژتر و هەڵسەنگێنتر و تێ هەڵکشیوتر و بەربڵاوتر و وردتر و قووڵتر بووە وەك ئەوەی کە لە گوتاری (سووڕێکی خامە بەدەوری ڕانـاودا) بـەشێکـی بـاسی (ڕانـاو)م لـە (١٢٠) لاپـەڕەدا نـووسی. هـەرچـەنـد دەزانم نووسەرانی کورد و خوێنەرانیشی، ئەم درێژە پێدانە بەزیاد لە قەڵەم دەدەن، ڕەنگە لێشی وەتەنگ بێن، بگرە نەشیخوێننەوە، لەگەڵ ئەمەشدا وەك من لە گۆشەی هەڵوەست و هەست پێکردنی خۆمەوە بۆ پرسیارەکانی ڕۆشنبیری کورد، بەتێکڕایی دەچم لە ڕەچاوکردنی دوو ڕاستیی زۆر گرنگەوە هەڵوەستی خۆم لە تەك هەڵوەستی نووسەران و خوێنەراندا پەسەندتر دەکەم:

ڕاستیی یەکەم ئەوەیە، ناقۆڵا هاتنە بەرچاوی نووسینی نەفەس درێژ لە کوردیدا سووچـی نـووسینـەکـە نـییـە، بگرە دەگـەڕێتـەوە بـۆ ڕانـەهـاتنی کورد لـە خوێندنـەوەی نووسینی درێژە پێدراو لە زمانی کوردیدا. ئێمە هەر وامان دیتووە نووسەری کورد بـەچـەند دێڕێك لـەو مـەبـەستـەی بـووەتـەوە کـە ئـەگـەر لـە زمـانـێکـی پـێشکـەوتـووی ئـەم جیهانەدا مەبەستێکی ئەوتۆیی باسی لێ بکرێت چەندین لاپەڕە دەخایێنێ، ئەگەر نەڵێم ناميلكە.. هەندێ کتێبی کوردی لێرە بەپێشەوە کە قەوارەی گەورەی هەبووە، بـەهـۆی نـەفـەس درێژیـی نـووسینـەکـەی نـاویـەوە نـەبـووە، بگرە لـەبـەر زۆربـوونـی ئـەو بـاسانـە بـووە کـە لـە کـتـێبـەکـەدا قـەتـاریـان بـەستـووە و هـەریـەکێکیشیـان کـتـێبـێکـی سەربەخۆی ویستووە. یەکێك ڕێی هەبێ بەدوا شتاندا بگەڕێ دەتوانێ بەقەدەر بەشێکی بـەرچـاوی نـووسین لـەسەر بـاسەکـانـی ڕێزمـانـی کـوردی، نـووسین و دەمـەتـەقـە و لـێکـۆڵـینـەوە بدۆزێتـەوە لـە عـەرەبیدا لـەسەر تـەنیـا بـاسی (کل، بعض) و چۆنیـەتیی لەکارهێنانیان و قبووڵکردن و نەکردنی (الف لام التعريف) و هۆی ئەو حوکم و حاڵانە... بەڕاستی هەژارییە میراتییەکەمان وای لێ کردووین هەموو نیشانەیێکی (ناهەژاری) و تێری و تەسەلی لە خۆمان بەزیاد بزانین، ئەگەر نەڵێم لە خۆمانی بەعەیب بگرین، وەك ئەو ڕووتەڵەیەی کە کڵاوێکی نوێی لەسەرنا وەیا پێڵاوە شڕەکەی بۆیاغ کرد تا ماوەیێك و شت و قوتاغ دەبێ و سەیری لە خۆی دێتەوە.

ڕاستـیی دووەم ئـەوەیـە، هـەمـان خـوێنـەری کـورد کـە وەتـەنگ دێت لـە نـووسینـی درێژەداری کوردی و درێژییەکە بەعەیب دەگرێ لە نووسینەکە، نە وەتەنگ دێت و نە چ

عەیبانیش دەگرێت لە نووسینی درێژە پێدراو و بێ بڕانەوەی زمانێکی تر لەو زمانانەی کە ناویان دەرکردووە بەپێشکەوتوویی و دەوڵەمەندی. لەمەشدا سەرلەنوێ، ئێمەی هەژار، سەیری خۆمان و میللەتانی تر دەکەین بەچاوی ئەو ڕووتەڵەیەی کڵاوی نوێی خۆی لێ دەبێتە عاجباتی بەڵام بیست گەز پشتێنی هیزار بەکەمەری دەوڵەمەندێکەوە بەکەم دەزانێ.

من بەم دوو ڕاستییە خۆم دابین دەکەم لە وەرامدانەوەی ئەو کەسەی درێژەپێدان لە نووسینی کوردی دەکاتە عەیب لە حاڵێکدا هەمان درێژەی نووسین لە زمانێکی تردا بە کارێکی رەوا دەزانێت، لەوە بەلاوە کە بێم دەستبەتاڵیمان بکەم لە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و کێشانە و پێوانەی هەموو ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بەکورد و کوردستان و کوردییەوە هەیە یەکسەر، بێ تێخوێندنەوەی بەراوردکردن لە نێوان کوردی هەژار و زمانە دەوڵەمەندەکاندا، دەستەویەخەی نووسەری کورد دەبم و داوای نووسینی پتر و درێژتر و پانتر و قووڵتر و وردتری لێ دەکەم لەو شتانەی دەربارەی (کوردناسی)یەوە دەیاننووسێت چونکە ئێمەی کورد بەخۆمان و ڕابردوومان و وڵاتمان و زمانمان و کۆمەڵایەتیمان و ئێستامان و دواڕۆژمانەوە لە ناخی تاریکایدا ڕووچووین و چ ڕووناکاییی ئەوتۆ شك نابەین خۆمانی پێ بناسینەوە. لە حاڵێکدا گڵۆپی هەزار مۆمی بەشی ڕوونکردنەوەی گۆشەیێکی تاریکی بوونمان نەکات، چۆن دەبێ وەتەنگ بێین لە چراقۆدیلە و فانۆس. میللەتی ئینگلیز دەزانێ زمانەکەی ئێستای موتوربەی چەند قەڵەمە و چ گۆڕان و بەرەوپێشچوونێکی بەسەردا هاتووە، لەم زانینەشدا مێژووی وشەکان و ئەداتەکان و گەردانەکان و تێك بەستەکان و هەموو سەروبەرێکی ئاخاوتنەکەی خۆی دەزانێت، تەنانەت بەلایەوە ڕوونە ئەوەی لە ڕێزماندا پێی دەڵێن («s» Apostrophe) لە کوێوە هاتووە، ئایا ئێمە هیچمان زانیوە لەبارەی زیادییەکانی فیعل ئەمر و هەندێ فیعلی تری سلێمانی وەك (بڵێرەوە، بچۆرەوە – دەچێتەوەوانێ، گەیشتەوەوانێ..) وەیا ڕاستی و هەڵەییی گۆڕانی (لامی قەڵەو) بە (ڕێی ناسك) لە شێوە ئاخاوتنی کۆیێ و بەشێکی زۆری سۆران، وەیا سەرچاوەی گۆڕانی ڕاناوی لکاوی (مان، تان) بە (ن، و) لە پژدەردا وەیا هۆی نەهاتنی ڕاناوی لکاوی ڕابردووی تێپەڕ لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجی سەروودا وەیا هاتنەوەی دەنگی (ا)ی فیعلی ڕوودان بەدوا ئەو فیعلانەی کە کۆتاییيان بە (ی) دێت لە گەرمێندا وەك کە دەڵێن (رزیا، خشیا... لە جیاتی رزی، خشی) وەیا.. وەیا و هەزاران وەیای تر؟

ئێمە لە بێ دەسەڵاتی خۆمانەوە ڕاهاتووین بەوەی ئەم دیاردە ڕێزمانییانە بە (امر واقع)ی بێ نیاز لە تەفسیر وەرگرین، کەچی نازانین ئەگەر بەم (خۆ ڕازیکرن)ە ڕازی بین پێی ناوێ لە سەرەتاوە خەریکی ڕێزمان بین چونکە دۆزینەوەی دەستوورەکانی ڕێزمان بۆ ڕوونکردنەوەی تاریکاییی مەفهووم نەبوونی (چۆنیەتی) ئاخاوتنە، ئەم دیاردانەش بەشێکن لەو چۆنیەتییە نامەفهوومە.

دەزانم و ئاگادارم لەوە کە ئەگەر بێین و شیکردنەوەی سەرلەبەری ڕێزمانی کوردی بدەینە بەر درێژەپێدان و وردپێوییەوە کاتێکی زۆر و هەوڵێکی بێ وچان و دەرفەتێکی بەرفرەوان و خۆتەرخانکردنێکی سەرلەبەرمان پێ دەوێت بەو شکڵەی کەوا ڕەنگە لە دەسەڵاتماندا نەبێت. لەبەر ئەمە قسەکانی من لەم دێرانەی دواییدا نەیویستووە ئەو هەوڵە کەمتاکورتەی لەبارەی ڕێزمانەوە [وەیا هەر باسێکی ترەوە بێت] دراوە عەیبدار بکات، بەپێچەوانە، من هەمیشە خۆشامەدیم کردووە لە هەموو نووسینێکی کوردی، ئەوەندەی توانیبێتیشم ویستوومە یارمەتیی بڵاوبوونەوەیان بدرێت. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا دەری برم گلەییکردنێکە لەو نووسەرانە و خوێنەرانەی وەتەنگ دێن لە نووسینی کوردیی درێژەدار و قووڵ هەڵێنج لە حاڵێکدا ئەگەر بەنووسینی بیندرێژ و ورد و قووڵ بێ سەروشوێنی باسەکانی (کوردەواری) تێ نەهێنینەوە هەر لە تاریکستانی ئێستاکەماندا دەمێنینەوە بەرانبەر چەشمەندازی (کورد و کوردستان) بەهەموو بوعدەکانی ستوونی و ئاسۆیییەوە.

تێبینیی زەحمەتی لە ڕادەبەدەری وردپێوی و قووڵ داگرتن لە سەرجوملەی ڕێزمانی کوردی خستمیە سەر پێرەویکردنی دوو ڕێبازی لە یەکتر جودا لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی کوردی، ڕێبازێکیان ئەوەیە کە لیژنەی (زمان و زانستەکانی) تێیرا دەڕوات بەرەو ئامادەکردنی کتێبێکی مامناوەنجی لە تێکڕای باسەکان و دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی [خۆم لەم لیژنەیەدا «دەمڕاست – مقرر»م چەند ساڵێکە لێژنەکە خەریکی ڕێزمانی کوردییە، بەرهەمەکەشی بەم زووانە لە شکڵی کتێبدا بڵاو دەبێتەوە]. واش دەزانم خەریکبوونی ئەم لێژنەیە، بەهەمەحاڵ، لەو خەریکبوونانەی تا ئێستا کراون، بەرهەمدارتر بێت.

ڕێبازی دووەمیان ئەوەیە کە لە نووسینی سەربەخۆی خۆمدا ناوناوە بەگوتار وەیا لە شکڵی نامێلکەدا لێکۆڵینەوەی درێژەدارتر دەگرمە بەر. ئەم ڕێبازەیان دەست نادا بۆ ئەوەی گەشتی سەرلەبەری ڕێزمانی تێدا بکرێ چونکە گەشتی وەها بەردەوام لە هەموو

ڕێزماندا سەرەتایی دەبێ بەڵام لە ژیانی تاکە کەسدا کۆتاییی نایەت. لەبەر ئەمە ناچارم سەرەباسی تایبەتی دەهێنم و بەپێی توانا، لێی دەکۆڵمەوە هەروەك لە گوتارەکانی (١- بەکارهێنانی «ی» لە ڕێزمانی کوردیدا ٢- سووڕێکی خامە بەدەوری ڕاناودا ٣- فۆنەتێك چیمان بۆ بکات؟ و ئەو بەسەرداچوونەوانەی کە لە کاتی نرخاندنی گوتاران وەیا ڕەخنە لێ گرتنیان لێم بوون بەکاری ناچاری) لێکۆڵینەوەی بیندرێژم کردووە. نووسینی ئەمجارەشم یەکێکە لە ڕیزە ئاڵقەی ئەو لێکۆڵینەوانەی تاك تاکە باسی ڕێزمانی دەدەنە بەر پێوانە و کێشانەی بەپێز و پیت، هەر بۆیەشە باسی ئەوتۆم هەڵبژاردووە کە نابەرچاون لە ڕێزمان و دەستووراتی ئاخاوتنی کوردی، لە زمانی بێگانەشدا وێنەیان پەیدا نابێ چونکە هەموویان تایبەتی ئاخاوتنی کوردین.

بێگومان نووسەری تری کوردیش هەن ئەم کارە درێژە پێدراوەیان لە هەندێك سەرەباسی ڕێزماندا کردووە بەجۆرێك کە لە تێکڕای چالاکییەکانیاندا ئەو تەرزە بیندرێژەیەیان بەکار نەهێناوە. بەنموونە، لە هەمان بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا کە گوتارە نەفەس درێژەکەی خۆم (بەکارهێنانی «ی» لە ڕێزمانی کوردیدا)ی تێدا بوو گوتارێکی مامۆستا تۆفیق وەهبی لەسەر (ئە)ی پێش کاری ئایندەی ناوچەی سلێمانی و گوتارەکەی د. عەبدوڵڵا نەقشبەندی لەبارەی (پاشکۆی درا) و گوتارێکی د. نەسرین فەخری بەناوی (پاشگر و پێشگری ڤە - وە) بڵاو کراوەتەوە هەریەکێکیش لەو گوتارانە ئەو بابەتەن کە تا ئێستا بۆ کەس نەلواوە، ناشلوێت، بیانکات بەنموونەی لێکۆڵینەوە لە هەموو زمانی کوردی. ڕەنگە تەنیا جوداوازییێك کە هەبێ لە نێوان هەڵبژاردنی گوتارەکانی خۆم و ئەو گوتارانەدا ئەوە بێ کە من ویستوومە بابەتی نابەرچاو و حیساب بۆنەکراو بکەمە بنەمای لێکۆڵینەوە. ئەوەی کەوا ڕەنگە لە گوتارەکەی (سووڕێکی خامە بەدەوری ڕاناودا) بەپێچەوانەی نابەرچاوبوون حیساب بکرێ، لەوەدا تێ هاتووەتەوە کە گوتارەکە ویستووەتی لە گۆشەنیگای خۆیەوە هەڵەی پەرەسەندووی نێوان ڕێزمانشناسانی کوردی لە باسی ڕاناودا ڕوون بکاتەوە.

## بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی کوردی

لـە ژمـارە (٦٤)ی تشریـنـی دووەم و کـانـوونـی یـەکـەمـی ساڵـی (١٩٧٧)ی گـۆڤـاری (ڕۆشنـبـیـری نـویٚ)دا، گـوتـارێك لـە ژێر نـاونیشانی (کورد واتـەنی)دا بـڵاوکرایـەوە، کـۆمـەڵـێك ڕەخـنـەی لـە دوو نـووسینـەکـەی من [فـۆنـەتیك چیمـان بـۆ بکـا؟ – چـەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی] گرتبوو، وەك دەشزانین – ڕەخنەگرتن مافی بیٚ دەمـەتـەقـەی نووسەران و خـاوەن بـیـروڕایـانـە. لـەم ڕوانگـەوە خـۆشامـەدی لـە هـەموو ڕەخـنـەکـان دەکـەم، بـەڵام دوو تـێبـیـنـیـی گشتیم لـەبارەی ئـەو ڕەخـنـانـە و هـەموو ڕەخنەیێکی دیکەش هەیە، یەکەمیان ئەوەیە ڕەخنەگر لەسەریەتی شتێکی باشتر لە ڕەخنە لیٚ گیراوەکە پێشکەش بکات نەك تەنیا مەیلی خۆهەڵدانەوە پاڵی پێوە بنیٚ بۆ ڕەشکـردنـەوەی ڕەمـەکـیـی چـەنـد لاپـەڕەیـەك. دووەمـیـان ئـەوەیـە، پـێویستـە لایـەنـی ناحەزایەتی و کەف و کوڵی دەروون تێکەڵ بەبابەت نەکریٚ هەر نەبیٚ لەبەرئەوەی خوێندەوارەکانمان بەو پیشە نارەوایە ڕانەیەن. پێویستیشە بڵێم، ئەو نووسەرەی لە زەمینەی وەرامدانەوەی هێرشدا دەمودووی ناحەزانە بەکار دەهێنێت گوناهی ئەو نووسەرەی نییە کە هەروا بەرمەیدان و بیٚ لزووم مل لە هێرشبردن دەنێت. مافی لەسەر خۆکردنەوە، لە حاڵەتی ڕەدکردنەوەی هێرشدا، دەچێتە پاڵ مافی ڕەخنەگرتن و دەستە تەرازووی گلەیی لێکردنی سووك هەڵدەستێنێتەوە.

لەگەڵ ئەو دوو تێبینییەشدا بەوپەڕی باخەڵ فەراحییەوە سەیری گوتارەکەم کردووە و پتر لە خاوەنی پەرۆشدارم بۆ ئەو هەموو هەڵە و ناتەواوییانەی تێیدان، هەر بۆ تاکە مەبەستی سوودی لێکۆڵەرەوە نەوباوەکانی ڕێزمانی کوردیش ویستم بایی پێویست ڕۆشنـایـیـی بـیـروڕای خـۆم [ئـەگـەر هـیـچ ڕۆشنـایـیـیـەکـیـان تـێدا بـێت] بـۆ لایـەنـە ناتەواوەکانی ئەو گوتارە بهاوێژم. ئەوەی ڕاستیش بیٚ، ترسی هەڵەی چاپ خستمیە سەر باری لەچاپدانی ئەم نووسینەم لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چونکە من لە بارێکدا نیم بتوانم سەراسۆییی چاپکردنی نووسینەکەم لە دەرەوەی کۆڕ بکەم، زۆر جارانیش هەڵەی بچوك سوودی گەورە دەدۆڕێنێت.

وام پەسەند کرد کەوا پێ بەپێی ناتەواوییەکانی گوتارەکە بەسەریدا بڕۆم.

لە ستوونی یەکەمی گوتارەکە دەخوێنیتەوە (چەند هەزار ساڵێ لەمەوبەرتر). وشەی (لەمەوبەرتر) لێرەدا هەڵەیە چونکە پلەی (comperative) بۆ بەراوردکردنی نێوان دوو لایەنانە، لێرەشدا هەر یەك لایەن هەیە ئەویش ڕۆژگاری چەند هەزار ساڵ (لەمەوبەر)ە. ئەگەر گوتارەکە مافی تەواوی بە ڕێزمان دابایە دەبوو بڵێ (چەند هەزار ساڵێ لەمەوبەر). کاتێك بمانەوێ ڕابردوویەك لە یەکێکی دیکە بەرەژوورتر ببەین ڕێمان دەبێ (لەمەوبەرتر) بەکار بهێنین وەك کە بڵێین (ساسانییەکان لە عەباسییەکان لەمەوبەرترن). وا دەزانم ئەمە ڕاستییەکی زێدە سەرەتای زمانزانییە، جا ئەگەر لە مەیدانی پێ داگرتندا نموونەی وەك ئەم هەڵەیە لە نووسینی وەك خۆی بهێنرێتەوە دەبێتە هەڵەی برای هەڵە. وا پێ دەچێ یاریدەدەری گوتارەکە جارێ ماویەتی لە کوردیدا، یاخود لە نووسیندا، ڕەگ داکوتاو بێ، ئەمەش شتێکی سەیروسەمەرە نییە چونکە فراژیبوون کاتی دەوێ.

بەدوا ئەو وشەیەدا نووسراوە (زمانی سەرپاکی سەرانسەری خاکی کوردستان)، واباش بوو بگوترێ (زمانی سەرپاکی کورد و سەرانسەری خاکی کوردستان). دەشێ وشەی (کورد) لە کاتی چاپکردن پەڕیبێت وەیاخود نووسەر لە بیری کردبێت...

لە ستوونی دووەمی گوتارەکە ئەم ڕستەیە لە چاوان دەچەقێت (سەرەڕای ئەوەش کەچی هێشتا ئاوێستا، ئێستە هەر بەزمانێکی مردوو لە قەڵەم دەدرێ..). ئەم ڕستەیە لەم شێوەیەدا پێی ناڵێن (ڕستەی کوردیی شێوەی ئەدەبی) ئەوەی ڕاستی بێ ناشێ بەئاخاوتنی عادەتیش حیساب بکرێ چونکە یەکجار کز و لاواز و پڕ هەڵەیە، جارێ لە پێشەوە دەبێ بڵێم نووسەر مەبەسی لە (سەرەڕا) واتایێکی وەك (رغم ذلك)یە نەك (بالأضافة الى ذلك) لەبەر ئەمە وشەی (سەرەڕا) بۆ ئێرە دەست نادات و دەبێ بە (لەگەڵ ئەمەشدا) بگۆڕدرێت، ئنجا وشەی (کەچی) دەڵێی دوومەڵە بەسەر سنگی ڕستەکەوە، ئەویش دەبێ بەدەمی نشتەری خامە بسڕێتەوە. دوای ئەمانەش لە خۆوە دیارە وشەی (هێشتا) و (ئێستە) یەك شتن و لە یەك ڕستەدا کۆ نابنەوە، کە کۆش کرانەوە هەڵە پێك دەهێنن. بەو پێیە ئەگەر ڕستەکە لێی بقرتێت و تاوتوو بکرێت بۆ بارێکی پەسەند ئەمەی لێ شین دەبێتەوە (لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئاوێستا هەر بەزمانێکی مردوو لە قەڵەم دەدرێ). خۆ ئەگەر لە دوو وشەی (هێشتا) و (هەر) یەکێکیان بەلاوە بنرێت ڕستەکە بێ عەیبتر دەبێت، (لەگەڵ ئەمەشدا ئاوێستا هەر

بەزمانێکی مردوو...). بەڵام بەمەدا واتا و مەبەستی ڕستەکە لە چەنگ ڕەخنە قوتار نابێت چونکە (ئاڤێستا) ئەو مردووە نییە. کەسێك ئاگاداری جموجۆڵی زەردەشتییەکانی ئێران و ئەولاتری ئێران بێ دەبینێ ئەدەبیات و دەستووراتی ئاڤێستا ڕۆژ لە ڕۆژ پتر هێز وەردەگرن و چالاکتر بەسەر زار و زمان و قەڵەمانیشدا دێن و دەچن. زمانی ئاڤێستا وەك زمانی سۆمەر و ئەکەد نییە لە بیران چووبێتەوە، تەنانەت وەك زمانی لاتینیی کۆنیش نییە هەر لە مێشکی مامۆستایاندا بژیت چونکە ئاوێستا وەك تەورات پێوەندیی بەبیروباوەڕی غەیبییەوە هەیە و پێڕەوەکانی نوێژی پێ دەکەن و لەبەر خوا دەپاڕێنەوە و قوربانیی ئاینیی ئەو زمانە و دینە لە خۆیان دەگرن... بەرەیێکی دیاری ئێرانی و ئێراننناسەکانی فارس لەم ڕۆژگارەدا بەچالاکی خەریکی بووژاندنەوە و گەشەپێدانی ئاڤێستا و دینی زەردەشتن، وەك بزانم دەوڵەتی ئێرانیش دانی بەبوونیاندا هێناوە لەمەشدا هەر دەڵێی فەرمانەکەی خەلیفەی دووەم (عومەری خەتاب) کە زەردەشتییەکانی بە (أهل الكتاب) دانا هەڵگیراوەتەوە. خولاسە، بەمردوودانانی زمانی ئاڤێستا و دینی زەردەشت وەها بەسەرپێیێ نابێت، ئەو سەرچاوەی قسەی وەهاشی لێ وەرگیرابێ دیارە پەلەی کردووە و نەختێکیش خلیسکی بردووە. بەهەمەحاڵ ئەم هەڵەیە بۆ لایەنی زمانناسیی گوتارەکە ناچێتەوە.

هەر لەو مەسەلەیەی مردووەتیی ئاڤێستادا هەڵەیێکی فکری دیکە هەیە پێی دەڵێن (تناقض)، واتە خۆهەڵوەشاندنەوە، لەوەدا کە گوتارەکە لە پێشەوە ڕایەکی ناپوخت دەردەبڕێ لەبارەی هۆی مەیین و وەستاندنی زمانەوە کە دەیداتەوە بەمردنی ئەو گەلەی قسەی پێ دەکەن، هەر بەدوا ئەوەشدا دەڵێ زمانی ئاڤێستا مردووە کەچی دەشڵێ بۆ ماوەی دوور و درێژ زمانی (سەرپاکی سەرانسەری) کوردستان بووە خۆ دەشزانین، گوتارەکەش دەڵێ، کورد زیندووە. ئنجا با خوێنەر سەیری ئەم خۆ پاشگەزکردنەوەیە بکات.

زمان دەمرێ، دەمەیێ چونکە ئەو خەڵکەی قسەی پێ دەکەن مردوون.

ئاڤێستایی زمانێکی مردووە.

ئاڤێستایی زمانی دێرینەی هەموو کوردستان بووە.

کورد نەمردووە.

بێگومان ئەم تەرزە قسانە مایەی دڵگەرمی و پەلەپەل و کەم لێکدانەوەیە، بەکوردی،

بەچکەی عاتیفەیە و بەس.

بەیەکەوە بەسترانی چارەنووسی زمان و خاوەنەکەی وەها سادە و (متناقض) نییە، وا دەبێ زمان دەمرێت و گەل بەردەوام دەبێت [قیبتییەکان زمانیان بوو بەعەرەبی و کەسیش لە ناوی نەبردن]. ناوناوەیێکیش دەبینی زمانی نژادی هێندە گۆڕانی بەسەردا دێت پێوەندیی بەڕابردوویەوە نامێنێت وەیا زۆر بێ هێز دەبێت هەرچەند خاوەنەکەشی زیندووە [عەرەبی یەمەن هەر ماون بەڵام زمانی کۆنیان لە ئاخاوتندا نەماوە، پێشی نانووسرێت، تەنانەت زمانی عەرەبی بەتێکڕایی ئەگەر شێوەی پێش ئیسلامی لە نووسین و کتێباندا نەژیابا، ئێستا ئەویش بەنیسبەت ئاخاوتنی عەرەبییەوە وەك زمانی ئاڤێستای لێ بەسەر دەهات، فەرموو قسەی خەڵقی تونس بەم بەیتە بگرە:

هيق هجفٍ و زفانيّة مرَطَى

زعراءَ ريش جناحيها هراميلُ]

بەیەکەوە مردن و ژیانی زمان و مرۆڤ باسێکە وەها بەپەلە ئەنجام نادرێت..

لە سەرەتاکانی ستوونی سێیەمی گوتارەکە ڕستەیێکی نالەبار هەیە هەم لە ڕووی ڕێزمانەوە هەم لە ڕووی فکرەوە تا بڵێی هەژارە، ئنجا داڕشتنەکەشی لە حەدبەدەر کزە. ڕستەکە ئەمەیە: (... ئەگەر ویسترا بەسەرهات و دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی باری ئابووریی کۆمەڵایەتیی گەلێ بزانی، یەکێ لەو ڕێگایانەی دەتگەیێنێتە ئاوات و ئامانج گرتنی ڕێگای لێکۆڵینەوەی مێژوویی وشەیە – لە کوێوە هاتووە؟ لە کەیەوە هاتووە؟ – واتە: «ئێتۆمۆلۆژی» وشەی زمان).

١– لەلایەن ڕێزمانەوە. کە گوتت (ئەگەر ویسترا..) ڕێ هەیە لە کۆتاییدا بڵێ (دەبێ بزانرێ) نەك (دەبێ بزانی) چونکە کە سەرەتای ڕستە (مبنى للمجهول)ی کەسی سێیەم بێت ناشێ دوایی ڕستەکە (مبني للمعلوم)ی کەسی دووەم بێت. ڕاست ئەوەیە سەرەتایی ڕستەکە (ئەگەر ویستت) بێت لەوە بەولاوە هەموو کەسەکانی ناو ڕستەکە (کە کەسی دووەمن) ڕاست دەردەچن. ئەم تێبینییەش لەوانە نییە سەرپێچیی تێدا بکرێت مەگەر بەنیازی نەسەلماندنی دڵگەرمانە..

٢– لە ڕووی تەعبیرەوە: باوەڕ ناکەم کەس هەبێ بتوانێ بڵێ من هیچ واتایێکی تەواوی ئەو کۆمەڵە وشانە لە خودی وشەکانەوە تێ دەگەم چونکە کە باسی (دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی باری ئابووریی کۆمەڵایەتی!!) دەکات خەیاڵ بۆ

پێوەندیی نێوان (گەلان) دەڕوات، بەتایبەتی کە دەیەوێ لە ڕێی هاتنی (وشە) بۆ ناو زمان ئەو دۆستایەتییە و ئاڵوگۆڕە، بزانێت چونکە دیارە هاتنی وشە بۆ ناو زمان دەبێ لە زمانێکی دیکەوە تەسەور بکرێ کەچی دەقی ڕستەکان پێوەندیی نێو گەلان بەدەستەوە نادات چونکە (دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی... گەلێ) دەکاتەوە یەك گەل. ئنجا چۆن دەشێ گەل دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕ (تبادل) لەگەڵ خۆیدا بکات. من لە زمانی حاڵی وشەکانەوە دەزانم مەبەستی عیبارەتەکە چییە نەك لە واتایانەوە چونکە لەسەر واتایەك ڕاناوەستن: دەزانم کە دەڵێ (وشە لە کوێوە هاتووە؟ لە کەیەوە هاتووە؟) دەیەوێ بڵێ هاتنی وشەی بێگانە بۆ ناو زمانێك پێوەندیی نێوان خاوەنی وشەکە و ئەو میللەتەی وەری گرتووە نیشان دەدات، وەك ئەوەی کە پەیدابوونی وشەی (ورشە) لە میسریی سەدەی نۆزدەمدا ئەوە ڕادەگەیەنێ کە میسر پێوەندیی نزیکی بەئینگلیزەوە بووە چونکە دیارە وشەکە لە (workshop)ەوە وەرگیراوە.

٣- لە ڕووی فکرەوە: هەرچەند گوتارەکە لێرەدا بیروڕای نێو کتێبان دەداتەوە، بەڵام نەیتوانیوە کەم و زۆر ڕوونـاکی و دروستی و وردی و نیشان پێکانی ئەو بیروڕایانە ڕابگەیەنێت، هەر دەڵێی تەعبیرەکانی لە ناو شەپۆلی ئەو کتێبانەدا خنکاوە، خنکانەکەشی بەهۆی نەفەسکورتیی خۆ ڕوونکردنەوە و ناپوختیی ڕستەکان و لێڵی (فکر)ی گوتارەکەوە بووە. (ئێتیمۆلۆجی) هەرگیز بەتاکە هۆی گرتنەبەری (ڕێگای لێکۆڵینەوەی مێژوویی وشە) نامگەیەنێتە ئاوات و ئامانج ئەگەر بمەوێ لە ڕێی زانینی (لە کوێوە؟ لە کەیەوە)ی هاتنی وشە بۆ ناو زمانێك (... دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی باری ئابووریی کۆمەڵایەتیی گەلێ) بزانم چونکە ئەم قسانە دەیێکی ئەو پێوەندییە جۆراوجۆرەی نێوان گەلانم نیشان نادەن کە لە ڕێی غەیری (دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی ئابووریی کۆمەڵایەتی)یەوە گەلان بەیەکەوە دەلکێنن ئیتر یا لکاندنی دۆستانە بێت وەیا دوشمنانە بێت، لە شێوەی (ئابووریی کۆمەڵایەتی)دا بێت یا لە شێوەی دیکەی وەك (ئاین، ئەدەب، فەن) بێت، بەئاڵوگۆڕ بێت وەیا بەسەپاندن و کەنەفتکردن بێت. خولاسە ئەم کوتانەوەی (ئابووریی کۆمەڵایەتی) لەم جێگەیەدا نە بەر شەپۆلێکی باوی نووسینی ئەم ڕۆژگارەیە بێ ئەوەی پێوەندی ژیوەری بەبابەتەوە هەبێت چونکە مەعلوومە بەرەکەتەکانی (ئابووریی کۆمەڵایەتی) بەر لە سەدان ساڵ لە نێوان نحوسەتی دەیەها پێوەندیی

ناڕەوا و دڕندەدا دەخنکان، تەنانەت ئەگەر پێوەندییە چاکەکان و نە چاك، نە خراپەکانیش بە بەرچاومانەوە بگرین دیسان کەڵەکە لەسەر (ئابووریی کۆمەڵایەتی) دەکەن وەك کە بەداخەوە، دوشمنایەتیش لە کۆندا فرزەی لە دۆستایەتی دەبڕی.

سەرنج لە ڕستەی دواتر بگرە کە دەڵێ (بەهۆی وردبوونەوەی مێژووی ئەو وشانەوە... هەن و نییەی ئەو وشانەمان بۆ دەردەکەوێ، ئەو وشەیە لە کوێوە هاتووە؟ بەهۆی چییەوە هاتووە، هۆی هاتنی... لە چە دراوسێیەکەوە وەرگیراوە!... ! هتد) سەرلەنوێ بەداڕشتنێکی کز و ناتەواوەوە واتا و مەبەستەکانی عیبارەتی پێشووتر دەڵێتەوە، تەنانەت ڕستەکە زۆر بەهەژاری وشەی (کوێ)ی عیبارەتی پێشوو دووبارە دەکاتەوە بێ ئەوەی مەبەستێکی تازە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. لەوەش بترازێ ڕستەکە لە ناوەڕۆکی خۆشیدا وشەکان دەکوتێتەوە [بەهۆی چییەوە هاتووە، هۆی هاتنی[١]]، ئنجا کە دەڵێ (لە کوێوە هاتووە) هێندە نابات دەڵێ (لە چە دراوسێیەکەوە وەرگیراوە!... ! هتد). کێ دەتوانێ پێم بڵێ فەرقی نێوان (لە کوێوە) و (لە چە دراوسێیەکەوە) چییە! بەهەمەحاڵ گوتارەکە لێرەدا ئەوەندەی چاك کردووە کە بەهۆی (هتد)ەوە خۆی لە دەردی سەری تەعبیری زەحمەت ڕزگار کردووە، هەرچەند ئەو مەبەست و واتایەی قسە ناتەواوەکان جینگڵی تێدا دەخۆن چ زەحمەتێکی ئەوتۆی تێدا نییە و هەموو دەست و قەڵەمی شلکیش پێی دەوێرێ.

لە ڕستەکەی دووەمدا تەعبیرێکی زۆر ناکوردییانە و ناشارەزایانە هەیە کە دەڵێ: (بەهۆی وردبوونەوەی مێژووی ئەو وشانەوە...). وەك لەخۆوە دیارە، داڕشتنی ڕستەکە وا ڕادەگەیەنێ کە بەهۆی وردوخاشبوونەوەی مێژووی وشەکان فلانە شت و فیسار حاڵەت ڕوون دەبنەوە، چ بەهانەی هەڵەی چاپیش لەو داڕشتنەدا بەچەنگ ناکەوێ چونکە بەعادەت ئەو وشە و ڕستەیەی هەڵەی چاپی تێدایە شوونێکی مەیلەو دیتراوی ئەسڵەکەی تێدا دەمێنێ، بەڵام لێرەدا شوونی وەها پەیدا نییە چونکە ئەو ئەداتی (ی)ی

(١) نووسەران لە دوای ئەو وشانەی کۆتاییيان بە (ی) دێت دێن بۆ کەسی سێیەمی تاکیش (ی)ەکی دیکە قەتار دەکەن، بەڵام لێرەدا هاتنی دوو (ی)ی بەهیچ مەزهەبان دروست نییە چونکە وشەی (هاتن) چ (ی) پێوە نییە تاکو بڵێین لەگەڵ ڕاناوەکەی کەسی سێیەمدا دەبن بەدوو. ناشزانم بۆچی گوتارەکە لە جێگەی (چ) هەر دەنووسێ (چە) کە ئەمە فارسییە و کوردی نییە.

ئیزافەی نێوان (وردبوونەوە) و (مێژووی ئەو وشانەوە..) وەھا جێی خۆی گرتووە لێ ناگەڕێ بڵێین ھەڵەی چاپ (وربوونەوە لە مێژوو..)ی کردووە بە (وردبوونەوەی مێژوو..)

چونکە کۆتایی عیبارەتەکە ئەم تەئویلە ڕەت دەکاتەوە، تۆ ناتوانی بڵێی (بەھۆی وردبوونەوە لە مێژووی ئەو وشانەوە – لەم حاڵەتەدا ڕاست ئەوەیە بگوترێ «بەھۆی وردبوونەوە لە مێژووی ئەو وشانە»). بەھەمەحاڵ من لە خۆمەوە ئیحتیمالی ھەڵەی چاپ دەھێنمە ناو قسان، دەنا گوتارەکە ھێندە گوێی نەداوەتە ئەو تەرزە وردەکارییە.

ھەر بەدوا ئەو ڕستەیەدا، لە ھەمان ستوونی سێیەمی گوتارەکەدا، دەخوێنینەوە (ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە زۆر بەچاکی و چالاکییانە لایەکی گەورەی مێژوو... ڕۆشن دەکاتەوە). ئەم وشەیەی (چالاکییانە) ھەڵەیێکی ڕێزمانیی زۆر زەقە، یا دەبێ بگوترێ (بەچاکی و چالاکی) وەیا بگوترێ (بەچاکی و چالاکانە) چونکە ڕێژەی وەك (پیاوانە، کوردانە، ژیرانە..) تەنیا لەگەڵ وشەی مادیدا دێن ئیتر یا ناو بێت یا ئاوەڵناو، بەنموونە سەیری ئەم ڕێژانە بکە، عەقڵانە، ھۆشانە، سۆزانە – ھەڵبەت دەبێ بکرێتە، عاقڵانە، ھۆشیارانە، سۆزناکانە... وشەی (چالاکی)ش ناوی مەعنەوییە، ھەڵناگرێ لەو ڕێژەیەدا ببێتە (وەسف – بۆ فیعل یا برا فیعل «وەك، خۆراك و پۆشاك...» کە ئەمەش لە ڕێزماندا درێژەی ھەیە و لێرەدا لێی نابینەوە – بەنموونە: دەگوترێ، خۆراکی کوردانە، پۆشاکی ژنانە.).

لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە (١٩)ی گۆڤارەکە ھەندێ قسەی وەك بەدیھی دەدیترێ، بەڵام کە لێی ورد دەبیتەوە ھیچ واتا بەدەستەوە نادەن، مانای چی زمانی کوردی (ھەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان تا ڕادەی ترووکەی چاوێکیش گەلی کوردی بەجێ نەھێشتووە)؟ کەس بەتەما بووە زمان گەلەکەی بەجێ بھێڵێ؟ کەس شتێکی وەھای گوتووە؟ ھیچ زمانێك لە دەسەڵاتیدا ھەبووە گەلەکەی بەجێ بھێڵی؟ ئەمە ھەر قسەیە و بەس لە خوێندەواری تێ ھەڵکشیو ناسەلمێندرێ، ئنجا ناشگوترێ (تا ڕادەی تروکەی چاو..) چونکە (ڕادە) بۆ (پلە)ی شتان بەکار دێت نەك (مقدار)ی شتان، دەبێ بگوترێ (بەقەدەر تروکەی چاو، بایی تروکەی چاو، ھێندەی تروکەی چاو..) ئەوەی وەھاشی بەکارنەھێنێت و بۆ میقداری شتانی بباتەوە شەڕ بەزمانەکە دەفرۆشێ وەك ئەوەی لە عەرەبیدا بڵێی (لا أغفل عنك بدرجة لحظة عين) لە جیاتی (قدر لحظة عين).

ھەر لەو دێرانەی سەرەتاکانی ئەو ستوونەدا نووسراوە (زمانی کوردی...

پارێزگاریی ڕەسەنیەتیی ڕێزمان و دەنگسازیی خۆی کردووە..). بەڕاستی کەس تێ ناگا مەبەس چییە لەوەی بگوترێ (ڕەسەنیەتیی دەنگسازیی خۆی) چونکە کەس نازانێ دوو سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەم کوردە دەنگەکانی ئاخاوتنی خۆی چۆن دەربڕیوە تاکو بتوانین دان بەوەدا بهێنین کە دەنگەکانی ئێستاکەی هەمان دەنگی ڕۆژگاری زەردەشتە. لەم سەردەمەدا مەنگوڕ و خۆشناو جوداوازیی نێوان هەندێك لە دەنگەکانی ئاخاوتنیان تێدا هەست پێ دەکرێ ئیتر نازانین بەچ مەبەستێکەوە بڵێین ڕەسەنیەتیی دەنگسازییان پاراستووە! کامیان ڕەسەنە؟ بۆچی ئەویان ڕەسەنە؟ بەڵگە چییە؟ ئنجا نابێ بشگوترێ (ڕەسەنیەتیی دەنگسازی) چونکە وشەی (دەنگسازی) بۆ لای زانستی دەنگمان دەباتەوە کە دەزانین نە کورد و نە هیچ میللەتێکی دیکە ئاگای لە (دەنگسازی) نەبووە تاکو بیپارێزێ یا شتێکی دیکەی لەگەڵدا بکات. لەمەش بترازێ، ئەگەر بەبیری خۆماندا بهێنین کە دەنگی بێگانەش تێکەڵ بەدەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی بوون ئیتر بەجارێ لەو ڕەسەنیەتییەی دەنگسازی نابەڵەد دەبین. ئێمە کە نەزانین دەنگەکانی زمانەکەمان لە کۆندا چۆن دەربڕاون، لە ئێستاکەشدا جوداوازییەکی ئاشکرا لە نێوان دەنگەکانی زارە جوداکانی زمانەکەمان دیاردەیێکی بێ دەمەتەقە بێت، بشزانین دەنگی ناڕەسەن کەوتووەتە نێو زمانەکەمان ئیتر چۆن لە مەبەستی ئەو (ڕەسەنیەتیی دەنگسازی) باس لێکراو بگەین؟

لەبارەی (ڕەسەنیەتیی ڕێزمان)یشەوە دەبێ وەك یەکبوونی دەستوورەکانی ئێستاکە و کۆنینەی هەزاران ساڵەی ئاخاوتنی کوردی بەئیسپات بگات ئنجا بوێرین دەم لەو ڕەسەنایەتییە بدەین بەو جۆرەی کە گوتارەکە هەر بەڕێوە لێی دەبێتەوە. تا ئێستا هیچ زانایەك و نووسەرێك و مێژووەوانێك لەوەی نەکۆڵیوەتەوە ئایا زمانی میللەتی (خوری – هوری) کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بەر لە (میلاد) دانیشتووی هەموو کوردستانی سەروو و بەشی هەرە زۆری کوردستانی عێراق بووە چ تاوێکی بۆ سەر زمانی کوردی هێناوە؟ کە زمانەکەیان توایەوە چ خڵتەیێکی نیشتە ناو زمانی کوردی؟ تۆ بڵێی خورییەکان شادەمارێکی (غەیری ئێرانی) لە میللەتی کورد پێك نەهێنن؟ ئەوەی ترانسلیتەرێشنی تێکستە خورییەکانی (گردی شمشارە)ی خوارووی ڕانیە بخوێنێتەوە دەتوانێ تروسکەی ئەو زمانە لە ئاخاوتنی ئێستاکەماندا بدۆزێتەوە. ئەو تێکستانە بۆ نزیکی چوار هەزار ساڵ تێ هەڵدەکشن، جا ئەگەر پێوەندیی زمانی خوریمان بەکوردییەوە سەپاند ئایا مەبەستمان لە (ڕەسەنیەتیی ڕێزمان)ی کوردی چی دەبێ؟

پشتگوێخستن و تێ نەخوێندنەوەی ئەم تێبینییانە هۆی شانازی بەدەست کەسەوە نادەن، بایەخ پێدانیشیان پایەی زانایی کەس دانالەنگێنێت، بەئیسپات گەیاندنی ڕەسەنایەتی و نارەسەنایەتیش کاری بادی هەوا نییە، خۆ ئەگەر گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نوێ) پابەندی پەندی خۆی بکەم ڕێم هەیە لێی داوا بکەم، پێش ئەوەی هەنگاوی (ئیتیمۆلۆجی)ی کوردی بەرەو دۆزینەوەی وشەی بێگانەوە ببات پێویستە وشە ڕەسەنەکانمان بەرەو سەرچاوەی ڕاستەقینەی خۆیانەوە ببات ئیتر لەوانەیە مەعلووم بکرێ کەوا بەشێکی وشەکانمان بەشێوەیێکی ڕەسەن لە سەرچاوەی غەیری ئێرانییەوە هەڵقوولێن.

لەو ستوونە یەکەمەی لاپەڕە (١٩)دا وشەی (بەرامبەر) هاتووە: ڕاستیی ئەم وشەیە (بەرانبەر)ە کە لە کێش و لە ڕێژەی (سەرانسەر)ە. هاتنی (ن)ی وەستاو لە پێش (ب)ەوە لە ئاخاوتندا دەیکات بە (م) هەر وەك وشەی (عەنبەر) بە (عەمبەر) دەخوێندرێتەوە بەڵام دەبێ (عەنبەر) بنووسرێت. من بۆ خۆشم بەهەڵە وەیا بەلەبیرچوون وا بووە (بەرامبەر)م نووسیووە. وشەی (دەوراندەور)یش یەکێکە لە تاقمی (سەرانسەر) و (بەرانبەر)..

هەر لەو ستوونەدا (گۆکردن) بەواتای (تلفظ) بەکار هێنراوە. ئەمەشیان هەڵەیە چونکە بەواتای (جووڵەکردن) دێت وەك کە دەگوترێ (دەستی گۆ ناکات، زمانی گۆ ناکات). دیارە زمان گۆنەکردنەکە بووەتە هۆی ئەو هەڵەیە.

دیسان لەو ستوونەدا هەڵەیێکی فکر هەیە: گوتارەکە لەو شوێنەدا وەها ڕادەنوێنێ کە قەرزکردنی وشەی بێگانە بووەتە هۆی پەیدابوونی شێوەی هەمەجۆر لە زمانی کوردیدا. هەڵبەت ئەم ڕایە ڕاست نییە چونکە جودایی نێوان شێوە ئاخاوتنەکان لە وشە و عیبارەتی کوردیش بەدەر دەداتەوە چ لە ڕووی (تلفظ)ەوە بێت و چ لە ڕووی دارشتنەوە بێت. بەنموونە، پشدەری دەڵێن (ئەمە گوتن) لە جیاتی (ئێمە وتمان)ی سلێمانی و (مە گۆت)ی بادینانی، دیارە ئەمانەش هیچیان لە دەرەوە بەقەرز وەرنەگیراون. لە حەقیقەتدا قسە لەبارەی هۆی پەیدابوونی زاری جودا لە زماندا درێژەی هەیە و لێرەدا نە لێی دەبینەوە نە پێویستیشمان پێی هەیە، بەڵام لەم شوێنەی هەمان ستووندا کە دەخوێنیتەوە (... چونکە کەرەسە قەرزکراوەکە لە لایەکەوە، لە ڕەگەزێکەوە نییە) چاوەنۆڕی (لایەکی دیکەش) دەکەیت کەچی دەستت بەهیچ ناگات. سەیری دارشتنەکەش بکەیت دەبینی بەدوایەکدیدا هاتنی (... لە لایەکەوە، لە ڕەگەزێکەوە) یەکجار ناقۆڵایە و چ خزمایەتیی لەگەڵ شێوە نووسینی ئەدەبی نییە.

هەر لە بەرودوای ئەو ستوونەدا وشەی (تیادا) هاتووە. دەزانین (تیا) بریتییە لە (تێدا) کە بەهۆی سوانی (د)ەکە لە زاری سلێمانیدا بووەتە (تیا). لەبەر ئەمە (تیادا) بریتییە لە (تێدادا). هەر بەو پێیەش کە دەنووسرێ (تیایا) لە حەقیقەتدا دەبێ لە (تێدایدا)وە هاتبێت چونکە (تیا) وەك گوتمان (تێدا)یە (یا)کەی دووەمیش (یدا)یە. جا ئەگەر بمانەوێ زمانێکی ئەدەبیی ڕاستمان هەبێت پێویستە بنووسین (تێدا) لە بری (تیا) بشنووسین (تێیدا) لە بری (تیایا)، دیارە (تیادا)ش بەهەموو مەزهەبان هەر هەڵەیە. خۆ ئەگەر نووسەرانی (تیا، تیایا، تیادا) بەردەوام بن لەسەر ڕاڕەوی خۆیان ناشێ داوا بکەن نووسەرانی دیکە واز لە کوردییە ڕەسەنەکە بهێنن بەناوی یەکچوونکردنی شێوەی نووسینی ئەدەبی، چونکە داوا لە شێوەی ئەدەبی دەکرێ کام ڕێباز ڕاست و دروستە ئەویان بکاتە شەقامەڕێی نووسین[١].

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە (١٩)ی گۆڤارەکەدا وشەی (جوگرافی) هاتووە، ڕێژەی نیسبەتی کوردی لە وشەی (جوگرافیا) دەبێتە (جوگرافیایی) نەك (جوگرافی) چونکە ئەمەیان لە عەرەبییەوە وەرگیراوە. بەوەش لە عەرەبیەتی ناکەوێ کە (غ)ەکە کراوە بە (گ) هەروەك کە لەجیاتی (بەسرایی) گوتت (بەسری) هەر ڕێژەی عەرەبیەت بەکارهێناوە هەرچەند سینەکەشت لە جێی ساد داناوە.

هەر لە بەرودوای ئەو ستوونەدا تا سێیەکێکی ستوونی سێیەم ڕایەك دەربڕاوە لەبارەی پێویستبوونی بەکارهێنانی شێوەی ئەدەبیی و بەلاوەنانی شێوە ئاخاوتنی ناوچەیی لە نووسیندا. هەڵبەت من پتر لەو نووسینە داواکاری چەسپاندنی شێوەی ئەدەبیی زمانی کوردیم، وا دەزانم قووڵتریش بۆ ئەو مەبەستە ڕۆیشتووم، بەڵگەشم ئەو دوو گوتارەیە کە لە بەرگی چوارەم و بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردا بڵاو کرانەوە و لێرەدا بەپەراوێز پەنجەیان بۆ ڕاکێشراوە. من لە ڕووی پەرۆشەوە بۆ زمانەکەمان، دەمەوێ نووسەری کورد ڕێگە بدات بەپەسەندترین و ڕەسەنترین و بەهێز و پێزترین تەعبیر و داڕشتن و شێوازی کوردی کە شێوە ئەدەبییەکەمان دەوڵەمەندتر بکات و بەرەو پێشتری ببات، ئەم ئامانجەش بەو تەرزە قسە سافیلکانەی ناو ئەو ستوونە پێك نایەت. هەر ئێستا نموونەیەکی ڕێنیشاندەری ئەو کارە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر:

---

(١) تەماشای گوتاری (ڕێنووسی کوردی – پەراوێز لە ل ٢٤١– ٢٤٩) لە بەرگی چوارەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦ و گوتاری (هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەیێکی زمانی کوردی لە ل ٢٧٤ – ٣٠٠) لە بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧ بکە.

لە نێوان بەشێکی ئێلەکانی کورددا [وەك دانیشتوانی پشدەر – پژدەر] لە جیاتی (ئێمە کردمان، ئێمە گوتمان..) دەڵێن (ئەمە کردن، ئەمە گوتن) لە جیاتی (ئێوە کردتان، ئێوە گوتتان..)یش دەڵێن (ئەوە کردو، ئەوە گوتو[1]...). لە حاڵێکدا بیانەوێ تەئکید بهاوێنە سەر دەوری شەخس لە کردەوەدا دارِشتنێکی تایبەتی بەکار دەهێنن و دەڵێن (ئەمەن کرد، ئەمەن گوت – ئەوەو کرد، ئەوەو گوت) جا کە بیستت گوتیان (ئەمەن کرد) دەبێ بزانی مەبەستیان ئەوەیە گرنگی بدەن بەدەوری خۆیان لەو کردنەدا نەك بەکردنەکە خۆی، واتە لەو کردنەدا کەسێکی دیکە بێ لە خۆیان بەشداریی کارەکە نەبووە. ئنجا سەرنج بگرە، لەم تەعبیرەدا (ئەمەن کرد و ئەوەو خوارد) ڕێت نییە ڕاناوەکان بقرتێنیت وەك کە لە ئاخاوتنی عادەتیدا ئەو ڕێیە هەیە، تۆ دەتوانی بڵێیت (کردمان، خواردتان – کردن، خواردوو) هەروەك دەتوانی بڵێیت (ئێمە کردمان، ئێوە خواردتان – ئەمە کردن، ئەوە خواردو) بەڵام کە هاتی لە ڕستەی (ئەمەن کرد)دا ڕاناوە نەلکاوەکەی (ئەمە) وەیا لکاوەکەی (ن)ت قرتاند ڕستەکە واتا نادات، (ئەمە کرد، ن کرد) خۆ ئەگەر سەرلەبەری (ئەمەن)ت لە ڕستەکە ستاندەوە تاکە وشەیێکی ناتەواوی (کرد) دەمێنێتەوە. لەم نموونەیەدا مەبەستم ڕاکێشانی سەرنجی ڕۆشنبیری (دڵسۆز)ی کوردە بۆ ئەو جۆرە تەعبیرە ڕەسەنە کوردییانەی کە نەکەوتوونەتە ناو شێوازی ئەدەبیمانەوە، هۆی ئەم دیاردەیەش مەیلەو ڕوون کراوەتەوە لەو دوو گوتارەدا، کەسێك بیەوێ پتر لە باسەکە ورد بێتەوە دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە و لە لای خۆشیەوە قووڵتر داگرێت لە ناوکێڵکردنی دێراوەکانی نووسینی ئەدەبیمان.

لە بەرودوای ستوونی سێیەمی لاپەڕە (١٩)دا دەخوێنیتەوە: (... جا، هەر لەبەرئەوەیە بۆیە دەستی هاریکارییەتی...). لەم چەند وشەیەدا دوو هەڵەی گەورە هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کە دەڵێ (لەبەرئەوەیە بۆیە..) هەردووکیشیان یەك واتا دەبەخشن، دەستیش نادەن یەکدی تەئکید بکەنەوە چونکە تەئکید جێی خۆی هەیە و ئێرە هەو نییە.. ئەم هەڵەیەیان ئینشائییە هەڵەی دووەم (صرفی)یە کە دەڵێ (هاریکارییەتی) چونکە وشەی (هاریکاری) بەتەنیا خۆی ئیسمی مەعنەوییە بەواتای (تعاون، تضامن...) وشەکەش بەهۆی پاشگری (ی) پەیدا بووە کە یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی ئیسمی مەعنەوی وەك کە لە وشەکانی (جوانی، درێژی، کورتی..)دا واتای (جمال، طول، قصر..)ی دروست کردووە. لەبەر ئەمە بەسەرەوەنانی (ەتی) دەبێتە لێ زیادکردنی بێ

(١) لە موکریانیش دەڵێن (ئەوە گوتو، کردو..).

سوود و هەڵەی (صرفی). جا ئەگەر نەخوێندوویەك وەیا تازە خوێندوویەك هەڵەی وەهای کرد ناشێ ئەدیبەکانمان بیکەنە بەڵگەی ڕاستبوونی ئەو کارە و بیسەپێنن بەسەر شێوازی ئەدەبیماندا. لە کۆنەوە گوتراوە (لەسەر بەردی سەنگی سەخرێ..) بەڵام ئەگەر لە قالوبەلایەشەوە گوترابێ هەر کوتانەوەیەکی سێ جارەی بێ لزوومی یەك شتە.. ئەم هەڵەیەی وەك (هاریکارییەتی) لە قیاسی بێ جێیی نابەڵەدانەوە هاتووە کە دەبینن وشە هەن وەك (خزمایەتی، کوردایەتی، برسییەتی...): وشەی (خزم، کورد) بەهۆی (ایەتی) بوونەتە ناوی مەعنەوی، وشەی (برسی)ش بەهۆی (ەتی)یەوە. درێژەی ئەم باسە لە گوتاری (بەکارهێنانی «ی» لە ڕێزمانی کوردیدا) لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٧٣دا بڵاو کراوەتەوە.. بەهەمەحاڵ وشەی (هاریکارییەتی) وەك ئەوەیە بڵێی (برسییەتی)، جا ئەگەر کەسێك لە نووسیندا بەکاری هێنابێت هەڵەیەکی کردووە، وەك کە هەموومان بەهەڵەدا دەچین، هەڵەش لەسەر مرۆڤ بەعەیب حیساب ناکرێ ئەگەر دوای ڕوونبوونەوەی خۆی پێوە نەلکێنێت..

دوای دوو دێری کورتیلە تووشی ئەم شتە دێیت (... زانایانی کورد و کوردەوانییەکان زماننناسەکان بۆ هێنانە دی...). ئەم ڕیزکردنە نە واتا دەبەخشێت و نە تۆسقاڵێکیش جوانیی تێدایە و نە بەهیچ بۆرە تەئویلانیش بۆ لای نووسینی ئەدەبی دەچێتەوە. من لە لای خۆمەوە یارمەتییەکی ناتەواوی ڕستەکە دەدەم بەوەدا کە بڵێم واوێکی عەتف لە نێوان (کوردەوانییەکان زماننناسەکان) پەڕیوە، بەڵام چاری (کوردەوانییەکان) نە بەمن دەکرێ نە بەکەسی دیکەش، چونکە ئەم وشەیە ناوی مەعنەوییە لە (کوردەوان)ەوە هاتووە وەك کە (پاسەوانی) لە (پاسەوان)ەوە هاتووە، بەوەش لە ناوی مەعنەوی ناشۆڕێ کە بەهۆی (کان)ەوە خراوەتە ڕێژەی کۆ هەروەك (پاسەوانییەکان) لێی ناشۆڕێ. بەو پێیە ئەگەر وشەکان وەرگێڕینە سەر عەرەبی وەها دەردەچن (علماءُ الکرد والکردیاتُ وعلماءُ اللغة..). دیارە گوتارەکە لەم ئیزافەیەی ناوی مەعنەوی بۆ سەر ناوی مادی و بەدواداهێنانی ناوێکی مادیی دیکە بۆ پاش ناوە مەعنەوییەکە وای تەسور کردووە کە (کوردەوانییەکان)یش هەر ناوی مادییە، واتە بەخەیاڵی (کوردەوان) وشەکەی بەکار هێناوە، بەڵام لەمەشدا دووچاری هەڵە بووە چونکە ئەوسا وشەکە وەك (بەرخەوان، کارەوان)ی لێ دێت کە خەریکی پەروەردەکردنی بەرخ و کارە، (کوردەوان)یش دەبێ خەریکی مرۆڤی کورد بێت بۆ

بەرێوەبردن و پەروەردەکردنی کە ئەمەش ناشێ مەبەستی گوتارەکە بێت. دیارە ئەوەی کە مەبەستە لەم وشەیەدا واتای (المهتمون بالکردیات)ە. جا کە ئەمە وا بێ پێویستە لە وشەی (کوردی)یەوە بۆی بچین و بڵێین (کوردییەوانەکان) کە بەرێنووسی ناو گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) دەبێتە (کوردییەوانەکان).

لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە (٢٠)ی گۆڤارەکەدا ئەم عیبارەتە هاتووە (... بۆ ژیاندنەوەی کەلەپووری کوردی و سەرفرازکردنی لە دەست زەبر و جەوری تۆز و خۆڵ و ئاڵوگۆڕی چەرخ...). لە ئاست وشەی (سەرفرازکردن)دا هەر ئەوە دەڵێم، لێرەدا بەشێوەی ئاخاوتنی عادەتی نەك ئەدەبی بەکار هاتووە چونکە ناشێ بڵێین کەلەپوور سەرفراز دەکەین مەبەستیش پاراستنیەتی.

باوەڕ ناکەم لێرە بەپێشەوە کەس نووسیبێتی (زەبر و جەوری تۆز و خۆڵ..) چونکە زەبر لە کوتەك و گاشەبەردەوە چاوەنۆڕی دەکرێت نەك لە تۆز و خۆڵ. ئەم بەکارهێنانە هەڵەیەی (زەبری تۆز و خۆڵ) لە هیچ شێوەیێکدا دروست نییە، نەئەدەبی و نەعادەتی، پاراستنی کەلەپووریش بۆ ئەوە نییە وشە پاراستراوەکان لە جێگەی نالەباردا بەکار بهێندرێن(١)، ئەدەب و خوێندن و ڕۆشنبیریش بۆ ئەوە نین نووسەران لە ڕێکاری عادەتیی خەڵق بەرەژێر ببەن. وشەی (ئاڵوگۆڕ)یش لە ڕاستیدا بەواتای (بەیەکدی گۆڕینەوە، جێگە بەیەکدی گۆڕینەوە) دێت نەك (گۆڕین)ی ڕووت وەك کە لەم شوێنەدا بەکار هاتووە. دەبینم نووسەران ناوناوە ئەم وشەیە بەواتای (گۆڕین) بەکار دەهێنن، بەڵام، وەك دەزانین، هەڵەکردن نابێتە بنەمای دەستووری هیچ شتێك. کە دەڵێی (لە ژوورەکەمدا ئاڵوگۆڕم بەشوێنی کەلوپەلەکەم کرد) مەبەستت ئەوەیە جێگۆڕکێت بەو کەلوپەلە کردووە واتە یەکێکیانت بردووەتە جێگەی یەکێکی دیکە، یاخود کە دەڵێی (من و دارا ئاڵوگۆڕمان بەگۆڕەوییەکانمان کرد) مەبەستت بەیەکدی گۆڕینەوەی گۆڕەوییەکانە دەنا گۆڕەوییەکان خۆیان لە خۆیاندا نەگۆڕاون.. جگە لەم لایەنە، لە لایەنی موناسەبەی واتای وشانیشەوە، چ خزمایەتی پەیدا نابێ لە نێوان (تۆز و خۆڵ لێ نیشتن) و (ئاڵوگۆڕ)دا چونکە ئەو ئاڵوگۆڕە چ بەواتای گۆڕینی عادەتی بێت و چ بەواتای پێك گۆڕینەوە بێت تۆز لە شتان دەتەکێنێت نەك لێیان دەنیشێنێت. لەبەر ئەمە سەرلەبەری ڕستەکە بەهەموو کێشانە و پێوانەیێك هی نووسینی ئەدەبی نییە،

(١) لە هەندێ حاڵدا بۆ مەبەستی سووك دەربڕینی وشە دەنگێکی (د) دێتە ناو کلێشەی وشەوە وەك کە گوتم (بهێندرێن) وەیا کە دەگوترێ (بگۆڕدرێ، دەبردرێ).

بەکەڵکی ئاخاوتنی سادەش نایەت.

بەدوا ئەمانەدا، توانجە بەستەزمانەکەی کە بەدەوری ناوی (محەمەد عەلی)یەوە بۆ گوتارەکە ڕێك خراوە و لە (پێشەکی)یەکانی من گیراوە، بەجێ دەهێڵم بۆ ئەو گوتارە و خوێنەرانیش. (پێشەکی) من و غەیری من باری کەوتووی یەکێکی دیکەی پێ ڕاست نابێتەوە، تەنیا تێبینییەکیشم هەبێ لە ئاست ئەو توانجەدا ئەوەیە کە تاڵاوی سەرلەبەری گوتارەکەی تێدا ئاشکرایە ئاشکراییەکەشی لەوانەیە گومانی خوێنەران بۆ ئەوە ببات کە ڕێکخەرانی گوتارەکە تۆڵەی شتێکی لێرە بەپێشەوە وەربگرنەوە چونکە هەمووومان ئەوەندە شارەزاییەمان بەخۆمان هەیە کە بزانین ئەو تەرزە شێوازە ناحەزانەیە لە تاکە سەرچاوەی سۆز و پەرۆشەوە هەڵناستێت. دەردی یەکجار گرانی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆژانەمان لەوەدایە کە بەناوی مەوزووعییەت و پەرۆشەوە کام مەبەستی شەخسییە ئەویان بۆ ناو (بابەت) ڕاپێچ دەکرێ. بەهەمەحاڵ چەندوچۆنی ئەم لایەنە ناتوانێ خۆی بهێنێتە ناو ئەوەی لێرەدا پێوەی خەریکم.

تا ئێرەی گوتارەکە پێشەکی بوو بۆ ڕەخنەگرتن لە نووسینەکانی من، وەك بۆشت دەردەکەوێ، پێشەکییەکە لەسەر هەموو بێ هێزیی خۆیەوە هێشتان لە چاو زێدە هەژاریی ڕەخنەکان بایەخێك پەیدا دەکاتەوە.

ڕەخنەکان لە پێشەوە بەرەنگاری وشەی (حەشارگە) بوون و خێرا بەخێرا گۆڕیویانە بۆ (هەشارگە). وا دەزانم بریق و باقی (هەوشار) فێڵی لە چاوە درشتبینەکانی ئەو گوتارە کردووە و ناوبانگی سەگی (هەوشار) ڕێی زەللەی لە پێش هەنگاوە بڵاوەکانیدا هەموار کردووە. ئیتر لەو پەلەپەلەی ڕەخنەگرتنی بێ جێدا تەلەزگەی بەستووە بۆ هەڵدێری هەزاری بەهەزاری ئەوتۆ گوریسیشی بۆ شۆڕ کەیتەوە سەرکەل نابێتەوە. مرۆڤ کە هێندەی ئەو شوێنەی گوتارەکە لە ڕاستی و لە بەڵەدی و لە ئینساف دوور کەوتەوە، بەکەس ناکرێ جارێکی دیکە ڕووی هەتڵەبوونی لە دروستی و ڕوونبینی و شارەزایی بکاتەوە، بەنموونە دەڵێم، یەکێك کە پێی داگرت لەسەر ئەوەی قەڵادزە کەربەلایە هەرچی خەریتەی دنیا هەیە ناتوانێ باوەڕە سەرەوبنەکەی هەڵگێڕێتەوە.

وەك لە لاپەڕە (١٣٩)ی کتێبۆلکەی (چەند حەشارگە...)دا نووسیومە: [حەشارگە جێی خۆ تێدا شاردنەوە وەیا شت تێدا شاردنەوەیە]. وشەی (حەشار)یش لەگەڵ فیعلە یاریدەرەکانی (بوون، کردن..)دا ناڕوات بگرە تەنیا فیعلی (دان) بەخۆیەوە دەگرێت و

دەگوترێ (خۆی حەشار دا، حەشارت دەدەم..). هەر لەم دوو ڕستەوەش[1] دەردەکەوێت کە مەرج نییە حەشارگە تەنیا بۆ دڕندە بێت، تەنانەت ڕاوکەران بەزۆری بۆ بزنەکێوی و مەڕەکێوی بەکاری دەهێنن، بۆ بەرازیش زیاتر (لانە بەراز) ڕۆیشتووە هەرچەند مانیع نییە لەوەدا حەشارگەشی بۆ بەکار بێت چونکە ئاخاوتن بەبەرییەوە هەیە وشەیێکی (عام) بۆ واتای (خاص) بەکار بهێنێت، وەیا لانە بەرازەکە هەر خۆی حەشارگەکە بێت.. لە ڕاستیشدا بەراز دڕندە نییە چونکە گیاخۆرە، بەڵام من شەڕ بەگوتارەکە نافرۆشم و بەدڕندە حیسابکردنی بەرازی لێ بەهەڵە ناگرم.

هەوشار ناوی ناوچەیەکی بەرینی کوردستانی ئێرانە و سەگەکەی پێ هەڵدەدرێتەوە، وەك کە لە پشدەردا دەڵێن سەگی (حەسار) مەبەستیان سەگێکە کە لە ڕەسەنی سەگی ئەو دێیەی (حەسار)[2] بێت. ئەگەر (هەوراش) بەواتای (دڕندە) بێ دەبێ ڕێش هەبێ بڵێین (شێری هەوشار، گورگی هەوشار..) هەڵبەت شتی وەها لە کدوولەی تەڕیشدا نەبیستراوە.

کە حاڵ و باری (حەشارگە) ئەمە بێ و چ جێی ئەو سەرسووڕانەی ناو گوتارەکەی تێدا نییە کە دێت و دەڵێ (نازانم بۆچی ئەم بەرهەمەی ئەم ناوەی پێوە نراوە). گوناهێکی کتێبۆلکەکە و من و «حەشارگە»ش لەوەدا نییە کە گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نوێ) لە مەسەلەکە نابەڵەدە، بێگومان (سەرنجڕاکێشانی بازاڕ)یش لە خۆنواندنی بێ بنج و بناواندایە.

لە موکریان لە جیاتی (حەشار، حەشارگە) دوو وشەی (حاشار، حاشارگە) بەکار دەهێنن.

بەدوا ئەم سەهوە زلەی گوتارەکە لە وشە و واتای «حەشارگە»دا دەبینین بەڵێنی نرخاندنی ناوەڕۆکی کتێبۆلکەکە دراوە، کەچی ببڕای ببڕای گوتارەکە نزیکی باسەکانی (حەشارگە) نابێتەوە و خۆی لە چەند لایەنێکی تەعبیر و وشەکانی دەئاڵێنێ ئەویش وەك کە ئێستا ڕوون دەبێتەوە بەشێوەیێکی یەکجار نابەڵەدانە.

(١) دەگوترێ (لەم دوو ڕستەوەش) هەروەك دەشێ بگوترێ (لەم دوو ڕستەشەوە) بەڵام تەنیا دەگوترێ (لە تۆشدا، لە کۆیەشڕا) ناگوترێ (لە تۆداش، لە کۆیەڕاش).

(٢) وشەی (صەگ) بەپیتی صاد نووسرا هی (حەسار)یش بەپیتی سین چونکە خەڵقەکە وایان دەردەبڕن.

گوتارەکە پێمان نالّێ ئەو پاشگرانەی باسیان لێ کراوە چین و چۆنن، ناوگر لە کوردیدا هەیە نییە، کۆتاییەکانی فیعلی ئایندەی کەسی سێیەمی تاك و دووەمی تاك ڕاناون، ڕاناو نین، فیعلی (انتقالی، پێچەوانە) هەڵدەگرن قسەیان لێوە بکرێ یاخود هەر دەبێ باسە کۆنبووەکانی ڕێزمان بکوتینەوە.. من ئێستاش داوا لە خوێنەران دەکەم سەرنج بگرنە ئەم لیستەیە لە شێوە گۆڕی فیعلی کوردی لەو بارانەدا کە من ناوی (انتقالی) و (انتقالی پێچەوانە)م ناون:

| فیعلی عادەتی | شێوەی انتقالی | شێوەی انتقالی پێچەوانە |
|---|---|---|
| دەبم | دەبمێ | دەمبێ |
| دەچم | دەچمێ | دەمچێ |
| | | دەمەوێ |
| | | دەمدزێ |
| دەیەخم | دەیەخمێ | |
| دەکەوم | دەکەومێ | دەمکەوێ |
| دەئێشێ (دێشێ) | | دەیئێشێ (دەییەشێ) |

ئاخۆ بۆچی فیعلەکان هێندێکیان سێ شێوەیان هەیە هێندێکیشیان دوو شێوەیان هەیە، کەچی بەشێکیان هەر شێوەی پێچەوانەیان هەیە، خۆ ناشکرێ دیاردەکە لە دەفتەری زمانی کوردی بسڕێتەوە هەر لەبەرئەوەی پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە وەیا گوتاری وەك هێنەکەی (ڕۆشنبیری نوێ) ناتوانێ پێوەی خەریك بێت وەیا ئەو بەکارهێنانانە لە گەڕەك و کوچەی نووسەراندا باو نییە.

بابزانین گوتارەکە چۆن بەناوەڕۆکی «حەشارگە»وە خەریك بووە.

لە پێشەوە گوتارەکە چاوی هەڵبەزیوەتەوە لە بەکارهێنانی تەعبیری (شلکردنەوە) و وەهای لێ خێل و خوار بووەتەوە هەر دەڵێی کەوە و دێوجامەی دیتووە. شلکردنەوە بەعەکسی بۆچوونی گوتارەکە نەپێشەکییە و نەدەسپێشخەرییە و نەسەرەتاشە، چونکە وەك لە واتاکەیەوە دەردەکەوێ ئاسانکردنە. دەتەوێ دەرمانێك وەیا خۆراکێکی وشکبوویەوە بەکار بهێنیت، نەختەك ئاوی تێ دەکەیت و بەکەوچکێك وەیا دارۆچکەیێك وەیا بەپەنجەکانت تێکیان هەڵدەشێلیت و شتە ڕەق هەڵاتووەکە شل دەکەیتەوە، منیش لەو ڕووپەڕانەی هەرە پێشەوەی «حەشارگە»کەدا ئەوەم کردووە..

ئنجا ئەمەش لە بەیندا نەبێ، زمانی کوردییە و لە دەقی خۆی و بەرێبازێکی کوردانەدا لەگەڵ خۆمم هێناوە بۆ بەرچاوی خوێنەری کورد ئیتر بۆ دەبێ (نووسەر!)ی کورد ئەو دڕدۆنگییەی لەگەڵدا بکات..

دوای ئەمە، گوتارەکە ڕەخنەی لە بەکارهێنانی وشەی (بەرچاو) گرتووە و دەڵێ: (...چونکە هەرگیز کورد ناڵێ «بەرچاوەکان»، بەڵکو کورد دەڵێ: «ئاشکراکان» یاخود «دیارییەکان» یاخود «ئەوانەی کە لە بەرچاون»). لێرەدا مەعلووم دەکرێ، ئەو کەسەی ڕەخنەکەی گرتووە لەوانەیە هەر گوێبیستی ئاخاوتنی کوچە و کۆڵانی گەڕەکی شارەکەی خۆی بووە و فەرهەنگی وشەکانی قسە پێکردن و نووسینی زۆر هەژارە چونکە وشەی (بەرچاو) بەو واتایەی من لەو شوێنەدا بەکارم هێناوە هی ڕەخنە لێ گرتن نییە مەگەر لەلایەن ئەو جۆرە بێ خەبەرەی زمانی کوردییەوە بێت... کە دەڵێ (هەرگیز کورد ناڵێ..) وای لێ چاوەڕوان دەکرێ بەقەدەر هێز و پێزی وشەی (هەرگیز)ی وەها بڕندە شارەزای کوردی بێت کەچی، بەڕاستی، خاوەنی ئەو (هەرگیز)ە مافی بەدەیەکی لە خۆباییبوونەکەی نییە. چەند جێی پەرۆشە نووسەری کورد لەو ناوەڕۆکانەی کە بەتەمایە لێیانەوە بدوێ هەڵبێت و بەتەپکەیێکی وەها بچکۆلانەی (بەرچاو و ئاشکرا)وە ببێت.

وشەی بەرچاو لەو جێگەیەدا کە من بەکارم هێناوە لە ئاشکرا و دیار بەهێزتر و ڕاگەیێنترە چونکە لەوانەیە چاو بەسەر شتی ئاشکرادا بکشێت و فەرقی پێ نەکات بەڵام لە نەدیتنی شتی (بەرچاو) چ عوزری بەدەستەوە نامێنێ؛ تۆ سەیرێکی نووسینەکەی من بکە چۆن دەڵێم (نووسینەکەم ڕوو لەو ڕێزمانشناسانەش ناکات کە ڕاهاتووی باسە بەرچاو و ناودەرکردووەکانی ڕێزمانن..). هەقم هەیە لە خوێنەری کورد داوا بکەم لەو تەعبیرە سادە و بێ قۆرتەم بگات، لەوەش ورد بێتەوە کەوا من هەقی وشەی (بەرچاو)یشم پڕ بەپێستی واتاکەی داوە کە لەگەڵ (ناودەرکردوو)ی جووت دەهێنم نەك ئاشکرا و دیار، چونکە ناودەرکردووش وەك بەرچاو هی لێ بێ ئاگابوون نییە. ڕەخنەگرتن کارەکی پڕ سوودە، بەڵام دەبێ ڕەخنەگر گەیشتبێتە پلەیێك بەسەر بابەتی ڕەخنە لێ گیراودا بنواڕێت نەك لە نزمایییەوە ڕەخنە لەو شتانە بگرێت کە بەسەریاندا ڕاناشکێت. دەبینیت، گوتارەکە تا ئێستا حوکمی بەکارنەهێنانی بەسەر دوو وشەی ڕێکوپێك و ڕاست و ڕەوانی (حەشارگە و بەرچاو)دا دەرکرد، شلکردنەوەشی تاوانبار کردبوو، هەر بزانە (دەستوورات)یشی لێ مەنع کردین. بڕوا دەکەم ئەم گوتارە

ئەگەر دەسەڵاتی تەواوی هەبێ خواردنی (چەنگ سۆتەکە و پەلەپفە)ش لە عالەم مەنع دەکات بەوەدا کە بڵێ هەرگیز کورد خواردنی وەهای نەخواردووە.

وشەی (دەستوورات)یش وا دیارە بەلای نووسەرانی(١) گوتارەکەوە عەنتیکە بێت. من لێیان بەعەیب ناگرم نەیانبیستبێت، بەڵام لێیان ناوەشێتەوە بەپەلە بڕیاری نەبوونی بدەن.

لە کوردیدا ڕێژەی کۆ (واتە: صیغة الجمع) وەك دەزانین چەند شێوەیێکی هەیە، هی لە هەموویان مەشوورتر و شایعتر ئەوەیە بەلێ زیادکردنی (ان) پەیدا دەبێت وەك: ژنان، پیاوان...

ڕێژەیەکی تایبەتی کوردی هەیە بۆ (کۆ) کردن لە کاتی بانگکردندا وەك کە دەڵێن: کوڕینە، خەڵقینە، مامۆستاینە...

ڕێژەیەکی یەکجار دەگمەنیش هەیە وەك: میوەجات. لە فارسیدا (حاصلجات، عملجات..) ڕۆیشتووە. دەتوانین وشەی وەك: (خوردەوات، سەبزەوات)یش لەم جۆرە وەیا لە جۆری دواتر حیساب بکەین.

ڕێژەی چوارەم ئەوەیە بەخستنەسەری (ات) پێك دێت، وەك: دێهات، مالات، باغات. ئەم ڕێژەیە، بەڕێکەوت، نالی لە شیعرە کوردی – عەرەبییە ئامێزەکەی (درونی لدار الشهرزور وبردە) بەکاری هێناوە: فباغاتە داغات جرگ الشقایق.

وشەی (دەستوورات) لەوانەیە بەر ئەم ڕێژەیە کەوتوون، بەزۆریش لە نێوان کوردەواریی دەشت و دەردا بەکار دێت وەك کە دەڵێن: دەستووراتی فەلاحەت. جا ئەگەر ئەدیبێك و نووسەرێك و کوردێکی عادەتی نەیبیستبێت خەتای من و زمانی کوردی لەوەدا نییە. وەك دەبینیت نەگەڕان بەوڵاتدا چەند کار دەکاتە زمانناسی.

بەدوا دەستووراتدا گوتارەکە ڕەخنەیەکی قورس و نارەوای لە عیبارەتێکی ناو (حەشارگە) گرتووە هیچیشی بەسەر هیچەوە نییە؛ گۆیا من لە لاپەڕە چواری کتێبۆلکەکەدا گوتوومە (.. لایەنە یەکجار بزر و وردەکانی بچکۆلە نارێك و

(١) گوتارەکە هاوارییەتی، پتر لە یەکێك تێیدا بەشدار بووە. ئەوەی ڕاستیش بێ، بەر لەوەی من ببینم هەبوون دەیانگوت شێوازەکەی جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە لە چاو جارانی.. کە خوێندمەوە منیش هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەوا یارمەتیی دراوە، بەڵام لەلایەن دەست و قەڵەمێکی شلکەوە.

پێچەکەکانی ڕێزمان..). ئەم ڕاگوێستنە لە نووسینەکەی منەوە بۆ ناو گوتارەکە هەڵەی گەورەی تێدا کراوە، هەر دەشڵێی بەئانقەستە چونکە هەڵەی چاپ سنووری هەیە..

من لەو لاپەڕەیەدا ئەمەم نووسیوە: (بەڵێ بێگومان زەحمەتی کاروباری زمان هەر لە دەربڕینی دەنگەکانی ئاخاوتنەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە کۆتاییی زەحمەتە زۆر ئەستەمەکانی لایەنە یەکجار بزر و وردەکانی ڕێچکۆڵە تاریك و پێچەکەکانی ڕێزمان.). بەڕاستی، من کە ئەم داڕشتنەم پەسەند کرد، ئێستاش پەسەندتری دەکەم، دوو ئامانجم دەرنەزەر کردبوو: یەکەمیان دەرخستنی گرنگی و قووڵاییی باسەکان، دووەمیشیان حورمەتگرتنی خوێنەری کورد لە ڕێی دواندنی بەتەعبیری ئەدیبانە و شارەزایانە. تۆ سەرنج بدە واتای (زەحمەتی زۆر ئەستەمی لایەنی یەکجار بزر و وردی ڕێچکۆڵەی تاریك و پێچەك). وابزانم ئەگەر غەدری لێ نەکرێ، ئەم تەعبیرە هی ڕەخنە لێگرتن نییە. تۆ لەلای خۆتەوە بەعیبارەتێکی وەك (سەرەڕای ئەوەش کەچی هێشتا ئاوێستا، ئێستە هەر بەزمانێکی مردوو...)ی ناو گوتارەکەی بگرە و پێم بڵێ ئایا گوتارێك خەریکی ئەو (هەدار هەدارانێ)یە بێت مافی ڕەخنەگرتنی دەمێنێت؟ کەسێك بیەوێ ڕاستیی شتان تێ بگات، دەزانێ من لە نووسینمدا، چ عەرەبی چ کوردی، دەمەوێ بەپێی دەسەڵات مافی تەواوی زمان بدەم بەنووسینەکە چونکە (تەعبیر) و شێواز بەشێکی بنجییە لە بەرهەمی ئەدەبی، لێرە بەپێشەوەش گوتوومە شێواز و ناوەڕۆك لە یەکدی جودا ناکرێنەوە چونکە (شێواز نماکردنی ناوەڕۆکە بەرەو دەرەوە..) خۆ بەزمانی خۆشم نەڵێم، ئەوەندە بەبەر نووسینی منەوە هەیە کە نووسینێکی وەك ئەو گوتارە پتر هەڵوەست لە ئاستیدا بکات و درەنگتر بەربێتە گیانی و شارەزایانەتر خۆی لێ بەسەهو ببات. کە ئەمە بۆ خۆم داوا دەکەم بۆ هەموو کەس و لە هەموو کەسی داوا دەکەم.. خولاسە.

ئنجا نۆرەی وشەی (حیسابان)ە:

گوتارەکە لێی بەعەیب گرتووم کە گوتوومە (خوێندەواری عادەتیشم لە حیسابان دەرهاوێشتووە..) لەوەدا گۆیا وشەی (حیسابان) هی کوێرەدێیەکە... بەڵام نووسەرانی گوتارەکە لە خۆیان کەوتوونەتە گومانەوە نەکا وشەکە هەر بەکارهێنانی تاکە یەك کوێرەدێ نەبێت ئیتر بەخێری خۆیان ئەمەشیان هاویشتووەتە سەر کوێرەدێکەوە (ئەگەر زۆر بەفراوانیش بەکار هاتبێ هەرگیز لە ناوچەیەکی بچکۆلە زیاتر تەجاوەز ناکات..) من نووسەرانی گوتارەکە سەغڵەت ناکەم بەوەدا لێیان بپرسم: کام کوێرەدێ؟

کام ناوچە؟ هەقیشمە لێیان بپرسم چونکە دیسان وشە پفدراوەکەی (هەرگیز)یان بەکار هێناوە.

لەگەڵ ئەمەشدا کە گوتارەکە لێرەدا بایی فەرقی نێوان شەو و ڕۆژان [ببینە دەڵێم «ڕۆژان – نەك ڕۆژ –»] لە جەوهەری زمانی کوردی دوور کەوتووەتەوە، هەر سوپاسی دەکەم چونکە خێرایی پێ کردم لە ڕەواندنەوەی تاریکایی بەدەوری یەکێك لە خاسیەتە بنجییەکانی تەعبیری کوردی کە تا ئێستا قسەی لێوە نەکراوە، خۆشم دەرفەتم نەبووە ڕوونی بکەمەوە، هەر بەو نیازەش کە لەگەڵ ئەندامانی (لێژنەی زمان و زانستەکانی) کاتێ گەیشتینە باسی (سینتاکس) لێی بکۆڵینەوە، بەڵێ بەو نیازە خۆم لە باسەکە دەدزییەوە بۆ فەرمانی پێویستتر، بەڵام وا، خوا و ڕاستان، لە سایەی ئەو گوتارە هەلی ساغکردنەوەی بەکارهێنانی ڕێژەی کۆ لە ڕاستەئاخاوتنی کوردیدا هەڵکەوت و منیش بەچاکەی زمانی کوردی و بۆ سوودی ئەوانەی وەك نووسەرانی ئەو گوتارە لە باسەکە بەسەهوو چوون لەسەری دەنووسم.

یەکێك گوێبیستی شێوە جۆرجۆرەکانی ئاخاوتنی کوردی بوو بێت، وەیا هەر نەبێ سەرنجی لە ناوی بەشێکی زۆری ئاواییەکانی کوردەواری گرتبێت، هەست بەدیاردەی (ئاشقەکۆ)یی[1] دەکات، واتە لە کوردیدا گەلێك جار ڕێژەی کۆ بەسەر ڕێژەی تاکدا تەرجیح دەدرێت. بێگومان ئەو تەرجیحدانە لەخۆوە و بێ مەبەست و بێ سوودی (بلاغة) نییە، واتە کارێکی بێ لزووم و بێ جێ نییە چونکە هەر جارە لەو ڕێژە کۆیانەدا مەبەستێکی تایبەتی ئاخێوەر جێبەجێ دەکرێ. بەلای باوەڕی منەوە لە بنەڕەتدا ئەو بەکارهێنانەی ڕێژەی کۆ بۆ (بەگەورە گرتن) و (تغلیب) سەری هەڵداوە، دیاردەکەش بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە:

١– ناوی زۆر ئاوایی کورد بە (ان)ی کۆ کۆتایی دێت. وەك: خدران، حاجی ئۆمەران، قەڵاچوالان، پشت ئاشان، سەرسییان، ئاودەلۆکان، سەرکەپکان، باسموسیان، کاولۆکان... مەیلی بەکارهێنانی ڕێژەی کۆ لەم ناوانە بەتێکڕایی و لە سێ ناوی (خدران، حاجی ئۆمەران، ئاودەلۆکان) بەتایبەتی زۆر ئاشکرایە، هەڵبەت ناوی دیکەی وەك ئەمانەش لە زۆر زۆرترە.

٢– مەیلی بەکارهێنانی ئەم ڕێژەیە وا دەکات ئاخێوەری کورد لە بەدوایەکتردا هاتنی

(١) وەك کە دەگوترێ (ئاشقە ئاو، ئاشقە درۆ..).

دوو ناویش (ان)ێك كۆتاییپیانەوە وەك كە دەڵێن (خدر و مرادان تووتنەكەیان داشت – فاتم و هەمینان مەڕەكە دەدۆشن..). گوێم لێ بووە گوتراوە (بەیتی مەم و زینان)، (مەكە و مەدینان...). هەر بەدوا ئەمانەشدا (بانگی شێوان..)، (بانگی خەفتنان..).

٣– وا دەبێ بەنیازی ڕێز لێنان لە حاڵەتی (اضافە)شدا كە هیچ واتای كۆی تێدا نییە (ان)ەكە بەكار دێت وەك كە دەڵێن (عەوڵای عومبەران – مەبەست «عبدالله بن عمر»ە – برایمی مەلا زێندینان..).

پێویستە لێرەدا لایەنێكی دیكەی ئەم دیاردەیەش ڕوون بكەمەوە چونكە وا پێ دەچێ سەرلەبەری دیاردەكە بەلای ئەو گوتارەوە لە تاریكاییدایە:

ئاخێوەری كورد مەیلی بۆ ئەوە دەڕوات كەوا لە دوو حاڵەتی (اعرابی)دا وشە بخاتە سەر ڕێژەی كۆ، دیارە كە دەشڵێم (اعرابی) مەبەستم لایەنی بەلاغی نییە.

حاڵەتی یەكەم ئەوەیە كە وشە (مفعول) وەیا وەك مەفعوول وابێت، هەرچەند ئەم ڕاستییەش مەنعی ڕێژەی كۆ لە حاڵەتی (فاعلیة و مبتدأ و خبر) ناكات. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم بەزۆری لە (مفعولیة)دا وشەكان پتر بەلای ڕێژەی كۆوە دەبردرێن. بەنموونە:

دەگوترێ (بەدیناران خۆی ڕزگار كرد..) لێرەدا (دیناران) لە ژێر تاوی پریپۆزیشن (حر فجر)دایە. كە (دینار)ەكە بكەیتە (فاعل) بەعادەت دەڵێی (دینار ڕزگاری كرد وەیا ڕزگاریان كرد – ناڵێی دیناران ڕزگاریان كرد). وشەی دینار لەم ڕستەیەی دواییدا (دینار ڕزگاریان كرد..) هەڵدەگرێ وەك كۆ مامڵەتی لەگەڵدا بكرێ لەو ڕووەوە كە مەبەستت جنسی دینارە و لە واتادا كۆمەڵە دینار دەگرێتەوە، دەشكرێ مامڵەتی تاكی لەگەڵدا بكرێ چونكە وشەكە بۆ تاكە.

لە حەیراندا ئەمە دەبیەیت: كیژ دەڵێ چ عەیبم نینە و چ عەیبانم لێ مەگرن.

سەرنج بدە وشەی (عەیب) كە لە پێشەوە وەك (مبتدأ) هاتووە ڕواڵەتی وشەكەی تاكە و نەگوترا (عەیبانم نینە) بەڵام چونكە مەبەست لە وشەكە (مطلق)ی عەیبە (خبر)ەكەی خراوەتە ڕێژەی كۆ و گوترا (نینە) نەگوترا (نییە). بەڵام جاری دووەم وشەی (عەیبان) چونكە لە حاڵەتی (مفعولیة)دایە ڕێژەی كۆی بۆ بەكار هێنرا. ئەم مامڵەتە جودایەی حەیرانەی كوردی لەگەڵ وشەی (عەیب)دا كردووەتی دەكەوێتە بەر حوكمی ئەو

دەستوورەی (کۆکردن)ی مەفعول و (تاك هێشتنەوە)ی فاعیل و (مبتدأ)، بەڵام لە گوتارەکەی (کوردواتەنی)دا مامڵەتێکی ئەوتۆیی کراوە هەتا بڵێی دوورە لە دروستی. لە ستوونی سێیەمی گوتارەکەدا (هەن و نییە) بەکار هاتووە لەمەشدا (هەن) بۆ کۆیە و (نییە) بۆ تاکە بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی ئەو مامڵەت جودابییە هەبێ لە ڕستەکەدا یا لە خودی وشەکاندا. یا دەبێ بگوترێ (هەیە و نییە) یاخود (هەنە و نینە).

حاڵەتی دووەم ئەوەیە کە ئاخێوەری کورد پتر حەز بەکۆکردنی مەفعول لە ڕێژەی ئاینده (مضارع)دا دەکات نەك ڕابردوو و ئێستاکە (مەبەست لە ئێستاکە ئەو ڕستانەن کە فیعلی ئاشکرایان تێدا نییە وەك: من دارام، تۆ منالیت، ئێمە بەقاڵین...). بەنموونە، خەڵك بەڕاشکاوی دەڵێن: (مامزان ڕاو دەکەم، شووتییان دەشکێنم، خانووان دەڕمێنم..) لە بەیتی فۆلکلۆری گاڵتەئامێز گوتراوە: حەیران وەرە لەسەری سەفینی، چاوەکی کۆرە ئێکی نابینی، دەست لۆ هەناران دەبا هەنجیران دەپچرینی. وشەی (هەناران) کەوتووەتە ژێر تاوی (لۆ)ی پریپۆزیشن و فیعلەکەی (دەبا)ش کە کاری تێ دەکا ڕێژەی ئایندەیە، دیارە وشەی (هەنجیران)یش مەفعوولی فیعلی (دەپچرینی)یە کە لە ڕێژەی ئایندەدایە. ئەم خۆش جڵەوییەی (مفعولیة) بۆ ڕێژەی ئاینده لە ڕابردوودا دەرناکەوێ. بەڕاشکاوی ناگوترێ (مامزانم ڕاو کرد، شووتییانم شکاند، خانووانم ڕماند..) لەم حاڵەتەدا وشەکان لە شێوەی تاکدا دەمێننەوە بەڵام واتا گشتییەکەیان بەرەو (کۆ)یان دەباتەوە وەك (مامزم ڕاو کردن، شووتیم خواردن..) سەیری چۆن ڕاناوی (ن)ی کۆ خرایە دوای فیعلەکانەوە هەرچەند فاعیلەکەشیان ئاخێوەری تاکە، وشەی مەفعوولەکانیش هەر تاکە.

حاڵەتێك هەیە مەدحی تێدایە بەگشتی ڕێژەی کۆی بۆ بەکار دێت وەك: دارا کوڕی پیاوانە، زێبا گوڵی باغانە، ژیرۆ بەچکەی شێرانە.

لەو شوێنانەدا کە ڕێی ڕێژەی کۆ بەرفەراح نییە و پێویستیشمان پێی هەیە هەمیشە دەتوانین بەهێنانی نیشانەی تەعریف وشان بکەینە کۆ وەك: پیاوەکان هاتن، ژنەکان چێشتیان لێ نا، هەنارەکانم بردە بازاڕ.

حاڵەتێکی دیکەش هەیە پێوەندیی بە بەلاغەتەوەیە، لەویشدا وشەی (تاك) دەلالەتی (کۆ)ی دەبێت، ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە لە وشەکەدا مەبەست (مطلق)ی واتای کۆ وەیا کۆمەڵێکی نامەعلووم بێت نەك چەند کەسێکی دیارکراو، گوتراوە:

«دەربەند ڕێ نەبوو، کوڕان کردە ڕێ» لێرەدا (مطلق)ی کوڕ مەبەستە. کە گوتت «ژنان سماقەکەیان ڕنی» ویستووەتە بڵێیت بەرەی ژن نەك پیاو سماقیان ڕنیوە.

دەڵێی: پیاوان شاییەکەیان بەتاڵ کرد، گورگان مەڕەکەیان لە بن هێنا، مریشکان ماشەکەیان بەرەڵا کرد..

تاقمێك وشەی ناوی کات هەیە لە حاڵەتی (ظرفیة)دا حەز لە ڕێژەی کۆ دەکەن وەك:

بەهاران گەڕان خۆشە – واتە، لە بەهاراندا گەڕان خۆشە.

شەوان بەتێری دەنوم – مەبەستت «لە شەواندا»یە.

سبەینان زوو هەڵدەستم – دەتەوێ بڵێ «لە سبەیناندا».

دەبێ بشڵێم ڕاناوەکانی کەسی (ئێمە، ئێوە، ئەوان) هەروەهاش ناوی ئیشارە (ئەمانە، ئەوانە، هۆوانە..) لە هەموو حاڵاندا داوای ڕستەی سەر بە (کۆ) دەکەن وەك: ئێمە ڕۆیشتین، ئێوە دەنوون، ئەوان ئازان – ئەمانە قوتابین، ئەوانە هەڵاتن، هۆوانە بەرخەکەیان کوشتەوە..

مەیلی بەکارهێنانی ڕێژەی (کۆ) لەم سێ بەیتەی مەلای ئیبنو ئادەمیش بەدیار دەداتەوە:

هــەوران کـردە گـۆڵـەگـۆڵ
مـیـکـائـیـلا ئـەتـووش دەی
تـووتـن و مـاشان بـڕشێنـە
دەبـا نـۆش بـێتـە سەر دەی
ڕۆمـی ئـەوا پـەیـا بـوون
کوتوبخانان دەکەن «طی»

جا کە من بێم لەم ڕێبازە یەکجار ڕوون و ڕەسەن و ڕاست و دروستەی تەعبیری مێژووکردی زمانی کوردییەوە بڵێم (... لەم نووسینەدا خوێندەواری عادەتیشم لە حیسابان دەرهاویشتووە..) هەقمە چاوەنۆڕی (ئافەرین لێکردن) بەم نەك توانج تێگرتن. من چوزانم نووسەری کورد هەیە تا ئەم ڕادەیە نابەڵەدی زمانەکەی بێت؟ بەو پێیە دەبێ تەعبیری (چوزانم)یش، کە تازەم بەکار هێنا، لە توانجان بپەڕێنمەوە، وشەی (بپەڕێنمەوە)ش لە دەست ڕەخنەی کاڵ و کرچ ڕزگار بکەم.

بەکارهێنانی (حیسابان) لەو شوێنەدا، سەرەڕای ئەوەی لە ڕێبازی زێدە دروستی کوردییەوە بۆ ناو نووسینەکەی من هاتووە، مەبەستێکی بنجیشی ڕاگەیاندووە، من کە دەڵێم (لە حیسابانم دەرهاویشتووە) ڕێم هەیە بڵێم مەبەستم حیسابی زمان و ئەدەب و تێکرای ڕۆشنبیرییە کە دەکاتەوە چەند حیسابێك و واتای (کۆ) بەدەستەوە دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستم حیسابی ناو تاکە باسی ڕێزمانە بەنیازی ئەوەی کە لە هەموو سەروبەرێکی ڕێزمانی دەربهاوێژم، دیاریشە ڕێزمان سەد سەروبەری هەیە.

بەخۆڕایی نییە هێندە لە نووسەری کورد دەپاڕێمەوە کە خامەی خۆی ڕابێنێ بەو تەعبیرە ڕەسەن و بەلیغانەی کە لە شێوە جۆرجۆرەکانی ئاخاوتنی کوردیدا هەن. نابێ و ناشێ تەعبیری کوردی ڕەسەن کوێر بکرێتەوە هەر لەبەرئەوەی نووسەران نەیانبیستوون. بێگومان هەرچی تەعبیری نامەئلووف هەیە ئەگەر هی ناوچەی ئەو نووسەرانە بایە ئێستا دەبوو بەشێوەی ئەدەبی کوردی چونکە دەبینین غەڵەتەکانی ئەو تەرزە شوێنە خەریکن خۆیان بەسەر شێوەی ئەدەبیماندا دەهێنن [وەك: تیایا و شتی دیکەش].

ڕەخنەگرتن لە بەکارهێنانی (دەرهاویشتن)یش، وەك لە گوتارەکەدا کراوە، هی سەراوی و سافیلکەییی گوتارەکەیە و چ پێوەندیی بەزمان و ڕێزمان و ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ڕەواوە نییە. منیش و تۆش لەوەدا ئازادین بڵێین لە حیسابانم دەرهاویشتووە – دەرم هێناوە – لام داوە – دوورم خستووەتەوە... خۆ نایەین هەرجارە ویستمان وشەیێکی فەرهەنگ بۆ مەبەستێك بەکار بهێنین پرس بەنووسەرانی ئەو گوتارە وەیا لایەنێکی دیکە بکەین، تەنیا ئەوەندە هەیە وشەی (دەرهاویشتن) لەو شوێنەدا کە بەکارم هێناوە لەبارتر و ڕاستتر و بەلیغترە لە (دەرهێنان) چونکە من کە دەڵێم (دەرم هاوێشتووە) خۆم لە ناو باسەکەدام و ئەو کەسانە دەردەهاوێژم بۆ دەرەوە، ئەگەر بڵێم (دەرم هێناوە) دەبێ خۆم لە دەرەوەی باسەکە بم. بەنموونە کە تۆ خۆت لە ناو چاڵدا خۆڵ بۆ دەرەوە فڕێ بدەیت دەڵێی (هێندەم خۆڵ لە چاڵەکە دەرهاویشت) بەڵام کە بەدەولکە قوڕ هەڵکێشیت بۆ دەرەوەی بیر دەڵێی (هێندەم قوڕ لە بیرەکە دەرهێنا..) ئەمەش لە بەدیهییە ڕوونترە و یەکێك فەرقی پێ نەکات گوناهە دەم لە زمان و ئەدەب بدات چونکە گەنجی تازە پێگەیشتوو بەهەڵە دەبات، ڕەنگە لە دواڕۆژیشدا ببێتە ڕابەر بۆ سەرچاوەی لێکدانەوەی نادروست.

هەر لەو کاتەدا کە گوتارەکە ڕەخنە لە (حیسابان) دەگرێت هەڵەیێکی گەورەی

ڕێزمانیی کردووە کە ئەویش دەچێتە نێوان باسێکەوە ڕەنگە تا ئێستا زمانناسانی کورد قسەیان لێوە نەکردبێت. گوتارەکە لە قاڵبی خۆ شارەزاکردندا دەڵێ (جا نازانم چۆن لێرەدا لەسەر چە پەیڕەوێ بەکار هاتووە). لەم ڕستەیەدا دوو وشەی پرسیاری (چۆن، چە) هاتوونەتە سەر یەك مەبەست ئەویش (بەکارهاتن)ە چونکە مەبەست ئەوەیە بپرسێ (چۆن بەکارهاتووە؟ – لەسەر چ پەیڕەوێ بەکارهاتووە؟). لە کوردیدا، هەروەك لە هیچ یەکێك لەو زمانانەی من تێیان دەگەم، جایەز نییە لە یەك ڕستەدا دووجاران لە یەك شت بپرسرێت: تۆ ڕێت نییە بڵێی (کەی دەچیتە کوێ – چۆن ئەتۆ کێیت – بۆچی کوا خواردنەکە..) هەروەك لە عەرەبیشدا ناگوترێ (متى تذهب الى أين – كيف هو من – لماذا الى متى تضحك). جارێکیان بۆ پێکەنین لە منداڵێکی خۆمم پرسی (ئەرێ ئێمە کەنگی چ دەکەین؟) منداڵەکەش تەواوێك پێ کەنی.

ئەم ڕاستییە سەرەتاییە ئەگەر باسیشی لێوە نەکرابێ هی نەزانین نییە، ئیتر نازانم بڵێم هەڵە تێداکردنی لە چییەوە هاتووە.

کوردی لەگەڵ عەرەبی لەمەدا جووت دەڕۆن، بەڵام لە بەکارهێنانی (ئایا) و (هل)دا لە یەکدی دەترازێن. کورد دەڵێ (ئایا کێ دەوێرێ لەم ڕازەوە سەرکەوێ؟). لە عەرەبیدا ناگوترێ (هل مَن يستطيع التسلق؟). فارسیش وەکو کوردییە. لەمەوە دەردەکەوێت (ئایا)ی کوردی لە ڕووی هێزەوە ناگاتە (هل)ی عەرەبی، بگرە هەر بابیی (يا ترى) پرسیاری تێدایە چونکە دەگوترێ (يا ترى من سيفوز بالجائزة – يا ترى هل سيأتي زمان؟).

بەدوا ئەمەدا ڕەخنەیێکی نالەباری دیکەی لەوەدا گرتووە کە من گوتوومە نووسینەکەی ناو حەشارگە ڕووی لە خوێنەری عادەتی نییە، ئەو ڕێزماناسەشی بە بەرچاوەوە نەگرتووە کە هەر خەریکی باسە بەرچاوەکانی ڕێزمانن.. گوتارەکە ئەم قسەیەی منی وەها لە قەڵەم داوە کە گۆیا قسەکە خۆی بە (سەنگی محەك) داناوە لە دانانی پلەی خوار و ژوور بۆ خوێنەر و ڕۆشنبیرانی کورد.. هەڵبەت ئەم بۆچوونەی گوتارەکە هیچی بەسەر هیچەوە نییە و خۆ بەسەهووبردنێکی ئانقەستە بۆ تاکە مەبەستی ڕەخنە.. بابزانین من چیم نووسیوە.

لە لاپەڕە (١٣٥)ی (حەشارگە..)دا دەڵێم: (من لەم گوتەیەمدا بەسەر ئاخێوەری عادەتیدا دەکشم..) دواتر هەر لەو لاپەڕەیەدا دەڵێم: (ئەوەی ڕاستی بێ لەم نووسینەمدا

خوێندەواری عادەتیشم لە حیسابان دەرهاویشتووە). ئنجا لە لاپەڕە (١٣٦)دا دەڵێم: (نووسینەکەم ڕوو لەو ڕێزمانشناسانەش ناکات کە ڕاهاتووی باسە بەرچاو و ناو دەرکردووەکانی ڕێزمانن..).

کەواتە من ڕووی قسەم لەم سێ تاقمەی خوارەوە نییە:

١- ئاخێوەری عادەتی.

٢- خوێندەواری عادەتی.

٣- ئەو ڕێزمانشناسانەی کە لە باسی بەرچاو و ناودەرکردوو ڕاهاتوون.

ئێستا، من کە دێم دوای ئەو تەرزە ڕەخنە یەکجار سافیلکەی نێو گوتارەکە چاو بەو نووسینەی ناو (حەشارگە)دا دەهێنمەوە پتر لە (حیساب بەدەر)کردنی ئەو سێ تاقمە ڕازیم چونکە بەڕاستی، باسەکانی ناو (حەشارگە) هی وەهایان تێدایە چاوی یەکجار وردبین و زیهنی خۆ تەرخانکردو نەبێ هەر تاقەتی خوێندنەوەشیانی نییە چ جایی هەزمکردنیان. لەمەش بترازێ هەقی خۆمە بڵێم نووسینی من ڕوو لە فلانە تاقم و فیسار جەمات دەکات وەیا ناکات هەروەك هەقی تۆ و هی تریشە نووسینەکانتان بەرەو ئەو لایەنە بکەنەوە کە ئارەزووتانە لە کەسیشتان بەعەیب ناگیرێ ڕووی قسەتان لە هەموو عالەم نییە. هەڵبەت قسەکەی من لە وەهم و وڕێنە و خەیاڵیشدا ئەوە ناگەیەنێ کەوا من ئەو خەڵقەم بڕبڕ کردووە و پایە و ڕوتبەی سەقافەتم بۆ هەر بڕەیان دەستنیشان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ عالەم لەخۆوە بێ خواهشتی من و تۆ بڕبڕ و خوار و ژوورن، تەنانەت قوتابیی قوتابخانەکان بەسەر بیست و ئەوەندە پلەیەدا دابەش دەبن، مامۆستاکانی فێرگە بەرزەکانیش چەند پلەی بەرز و نزمیان هەیە... یەکێك نەختێ ئینساف بەکار بهێنێت دەتوانێ مافی ئەو تەرزە قسەیەم پێ بدات کە بێت و سەیری ئەو مەتەڵە بچووکەی سەرەتاکانی لاپەڕە (١٤٤)ی (حەشارگە) بکات و بیەوێ تێ بگات بۆچی لە دوو فیعلی (دەمگرن، دەمگرتن)دا ڕاناوەکان دەوری فاعیلیەت و مەفعوولیەتیان لە فیعلێکەوە بۆ ئەوی دیکە دەگۆڕێ. بەرلەوەی نووسینەکەی من ئەم پرسیارە هەڵستێنێت چ ڕێزمانشناسێکم نەدیت خۆی لە پرسیارەکە گەیاندبێت. کەس نەهات بڵێت بۆچی ڕاناوی (م) لە (دەمگرن)دا مەفعوولە و لە (دەمگرتن)دا فاعلە، هەروەها ڕاناوی (ن) لە فیعلەکەی یەکەمدا فاعیلە و لە هی دووەمدا مەفعوولە کەچی هیچ کامێکیشیان جێگەی خۆیان نەگۆڕیوە.

زۆر بەداخەوە گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نویٚ) هەرجارە کە لە قۆرتێکەوە هەنگاو هەڵدێنێت یەکسەر و دەرلەحزە دەکەوێتە قۆرتێکی گەورەتر و قووڵتر، وەك هەر ئێستا دەبینیت تەپەی لە بنی بیرێکی چەند قووڵەوە هێناوە. ئەمجارەیان هەڵکێشانەوەی گوتارەکە بۆ دەرەوەی ئەو بیرەی تێی کەوتووە لە دەسەلاتی کەسدا نییە ئەگەر گوتارەکە تاقەت و تینێکی زۆر نەداتە خۆی و بەوەدا نەختێك شارەزایی لە بەدیهیاتی زمان و فۆنەتێك پەیدا نەکات چونکە بەڕاستی نەشارەزایی و کوێرەواریی گوتارەکە لەوانە نییە هیچ مامڵەتێکی خوێندەواریی لەگەڵدا بکرێت. ئەو هەڵە زلانە کە هەر ئێستا هەڵیان دەوەشێنمەوە حیکایەتی کابرای نەخوێندووم بەبیر دەهێنێتەوە کە لە جیاتی نووسینی (مار) هەستا خەتێکی جینگلاوی کێشا و بەماری تیٚ گەیشت کۆڵێکیش کەیفی بەخۆی هات.

بەدوا بەندوباوە بیٚ بنجەکەی (لە حیسابان دەرهاویشتووە) گوتارەکە ئەمجارەیان قۆڵ و باسکی سافیلکەییی خۆی بەشمشێری خامە کولەکەیەوە لە ئاشەکانی (سانکۆپانزا) هەڵماڵیوە و ڕەخنەی لەوە گرتووە کە لە لاپەڕە (١٣٤)ی (حەشارگە..)دا گوتوومە (... کابرایێکی ڕۆژاوایی ناتوانیٚ دەنگی لامە قەڵەوەکەی ناو وشەی «اللّه» دەرببرێت..) گۆیا بەمەدا من فەرقی نێوان «پیت» و «دەنگ» ناکەم.. دەك ماڵی هەڵە و نەشارەزایی خراپ بیٚ چۆن دەزانیٚ ڕەتەڵی وەها ناقۆلا بەمرۆڤ ببات، ئەو مرۆڤە هەرچی دەبیٚ بابیٚ.

ئێستا دەبیٚ وەك کە دەرسی ئەلفبێتکە بەقوتابیی پۆلی دووەمی فێرگەی سەرەتایی دەڵێیت منیش لەسەرەخۆ و بەزمانی ساوایان بەگوتارەکەی (ڕۆشنبیری نویٚ) بڵێم: چ زاراوەی (لامی قەڵەو) بەکار بهێنم و چ شکڵی (ڵ) بنووسم هیچ کامێکیان (دەنگ) نین چونکە دەنگ دەبیسریٚ و نادیتریٚ و نانووسریٚ و بەناوهێنانیشی بارستی نابێت. هەروەك کە گوتم (دارا) ڕەمزێکم بەکار هێناوە بۆ ناسینەوەی ئەو کەسەی مەبەستمە، هەروەهاش کە نووسیم (ڵ) وەیا گوتم لامی قەڵەو وەیا ناوێکی دیکەی لیٚ بنێم، لە هەموو حالاندا ڕەمزێکم بۆ دەنگێکی دیارکراو بەکار هێناوە. گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نویٚ)ش کە بەوپەڕی باییبوونەوە وا دەزانیٚ شکڵی (ڵ) دەنگە، بەتەواوی لە زانستی فۆنۆلۆجی پشتڕیٚ بووە و چ پێوەندیی بەو کارەوە نەماوە. دەتوانم بڵێم کە یەکێك نەیزانی زاراوەی (لامی قەڵەو) ناوێکە بۆ ناسینەوەی دەنگێکی مەعلووم هەروەك (دارا) ناوە بۆ کەسێك، دواتریش وای زانی شکڵی (ڵ) دەنگە، ئەو تەرزە کەسە یەکجار

بەدرەنگەوە لە هەڵەی خۆی دەگات، یەکجار بەزەحمەتیش دێتە سەر ڕێبازی تێگەیشتنی باسەکانی زمان.

ئەمە لە لایێکەوە، لە لایێکی دیکەشەوە با موژدە لەو گوتارە بێت، کە لە باسی فۆنەتیکی کوردی و عەرەبیدا بگوترێ دەنگی قاف و دەنگی لامی قەڵەوە و دەنگی شین... باشترە لەوەی بنووسرێ (ق، ڵ، ش) چونکە لەوانەیە شکڵی (ق) لە دەمی چاپکردندا بە (ف) بنووسرێت وەیا شکڵی (م) بە (و) بگۆڕێت. هەڵەکردن لە نووسینی شکڵی ئەو پیتە کوردییە و عەرەبییانەی کە وێنەی وەك خۆیان لە ئەبجەدییدا هەیە ئاسانترە لەوەی هەڵە لە نووسینی ناوی پیتەکان بکرێ [دەڵێم ئاسانترە، ناڵێم هەڵەکردن لە نووسینی ناوەکە مومکین نییە] چونکە مەعلوومە شکڵی (ف) لەگەڵ (ق) خزمن بەڵام ناوی (فێ) زەحمەتە بەهەڵە ببێتە (قاف). لە ئینگلیزیدا ئەو کارە ئاسان نییە چونکە زۆر لە دەنگەکانی ئاخاوتنی ئینگلیزی بەدوو سێ شکڵ دەنووسرێن وەك کە دەنگی (ج) جارێکیان بە (j) و جارێکیشیان بە (d) و جاری سێیەمیشیان بە (g) دەنووسرێ (judge – جەج – education – ئێجوکێشن)، دەنگی (ك) دەشێ بە (ch, q, k, c) بنووسرێت، بەو پێیە هەر جارە دەبێ بڵێی (فلانە دەنگ، وەك کە لە فلانە وشەدا دەردەبڕدرێت) ئنجا دەتوانی مەبەستت ڕوون بکەیتەوە. هەر لەبەر ئەم گرفتەیە دەبینین بۆ فۆنەتیك داناوە تاکو بتوانرێ مەبەست بەچاکی ڕوون بکرێتەوە، سەیری فەرهەنگەکانیشیان بکەیت دەبینی ئەو زمانانەی کە بەپێی لاتینی دەنووسن ئەلفوبێییەکی تایبەتییان زۆربەی وشەکانیان دووبارە بەپێی هاتنە دەریان لە دەمەوە دەنووسرێنەوە.

خوێنەر سەرنج لەو قسە ڕەخنە لێگیراوەی من بگرێ کە گوتوومە (دەنگی لامی قەڵەو) دەبینێ ویستوومە دەنگی ناو وشەی (اللّه)ی عەرەبی پێ بناسێنمەوە، تەنانەت نیشانەی (شدّە)شم خستووەتە سەر وشەکەوە [بنواڕە دێری دەیەمی لاپەڕە «٣»ی کتێبۆڵکەی «حەشارگە»]. جا کە من مەبەستم دەنگی ئەو لامەی نێو وشەی (اللّه) بێت چۆن دەتوانم بڵێم دەنگی (ڵ)؟ کەی لە عەرەبیدا وشەی (اللّه) هەیە؟ خوێنەران با سەیری ڕستەکانی دوای ئەو (اللّه)یە بکەن و ببینن چۆن لە هەموو حاڵاندا شکڵی پیتەکانم بۆ ناساندنی دەنگەکان نووسیوە [وەك کە گوتوومە دەنگی (ح) و دەنگی (ق) – دێری دەیەم و یازدەمی هەمان لاپەڕە «٣»] ئنجا سەیری لاپەڕە «٦» بکە کە دەڵێم ڕاناوی (م)، ڕاناوی (ن).. دواتریش برۆ بۆ لاپەڕە «١٠، ١١» و سەیری ئەو ڕاناوانە

بکە، هیچ تاکێکیان غەیری شکڵەکەیان نەنووسراوە وەك (م، مان، ت، تان، ی، یان..). سەرلەبەری گوتارەکەی (فۆنەتیك چیمان بۆ بکا) ئەویش هەر وشەی دەنگی بەکار هێناوە..

من چی بڵێم لەگەڵ گوتارێك کە داوا بکات لە جیاتی دەنگی (لامە قەڵەوەکە – دەڵێمەوە لامە قەڵەوەکە)ی ناو وشەی (اللّە)ی عەرەبی پیتە کوردییەکەی [دەڵێمەوە پیتە کوردییەکەی] «ڵ» بەنیشانە دابندرێت؟ چۆن لەگەڵ زەینی وەها بەهەڵەداچوو و پشت لە ڕووناکی بتوانم بەشێوازێکی مەفهووم بئاخێوم؟ بڵێم چی؟ گوتارێك کە لەو قسە ڕاست و دروستانەی ئەو لاپەڕە «٣»یەی نووسینەکەم نەگات و لامی ناو (اللّە) بە (ڵ) بزانێ، قەڵەمی بەستەزمانی من لە کوێوە قسەی مەفهوومتر بهێنێت و چۆنی بهاوێتە ناو ئەو زەینەی کە دەرگەی بۆ بەدیهێییەش نەکردووەتەوە؟

بەڕاست ئەگەر هاتین و مەنعی بەکارهێنانی ناوی دەنگەکانمان کرد و گوتمان نابێ بگوترێ (لام، قاف، جیم، شین..) ئەوسا عەرەبی لێرە بەپێشەوە و ئێستاش چۆن ڕێیان دەبوو پەنجە بۆ دەنگی (الجیم المعطّشە) ڕاکێشن، خۆ هیچ وێنەی تایبەتی لە کۆن و لە نوێدا بۆ ئەو دەنگە قەرارداده نەکراوە، یاخود کە بیانەوێ لە جێگەی (الکاف الفارسیە)دا شتێك بڵێن نەوەك گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نوێ) لێیان بەدەنگ بێت چییان پێ دەکرێ؟ خوێنەری کورد با بەهەموو گوتارەکانی سەر بەفۆنەتیکی عەرەبی و فارسیدا بێتەوە و ببینێ چۆن بەزۆری ناوی پیتەکان بەکار دەهێنن لە جیاتی شکڵەکانیان تەنانەت زۆر جاران نووسەرە عەرەبەکان بەنیازی پتر ڕوونکردنەوە دەڵێن (اخت الطاء، اخت الصاد) لەجیاتی (ظ، ض). دواین گوتارێکی لەم بابەتەم خوێندبێتەوە ئەوەیە لە لاپەڕە (١٨٢ – ١٨٧) ی گۆڤاری (الاقلام – ژمارە ٤، کانوونی دووەمی ١٩٧٨)دا بڵاو کراوەتەوە لە ژێر عینوانی (قضیة الجیم فی اللغة العربیة). سەیری چۆن دەڵێ (الجیم) و نەینووسی (قضیة ال«ج») خۆ هەر نەبێ نووسینەکە سەد هێندەی گوتارەکەی ناو (ڕۆشنبیری نوێ) شارەزای زانستی دەنگە. بەداخەوە ساوایی ئێمە لە چاو میللەتانی دوور و نزیکی جیهان پتر لەو کارانەدا دەردەکەوێ کە پتر پێویستی بەپێگەیشتن و تێگەیشتن هەیە.

سەیر لەوەدایە، چی تا ئێستا گوتوومە لەبارەی ئەو هەڵە زلەوە بەشێکی هەڵەکەیە و نەختێکی کەمی خۆ بەسەهووبردنی گوتارەکەی ڕوون کردووەتەوە.

خوێنەری کورد، ڕەنگە من، کە ئەم ڕەخنە بێ سەروپێیە و بێ ئینساف و بێ هەموو شتەم لێ گیراوە، یەکێك بم لە چەند کەسی کورد کە بەشێوەیەکی مەیلەو مەفهووم فەرقی نێوان دەنگ و پیتیان باس کردبێت. تا ئەم دەمەی کە من خەریکی ڕاستکردنەوەی حاپوولەکانی ئەو گوتارە بەستەزمانەم، ڕەنگە چاوم بەنووسینی نووسەرێکی کورد نەکەوتبێت بەتایبەتی و بەچاکی (دەنگ) و (پیت)ی لە یەکدی جودا کردبێتەوە مەگەر ئەوەی خۆم لە لاپەڕە (٣٠٠)ی بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٧٧، لە ناو توێژی گوتاری (هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەیەك لە زمانی کوردی)، لە ژێر عینوانی (دەنگەکانی ئاخاوتن «یەك ڕاستیی بزرکراو»)دا نووسیومە. هەرچەند چی لەو لاپەڕە «٣»یەی (حەشارگە)دا نووسراوە بۆ خۆی بەتەنیا گەلێك زیادە لە پێویستی پووچاندنەوەی ئەو ڕەخنە پفدراوەی ناو گوتارەکە، دیسان چی لەو لاپەڕە «٣٠٠»ەی گۆڤارەکەی کۆڕیشدا نووسراوە جارێك و دە جاری دیکە ئەو ڕایە سەراوانە لە جێی ڕەوای خۆیاندا دادەنێت. من لەو لاپەڕەیەدا ئەمەی خوارەوەم نووسیوە:

(مەبەس لە دەنگەکانی ئاخاوتن ئەوانەن کە لە ڕێنووسدا ئەلف و بێ و قاف و شینان بۆ کراوە بەنیشان. ئەوانەی لەبری وشەی «دەنگ» وشەی «پیت» بەکار دەهێنن کەرەستەی گفتوگۆ تێکەڵ بەکەرەستەی نووسین دەکەن چونکە ئەوەی لە زارەوە دەردێت دەنگە نەك پیت...) دواتر دەڵێم: (... بەنموونە، کە دەڵێین «بەرد» چەند دەنگێك لە زارمانەوە دەردێت وشە پێك دەهێنن نەك شکڵی «ب، ە، ر، د»). هەر بەدوا ئەمەشدا تێبینییەکی ڕوونکەرەوەم کردووە کە دەڵێم: (عەرەبەکان لە کۆندا فەرقی نێوان دەنگ و پیتیان نەکردووە و بۆ هەردوویان وشەی «حرف»یان بەکار هێناوە، بگرە ئەم وشەیان بۆ «حروف القواعد»یش گوێزاوەتەوە و گوتوویانە «حرف العطف، حرف الجر..الخ»). ئنجا لە سەرەتاکانی لاپەڕە (٣٠١)دا دەڵێم (... نووسینەکەم لێرەدا باسی دەنگ دەکات و زۆر جاران وشەکە دەهێنێتە ناوەوە بۆیە بەپێویستم زانی کە لە پێشەوە بڵێم مەبەست لە دەنگ «دەنگی زمانی – صوت لغوي» چییە تاکو لە هەر شوێنێك وشەکە هاتە ناو نووسینەوە زیهنی خوێنەر بۆ ئەو واتایە بباتەوە نەك دەنگی با و ئاو و تەیر و ئاژەڵ و فیکە و لرخەی سنگ و.. هتد).

وا بزانم چی لێرەدا خستمە بەرچاوی خوێنەر ئیسپاتی ئەوە دەکات کە من لە هەموو ڕوویێکەوە فەرقی پیت و دەنگم کردووە نەك لە یەك ڕووەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی

گوتارەکە دەیڵێت و ئەو هەموو هەڵەیەی تێدا دەکات، هەتا بشڵێی لە خۆی بێ ئاگا بووە بەوەدا کەوا دەزانێ شکڵی (ڵ) دەنگە؛ بێ ئاگاییەکەی پتریش ئاشکرا دەبێت کە دێت و بەوپەڕی لەخۆباییبوونەوە و بەو هەموو نەشارەزاییيەوە بەتوانج دەڵێ: (.. ئا ئەمەیە کاری فۆنەتیك، ئەگەر دەپرسی «فۆنەتیك چیمان بۆ دەکات») لەمەشدا گۆیا وەك مامۆستای فەندی (استخدام) گوتارەکەی خۆم، (فۆنەتیك چیمان بۆ بکا)م بەڕوودا دەداتەوە، جا ئەگەر هەڵە سافیلکەکانی ناو ئەو گوتارەی (ڕۆشنبیری..) فێری فۆنەتیکمان دەکات خۆ هەر لێی بگەڕێین چاکترە. بەهەمەحاڵ چاو نوقاندنی گوتارەکە لەو ڕاستییانەی هەر ئێستا خستمنە ڕوو لەبارەی (دەنگ) و (پیت)ەوە یا هی تێنەگەیشتنە، یاخود هی خۆنەناسکردنە، لە هەردوو حاڵیشدا مرۆڤ مافی ڕەخنەگرتن و قسەکردنی (زانستکارانە)ی نامێنێ چونکە دەمدان لە بابەتی سەر بە (زانست)، ئەو زانستە چی دەبێ با ببێ، هەم باخەبەری پێویستە و هەم ئینساف و ڕاستگۆیی. یەکێك دوو وشەی پرسیار بخاتە سەر مەبەستێك [چۆن لێرەدا لەسەر چە پەیڕەوێ] دواتریش چاو لە هەموو ڕایە ڕاست و دروستەکانی نووسینی بابایێکی وەك من بنوقێنێت ئنجا داواش بکات لامی ناو (اللّه) شکڵی (ڵ)ی بدرێتێ و واش بزانێ (ڵ) دەنگە، دەبێ چۆن پێشوازی لە نووسینەکانی بکرێ؟ من پەرۆشم بۆ خوێندەواری نەوباوە کە چاوی بەخوێندنەوەی نووسینی دوور لە ئاگاداری و دوور لە ڕاستی و ئینساف ڕابێت و لە ئاکامدا هەستە پاك و پیرۆزەکەی (پەرۆش بۆ ڕاستی) لەلا کول ببێت سەرەڕای ئەوەی بیری کاڵ و ناپوختەی بەدڵ و دەروونـدا بچێت.. بڵێین چی، ئەمەیە حاڵی ڕۆشنبیریمان.

ئێستا نۆرەی (دەم لە فارسی وەردان)ە، دیسان یەخەی (هەرگیز)ی بەستەزمان گیرایەوە و گوتارەکە سەرلەنوێ پێی لەسەر (هەرگیز) داگرت و گوتی (دەمی لە فارسییەوە وەرداوە). جارێ من نەمگوتووە: (دەمی لە فارسییەوە وەرداوە)، گوتوومە (... لە کۆنەوە دەمیان لە فارسی وەردەدا).

هەروەك من ڕێم نییە عەیب لە سلێمانی بگرم لەوەدا کە دەڵێن (دەمی لێوە دەدا) هەروەهاش یەکێکی دیکە مافی ئەوەی نییە عەیب لە کۆییێ و شوێنی دیکە بگرێ لەو جۆرە ئاخاوتنە کوردییەی کە بەپێی ڕاهاتنی خۆیان وتووێژی پێ دەکەن. کۆیی دەڵێن: (دەم لە فارسی وەردەدا) دەشڵێن (دەم لە فارسی دەدا) بەڵام ناڵێن (دەم لە فارسییەوە دەدا) و بەبیریشیاندا نایەت لەوەدا ئاخێوەری سلێمانی بشکێننەوە. کە بێین

و بەپێی ئاخاوتنی کۆیێ بۆ (ئاو) بڕۆین ئەوسا کۆیی دەڵێن (ئاو لە دەمی وەردەکا) و ناڵێن (... وەردەدا). لە نێوان (تێ وەردان) و (تێ وەرکردن)یش فەرقێکی ورد هەیە، خوا لە کەس هەڵناگرێ بەناوی بووژاندنەوەی شێوەی ئەدەبی زمانی کوردی هەناسەی لێ ببڕێت. ئەوەی کوردی باش بزانێت و شەوکوێری زماننناسی نەبێت دەبێ هەست بەم ڕاستییە بکات، لەو وشانەدا کە بەهۆی (کردن، دان)ەوە پەیدا دەبن بەزۆری ئەو پێوەندییەی نێوان شتان کەوا (کردن)ەکە پەیدای دەکات لکێنەرترە لە هی (دان). بەنموونە:

بەردێکم هەڵدا، بەردەکە لە من و لە هەموو شتێك دادەبڕێت.

ئالاکەم هەڵکرد، ئالاکە بەدارەکەوە دەلکێت و لێی نابێتەوە.

زەردەواڵە بەپەنجەمیەوە دا، خێرا بەخێرا زەردەواڵەکەم لێ دەبێتەوە.

دنکە تەزبێحەکەم بەداوێوە کرد، دنکەکە لە داوەکە نابێتەوە.

قەڵەکەم دادا، تلێسمەکان لە قەڵەمەکەوە بەردەبنەوە و لێی دوور دەکەونەوە.

گەنمەکەم داکرد، گەنمەکە لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە کە تێیدا داکراوە.

ئەم خاسیەتەی (کردن) بەزۆری لە واتای وشەکاندا خۆی دەنوێنێت مەگەر لەو شوێنانەی کە سروشتی داڕشتنی وشە و ئەو ئەداتەی تێیدا بەشدار بووە (پێوەلکان) هەڵنەگرێت، وەك کە دەڵێی (دەرم کرد – دەرم دا) دیارە واتای پێشگری (دەر) دژی لکانە.

لە شێوەی ئاخاوتنی کۆیەشدا کە دەڵێی (ئاوی لە زاری وەرکرد) ئاوەکە شتێکی مادییە و بەرهەستە، بەپووك و ددان و مەلاشوو و زمان و هەموو ناو دەم دەکەوێتەوە و زۆر لە نزیکەوە پێیانەوە دەلکێ بەلام کە دەڵێی (دەم لە فارسی وەردەدا) قسەکان بەزارەوە نالکێن. قسە دەنگە و بلاو دەبێتەوە. لەبەر ئەمە زۆر ئاشکرایە (ئاو لە زار وەرکردن) و (دەم لە زمانی فارسی وەردان) پتر ڕەسەنایەتیی ئاخاوتنی کوردیی پاراستووە لە (ئاو لە زار وەردان) کە لە تەك (دەم لە فارسییەوەدان) بێت. لەگەڵ پاراستنی ڕەسەنایەتی، لایەنێکی بەلاغەتیش لەو بەکارهێنانەدا ڕەچاو کراوە. تۆ سەرنج بگرە (ئاو لە دەمت وەردەکەی) کەچی (دەم لە فارسی وەردەدەی) نەك (فارسی لە دەمت وەردەدەی)، واتە لێرەدا (ظرف و مظروف) بەپێی داخوازی حاڵ و بەپێی واتای وشەکە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. سەلیقەی زماننناسی (فطری) و زگماك لەو خەڵقەدا

وەهای کردووە فەرق بەو وردەکارییە بکات. بەدوا ئەمانەدا دەبێ تێبینییەکی زێدە گرنگی دیکەش بەخەیاڵدا تێ پەڕێنین، (دەم تێ وەردان، خۆ تێ وەردان) لەو حاڵەتەدا بەکار دێن کە ناڕەزامەندیی لەگەڵدا بێت. دەگوترێ (کابرا چ هەقی بەسەر ئیشەکەوە نەبوو کەچی خۆی تێ وەردا) هەروەهاش (دەم و زمان لە فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی وەردان) نەزانینی ئەو زمانانە ڕادەگەیەنێت. وشەی (تێ وەردان) تێ پەڕی (تێ وەرچوون)ە وەك دەشزانین تێ وەرچوون هەرگیز (دەڵێم هەرگیز) پەسەند نەکراوە.

ئێستا بابێینە سەر حیسابی (جووجەڵە):

باسی ئەم وشەیە دوور و درێژە چونکە پێویست دەکات بەهەموو بارێکیدا وەرگێڕین و هەموو هاوواتا و هاوشێوەکانی بهێنینە ناو لێکدانەوەمانەوە [جووچکە، جووجیلە، جووچك، گجوك، گوجیلە.. هتد] بەلاّم من لێرەدا زۆر بەکورتی خۆمی لێ ڕزگار دەکەم.

ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا بۆ فەرخەی مریشك بەکار هاتووە و بەکار دێت، بەلاّم ئێستا زۆر جاران بۆ فەرخەی ئەو باڵندانەش بەکار دێت کە ماڵی بوون وەك (کەو، سوێسکە، عەلیشیش، مراوی، قاز). بەڵگەی ئەم ڕاستییە جگە لە بیستنی خۆم بەیتێکی حاجی قادریشە:

وەك مریشکێ کە عەقڵی نەیهێنێ
بێت و هێلکە مراوی هەڵبێنێ
وەك بگاتە کەناری جۆگەلەیەك
بمرێ نایێتە شوێنی جووجەڵەیەك

دیارە لێرەدا جووجەڵە فەرخە مراوییە چونکە مریشکەکە هێلکەی مراویی هەڵێناوە.

سەیری فەرهەنگی مەهاباد[1] بکە ئەمانە دەخوێنیتەوە:

جووجە: فرخ.

جووچکە: عصفور، الفرخ.

جووجیلە: فرخ.

جووچك: فرخ، طفل.

ڕەوانشاد گیوی موکریانی لە ئاست هیچ یەکێك لەو وشانەدا ناوی مریشکی

(١) فەرهەنگی مەهاباد، هەولێر، چاپخانەی کوردستان ٢٥٧٣ی کوردی ل: ١٩٣.

نەبردووە، دیارە بەلایەوە وشەکان بەگشتی بۆ فەرخە و منداڵ ڕۆیشتوون، هەروەك بەلای شێخی خاڵەوە وشەی (جووجەڵە) تایبەتی فەرخەی مریشکە بەپێی ئەوەی کە لە فەرهەنگەکەیدا دەیخوێنیتەوە.

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە لاپەڕە (٢٤)ی فەرهەنگەکەیدا لە واتای وشەی (جووجەڵە)دا دەڵێ (chick). بەپێی ئەوەی لە لاپەڕە (١٧١)ی فەرهەنگی (المورد)دا هاتووە وشەی (chick) ئەو واتایانە ڕادەگەیەنێ: صوص، كتكوت، صغیر الطائر، طفل، فتاة.

لەمەوە دەردەکەوێ بەشێکی فەرهەنگناسان جووجەڵە بۆ غەیری مریشکیش دەبەنەوە.

بەهەمەحاڵ، ئەوەی دەیزانم، لە بەری بابان جووجەڵە پتر بۆ فەرخەی مریشك ڕۆیشتووە، لە بەری سۆرانیش بۆ فەرخەی مریشك لە شێوەی (جووچکە، جووجیلە) بەکار دێت بەڵام بۆ غەیری مریشکیش دەشێت، جووجیلەش لە جووچکە ساواترە. خۆ ئەگەر ئەمانەش نەسەلمێنرێن من بەوەندە ڕازیم حیسابی بەیتەکەی حاجی قادرم لەگەڵدا بکرێ..

گوتارەکە دەیتوانی لە چەند ڕێبازێکەوە بەرەو ڕەخنەی بەرێووجێ بڕوات ئەگەر نەختێك نیگای وردبین و ڕاست و دروستی هەبایە، بەنموونە: لە لاپەڕە (٢٨٦)ی، بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٧٧ وشەی (ڕاگوێزتن)م بەکار هێناوە. دەشیا ڕەخنە لەم بەکارهێنانە بگیرێ ئەگەر سەرەتایێکی یەکجار سەراو و دەست هەڵێنجی (فۆنەتیك)ی کوردی لێ بەخەبەر هێنرابایە، بەڵام دیارە تۆز لە ئاو هەڵناستێ چونکە مەعلوومە ئەو گوتارە ناتوانێ لەخۆوە بچێتە ناو سروشت و تایبەتییەکانی (دەنگ)ی کوردییەوە مەگەر لە دەرەوەی خۆیەوە دەستوورێکی دۆزرایەوەی فۆنەتیك بخوازێتەوە و ڕاماڵی زمانی کوردی بکات ئیتر یا جێی خۆی دەگرێت یا ناگرێت.

وشەی (ڕاگوێزتن) بەپێی داخوازی (دەنگ) بەتێکڕایی وەها داوا دەکات گۆڕانی بەسەردا بێت و دەنگەکەی (ز)ی تێدا بکرێتە (س) و ببێتە (ڕاگوێستن) چونکە دەنگی (ز) ئاوازەدارە[١] و دەنگی (ت) کپە و حەز لە یەکدی ناکەن.

---

(١) لە عەرەبیدا بە «ئاوزەدار» دەڵێن «مجهور». بە «کپ»یش دەڵێن «مهموس».

داخوازی دەنگ لە زۆر حاڵدا فەرمان بەسەر چۆنیەتیی گۆڕانی وشەدا دەدات، بەنموونە وشەی (دەزگا) لە (دەستگا)وە هاتووە. لە پێشەوە دەنگەکەی (ت) سواوە چونکە دەربڕینی لەو شوێنەدا زەحمەتە. کە (ت) لە نێواندا هەڵستا دوو دەنگی (س – گ) دەکەونە پاڵ یەکتر، دەشزانین (س) کپە و (گ)ش ئاوازەدارە، بۆیەیە دەنگەکەی (س) بەئاوازەدارێکی لە خۆی نزیك دەگۆڕدرێتەوە کە دەنگی (ز)ە و وشەکە دەبێتە (دەزگا). وەك بەسەرنجدانیش دەردەکەوێ داخوازی ئاسانکردنی دەربڕینی (دەنگ) پتر بەرەو گۆڕینی دەنگی کپ بۆ ئاوازەدار دەڕوات نەك گۆڕینی ئاوازەدار بۆ کپ دەنا دەبوو وشەکە ببێتە (دەسکا) چونکە دەنگی (ك)یش کپە وەك (س)، بەڵام دەستوورەکە ڕیزپەڕی[1] تێ دەکەوێت وەك کە دوای پێچووکەیێك لێی دەدوێم.

ئەم سەرەتایەی فۆنەتیك شتێکی نوێی تێدا نییە و دەبێ هەموو ئەوانەی دەم لە فۆنەتیك دەدەن لێی بووبێتنەوە، تەنانەت هێند ئاشکرایە مامۆستاشی پێ ناوێ، بەڵام بەنیسبەت (ڕاگوێستن)ەوە کە من بەکارم هێناوە مەسەلەکە وەها ڕوون و دەست هەڵێنج نییە.

لە کوردیدا دیاردەی دەنگی (ز) و چۆنیەتی مامڵەت لەگەڵدا کردنی لە هەندێ ڕووەوە لێکۆڵینەوەی دەوێت:

دەزانین و گوتمان دەنگی (ز) ئاوازدارە، ئنجا با بزانین چۆن لەگەڵ دوو دەنگی (ت، د)دا ڕەفتار دەکات.

دەنگی (ت) کپە و بەعادەت (ز) حەزی لێ ناکات چونکە خۆی ئاوازەدارە و ئەمەش شتێکی سەیر نییە، بەڵام سەیر لەوەدایە کە دەنگی (ز) پتر دوشمنی دەنگی (د)ە هەرچەند ئەویش وەك (ز) ئاوازەدارە. سەیرێکی فەرهەنگی کوردی بکە، ڕەنگە وشەی تێدا نەبینی دوو دەنگی (ز، د) بەم شێوەیە تێیدا بەدوا یەکدیدا هاتبن مەگەر وشەکە لێکدراو بێت و لە دوو وشەوە دەنگەکانی (ز، د) کەوتبێتنە تەنیشت یەکتر، وەك کە دەگوترێ (نازدار، بازدان، پزدان، پەزداری، ڕەزدار...) وا پێ دەچێ، ئەم حەزنەکردنەیە وای کردووە ئەو وشەی لە فارسیدا دوو دەنگی (ز، د)ی کۆ کردووەتەوە، لە کوردیدا (د)ەکەی دۆڕاندووە وەك:

---

(١) ڕیزپەڕ: شاذ.

| وشەی فارسی | وشەی کوردی |
|---|---|
| مزد | مزە |
| دزد | دز |
| هورمزد | هۆرمز |

لە کوردیدا فیعل هەن لە ڕابردوو و ئایندەدا ئەم وێنانە وەردەگرن:

گەستم دەگەزم

گەزیم دەگەزم

گواستمەوە دەگوازمەوە

گوێزامەوە دەگوێزمەوە

گوێزیمەوە دەگوێزمەوە

خواستمەوە دەخوازمەوە

خوازیمەوە دەخوازمەوە

ئەم فیعلانە بەفیعلی دیکەی وەك خۆیان بگرین و بەراوردیان بکەین:

بەستم دەبەستم

ڕێستم (ڕستم) دەڕێسم

بیستم دەبیسم، دەبیەم

دەبینین لەم سێ فیعلەدا نە لە ڕێژەی ڕابردوو نەلە ڕێژەی ئایندەدا دەنگی (ز) دەرناکەوێت. ئایا لەبەرچی تاقمەکەی پێشووتر (گەستن، گواستنەوە، خواستنەوە) دەنگگۆڕییان تێدا کراوە؟

هەرچەند بەشێوەیەکی لە گومانبەدەر وەرامێکم بەدەستەوە نییە، بەڵام کە بێین و ئەم دەنگگۆڕییە لەو فیعلانەدا بخەینە بەر تیشکی ئەو دیاردە فۆنەتیکییانەی کە پێوەندییان بەفیعلەکانەوە هەبێت، بەتایبەتی ڕواڵەتی (ڕاگوێزتن) کە پێچەوانەی سروشتی دەنگی کپ و ئاوازەداری تێدایە، وا دەزانم هۆی دەنگگۆڕییەکە لە (س)ەوە بۆ (ز) دەگەڕێتەوە بۆ حەزنەکردنی دەنگی (ز) لەو (د)ەی کە بەدوایدا دێت، وا پێ دەچێ

فیعلەکان لە کۆندا (گەزدن – گوازدنەوە، گوێزدنەوە – خوازدن، خوازدنەوە) بووبن ئیتر، لەوە بەولاوە هەر یەکێك لە فیعلەکان بەپێی دەستووری دەنگگۆڕی شێوەیان گۆڕابێت بەم جۆرەی خوارەوە:

فیعلی (گەزدن) لە دوو ڕێگەوە دەنگەکانی (ز، د)ی لە یەکدی دابڕاون:

١– بەهێلانەوەی دەنگی (ز) و گۆڕینی (د)ەکە بۆ (ی) فیعلەکە بوویێتە (گەزین). گۆڕینی (د) بە (ی) لە کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. حاجی قادر دەڵێ:

بێ بستە فەلەك ئاشەکی وای ناوەتەوە

بۆ (هاڕدنی) ئێمە چ عەجایب دەگەڕێ

وشەی (هاڕدن) لە جێی (هاڕین) بەکار هاتووە، دەڵێی بۆ ئەسڵی خۆی بردراوەتەوە.

٢– بەگۆڕینی هەردوو دەنگی (ز، د) بۆ (س، ت) بەپێی ئەوەی نزیکترین دوو دەنگی کپ بۆ (ز، د) ئەم دوو دەنگەی (س، ت)ە کە زۆریش حەز لە یەکدی دەکەن.

فیعلی (خوازدنەوە)ش دەشێ بەهەمان ڕێگەی باسکراوی (گەزدن)دا دوو شێوەی لێ پەیدا بووبێت:

١– گۆڕانی دەنگی (د) بۆ (ی) –خوازینەوە–

٢– گۆڕانی هەردوو دەنگی (ز، د) بۆ دوو دەنگی (س، ت) –خواستنەوە–

فیعلی (گوازدنەوە) بۆ (گواستنەوە) دیارە دەنگەکانی (د، ز)ی گۆڕاوە بۆ (س، ت).

بەڵام دەبێ ڕواڵەتی (گوێزدنەوە) بنیچەی (گوێزانەوە – گوێزینەوە – گوێستنەوە) بووبێت:

گۆڕانی (گوازدنەوە) بۆ (گوێزدنەوە) لەو ڕێگەوە هاتووە کە فیعلی وەك (شاردنەوە)ی تێدا گۆڕاوە بە (شێردنەوە). لەوە بەولاوە گۆڕانی (گوێزدنەوە) بۆ (گوێستنەوە) مەعلوومە چۆن بووە. هەروەها گۆڕانی بۆ (گوێزینەوە)ش وەك (گەزین، خوازین) بووە، بەڵام ڕواڵەتی (گوێزانەوە) دەنگەکەی (د)ی بە (ا) گۆڕیوە نەك (ی) بەمەشدا ڕێژەی فیعلەکە چووەتە سەر ڕێبازی کۆمەڵە فیعلی (کێلان، هێنان، وێران، پێچانەوە..) و وەك ئەوان گەردان دەکرێت.

لەم ڕوونکردنەوەیەدا شتێکی بزر دەردەکەوێت، هەر دەڵێی کە من بڵێم (گەزتن،

خوازتنەوە) هاتووم دوو دەستووری فۆنەتیکم تێکەڵ کردوون، یەکیان ئەوەیە کۆنە (ز)ەکەی (گەزدن، خوازدنەوە)م هێناوەتەوە بۆ ناو وشەکە، دووەمیان ئەوەیە ئەو (ت)ەی کە لە دوا کاتدا بووبووە جێگری (د)ی وشەی (گەزدن، خوازدزووە) بەردەوامم کردووە لەو شوێنەیدا و لەگەڵ کۆنە (ز)ەکەدا کۆم کردوونەتەوە.

ئەم بەیەکەوەهێنانەی دوو دەنگ لە دوو ڕێی جوداوە شێوەی دیکەشی هەیە:

وشەی (پشدەر – پژدەر) لە بنەڕەتدا (پشتدەر)ە. لەخۆوە دیارە هاتنی دەنگی (د) لە پاش دەنگی (ت)ی وەستاودا زۆر ناقۆڵایە و بەزەحمەت دەردەبڕدرێ، لەبەر ئەمە تێ دەچێت و وشەکە بەکورتکراوی دەبێتە (پشدەر). ئنجا دەستوورێکی دیکەی دەنگی کوردی خۆ دەهێنێتە کایەوە:

دەنگی (ش) کپە و (د) ئاوازەدارە حەز لە یەکدی ناکەن. بەپێی دەستوورە بەرفرەوانترەکەی گۆڕینی کپ بەئاوازەدار دەنگە کپەکەی (ش) بەدەنگێکی ئاوازەداری لە خۆی نزیك دەگۆڕێت و وشەکە دەبێتە (پژدەر). بەو پێیە ئاخێوەر و نووسەری کورد بۆی هەیە بنووسێ و بڵێ (پشدەر، پژدەر).

وشەی (ناسك) بەئەسڵ لە (ناز)ەوە هاتووە و پاشگری (ك)ی پێوە لکێنراوە، وەك دەشزانین دەنگی (ز) ئاوازەدارە و (ك)یش کپە. لێرەدا (٣) ڕێگە لە پێش ئاخێوەری کوردیدا کراوەتەوە، دەشێ وشەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە و بگوترێ (نازك) وەیا (ز)ەکە کپ بکرێت و ببێتە (س) کە لە خۆی نزیکە و وشەکە ببێتە (ناسك)، زۆر کەسیش کافەکە بەگاف دەگۆڕن، کە دەنگێکی ئاوازەدارە، وشەکە دەکەن بە (نازگ).

گۆڕانی (ز) بە (س) لە وشەی (ناسك)دا پێچەوانەی دەستوورە بەرفرەوانەکەی گۆڕینی دەنگی کپە بەئاوازەدار چونکە لێرەدا ئاوازەدارەکەی (ز) لەبەر خاتری کپەکەی (ك) بۆتە (س) کە ئەویش کپە.

ئاگاداربوون لەم دەستوورانە یارمەتیی ئەوەمان دەدات بەخۆڕایی نووسەر و ئاخێوەر بەهەڵەکردوو نەژمێرین کە هاتن و وشەیێکیان بەیەکێك لەو ڕێبازانەدا هێنا و لە ڕێبازی من و تۆ جودا بووەوە چونکە لەوانەیە ڕێبازەکەی ئەو لە هی من و تۆ دروستتر بێ. لە عەرەبیدا کە دوو دەنگی (ز، ت) لە (باب الافتعال)دا کۆ دەبنەوە دەنگەکەی (ت) دەبێتە (د) و ڕێ نییە وەك خۆی بمێنێتەوە وەیا (ز)ەکە ببێتە (س).

(زهر) له بابی (افتعل)دا دەبێتە (ازدهر)، نە (ازتهر) و نە (استهر) وجوودیان نییە.

گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نوێ) ڕێی هەبوو لەوەشدا ڕەخنەم لێ بگرێ کە من وشەی فۆنەتیکم لە جێگەی (فۆنۆلۆجی) بەکار هێناوە، دیارە جوداوازییەکی ئاشکراش لە نێوانیاندا هەیە. ئەوەی ڕاستی بێ من کە (فۆنەتیک)م بەکار هێنا لەوەوە بوو کە نووسەرانی کورد بەر لە من دەستیان لە (فۆنەتیک) ڕاهاتبوو و بەواتای (فۆنۆلۆجی)شیان بەکار دەهێنا، ڕەنگە هەر خۆشم یەکەم جار ئیشارەتم بۆ جوداوازیی نێوان هەردوو وشە کردبێت [سەیری لاپەڕە ٦١٣، ٦١٤ بکە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم ١٩٧٥ لە ناو توێژی گوتاری «فۆنەتیك چیمان بۆ بکا؟»]. هەرچەند زەرەرێکی گەورەش لەوەدا پەیدا نابێ کە لە جیاتی (فۆنۆلۆجی) بنووسرێ (فۆنەتیك) دیسان کە شارەزاییێکی بابەتەکان لە ناو بێگانەدا ببینێ نووسەری کورد وشەیەك لە جێگەی یەکێکی دیکەدا بەکار دەهێنێت ڕەخنە بەدڵی خۆیدا تێ دەپەڕێنێت، هەقیشیەتی. وەك بزانم، تا ئەم کاتە جوداوازیی نێوان وشەکانی phonology, phonetics, phonetic لە کوردیدا ڕوون نەکراوەتەوە، کارەکەش زۆر گران نییە بەڵام ئێرە جێگەی لەباری ئەو کارە نییە. بەهەمەحاڵ پێویستە کەسانێك ئەرکی ڕوونکردنەوەی واتا ڕاستەقینەکەی ئەو وشانە بگرنە ئەستۆیانەوە کە دەزانن وشەکان چییان بەبەرەوە هەیە و چ ڕادەگەیەنن و چۆن ڕووناکایی بۆ ناو ناوەڕۆکی زمان – بەتایبەتی زمانی کوردی– دەهاوێژن، نەك بێن و لە کتێبەکی عەرەبی وەیا فارسی وەیا ڕووسی وەیا.. وەیا باسەکانی سەر بەفۆنەتیك و فۆنۆلۆجی بەنیوەچڵی وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی و لەبەر تازەییی باسەکەش چی غەڵەت و پەڵەت هەیە ببێتە بنەمای باسی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیك لە لای ڕۆشنبیری نەوباوی کورد وەك کە (ڕاناوی لکاو و نەلکاو) خۆی بەسەر بەشێکی سەرلەبەری ئاخاوتنماندا دابڕی و وەهاش جێگیر بوو بەکەس ناکرێ دەری بکێشێت، وشەی (فرمان)یش کە لەبری (کار، فعل) ڕۆیشتووە ئەویش هەر لە نەشارەزاییی ئەو کەسە بووە کە یەکەم جار بەکاری هێناوە، دیارە وشەکەشی لە زاری نەخوێندوان هەڵگرتووەتەوە کە دەڵێن (فرمانی خۆم بەجێ هێنا) مەبەستیشیان (ئەو کارەی پێویستە لەسەرم بیکەم)ە، وشەکەش لە (فەرمان – بەواتای «امر»ی عەرەبی) وەرگیراوە وەك کە (واجب) بۆ (کاری پێویست) ڕۆیشتووە. جا ئەگەر (فرمان) بۆ (کار، کردار)ی کوردی دەست بدات دەبێ (واجب)یش بۆ (فعل)ی عەرەبی جایەز بێت.

مەسەلەی زمان وەك ڕامیاری و ئەدەب نییە هەڵەی (ڕاناو)ی لێ نەبێتە عەیبی گەورە. دەشێ خەڵك لەبارەی ڕامیاری و ئەدەب و ئابوورییەوە زۆر لە یەكدی دوور بكەونەوە و هەر لە جغزی بەرژەوەندیشدا بمێننەوە چونكە ئەمانە لە گۆڕاندان بەتایبەتی (ئابووری و ڕامیاری)، بەڵام (زمان) تەحەمولی هەڵەی گەورە ناكات، ئەو گۆڕانەی بەسەریشیدا دێت نابێ ئاوەژووری بكاتەوە. شۆڕش لە ڕامیاری و ئابووریدا كارێكی چاوەڕوانكراوە، كەچی زمان، بەتایبەتی دەستوورەكانی ڕێزمان، كە تەقڵەی پێ لێ درا نەفەسی دەبڕێت، ئەگەر گوتارەكەی (ڕۆشنبیری) ڕەخنەی لە كتێبی (حاجی قادر..) گرتبایە كەم و زۆر خۆم لێ بەدەنگ نەدەهێنا.

ڕەخنەیەكی زۆر ڕەوای لێم گیرابایە ئەوە بوو كە لە لاپەرە (١٥٤)ی حەشارگەدا گوتوومە هەموو زماننـاسانی كورد چاویان بەسەر پاشگرێكدا كشاوە بێ ئەوەی هەستی پێ بكەن ئەویش پاشگری (را)ی ڕێژەی (مبنی للمجهول)ە.

من كە ئەمەم نووسی هەر ئەوەم بەرچاو كەوتبوو كە د. عەبدوڵا نەقشبەندی لەبارەی ئەم پاشگرەوە، لە یەكەم ژمارەی گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورددا بڵاوی كردبووەوە. دواتر لە كاتی لێكۆڵینەوەی ڕێزمانی لەگەڵ ئەندامانی (لێژنەی زمان و زانستەكانی) كتێبێكی ڕێزمانی قوتابخانەكانم دیت لەبارەی ئەم پاشگرەوەی نووسیوە. بەڕاستی تا بڵێی دڵشكستە بووم بەو دۆزینەوە زۆر دواكەوتووەم. هەرچەند نەمدیت كەس سەهووەكەم ڕاست بكاتەوە، ڕەنگە ئەگەر خۆشم باسم نەكردبایە زەینی خوێنەرانی بۆ نەچووبایە، دیسان هەمیشە پێی سەغڵەت بووم و بەدوا دەرفەتدا دەگەڕام كە عوزرخوازی لە نووسەرانی ئەو كتێبە بكەم.

بەڵام دەبێ شتێك ڕوون بكەمەوە لەبارەی ئەوەی كتێبەكەی قوتابخانە بۆ پاشگری (را)ی نووسیوە، كتێبەكە پاشگرەكەی تەنیا بۆ كاری ڕابردووی تێپەڕ داناوە كە بكرێتە (مبني للمجهول)، هیچ بۆ ئەوە نەچووە كە ئەم پاشگرە هەر خۆیەتی لە ئایندە (مضارع)دا دەبێتە (رێ) چونكە باسی پاشگری (رێ) وەك پاشگرێكی سەربەخۆ دەكات، ئەمەش كەلەبەرێكی گەورەیە لەو باسە ڕێزمانییەدا چونكە ڕێژەی ڕابردوو و داهاتوو (ماضی و مضارع) لە یەكدی دادەبڕێت وەك ئەوەی كە هەریەكەیان لە سەرچاوەیێكەوە هاتبن. ئەوەی مەعلوومە لەو پاشگرانەی بەفیعلەوە دەلكێن شتێكی بێ دەمەتەقەیە، پاشگری فیعل لە ڕابردووەوە بۆ داهاتوو –ئایندە– هەر یەك شتە و

ڕواڵەتی دەگۆڕێ ئەمانەش نموونەی پاشگرەکانی (ا، کا، اند).

| ڕابردوو | ئاینده | چاوگ |
|---|---|---|
| ترسـ(ا)م | دەترسـ(ێ)م | ترسان |
| ئاڵۆز(کا)م | دەئاڵۆز(کێ)م | ئاڵۆزکان |
| لەرز(اند)م | دەلەرز(ێنـ)م | لەرزاندن |

پاشگری (ڕا)ش وەك ئەمانە شێوە گۆڕی دەکات:

| ڕابردوو | ئاینده | چاوگ |
|---|---|---|
| دیتـ(ڕا)م | دەدیتـ(ڕێ)م | دیتران |
| بیستـ(ڕا)م | دەبیستـ(ڕێ)م | بیستران |

ئەوەی ڕاستیش بێ، نەبەچاك نەبەخراپ، هیچ حیسابێکم بۆ نووسینەکەی ناو کتێبی (سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی) لە دانانی (محەمەدئەمین هەورامانی) نەکردووە چونکە لەو کتێبەدا هەرچی هەیە دەبێ چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە و ڕاست بکرێتەوە، بەنیسبەت پێشگر و پاشگر و ناوگریشەوەکە لەو کتێبەدا باسیان کراوە چاو پێداگێڕانەوە بەش ناکات، دەبێ باسەکەیان سەرلەنوێ بنووسرێتەوە. بەنموونە، ڕاناوی (م، مان، یان...) وەك نیشانەی چاوگ بە (پاشبەند – پاشگر) دانراون [بڕوانە لاپەڕە ١١٦، ١١٧]. لە سەرەتاکانی لاپەڕە (١١٨)شدا (کێڵرا – کێڵراو) هەردوویان وەك یەك بە (فرمان – فعل) حیساب کراون کە دەزانین (کێڵراو) ناوی بەرکار (اسم مفعول)ە.. خولاسە نووسینی ناو ئەو کتێبە هی ئەوە نییە دەسبژار بکرێت و بڵێی فلانە شتم بەلاوە باشە یا خراپە.

ئێستا ڕێ بەخۆم دەدەم بپرسم: ئایا گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نوێ) ناوی (کورد واتەنی) هەڵدەگرێ یاخود (کورد نەواتەنی)؟

لێرە بەدواوە دەقی گوتارەکەی (ڕۆشنبیری نوێ) لە چاپ دەدەینەوە تاکو خوێنەر بتوانێ بەراوردی لە نێوان ڕەخنەکان و وەرامەکانیاندا بکات. هەر بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاسانیش بگەڕێتەوە بۆ دەقی ڕەخنەکان، لێرەدا ستوونەکانی گوتارەکە ژمارەیان خراوەتە سەرێ بێ ئەوەی لە شکڵی ستووندا چاپ کرابن چونکە درێژایی و پانایی لاپەڕەکانی ئەم نامێلکەیە بەقەدەر هی گۆڤارەکە نابن، جا کە لە نامێلکەکەدا پەنجە بۆ ستوونێکی ناو گوتارەکە ڕاکێشرا بەهۆی ئەو ژمارەیەی لێرەدا بۆ ستوونەکە دانراوە دۆزینەوەی ئاسان دەبێ.

## زمانەوانی

## کورد واتەنی

محەمەدئەمین هەورامانی

زمانی پڕ بەپێستی واتاکەی و بەپێی ڕەویە و ڕەوشت و پێویستی چەرخ و باو و برەوی، شان بەشانی دۆخەکانی پێشکەوتنی ئەو خەڵکەی کە بەکاری دەهێنن و گفتوگۆی پێ دەکەن، دەبێ لە ئاڵوگۆڕدا بێ و زمانێکی زیندوو و نەمەیبو بێ... وەختێ زمان، لە دۆخی خۆی مایەوە و گەشەی نەکرد و پەرەی نەسەند و لەگەڵ چەرخ و پێویستییەکانی ڕۆژانەی ژیان نەسووڕا، بێگومان ئەو زمانە مردووە!! مەیبوە!! وەستاوە!! چونکە ئەو خەڵکەی کە گفتوگۆ بەو زمانە دەکەن مردوون! بەشێوەیەکی ڕوونتر؛ خەڵکێ نییە بەو زمانە قسە و گفتوگۆ بکەن!! بۆیە، وایە! چونکە تەنها ناوێکە، یان قاوغێکە، جگە لە چەند ڕەمز و وێنەیێ نەبن کە لە شێوەی چەند تێکستێکدان، هیچی تر نییە!! بۆ نموونە زمانی ئاوێستا چەند هەزار ساڵێ لەمەوبەرتر، زمانی سەرپاکی سەرانسەری خاکی کوردستان بووە، جگە لەوەش چەندەها گەلی ئێرانی تریش گفتوگۆیان پێ کردووە و زمانی دینی و قازیگەریەتیی سەردەمێکی دەوڵەتی ساسانییەکان بووە، سەرەڕای مانەوەی چەند تێکستێکی ئاوێستای پالەوییەکان –تێکستی دینی– و پەرسییەکان و ئاشکانییەکان و ساسانییەکان و چەندەها تێکستی تر کە بەزمانی ئاوێستایی نووسراونەتەوە، سەرەڕای ئەوەش کەچی هێشتا ئاوێستا، ئێستە هەر بەزمانێکی مردوو لە قەڵەم دەدرێ!! بۆچی؟! چونکی، حاڵی حازر، ئێستە گەلێ نییە گفتوگۆی پێ بکات، کەوا بوو تەنها لە دۆخێکی مردوویەتیدا ماوەتەوە!!

لەمەی سەرەوەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە گەل و زمان لە ژیانا هاوسەری یەکترین؛ گەلێ زمانی تایبەتی خۆی نەبێ بەگەل لە قەڵەم نادرێ، زمانیش بەبێ ئەوەی گەلێ ببێ گفتوگۆی پێ بکات، بەزمان سەرژمێر ناکرێ! چونکە زمان و گەل، یاخود گەل و زمان هاوتەمەن و هاوبەخت و هاوڕۆح و هاوگیانن؛ هیچ کامیان لەوی تریان بەدەر نییە، لەبەر ئەمانە ڕواڵەتی مێژوویی. زمانی هینی گەل بەیەکەوە جۆش دراون – هەر لەبەر ئەوەشە، ئەگەر ویسترا بەسەرهات و دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلێ بزانی، یەکێ لەو ڕێگایانەی کە دەتگەیێنێتە ئاوات و ئامانج گرتنی ڕێگای لێکۆڵینەوەی مێژوویی وشەیە –لە کوێوە هاتووە؟ لە کەیەوە هاتووە؟– واتە: «ئیتۆمۆلۆجیی وشەی زمان».

بەهۆی وردبوونەوەی مێژووی ئەو وشانەوە کە کەرەسەی زمانەکەیان دروست کردووە، هەن و نییەی ئەو وشانەمان بۆ دەردەکەوێ، ئەو وشەیە: لە کوێوە هاتووە! بەهۆی چییەوە هاتووە، هۆی هاتنی.. واتای چیی داوە، ئێستە واتای چی دەدات، لە چە دراوسێیەکەوە وەرگیراوە!... ! هتد.

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە زۆر بەچاکی و چالاکییانە لایەکی گەورەی مێژوو و بەسەرهاتی زمانەکەمان، بۆ ڕۆشن دەکاتەوە. زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە لە دێرین زەمانەوە تاوەکو ئێستە، هەر تەقڵ و دەویەتی ڕێگای پێچ پێچ و سەخت و ستەم و چاڵ و چۆڵی پڕ لە کۆسپ و ناهەمواری ترسناك و نەهات دەبڕێ و هەرگیزیش ڕۆژێ لە ڕۆژان تا ڕادەیی ترووکەی چاوێکیش، گەلی کوردی بەجێ نەهێشتووە، پارێزگاریی ڕەسەنیەتیی ڕێزمان و دەنگسازیی خۆی کردووە جگە لەوەش، نەرمونیان بووە بەرامبەر ڕواڵەتی دنیا و ڕۆژگار بەوەی کە بەفراوانی، پێویستیی ڕۆژانەی ڕۆژگاری گەلی کورد و چەرخ، هەمەجۆر وشە و موفرەداتی بێگانەی وەرگرتووە – بەتایبەتی ئەوانەی پێویست بوون بەژیانی ڕۆژانەی ڕۆژگاری کوردەواری!!

ئەو وەرگرتنە، یاخود ئەو جۆرە وشە و موفرەداتی بێگانە قەرزکردنە، هەمەجۆر شێوە –زار–یان لە زمانی کوردیدا پەیدا کردووە! چونکە کەرەسە قەرزکراوەکە، لەلایەکەوە، لە ڕەگەزێکەوە نییە. بۆ نموونە: ئەو وشە و موفرەداتە فارسییانەی کە قەرزکراون، زۆر ڕواڵەتی شێوە گۆکردنی فارسییان پێوە دیارییە، تاوەکو لە ڕستەشدا، هەروەها قەرزکراوی تورکیش و عارەبیش.. هتد.

بەم جۆرە، بەهۆی ئەو قەرزکردن و مانەوە و تێکەڵییەوە چەند شێوەیێ پەیدا بوون!! چەند زاریێ دروست بوون!! جا، کامیان زۆر ڕەسەنی کوردایەتی و کوردەوارییەتیی تیادا ماوەتەوە؟! ئەوە پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی ورد و قووڵی زمانی کوردی و شێوەکانیەتی شان بەشانی ئیتۆمۆلۆجی وشەکانی.. ئەم ئەرکە گرنگەش، ئیشی یەکێك و دووان نییە، کاری ساڵ و دوو ساڵیش نییە جگە لەوەش پێویستی بەزرووفێکی تایبەتی گونجاو و یارمەتییەکی پڕ لە زەرکاری هەیە...

بەپێی وردبوونەوەی ڕواڵەتی جوگرافی، بۆمان هەیە بڵێین: ئەو ناوچانەی زۆرتر لە بێگانەوە نزیکن ڕواڵەتی شێوە زارە کوردییەکەیان زۆرتر بەلای ئەو زمانە بێگانەدا دای تاشیوە کە دراوسێیانە تا ئەو ناوچانەی ناو کرۆکەی کوردستانیان گرتووەتەوە!! بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو ناوچە کرۆکانە جموجۆڵی ڕۆشنبیرییەتییان تیادا بوو! ئەم وتەیەش لام وایە بەڵگەدار بێ، ئەگەر هەر هیچ نەبێ، هەر بەسەرپێییکەوە بەرەو دواوە بۆ پەرە پەرەکردنی مێژووی دێرینی بەرهەم و تێکستی ئەدەبی فۆلکلۆرییە نووسراوەکانی نەتەوەی کورد، ئەو وەختە بۆمان دەردەکەوێ کە زاری هەندە ناوچەیێ نەبێ، ئەوانی تر پاش چەند سەد ساڵی شوێنەواری زارەکەیان بەو جۆرە کە حاڵی حازر هەیە ون دەبێ!!

جا، پەرەپێدانی ئەو زارە کوردییە ڕەسەنەی کە زیاتر ڕۆشنبیران و خوێندەواران پێی دەنووسن و پێی دەخوێننەوە و – بەهۆیەوە زیاتر ڕۆشنبیری لە گەشەکردن و پەرەسەندندایە– ئەرکی سەر شانی هەموو دڵسۆزێکی کوردە و هەروەها هی هەموو کوردێکی دڵسۆزیشە.. بەپێچەوانەشەوە، هێنانە کایەی زاری تر دەبێتە هۆی جێگا لێژکردنی زارە ئەدەبییەکە، تا ڕادەیێ لاوازکردنی و سەر لێشێواندن لە خوێندەواران و ڕۆشنبیران و لاوازکردنی جموجۆڵی ڕۆشنبیرییەتی...

ئێمە لێرەدا مەبەستمان تێکستی کەلەپووری نییە، واتە کەلەپووری نەتەوایەتی بەهەر زاریێ و شێوەیێ بێ پێویستە پارێزگاریی قەوارە و ڕواڵەت و شێوەکەی بکرێ، بەلام بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەتکردن و توێژ هەڵدانەوە زاری ئەدەبی کوردی لە هەموو زارێکی تر سەرلەبەرترە...

ئەم سەرلەبەرییە، فراوانترە سوودبەخشتر دەبێ، ئەگەر هاتوو ئەم داوودەزگا کوردییانە کە هەن چاویان بڕیبێتە ئاگاداریکردنی ئەم خاڵە و ئەم ڕواڵەتە و

بەتەنگەوەی گەشەکردنیەوە بن، بەشێوەیەکی تایبەتی ئەم داوودەزگا کوردییانەی کە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردییان خستووەتە ئەستۆی خۆیان، وەك: کۆڕی زانیاری کورد و داوودەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی و کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی کورد و یەکەتیی نووسەرانی کورد،... هتد. چونکە خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد زۆر بەپەرۆشەوە هەموو دەمێکی تینوویەتیی ڕۆشنبیرییان کردووەتە ئەم داوودەزگایانە و بەهیچ جۆرێ تێنوویەتیی ڕۆشنبیرییان ناکوژێتەوە، ... جا، هەر لەبەرئەوەیە بۆیە دەستی هاریکاریەتیی بەشداریکردن لەگەڵ ڕۆشنبیراندا پێویستە درێژ بکرێ بۆ وەرگرتنی بیروڕای زانایانی کورد و کوردەوانییەکان زمانناسەکان بۆ هێنانە دیی بەرهەمی بەپێزی وەها کە بکرێ بەدروشم، بۆ ژیاندنەوەی کەلەپووری کوردی و سەرفرازکردنی لە دەست زەبر و جەوری تۆز و خۆڵ و ئاڵوگۆڕی چەرخ، چونکە جگە لە هەزارەها دەرس و عیبرەتی لێوە فێر دەبین، بەعەمبارێکی کەرەسەی قامووسی کوردی کە لە دەمێکەوە چاوەڕوانی دەکرێ، لە قەڵەم دەدرێ – هەروەها بۆ گەشەپێدانی زمانە ئەدەبییەکە بەهێنانی وشە و موفرەداتی زادە کوردییەکانی تر بەشێوەیەکی زانستییانە بۆ ناو زارە ئەدەبییە یەکگرتووەکە...

بەم بۆنەیەوە، بەپێویستی دەزانم کە نەختێ دەمی باسمان بکەینە هەندێ وشە و موفرەداتێ کە لە چەند بەرهەمێکی ڕواڵەت زانستییانەی کوردیدا دەرچوون و ئومێدەوارین کە باسی (محەمەد عەلی کلای)مان لە جیاتی نووسینی پێشەکییەك بۆ بەرهەمێکی زانستی نەکردبێ!!!

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا وشەی «هەشارگە» بۆ جێگای خۆشاردنەوەی دڕندە، بەتایبەتی بەڕۆژدا، بەکار دەهێنرێ، واتە لە کوردەواریدا هەشارگەی گورگ، هەشارگەی بەراز باوە، ... بەڵام هەرگیزا و هەرگیز نەبیستراوە بوترێ «هەشارگەی مەڕ»...

وشەی «هەشارگە» لێکدراوی دوو وشەیە، کە ئەوانیش: «هۆشار» «گا (جا)»ن.. واتە جێگەی پەنای دڕندە... بۆ نموونە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دەوترێ «سەگی هەوشار»، بەواتای؛ سەگێکی دڕندە، ئەنجا بەم پێیە «هەوشارگە» یاخود «هەشارگە» هەروەك وتمان واتای جێگا پەنای دڕندە ئەدات.. لێرەدا، ئەوەی کە زۆر سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە نازانم بۆچی ئەم بەرهەمەی ئەم ناوەی پێوە نراوە! ئەمە

لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆچی وشەی (هەوشارگە) یاخود (هەشارگە) کراوە بە (حەشارگە)، دووریش نییە کە بۆیە وا چەواشۆ کرابێ، بۆ ئەوەی زیاتر سەرەنجی بازاڕ ڕاکێشێ!!!

با، ئێستەش چاوێ بەکتێبی «چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی» – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد بخشێنین و بزانین ناوەڕۆکەکەی چی تێدایە. پێش هەموو شتێك باشتر وایە تەماشای «شلکردنەوە...» بکەین، کە نازانم هۆ چی بێ ئەم فرەیزی «شلکردنەوە»ی لە جیاتی «پێشەکی، دەسپێشخەری، یا، سەرەتای باو بەکارهێنا بێ!!»

لەم شلکردنەوەدا، هەندێ، یاخود ئەتوانین بلێین کۆمەڵێ هەڵەی ڕێزمانی بەدی دەکرێن، کە کتێبی ڕێزمان، هەرگیز نابێ لە زمانەکەیدا هەڵەی ڕێزمانیی هەبێ!! ئەمانەش، وەك کورد واتەنی، مشتێکن لە خەرباریێك:

لە لاپەڕە (٥)دا، مامۆستای نووسەر نووسیویەتی و دەڵێ: «لەم نووسینەمدا نەختێك بەولای باسە بەرچاوەکانی ڕێزمانەوە بۆ ناو هەندێك لە حەشارگەکانی دەستووراتی ڕێزمانی کوردییەوە دەڕۆم...».

بەبێ لادان، ئەم وشە و موفرەداتە ڕیزکراوانە لە چوارچێوەیەکی ڕێزمانی زمانی کوردیدا دانەڕێژراون، چونکە هەرگیز کورد نالێ: (بەرچاوەکان)، بەڵکو کورد دەڵێ: «ئاشکراکان» یاخود «دیارییەکان» یاخود «ئەوانەی کە لە بەرچاون» هەروەها لە کوردەواریدا ناوترێ (دەستووراتی) بەڵکم دەوترێ: «دەستووری» یاخود «دەستوورەکانی»، بەم پێیە، دەیتوانی ڕستەکەم بەم جۆرە دابڕێژێ: «لەم نووسینەمدا نەختێك بەولای باسە ئاشکراکانی ڕێزمانەوە بۆ ناو هەندێك لە دەستووره پەناواکانی ڕێزمانی زمانی کوردییەوە دەڕۆم...».

هەر لە لاپەڕە چواردا، دەڵێت: «لایەنە یەکجار بزر و وردەکانی بچکۆلە نارێك و پێچەکەکانی ڕێزمان...» ئەم سەرنجێکی ئەم فرەیزە بدەین دەبینین کە لە واتا و ڕێکوپێکی بەپێی دەستووری ڕێزکردنی وشە لەسەر ڕێبازی ڕێزمانی زمانی کوردی زۆر لەنگە، چونکە ئەگەر شتێك یەکجار بزر بووبێ، هەرگیز نادۆزرێتەوە، ئەگەر هاتوو لە ئاسۆی دۆزینەوەشدا بوو ئەوە بزری یەکجار نییە!! جگە لەمەش هەروەك وتمان ڕیزی ئاوەڵناو و ناو وردەکاریی تری فرەیزی ناو ڕستەی تەواو نییە. زۆر شتی زیادەی

هێناوەتە ناویانەوە.. لام وایە بەم جۆرە ڕێك بخرابایە باشتر دەبوو:

«.. لایەنە ورد و بزرە ناڕێکەکانی ڕێزمان...» بەشێوەیەکی ڕوونتر نازانم چۆن ئەمانە یەك بەشوێن یەکەوە یەك کەوتوون: «وردەکانی» و «بچکۆلە» و «ناڕێك» و «پێچەکەکانی» و «زۆر بزر».. هتد.

هەروەها نووسەر لە لاپەڕە (٤)دا دەڵێت:

«لەم نووسینەمدا خوێندەواری عادەتیشم لە حیسابان دەرهاویشتووە، بەولای خوێندەواری عادەتییەوە، ئەو ڕۆشنبیرەشم تێ نەخوێندووەتەوە کە دەخلێکی ڕۆشنبیرییەکەی بەسەر ڕێزمانەوە نییە...».

وشەی «حیسابان» هی کوێرەدێیەکە ، ئەگەر زۆر بەفراوانیش بەکار بێت هەرگیز لە ناوچەیەکی بچکۆلە زیاتر تەجاوەز ناکات، جا نازانم چۆن لێرەدا لەسەر چ پەیڕەوێ بەکار هاتووە! خۆ زاری ئەدەبی نییە و!! ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی کەوە، لەو باوەڕەدا نیم مافی دیاریکردنی خوێندەواری عادەتی و ڕۆشنبیری درابێ بەیەکێ، یاخود سەنگی مەحەکێکی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە کێشانە و پێوانە دانرا بێ!! هەندێ ڕواڵەت و سیفەتێ هەن ئەگەر بدرێن بەڕۆشنبیری زمانناس، لام وایە هەروەك نووسەر مافی هەیە دەربارەی زمان و زمانناسییەوە بنووسێ، هەروەها هەموو ڕۆشنبیرێکی تری کورد ئەو مافەی هەیە، ئەگەر هاتوو بڕوانامەی پسپۆڕی و جۆرە قەباڵەی تر لەم ڕووەوە نەخوێنرانەوە و پشتگوێ خران!!

وشەی «حیسابان» «دەرهاویشتووە»ش هەروەك ئەوانەی پێشوون زۆر کەم جێگای کوردستان هەن کە خەڵکەکەی ئەم وشانە بەم جۆرە بەکار بهێنن، ئەوەش نابێتە بەڵگە بۆ هێنانە ناوەوەی ئەو وشانە و بەم جۆرە، ئەوە لە کوردەواریدا باوە دەڵێن «.. لە حیساب دەرهێناوە..» نەك «.. لە حیسابان دەرهاویشتووە..»

– ئێمە قسەمان لەسەر داڕشتنی ئەو ڕستەیەی سەرەوەیە!.

لە لاپەڕە (٣)دا مامۆستای نووسەر باسی دەنگ دەکات، کەچی وا دیارە هێشتا جیاوازیی نێوان «پیت» و «دەنگ» ناکات بەوەی کە دەڵێت: «.. دەنگی لامە قەڵەوەکەی...». ئەگەر لامی قەڵەو بێ، ئەوە (پیت)ە ئەگەر مەبەستی دەنگیش بێ، دەبوایە بیوتایە دەنگە قەڵەوەکەی ل٥، واتە ئەو ڕەمزەی کە بۆ دەنگ دادەنرێ بێگومان دەبێ جیاوازیی ڕواڵەتی تەواوی لەگەڵ ئەو پیتەدا هەبێ کە لە شێوازی وشەدا ئەو

دەنگە دەدات. بۆ نموونە

«لامە» قەڵەوەکە –تەنیا «لامە»کە– بریتییە لە چوار دەنگ «دوو بزوێن» و «دوو کۆنسونانت»... ئا، ئەمەیە کاری فۆنەتێك، ئەگەر دەپرسی: (فۆنەتیك) چیمان بۆ دەکات!!.

لە لاپەڕە (٣)دا نووسەر دەڵێ: «... دەمیان لە فارسی وەردا..». لە کوردەواریدا دەڵێ: «... دەمیان لە فارسی وەردا...». لە کوردەواریدا دەڵێ: «ئاو لە دەمت وەردە..» هەروەها دەڵێن، «.. دەمی لە فارسییەوە داوە» هەرگیز نەبیستراوە بوترێ: «دەمی لە فارسییەوە وەرداوە!» لە لاپەڕە (٨)دا، نووسەر چەند جارێ فرەیزی (جووجەڵەی کەو)ی بەکار هێناوە.. کە بێگومان ئەمە زۆر دوورە لە کوردواتەنییەوە و واش لە قەڵەم دەدرێ کە ئەمە تەنیا لەلایەن نووسەرێکی سەرمێزەوە ناشارەزای هەن و نییەی خەڵکی کوردستان و کوردەوارییەوە نووسراوە. چونکە کورد هەرگیز نەیوتووە (جووجەڵەی کەو)، ئەوەی لەم ڕووەوە وترابێ، تەنها (جووجەڵەی مریشك)ە، بەڵام «کەوبارِ» و «بارِەکەو» و «گووار» «کوڤار» باوە و بەوردیلەی کەو. وتراوە...

## فۆنەتیك چیمان بۆ بكا؟

هەرچەند بابەتی (فۆنەتیك)م نەكردووە بەمەیدانی چالاكیی خۆم، بەڵام بەبۆنەی ئەوەوە كە فۆنەتیك یەكێكە لە باسەكانی سەر بەئاخاوتنەوە، باییی ئەوەندەم ماف پێیەوە هەیە لە گۆشەی نیگای زمانی كوردییەوە سەیرێكی بكەم وەیا دەستێكی ڕەخنە هەڵبرم لەو بیروڕایانەی كە لەگەڵ ڕاستە حیسابی زمانی كوردی و سروشتی دەنگەكان و بزوێنەكان و بڕگەكانی ناگونجێن، ڕێی ئەوەشم لێ كوێر نابێتەوە داوا بكەم لە فۆنەتیكزانەكانی كورد كەوا خۆیان ڕزگار كەن لە تەسلیمبوون بۆ بیروڕای زاناكانی بێگانە كە (تصور)یان بەرامبەر دەستوور و ڕێبازەكانی فۆنەتیك و جۆری دەنگ و دەربڕینی بڕگە و وشە و ڕستە... لە زمانی ئەوتۆوە پەیدا بووە كە سروشت و تایبەتییەكانی لە هی زمانی كوردی دوورن، وەیا هەر نەبێ هەموو جاران لەگەڵیدا ڕێك نایەن. ناوناوە دەبیەین و دەخوێنینەوە، یەكێك لەوانەی باسی فۆنەتیك دەكەن وەهامان لەگەڵدا دەدوێ وەك ئەوەی بڕیار و بیروڕای زاناكانی فۆنەتیكی ئەورووپا بووبێتە زانستی (تطبیقی – مختبری) و قسەكانیان لەم مەیدانەدا ڕەخنە و دەمەتەقە هەڵنەگرێت. ئەم گوتەیە هەرچەند پتر بێنی خۆ هەڵدانەوەی خاوەنەكەی لێوە دێ لەو ڕووەوە كەوا ڕادەگەیەنێت خۆی بووبێتە میراتگری فۆنەتیك و زانستی زاناكانی فۆنەتیك و چ مافی من و تۆی بەسەرەوە نەمابێت، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ مەبەستی كورتكردنەوەی دەمەتەقە گوتەكە بەڕاست دەگێڕین و هیچ ڕەخنەیێكی لێ ناگرین، ئەوەش لە بیر خۆمان دەبەینەوە كە زاناكانی فۆنەتیك تا ئێستاش لەسەر شتێكی یەكجارەكی ڕێك نەكەوتوون، ئا لەم حاڵەشدا ڕێم هەیە بڵێم: ئەی فۆنەتیكزانی كوردی تۆ لە خوێندنەوەی كتێبەكانی فۆنەتیك هەر دەستوورە گشتییەكانی (زانست)ی فۆنەتیك فێر بوویت، جارێ یەك هەنگاوت نەهاویشتووە بۆ ناو گیروگرفت و كێشە و بێنە و بەرەی سروشت و تایبەتییەكانی دەنگ و بڕگە و وشە و ڕستە و گوتە و گرتن و ڕەهاكردن و دیاردان و ژێرلێوخستنی ئاخاوتنی كوردییەوە. هەروەك خوێندنی كتێبەكانی ڕێزمانی بێگانە لەوەندەت زاناتر ناكا كە پێت بڵێ فلانە شت (Verb)ە و ئەوی تریش (noun)ە كە بەمەدا یەك میلیمەتر ناتباتە ناو زمانی كوردییەوە و لەوانە

دەبێت بە (ظرف)ی کوردی بڵێی (صفة) و بە (ضمیر)ی کوردی بڵێی (حرف ربط)، هەروەهاش خوێندنی کتێبەکانی فۆنەتیك بەعەرەبی وەیا ئینگلیزی وەیا.. ژاپۆنی لە خۆوە ناتکەن بەزانای فۆنەتیکی کوردی و دیسانەوە لەوانە دەبێت دوای ئەزبەرکردنی ئەو کتێبانە چی هەڵە و غەڵەت و پەڵەتە ئەوە بکەیت بەدەستووری فۆنەتیك لە کوردیدا با سەد جارانیش هەڕەشەمان لیٚ بکەیت بەقسەی وەك (زانایان وایان گوتووە). من بەگوێی خۆم بیستوومە لە خاوەن شەهادەی دکتۆرا لە (زمان) گوتووەتی (سووتا، برژا، ڕما، پسا، ڕژا) ئەمانە هەموویان فعلی (مبني للمجهول)ن. شەهادەی بەستەزمان لەخۆوە نایێ هەڵەی خاوەنەکەی ڕاست کاتەوە وەیا لێی ببێتە مامۆستا و سەرلەنوێ فەرقی نێوانی (مبني للمعلوم و مبني للمجهول)ی بۆ شەرح کات...

گریمان زانای (قواعد اللغة – ڕێزمان) بەباشیش لە دەستوورەکانی گەیشتبیٚ مەرج نییە ببێتە (زانای زمان) هەروەك زانای زانستی (عروض) مەرج نییە شاعیر وەیا زانای (مقام) ببێتە گۆرانیبێژ. بەو پێیەش دەتوانین بڵێین، ڕاستیش دەکەین کە دەڵێین، زانای زانستی فۆنەتیك مەرج نییە ببێتە شارەزا و پسپۆڕ لە سروشت و تایبەتییەکانی دەنگەکانی ئاخاوتنی مادەرزادی خۆی. فۆنەتیکزان، سەرەڕای زانینی فۆنەتیك و لەویش زیاتر پێویستی بەوردبینی و قووڵبوونەوە هەیە، لەگەڵ ئەم وردبینی و قووڵبوونەوەیەشدا دەبیٚ سەلیقەی ڕاست و زیهنی تیژ و هەست و نەستی کارا پاڵپشتیی لیٚ بکەن و چرای بۆ هەڵکەن تاکو تاریکی ناو تەرکیبی ڕیس و تەونی ئاخاوتنی بۆ ڕوون کەنەوە. ئەم مەرجانە هەر بۆ فۆنەتیك پێویست نین، لە ڕاستیدا هەموو زانستێك پێویستی پێیان هەیە. مرۆڤ کە نیگای لێڵ بوو هەرچی زانستی جیهان هەیە نایکا بەپسپۆڕ لە هیچ مەیدانێکدا. بەنموونە دەڵێم، کە تۆ سەلیقەی شیعرت نەبوو هەموو دیوانی کائینات لەبەر کەیت نابی بەشاعیرێکی هەڵکەوتووی زیندوو وەیا کە زیهنی (ریاضی)ت نەبوو هەرچی دەستووری (ریاضیات) هەیە لە مێشکی خۆتدا کۆمەڵ بکەیت نابی بەبلیمەت لەم زانستەدا. لێهاتوویی و بلیمەتی و ئامادەییش نە بەقسەی من و غەیری من پێك دێن و نە دەشسرێنەوە، بەڵام هەند ئاشکران هیچ چاوێکیان لیٚ بەسەهوو ناچیٚ. من دیتوومە و تۆش دیتووتە نەخوێندەوارێکی دڵ هۆشیار ماملەتی هەزاران دیناری کردووە بەکڕین و فرۆشتن و قەرز و سەلەم بیٚ ئەوە یەك هەڵەی تێدا کردبیٚ، کەچی قوتابیێکی زەین کوێری ڕیازیات نەیزانیوە ئەو قەرزەی بۆ باوکی وەردەگرێتەوە لە کام خانەی دەفتەری دووکانەکەی تۆمار بکات و بیخاتە بەر کام

یەکێك لە چوار (عملية)ی حیسابەوە هەر لە بیرمە کاتێك لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەستمان کرد بەخوێندنی (قواعدی عەرەبی) قوتابیی تێدا بوو دەیگوت (کتب) ئیسمی موزاریعە، هی وەهاشمان هەبوو هەڵەی مامۆستای ڕاست دەکردەوە لە خوێندنەوەدا. مەلاکانی کورد لە زۆربەی عەرەبەکان پتر شارەزای (قواعد اللغة العربية) و صرف و نەحوی عەرەبین و تێیاندا هەیە کتێبی داناوە لەسەر ئەو (قواعد)ە بەڵام ڕەنگە یەکێکیان نەتوانێ هەنگاوێك باوێژێ و بۆ ناو ڕێزمان وەیا فۆنەتیکی کوردی هەرچەند زیرەکیش بێ چونکە جارێ خووی نەداوەتە وردبوونەوە لە تایبەتییەکانی زمانی کوردی.

هیچ دوور مەبینە یەکێك لەوانەی خۆ بەزانای فۆنەتیك دادەنێن و لە بارەیەوە دەنووسن، ئەویش لە تەك سروشت و تایبەتییەکانی دەنگەکانی کوردی وەك ئەو مەلایە وابێ و بەقەدەر ئەو تێیدا کوێرەوار بێ بەڵام پشت ئەستوورە بەوە کە زانستی فۆنەتیك جارێ لە نێو کورداندا زۆر باوی نەستاندووە و کتێبەکانی سەر بەفۆنەتیك بەنێویاندا بڵاو نەبووەتەوە، جا ئەگەر قەڵەندەرێکی دڵسۆز بۆ زمانی کوردی لێی بەدەنگ هات و گوتی فڵانە فەرموودەت لەگەڵ زمانی کوردی ڕێك ناکەوێ لێی سوور هەڵگەڕێ و بڵێ تۆ و فۆنەتیك کوجا مەرحەبا! چوزانی فڵانە پرۆفیسۆر و فیسار دکتۆر لەبارەی فۆنەتیکەوە چییان گوتووە؟ خۆ ئەوەی ڕاستی بێ ڕەنگە چ ڕەخنەیێك نەیەتە سەر گوتەی ئەوان پسپۆڕ و پرۆفیسۆرانە، بەڵام ڕاستکردنی ئەوان لەخۆوە نابێتە شەفاعەتکار بۆ هەڵەی فۆنەتیکزانان لە باسی فۆنەتیکی کوردیدا. ئەوان زانایانە هەرچی دەبن بابن، پایەی وان نابێتە لەمپەر لە پێش من وەیا قوتابییێکی تری کورد لەوەدا کە بزانین فڵانە دەستووری فۆنەتیك بەهەڵە بەسەر فڵانە دەنگ و برگەی ئاخاوتنی کوردیدا (تطبيق) کراوە. هەروەك هۆشمان بەدەستوورەکانی ڕێزمان دەشکێ و دەزانین ئاخۆ بیروڕای زانایێکی ڕۆژاوا وەیا ڕۆژهەڵات لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە بۆ زمانی کوردی دەست دەدا یا دەست نادا، هەروەهاش هۆشمان بەقسەی پسپۆڕەکانی فۆنەتیك دەشکێ و لێمان دەوەشێتەوە تێ بگەین ئایا قسەکانیان لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێن یاخود پێویستیان بەڕاستکردنەوە هەیە، کە ڕاستیش بوون ئایا فۆنەتیکزانێکی کورد بەدروستی لە کاریان دێنێ وەیا نابەڵەدانە.

من لەوەش زیاتر دەتوانم لەسەر ڕەخنەگرتن و بەجوابهاتنی خۆم و هی وەك خۆم بکەمەوە:

یەك پرۆفیسۆر و پسپۆڕی بێگانە نییە بەقەدەر کوردێکی وەك من لە سروشتی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی بگات و لە تەرکیبی ناوەکیی زمانی کوردی شارەزا بێ. فۆنەتیکزانێکی زیرەکی کورد دەتوانێ گەورەترین زانای ڕۆژاوا بەسەهوو ببا لە عاست سروشت و تایبەتییەکانی فۆنەتیك وەیا چەند و چۆنی ڕێزمانی کوردی بەڵام ناتوانێ بەئاسانی من وەیا قوتابییێکی کوردی وەك من هەڵفریوێنێ بەتەعلیلی چەوت و چوێر. کێ دەڵێ من وەیا یەکێکی تری وەك من ناتوانێ فۆنەتیکزانێکی کورد بەهەڵە ببا لە گەلێك چۆنەتیی ئاخاوتنی لەهجەی ناوچەییی چەندین هۆزی کورد کە ئەو فۆنەتیکزانە نەدیتوونی نەبیستوونی؟

هەموو خوێندەوارێك دەتوانێ لە ماوەیێکی موناسیبدا بزانێ مەبەست چییە لە (مۆرفیم و فۆنیم و سینتاکس و فۆنەتیك و.. هتد) بەڵام زانایێکی ئەوروپا یەکجار درەنگ دەزانێ هۆزی مەنگوڕ لامی قەڵەو چەند جار هێندی هی سلێمانی قەڵەو دەردەبڕێ کەچی خەڵقی شەقڵاوە لامە قەڵەوەکەی (عبداللّه، واللّه) دەکەن بەلامە لاوازە عادەتییەکەی (لۆکە، ملوانکە)، هۆزی ئەوتۆش هەیە لە نێوانی ڕانیە و ڕەواندزدا کە سوێندی (نفی) دەخوا لە جیاتی (ناواللّه) دەڵێ (ناوەی) هەر هەتا خۆی لە ئەرکی لامە قەڵەوەکەی (اللّه) بدزێتەوە.

خوێنەر با لێم بەسەهوو نەچێ لەوەی لەم گوتارەدا دەیڵێم دەربارەی سوودی فۆنەتیك: من ناڵێم زانستی فۆنەتیك پێویست نییە بۆ زانای فۆنەتیك کە دەیەوێ تۆژینەوە لەو مەیدانەدا بکات هەروەك ناڵێم زانینی ڕێزمان پێویست نییە بۆ زانای ڕێزمان و لێکۆڵینەوەکانی. من دەمەوێ بڵێم زانستی فۆنەتیك بەس نییە بۆ زانینی سروشت و چۆنەتی و تایبەتیی دەنگەکانی ئاخاوتن، لە کوردی بێ یا لە زمانێکی تر. یەکێك کە زانستی فۆنەتیکی زانی، جارێ، هەر فۆنەتیك دەزانێ و بەس. کەس بەتەنیا زانینی دەستوور و زاراوەکانی زانستی فۆنەتیك ناچێتە ناو ڕایەڵەکانی ئاخاوتن وەیا شارەزای پێکدا تێپەڕینی تار و پۆیەکانی بێت. خزمایەتی و دژایەتیی نێوان دەنگەکانی ئاخاوتن کارێکە تا بڵێی جودایە لەو مەعلووماتە بێ تەرەفە ساردوسڕەی کە لە زانستی فۆنەتیکەوە پەیدا دەبێ.

فۆنەتیکزانێك کە دێ و پێمان دەڵێ دەنگی (د) لە فلانە شوێنی پووکەوە بەهاوکاریی زمان پەیدا دەبێ، بەمەدا قسەیێکی کردووە گەلێك لە پێش ئەودا گوتراوە، ئەگەر نەشیگوتبا لە خۆمانەوە دەمانتوانی بیزانین، کە دەشیزانین هیچ سوودێکمان لەوەدا

وەرنەگرتووە. دەنگی (د)یش بەخۆی و هەموو جۆرەکانی هەر ئەوە دەبێ کە هەیە با فۆنەتیکزان بڵێ لە مەلاشووەوە وەیا لە لووتەوە وەیا لە دووکەڵکێشی سەماوەرەوە دەردێت. بەڵێ دەبێ بزانین دەنگەکان لە کوێوە دەردێن و چۆن دەردێن، ڕەنگە لەمەشدا زانای (وظائف الاعضاء) لە فۆنەتیکزان باشتر سەرەدەری بکات و نیشان بپێکێ، بەلام زانینەکە خۆی لە خۆیدا ئەمرازێکی بێ تەرەفە (محاید)ە تا دەکەوێتە دەستی بەڵەدێکی زیرەکی شارەزا بەپەنا و پەسیوەکانی ئاخاوتنی سەرلەبەری میللەتێك، وەیا بەشی زۆری لەهەجەکانی. کە پێم گوترا دەنگی (د) لە فلانە شوێن و بەفلانە چۆنەتی دەردەبڕێ، چاوەنۆڕ دەکەم پێشم بگوترێ دەنگی (د)ی کوردی وەك هی ئینگلیزی نییە و کورد ئەم دەنگە وەك عەرەب دەردەبڕێ یا عەرەب سامیش بن و ئینگلیزیش ئاری. بەدوا ئەم ڕاستییە سەرەتاییەدا دەمەوێ هەموو ئەو تایبەتییانەشم پێ بگوترێ لەبارەی دەنگی (د)ی کوردییەوە کە لە جێگەی خۆیدا ئەم گوتارەم لێیەوە دەدوێ. فۆنەتیکزانێکی کورد کە هات و گوتی (د) لە فلانە شوێنەوە دەردەبڕێ لەسەریەتی بڵێ ئەم ڕاستییەم (ئەگەر ڕاست بێ) لە فلانە سەرچاوە و فلانە کتێبەوە وەرگرتووە تاکو گومانی خودپەسندی و دەست بەسەر شتدا گرتنی لێ نەکرێ ڕەنگە دوای ئەمانە هەموویان، ئەو ئیحتیمالە هەر بمێنێتەوە کەوا هەندێك وەیا بەشێکی زۆر لەو بیروڕایانەش هەڵە بن، سەیری ئێمە لە باسی دەنگی (د) جارێ هەر بەلای شێوە (د)ەکەی سلێمانیدا نەچووین کە چەند لە ئەسڵە (د)ی ئاساییی کوردیی لاداوە و چۆن بەپێی دراوسێیەتی لەگەڵ دەنگی تردا ئەویش دەنگەکەی دەگۆڕێت وەك ئەوەی کە بەدوا دەنگی (ن)دا بێت وەیاخود کە دەگۆڕێ بەدەنگی (گ) و هۆی ئەو گۆڕانە چییە و ئەنجامی چییە!! فۆنەتیکزان دەبێ پێم بڵێ دەنگی ئەوتۆ هەیە دەشێ لە دوو شوێنی جوداوە دەربڕێت وەك دەنگی (خ) کە هەڵدەگرێ بەرەژوور ببرێت بۆ لای قوڕگ، دەشتوانرێ لە لێوان نێزیك خرێتەوە بۆ لای مەلاشوو، واتە لە هەردوو لای شوێنی دەنگی (ق)ەوە دەربڕێت. کە ئەمەشی گوت پێویستە بەدوا ئەنجامی ئەم تایبەتییەی دەنگی (خ) بکەوێ بەڵکو لە ڕێی ئەمەوە بگاتە تەعلیلی هەندێك لەو گۆڕانەی کە بەسەر بەشێك لە وشەکانی کوردیدا دێت لە لەهەجەیێکەوە بۆ لەهەجەیێکی تر، وەیا هەر دیاردەیێکی تر بێ کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا پێی دەگات.

فۆنەتیکزانێکی کورد دوای ئەوەی بەهەموو دەستخاوێنییەکەوە شوێنی دەربڕینی دەنگەکانی ئاخاوتنی (بەتایبەتی هی کوردی) باس کرد و سەرچاوەکانی باسەکەی

بەدەستەوە دا، دەبێ بزانێ لەم کارەیدا، بەرامبەر هەموو دەنگەکان نەك تەنیا هی (د، خ)، جارێ زانستێکی سەرەتاییی بەخەڵق ڕاگەیاندووە وەك (أمر واقع) وایە کە ئەگەر لێشی بێدەنگ بووبا کارەکەی پەکی نەدەکەوت. کوردێك وەیا عەرەبێك کە قسە دەکا وەیا دەنووسێ لەسەر ئەوە ڕاناوەستێ فۆنەتیکزانێك پێی بڵێ هۆ کابرا ئەم دەنگەی (م) کە درکاندت وەیا نووسیت لە لووتەوەی دەربێنە نەك لە لێو، چونکە کابرا لەخۆوە بێ مامۆستا دەنگی (م) دەردەبڕێت. زانستی فۆنەتیکیش چ سوودێکی گەورەی پێ ناگات بەوەدا کە بگوترێ دەنگی (هـ) لە ژووررووی دەنگی (ح)ەوە دەردێت. ڕەنگە چ زەرەرێکیش ڕوو نەدا ئەگەر بەهەڵە بگوترێ (ح) لە ژووررووی (هـ)ەوە دەردێت، خۆ دەزانین زمان هەیە دەنگی (ح)ی تێدا نییە هی واش هەیە (هـ)ی تێدا نییە، زمانی تریش هەیە هەردوو دەنگی (ح، هـ)ی تێدا نییە تاکو جێگەی ڕاست وەیا چەوت بۆ دەرهاتنی ئەو دەنگانەی تێدا دیار بخرێت. مەبەسم ئەوەیە بڵێم هەرچەند دەستنیشانکردنی جێگەی ڕاستەقینەی دەنگەکان یەکێکە لە فەرمانەکانی فۆنەتیك، بەڵام ئەم دۆزینەوە و دەستنیشانکردنە خۆی لە خۆیدا سوودی نابێ ئەگەر زانینی تری لێ نەکەوێتەوە، وەك ئەوەی وێنەی پیتەکانی (ابجدية) بنووسرێ بەڵام وشە و ڕستەی پێ ڕێك نەخرێ.. ڕەنگە فۆنەتیکزان هەبێ بڵێ زانستی فۆنەتیك بەندە بەدیارخستنی جێگەی ئەو دەنگانە، بەڵام ئەوەی لێمان مەعلوومە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە گوتەی فۆنەتیکزان و باسەکانی فۆنەتیك بگەین بێ ئەوەی پێمان بگوترێ دەنگی (ق) لە عەرەبیدا بەحەرفێکی (قلقلة) دەژمێررێ، وەیا دەنگی (ح) لە هەندێ زماندا دەکرێ بە (هـ) وەیا ڕووسەکان دەنگی (ث) دەکەن بە (ف). سەرەڕای ئەم کەم بایەخییەی دیارکردنی جێگەی دەربڕینی دەنگەکان دەبێ ئەوەش بزانین فۆنەتیکزانی ئەوتۆ هەیە ئەوەندە بەسەهوو دەچێ لە باوەڕەکانی دەربارەی شوێنی دەربڕینی دەنگەکان، باشتر ئەوەیە هەر لێیان بەدەنگ نەیێ چونکە ڕەنگە بەقەدەر کۆڵەوارێك تێیاندا بەهەڵە بچێ، دوای بەهەڵەچوونیشی ئەوەندە لە خۆی بێ خەبەر بێ بەقەدەر پێغەمبەرێك شانازی بەخۆی و هەڵەکانی بکات. من نووسەری ئەوتۆم دیوە گوتووەتی فلانە دەنگی ئاوێستا هەر خۆیەتی کە ئێستا لە کوردیدا بەکار دێت نەك لە فارسی. لەمەدا وا دەردەکەوێ ئەو نووسەرە بەڕیکۆردەر دەنگەکەی لە ئاوێستاوە بۆ بەجێ ماوە ئەگینا چۆن دەشێ لەسەر بەردی ڕەقی بێ بەڵگە و ئیسپاتەوە ئەم داوایە پڕ جورئەتە وا بەئاسانی دەربڕدرێت؟ کە داوای بێ بەڵگە بۆ کوردێك لوا بۆچی بۆ فارسێك نەلوێ؟ کێ دەتوانێ مەنعی

فارسێك بكا لەوەدا كە بڵێ هەمان دەنگی ئاوێستا خۆیەتی بووەتە فلانە دەنگی فارسی نەك كوردی؟ ئەم وشكەمەلەیە لە ناو حەوزی پڕ دەعوای بێ بەڵگەدا بۆ هەموو كەسێك وەك یەكە، وشكە مەلەیە و بەس، نەهیچی تێ دەچێ و نەهیچی لێ پێك دێت.

لەم تێبینییەوەڕا دەگەم بەم بڕیارە، هەر یەكێك لە ئێمە خەریكی تۆژینەوە بێ لەبارەی كوردەوە چ لە ڕووی فۆنەتیكی كوردییەوە بێت چ لە ڕووی فەرهەنگەوە چ لە ڕووی ڕێزمانەوە چ لە ڕووی مێژوو و ئەدەب و فۆلكلۆرەوە بێ، پێویستێكی ئەخلاقیی بەسەر شانەوەیە لەو خەریكبوونەیدا كە دەبێ مل كەچ بكا بۆ ڕاستی. ناشێ بەهیچ كلۆجێك ئارەزووی خۆی بەخەبەر بێنێ و تێكەڵ بەتۆژینەوەكەی بكا. دەبێ نمایشت و خۆهەڵدانەوە بەلاوە بنێ. بەو پێیە دەبێ چاومان بۆ هەموو ڕاستییێك بكەینەوە، هەر كاتێكیش هەڵەیێكی خۆمان دۆزییەوە وەیاخود یەكێك بەخێری خۆی بۆمانی دۆزییەوە دەرحاڵ لێی بسەلمێنین نەك كوردەغیرەتی بمانگرێ، چونكە ئەگەر وا نەكەین و سوور بین لەسەر هەڵە ئەنجامی زۆر ناقۆڵای لێ دەكەوێتەوە وەك ئەوەی كە نیگامان لێڵ دەكا نەك هەر لەو بابەتە هەڵەیەی كە لەسەری سوور بووین بەڵكو لە هەموو ئەو باسانەی كە بەوەوە بەستراونەوە دوور مەبینە پێ داگرتن و كوردەغیرەتی بمانبا بۆ نەخۆشی نەفسیی ئەوتۆ چ پێوەندیی بەڕۆشنبیری و خوێندەواری و فۆنەتیك و زانستەوە نەبێ. خوگرتن بەسووربوون لەسەر هەڵە لەئەنجامدا وامان بەو خووە ڕادێنێ كە هەستی بەخۆنازینی تێدا بكەین و وردە وردە دەماری مانیای (خۆ بەگەورە زانین Megalomania)مان لێ ئەستوور بكا. من لە موناقەشەدا كەسی وەهام دیوە پێ بەپێی بەردەوامبوونی لەسەر هەڵە ڕووی گەشتر و چاوی پرشنگدارتر بووە تاكو وای لێ هاتووە گەیشتووەتە ڕادەی خۆ لەبیركردن، ئیتر بێ پەروا لە نكاوێك دەستی بەسەر ڕایە ڕاستەكە داگرتووە و گوتووشیەتی بزانن بیروباوەڕەكەی من چەند ڕاستە. لە خوێندنەوەی ڕۆژانەشمدا دیتوومە چ جۆرە دڵگەرمی بەكار هاتووە لەلایەن ئەوەی ڕەخنەی لێ گیراوە. دەبێ ئێمە لەو حاڵانەدا بەخۆمان بوێرین.

بەنیسبەت تۆژینەوە لە بابەتەكانی كوردییەوە، خەتەری سووربوون لەسەر هەڵە لەوەوە دێت كەوا كوردی هەژار تا ئێستا چی وای بۆ ساغ نەكراوەتەوە قەوارەیێكی ئەوتۆی هەبێ بەئاسانی ببێتە مانیعی پەرەسەندنی هەڵە لە بیروڕایاندا. ئێمە لە سەرەتای هەموو بابەتێكی ڕۆشنبیریی كوردین، وەك میللەتانی تر نین خەرمانی ڕۆشنبیریی ڕاست و پوختمان دەستووراتی ئەوەندە پتەو و هێزای بۆ پەیدا كردبین كە

هەڵەی من و تۆ نەتوانێ بەرامبەریان بوەستێ وەیا دەستوورێکی هەڵەیان تێ بترنجێنێ.

مامۆستایێکی عەرەب وەیا ئینگلیز کە لە نووسیندا هەڵەیێکی ڕێزمانی وەیا مێژوویی کرد چەندین کتێب و نووسراوی کۆن و نوێ لێی بەدەنگ دێن و ڕاستی دەکەنەوە. دەتوانم بڵێم لە نێو میللەتێکی پێشکەوتوودا نووسەر ناوێرێ هەڵە بکا لە ترسی ڕیسوابوون. باری ڕۆشنبیریی کورد وەها نییە، لە زۆربەی مەیدانەکانی ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەگەر نووسەر لغاوێك نەخاتە زاری خامەی کە لە ساتمە و هەڵانی بپارێزێ، دەتوانێ بەکەیفی خۆی شتی غەڵەت بنووسێ و کەسیش لێی بەدەنگ نەیێ. بەنموونە دەڵێم چەند مانگێك لێرە بەپێشەوە کورتەباسێکی قوت و قوندیلەم لەبارەی (ئەمین ئاغا – ئەختەر) خوێندەوە ورێنەی وەها سەیری تێدا بوو هەر دەتگوت نووسەرەکەی هۆش و گۆشی خەڵقی پێ تاقی دەکاتەوە. نووسرابوو لە مەجلیسی ئەمین ئاغادا شاعیری وەك حاجی قادر و کەیفی و شێخ ڕەزا و نالی ئامادە دەبوون. کەس نەهات بڵێ کاتێك نالی کوردستانی عێراقی بەرەو حەج و شام و ئەستەمبۆڵ جێ هێشت جارێ ئەمین ئاغا منداڵێکی چەند ساڵی بووە، هەر ناشێ ئەمین ئاغا چاوی بەنالی کەوتبێ. من کە نووسینەکەم خوێندەوە بەدەست خۆم نەبوو گوتم دەبوو نووسەر (أبونواس)یش بۆ مەجلیسەکە بخوازێتەوە دوو سێ قسەی خۆشی تێدا بکات. ئەم تەرزە گوتەیەی بێ سەر و پێ لە نێو میللەتی پێشکەوتوودا جێی نابێتەوە. نەك هەر جێی نابێتەوە و بەس، ئەوەی ڕاستی بێ نووسەری وەها پیادە و هەرزەکار یەك گۆشەی ڕۆژنامە و گۆڤاری دەست ناکەوێ هەلەق مەلەقی تێدا بنووسێ. چ خاوەن ڕۆژنامە و گۆڤارێك ئامادە نییە بە بەرتیلیش ناوی خۆی و ڕۆژنامەکەی بزڕێنێ بەبڵاوکردنەوەی بابەتی وەها بێ نرخ و قرپۆك. لە نێو ئێمەدا کە ئیمکان هەیە شتی وەها سادە و بەسەزمان بڵاو بکرێتەوە لەوەوە دێ کە هیچ سەرچاوەی لێ سەلمێنراو نییە بەیەکتر نەگەیشتن و یەکتر نەدیتنی ئەختەر و نالیی سەپاندبێ. تۆژینەوە لە تایبەتی ژیانی ئەختەر و نالی، یا هی تێکڕای ڕۆژگاریان، زەرف و زەمانی ڕاستەقینەی هیچ کامێکیانی ساغ نەکردووەتەوە تاکو نووسەران لە خۆیانەوە حاپوولی کۆکردنەوەیان بەیەکەوە لە جێگە و زەمانێکدا ناوێژن. بڕوا دەکەم خوێنەری عادەتی کەیفیشی بەو تەرزە مەجلیسە گەرموگوڕەی حاجی و نالی و شێخ ڕەزا و کەیفی بێ، چ مانیعێکیشی نەبێ لەوەدا شاعیری دیکەش تەشریف بێننە ناو مەجلیسەکە و کۆڕی ئەدەب و نوکتە و لەتیفە گەرمتر بکەن.

دیسانەوە بەنموونەی ڕوونکردنەوەی مەبەست دەڵێم، من کە لە نێو چار دیوارەی ژووری خۆمدا گوتم مەنگوڕایەتی بۆ کاتی ئاینده (مضارع) ڕێژەی وەها و وەها بەکار دێنن هیچ سەرچاوەیێکی نووسراو نییە گوتەکەم ڕەت کاتەوە و هەڵەکەم ئاشکرا کات، کەسیش ئەو ئەرکە ناداتە بەر خۆی بچێتە نێو مەنگوڕان و ڕاستی و هەڵەییی گوتەکەی من پێ بکەوێ. گریمان شارەزاییێکی لەهجەی مەنگوڕان غەڵەتەکەی منی ئاشکرا کرد، ئەوساش دەتوانم پێ داگرم لەسەر هەڵوەستی خۆم و بڵێم من ڕاستم و ئەو هەڵە، هەرچی پێشم باوەڕ ناکا با بڕوا و بیپێوێ –وەك گوتەکەی مەلای مەشوور–. بەدوور مەزانە هەڵەیێکی کە من و تۆ ئەمڕۆ بیخەینە ناو نووسینەوە سبەی ڕۆژ ببێتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە چونکە ڕەنگە ئەو نووسینە بەنیسبەت دواڕۆژێکی نزیکەوە تاکە سەرچاوە بێ لەو مەیدانەدا. چ شەرمی ناوێ، وشەی (بەروار) کە لەلایەن زۆر کەسەوە لە جیاتی (تأریخ)ی کاغەز و نووسراو بەکار دێت لە هەڵەیێکی یەکجار سەیرەوە پەیدا بووە، کە ئەمە ڕووداوەکەیەتی: پیاوێك لە دێی (بەرواری)یەوە کاغەزێك بۆ یەکێکی تر دەنووسێ، لە کۆتاییی قسەکانیدا ناوی شوێنەکەی خۆی (بەرواری) و ڕۆژی کاغەز نووسینەکەی بەسەر یەکەوە دەنووسێ بەم جۆرەی وا لێرەدا بۆتی دووبارە دەکەمەوە:

ئیمزا

فلان

بەرواری ٦/٩/..١٩

ئیتر ئەم (بەرواری)یە بوو بە (بەروار) چونکە وا زانرا پیتی (ی)ی کۆتاییی وشەی (بەرواری) ئەمرازی (اضافە)یە و تاکە وشەی (بەروار) بەواتای (تأریخ)ە. دوور نابینم هەر بەم شێوەیەش چووبێتە ناو هەندێك لە فەرهەنگەکانی کوردی.

ئەمە نموونەی ئاسانی و تەڕدەستیی سەپاندنی هەڵەیە بەسەر خوێندەواری کوردیدا، لەوانەیشە قسەکەی کە من لێرەدا بۆتم کرد خۆی نەگرێ لەبەر تین و تاوی ئەو هەڵەیەی کە بووە بەمێژوو وەیا بەچکەی مێژوو. دەوجا کە هەڵە بوو بەسەرچاوە بۆ خۆت لێك دەوە چەند ئەرك و عەزابی دەوێ تا هەڵەبوونی ساغ دەکرێتەوە و ئەو بایەخەی پێی دراوە لە نووسین و تۆژینەوەدا دەسڕێتەوە.

زانایانی ئەم سەردەمە دەتوانن خۆ بپارێزن لە هەڵەکردن لە خوێندنەوەی نووسراوێکی ئارکایالۆجیی کۆن چونکە نووسینە کۆنەکە هەر ئەوەیە کە زانراوە و

وێنەکەی ئاشنابووە لە بەرچاوی مێژووناسان و چ بەرگێکی تر لەبەر ناکا، بەڵام ئەو زانایانە ناتوانن خۆیان بپارێزن لە هەڵەیێك کە نووسەرێکی ئەمڕۆی کورد پێیان دەکات. ئەو زانایانە ڕێیان نییە هەموو هەڵەیێك لە نووسینەکانماندا بدۆزنەوە چونکە زۆربەی ئەو شتانە کە هەڵەیان تێدا دەکرێ دەستووراتی قەراردادەی بڵاوکرایەوەیان نییە تاکو هەڵە و ڕاستی پێ بناسرێتەوە. خۆت دەزانی و دەبینی زانای ئەورووپایی لە خۆت و کەسانی وەك خۆت پرسیاران دەکا و وەرامان وەردەگرێتەوە، چش دەبیەت ئەو شتە دەنووسێتەوە، دواتریش کە نووسینەکەی دەخوێنیتەوە هەمان گوتەی غەڵەت و ڕاستی کە بیستووەتی دێنەوە بەرچاوت.

من مەبەسم ئەوە نییە بەم گوتەیەم داوا بکەم لە نووسەران واز بێنن لە نووسین، لێرەش بەپێشەوە لە نووسینی دیکەمدا گوتوومە نابێ ترسی هەڵەکردن و بەسەهووچوون لە نووسینمان بوەستێنێ، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە شتێکی ترە و هەقی تەواویشم تێیدا هەیە. نابێ بێ باك بین لە هەڵەکردن، وەیا کە هەڵەمان کرد سووك بەسەریدا تێ پەڕین و چاوی لێ بنووقێنین. پێویستە لە تەك ڕاستیدا خۆمان لە بیر کەین بەتایبەتی کە ئەو ڕاستییە پێوەندیی بەڕۆشنبیریی سەر بەکوردییەوە هەبێ، با خسووس ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییەی هێشتا ئاشنا و پەرەسەندوو نەبووە لە نێو خوێنەراندا چونکە لەوێدا هەڵەکردن یەکجار درەنگ چاوی سرنج بۆ خۆی ڕادەکێشێ و پەنجە و خامەی ڕاستکردنەوە بۆ لای خۆی دەبا.

دەبینی، خوێنەری بەڕێز، نوێیی و تازەیی خەریکبوونمان بەباسی ڕۆشنبیرییەوە چۆن لە ئەسڵی باسەکەم لادەدا بۆ ناو ڕەخنە و ناڕەزایی، لە حاڵێکدا من دەمەوێ چرایێك هەڵکەم لەبەر هەنگاوی ئەو کەسانەی خۆیان بەفۆنەتیکی کوردییەوە خەریك دەکەن. لەگەڵ ئەم عوزرەش، دەبێ ئەوە بڵێم ڕەخنە و ناڕەزاییی دڵسۆزانەش کزە شەوقێك هەر داوێژن بۆ دەوروپشتی خۆیان هەرچەند دووریش نەڕوا ئەو شەوقە. ئەوەی ڕاستی بێ مەبەستم لەم نووسینەدا، سەرەڕای چەند تێبینیی گشتی و ڕەخنەی کە لێرە بەپێشەوە دەوریان هەڵاتم یا لێرە بەدواوە بێنە بەر خشکەی قەڵەم، دوو تێبینیی تری یەکجار بنجییە کە ناشێ لە تۆژینەوەی فۆنەتیکی کوردیدا لە بیر بکرێن وەیا پشتگوێ بخرێن. تێبینیی یەکەمیان ئامۆژگارییە هی دووەمیان لە جەرگەی فۆنەتیکی کوردییەوە هەڵدەستێ.

ئامۆژگارییەکەم بۆ فۆنەتیکزانی کورد ئەوەیە کە ناشێ لە ناو چار دیوارەی

ژوورێکی بەغدادا بڕیار بدرێ فلانە عەشرەتی دەوروبەری سنە وەیا دانیشتوانی فلانە شاری کوردستانی تورکیا وەها و وەها دەئاخێون و دەنگەکان بەم شێوەیە دەردەبڕن. کاری فۆنەتیکزانی کورد لە دیاردانی جۆری دەنگ و بڕگەی ئاخاوتنی کوردی وەك هی (شامپلیۆن) نییە کە لە فرەنسەوە بەسەر نووسینەکەی (بەردی ڕەشید)ەوە کورك بوو بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ و بێ ئەوەی (مصر) وەیا (رشید) ببینێ نووسینی هیرۆگلیفی لێك دایەوە و هەڵی هێنا. شامپلیۆن لە فرەنسە با وەیا لە (طنطا وقاهرە و دمیاط) با فەرقێکی نەدەکرد چونکە ئەو بەدیار نووسینێکەوە چەقی بوو کە بەسەر بەردەوەیە نەك وتوویژێك کە لە دەقی خەڵقی ئەمڕۆی میسرەوە دەردێت فۆنەتیکزانی کورد کە بەتێکڕایی قسە لە دەنگ و بڕگە بکا وەك ئەوە نییە باسی شێوە ئاخاوتنی هۆزی زەنگەنە بکا. تێبردنی تایبەتی لەهجەیێك لە ناو تێکڕای باسەکانی فۆنەتیکدا فێڵێکە لە زانستەکە دەکرێ و بەسەهووبردنێکی ئەو کەسانەیشە کە دەیانەوێ بەوردی لە زمانی کوردی و لەهجە جۆرجۆرەکانی بگەن، با ئەوە هەر نەڵێم کە لە دوورەوە باسکردنی شتێك وەك ئەوەی کە لە نزیکەوە پشکنینەوەی تێدا کرابێ، ڕانواندنێکی هەند هەرزانە لە هیچ مرۆڤێکی بەرێز ناوەشێتەوە چ جایی لە زانایان. بەچاوی خۆمان دەبینین زاناکانی زمان، هەندێ جاریش قوتابیی فێرگەکانی زمان، لە ئەورووپاوە بەئەرك و خەرجی خۆیان سەفەر دەکەن بۆ ناوجەرگەی دەشت و کێوی کەم ئاوەدانی بێ ئۆتێل و مۆتێلی کوردستان تا بتوانن بەگوێی خۆیان ببیەن و بەچاوی خۆیان ببینن. ئێمەی کورد کە لە ماڵی خۆمانین و خەریکی زمان و ڕۆشنبیریی کوردین، دەبێ چەند هەندی ئەورووپایی ماندوو بین لە هاتوچۆکردن و بەدواگەڕاندا! چ ڕەوا نابینم فۆنەتیکزان داوا بکا نموونەی ئاخاوتنی هەموو لەهجەیێکی کوردی بەپێی خۆی بێتە بەردەمیەوە لە ژووره کۆندیشندارەکەی تاکو لە پشت مێزە پان و مەخمەڵییەکەیەوە مەهارەت و پسپۆڕیی خۆی لێ بەکار بێنێ، ئەگەر چ مەهارەت و پسپۆڕییێکی هەبێ. کە ئەم گەشت و گەڕانە نەکرێ و تێخزانی ناو چار دیوارەی ژووری بەغدا بنگەی کارکردن بێ، دەبێ زانای فۆنەتیك هەر بەجارێ هەموو مەیلێکی خۆهەڵدانەوە دانێ و زۆر بە (تواضع)ەوە خواهشتی چاوپۆشین بکا لە خوێنەری کورد بەرامبەر ئەم هەموو کەم و کەسرییەی کەوا، بێگومان، لە کاری دوورەپەرێزدا پەیدا دەبێ. بەڵێ دەزانم بۆ هەموو کەس نالوێ کەشکۆڵی دەروێشانە لە مل کات و دێ بەدێ بەشوێن کۆکردنەوەی نموونەی ئاخاوتندا بگەڕێ، بەلام نەلوانی ئەم حاڵە جێی عوزر هێنانەوە و بەخۆداشکانەوەیە نەك

خۆهەڵدانەوە، بەتایبەتی کە هانا ببرێتە بەر گەشت و گەڕانی بێگانە.

من ناڵێم سوود وەرنەگیرێ لەو کتێبانەی کە بێگانە بۆمانی بەرهەم دێنن لە مەیدانی (کوردولۆجی)دا چونکە ئەمە زەرەر لەخۆدانێکە چی لە جێگە شین نابێتەوە، هەندێ جارانیش هەر جێی پڕ نابێتەوە چونکە هەر ئەو بەرهەمانە هەن کە لەو کتێبانەدا چەنگ دەکەون، بەڵام سوود و زەرەر ئەم ڕاستییە ناگۆڕن کەوا عەیبە بۆ کورد ئەرکی بەدواداگەڕان لە بابەتی کوردەواری بەجێ بهێڵێ بۆ ئەوروپایی، خۆشی هەڵگرێ بۆ ئەو دەمەی بەرهەمی ئەرك و عەزابی ئەوروپاییەکە بەحازری بێتە بەردەستانی. ئەگەر سنووری ئەدەبم نەبەزاندبێ، دەڵێم جێی شەرمە بۆ کوردێك لە بەغداوە باسی شێوە ئاخاوتنی هۆزەکانی کورد بکا، سەرچاوەی باسەکەشی کتێبی بێگانە بێ.

پێی ناوێ چی تر من بەدوای ئەم تێبینییە بکەوم، هەموو خوێنەرێکی کورد دەتوانێ لە خۆوە بەدوای بکەوێ و ڕاگەیاندنەکانی لێ وەرگرێ.

تێبینییەکەی دیکەم کە پێوەندیی (موضوعی) بەفۆنەتیکی کوردییەوە هەیە ئەمەیە:

وەك من لە ئەنجامی لێکدانەوەی تایبەتی خۆم بۆی دەچم، گرنگترین لایەنی تۆژینەوە لە تایبەتییەکانی فۆنەتیکی کوردی دۆزینەوەی حەز لە یەکتر کردن و لە یەکتر دژبوونی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردییە بەو شێوەیەی کە لە زار و زمانی قسەکەری کوردەوە دەردێن. دەمەوێ لێرە بەدواوە ئەم ڕاستییە بۆ خوێنەری کورد ڕوون کەمەوە و بیکەمە تکا و پاڕانەوەش لە فۆنەتیکزانی کورد کە لە تۆژینەوەکانی خۆیاندا چاودێریی بکەن چونکە ئەگەر نەیکەن هەرگیزاوهەرگیز ناتوانن بچنە ناو تەرکیبی زمانی کوردییەوە و وەك ئەو کەسە دەبن کە لە دەرەوەی پەرژینی باغێکەوە باسی دار و درەخت و مێوە و گوڵ و گیای باغەکە بکات وەیا لە زاری خەڵقەوە دەنگوباسی باغەکە بگێڕێتەوە. بەڵام بەر لەوە بچمە ناو باسەکەوە دەبێ ئەوەت پێ بڵێم تا ئێستا هیچ کەس بۆ ئەم باسە نەچووە، ڕەنگە وەك ڕووی (مانگ) وابێ کەوا بەر لە چەند ساڵێك هێشتا شوێنپێی هیچ ئادەمیزادێك و گیانلەبەرێکی تێدا نەبوو. ئەم تازەییەی باسەکە لەوانەیە ببێتە هۆی بەهەند هەڵنەگرتنی لەلایەن  خوێنەری عادەتییەوە چونکە ئەغڵەب وا دەبێ چاو لە شتی نەدیتراو و نەبیستراو هەڵدەبەزێتەوە، زۆر جارانیش شتی یەکجار بێ سابقە یەکەندەردوو ڕەفز دەکرێ وەك لە ئایندا ئەوەی پێی دەگوترێ (بدعة) یاساغ دەکرێ. بەڵام من قسەم لێرەدا لەگەڵ فۆنەتیکزانە، لە پلەی یەکەمدا، ئەوجا لەگەڵ خوێنەری عادەتی. ئەو قسەیەی دەشیکەم لە غەیبەوە نایهێنم و

بەرهەمی خەیالات و لێکدانەوەی ڕووت نییە، بەڵکو لێزەوی[1] ئاخاوتنی کوردییە. فرکەی دەمارەکانیەتی. بەوپەڕی باوەڕ بەخۆکردنەوە، بێ خۆهەڵدانەوە و باییبوون، بەفۆنەتیکزانی کورد دەڵێم ئەم دیاردەیەی لێرەدا باسی دەکەم، هەرچەند بەرچاویشی نەکەوتبێ وەیا سرنجی لێ نەگرتبێ، بەردی بناغەی فۆنەتیکی کوردییە. من لێرە بەپێشەوە چەند جارێك ئیشارەم بۆی کردووە، لە کۆڕەکەی شەقلاوەش کە لە هاوینی ١٩٧٣دا گیرا بەشێوەیێکی سەرەتایی و لە گۆشەی نیگای ڕێنووسی کوردییەوە هەندێکی لێ دوام بەلام نە لێدوانی لێرە بەپێشەوە و نە ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، تێکڕایان، لە پێشەکییەکی کورت تێپەڕ ناکەن لە چاو گرنگیی باسەکە و پایەی لە فۆنەتیکی کوردیدا. ئەم دیاردەیە بەنیسبەت زمانی کوردییەوە وەك ئەو ڕشتە (عضوی)یانە وایە کە بەهەموو لەشدا بلاو دەبنەوە، با بڵێین وەك جهازی (خوێن) و دەمارەکانیەتی کە هیچ شوێنێکی لەشی زیندوو نییە تێیدا نەبێ وەیا پێوەندیی پێوە نەبێ. من لێرەدا چەند هەنگاوێکت بۆ ناو باسەکە دەبەم و یەك دوو لایەنیت بۆ ڕوون دەکەمەوە، لەوە بەولاوە کە هاتی و کەوتیتە سەر باری بایەخ پێدانی، تۆش وەك من و غەیری من کنە لە باسەکە بکە و وردە وردە نهێنیەکانی ئاشکرا بکە و دۆزینەوەکانت بخە سەر خوانی زانیاری کوردی، بەگشتی و هی فۆنەتیکی کوردی، بەتایبەتی.

لەگەڵ مندا سرنج بدە سروشتی یەکێك لە دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی لە ڕووی گونجان و نەگونجانیەوە لەگەڵ دەنگەکانی تردا. بەنموونە، دەنگی (ر)ی لاواز بکەین بەدۆخی لێکۆڵینەوە. سەیرێکی جۆری دەربڕینی دەنگی (ر) بکە لەم وشانەی خوارەوەدا:

کەرت، کورت، مارت، زمانم گرت.

گەرد، گورد، مێرد، سارد، هەڵگورد.

گەرم، کرم، شەرم.

کەم و کەسر، قەسر (قصر).

بەوردی وشەکان لەگەڵ خۆتدا بڵێوە دەبینی کە دەنگی (ر) بەوەستاوی، واتە بە (سکون)، دەکەوێتە پێش دەنگی (ت)ی وەستاوەوە هیچ جۆرە قورسکردن و Stressێك قبووڵ ناکا و بەتەواوی ساکن دەبێ. وشەکانی (کورت، شەرت، مارت، خەرت، کەرت

---

(١) لێزەو: تیار، Current.

و پەرت، نورت و نویٚ... هتد) هەموویان یەك بڕگەن چونكە دەنگەكەی (ر) بەسكوونی تەواوەوە دیٚتە سەر (ت)ی كۆتاییی وشەكانەوە كە ئەویش هەر وەستاوە «پیٚی ناویٚ من بڵیٚم، لەخۆوە دیارە هەموو دەنگیٚكی Consonant لە كۆتاییی وشەدا بەناچاری دەوەستیٚندریٚ واتە ئەو حاڵەی دەبیٚ كە لە عەرەبیدا پیٚی دەگوتریٚ –سكون–».

ئەم دەنگەی (ر) كە بەسكوون دەكەویٚتە پیٚش دەنگی (د)یشەوە هەر بەتەواوی دەوەستیٚندریٚ و هیچ قورسكردن و ددان لیٚ گیركردنیٚك قبووڵ ناكا. وشەكانی (مەرد، میٚرد، گورد، سارد، بەرد، كورد، ورد، گەرد، وەرد... هتد) ئەوانیش هەموویان هەر لەبەر ئەم هۆیەیە یەك بڕگەن، وشەی (هەڵگورد) كە بووەتە دوو بڕگە واتە (هەڵ–گورد) ئەگەر لەبەر ئەم تایبەتییەی دەنگی (ر) نەبا دەبوو بە سیٚ بڕگە واتە (هەڵ–گو–رد). بۆ ڕوونكردنەوە وشەی (هەڵگورد) هەردوو جۆری بەپیتی لاتینی دەنووسم، لە جیٚگەی قورسكردنیش نیشانەی (i) دادەنیٚم. (هەڵگورد)ی دوو بڕگەیی بەلاتینی وەها دەنووسریٚ Hel-gord هی سیٚ بڕگەیش وەهای لیٚ دیٚ Hel-go-rid. تۆ لە خۆتەوە هەست بەوە دەكەیت بەئانقەست نەبیٚ ناشیٚ وشەكە بكریٚ بە سیٚ بڕگە چونكی لە نیٚوان دوو دەنگەكەی (ر، د)دا جیٚی هیچ قورسكردنیٚك و ددان لیٚ گیركردنیٚك پەیدا نابیٚ. سەلیقەی كورد پیٚی تەحەمول ناكریٚ دەنگی (ر) قورس بكا كە لە پیٚش دەنگی (د)ەوە دیٚت. هەروەها ئەم سەلیقەیە ناتوانیٚ (ر)ەكە لە پیٚش (ت)شدا قورس كات.

لیٚرەدا داخوازییٚكی یەكجار گرنگی ئەم سروشتەی دەنگی (ر)ی لاوازت بۆ ڕوون دەكەمەوە كە ئەگەر ڕوون نەكریٚتەوە زۆر بەزەحمەت دیٚتە بەر سرنجی خویٚنەرەوە، ئەوەی ڕاستی بیٚ لەوانەیە ببڕای ببڕای بەبیراندا نەیەت هەرچەند دیاردەییٚكە لە چاوان دەچەقیٚ.

داخوازییەكە بریتییە لەمە، بەڵام بۆ تیٚگەیشتنی دەبیٚ سەرەتاییٚكی مەعلووماتی ڕیٚزمانی یارمەتیت بدات.

تۆ دەزانی، وەیا بەئاسانی دەتوانی بزانیت، لە نیٚوان هەموو دەنگە Consonantەكانی كوردیدا تەنیا دوو دەنگی (ت، د) لە پیٚش نوونی چاوگەوە دیٚن وەك (كردن، گرتن، بەستن، مردن، پەستاوتن، بردن، چاندن، داشتن، گەستن... هتد). كە ورد بیتەوە دەبینی ئەو پیتەی كەوا پیٚش یەكیٚك لەو دوو دەنگەی (ت، د)دا دیٚت خۆی لەوانەیە بەسكونی تەواوەوە دەكەویٚتە پیٚش (ت، د). لەم نموونانەی سەرەوە ئەوەی كە

لە پێش (ت، د)دا هاتووە دەنگەکانی (ر، و، س، ن، ش)ن سەیرکە دەنگی (س، ش) هەر لە پێش دەنگی (ت)ەوە دێن و ناکەونە پێش دەنگی (د)ەوە وەك (بەستن، گەستن، ڕستن، خواستن – مشتن، ڕشتن، کوشتن، ماشتن، هاویشتن... هتد) چونکە هەردووکیان کە بێنە پێش (د)ەوە دەبێ قورس بکرێن. بەنیسبەت (ش)ەوە هۆیێکی تریش هەیە بۆ مەنعی هاتنی لە پێش (د)ەوە. هۆیەکەش ئەوەیە دەنگی (ش) کە کەوتە پێش (د)ەوە دەبێ بە (ژ)، هەر بۆیە ناوی (پشتدەر) کە پیتەکەی (ت)ی دەقرتێ دەکرێتە (پژدەر – نەك پشدەر) هەرچەند لە نووسینیشدا بەشکڵی (پشدەر) بنووسرێ.

بەنیسبەت دەنگی (ر)ەوە، هاتنی لە پێش هەردوو دەنگی (ت، د)دا شتێکی ئاشکرا و چاوەڕوانکراوە، چونکە نەختێك پێشتر باسمان کرد و گوتمان دەنگی (ر) بەسکوونی تەواوەوە لە پێش دوو دەنگی (ت، د)ەوە دێت. تەنیا لێرەدا دیاردەیێکی نوێ لەم تایبەتییەی (ر) دێتە بەرچاو ئەویش کەمبوونی هاتنی (ت)ە و زۆربوونی (د). لە هەندێ ناوچەی دەوروبەری کۆیە و شوێنی لەوان نزیکەوە گەلێك لەو (د)انە دەکەن بە (ت) و دەڵێن (کرتم) لە جیاتی (کردم) کە من ئەمە بەلادان دەزانم لە ڕاستەشەقامی زمانەکە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێرە جێی لەسەر ڕۆیشتنی نابێتەوە. لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم وا پێ دەچێ دەنگی (ر) پتر حەز لە (د) دەکات، بەهۆی ئەوەیشەوە کە دەنگی (ت) زۆر نزیکە لە (د)، بۆیە وا بەئاسانی لەو شوێنەدا دەنگی (د) دێت و دەنگەکەی (ر) بۆ خۆی دەدزێتەوە. ئەمە لە کوردیدا وایە کەچی لە ئینگلیزیدا فەرقێك بەدی ناکرێ لە نێوانیاندا. دەبێ ئەوەندەش بخەمە سەر قسەکانم کەوا حەز پێککردنی دەنگی (ر) و ئەم دەنگانە، تایبەتی (ر)ی لاوازە و بەس (ر)ی قەڵەو کە لە ڕێنووسی کۆڕ بەشکڵی (ڕ) دەنووسرێ، لێرەش بەپێشەوە وا دەبوو چوکڵەکە دەخرایە ژێریەوە وەیا بەدوو (رر) دەنووسرا، ئا ئەم دەنگە تێکەڵی حیسابەکە نابێ.

لە میسالەکاندا هاتنی (ن) بۆ پێش (د)ەکە دەدیترێ. ئەم دەنگەش لەوانەیە زۆر حەز بە (د) دەکات. ئەویش لەبەر هەمان سەبەب بەزۆری دەکەوێتە پێش (د)ەوە نەك (ت). بەلام ڕاستییێکی تر هەیە لە دەنگی (ن)دا کە دەبێتە هۆی یەکێك لە دیاردە زۆر بەرچاوەکانی فۆنەتیکی ناوچەیی لە جێگەیێکی وەك سلێمانیدا. دەنگی (ن) پتر حەز بەدەنگی (گ) دەکات، بۆیە خەڵقی سلێمانی لە وتووێژدا (د)ی دوای (ن) دەکەن بە (گ) نەك (گ)ەکە بکەن بە (د) و بە (دەربەند) دەڵێن (دەربەنگ) و بە (ئەفەندی) دەڵێن (ئەفەنگی) بەلام بە (بەنگ) ناڵێن (بەند). هۆی ئەم زێدە حەزکردنەی (ن) لە دەنگی

(گ) درێژەی هەیە و لێرەدا جێی نابێتەوە، ڕەنگە باسیش بکرێ بەئاسانی خوێنەر ئیقناع نەکات چونکە بەندە بەلێکدانەوەیێکی زیهنی پتر لەوەی ڕاستەوخۆ لە سروشتی دەنگەکانەوە زەنە بکات و ببێتە دیاردەیێکی مادیی بێ دەمەتەقە.

لە میسالەکاندا چاوگی (گوتن) هەیە کەوا کورتە بزوێنی (و) هاتووەتە پێش (ت)ەکە. قسەمان لێرەدا لەگەڵ دەنگی Consonantە نەك بزوێن، میسالەکەش هەر بۆیە بوو سرنج بۆ هاتنی دەنگی (و) ڕابکێشێ. دەنگی (و) هەروەك بەبزوێنی دێت بەشکڵی Consonantیش هەر دێت وەك چاوگەکانی (کەوتن، پاڵاوتن، پەستاوتن، بزاوتن...). لێرەدا شتێك سرنج بۆ خۆی ڕادەکێشێ ئەویش گۆڕانی هەندێ لەو (و)انەیە بە (ف) وەك کە دەگوترێ (پاڵافتن، کەفتن.). من وا دەزانم گۆڕانەکە لە (ف)ەوە بووە بۆ (و) نەك لە (و)ەوە بۆ (ف). ئەم ڕایە لە دوو سەرچاوەوە هەڵدەستێ، یەکەمیان ئەوەیە گونجانی (ت) لەگەڵ (و)دا ئاشکراترە تا هی (ف)، بۆیە دەبێ سەلیقە لە ڕێی ئاسانکردنەوە (ف)ەکەی گۆڕی بێ بە (و) تاکو لەگەڵ (ت)دا باشتر بگونجێن. دووەمیان ئەمەیە کە زۆربەی ئەو چاوگانە لە شێوەی بادینیدا تا ئێستاش هەر دەنگی (ف)ی تێدا بەکار دێت، لەمەوە دیار دەکەوێ بەئەسڵ دەنگەکە (ف)ە و لە شێوە ئاخاوتنی سۆرانیدا کراوە بە (و).

تەعلیلی ئەم گۆڕانەش لە (ف)ەوە بۆ (و) لێرەدا جێی نابێتەوە، سەرەڕای ئەمە کە ئەویش لەوانەیە بەدرەنگەوە بسەلمێنرێ وەیاخود هەر نەسەلمێنرێ.

دیتمان دەنگی (ر)ی لاواز چۆن لەگەڵ دەنگی (د، ت)دا دەگونجێ و حەزیان لێ دەکا. بەپێچەوانەوەی ئەم گونجانەی لەگەڵ (ت، د)دا، دەنگی (ر)ی لاواز کە بەدەستاوی کەوتە پێش دەنگەکانی (م، س، ش)ەوە بەناچاری دەبێ قورس بکرێت ئەگینا بەزەحمەت وشەکە تەلەفوزی پێ دەکرێ، بۆیەیە وشەکانی (گەرم، کرم، عومر، کەسر، قەسر، حەشر) هەموویان لە زاری کورددا دوو بڕگەن. کە بەپیتی لاتینی بیاننووسین و بڕگەکان جودا کەینەوە وەها دەنووسرێن qe-sir, ke-sir, u-mir, ki-rim, ge-rim.

دەم و شەویلەی کورد وا لە قاڵب دراوە ئەم ڕەفتارە لەگەڵ دەنگی (ر)دا بکات، لەوانەیە هەمان دەنگ لە زار و زمانی میللەتێکی تردا مامڵەتێکی تری لەگەڵدا بکرێ. بەنموونە دەڵێم، ئەوەی بەوردی گوێ بداتە قورئان وەیا بیخوێنێتەوە دەزانێ لە ئایەتی (والليل اذا يسرى)دا دەنگی (ی)کەی کۆتاییی (يسرى) قرتێنراوە، واتە نەدەنووسرێ و

نەدەشخوێنرێتەوە، ئایەتەکەش دەبێتە (والليل اذا يَسْرْ) بۆ ئەوە بەپێی دەستووری (تجوید) دوو دەنگەکەی (س، ر) بەسکونی تەواوە بەدوا یەکتردا بێن، کەچی دیتمان لە کوردیدا هەرگیز (س)ی وەستاو نایەتە پێش (ر)ی وەستاوەوە، واتە دەبێ (س)ەکە قورس بکرێت.

دەنگی (ر) هەرگیزاو هەرگیز بەسکونی تەواو وەیا ناتەواو ناکەوێتە پێش دەنگی (ل، ڵ)ەوە لە یەك وشەدا، ئەگەر وشەی وا هەبێ من نەمدیوە. خۆ هیچ گومان لەوەدا نییە کە دوو دەنگی (ل، ڵ) بەهیچ کلۆجێك هەڵناگرن بخرێنە پێش دەنگی (ر)ی لاواز وەیا قەڵەوەوە. تەنانەت لە گەپی مەتەڵ و قسەی ئەستەمدا ئەم مەتەڵە دادەهێنرا (مەڕی مل ڕووت)، زۆربەی خەڵقەکەش لێیان غەڵەت دەبوو و دەکرایە (مەڕی مڕ لووت) هەرچەند وشەی (مل) جودا و سەربەخۆیشە، واتە لەگەڵ (ڕۆت)دا یەك وشەی پێك نەهێناوە ئەگینا گوتنی مەتەڵەکە زەحمەتتریش دەبوو.

دەنگی (ل، ڵ) حەز بە (ت) دەکا، وەهاشی لەگەڵدا تێکەڵ دەبێ (ل)ەکە و (ت)ەکە هەردوویان قەڵەو دەکرێن وەك کە دەڵێن (خڵت، شەپڵتە، سەڵتە، گاڵتە). دەنگەکەی (ت) لەم وشانەدا وەك (ط)ی عەرەبی تەلەفوز دەکرێ، من هەر بەشکڵی (ت)م نووسی. ئەمە لەگەڵ (ت)دا کەچی لەگەڵ (م)دا زۆر خزم نین. لە وشەی وەك (شێلم، گۆلم، کولم، بەلم)دا بەناچاری دەنگەکەی (ل، ڵ) دەبێ قورس بکرێ، کەچی ئینگلیزەکان کە دەڵێن film دەنگەکەی (ل) بەتەواوی دەوەستێنن و هیچ قورساییی ناخەنە سەرێ، بەڵام کورد کە دێ ئەم وشەیەی film لە ئاخاوتنی کوردیدا بەکار دێنێ جێگۆڕکێ بەبزوێنەکەی (i) دەکات بۆ ئەوە خۆی ڕزگار کا لە زەحمەتیی هێنانی (م) بەدوای (ل)دا و وشەکە دەبێتە (فلیم) کە بەئینگلیزی بینووسین ئەمە دەردەچێ flim بەڵام دەنگەکەی (i) درێژترە لەوەی کە هەر قورساییی عادەتی بێ وەك هی وشەی (کرم، kirim) بەواتای (دود)ی عەرەبی. هەر لەم جێگەیەدا تایبەتییێکی فۆنەتیکی کوردیمان دێتە پێش دەبێ بایەخی خۆی پێ بدەین. لەم وشەیەی filmی ئینگلیزیدا ئەگەر i لە پێش (ل)ەکەوە نەهاتبا، کورد مەجبوور نەدەبوو بزوێنێکی تەواو بخاتە نێوانی (ل، م)ەکەوە و بڵێ (فلیم). دیاردەیێکی سەیر لێرەدا هەیە: لەو وشانەدا کە دەنگی وەستاو لە پێش دەنگێکی وەستاودا دێت، زمانی کورد وای پێ خۆشە هەردوو دەنگە وەستاوەکە بەدوای consonantدا بێن نەك بەدوای vowelدا، کە هەر vowelیش هات حەز لە کورتە vowelدەکا نەك هی درێژ. بەنموونە دەڵێم تۆ کە گوتت (دنك) دەتوانی دەنگەکەی (ن)

بەتەواوی بووەستێنێ هەروەك دەتوانی قورساییشی بخەیتە سەرێ، بەڵام کە دەڵێی (ڕانك) چارت نامێنێ دەبێ (ن)ەکە قورس کەیت و وشەکە بکەیتە دوو بڕگە (ڕا–نك).
وشەی film ئەگەر بزوێنەکەی تێدا نەبا، کە دەزانین بزوێنەر و قورسکردن نییە، کورد نەیدەکری بە (فلیم) چونکە لە وشەیێکی کوردی وەك ئەودا مەجبوور نەبوو بزوێن بخاتە نێوانی دوو دەنگەکەی (ڵ، م)ەوە. کورد دەڵێ (چڵم) و مەجبوور نییە بڵێ (چڵیم) وەك مەجبوورە بڵێ (فلیم). ئەم دیاردەیە لێکۆڵینەوە و بەدواکەوتنی گەلێك پتر دەوێ بەڵام من لێرەدا ڕێم نییە چیتر بەدوای بکەوم چونکە من خەریك نیم فۆنەتیکی کوردی ساغ کەمەوە.

دیاردەیێکی تری زۆر گرنگی ئەم گونجانی ناوخۆیی دەنگەکان ئەوەیە کە وشەی چەند بڕگەیی لە کوردیدا بەحوکمی گونجان و نەگونجانەکە شوێنی بڕگەکانی دیار دەکەوێ. سەیرێکی ئەم نموونانە بکە:

بڵند، گرنگ، برنج، قەڵشت.

دەنگی (ن) حەز بەدەنگی (د، گ، ج) دەکا بۆیەیە دەکەوێتە ناو ئەو بڕگەیەوە کە ئەوانی تێدا بن و ناشێ لێیان داببڕێ، لەبەر ئەمە بڕگەکان وەهایان لێ دێ (ب–ڵند، گ–رنگ، ب–رنج، قە–ڵشت)، کە بەلاتینی و بەبڕگەی جوداکرایەوە بنووسرێن وەها دەنووسرێن: (qe-lisht, bi-ring, gi-ring bi-lind). هەرگیز ناشێ بگوترێ (بل–ند bil-nid، گر–نگ gir-nig، بر–نج bir-nij، قەڵ–شت qel-shit).

بەڵام کە ویستت وشەی (فرچك) بڵێیت بەناچاری بڕگەکانی وەها لێ دەکەیت:

فر–چك fir-chik.

هەروەهاش وشەی (گرتك) دەکرێ بەدوو بڕگە:

گر–تك gir-tik.

وشەی (تلۆپك) دەبێ بکرێتە سێ بڕگە:

ت–لۆ–پك ti-lo-pik.

لەم گوتارەدا مەودا نییە تاك تاکی دەنگەکان لەگەڵ هەموو دەنگەکانی تردا تاقی بکرێتەوە تاکو بزانین خزمایەتی و دژایەتیی نێوان دەنگەکان چەندە و چۆنە، ئەو دەرفەتەش نییە بەدوا ئەنجامەکانی ئەم دیاردەیە بکەوین لە زمانەکەماندا چ لە ڕووی

جۆری تەرکیبی وشەوە بێ چ لەلایەن حوکمی دیاردەکەوە بێ بەسەر شێوەی ڕێنووسدا چ لە هەر لایەنێکی ترەوە بێ لە لایەنەکانی بێ ئەژماری ئاخاوتندا. تێکرای ئەم کارانە دەبێ بەجێ بهێڵرێ(٢) بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی پشوودرێژ و لەسەرەخۆ کە هەموو زمانەکە و دەنگەکانی ئاخاوتن بگرێتەوە بۆ مەبەسی ڕووپێوکردنێکی فۆنەتیکی گشتی. بەنموونەی ڕوونکردنەوەی حوکمی دیاردەکە لەسەر دەستووری ڕێنووس (املاء)ی کوردی ئەم میسالەت بۆ دێنمەوە.

وشەی (کاوڕ) بەشێوەی هاتنە دەری لە زاری کوردەوە دوو برگەی ئاشکرایە (کا–وڕ) کە بەلاتینی بنووسرێ وا دەبێ (ka-wur). ئەم وشەیە لە کێشی شیعریشدا جێگەی دوو برگە دەگرێتەوە:

«کاوڕم ناوێ لەگەڵ دایکی نەچێتە ناو پەرێز»

kawurim nawe...

هەر ئەم وشەیە کە بزوێنی بەدوادا هات قورسایی لەسەر دەنگەکەی (و) هەڵدەستێ و خوێندنەوەی دەگۆڕێ، لە شیعریشدا مەودایێکی نوێ پێك دێنێ:

«کاوڕەکەم بۆ بێنە نەختێ سەیری کاوێژی بکەم»

kawrekem bo bene...

دەبینی لە نووسینی لاتینیدا بزوێنەکەی (u) کە لە دوا (w)ەوە دەهات لزوومی نەما، ئەگەر بزوێنەکە نووسرابا کێشی شیعرەکە نەدەما.

بەمەدا، بەهەزاران نموونەی تریشدا، بۆت دەردەکەوێ گەلێك لەو قورسکردنانە کە لە ئاخاوتنی کوردیدا هەن و زۆر لە نووسەران هەمیشە نیشانەی بۆ دادەنێن وەك ئەوەی گەنجینەیێکی شرایەوەی ئەوتۆیان دۆزیبێتەوە هەر بەوان دۆزرابێتەوە، ئا ئەو قورسکردنانە و نیشان و پیتی کە بۆیان دادەنرێ بەشێکی ئەسڵی و پێکهێنەری وشەکە نین بگرە ناچاری هێناونی بۆ ئەوە بتوانرێ وشەکە تەلەفوزی پێ بکرێ لە وشەی

(٢) لە وشەی (بهێڵرێ) دەنگی (ڵ) هاتووەتە پێش (ر)ەوە. ئەم هاتنە دەستوورەکەی لێرە بەپێشەوە باس لێکراومان هەڵناوەشێنێ. بەپێی ئەو دەستوورە دەنگی (ڵ، ر) لە تەرکیبی بنچینەیی یەك وشەدا بەیەکەوە نایەن، لێرەدا دەنگی (ر) بۆ سیغەی (بناء للمجهول) هاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر کەس دەڵێن (بهێڵدرێ) تاکو لە قورسایی هاتنی (ر) لە دوا (ڵ)ەوە ڕزگاربن.

(کاوڕ ka-wur)دا قورسکردنەکەی سەر (و) کە لە لاتینیدا پیتی (u)ی بۆ بەکارهات وەك دەنگەکانی تری وشەکە (ك، ا، و، ڕ) نییە کە لە داڕشتنی ئەسڵیدا بەشدار بووبێ و هیچ کامێکیان لەوانە نین تێ بچن. ئەم قورسکردنە کە وەك کورتە بزوێن خۆ دەنێنێ و پیتی (u)ی بۆ بەکار هات بەرهەمی کوتومتی هاتنی (و)ی وەستاوە لە پێش (ڕ)ی وەستاودا، چ دەخلێکیشی نییە بەسەر تەرکیبی ئەسڵی وشەکەوە واتە کە هاتی ئەو دەنگانە بژمێریت کە وشەی (کاوڕ)یان پێك هێناوە نابێ ئەم قورسکردنە بژمێریت چونکە دەنگێکی ڕەسەن و پێکهێنەری وشەکە نییە، وەك ئەوەی یەکێك دەستی دەشکێ و دەیخەنە ناو شەپکەوە نابێ شەپکەکە بەئەندامێکی کەسەکە وەیا بەشێکی دەستەکە بژمێررێت چونکە هەر کاتێك دەستەکە چاك بووەوە شەپکەکە لادەچێ. بزوێن کە پێکهێنەری وشە بوو ئەویش وەك دەنگەکانی تر هەمیشەیی دەبێ. لە وشەی (پەنجەرە)دا هەرسێ بزوێنی کورتی (ە) بەدرێژاییی عومری وشەکە بەردەوام دەبن.

قورسکردنەکەی (و) لە وشەی (کاوڕ)دا وەك شەپکە وایە پێویستییەکی کاتی هێناوەتی، کە دەنگەکەی (ڕ) بزوێنی درایێ قورسکردنەکەی (و)ەکە وەك شەپکەی دەستی شکاو فڕێ دەدرێت.

حوکمی ئەم دیاردەیە بەسەر ڕێنووسەوە لەوەوە دێت کەوا دەبێ ڕێنووسێك بێتە کایەوە فەرقی دەنگی ڕەسەن بکات لەگەڵ دەنگی ناچاری و وەقتی. ناشێ ڕێنووسی کوردی ئەو وشانەی کە قورسکردنی ناچارییان تێدایە بەدوو شێوە نووسین بخاتە ناو فەرهەنگەوە چونکە مومکین نییە لە بنەڕەتدا وشە بەدوو شێوە هاتبێ کە دەزانین یەکێکیان شێوەی ناچاری و وەقتییە، وەك بەفری بەهار کە لەبەر تیشکی بەتینی ڕۆژ زوو دەچێتەوە، ئەویش لەگەڵ نەمانی ناچارییەکە لەخۆوە دەڕەوێتەوە.

حوکمی ئەم دیاردەیە لێرە بەدواوە ڕوونتریش دەبێتەوە چونکە وەك بۆت باس دەکەم گەلێك وشە هەڵدەگرێ دەنگێکی تێدا قورس بکرێ وەیا قورس نەکرێ بێ ئەوە بزوێن لە کۆتاییی وشەدا چاوەنۆڕ بکرێ. وشەی (کلك) یەکێکە لەو وشانەی دەتوانرێ بکرێتە یەك بڕگەی بێ قورسکردن (klk) و دەشتوانرێ (ل)ەکەی تێدا قورس بکرێ و بکرێتە دوو بڕگە (ك–لك ki-lik) جا ئێمە کە دێین ڕێنووس بۆ کوردی قەرارداد دەکەین دەبێ ئەم ڕاستییە یەکجار ئاشکرا و بنجییەمان لە بەرچاو بێ و بەمەدا خۆمان لە هەڵەی تێ نەخوێندنەوەی سروشتی دەنگەکانی کوردی ڕزگار کەین. پێویستە زوو خۆمان

تەسلیم نەکەین بۆ ڕواڵەتی (شت) ئەو شتە هەرچی دەبێ با ببێ. لەم تایبەتییەی دەنگەکانی کوردیدا، نابێ هاتنی قورسایی بۆ سەر یەکێك لە دەنگەکانی وشە خێرا فێڵمان لێ بکا و شانازیش بەوە بکەین قورساییمان دۆزیتەوە لە وشەدا کەچی دەبوو لە جیاتی دۆزینەوەی (قورسایی) هۆی قورساییەکە بدۆزینەوە و لە بایەخی خۆی پتری پێ نەدەین. هەستکردن بەوە کە لە وشەی (کاوڕ) و وشەی وەك ئەودا قورسایی لەسەر دەنگێکدا هەیە هەستێکی بەدیهی و ئاشکرا و سەرەتایی و ساوایانە و بێ ئەرك و زەحمەتە، کوردی گوتەنی، کوێریش لێی بەسەهوو ناچێ. گرنگ لێرەدا ئەوەیە هۆی پووچکردنەوەی قورساییەکە بدۆزرێتەوە، وەك دۆزیمانەوە، لە ڕێی ناسینەوەی سروشتی دەنگەکان و پلەی گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ یەکتردا.

فۆنەتیکزانی کورد دەتوانێ گەورەترین فێڵ لە فەیلەسووفێکی فۆنەتیکزانی ئەورووپایی بکا لەم باسەی قورسکردن و ڕەهاکردنی دەنگ لە وشەی کوردیدا لەو فێڵەشدا دەتوانێ قسە ساردوسڕەکانی (زمانی هیندوئەورووپایی – کوردی زمانێکی «إلصاقی»یە نەك «اشتقاقی» وەیا بەپێچەوانە...) و چەندین قسەی تری بێ دەخلی وەك ئەمە بداتە پاڵ فێڵەکەیەوە تاکو کابرای ئەورووپایی بەجارێ سەرشێواو دەکات لە عاست زمانی کوردی و تایبەتییە ڕەسەن و بنچییەکانی، کەچی ئەگەر ڕاستیی حاڵ بخاتە بەرچاوی زاناکەی ئەورووپایی لەوانەیە ئەو ڕاستییە بۆ ئەو ببێتە کلیلی دەرگەی گەلێك لەو نهێنییانەی کە تا ئێستا بۆ نەکراوەتەوە لە تۆژینەوە دەربارەی زمانەکانی (هیندی – ئەورووپایی).

ئەوەی بۆ من ڕوون بوویێتەوە لە خزمایەتی و دژایەتیی ناوخۆییی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردیدا چوار پلەی تەواوە کە زۆر بەئاشکرایی هەستی پێ دەکرێ. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم نیسبەتی هەندێك دەنگ لەگەڵ هەندێکی تردا وەك ئەوەیە کە بەعەرەبی پێی دەگوترێ «منزلة بين المنزلتين». دوای باسکردنی هەر چوار پلە دەگەڕێمەوە بۆ ئەمیان.

پلەی یەکەم: گونجانی تەواو.

ئەم گونجانە لە نێوان هەندێك لە دەنگەکاندا ئەوەندە ڕێك دێت ناشێ هیچ قورساییەك بخرێتە سەر دەنگە وەستاوەکەی پێشەوە وەك لەم نموونانەدا دیار دەکەوێت:

رد: کورد kurd، بەرد berd، کێرد kerd.

رت: کورت kurt، مارت mart، کەرت kert.

س ت: بەست best، بیست bist، ماست mast.

[تێبینی: لە شیعردا بۆ ڕاستکردنەوەی (کێش) قورسایی خراوەتە سەر (س)ەکەی پێش (ت)ەوە وەك لەم بەیتەی نالیدا دەدیترێ:

ڕاستی سەیقەلییە تیغی زمانی نالی

نەرم و توند ئاوی گەلووگیرە قسەی پێ دەبڕێ

وشەی (ڕاستی) دەنگەکەی (س)ی تێدا قورس کراوە، ئەگەر بەلاتینی بنووسرێ وای لێ دێ rasitee کەچی وشەی (ڕاست، ڕاستی) هەردوویان لە دەرەوەی شیعر rastee,rast دەگوترێ. دیارە پێویستی شیعر لە هەموو شوێنێکدا و لەگەڵ هەموو دەنگێکدا کاری خۆی دەکا نەك هەر لەگەڵ دەنگی (س)دا].

ش ت: گەشت gesht، گۆشت gosht، برشت birisht، قەڵشت qeilsht.

ن گ: دەنگ deng، جانگ jang، پوونگ poong.

ن د: بەند bend، چاند chand، سوێند swend، پند pind، ڕەوەند rewend.

ن ج: بەنج ، ڕەنج renj، سرنج sirirnj، ماڵنج، کۆڵنج kolinj.

بێگومان دەنگی تریش هەن، بێ لەمانەی سەرەوە، حەز بەیەکتر دەکەن لێرەدا پێویست نابینم بەدوایان کەوم.

پلەی دووەم: گونجان

ئەم پلەیە خزمایەتیی بێ هێزتری تێدایە لە هی پێشوو. لەم پلەیەدا دەشێ دەنگێك بەسکوونی تەواوەو لە پێش یەکێکی تردا بێت، دەشێ قورسیش بکرێ:

ن ك: دەنك denk، دە–نك denik

کەپەنك kepenk، کەپە–نك kepenik

ر گ: بەرگ berg، بە–رگ berig

ورگ wurg، و–رگ wurig

ڕ گ: قورگ qurg، قو–ڕگ qurig

ر ك: دەرك derk، دە–رك derik

کورك kurk، کو–رك kurik

پلەی سێیەم: نەگونجان

لەم پلەیەدا دەنگێك بەوەستاوی ناکەوێتە پێش دەنگێکی تری وەستاوەوە، واتە دەبێ دەنگەکەی پێشەوە قورس بکرێ:

ن م: گە–نم genim، خا–نم khanim، دۆ–نم donim

پ ر: کە–پر kepir

پ ڵ: تە–پڵ tepil، س–پڵ sipil

دەنگی (ك) لەگەڵ زۆربەی دەنگەکاندا ناگونجێ وەك: شە–کر shekir، مە –کس mekis، مە–کر mekir... هتد هەروەهاش دەنگی (ب).

پلەی چوارەم: دژایەتی

لەم پلەیەدا هاتنی دەنگێك بەوەستاوی لە پێش دەنگێکی ترەوە مومکین نییە. لێرە بەپێشەوە دوو دەنگی (ل، ر)مان باس کرد، لێرەدا، دەڵێم دەنگی (ق، ك) ئەوانیش وان. دەنگی (ب)ش ناچێتە پێش (م)ەوە. لەم بابەتە دەنگی تر زۆرن.

من (نظریە)یێکی تایبەتی خۆم هەیە لەبارەی تەئسیری (بێگانەبوون) لە ڕووی دروستکردنی هۆی تێك نەگەیشتن و بەیەکتر ڕازی نەبوون و عەیب لە یەکتر گرتن و شتی ئەوتۆییەوە لە نێوانی مرۆڤدا، ڕایەکەم بەشێوەیێکی کورت لە پێشەکیی کتێبەکەی (بەرکوتێك لە خەرمانی کوردناسی) کە لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردە، بڵاو کرایەوە. لێرەدا نموونەیێکی تازە لە فۆنەتیکیش دێتە بەردەست کەوا چۆن لە یەکتر دوورکەوتنەوەی مرۆڤ نەك هەر زمان دەگۆڕێ و بەس، بگرە جۆری دەربڕینی دەنگیش دەگۆڕێ. دیتت کورد دەنگی (ر) لە پێش (ل)ەوە ناهێنێ، کەچی ئەڵمانەکان ناوێکی زۆر باویان وشەی (کارل)ە کە لە جێی تر دەبێتە (شارل – شارلمان). جگەرەیێکی بەناوبانگی ڕۆژئاوا (مارڵبۆرە)یە. سمۆرە (سکویرل)ە. ناوم دیوە (میلروز)... هتد.

دەگەڕێمەوە بۆ ئەو پلەیەی کە گوتم لە نێوان دوو پلاندایە.

سرنج بگرە لە دوو دەنگی (ر، ج) وەك لە وشەی (مەرج، گورج، بەرج)دا تەلەفوزیان پێ دەکرێ. ئەم خزمایەتییەی نێوانیان کەمترە لە هی (رد، رت) بەڵام پترە لە هی (رك، رگ). وا دەزانم هۆی ئەم جوداییە بریتییە لەمە:

دەنگەکانی (د، ت) هەردوویان لەبەر دەمی شوێنی (ر)ەوە بەلای پووکەوە دەردێن، واتە لەو شوێنەوە دەردێن کە بەنیسبەت دەنگی (ر)ەوە دەرگەی ئاسایی هاتنە دەرەوەی ئاخاوتنە چونکە دەزانین ئاخاوتنی مرۆڤ لە ئەندامەکانی (نطق)ەوە بۆ دەرەوەی دەم دەجووڵێ و دەبزوێ. بەڵام دەنگی (ج) دەکەوێتە پاش جێگەی دەنگی (ر)ەوە هەرچەند جێگەی دەربڕینیشیان بەیەکەوە نووساون، لەبەر ئەمە تۆ کە لە دەنگی (ر)ەوە بەرەو دەنگی (ج) بڕۆیت بەرەو دواوە دەگەڕێیتەوە کە ئەمە نەختێك دژی داخوازیی ئاخاوتنە کە حەز دەکا دەربێ، بۆیێ خزمایەتیی (ج) لەگەڵ (ر)دا کەمترە لە خزمایەتیی (د، ت)، بەڵام پترە لە خزمایەتیی (ك) چونکە جێگەی دەنگی (ك) دوورتر دەکەوێتەوە لە جێگەی دەنگی (ر)، واتە بەولای جێگەی (ج)ەوە بەرەو قورگ لە جێگەی (ر) دوور دەکەوێتەوە.

لەم بابەتە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیە هەتا بەدوای کەوین و بۆی تێ هەڵکشێین لێی نابینەوە چونکی فۆنەتیکی کوردی تا ئێستا هیچی ئەوتۆی تێدا نەگوتراوە و نەدۆزراوەتەوە کە بەتایبەتی هی دەنگەکانی کوردی بێ، هەرچی کراوە یا سەرەتا و بەدیهییەی ئەوتۆیە بۆ هەموو چاوێکی نەختێك وردبین ئاشکرایە، یاخود شتی گشتیی ئەوتۆیە، وەك هەوا و تیشکی ڕۆژ، تێکڕای جیهان تێیاندا بەشدارە. من بەتەواوی و لە هەموو ڕوویێکەوە دژی کوتانەوەی گوتەی لێرە بەپێشەوە گوتراو و شتی وەك بەدیهیەم، هەر نەبێ لەبەر ڕێزنان لە خوێنەر، چونکە خوێنەرێك بەدیهییە و شتی گوتراوی بۆ دووبارە دەکرێتەوە کە لە پلەی سەرەتاییی خوێندن و زانیندا بێ، کاتێك هێنانەوەی بابەتی کوترایەوە و ئاسان ڕەوا دەبێ کە بۆ مەبەستی دۆزینەوەیێکی نوێ وەیا بەدەستەوەدانی سوودێکی گرنگ وەیا بنیادنانی فکرەی تازە... بێ. من باسی ئەم دیاردەیەی گونجان و نەگونجانی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردیم نەدەکرد ئەگەر لێرە بەپێشەوە کەس لەسەری دوابا، باسیشم کردبا بۆ مەبەستی خستنەسەر وەیا ڕاستکردنەوە وەیا ڕەخنە دەبوو.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم تایبەتییەی فۆنەتیکی کوردی هێندە بنجی و گرنگە لە

زمانەکەماندا و بەجۆرێك تێکەڵی ڕایەڵ و تان و پۆی داڕشتنی وشە و بەیەکەوە بەستنەوەیان بووە و خۆی زاڵ کردووە بەسەر بەشێکی بەرچاوی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی، لێمان داوا دەکا زۆر بەپسپۆڕی نەخشەیێکی سەرلەبەری هەموو دەنگەکان ڕێك بخەین لە ڕووی دیارخستنی پلەی گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ یەکتردا. هەروەك نەخشەی ولاتێك شکڵی گشتیی ولاتەکە و بەرز و نزمی و تەڕ و وشکی و پان و درێژی و ڕێگەوبان و دارستان و ڕووتەن و پاوان و بیابان و هەموار و هەڵدێر و هەموو سەروبەرێکی ولاتەکەت نیشان دەدات و فکرەیێکی ڕوونت لەبارەیەوە بۆ پێك دێنێت، هەروەها ئەم نەخشەیەی گونجان و نەگونجانی دەنگەکان لەگەڵ یەکتردا لێی دەوەشێتەوە بکرێ و بەئاوێنە و (وشە)ی کوردیی تێدا عەکس بکرێتەوە لە حاڵی سادەیی و لێکدراوی و بەستنەوەی بەئەمراز و پیتی پێوەندی و سوان و لێقرتان و هاتنە سەر و ئاڵوگۆڕی دەنگ بەیەکتر و یەکتر دەرکردن و یەکتر داخوازیکردن و هەموو حاڵێکی تریدا، ئەگەر وشەکەش (کار) بوو بەچاوگ و شێوەی داڕشتنی لە ڕابردوو و ئاینده و فەرمان و قبووڵکردنی پێشگر و پاشگر و سوان و نەسوانیان و هاتنی شتی تر بۆ کارەکە و... هتادەوە بۆ ئەوە بزانرێ ئەم دیاردەیەی (گونجان و نەگونجان) چ تەئسیرێکی بووە لەم ڕەفتارەی کە قسەکەری کورد لەگەڵ ئاخاوتنی کوردیدا کردووەتی. ئەم نەخشەیەی باس لێکراو وەك جۆگەلەی نرخی پیتەکانی (أبجد هوز) وایە کە لە (حساب الجمل)دا بەکار دێت و لە لێکدانەوەی هەموو (مێژوو) یەك پێویستمان پێی دەبێ. لێرەدا بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە چەند نموونەیێك دێنمەوە:

١- مەکینەی (کسّارة) کە بۆ هەموارکردنی ڕێگەوبانان بەکار دێت لە نێو هۆزەکانی کورددا بووە بە (کەستارە). دەزانین کورد حەز لە (شدّە) ناکات بۆیێ گرتنەکەی دەنگی (س)ی لە وشەکەدا نەهێشتووە، لە جیاتی ئەو، دەنگی (ت)ی هێناوە. ئەم دەنگەی (ت) بەڕێکەوت نەهاتووە بەڵکو بەحوکمی ئەو گونجانە تەواوەی دەنگی (س)ی ساکن هاتووە کە دەکەوێتە پێش (ت)ەوە، وەك گوتمان هەرگیز دەنگی (س)ی ساکن قورسکردن قبووڵ ناکات لە پێش دەنگی (ت)دا. لێرەدا دیاردەی (گونجان و نەگونجان) دەنگی (ت)ی بەسەر (کسّارة)دا سەپاند. سەیر لەوەدایە ئەم حەزکردنەی دەنگی (س) لە دەنگی (ت) وای کردووە نەخوێندەواری کورد بڵێ (قەستەم بەخوا).

٢- وشەی (هەڵوەستان) کە لە دوو کەرتی (هەڵ) و (وەستان) پەیدا بووە دەکرێتە

(هەڵستان، هەڵسان، هەستان). دەبینی لە هەموو حاڵاندا دەنگی (س) بەردەوامە کەچی دوو دەنگی (ڵ، ت) قرتانیان بەسەردا دێت. وا دەزانم ئەم قرتان و بەردەوامبوونەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ حوکمی گونجان و نەگونجانەکە، بەڵام ئەمجارەیان نەختێك بەفرەوانتری، لەو ڕووەوە کە لێرەدا گونجان و نەگونجانی تێکڕای دەنگەکان، نەك تەنیا دوو دەنگ، بەشدار بووە لە داهێنانی شێوە تازەکانی (هەڵوەستان) کە بریتین لە (هەڵستان، هەڵسان، هەستان). جگە لەمە عامیلی تریش دەوری دیتووە، وەك قابلیەتی سوانی (ت)، بەڵام ناتوانم لەسەری بڕۆم.

کە بمانەوێ بەدوا نموونەی تر بکەوین ڕێگەمان زۆر درێژ دەبێتەوە: کورتە و پوختەی ڕایەکەم ئەوەیە دەبێ ئەم نەخشەیە بەوردی و بەڕاستی ڕێك بخرێ و وەك (جدول الضرب) لە بەردەستی فۆنەتیکزان –ڕاستییەکەی زمانزانی کورد– بێ و سوودی لێ وەرگرێ، لە دروستکردنی وشەی تازەشدا دەبێ ئەم گونجان و نەگونجانە تێ بخوێندرێتەوە.

بێگومان بوونی ئەم نەخشەیە شتێکی پێویستە و سەربەخۆیشە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە پێوەندیی بەشتی تریشەوە هەیە، بەڵکو پەکی لەسەر شتی تریش کەوتووە بۆ ئەمەی سوود لێ وەرگرتنی بەتەواوی بێت وەك ئەوەی کە دەبێ بزانین هەر دەنگە لە چ جێگەیێکی قوڕگ و زار و لێوەوە (ئەندامەکانی ئاخاوتن بەگشتی) دەردێت و کامی لە مەخرەجی کامیەوە نێزیکە و کامیان بەنیسبەت ئەوی ترەوە لە دەمەوە نێزیکترە... هتد. دیارخستنی جێگەی دەربڕینی دەنگەکان لە حاڵی وەهادا سوودی دەبێت نەك وەك مۆمیا لە مۆزەخانەی فۆنەتیکدا دانرێ و تۆژینەوەی شتی تری لەسەر نەکرێ.

نەك هەر ئەمە و بەس، بەلای منەوە دەبێ تین و تاوی دراوسێیەتیی کورد لەگەڵ میللەتانی تر بۆ سەر زمانەکەی و داهێنانی دەنگی تازە لە کوردیدا و هەموو سەروبەرێکی ئەم لایەنەش بەچاکی لێی بکۆڵرێتەوە و دۆزینەوەکانی ئەم مەیدانەش ببنە یارمەتیدەری پلەی گونجان و نەگونجانی ناوخۆیی دەنگەکانی کوردی. بەکورتی پێویستە ئەم دیاردەیە کە خۆی لە خۆیدا شتێکی سەربەخۆیە لە ناو پەڕاوێزی تێکڕای (ئاخاوتن)دا بەگەڕ بێ و ئەنجامەکانی دیار بخرێ، لەم کارەشدا نابێ پەکمان بەوە بکەوێ فۆنەتیك تێکەڵ دەبێ لەگەڵ فۆنۆلۆجی وەیا سینتاکس وەیا ئەدەب وەیا ڕێزمان وەیا مێژوو وەیا هەر زانستێکی تر بێ. ئێمە دەمانەوێ نهێنیی زمانی کوردی بدۆزینەوە نەك خەریکی وەرزشی (یوگا) بین بۆ مەبەستی خۆڕەنجدان لە ناو

بەندیخانەی تاکە یەك لایەنی توێژینەوەی زمان هەناسە لە خۆمان ببڕین. ئەوەی ڕاستی بێ بۆ زمانزانی کورد کە خەریك بێ لەبارەی زمانی کوردییەوە بتوێژێتەوە جارێ یەکجار زووە بۆ داهاتنی پلەی (تخصص). زمانی کوردی نە لەلایەن دیراسەی مێژووییەوە نە لەلایەن inquisticاەوە بەتێکڕایی، هیچ بارێکی بەتەواوی، بگرە نیوەچڵیش، ساغ نەبووەتەوە تاکو لزووم نەبێ فۆنەتیك بەفۆنۆلۆجییەوە ببەسترێتەوە و هەریەك لەم مەیدانانە چاپووکسواری خۆی هەبێ و هێندە تێیدا مەعلان بێ سنووران نەبەزێنێ. تۆ بڵێ دەبێ میللەتی کورد چەند ساڵی تر چاوەڕوانی پەیدابوونی (متخصص)ی خۆ تەرخانکردوو بۆ تاك تاکی ئەو مەیدانانە بکا، بەدوا پەیدابوونیشیان چەندی تر بەدیار بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیانەوە دەست لە ئەژنۆ وەرێنێ، ئەوساش چاو چرکاتەوە بەچکە پێغەمبەرێك بێ و سوودی هەموو جووگەلەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و سینتاکس و توێژینەوەی مێژوویی بکاتە یەك ڕووباری شەپۆلاویی کوردناسی و کێڵگە وشکبووەکانی ڕۆشنبیریی کوردی پێ ئاو بدات؟ ڕەنگە ئەو ڕۆژە یەکجار دوور بێ، گریمان نێزیکیش بوو نابێ دەستی خۆمان ببەستینەوە و مێشکی خۆمان داخەین بەدیار ئەو (نەورۆزە) تازەیەی سەدەی بیستەم وەیا بیست و یەکەمی کورد. ئەگەر زاناکانی زمانی عەرەبی ١٢٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ بیروڕایەکی وەهایان بەدڵدا چووبا یەك هەنگاویان بۆ نەدەهاوێژرا چونکە یەکەم هەنگاو بەند دەبوو بە (تخصص)ەوە کە دەزانین لە سەرەتاوە وەك (مستحیل) وابوو.

ئێمە خەریك نین ئەم باسانە بە (مجرد)ی و لە مەیدانی (مطلق)ی زمان و ئاخاوتن باس بکەین. ئێمە خەریکی زمانێکی تایبەتین کە لێکۆڵینەوەی تێدا نەکراوە. زۆر سەیرە بگوترێ، وەك دەگوترێ، زانین و ناسینەوەی زمانی کوردی پێویستی بەزانینی زمانە بنجییەکانی بەرەی (هیندی ئەورووپایی) هەیە بەڵام باسی فۆنەتیکی کوردی دەخلی بەسەر فۆنۆلۆجیی کوردییەوە نییە.

لە کۆتاییی گوتاردا زۆر بەکورتی باسێکی دەنگە (بزوێن)ەکان دەکەم تابێتە سەرەتای لێکدانەوە لەو بارەوە کە من بۆی چووم.

هانابردنە بەر ڕێنووسی لاتینی وەك لە ئینگلیزی و فرەنسیدا بەکار هاتووە ئەرکێکی بێ سوودە چونکە لەو ڕێنووسانەدا پیتی تایبەتی بۆ تاکە دەنگی بزوێن vowel پەیدا نابێ. فەرموو سەیری پیتی a بکە کە لەوانەیە هەندێك بڵێن بۆ دەنگی (ا) دانراوە:

and: لێرەدا بووە بە (ئە) کە دوو دەنگی (ئـ – هەمزەی عەرەبی) و کورتە بزوێنی (ە – فەتحەی عەرەبی)یە.

oar : لێرەدا یا نرخی نییە یا بووە بەدەنگی (ۆ).

wraught: ئەم وشەیە یەك برگە و حەوت پیتە، بۆ خۆت نرخی پیتەکەی a تێدا بدۆزەوە، بەمن نادۆزرێتەوە.

care: لێرەدا جێی (ێ)ی گرتووەتەوە.

هەندێ جار پیتی i لەوەش سەیرترە:

I: بەواتای (من، أنا) دەخوێندرێتەوە (ئای) کە بریتییە لە (٣) دەنگی تەواو. هەر ئەم (ئای)ە بەواتای (چاو) دەکرێتە eye.

لە وشەی earدا پیتی e بووە بەدەنگی (ئـ – هەمزەی عەرەبی). لە وشەی beerدا بووە بە (ی)ی درێژ، لە bearدا بووە بە (ێ)ە پەل، لە وشەی hereدا جارێکیان بووە بە (یە) جارێکیان هەر تێ چووە و نرخی نییە وەك دەنگ.

ئەمە دەڵێم تاکو خوێنەری کورد لە تۆژینەوەی دەنگەکان خۆی لە ئینگلیزی و فرەنسەیی نەگەیەنێ چونکە لە ڕێنووسی ئەو زمانانەدا دەنگە بزوێنەکان شکڵی (هیرۆگلێفی)یان هەیە نەك پیتی تایبەتی.

بزوێنەکان لە کوردیدا، وەك دەنگ، دەبنە دوو بەشی جودا:

یەکەم: کورتە بزوێن کە شکڵی (ە، و، ی)یان بۆ دانراوە، لە عەرەبیدا پێیان دەگوترێ (حركة) و ناوی (فتحة، ضمة، كسرة)یان هەیە.

کورتە بزوێن بوونی سەربەخۆی نییە، واتە بەتەنیا تەلەفوزی پێ ناکرێ، بەدوا دەنگی تردا دەردەکەوێت. ئەم ڕاستییە کەم ناکا بەوەدا کە لە لاتینی بۆ هەر بزوێنێکی کورت پیتێکی سەرلەبەر و تەواوی وەك پیتەکانی تری بۆ دانراوە. ئێمە قسەمان لەگەڵ دەنگە نەك وێنەی دەنگ کە (پیت)ە. تۆ حەز دەکەی لە جیاتی (ە – فتحة) ملە حوشتر دانێ، ئەو بۆ خۆی هەر بەدوا دەنگی تردا دێت لە ئاخاوتن. عەرەب لە کۆنەوە کە بۆ کورتە بزوێن زاراوەی (حركة)یان داناوە و لە نووسینیشدا (فتحة، ضمة، كسرة)یان کردووەتە نیشان، لەخۆڕایی وایان نەکردووە، دیارە ئەم لایەنە گرنگەی نەبوونی وجوودی سەربەخۆیان لە کورتە بزوێندا تێ خوێندووەتەوە.

کورتە بزوێن یەك جۆریان هەیە، واتە یەك جۆر (ە، ی، و) بەواتای (فتحة، کسرة، ضمة) لە زارەوە دێتە دەرێ.

دووەم: بزوێنی درێژ (ا، وو، ۆ، ی، ێ)ە.

وەك دەبینی دەنگی (ا) یەك جۆری هەیە، بەڵام دوو دەنگەکەی تر هەریەکەیان دوو جۆریان هەیە، کە ئەمە یەکێکە لەو دیاردانەی دەنگی (ا) لەوانی تر جودا دەکاتەوە، دیاردە و تایبەتیی تریش هەیە لێیانی جودا کاتەوە لێرە بەدواوە باسیان دەکەین.

سێیەم: وا باوە لە ناو فۆنەتیکزان و تێکڕای زمانزانان کەوا دەنگە بزوێنەکانی درێژ هەریەکەیان بەقەدەر دوو کورتە بزوێنە، هەر بۆیەش بوو واوی درێژیان بەدوو واو دەنووسی و یێی درێژیشیان بەدوو یێ دەنووسی.

من وا دەزانم (واو و یێ)ی درێژی تیژ ڕاستە کە هەریەکەیان بایی دوو کورتە بزوێن درێژن، بەڵام دەنگی (ا) دوو (فتحة) نییە. بەلای باوەڕی منەوە دەنگی (ا) لە تایبەتییێکی یەکجار بنیجیدا خۆی لە دەنگی کورتە بزوێنی (فتحة – ە) جودا دەکاتەوە: هەڵستانەوەی دەنگی (ا) هەڵستانەوەییێکی ستوونیی یەکسەرەیە، بەڵام هەڵستانەوەی دەنگی (فتحە) لە چاو هی (ا)دا وەك هەڵستانەوەی (وتر القائم) وایە واتە لە نێوانی ستوونی و ئاسۆییدایە. تۆ کە بێی دەنگی (ا) لە وشەی (دار)دا کورت کەیتەوە وشەکە نابێتە (دەر)، دەنگەکەی (ە)ش لە وشەی (دەر)دا درێژ کەیتەوە نایکاتە (دار).

چوارەم: دەنگی (و) و (ی) چ بزوێن بێ وەك (دوور، دۆڵ) (ژی، ژێ) چ (consonant) بێ وەك (یار، دایك، های)، (وار، باوك، ڕاو) هەر خۆیەتی ئەم قابلیتەی هەیە. لەمەشدا گۆڕانی شکڵی دەنگەکان لە ڕێنووسی لاتینیدا چ بایەخێکی نییە. بەڵگەی یەکبوونی ئەم دەنگانە زۆرە، جگە لە بدیهییە کە دەزانێ هەموویان یەکێکن، لێرەدا یەك دووەکان دێنمەوە:

أ– بۆ دەنگی (و).

١– کە گوتت (بەرد و دار) لێرەدا (و)ەکەی عەتف بزوێنە، بەڵام کە گوتت (چرا و نەفت) واوەکەی عەتف بووە conosonant.

٢– لە فیعلی (نوست) واوەکە بزوێنە. کە فیعلەکەت گۆڕی بۆ ئایندە دەبێتە (دەنوێ) لێرەدا واوەکە بووەوە consonant.

٣- لەگەڵ خۆتدا دەنگی واوی وشەی (باو) درێژ بکەوە دەبینی دەبێتە واوێکی بزوێنی تیژی درێژ.

ب- بۆ دەنگی (ی).

١- کە دەڵێی (بەردی بەست) یێیەکەی (اضافة) بزوێنە بەڵام کە گوتت (برای من) هەمان یێی (اضافة) بووەوە بە consonant.

٢- کە دەڵێی (گرتی) ئەم یێیەی (ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك) بزوێنە بەڵام کە گوتت (کێڵای) یێیەکە دەبێتە consonant.

٣- لەگەڵ خۆتدا دەنگی یێی وشە (چای) درێژ بکەوە دەبینی دەبێتە یێیەکی بزوێنی تیژی درێژ.

جگە لەمانە بەڵگە هەن من نایانهێنمە ناو نووسینەوە.

پێنجەم: دەنگی (ا) لەم چەند ڕووەوە خۆی لە دوو دەنگی (و، ی) جودا دەکاتەوە:

١- لەوەدا کە یەك جۆر (ا) هەیە.

٢- لەوەدا کە بریتی نییە لە دوو کورتە بزوێنی (ە - فتحة).

٣- لەوەدا کە ئەویش وەك کورتە بزوێنەکان بەتەنیا تەلەفوزی پێ ناکرێ واتە هەر بەدوا دەنگی تردا خۆ دەنوێنێ. هەر بۆیەیە نە لە پێشەوەی وشەوە دێت نە لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دەکرێ بە consonant. من لەمەدا هەرگیز باوەڕ بەو گوتەیە زۆر مەشوورەی کۆنینە ناکەم کە دەڵێ (همزة) بریتییە لە دەنگی (ا) کە تەلەفوزی پێ کرابێ بەسەربەخۆیی. عەرەبەکان لە کۆنەوە (همزة) و (الف)یان بەیەك پیت (دەنگ) داناوە هەر بۆیەیشە ژمارەی (حروف الهجاء) لە عەرەبیدا (٢٨)ە. بەڵێ ڕاستە وا دەبێ دەنگی (همزة) خۆی لەناو دەبا بۆ دەنگی ئەلف وەك ئەوەی کە لە جیاتی (دەئاخێوێ) دەگوترێ (داخێوێ) بەڵام ئەم تایبەتییەی (همزة) لەگەڵ (ی)شدا هەر وایە. تۆ دەڵێی (دەئێشێ) دەشتوانی بڵێی (دێشێ) بەمەدا دیار دەبێ هەمزە قابلیەتی تێچوونی هەیە نەك لە ئەلفەوە هاتووە.

ئەم بیروڕایانەی لێرەدا خوێنەر و فۆنەتیکزانی کورد دەیانخوێننەوە سەرەتایێکی نوێی باسێکی درێژەدار و بنجین لە زمانەکەماندا. بەهەڵەچوونی من لە هەندێ لایەنەکانی باسەکە لە بایەخ و گرنگیی باسەکە خۆی کەم ناکاتەوە. هەروەها

خەریکنەبوونی زمانزان و فۆنەتیکزانی کورد و غەیری کوردیش پێیەوە، سووچێکی من و باسەکەی تێدا نییە. وا دەزانم سۆز بۆ ڕاستی بەگشتی، بۆ زمانی کوردی بەتایبەتی، داوا لە هەموو کوردێك دەکا بەگیانێکی (موضوعی) سەیری باسەکە بکرێ نەك لە گۆشەی (من من و تۆ تۆ)وە کە پیشەیێکە زۆر ڕێبازان کوێر دەکاتەوە.

یەك دوو تێبینیی کورتیلەم ماوە بیانکەم بەکۆتاییی گوتار:

دەبوو بڵێم هاتنی هەموو دەنگێك لە پێشەوەی وشەوە، کە بزوێنی ئاشکرای بەدوادا نەیێت بەناچاری دەنگەکە قورس دەکات. هەر لەبەر ئەم ناچاریەیە دەنگی (س) کە لە وشەی وەك (ستاندن، ستران)دا لە پێش دەنگی (ت)ەوە دێت دەبێ قورس بکرێت ئەگینا تەلەفوزی پێ ناکرێ. لەم شوێنانەشدا وا دەبێ حوکمی خزمایەتی و گونجانی دوو دەنگی (س، ت) خۆ بەدیار دەخا بەوەدا کە وشەی (ستاندن) دەکرێتە (ئەستاندن) بۆ ئەوە ئیمکان هەبێ سینەکە بەتەواوی بوەستێندرێ، وشەی (ئەستەم)یش هەر لەم ڕێگەیەوە لە (ستەم)ەوە وەرگیراوە.

نووسینی هەندێ وشەی ناو باسەکە کە بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە بەلاتینی نووسراوە چ ڕێنووسێکی قەراردادەی تێدا ڕەچاو نەکراوە، تەنیا ویتسوومە بیروڕایەکە بخەمە قاڵبێکی مەفهوومەوە.

داوای چاوپۆشیش دەکەم لە هەر شتێکی ئەوتۆ کە جێگەی چاو لێپۆشین بێت.

## ڕێنووسی کوێر

باسی ڕێنووس، بەتێکڕایی، لەو باسە بەرفراوانانەیە کە بەگوتار و نامێلکە کۆتاییی نایەت، نەك کۆتایی، بگرە سەرەتاکانیشی بەپایان ناگات چونکە لەگەڵ داهاتنی نووسین، بەر لە هەزاران ساڵ، گیروگرفتەکان و کەموکوڕییەکانی دەستیان پێ کرد. هەر ئەو ناتەواوییەش بوو، بنەمای گۆڕانی نووسینی هیرۆگلێفی بۆ بزماری پێك هێنا... هەروەهاش گۆڕانی بزماری بۆ شێوە پێشکەوتووەکانی تری نووسین تا سەریان بەو شێوە نووسینانەوە نا کە لە جیهانی ئەم سەردەمەدا لە باون. وەك دەریش دەکەوێ بۆ یەکەم نۆڕینی سەرنجگر، ڕێنووسەکانی ئەم چەرخەش ئاوسن بەکەموکوڕی و گیروگرفت تا دەبینین لە زمانی پێشکەوتووی وەك فرەنسی و ئینگلیزیدا لەخۆوە مرۆڤ ناتوانێ وشە بنووسێت بەپێی دەرچوونی دەنگەکانی لە زارەوە، بگرە دەبێ بپرسێ وەیا بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگەکانیان تاکو بزانێ وشەی cuff و وشەی roughدەخوێندرێنەوە (کەف، ڕەف) هەرچەند وێنە نووسینەکانیشیان کەم و زۆر لە یەکتر ناکەن. بەڕاستی زۆر سەیرە لە شێوە نووسینی ئەم میللەتانەی وا گەیشتن بەئاسمانگەڕی، تا ئێستاش، وێنەی تایبەتی قەرارداوە بۆ زۆربەی دەنگەکانی زمانیان دانەندراوە. بەنموونە، دەنگی (ف) لە ئینگلیزیدا جارێکیان f دەنووسرێت، جارێکیان ph، جارێکیشیان gh دەنووسرێت. هەر هەمان gh وا دەبێ بۆ (غ)یش بەکار دێت. ڕێنووسی فەرەنسی لەمەش سەیرترە. خولاسە بەدواکەوتنی شریتەی سەرەژوور چوون و پێشکەوتنی ڕێنووس لە هیرۆگلیفییەوە تا دەمانگەیەنێ بەڕێنووسی میللەتە پێشکەوتووەکانی ئەم ڕۆژگارە، نە لە توانای نووسینی بەرتەسکدایە و نە بڕانەوەشی هەیە چونکە وەك گوتم ڕێنووسەکان پڕن لە کەم و کەسری.

هەروەك تێکڕای باسی ڕێنووس درێژەی لە حەدبەدەری هەیە، هەڵگرتنەوەی هەریەکێکیش لەو ڕێنووسانەی کە کوردەواری لێیان شارەزایە بەنیازی سەروبنکردن و لێبوونەوەی، ئەویش لە ئیمکانی نووسەری گوتار بەدەرە چونکە هەریەکەیان بەدرێژاییی سەدان ساڵ ئەوەندە گۆڕانەیان بەسەردا هاتووە و هێندە لکەیان لێ

بووەتەوە، لێشیان کوێر بووەتەوە، دەبنە بنەمای دیراسەی سەربەخۆ.

لەم گوتارەدا ئەوەی پێوەندیی بەرێنووسی کۆڕەوە هەیە ئەلفوبێیەکەی عەرەبییە کە هەموو ئەلفوبێی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵمانی نزیکی لێ کەوتووەتەوە، وەك تورکی و فارسی، تا ڕادەیێکی بەرچاو، ئیملاکەشیان سروشتی ئەو ئەلفوبێیەی ڕەچاو کردووە وەك ئەوەی کە لە بری حەرەکەکانی (کسرة، فتحة، ضمة) ئەوانیش پیتیان دانەناوە جگە لە دانانی ئیشارەی (ە) لە جێگەی (فتحة) ئەویش لە کۆتاییی وشەدا، دیارە لەمەشدا پێڕەوی (هاء السکتة)ی عەرەبییان کردووە لە کۆتاییی وشەکانی وەك (حمزة، معاویة، شجرة، آیة) کە لە حاڵی لەسەر وەستاندا وەك دەنگی (فتحة)ی لێ بەسەر دێت. هەر ئەم نیشانەیەی (ە)یە کە کوردەکان وردە وردە لە بری دەنگی (فتحة)یان بەکار هێنا لە هەموو شوێنێکی وشەدا نەك هەر لە کۆتاییەکەی..

ڕێنووسی عەرەبی، کە سەرچاوەی ڕێنووسی کوردییە، ئەویش مێژوویێکی کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش پەیدابوونی ئیسلامەتی و جۆرەکانی شێوە نووسینی عەرەبەکانی خواروو [یەمەن] و هی سەروو [نەجد و حیجاز و سەرووتر] بەو هەموو ڕێنووسە لە یەکتر جودایانەی کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك و لە کاتێکەوە بۆ کاتێك دەگۆڕان و لەگەڵ ڕێنووسی دراوسێکانیان تێکەڵ بەیەکتر دەبوون. دیارە بەدواکەوتنی مێژووی ڕێنووس و ئەلفوبێی عەرەبیش لەم گوتارەدا جێی نابێتەوە هەرچەند سەرچاوەی ڕێنووسی کوردیش بێت، لەبەر ئەمە بەناچاری ئەم کارانە بۆ خوێندنەوەی تایبەتی خوێنەران بەجێ دەهێڵین تاکو ئەگەر ویستیان خەتێکی بەیانیی گۆڕانی ڕێنووس و ئەلفوبێی عەرەبی لە کۆنەوە بۆ نوێ و لە نوێوە بۆ ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی پێك بهێنن بگەڕێنەوە بۆ ئەو کتێبانەی باسەکەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە[١].

هەرچەند ڕێگەشمان نەبێ لێرەدا ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییە بکەین، دەتوانین لە ڕواڵەتی زۆر بەرچاوی وەرگیرانی پیتی نووسینی کوردی لە عەرەبییەوە ئەوە بزانین کە هەموو چاکە و خراپەی پیتی عەرەبی بەمیرات بۆ شێوە نووسینی کوردی (ڕێنووس) مایەوە. بەڕاستی لایەنە هەرە پەسەندەکەی پیتی عەرەبی ئەوەیە، وەك من بۆی دەچم، کەوا جێگە کەمتر دادەگرێ لە پیتی لاتینی. ڕەنگە بشێ ئەوەندەش بخەمەوە سەر چاکەی

---

(١) کتێبی (تأریخ العرب قبل الاسلام – الجزء السابع – د. علي جواد) ڕێنووسی کۆنی عەرەبی بەچاکی ڕوون دەکاتەوە.

پیتی عەرەبی کەوا بەبەریەوە هەیە هونەری خەتخۆشیی تێدا بەکار بێت بەهۆی ئەوە کە پیتەکان وێنەگۆڕییان تێدا دەکرێ لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاستی وشە و بۆ کۆتاییی وشە وەیا لە حاڵی تەنیاییدا، هەروەهاش ئیمکانی درێژکردن و کورتکردنەوەی نووسینیان لە ڕێی تێخستنی (کەشیدە)وە، سەرەڕای ئەو هەموو نوختە و نیشانە و خاڵبەندی و شتی ئەوتۆوە کە سەرمەشقی نووسەرە خەتخۆشەکان نیشانمانی دەدەن. ئەم تێبینییانە پتریان بەبەرەوە هەیە بەڵام لێرەدا کارمان پێی نییە.

عەیبی هەرە گەورەی ڕێنووسی عەرەبی کە لە سروشتی پیتەکانیەوە هەڵدەقووڵێت ناچاربوونی نووسەرە بۆ چەند جار دەست هەڵگرتن لە نووسینی یەك وشەدا، هەم لەبەر نەنووسانی هەندێ پیت بەپیتی دوای خۆیەوە و هەم بەهۆی زۆربوونی پیتی نوختەدار کە دەزانین لە نووسینی عەرەبیدا (١٥) پیت لە سەرجوملەی (٢٨) پیت خاوەن نوختەن هەر لە یەك نوختەوە تا سێ نوختان. ئەلفوبێی کوردی کە ئەم عەیبەی لە عەرەبییەوە بەمیرات بۆ مایەوە هات لە ژمارەی پیتی نوختەداری زیاد کرد بەوەدا کە بەشێکی لەو پیتانەی تایبەتی کوردین و لە عەرەبیدا نین ئەوانیش بەخۆ و نوختەوە هاتنە ناو ڕێنووس و ئەلفوبێوە وەك پیتەکانی (پ، ژ، ڤ، چ). چەند پیتێکی تریش کەوا کەلەبەری ئەلفوبێکەیان پێ پڕ کرایەوە نیشانەیان بۆ داندرا، ئەویش هەر لە هۆی دەست هەڵگرتنی زیاد کرد وەك پیتەکانی (ڵ، گ، ڕێی گەورە، جۆرەکانی دوو پیتی «ی، و»). بەو پێیە ئەو پیتانەی لە کوردیدا خاڵدار و نیشانەدارن ئەم ژمارەیە پڕ دەکەنەوە:

١- ب ٢- پ ٣- ت ٤- ج ٥- چ ٦- خ ٧- ڕێی قەڵەو
٨- ز ٩- ژ ١٠- ش ١١- غ ١٢- ف ١٣- ڤ ١٤- ق
١٥- ك ١٦- گ ١٧- ڵ ١٨- ن ١٩- ۆ ٢٠- وو ٢١- یـ، ییـ
٢٢- ێ ٢٣- یی ٢٤- ئـ.

ئەم سێ پیتەی (ك، گ، ئـ) هەرچەند تا ئێستا وەك پیتی نیشانەداریش حیساب نەکرابێتن ڕاستییەکەی ئەوەیە هەرسێکیان نیشانەدارن، خۆ پیتی (گ) هەر دەڵێی دەندووکی لەکلەکی بەدەمی خۆیەوە گرتووە، نیشانەی (ئـ)یش کە لە عەرەبیدا هەمزەی پێ دەڵێن پتر لە نوختەی (ن، ب) ئەرکی پێوە دەدرێت. لە نووسینی وشەی (ئاو)دا نیشانەی هەمزەکە لە نوختەکانی (ناو، باو) بەرچاوتر و زەحمەتتریشە.

لەم حیسابانەدا جارێ چەند تێبینییەکی تر ماون تێ بخوێندرێنەوە:

یەکەم: لە شێوە ئاخاوتنی هەورامی، دوو دەنگی (ث، ذ) دەردەکەون هەردووکیشیان بەپیتی خاڵدار دەنووسرێن.

دووەم: لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجیی سەروودا دەنگی (و)ی دیفتۆنگ هەیە کە لە تێکەڵبوونی دوو دەنگی (و، ی)ی درێژ پێك دێت وەك لە وشەکانی (دوور، کوور، پووش، لوولە...) و هی تردا دەردەکەوێت، بەڵام ئەم دەنگە لە ڕێنووسی کوردا پیتی تایبەتی بۆ دانەندرا کە دەبوو بۆی دابندرێت چونکە دیفتۆنگێکی ڕەسەنە، واتە وشە هەیە لەو شێوە ئاخاوتنەدا بەم دیفتۆنگەوە دەردەبڕێت نەك لە وەرگێڕانی واوی درێژەوە بووەتە دیفتۆنگ ئەمەش ڕاستییەکە ئەوە دەسەپێنێت کەوا لە شێوەی کرمانجیی سەروودا واوی درێژ هەیە بێ دیفتۆنگ وەك لە سۆرانیدا هەیە. ئەمە دەڵێم چونکە هەندێ کەس وا دەزانێ هەر دەنگی واوە درێژەکەیە لە کرمانجیی سەروودا دەبێتەوە دیفتۆنگ. جگە لەم هۆیە تێبینیی تریش ڕەسەنی ئەم دەنگە ئیسپات دەکات وەك کە بێی لە لەهجەی دانیشتوانی شاری (پارس)دا سەرنج لە دەنگەکانی (غ) بگرین و بشزانین کە هەموویان لە دەنگی (ر)ەوە هاتوون وەیاخود لە وڵاتی کۆیە و دزەیی و خۆشناوەتی کە دێن و (ڵ) دەگۆڕن بە (ر) وەیا هەندێ عەشیرەت دوو دەنگی (ح، ع) بەیەکتر دەگۆڕنەوە، ئیتر کە ئەم ڕاستییانەمان ڕەچاو کرد باشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە دەنگی واوە دیفتۆنگەکەی کە لە زاری کرمانجیی سەروودا بەسەربەخۆیی لە تەك دەنگی واوی درێژدا دەردەبڕێت دەنگێکی ڕەسەنە و لە دەنگێکی ترەوە نەگۆڕاوە. دیارە کە پیتی سەربەخۆ بۆ ئەم دیفتۆنگە دابندرێت دەبێ نیشانەی تایبەتی بخرێتە سەر پیتی (و) تاکو لە (وو، ۆ)ی جودا بکاتەوە، بەمەشدا ژمارەی پیتی خاڵدار زیاد دەکات.

سێیەم: لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی و هەندێ جێگەی تری کوردستانی ژێرووودا دیفتۆنگێکی ناوچەیی هەیە لە وشەکانی وەك (نوێژ، خوێ، دوێنێ، سوێر، کوێر، نوێ...)، بریتییە لە تێکەڵبوونی دەنگی (و) لەگەڵ دەنگی (ێ). هەندێ ڕێنووسی ئەم و ئەو لە جیاتی دوو پیتی (و، ێ) پیتێکی (وو)ی نیشانەدار دادەنێن، کە ئەمەش هەر لە ژمارەی پیتی خاڵدار و نیشانەدار زیاد دەکات ئەگەر بێتو دیفتۆنگە ناوچەییەکە بەسەر هەموو زمانی کوردیدا بسەپێ. نەختێکی تر دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەم دیفتۆنگە بۆ ڕوونکردنەوەی لە هەموو بارێکیەوە.

چوارەم: دەنگی (د) لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا، وا دەبێ، کلۆر دەکرێت وەك لە وشەی (مەحموود، ئەحمەد...)دا دەبیسترێت. هەندێ نووسەرانی سلێمانی بۆ ئەم دەنگە ناوچەییەش نوختە وەیا نیشانە دادەنێن، کە ئەگەر لێیان بسەلمێندرێ پیتێکی تریش لەوانەی نوختە و نیشانەدارن، لە کۆمەڵەی ئەو تەرزە پیتانە زیاد دەکات.

لێرەدا حیسابی ئەو (د)ە ناکەم کە بەدوا دەنگی (ن)دا دێت و لە سلێمانی دەکرێ بە (گ) وەك کە دەڵێن (دەربەنگ، ئەفەنگی، مەنگ – لە بری دەربەند، ئەفەندی، مەند–) چونکە ئەگەر وەك (گ)یش بنووسرێت لە پیتی نیشانەدار زیاد ناکات، بەبۆنەی ئەوەوە کە پیتی (گ) بۆ خۆی بەر حیسابی پیتی نیشانەدار کەوتووە. بەڵام دەبێ ئەوەندە بگوترێ لە کەس ناسەلمێندرێ هەوڵ بدا ئاخاوتنی ناوچەی خۆی بەسەر زمانی کوردیدا دابرێت بەتایبەتی کە لەم دابڕینەدا (دەنگ) بشێوێت و بگۆڕێت. بەنموونە دەڵێم دانیشتوانی پاریس کە لە ئاخاوتندا دەنگی (ر) دەکەن بە (غ)، لە نووسیندا هەر بە (ر) دەیهێڵنەوە، واتە نووسینەکە ناشێوێنن. دانیشتووی سلێمانی وەیا شوێنێکی تری کوردەواریش ئازادن لەوەدا کە بەپێی ڕاهاتنی زمانیان (نووسراو) بخوێننەوە بەمەرجێك شێوەی نووسینەکە بەڕاستی بپارێزن.

دەگەڕێمەوە بۆ دیفتۆنگی (نوێژ، نوێ...) و ئاوەڵەکانیان.

بەڕاستی ئەم دەنگەی وا لە نێوان دوو دەنگی (و، ێ) لەو وشانەدا پەیدا دەبێت تایبەتیێکی هەندێ ناوچەی کوردستانی گەورەیە نەك هی زمانی کوردی چونکە زۆر ئاشکرایە لە بنەڕەتدا وشەکان دوو دەنگی تەواوی (و، ێ)یان تێدایە و لە زۆرینەی ناوچەکانی کوردستانیشدا هەر وەهای دەخوێننەوە، واتە بەدەرخستنی هەردوو دەنگ نەك بەشێوەی تێکەڵ (دیفتۆنگ). ئەم ڕاستییە بەگەلێك بەڵگە ئیسپات دەکرێت(٢):

یەکەم: لە کۆنەوە سەرلەبەری کورد ئەم وشانەیان بەدیارخستنی هەردوو دەنگ نووسیوە پیتی (و)ەکەشیان پێش خستووە هەروەك چۆن لەلایەن کوردەوە دەردەبرێت. پێشینان وشەی (نوێژ)یان بێ دوودڵیکردن بەم شێوەیە نووسیوە بەتەواوی وەك کە وشەی (درێژ)یان بەم شکڵە نووسیوە، ئەویش بێ دوودڵی، دیارە ئەگەر هیچ گومان لە ڕاستی و چۆنیەتیی وشەکان هەبوویایە هەموو

(٢) لە کۆڕی شەقڵاوەی ساڵی (١٩٧٣) نەختێك لەسەر ئەم دیفتۆنگە دوام.

کورد وەها بەڕاشکاوی لەسەر یەك شكڵ نووسین ڕێك نەدەكەوتن.

دووەم: شیعری شاعیری بابان لە سەرەتای پەیدابوونیەوە ئەم وشانەی بەدوو دەنگی ئاشكرا و سەربەخۆ تێدا بەکار هاتووە، کە ئەگەر بکرێ بەدیفتۆنگ کێشی تێك دەچێت. ئەمانە نموونەی شیعری (نالی)ن لە بەکارهێنانی ئەم وشانەی دوو دەنگەکەیان تێدایە:

هەر جێگە و جۆگایە کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆشەشی گـریانی منە خوێ نەڕژاوە

وشەی (سوێر) لە نیوە دێری یەکەمدا ئەگەر بەدیفتۆنگ بخوێندرێتەوە شیعرەکە لەنگ دەبێ.

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاگر دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ

وشەی (توێ) هەروەك داخوازی کێش ناچارمان دەکا هەردوو دەنگی تێدا دیار خەین، دیسانەوە چونکە قافیەی وشەکانی (هوردوێ، نادوێ..)یە لە هەڵبەستەکەدا ناشێ بکرێ بەدیفتۆنگ. لێرەدا دەبێ بڵێم دیفتۆنگەکە تەنیا لەو وشانەدا دەردەکەوێ کە لە بەشی (ناو)ن، نە لە فیعل و نە لە تێکەڵبوونی دوو وشە دەرناکەوێ. وشەی (هوردوێ) کورتکراوەی دوو وشەی (هۆردوێك)ە، وشەی (نادوێ)ش فیعلە.

سێیەم: ئەگەر وشەکان دوو دەنگی (و، ێ)یان تێدا نەبایە دەبوو هەندێ جار لە نووسیندا دەنگەکەی (ێ) پێش (و)ەکە بکەوێتەوە و بنووسرێ (خێوْن، سێوْر). ئەمە دەڵێم لە وەرامی ئەو کەسانەی کە لێم بیستوون دەڵێن هۆی نووسینی ئەم دیفتۆنگە لە زووێکەوە بەدوو دەنگ، هەروەها بەکارهێنانی لە شیعردا بەو شێوەیەی نموونەکانی شیعری (نالی) دەری خست دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەنگەکە هەردوو دەنگی (و، ی) تێدایە ئیتر لەوەوە ڕێ پەیدا دەبێ لە یەکتر جودا بکرێنەوە، هەم لە نووسیندا و هەم لە قافیەی شیعردا. هەڵبەت ئەم قسەیە لەخۆوە هەڵدەوەشێتەوە بەو تێبینییەی لە سەرەتای بەندی (سێیەم:)دا کردم.

چوارەم: دیارە هەروەك لە شوێنێکی وەك کۆیە لامی قەڵەو دەکەن بە (ر) لە سلێمانی و شوێنانی تری وەك ئەوێش ئەم دوو دەنگەی (و، ێ) لەو وشانەدا دەکەن

بەدیفتۆنگ. نەڕەوایە کۆیی داوا بکەن پیتی تایبەتی بۆ ئەو (ر)ەی لەهجەی ئەوان دابندرێ، نەڕەوایشە خەڵقی سلێمانی دیفتۆنگەکە بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنن چونکە لە هەردوو حاڵدا زمانەکەمان هەندێك لە سروشتی خۆی دەدۆڕێنێ و گۆڕینەکەش بەجێگرێکی نارەسەن پڕ دەکاتەوە. نووسەر هەن لە جیاتی (یازدە، دوازدە) دەنووسن (یانگزە، دوانگزە) بەمەشدا شێوە ئاخاوتنی گەڕەکی خۆیان دەکەن بەبنەمای زمانی کوردی و هەڵەیێکی پاتەوپات دەخەنە جێی ڕاستییێکی پاتەوپات. لەم حاڵانەدا پێویستە دەقی وشەکان لە زمانی کوردیدا چۆنە بەو جۆرە بنووسرێ، لەوە بەولاوە هەرکەسە بەپێی شێوە ئاخاوتنی ناوچەی خۆی دەری ببڕێ: با بنووسرێ (پڵینگ) کۆیی و خۆشناویش بیخوێننەوە (پرینگ)، هەروەهاش وشەکانی (خوێن، دوێنێ، ئەفەندی، دەربەند – یازدە، دوازدە.. هتد) ڕاستییەکەیان بنووسرێت و خوێندنەوەشیان بەو شێوەیە بێ کە خەڵقەکە لە دەوروبەری خۆی ئاشنای بووە، هەرچەند چاکتر ئەوەیە خوێندنەوەش وەك نووسینەکە بێت. ئەگەر خوێنەرێك ئەم تەکلیفەی بەلاوە قورس بوو بابەبیر خۆیدا بهێنێتەوە کە ئەو خۆی هەر جارە بەناوی بەرژەوەندیی زمانی کوردی و پێکهێنانی شێوە ئاخاوتن و نووسینێکی یەکگرتوو داوا دەکا لە هەموو دانیشتوانی ناوچەی (بادینان) واز لە سەرلەبەری لەهجەی خۆیان بهێنن و شێوە زمانە ئەدەبییەکەی پەرەسەندوو بەکار بهێنن، هەمان داواش لە خەڵقی کوردستانی ئێران و بەری سۆران دەکات کە من هیچ ڕەخنەیێکم لە داواکردنەکە نییە، بەڵام ئەوەندە ڕێگەیە بەخۆم دەدەم داوا بکەم نووسینی وەك (یانگزە) و (دالی نوختەدار) یاساغ بکرێت. چەند ڕەفتارێکی شیرین و جوانە لەو نووسەرانەی سلێمانی کە دێن بۆ مەبەستی پەرەپێستاندنی ئاخاوتنی ڕەسەن نیشانەی کاری (مضارع) لە (ئە)وە دەکەن بە (دە)[٣].

---

(٣) هەرچەند ئەم نووسینە لەبارەی (ڕێنووس)ەوە دەدوێت، بەڵام موناسەبەی جێگە لێم داخوازی دەکات تێبینییەکی گرنگ لەبارەی یەکگرتن و یەککردنی ئاخاوتن و نووسینی ئەدەبی کوردییەوە دەرببڕم. نووسەر هەیە لە پەنا پەرۆش نیشاندان بۆ پێکهێنانی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردییەوە هێرش دەباتە سەر ئەو نووسینانەی کە ناوناوە ڕستە و زاراوەی جۆرجۆری شێوە ئاخاوتنی ناوچەکانی کوردستانی گەورە بەکار دێنن =

که بێین (و)ە دیفتۆنگەکەی زاری بادینی و دوو پیتی (ذ، ث)ی هەورامی و داله

---

= بەنامەی ئەوەوە کە زمانە ئەدەبییەکەمان دەشێوێت و ڕچەی مێژوویی دەقگرتن و ڕیزبەستنی تێك دەچێت. هەرچەند نیاز لە هێرشهێنانەکە تاوانبارکردنی خاوەنی نووسینەکان بێت وەیا عەیبدارکردنی نووسینەکان خۆیان بێت پتر لەوەی خزمەتی زمانی یەکگرتووی کوردی بەچاوی خۆیەوە گرتبێت، دیسانەوە هێندە ڕاستییە هەیە لە ڕواڵەتی هێرشەکاندا بایی ئەوە بکات لە تەپوتۆزی نیازی شەخسی و پەلەپەلی هێرشبردن دەرهاوێژرێت و ناتەواوییەکی تێیدا هەیە بخرێتە بەرچاوی سرنجدەرانەوە..

ئەو بارە مێژووییەی زمانی کوردی خۆی تێدا دیوەتەوە گەلێك جودایە لەوەی فارسی وەیا عەرەبی وەیا زمانەکانی ڕۆژاوا پێیدا تێ پەڕیون. هەرچەند ڕاست نییە بگوترێ ئەو زمانانە هەموویان یەك ڕێبازی گەشەکردن و فراژووتنیان لە پێشدا بووە، بەڵام زۆر ڕاستە بڵێین لە ڕووی پێکهاتنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووەوە ڕێبازی هەموویان خزم بەیەکترن لە چاو زمانی کوردی کەوا بەدرێژاییی مێژوو و تا ئێستاکەش ڕێبازێکی لە پێشدا نەبووە، نەچاك نەخراپ، هەموو زمانەکە بەگردی پێیدا تێپەڕی بووبێت. زمانێکی وەك فارسیی نوێ بگرین بەمقیاس، دەبینین لە دەمێکی کۆنەوە، پتر لە هەزار ساڵ، ئەم زمانە وێنەی نووسراوی پارێزراوە و لە هەموو جیهانی فارسییەوە، جێبەجێ و پێبەپێ شێوە ئاخاوتنی ناوچەیی وەك جۆگەلە ئاو خۆراکی ژین و بەردەوامبوون و گەشەکردن بەو زمانە دەدەن و لێی نێزیك دەبنەوە. زمانی ئەدەبی فارسیی ئەم سەردەمە زەرفێکە کەرەستە هەرە چاکەکە و هەرە بەهێزەکەی هەموو شێوە ئاخاوتنی ناوچەییی فارسانی تێدایە بەمێژوو و ئەدەب و هونەر و فۆلکلۆر و زانستەوە. هەر زمانێکی تریش بگریت لەوانەی شێوەی ئەدەبییان یەکگرتوو و گشتییە ئەویش وەك فارسی بۆی ڕێك کەوتووە لە شەقامێکی بەرفرەوانی نەتەوایەتییەوە تێ هەڵکشێت و خۆراك لە تێکڕای زمانەکە وەرگرێت. ئەلفوبێ و ڕێنووسیش کە ئەمرازی بڵاوبوونەوەی زمانە بەدنیادا، یەك وێنەی هەبووە لە هەریەکێکی ئەو زمانانەدا. بەم جۆرە هەر گۆڕان و بەرە و پێشچوونێك بووبێت لە زمانێکدا، بەهەموو میللەتەکە و بەهەموو جیهان ڕاگەیشتووە و دەتوانین بڵێین مەودا نەبووە دوو جۆرە زمان و دوو جۆرە ڕێنووس لەو زمانانەدا بەکار هاتبێت هەروەك مەودا نەبووە پیت و بەرەکەتی هیچ یەکێك لە شێوە ئاخاوتنەکانی ناوچەییی ئەو زمانانە لە هەموو زمانەکە دابڕابێت. ئەم باسە گەلێکی بەبەرەوە هەیە، من لێی کورت دەکەمەوە.

زمانی کوردی، بەداخەوە، نە لە کۆنەوە نووسینی هەبووە [هەشی بووبێت فۆتاوە] و نە لە بارێکدا بووە ئەگەر بەخەیاڵیش لە کۆنەوە نووسینی بۆ پەیدا بکەین بەهەموو کوردەواریدا بڵاو بووبێتەوە و نە ئیمکان هەبووە نووسەرانی کورد بیر لە یەك شێوە ڕێنووس و =

کلۆرەکە و (ی)ەکەی دیفتۆنگی ناوچەی سلێمانیش بخەینەوە سەر ژمارەی ئەو (٢٤)

= ئەلفوبێ بکەنەوە. ئەو ڕێبازەی یەکگرتنی شێوەی ئەدەبی کە لەبەر هەنگاوی میللەتێکی وەك فارس وەیا تورك وەیا فرەنسەدا هەبووە لە وەهم و وڕێنەشدا بەخەون و خەیاڵی واقیعی مێژووی کورددا تێ نەپەڕیوە. ئەو هۆیە لە یەکتر دوورخەرەوانەی کە دوو کەرتی ئیتاڵی و ئیسپانی بەرەو دوو ڕێبازی مەیلەو سەربەخۆوە برد، تا وای لێ هات مرۆڤی ئیتاڵی بەزەحمەت لە ئیسپانی بگات، وایان لە زمانی کوردی کرد کەرتی لە یەکتر دوورتری لێ بکەوێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئیمکان نەبێ لە ڕێی نووسراوی کوردییەوە هیچ کەرتێکی چاوی بەشێوەی کەرتەکەی تری بکەوێت وەك کە ئیمکان هەبوو هەمیشە ئیتاڵی و ئیسپانی یەکتر بخوێننەوە. مرۆڤێکی سنەیی ئەگەر هەوەسی بیستنی ئاخاوتنی دیاربەکری بزووتبایە دەبوو سەفەر بکا بۆ ئەوێ وەیا لەوێوە مێوان بۆ لای خۆی بخوازێتەوە. لە هیچ ڕوویێکەوە و بەهیچ هۆیەك ئیمکان نەبووە لێرە بەپێشەوە زمانی کوردی یەك بگرێت وەیا هەموو لەهجەیێکی لە لای هەموو کوردەوە مەفهووم بێت وەیا هیچ لەهجەیێکی خۆی بەوی تر دەوڵەمەند بکات. لە باری ئێستاکەشدا، بەداخەوە، نە ئیمکانی یەکگرتن پەیدا بووە نە هیچ زەرفێك خوڵقاوە لەهجەی سەردەشت و قامیشلی تێکەڵ بەیەکتر ببن. ئەو شێوە نووسینەی ئێستاش لە کوردستانی عێراقدا خەریکە خۆی بەسەر نووسەراندا بسەپێنێت و هەموو لایەك پشتگیریی لێ دەکەین و هەوڵی بەرەوپێشبردنی دەدەین تاکە نەمامێکە لە کۆتەڵی زۆر لکاویی زمانی کوردییەوە هەڵچووە هەموو تەمەنی مێژووی دیاری لە سەدەی نۆزدەم تێپەڕ ناکات ئەویش لە هەڵبەستەکانی نالی و کوردی و شاعیرەکانی تری بابانەوە لە شێوەی ئاخاوتن، نەك نووسینی ئەدەبی، چەسپانێکی بۆ لەهجەکەی بابان پاراستووە چونکە شاعیرەکانی بابان چ نموونەیێکی نووسینی ئەدەبی کوردییان لە بەردەستدا نەبووە دەستووری تەعبیری لێ وەرگێڕنە سەر هەڵبەست، خزمایەتیی شیعرەکانیان لەگەڵ زمانی کوردیی ڕەسەن هەر بەشێوەی ئاخاوتنی سەر زمانانەوە بووە، ئەگەرنا نموونەی ئەدەبییان هەر نووسین و هەڵبەستی عەرەبی و فارسی بووە. وەك دەزانین (نالی) تا ڕادەیێك پتر لە شاعیرەکانی بابانی هاوچەرخی خۆی تەعبیری شێوە ئاخاوتنی دەرەوەی سلێمانیی بەکار هێناوە ئەویش لە پەڕاوێزێکی تەسکدا وەك کە دێت لە ڕستەی (ڕدێنی ماش و برنج) وشەی (ڕدێن) بەکار دەهێنێت، وەیا کە دەڵێ:

فەرمووتە کە بانگم کە شەوێ دێمە کنارت

لە جیاتی (بەشەو) تەعبیری (شەوێ) دەهێنێتەوە، وەیا لەم نیوە بەیتەدا:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ ڕووڕەشی توو بم =

پیتە خاڵدارە و نیشانەدارەی لە سەرەتاکانی گوتاردا باس کران ژمارەکە دەگاتە (٢٩).

= نەیگوت (ماچت پێ نەدەم) هەروەهاش لە جیاتی (تۆ)ی سلێمانی وشەی (توو)ی هێنا کە هەم بەواتای (تۆ) دێت لە هەندێ شێوەی ئاخاوتنی کوردستانی ژێرووداو هەم بەواتای (موو) دێت کە کورتکراوەی (تووك) بێت بەپێی داخوازی واتای بەیتەکە.. خولاسە لەم نموونانەدا شارەزاییی (نالی) بەشێوە جۆرجۆرەکانی ئاخاوتنی کوردیی دەرەوەی سلێمانی دەردەکەوێت هەروەك لە بەکارهێنانی نیشانەی کاری (مضارع)ی دەرەوەی بابان کە (دە)یە لە جیاتی (ئە) دیسانەوە ئەسەری گەشت و گەڕانی (نالی) بەکوردستاندا پەیدا دەبێت. بەڵام ئەم کارکردنەی شێوە ئاخاوتنی جۆرجۆری کوردی لە هەڵبەستی (نالی) هەرچەند دیاردەیێکی جوان و بەنرخیشە گەلێك لە پێویستی فراژووتنی لەهجەی ناوچەیی بەخۆراکی ناو لەهجەکانی تری زمانەکە کەمترە، سەرەڕای کەمبوون، هەر لە شیعری نالیش قەتیس ماوە و زەنەی نەکردووە بۆ شیعری شاعیرانی تر، لەوە هەر بگەڕێ کە نەچووەتە ناو شیرازەی ئاخاوتنی ناوچەکەوە. سەیرێکی نووسینی زۆربەی نووسەرانی ئەمڕۆکەی سلێمانی بکە دەبینی نووسینەکانیان لە سەدی سەد هی شاری سلێمانییە تەنانەت بەزۆری لە جیاتی (دێت) کە کورتکراوەی (دەهێت)ە ئەوان دەنووسن (یەت) وەیاخود لە جیاتی (کاغەزی دیکە) دەنووسن (کاغەزی کە)... شاخی (قەرەداغ) بووەتە (قەراغ) هەروەهاش گەلێك وشە و تەعبیری تر کە زادەی هەناوی شاری سلێمانین و بەس.

بەڵێ دەزانین شێوە نووسینی نوێی کوردستانی عێراق لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانییەوە سەری هەڵداوە. دەشزانین شێوەی سلێمانی. لەبەر زۆر هۆی تایبەتی وەك ئەوەی بۆ ماوەیێکی درێژ مەرکەزی حوکمڕانی بووە، دواتریش لە دەوری پاش بابانەکان پتر لە جێگایانی تری کوردستانی عێراق قوتابخانەی حکوومەتی تێدا هەبووە هەروەك ناوچەکە بەتێکڕایی و بەر لە دروستکردنی سلێمانیشەوە مەلا و مەدرەسەی زۆر چاکی هەبووە، لە تەسەوفیشدا پێشەوای شوێنانی تر بووە، لە رووی ئابووریشەوە لە چاو شوێنانی تر پێشکەوتوو بووە هەر نەبێ لەبەرئەوەی یەکێك لە ڕێگەکانی ترانزیتی نێوانی عوسمانلی و ئێران بەسلێمانیدا تێ پەڕیوە... ئەمانە دەزانین، ئاکامەکانیشیان لە بەرچاوانن، بەڵام لە رووی پێکهێنانی زمانی ئەدەبییەوە ڕاستیی گەورەتر لەمانە زۆرن کە کاری سەلبییان کردووە. لە هەموو ڕاستییانیش گەورەتر ئەوەیە لەهجەی سلێمانی بەشێوەیێکی ئاسایی لەو پەراوێزە مێژووییە –کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا نمای کردووە لەسەر بنجی خۆی هەڵی داوە بێ ئەوەی دەرفەتی هەبووبێ تێکەڵ بەلەهجەکانی =

ئەوەی ڕاستی بێ دەنگی (ت)ش لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا گەلێ جار، وەك دەنگی

---

= تری کوردی بێتەوە و لەو تێکەڵبوونەدا هێز و پێزێکی نوێی لاوەکی وەرگرێت. کە بێین شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بەزمانی ئینگلیزی بگرین دەبینین هێندەی ئینگلیزی لە زمانی لاتینی و یۆنانی سوودی وەرگرتووە، لەهجەی سلێمانی دەیێکی ئەوەش بۆی نەلواوە سوود لە لەهجەکانی دوور و نێزیکی کوردی وەرگرێت. مەبەستیش لە (وەرگرتن) خواستنەوەی وشە نییە بەڵکو شێوازی داڕشتن و کەرەستەی تەعبیر و دەستووری ڕێزمان و شتی ئەوتۆییە. بەنموونە دەڵێم بەشی هەرە زۆری پێشگرەکانی (ئینگلیزی) لە لاتینی و یۆنانی وەرگیراون هەروەهاش ڕێژەی فیعلە تێپەڕەکانی، لە حاڵێکدا تا ئێستاش لە سلێمانی وشەی (وێڕا) وەیاخود ڕێژەی ئەو فیعلانەی (انتقال)یان تێدایە وەك (دەیگرمێ، دەتنۆڕمێ، دەمگاتێ...) نائاشنا، بەڵکو بێگانەیە. [ئەو فیعلانەی پێیان دەڵێم «انتقالی» لە گوتاری (بەکارهێنانی «ی» لە ڕێزمانی کوردیدا) لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕدا باسیان کراوە].

ئەم ڕاستییە هێندە بەرچاو و بەرهەستە، بەجۆرێکی لەگەڵ شێوە ئاخاوتنی سلێمانی قاڵب بەستوو بووە خەریکە خۆی بکاتە لەمپەر لە پێش متوربەکردنی شێوەی زمانی ئەدەبی کوردی لە قەڵەمە پەسەندەکانی ئەو شێوە ئاخاوتنانەش کەوا تا ڕادەیێك بۆیان ڕێك کەوتووە بەرەوپێش بچن، لە حاڵێکدا پێویستە زمانی ئەدەبی کوردی خۆ دەوڵەمەند کات بەهەموو ئەو خۆراك و کەرەستە کوردییانەی کە نەگەیشتوونەتە بەر چەژی. گوێم لێ بووە، لە نامەی تایبەتیشدا خوێندوومەتەوە، ئەدیب و خوێندەواری سلێمانی بەسەراحەت گوتووەتی و نووسیوەتی هەر نووسینێکی لە شێوە نووسینی سلێمانی لا بدات دەبێ بەلاوە بنرێت. ڕەنگە ئەم تەرزە بیروڕایە لە قەناعەتەوە بێت و ڕەنگیشە لە خۆ خۆشویستنەوە بێت، هەر ئەم بیروڕایەیشە لە پەنا پشتگیریکردن لە زمانی ئەدەبی کوردییەوە شێوازی کتێبێکی وەك (تحفة مظفرية) تاوانبار دەکات. بەلای منەوە ئەم گیانەی ناوچەدۆستی دیاردەیێکی چاوەڕوانکراوە نەك لە جێگەیێکی وەك کوردستانی دواکەوتوودا، بگرە لە پێشکەوتووترین جێگە و نێوان ڕۆشنبیرترین گەلیشدا شتێکی هەست پێکراوە. جگە لە چاوەڕوانکراوی، بەشێکیشی سەر دەکێشێتەوە بۆ هەستە پیرۆزەکەی بەخۆنازین و بەخوودا ڕاپەرموون، منیش ڕێم بەخۆم نەدەدا بەم جۆرە پەنجەی بۆ ڕابکێشم ئەکەر هەستێکی پیرۆزتری کورددۆستی پاڵی پێوە نەنابامایە.

ئەگەر نووسەر و ئەدیبی کورد ماوەی بیرکردنەوەیێکی پشوودار بەخۆیان بدەن بۆ دەستنیشانکردنی پەسەندترین ڕێبازی بەرەو پێشبردنی زمانی ئەدەبی کوردی، لەو ماوەیەشدا هەرچی هەستی کوردەغیرەتی و هەڵوەستی شەخسی و گیانی ناوچەدۆستی و =

(د) کلۆر دەکرێت و دەگۆڕێت. جا ئەگەر بۆ ئەویش نیشانەیێکی جوداکەرەوە دابندرێت

---

= تەکان بۆ هاتن و بەرتەکدانەوە هەیە پێشێل بکەن و هۆش و گۆش و دڵ و دەروونیان بۆ سوودی زمانەکەمان بکەنەوە دەزانن و دەبینن و هەست دەکەن، چاکە و سەرەژوورچوون و بەرەوپێشبوونی زمانی کوردی لەوەدایە ڕێگە بدرێ بەهەموو شێوە ئاخاوتنەکانی کوردی کەوا باشترین خۆراکیان پێشکێش بەزمانە ئەدەبییەکەمان بکەن بێ ئەوەی شیرازەی بشێوێنن وەیا قەڵافەتەکەی کەرت کەرت بکەن وەیا شەقامەکەی ڕێ ڕێ بکەن. پێویستە ئەو دەرفەتەی سوودمەندبوون بەهەموو بژێوی شێوە ئاخاوتنەکانی زمانی کوردی کەوا لێرە بەپێشەوە نەهاتە بەر هەنگاوی زمانە ئەدەبییەکەمانەوە. ئێستا و لێرە بەدواوە، ژیرانە و دڵسۆزانە، پێی بدرێت بۆ ئەوەی هەم فەرهەنگی زیندووی شێوەی ئەدەبیمان فرەوان بێت و هەم دەسەڵاتی تەعبیری ئەدەبیمان بەسەر هەموو مەبەستێکدا ڕابشکێت. ئێمە ئەگەر تین و تاو و هێز و پێزی هەموو زمانی کوردی لە ناو قاڵبی ئەدەبی نووسینمان نەتوێنیتەوە ناچار دەبین بەوەی خۆمان بدزینەوە لە تەعبیری ورد و قووڵ، ئیتر بەسەر نووسینی تەنك و پفدراوەوە قەپووچکە ببەستین هەموو شانازیکردنیشمان لەوەوە دێت کە ڕێمان نەداوە بەزمانەکەمان ئەوەندە بەرز بێتەوە نزمایی نووسینەکانمان دیار بخات وەیاخود هەر لە پێشەوە خۆمان لە نووسینی زەحمەت دزیوەتەوە بۆ ئەوەی هەناسەسواریمان پێوە دیار نەبێت. ئەو کەسەی لە نەشارەزاییی خۆیەوە وەیا لە ڕێی نیازی تایبەتییەوە وا ڕادەنوێنێ پێشکێشکردنی خۆراك و بژێویی لەهجەکانی کوردی بەشێوە نووسینی ئەدەبیمان دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو شێوەیە نەهاتووە قابلیەتی خۆی و زمانە ئەدەبییەکەی لە مەیدانە سەختەکانی تەعبیری فەلسەفی و ژیربێژی و لکە بێ ئەژمارەکانی زانست و هونەر و نەفس و نازانم چی تاقی بکاتەوە ئەوجار کە هێلینگی لێ بڕا و کورت وەستا چەند بەئاواتەوە دەبێ لە هەر کوێرەڕێگەیەکی یەکێك لە لەهجەکانی ئاخاوتنی کوردییەوە بێ تەعبیرێك، ڕستەیێك، وشەیێك و شێوە داڕشتنێك بێت و ڕزگاری بکات و لەو قۆرتەی تێی کەوتووە دەری بهێنێت. چەند شتێکی باش دەبوو ئەگەر کوردیش وەك میللەتی فرەنسە بۆی ڕێك کەوتبایە لە هەر شارە و هەرێمەدا ڕۆژنامەیێك دەرچووبایە و بەدرێژایی، بابڵێین، سەد ساڵ ئەو ڕۆژنامانە بەشدارییان کردبایە لە دەوڵەمەندترکردنی شێوە نووسینی ئەدەبی کوردی لە هەموو ڕێگەیانەوە کەوا تاکە یەك شێوە نووسین و ئاخاوتن ناتوانێ بیانکوتێتەوە و گوڵەگەنم و جۆی خەرمانەڕێی تەعبیری کوردییان لێ هەڵگرێتەوە. کاشکی وێڕای ئەو هەموو ڕۆژنامانە، کە لەدایك نەبوون، سەدان چیرۆك و گوتار و بەند و بابەتی فۆلکلۆری و=

ژمارەکە دەبێتە (٣٠). بەڵام تا ئێستا کەس نەهاتووە ئەم دەنگە تایبەتییە لە نووسیندا تێ بخوێنێتەوە و نیشانەی بۆ دابنێت، لەبەر ئەمە، هەرچەند دەنگەکەش لە چاو ئەوانی وەك خۆیدا غەدریشی لێ کرابێت دەتوانین لە حیساباتی دەربهاوێین و بیکوژێنینەوە.

لەم نووسینەدا کە باسی (ڕێنووس) دەکات، ڕێمان نییە زۆر و کەم بەلای ڕێنووسی کوردی بەپیتی لاتینییەوە بچین چونکە کۆڕ لە بارێکدا نەبووە خەریکی دانانی (ڕێنووس بەپیتی لاتینی) ببێت، ڕۆشنبیری و نووسینی کوردیش لە عێراقدا، تا ئێستا، بڵاوکراوەی بەپیتی لاتینی نییە، ڕەنگە ڕێشی نەبێ بیبێت چونکە نووسینی ڕەسمی بەکوردی هەر لە ڕێی ئەلفوبێ کلاسیکییەکەی عەرەبییەوە دەکرێت خوێندنیش لە هەموو فێرگەکان و کۆلێجەکان هەر بەو ڕێنووسە بەڕێوە دەبردرێت، هەروەهاش ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی... لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ڕێنووسێکی کوردی بەلاتینی قەرارداده بکرێت هەر نەبێ بۆ ئەوەی لە حاڵی ناچاریدا بەکار بهێنرێت وەك ئەوەی کە

---

= پەندی پێشینان لە هەموو لەهجەکانی کوردیدا بڵاو کرابانایەوە و بەدرێژاییی مێژوو لە سامانی ئەدەبیمانیان زیاد کردبایە، ئەوجار با هەر گوترابایە شێوە نووسینی ئەدەبی کوردی دەشێوێ وەیاخود شێواوە.

کۆڕی زانیاری کورد بەپێشکێشیکردنی کتێبی وەك (تحفة مظفرية، قەڵای دمدم، ئەفسانەی چیای ئاگری) خۆڵەمێش دەتەکێنێ لەو پشکۆ ئاگرانەی تەعبیر و فەرهەنگی کوردی کە لە هەناو و ناخی بورکانی نەفسە ئاخێوەرەکەی کوردەواریدا، لە ئەزەلەوە، گڕۆچکەی پێزانین و تێبرکردن و تێگەیشتن و دەربڕین و تێگەیاندنیان لەبەر هۆش و گۆشی بابەلباپیرانمان هەڵکردووە و دڕیان بەتاریکاییی کوێرەواری دەوروبەری داوە. شەوچرا تۆز لێنویشتووەکانی تەعبیری ڕەسەنی کوردی کە مشتومالْ بدرێن و ئاورینگ بدەنەوە، سەرەڕای گەشاندنەوەی زمانی ئەدەبی ئەمڕۆکەمان، مرۆڤی کوردیش پتر ئاشنای ڕابردووەکەی دەکات.. ڕۆڵەی کوردی ئەم سەردەمە بەباب و باپیرانی دەناسێنێتەوە و وەختە بڵێم، سەرلەنوێ دەیانکاتەوە بەکوڕ و باب.

لە ئەرشیڤەکانی لێژنەی ئەدەبی کۆڕی زانیاری کورددا دەیان شریتی تۆمارکراو و دەفتەری نووسراو هەن لە بابەتەکانی هەمەچەشنەی فۆلکلۆری وەك بەیت و سەرگوزەشت و لاوك و گۆرانیی کوردی، بەشێکی زۆری ئەو شریتانەش خراونەتە سەر کاغەز، تێکڕاشیان چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژەن سڕەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان بگاتێ. بێگومان سەرلەبەری ئەو چالاکییانەی کۆڕ هەوڵدانە بۆ پترکردنی سامانی ئەدەبی کوردی و تێگێڕانی خوێنێکی نوێیە لە شادەمارەکانی زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان.

لە حاڵی پێویستدا نموونەی نووسینی ئینگلیزی وەیا فرەنسەیی وەیا ئەڵمانی وەیا ڕووسی لە ناو نووسینی کوردیدا، وەك هەموو زمانێکی تر، دەردەکەوێت.. بەهەمەحاڵ ئێرەکانە جێی یەکلاکردنی ئەم پرسیارە نییە.

کۆڕی زانیاری کورد، لە سەرەتای کەوتنە کاریەوە، کە دەستی دایە دانانی ڕێنووس و ئەلفوبێی بەپێوانە و کێشانەی کوردی، ئەو ڕاستییانەی لێرە بەپێشەوە باسکراوی لە بەرچاودا بوون، لەوەش ئاگەدار بوو بەدرێژاییی تەمەنی نووسینی کوردی نە یەك شێوە ئەلفوبێ و نە ڕێنووسێکی یەك جۆر پێڕەوی نەکراوە، هیچ کەسیش خۆی ناچار نەدیتوە بەشوێن یەکێکی تردا بڕوات. ئەوەی پێی دەگوترێ (پاشاگەردانی) شتێکی فەرمانڕەوا بووە لە ڕێنووسی کوردیدا، ئێستاش هەروەهایە، تا ئەوەی دێتە بەرچاویش وا پێ دەچێ بۆ ماوەیێکی دوور و درێژی کۆتاییی نادیار هەروەها دەبێ. لەو هەموو شێوە جۆرجۆرانەی ڕێنووس کە نووسەرانی کورد بەکاریان دەهێنا، بەداخەوە، تاکێکی لەوانە نەبوو لەلایەن کۆمەڵەیێکی شارەزای نووسینەوە پەسەند کرابێت. لە باشترین حاڵدا (ڕێنووس) ئەوە بووە کە لەلایەن تاکە شارەزاوە پێشنیاز کرابێت، ئەویش نەیتوانیوە خۆی بکاتە دەستووری نووسینی گشتی. هەر قسەیێکی لەبارەی ڕێنووسێکی مێژووکردی کوردییەوە بگوترێت چ پێوەندی بەواقیعەوە نییە چونکە نە ئەو مێژووە هیچ ڕێنووسی یەکگرتووی بەوەلەد هێناوە، نەئەو ڕێنووسە نیوەچڵانەی وەك گەڵاڵە لە کایەدا بوون بەچ ڕاڕەوێکی عیلمیدا سەرەژێر بوونەتەوە بۆمان. پاشاگەردانی لە ڕێنووسدا نەمێژووکردە نەزانست کردە، خۆ ئەگەر بشسەلمێنین ئەو پاشاگەردانییە بەهەمەوو لایەنی سەلبییەوە مێژووکرد بووە ئەوەندە هەر دەمێنێتەوە کە زانستکرد نەبووە، مێژووکردبوونیشی ڕووداوێکی پەسەند نەبووە وەك هەزاران دیمەن و دیاردەی تری ناپەسەندی کۆمەڵایەتی کە بەمیرات لە مێژووەوە بۆمان ماوەتەوە و دەبێ چارەسەر بکرێ و لێی ڕزگار ببین لە بابەتی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری و... هتد. لێرەدا تاکە یەك نموونەی ناپەسەندی ئەو ڕێنووسە (مێژووکرد)ە دەهێنمەوە بە بەڵگەی قسەکانم. نووسەرانی ڕێنووسی تەقلیدی لە زۆر جێگەدا پیتی (ی) بەپیتی پاش خۆیەوە نالکێنن هەر دەڵێی ئەویش پیتی (ر، و، د، ز... هتد)ە واش دەبێ بەپیتی پێش خۆیەوەی نالکێنن وەك ئەوەی کە دەنووسن (لیٚ ی دەدەن – پیٚ ی دەڵێم – برسیی ی تر – شیٚ ی هێنایەوە)، بەڵام ئەگەر پیتە (ی)ەکان بەپیتی تر بگۆڕدرێنەوە دەیانلکێنن وەك کە دەنووسن (لێت دەدەن – پێتان دەڵێم –

جوانتر – شێم هێنایەوە). بەدرێژاییی ساڵانی ئەم تەرزە نووسینە سەیرەش کەس نەی پرسی بۆچی مامڵەتی (ی) لە هی پیتی تر جودا بیّ، چ کەسێکیش لە خۆوە نەهات تەبریرێکی ئەم ڕەفتارە بکات و هۆیێکی شارازایانەی بداتە پاڵ. دوو دێر لێرە بەپێشەوە من نووسیم (نەی پرسی) و پیتە (ی)ەکەم بۆیە بەدوا خۆیەوە نەلکاند، کە لێم بپرسیّ بۆ وات کرد، دەڵێم ئەم (ی)ە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە بۆیە بەدوا خۆیەوەی نالکێنم، جا ئەگەر ڕاناوەکە پیتێکی تریش بیّ هەر نایلکێنم وەك: (نەت پرسی، نەتان پرسی، نەمان پرسی، نەیان پرسی، نەم پرسی). ئەمە دەستوورێکە لەوانەیە پشتگیریی لیّ بکرێت لەوانەیشە بەرهەڵستی بکرێت، ئیتر کە هاتم و نووسیم (نەمپرسی، نەتپرسی..) لادانێکی عادەتیم لە بەکارهێنانی دەستوورەکە کردووە وەك کە دەشیّ لە هەموو حاڵ و بارێکدا لادان بکرێت، هەر بەچەند جارێکیش خۆ ڕاستکردنەوە و دەستڕاهێنان لەوانەیە لادانەکە نەکرێت[٤]. بەڵام لە حاڵەتی نووسینی (برسیتر، جوانتر) کەوا ڕەنگە زۆربە و زۆرینەی نووسەرانی کورد وەهای بنووسن چ عوزرێك و هۆیێکی قەناعەتبەخش بەدەست کەسەوە نییە، چونکە پیتی کۆتاییی (جوان، برسی) چ پیتی نوون بێت و چ پیتی ییّ بێت بەشێکی وشەکانن و هەردووکیشیان بەدوا خۆیانەوە دەلکێن، ئیتر بۆ دەبیّ نوونەکە بلکێت و یێکە نەلکێت؟ کە دێین لە نووسینی (پیاوێکی تر، میوەی تر...)دا پیتی یێکە بەدوا خۆیەوە نالکێنین بۆیەیە چونکە ئەم (تر)ە لێرەدا ئاوەڵناوە وەك (ئازا، خۆش، بەرز) لە حاڵێکدا (تر)ی وشەی (جوانتر) ئەمرازی تەفزیلە و دەبیّ بەپێشە خۆیەوە بلکێت. ئەم شتانەی وەها سەرەتایی کە لێرەدا دەیانهێنمە بەرچاوی خوێنەرەوە نموونەیێکن لە بەیەکدی گرتنی ڕێنووسێك بیری لیّ کرابێتەوە لەگەڵ یەکێکی تردا کە لەخۆوە و بیّ لێکدانەوە بەسەر دەست و خامەی نووسەراندا زاڵ بووبێت.

لەم تاکە نموونەی (تر)ی نیشانەی (تفضیل) و (تر)ی ئاوەڵناودا دەردەکەوێت، ڕێنووس پێوەندیی بەڕێزمانەوە هەیە، ڕێزمانیش وەك دەزانین لەوانە نییە بیّ خوێندن و سەرنج گرتن و بەدواداگەڕان بچێتە مێشکانەوە بەجۆرێك ڕاستەوخۆ وێنەی نووسین

(٤) ئەوەی ڕاستی بیّ پێشنیازی کۆڕ ئەوەیە کە ڕاناو کەوتە نێوان فیعل و نیشانەکانی (نفی، مضارعە، نهی، أمر)ەوە، بەسەر یەکەوە بنووسرێن [نەیپرسی – دەیپرسی – بیپرسە – مەیپرسە]، بەڵام پێشنیازەکە تا ئێستا نەبووەتە بڕیاری یەکجاری بۆیەیە من ڕیّ بەخۆم دەدەم شێوە گۆڕی بکەم (بڕوانە لاپەڕە «٣٧٣» لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕ).

لـەگـەڵ داخـوازی دەستـوورەكـانـی ڕێزمـان بگـونجێنێت. ڕێزمـان بـابـەتێكـە نـەك هـەر ژووروووی دەسەڵاتی پیاوی عادەتی، بەڵكو ئەدیب و زاناش لە خۆوە بۆ دەستوورەكانی ناچن، لەوانەن هەڵەشی تێدا بكەن، خۆ ئەگەر لە ئاخاوتن و داڕشتنی ڕستەشدا هەڵە نەكەن ناتوانن دەستوورەكانی بەسەر ڕێنووسدا تەتبیق بكەن. زانا و ئەدیب، پیاوی عادەتیش، كە دەڵێن (جوانتر، یەكێكی تر) لە گوتنەوەی قسەدا هەڵە ناكەن، بەڵام تا بەخوێندنی ڕێزمان نەزانن جوداوازیی نێوان ڕاناو و ئەمرازی (تفضیل) چییە ناتوانن لە ڕێنووسدا فەرقیان پێ بكەن.

ئەم تێبینییە یەكجار سادەیە بایی ئەوە دەكات تێ بگەین ڕێنووسێكی بێ مامۆستا و لێدانەوە و كێشانە و پێوانە و ڕەچاوكردنی دەستوورەكانی ڕێزمان، وەك گیای بـەهـاران، خـۆڕسك، پـەرەی سـتـانـدبێت مـومكین نـییـە كـەڵكـی ئـەوەی پێوە ببێت بێ دەسكاری و ڕاستكردنەوە و تاوتووكردن بكرێ بەدەستووری گشتی و یەكجاری لە نووسینی كوردی چونكە ئەم كارە وەك ئەوەیە مامۆستا لاسایی قوتابی بكاتەوە لەو شتانەدا كە قوتابی هۆشی پێ ناشكێت وەیا هەر نەبێ چاكی تێ ناگات.

كۆڕی زانیاری كورد لەم ڕاستییانە ئاگادار بوو كە كەوتە سەر دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووسێكی تازە بۆ زمانی كوردی، تەنانەت بەدوور و درێژی لەوە تێ فكری ئایا دانانی ڕێنووس بخرێتە دوای لێبوونەوە لە دانانی ڕێزمان یاخود پەلەی لێ بكرێ بۆ ئـەوەی بتـوانرێ دەست بـدرێتـە چـاپكردن و بـڵاوكردنـەوە. بێگـومـان دانـانـی ڕێزمـان كارێكی نەفەس درێژە، بەساڵێك و دوو ساڵان لەوانە نییە كۆتایی بێت، لەبەر ئەمە كۆڕ بڕیاری دا خێرایی بكا لە دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووسی تازەی بەپێوانە و كێشانە. لەمەشدا دوو ڕاستی یارمەتیی بڕیارەكەیان دا:

یەكەم، ئەوەیە كە بەشێكی ئەندامانی كۆڕ شارەزاییان بە ڕێزمان هەیە و دەتوانن دەستوورەكانی ڕێنووس بخەنە بەر تیشكی دەستوورەكانی ڕێزمانەوە و گونجان و نـەگـونجـانـیـان بـەیـەكـەوە ڕەچـاو بـكـەن. لـە نـێوان ئـەو لـێژنـانـەش كـە لـە سەرەتـای دامەزرانی كۆڕدا دامەزران بۆ گەڵاڵەكردنی ڕێنووسێكی لەبار، ئەندامی وەها هەبوو لە ڕێزمان شارەزابێت و داخوازییەكانی لە ڕێنووسدا چاودێری بكات.

دووەم، ئەوەیە كە ئەو ڕێنووسە خۆڕسكانەی لە باودان، ئەوانیش تا ڕادەیێك و لە زۆر شوێنـدا بـەپـێی داخـوازی ڕێزمـان ڕچـەیـان بـەستـووە. دیـارە كـۆڕ لـەم لایـەنـە

پەسەندانەی ڕێنووسە باوەکانیش سوودمەند بووە.

ئەم دوو ڕاستییە تەنیا لەبارەی ڕێنووسەوە پێویست بوون بۆ یارمەتیدانی کۆڕ چونکە (ئەلفوبێ) چ پەکی نەکەوتووە لەسەر زانینی دەستووراتی ڕێزمان.

ئەوەی ڕاستی بێ نەك هەر ڕێزمان، بەڵکو ساغکردنەوەی فۆنەتیکی کوردیش دەخلی هەیە بەسەر دانانی ڕێنووسێك کە بیەوێ بەتەواوی لەگەڵ واقیعی زمانەکەدا بگونجێت. بەڵام دەخلی فۆنەتیك پتر بەسەر ئەلفوبێی لاتینییەوە هەیە چونکە لە نووسینی کوردی بەئەلفوبێی لاتینی پیتی سەربەخۆ هەیە بۆ ئەوەی کە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (کسرة مختلسة – من لە نووسینەکانی خۆمدا پێی دەڵێم «قورسکردن»)، بەشێکی زۆری وشەکانی کوردی ئەم قورسکردنەیان تێدایە کە غاڵبی ڕێکخەرانی ئەلفوبێی کوردی بەلاتینی پیتیان بۆ داناوە بێ ئەوە لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ ئەو دەنگە بەشێکی پێکهێنەری وشەکەیە یاخود زەروورەتێکی فۆنەتیکییە کە دەربڕینی دەنگ لە حاڵەتی تایبەتیدا داخوازی دەکات[٥]. بەنموونە، تۆ کە دەڵێی (گەنم) بەناچاری قورسایی (کسرة مختلسة) دەخەیتە سەر دەنگی (ن) بۆ ئەوەی بتوانی تەلەفوزی پێ بکەیت و بەدوا ئەودا دەنگی (م)ەکەش دەربڕیت کە هەردووکیان لە وشەکەدا بزوێنی ئاشکرایان نییە. بەڵام کە هاتی میمەکەت بزواند و گوتت (گەنمەکە) قورسایی سەر نوونەکە نامێنێت و بەتەواوی دەوەستێت. زەروورەتەکەش لەوەوە دێت کە دەنگی نوون بەوەستاوی تەواوەوە لە پێش دەنگی میمی وەستاوەوە نایەت. هەروەها لە عەرەبیدا کە گوتت (علْم) لامەکە قورس دەکەیت، بەڵام کە میمەکەت بزاوت و گوتت (عِلْمُكَ) لامەکە ڕەها دەبێت و قورساییەکەی نامێنێ.

ئەم تێبینییانە خرانە لاوە بۆ مەبەستی خێراییکردن لە دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووسی تازە، ئەویش بەنیازی دەست پێکردن بە لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێبی پێویست.

وەك لەم قسانەم دەردەکەوێ ڕەواندنەوەی گرفتی شکڵی نووسین دوو لکی لێ دەبێتەوە:

١– لکی ئەلفوبێ.

(٥) لە گوتاری (فۆنەتیك چیمان بۆ بکات) کە لە بەرگی یەکەمی بەشی سێیەمی گۆڤاری کۆڕدا بڵاو کرایەوە ئەم دیاردەیە فۆنەتیکییەم ڕوون کردووەتەوە.

٢- لکی تێکخستنی پیتەکانی ئەلفوبێ بۆ نووسینی ئاخاوتن کە بەڕاستی خۆی (ڕێنووس)ی ڕاستەقینەیە.

لێرە بەدواوە سەرێك خوار دەکەمەوە بۆ چاوگێڕانەوە بەو هەوڵ و کۆششەی کۆڕ بەخەرجی برد لە هەردوو مەیداندا، واتە ئەلفوبێ و ڕێنووس.

یەکەم: لکی ئەلفوبێ.

لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد کە لە ساڵی **١٩٧٣** بڵاو کرایەوە، هەر لە لاپەڕە (٣٦٤)ەوە تا لاپەڕە (٣٧٩) تەرخان کراوە بۆ باسی (ڕێنووسی کوردی) و کورتەیێکی چالاکیی کۆڕی لەو مەیدانەدا خستووەتە ڕوو. ئەم چالاکییە هەر دوو لایەنی ئەلفوبێ و ڕێنووس دەگرێتەوە.

لە سەرەتاوە باس کراوە کەوا کۆڕ لە چوارەم کۆبوونەوەیدا لیژنەیێکی کاتی لە شارەزایان داناوە بۆ گەلاڵەکردنی ڕاپۆرتێك لەبارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی.

پاش ماوەیێکی تر ئەنجوومەنی کۆڕ بۆ هەمان مەبەستی پێکهێنانی ڕێنووسێکی پوخت بڕیاری داوە بەدانانی لیژنەیێکی دائیمی، دواتر ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەی سی و پێنجەمیەوە دوازدە کۆبوونەوەی بەسەر بردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی ئەم لیژنەیە تاکو لە ئەنجامی موناقەشە و هەڵسەنگاندنی بیروڕای جۆرجۆری ناوەوە و دەرەوەی ئەنجوومەنی کۆڕ، بەنیسبەت (ئەلفوبێ)وە گەیشتە دانانی ئەو پیتانەی لە لاپەڕە (٣٦٨)ی گۆڤارەکە بڵاو کراوەتەوە. لەمەوە دەردەکەوێ ئەندامانی کۆڕ ئەرکێکی گرانیان کێشاوە بەر لەوەی بڕیار لەسەر ئەلفوبێیەکی قەرارداده بدەن، واتە بەپێچەوانەی ڕانواندنی هەندێ ڕەخنەگری بێ باك کە وا نیشان دەدەن ئەنجوومەنی کۆڕ لە گۆشەی نەشارەزایی و بێ خەبەری و کەمتەرخەمییەوە تیروپشکێی لەو ئەلفوبێیە و سەرلەبەری ڕێنووسی کوردی هاویشتووە. بەڕاستی و بێ هیچ موجامەلەکردن لەگەڵ کۆڕ، ئەم ئەلفوبێیە یەکەم بەرهەمێکی بەکێشانە و پێوانەیە کە لەلایەن کۆمەڵێکەوە کرابێت لە هەموو مێژووی هەوڵ و تەقەلای دانانی ڕێنووسی کوردیدا. هەرچەند مومکینە ڕەخنە لە هەندێ باری ئەو ئەلفوبێیە بگیرێت وەك مومکینە لە هەموو شتێکی ئەم سەر زەمینە بگیرێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە کەوا هەر بڕیارێکی بۆ هەر کامێك لە شکڵی پیتەکانی ئەو ئەلفوبێیە درابێت لە ئەنجامی

مـوناقـەشە و لێکۆڵینـەوە و بـەراوردکردنـەوە بـووە. بـەنموونـە دەڵێم، کـە ئـەنجوومـەن بڕیاری دا نیشانەی ڕێی قەڵەو لە سەرەوەی پیتەکەوە بێت مەنتیقێکی بەهێزی بەکار هێناوە لەوەدا کە ڕەچاوی ئەوە کردووە هەموو نیشانەکان لە سەرەوەی پیتەکانەوە بن، جا ئەگەر یەکێك بێت و ڕەخنە لەم بڕیارە بگرێت و پەسەند بکا نیشانەکە لە ژێری پیتەکەوە بێت لە سەریەتی بەڵگەیێکی ئیقناعکردن بەدەستەوە بدات، بەڵگەش ئەوەی نەبیٚ کە بڵیٚ دانانی نیشانە لە سەرەوەی (ر) دەیکات بە (ز، ژ) چونکە هەروەك لە جوداکردنەوەی پیتی (ژ) لە پیتی (ز) بەزیادکردنی نوختە چ گرفت دروست نەبوو، کەسیش ڕەخنەی نەگرت، هەروەهاش شکڵی (ڕ) تێکەڵ بە (ز، ژ) نابێت. پیتەکانی (پ، چ، ڤ) ئەوانیش گرفتیان دروست نەکرد کە بەزیادکردنی نوختە لە پیتەکانی (ب، ج، ف) پێك هاتن، تاکە یەك خوێنەر و نووسەری کوردیش بەدەنگ نەهات بڵیٚ وا چاکە وێنەی تازە بۆ ئەو پیتانە دابنرێت نەوەك هەڵە دروست بکەن لە خوێندنەوەدا. بێگومان داهێنانی (پ، چ، ژ، ڤ) لەلایەن تاکە کەسەوە بووە نەك لەلایەن کۆمەڵەیێکی دەسەڵات پێدرواى وەك ئەنجوومەنی کۆڕ، ئەو تاکە کەسە نیو هێندەی کۆڕیش بەدانانی ئەو پیتانەوە ماندوو نەبووە هەرچەند ژمارەی پیتەکانیش چوار هێندەی ژمارەی تاکە پیتی (ڕ)ەکەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەگری ئەوتۆ هەیە ڕێی بەخۆی داوە گلەییی کۆن و نویٚ لە کۆڕ بکات، تەنانەت گۆڤاریشم دیتووە وای ڕانواندووە هەر ئەو ڕێنووس و ئەلفوبێیە زانستکارانەیە کە بەمیرات بۆ نووسەری کورد ماوەتەوە لە حاڵێکدا هەمان گۆڤار لەو باوەڕەدایە هەرچی باری کۆمەڵایەتیی میراتی هەیە بەرهەمی پاشکەوتن و نەزانین و ژێردەستی و مافخوراوی و... هتدە. یەکێك بیەویٚ ڕەخنان لە سەرچاوەی کۆمەڵایەتیی پاشکەوتووەوە هەڵێنجێت دەتوانیٚ بڵیٚ ڕێنووسە میراتییەکەی کوردی عێراق بەرهەمی سەردەمە پاشکەوتووەکانی ئیمپریالیزم و نووری سەعیدی پێش شۆڕشی چواردەی تەمووز بوو پێویست بوو لە ناو بچێت وەك کە زەرفی تێدا پەیدابوونی لەناوچوو.

کە بگەڕێیتەوە بۆ لیستەی ئەلفوبێیەکەی لاپەڕە (٣٦٨)ی گۆڤارەکەی کۆڕ، دەبینی لە بڕیاری نەهێڵانی نووسینی دوو پیت بۆ یەك دەنگیش لێکدانەوەیێکی ژیرانە کراوە وەك کە هاتووە لە بری دوو (و) و دوو (ی) بۆ ئەوەی پێی دەڵێن واو و یێی تیژی درێژ، نیشانەی تایبەتی خستووەتە سەر شکڵی واوی میراتی و یێی میراتی. ئەم بڕیارە وەك لە بەدیهییەوە هەڵستابیٚ وایە چونکە بەهیچ لێکدانەوەیێکی ژیرانە ڕەوا نادیتریٚ لە

بری یەك دەنگ دوو پیت بنووسرێ. تۆ کە هاتی ڕێگەت دا بەخۆت لە وشەی بەواتای (بعید)ی عەرەبی بنووسی (دوور) ئیتر بۆ ڕێگە نادەی بنووسی (ددوورر) چونکە دەنگە بزوێنەکەی نێوان دالەکە و ڕێیەکەش هەر یەك دەنگە، بۆ دەبێ زێدە لە پیتەکانی تری وشەکە ئەو بەتەنیا دوو پیت بنووسرێ. دەڵێن هۆی ئەم دوو واو و دوو یێیە ئەوەیە چونکە لە شکڵی کورتە بزوێندا [کە دەکاتەوە ضمة و کسرةی عەرەبی] یەك واو و یەك یێ دەنووسرێن بۆیە لە شکڵی بزوێنی درێژدا دەبێ بکرێن بەدوو. بەڕاستی ئەوانەی ئەم بەڵگەیە دەهێننەوە دەبوو لە جیاتی دەنگی ئەلفیش دوو (ە) بنووسن چونکە هەر خۆیان دەڵێن ئەلف دووهێندەی (فتحە) درێژە بەو پێیە لە بری (دار) بنووسن (دەەر).. ئێمە ئەگەر بەنیسبەت واو و یێوە ئەم مەنتیقە بسەلمێنین باشتر ئەوە بوو کورتە بزوێنەکان بەنیو واو و نیو یێ بنووسین چونکە ئەوان نیو دەنگن لە چاو درێژە بزوێنەکان، نیو دەنگیش مافی خۆیەتی بەکەرتکی بنووسرێت لە حاڵێکدا دانانی دوو (و) لەجیاتی دەنگێکی عادەتیدا وا ڕادەگەیەنێ دەنگەکە دوو هێندەی دەنگی تەواوە چونکە پیتی دەنگە کورتەکە هێندەی پیتی هەر دەنگێکی تری ئاخاوتن سەربەخۆ و تەواوە، بگرە لە هێندێکیان بەقەڵافەتترە وەك شکڵی (و) لە چاو (ر، د..) وەیا شکڵی (ی) لە چاو (ب، ن..).

دانانی دوو واو و دوو یێ لە سەرێکی تریشەوە دووچاری ئەندێشەمان دەکات، ئێمە ناچارین بۆ نووسینی دەنگی گوشراو دەبێ دوو پیتی دەنگەکە بنووسین وەك کە دەنووسین (بەرەڵلا) وەیا لە هەر شوێنێکی تر کە تووشی (شدّە) دێین. جا کە ئێمە دەستوورمان بۆ دەربڕینی (شدّە) ئەوە بوو پیتەکە دووبارە بکەینەوە، لە نووسینی دوو واو و دوو یێ دەستوورەکەمان لێ هەڵدەوەشێتەوە چونکە مەبەستمان گوشین (شدّە) نییە. ئەم لێکدانەوەیە دەنگی (ڕ)ی قەڵەویش دەگرێتەوە کە هەندێ نووسەر هەن، وەیا هەبوون، بەدوو پیت دەینووسن وەك: (مەرر، تەررەساز...) سەیر لەوەدایە، کە بێین بەڕێنووسی کوردی وشەی عەرەبی وەك (مرّە) بنووسین دەبێ بۆ دەربڕینی گوشینەکە پیتەکە دووبارە بکەینەوە، پیتەکەش دوو ڕێیە (رر) ئیتر بەم حیسابە وشەی (مرّە) دەبێ بەکوردی (مەرررره) بنووسرێت.

لەبەر ئەم هۆیانە و بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی ئەرك، کۆڕ وای پەسەند کرد بۆ ئەو دەنگانەی کە لە کۆندا بەدوو پیت دەنووسران یەك پیتی نیشانەدار دابنرێت وەك (وو، ی، ڕ). تەنها لە حاڵەتی گوشینی دەنگدا پیتەکەی دووبارە بکرێتەوە وەك (هەوواری

بوومەدیەن – ئەییامی شەریفت لێ موبارەك بێ – پیاوێکی شەڕانییە – زللەیێکی لێ دا..).

لە لیستەی پیتەکانی لاپەڕە (٣٦٨)ی باسکراودا دوو نوقسانی هەیە، یەکێکیان ئەوە بوو گوتم بۆ دەنگە دیفتۆنگەکەی کرمانجیی سەروو واوی تایبەتی دانەندراوە، ئەوی تریشیان نەبوونی پیتی (ە)، واتە (فەتحەی عەرەبی). نەنووسرانی ئەم پیتە سووچی لەبیرکردنە، ئەگەرنا ئەو ڕووپەڕەیەی لیستەکەشی تێدا نووسراوە پڕە لەو پیتە.

کۆڕ لە دانانی ئەم ئەلفوبێیە هیچی وەهای نەکردووە لە ئەلفوبێی کۆن چاکتر و کێشراوتر و پێوراوتر نەبێ. بەلاوەنانی (دالی نوقتەدار «بۆ دالی کلۆر» – یێی نیشانەدار لە بری دیفتۆنگی ناوچەییی سلێمانی لە وشەی وەك «نوێژ، خوێ»دا) ئەویش قوتارکردنی ئەلفوبێی کوردییە لە ئیحتیمالی ئەوەی دەنگی نارەسەن بەسەر هەموو زمانەکەدا دابپڕدرێت. کە بەوردیش سەرنج بگریت لە بڕیارەکانی کۆڕ دەربارەی ئەلفوبێ، دەبینی تەنیا لە دوو سێ پیتدا شکڵگۆڕیی پیتەکانی کۆنی کردووە، ئەویش بەپێی لێکدانەوەیێك کە سوودی ڕێنووسی کوردیی ڕەچاو کردووە. بەداخەوە ئەوەی لە ئیمکاندا نەبوو چارەسەر بکرێت زۆربوونی پیتی نوختەدار و نیشانەدارە کە دەبێتە هۆی زۆربوونی جارەکانی دەست هەڵگرتن لە نووسینی وشەدا. لە وشەی (پێچەوانە)دا نۆ جاران دەست لەسەر کاغەز هەڵدەبڕیت، خۆ ئەگەر هەموو نوختەکان دانێیت بەهۆی دەست هەڵبڕین چواردە جاران دەست هەڵدەبڕیت، لە حاڵێکدا وشەکە بریتییە لە هەشت پیت. من سەیرم لەوە دێتەوە کەوا ڕەخنە لە دانانی شکڵی پیت بگیرێت کەچی ئەرکە هەرە گەورەکە و عەیبە هەرە زەقەکەی زۆر دەست هەڵگرتن نەبێتە هۆی هیچ نارەزامەندیێك و هیچ دەمەتەقەیێکی لەسەر هەڵنەستێت.

عەیبێکی تری بەرچاوی پیتەکانی کوردی، هی لاتینیش، ئەوەیە بەشێکی پیتەکانی لە خەتی نووسین بەرەو خوارەوە دادەکشێن، واتە مەودا لە نووسینی خەتی ژێر خۆیانەوە تەنگ دەکەنەوە. لەم جۆرە پیتانە (ر، و، ی، ز، ژ، ل، ڵ، ج، چ، ح، خ، ع، غ، ن، م..) هەروەهاش نوختەی ئەو پیتانەی نوختەکانیان لە ژێرەوەیانە، دادەکشێن لە ڕاستە خەتی دێرەکەیان. کە بێین و ئەو پیتانەش ڕەچاو بکەین کە ماوەیێکی زۆر سەرووی خەتی دێر گەردەن کێل دەبن، دەزانین لەوانەیە بەشێکی خەتی سەروو لەگەڵ بەشێکی خەتی خواروو بەیەکتر بگەنەوە ئەگەر مەودای مناسیب نەخرێتە نێوانیانەوە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە تێچوونی کاغەز. پیتەکانی (ل، ڵ، ا، ك، گ، ط) لەوانەن

ژووررووی خەتی دێر تێ هەڵدەکشێن. چاکە لەوەدا بوو پیتەکان هیچیان لە خەتی دێر دانەکشێن بۆ ئەوەی هەموو ماوەی خوارەوە بەخەتی ژێرەوە بدرێت، بەڵام بەداخەوە ئەم کارە لە ئیمکاندا نەبوو.

نووسینی لاتینیش ئەم گرفتە زلەی هەیە: پیتەکانی f, g, j, p, q, y لە دێر دادەکشێن، پیتەکانی d, f, h, k, l بەرەوژوور تێ هەڵدەکشێن.

وا دەزانم ئەگەر کەسێك لە خەریکبوونی بەچارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێنووس، ئەم ڕاستییانەی لە پێش چاو بێت زۆر درەنگ بەخەیاڵی خۆیدا تێ دەپەڕێنێت ڕەخنە لەو بگرێت چوکڵەی (ڕ)ی قەڵەو لە ڕێنووسی کوردیدا بەسەر پیتەکەوەیە..

شارەزایانی ڕێنووسی کوردی مەیدانی زۆر و بەرفرەوانیان لە بەردەمدایە بۆ تێك گەیشتن و چارەسەرکردن و هاریکاری، پتر لە مەیدانی تێك نەگەیشتن و لە یەکتر ڕازی نەبوون.

دووەم: لکی ڕێنووس، کە دەکا وشە نووسین و تێك بەستنیان.

هەرچەند بەشی ئەلفوبێ گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و هەر جوانی و ڕێکییێك لەودا هەبێ لە ڕێنووس بەدیار دەداتەوە، لە حاڵی عەیبداری و ناشیرنیشی دیسانەوە کار دەکاتەوە سەر ڕێنووس، لەگەڵ ئەمەشدا کە بەراوردی بکەین لەگەڵ جۆری پێکەوە نووسینیان و دروستکردنی وشە و ڕستەی نووسراودا بۆمان دەردەکەوێ کاری هەرە ورد و سەخت لە ڕێنووسدایە نەك لە ئەلفوبێ. بەنموونەی ڕوونکردنەوەی مەبەست دەڵێم، هەرچەند کەرەستەی خانوو دروستکردن لە بەرد و گەچ و چەمەنتۆ و ئاسن و دار و ئاو و... هتد هەمووی ئامادە و لە چەشنی مومتازیش بێت، ناتوانین خانووی ڕێکوپێك دروست کەین ئەگەر موهەندیسەکەی وەیا وەستاکەی نابەڵەد بێت. ئەلفوبێش لەخۆوە نووسینی وشە پێك ناهێنێت، لە خۆوەش چاکە و خراپەی دەستووراتی ڕێنووس قەرارداده ناکات. ئەلفوبێ وێنە دانانێکی سادە و سەرەتاییە بۆ ئەو دەنگانەی لە زارەوە دەردێن و دەبن بەوشە، ڕێنووسیش ئەو شێوە لە کارهێنانەی وێنەی دەنگەکانە کە وێنەی ڕاست و دروستی وشە و ڕستەیان لێ پێك دەهێنێت یاخود ئەو موهەندیسایەتییەیە کە لە ڕێی بەکارهێنانی دەستووری ڕاست و دروستەوە دار و بەرد و ئاو و ئاسن و چەمەنتۆ دەکا بەخانووی تێدا ژیان. وەك سەرنجیش دەری دەخات هەر زمانە دەستوور و ڕێباز و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی

وشە و داڕشتنی ڕستەی ئاخاوتن، دەستوورەکانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێك بەرەو قورسی و تێکەڵی وەیا سووکی و سادەییەوە دەڕۆن. هەرچەند لەم گوتارەدا جێگە نییە بۆ بەراوردکردنی کوردی لەگەڵ زمانەکانی تر لە ڕووی ئاسانی و زەحمەتیی داڕشتنی ڕستەوە، بەڵام هیچ نهێنییێك ئاشکرا ناکەم بەوەدا کە بڵێم زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی بەیەکەوە بەستنەوەی وشەکانی بۆ پێکهێنانی ڕستە وەك تێك هەڵکێشانی کلافەی هۆنینەوەیە بەتایبەتی ئەو ڕستانەی (ڕاناوی لکاو)یان تێدایە، لەگەڵ ڕاناوەکەشدا کاری بەپێشگرەوە هاتووە و نەفیشی تێدایە. تۆ سەیرێکی ئەم یەك دوو نموونەیە بکە:

دەیانگرم – «یان» مەفعوولە و «م» فاعیلە، فیعلەکەش ئایندەیە.

دەیانگرتم – «یان» فاعیلە و «م» مەفعوولە، فیعلەکەش ڕابردووی بەردەوامە.

نەیاندەگرتم – «یان» شوێنی خۆی گواستەوە بۆ دوای نیشانەی «نەفی».

هەڵیان نەدەگرتم – «یان» جارێکی تریش شوێنی خۆی گواستەوە بۆ دوای پێشگری «هەڵ».

پێیان هەڵنەدەگرتم – «یان» دیسانەوە جێگۆڕکێی کرد بۆ دوای پێشگری «پێ».

لە هەندێ شێوە ئاخاوتندا بەتایبەتی ئەو ناوچانەی دەکەونە باشووری کەرکووك، دەگوترێ: دەمیانگرت – نەمیاندەگرت – هەڵمیان نەدەگرت – پێمیان هەڵنەدەگرت.

لەم جۆرە ڕستانەی بزۆزی وەك جیوە، نموونەی زۆر و بۆر هەیە لە زمانی کوردی. هەر ئەم بزۆزییەی «ڕاناوی لکاو» بوو لەگەڵ هەندێ خاسیەتی تر، وای کرد من لە هەندێ نووسینی خۆمدا پێشنیار بکەم بەو ڕاناوانە بگوترێ «چالاك» نەك «لکاو»، چونکە لە واتای لکاودا خاسیەتەکانی ڕاناوەکان دیار نادەن. بابگەڕێینەوە بۆ ڕستەییێکی وەك «پێیان هەڵنەدەگرتم».

تەماشای لاپەڕە (٣٧٣)ی گۆڤارەکەی کۆڕ بکەیت دەبینیت ئەنجوومەنی کۆڕ لەو تەرزە فیعل و داڕشتنانە کۆڵیوەتەوە، بەدوا لێکۆڵینەوەدا بڕیاری چۆنەتیی نووسینیانی داوە. لەو لاپەڕەیەدا فەرقی پێشگر کراوە لەگەڵ نیشانەکانی (نەفی و نەهی و موزارەعە و ئەمر: نەفی وەك «ناخوات، نەڕۆیشت» – نەهی وەك «مەکە، نەکەیت» – موزارەعە وەك «دەخۆم» – ئەمر وەك «بڕۆن، بڕۆیت») لەو ڕووەوە کە ئەم نیشانانە دەبێ مامڵەتی پیتی ئەسڵی وشەیان لەگەڵدا بکرێت و هەمیشە لەگەڵ فیعلدا بەسەر یەکەوە بنووسرێن،

وەك: نەڕۆیشت، دەڕۆیشت، بڕوات، نەدەڕۆیشت. ئەم خاسیەتە بەجۆرێك لەو بڕیارەدا ڕەچاو كراوە تەنانەت ئەگەر ڕاناوی لكاویش كەوتە نێوانی نیشانەكانەوە نابێ لە یەكتریان جودا كاتەوە وەك: نەیاندەگرتین. بەڵام كە ڕاناو كەوتە نێوان پێشگر و فیعلەوە دەبێ لە یەكتریان جودا بكاتەوە وەك: هەڵم گرت، هەڵم نەگرت، هەڵم نەدەگرت(٦).

بەپێی ئەم بڕیارەی كۆڕ دەبێ فیعل و پێشگرەكان و ڕاناوەكان و نیشانەكان بەم جۆرە بنووسرێن: هەڵم نەدەگرتن، پێیان هەڵنەدەگرتم.

ئەم تەرزە بڕیارە، هەرچەند ڕەخنەشی لێ بگیرێت، لەسەر لێكدانەوە و زانستی ڕێزمان و هەڵسەنگاندنی سروشت و خاسیەتی بەشەكانی ئاخاوتنەوە هەڵستاوە، چ ڕەوای ئینساف نییە باباییێك لە سەری زمانەوە بڵێ (من ڕازی نیم) بێ ئەوە چ هۆیەكی ناڕەزایی بەدەستەوە بدات وەیا جێگرێكی باشتر پێشكەش بكات. خۆ ئەگەر هەموو هۆ و بەڵگەی ناڕەزایش هەر ئەوە بێ كە لێرە بەپێشەوە وایان نەنووسیوە دەبێ ڕێ بدەین بەیەكێكی تریش بەسواری فڕۆك ڕازی نەبێت چونكە پێشینان سواری وڵاغ دەبوون.

هەموو دەزانین ئاخاوتن بەجۆرێك لە جۆران هەر دەنووسرێ، ئیتر مەنتیق هەبێ یا نەبێ لەو جۆرە نووسینانەدا. بەنموونە دەڵێم ئەم ڕستەیەی (پێیان هەڵنەدەگرتم) چەندین جۆری نووسین هەڵدەگرێ وەك:

پێ یان هەڵ نە دەگرتم – پێیان هەڵ نەدە گرتم – پێیان هەڵنە دە گرتم – پێ یان هەڵ نەدە گرتم – پێ یان هەڵنەدەگرتم – پێیانهەڵنەدەگرتم – پێ یانهەڵنە دەگرتم – پێیانهەڵنەدە گرتم – پێیانهەڵ نەدە گرتم – پێیانهەڵنە دەگرتم –... هتد. ڕەنگە هەمووشیان لەوانە بن بخوێندرێنەوە و مەفهوومیش بن، بەڵام ئەوەندە عەیبەیان هەیە كە لەگەڵ داخوازی سروشتی كەرتەكانی ڕستەكە ڕێك ناكەون، بۆیە بڕبڕكردنی ڕستەكە دەبێتە كاری ڕێكەوت وەیا تەقڵەی مامەحەمە كە ئەگەر هەمان ڕێكەوت لە ئاودانی تووتندا بەكار بهێنرێت ڕەنگە كەس گەڵا تووتنێك لە داو وەیا لە شیش نەدات.

دامەزراوێكی ڕۆشنبیریی وەك كۆڕی زانیاری كورد كە بێت و لە دانانی دەستووراتی ڕێنووسدا پێڕەویی كارە سەرپێییەكانی لێرە بەپێشەوە بكات، یاخود بێ لێكدانەوە و

---

(٦) ئەم شێوە دابەشكردنەی وشە بەئەلفوبێی لاتینی باشتر دەردەكەوێت وەك لە خوارەوە نووسراوە: helim nedegirt - helim negirt - helim girt.

کێشانە و پێوانە مل بداتە دەستووردانان کەڵکی ئەوەی پێوە نامێنێت ئەرکە یەکجار قورسەکەی خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردی بگرێتە ئەستۆی خۆیەوە، چونکە کە هات و لە یەکەم هەنگاودا لاسایی غەیری خۆی کردەوە و هەڵەی عەفوی و سافیلکەی سەلماند دەبێ بەهەمووعومری و لە هەموو کاری گرنگیشدا ببێتە لاساییکەرەوە و (مام سەلمێن)، لەمەشدا مەنتیق سەرەوبن دەبێ چونکە کۆڕێك کە بەپێی بڕیاری یاسا لێی داوا دەکرێ گرفتی ڕۆشنبیریی کوردی بڕەوێنێتەوە دەبێتە چەسپێنەری هەڵە و لاساییکەرەوە، ئەوانەی لە تاکە ڕێی ئیجتیهادی شەخسیشەوە، بێ یاسا و بەرنامە، دەستووران دادەنێن دەبنە ڕابەر و نموونە لە حاڵێکدا کۆڕ جگە لەلایەنی فەرمانی یاسا، بەپێی بۆلوانی مادیش، پتر دەتوانێ کەرەستەی لێکۆڵینەوە و کات و پشکنینەوە و تۆژینەوە دەردەست بکات و شارەزایان بهاوێتە سەر باری جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندن. ئەمانەش هەموو بەلاوە بنێین، جارێکی تریش کۆڕ لە تاکە کەس و کۆمەڵە کەس [ئەگەر لێرە بەپێشەوە چ کۆمەڵە کەس خەریکی ڕێنووس بووبن] دەرفەتی بژاردەکردنی دەستووراتی ڕێنووس و غەیری ڕێنووسی زیاتر هەیە چونکە کۆڕ هەموو تەجرەبە و پێشنیار و دەستووراتی لێرە بەپێشەوەی لە بەردەستدا دەبێ کە دەکەوێتە سەر دانانی یاسا و دەستوور، بەمەشدا دەتوانێ خۆی لەو هەڵە و کەموکوڕییانە ڕزگار بکات کە خەڵقی تر تێی کەوتوون هەروەك کەسێك وەیا لایەنێکی تر لێرە بەدواوە خەریکی ڕێنووس بێت دەتوانێ لە تەجرەبەی کۆڕ سوود وەرگرێت و ئەگەر پەلە نەکات، لەسەر سەکۆی ئەو تەجرەبەوە بەرەژوورتر بڕوات. ئەو نەزەریانەی دەڵێن جیهان لە بەرەو پێشچووندایە، نەیانگوت کاتێك سرە گەیشتە کۆڕی زانیاری کورد ڕێی بەرەوپێشچوون کوێر دەبێتەوە و دەبێ کۆڕ شتی کۆنینە پێڕەوی بکات. ئەو کەسانەش کە وا لە سەری زمانەوە، بەپشت ئەستووریی نەزەریە شۆڕشگێڕەکان، بڕیاری گۆڕینی هەموو سەروبەرێکی کۆمەڵایەتیمان دەدەن خۆیان پاشگەز دەکەنەوە لەو گیانی بەرەوپێشچوونەیان کە دێن هەنگاوە بەرەوپێشەکانی کۆڕ عەیبدار دەکەن کە گۆیا یاسا و دەستووری میراتی دەشێوێنن لە حاڵێکدا بەلای ئەو کەسانەوە بەرەوپێشچوون، بەزۆری، بریتییە لە تێبردنی یاسا و دەستووری میراتی لە مەیدانە هەرە گرنگەکانی بەڕێوەچوون و بیروباوەڕ و شیرازەی کۆمەڵایەتی چ جاییی مەیدانی شکڵ دانان بۆ پیتی ڕێی قەڵەو و واوی درێژ، ئایا نیشاکەیان چی بێت و بەکوێوەی پیتەکانەوە بگیرسێنەو.

کۆڕ لەبارەی ڕێنووسەوە بڕیاری یەکجارەکیی نەدا هەرچەند یاساش لە پەراوێزی دەسەڵاتە بەرفرەوانەکانی مادە (٣)دا ئەو دەسەڵاتەی پێ داوە. وا لێرەدا دەقی مادە (٣)ی یاسای کۆڕ دەنووسم بۆ ئەوەی خوێنەر ڕوونتر و ئاشکراتر هەڵوەستی کۆڕ و غەیری کۆڕ لەبەر تیشکی ئەو مادەیەدا ببین: «المادة الثالثة – یستهدف المجمع:

أ– النهوض بالدراسات والبحوث العملية في العراق لمسايرة التقدم العلمي.

ب– المحافظة على سلامة اللغة الكردية والعمل على تنميتها ووفائها بمطالب العلوم والاداب والفنون.

ج– احياء التراث الكردي والاسلامي في العلوم والاداب والفنون.

د– العناية بدراسة تاريخ العراق وحضاراته بصورة عامة والمناطق الكردية بصورة خاصة.

هـ– نشر البحوث الاصلية وتشجيع الترجمة والتأليف في العلوم والاداب والفنون.»

ئەمانە ئامانجەکانی کۆڕن بەپێی فەرمانی یاسا. دەمێنێتەوە بگوترێ ئەوەی کۆڕ کردووەتی خزمەتی ئەو ئامانجانە ناکات. لە بەرانبەر قسەی وەهادا هەر ئەوەندە دەڵێم کۆڕ ساحیر نییە، هێزی غەیبیشی بەدەستەوە نییە، کارەکانیشی لە بەرچاواندان و دەشێ بەکاری تر بگیرێن و بزاندرێ درێغیی کۆڕ چییە و جانفیداییی ڕەخنەگرانیش چییە. لەم قسەیەشدا مەبەستم ڕەخنەگرتن نییە لەو سوودی ڕۆشنبیریی کوردی بەمەبەست گرتووە چونکە ئەمانە ڕووناککەرەوەی شوێن هەنگاوی کۆڕن، هەروەها مەبەستم بایەخدانیش نییە بەڕەخنەی ڕوخێنەر چونکە ئەو تەرزە ڕەخنەیە لەخۆوە تاکە یەك خشتیش وەرناگێڕن، ئەوەی مەبەستمە ڕوونکردنەوەی هەڵوەستی کۆڕە لەبەر حوکمی یاسا و لە واقیعیشدا، هەر بۆیەش دەقی مادە (٣)م نووسی بۆ ئەوەی مەعلووم بێت کە کۆڕ دێت و لیژنە دادەنێ بۆ داڕشتن و تەرجەمەکردنی زاراوەی فەلسەفە و ژیربێژی و سایکۆلۆجی و زانستەکان لەوەدا پێڕەوی بەندی (أ) لە مادەی (٣) دەکات «النهوض بالدراسات والبحوث العلمية» چونکە تۆژینەوەی زانستکارانەی کوردی بەبێ وشە و زاراوەی سەر بەزانستەکانەوە لە ئیمکاندا نییە. تا دەتوانین ڕستەیێکی سەرەتایی وەك (لیست السالبة الكلية نقيض الموجبة الكلية) وەرگێڕینە سەر زمانەکەمان دەبێ دوو پلەی گەورە سەرکەوین، پلەی یەکەم گەیشتن بەو تەرزە لێکدانەوەیە. پلەی دووەم، دانانی زاراوەی پێویست بوو تەعبیردانەوە لە فیکرەکە. لەم

ژمارەیەدا خەریکبوون و بەرهەمی لیژنەی کاتییەکەی زاراوەکانی زانست دەخوێنیتەوە کە ڕوویێکی چالاکیی کۆڕ نیشان دەدات لە مەیدانی پەیداکردنی کەرەستەی (النهوض بالدراسات و البحوث العلمیة)، لە هەمان کاتیشدا مەودا دەکاتەوە بۆ هاریکاریی نێوان کۆڕ و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ هەڵبژاردنی زاراوەی پوخت و پەسەند.

لە بەندی (ب)ی مادە (٣) کە (المحافظة علی سلامة اللغة الکردیة والعمل علی تنمیتها...)ی بەئامانج گرتووە بۆ کۆڕ، وێڕای ئەرکێك کە وەك فەرمان دەیخاتە ئەستۆی کۆڕەوە، دەسەڵاتی پێویستیش بەکۆڕ دەدات لەوەدا چی بەچاك بزانێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە وەها بکات و بڕیاریشی بۆ بدات. بێگومان مەیدانی هەرە پێشەوەی ئەو ئامانجە دانانی ڕێنووسە چونکە زمان بەڕێنووس دەگاتە خوێنەران، ئیتر ئەگەر ڕێنووسەکە پەسەند نەبێت نووسراوەکەش بەدروستی ناچێتە بەردەمی خوێنەرانەوە. لەوەوە دەردەکەوێ کۆڕ دەسەڵاتی پێ دراوە ڕێنووسێك قەراردادە بکات کە بەڕاست و چاکی دەزانێت بێ ئەوەی پرسی ئەم و ئەو بکات، بەڵام لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەشدا کۆڕ لە لاپەڕە (٣٦٥)ی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیدا ئەم تکایە لە خوێنەران دەکات لەبارەی ئەو ڕێنووسەی پێشنیاری کردووە: «بەم بۆنەیەوە ئەنجوومەنی کۆڕ تکا لە هەموو زانا و شارەزایانی کورد و کوردناسانی بێگانە دەکات بەوردی لەم بڕیارانەی بکۆڵنەوە و لە ماوەی شەش مانگدا بیری خۆیان و هەر پێشنیارێکیان لە بارەیەوە هەیە بۆمانی بنێرن تا لەبەر ڕۆشناییيان دوا بڕیاری خۆی بدات». کۆڕ ڕێگەیێکی دڵسۆزانەتری لە بەردا نەبوو بیگرێ بۆ دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووسێکی پەسەند و بێ گیروگرفت. نەمانبیستووە لێرە بەپێشەوە چ لایەنێك پێشنیاری خۆی بۆ ماوەی شەش مانگان بداتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لەلایەن غەیرەوە، بەمەرجێك ئەو لایەنە دەسەڵاتی بڕیاردانی پێ درابێت. من مامۆستام دیتووە پڕ بەدەم دەڵێ دنیاش ڕاست بێتەوە یەك نوختە ناگۆڕێ لەوەی بەقوتابیانی گوتووە.

ئەم تکایە گەرموگوڕەی کۆڕ لە خوێنەران و زانایانی کورد و بێگانە بۆ دەربڕینی پێشنیاریان بەرانبەر ئەو دەستووورە ڕێنووسەی کۆڕ بەباشی زانیوە چ عوزران بەدەست ئەو ڕەخنەگرەوە ناهێڵێت کە بەلای خۆیەوە بیروڕای باشتری هەیە بەڵام لە جیاتی ئەوەی بیخاتە سەر خوانی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنەوە ڕێگەی زۆر سەلبیی توانج گرتن دەگرێتە بەر، بەمەشدا کەس سوودمەند نابێت و چ هەڵەش ڕاست ناکرێنەوە.

بەولای ئەو هەنگاوانەی کۆڕ هاویشتی بۆ قەراردادەکردنی ڕێنووسێکی بەپێوانە و کێشانەی کوردی، چ هەنگاوێك مابوو نەیهاوێژێ؟ ئێمە با لەوە بگەڕێین چ لایەنێکی تر هێندەی کۆڕ لە پەرۆشیی کۆکردنەوەی بیروڕای ڕۆشنبیراندا نەبووە بەدەوری پرسیارێکی وەهادا چونکە لەو بەیەکدی گرتنەدا کۆڕ بەجۆرێکی وەها لە بەراییی ڕیزی پەرۆشدارانەوە دێت کە ئیتر پێویست نەمێنێ بۆ پتر بەدواکەوتنی مەوزووعەکە، با بەچاوێکی (موضوعی) سەیری هەنگاوەکانی کۆڕ بکەین و ڕەخنە و نرخاندنیان لەسەر هەڵستێنین:

١– کۆڕ هەموو شێوە ڕێنووسێکی لەمەوپێشی کوردی کۆ کردووەتەوە و دەرسی کردوون.

٢– کۆڕ هاریکاریی کردووە لەگەڵ ئەوانەی بەڕێنووسەوە خەریکن و بیروڕای وەرگرتوون.

٣– کۆڕ بەوردی و بەدوور و درێژی هەموو پێشنیارێك و ئیحتیمالێکی داوەتە بەر سەرنج لێگرتن و لێکۆڵینەوەوە.

٤– کۆڕ پوختەی پێشنیار و بڕیار و بیروڕای خۆی خستووەتە بەر نیگای خاوەن بیروڕایانەوە بۆ ئەوەی چی بەچاکتر دەزانن ئەوانیش بیکەنەوە بەپێشنیار و بیدەنەوە بەکۆڕ، لە ماوەی شەش مانگ دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەی.

٥– تا ئێستاش کۆڕ باوەش و دڵی خۆی کردووەتەوە بۆ ئەوەی جەماوەری ڕۆشنبیرانی کورد بەچاکتر و پەسەندتری دەزانن.

ئەگەر چ هەنگاوێکی تر هەبێ نوقسانی کارەکەی کۆڕ پڕ بکاتەوە بەخەیاڵی بەرپرسیارانی کۆڕدا نەهاتووە، ئەوەندەی خەیاڵیش بەملا و بەولادا دەگێڕم چی ترم بەبیردا نایەت، خوێنەرێکیش لەلای خۆی چ بیروڕا و پێشنیارێکی هەبێت لەبارەی ڕێنووسەوە و بەکۆڕی ڕانەگەیاندبێت، لەسەریەتی بیروڕاکەی دیار بخات بەڵکو لە ڕێبازێکەوە بۆ چارەسەرکردنی یەکێك لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردییەوە ڕۆیشتبێت بەبیری یەکێکی تردا نەهاتبێت. بێگومان بیروڕا ئەگەر وەك گەوهەریش ساغ و پرشنگدار بێت، لە ژێر پەردەی شراوەییدا شەوق ناداتەوە.

کۆڕ لەو بەشە یەکەمەی پێشنیارەکانی، لەبارەی ڕێنووس و ئەلفوبێوە، نموونەیێکی

لێکدانەوەی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە خستووەتە بەرچاوانەوە بەو ئومێدەی ئەگەر شتێکی چاکتر هەبێ لای خوێنەران بۆی بێتەوە بەپێشنیار. دەزانین گەلێك باری تری ڕێنووس پێویستی هەیە بەدەرسکردن و لێکۆڵینەوە، هەر بۆیەیشە پێشنیارەکانی کۆڕ بە (بەشی یەکەم) داندران. هەرچەند من ڕێگە بەخۆم نادەم لەم قسانەمدا هەڵوەستێکی (مامۆستایانە) ڕاوەستم لە ئاست خوێنەراندا، وەك کە لە قوتابخانە مامۆستا بەسەر قوتابیانەوە دەبێتە ڕابەر، ئیتر هەلومەرج دانێم بۆ ئەو کەسەی لێی دەوەشێتەوە بیروڕا لەبارەی ئەلفوبێ و ڕێنووسەوە دەربڕێت چونکە قسەکەم ڕووی لە هەمووانە، پەڕاوێزی داواکردنەکەش تا بڵێی بەرفرەوانە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زەرەرێك پەیدا نابێ لەوەدا یەك دوو تێبینی و ئامۆژگاریی برایانە پێشکەش بەدڵسۆزانی ڕێنووسی کوردی بکەم کە دێن بەپێی باوەڕی خۆیان باشترین پێشنیار دەخەنە سەر خوانی لێکۆڵینەوەی خوێنەرانەوە، مەبەستیشم ئەوەیە دووچاری دڵشکستەیی نەیەن کە لە دواڕۆژدا ببین پێشنیارەکانیان لە بابەتی سەرپێییبوون، وەیا هەر لە ڕێی موناقەشەوە خێرا ئەو ڕاستییەیان بۆ دەربکەوێت.

تێبینیی یەکەم:

هەرچەند ئاسانی و جوانیی ئەلفوبێ و ڕێنووس مەبەستێکی بنجییە لەو دەستوورانەی بۆیان دادەندرێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بە بەرچاوی خۆمانەوەی بگرین کە گونجانی ئەو دەستوورانە لەگەڵ سروشتی ئاخاوتن و ڕێزمان بەر لە هەموو ئامانجێکەوە دێت. تۆ کە هاتی دەستوور دانێیت بۆ نووسینی گوتەیێکی وەك: (لە هەولێرەوە – بەمەدا – لەمەدا – لەواندا – لە بیتوێندا – لە بێتووشڕا – بەمەوە – لەمەوە) چاوەڕوان دەکرێ بایەخ بەم ڕاستییانەی خوارەوە بدەیت لە دەستوورەکەتدا تاکو مومکین بێ دەستوورەکەت لەگەڵ سروشتی گوتەکە بگونجێت.

١– ئەو کەرتەی لە گوتەی (لە بێتووشەوە) پێی دەگوترێ preposition تەنیا وشەی (لە) نییە، کەرتەکەی دوای (بێتووش)یش تەواوکەری (لە)کەیە، واتە (لە – ەوە) سەرلەبەریان پریپۆزیشنن. کەواتە دەبێ ئاگات لەوە بێ کە تۆ وشەی (لە)ت بەجودا نووسی و تەواوکەرەکەی (ەوە)ت بەپێش خۆیەوە لکاند دوو مامڵەتی لە یەکتر نەچووت لەگەڵ دوو کەرتی یەك پریپۆزیشندا کرد. بەلای منەوە مامڵەت جودایی ئەگەر بەچاوی کراوەوە بێت، نەك لە ناشارەزایی و بێ ئاگاییەوە، دەشێ

بدرێتە بەر دەستووری ڕێکوپێکەوە وەك ئەوەی کە بگوترێ هەموو تەواوکەرێکی ئەوتۆیی بەپێش خۆیەوە بلکێندرێت.

ئەم تەواوکەرە وا دەبێ بەدوا نیمچە ڕستەشدا دێت، وەك کە خۆم تازە گوتم (لە نەشارەزایی و بێ ئاگاییەوە).

(لە بێتووشدا، لە بێتووشڕا) ئەوانیش هەمان شکڵی پریپۆزیشن و تەواوکەرەکەیان تێدایە، دیارە دەبێ یەك دەستوور بۆ هەمووان دابندرێت.

کە گوتت (لە بێتووشا) پیتە (د)ی تەواوکەرەکەی (دا)ت سواندووە. بەلای باوەڕی منەوە ئەم سوانە، کە تایبەتیی پیتە (د)ی ئاخاوتنی (سلێمانی)یە، نابێ بەسەر هەموو زمانی کوردیدا بسەپێ. چ مانیع نییە لە هەڵبەستدا بەپێی داخوازی کێش و قافیە (د)ەکە بسوێت، بەڵام بەعادەت لە نووسینی پەخشاندا دەبێ پیتە (د)ەکە نەسوێت. وەك ئەمەش (لە پێشان، لە پاشان) وا دەزانم ڕاستییەکەی (لە پێشدان، لە پاشدان)ە.

کە تۆ ئەم ڕاستییانەت زانی، ناچار دەبی لە دەستوورەکەتدا ڕەچاویان بکەیت ئیتر هەر جۆرە ڕەچاوکردنێك بێت چاکترە لەوەی بۆیان نەچووبیت.

پریپۆزیشنی (بە، تێ، پێ)ش تەواوکەریان هەیە وەك (لە) بەڵام تەواوکەری (تێ، پێ) لە خۆیان جودا نابێتەوە وەك: (تێوەڕامان، تێڕادیتن– پێوەبوون، پێڕاهاتن). پێی ناوێ زۆری بەدوا بکەوم چونکە مەبەسم دەستووردانان نییە بەڵکو سەرنج ڕاکێشانە و بەس.

٢– کە دەڵێی (بەمەدا، لەوەوە، لەوێوە، لەوێڕا...) ئەسڵەکەیان (بەئەمەدا، لە ئەوەوە، لە ئەوێوە، لە ئەوێڕا) بووە و پیتە (هەمزە)کەی سەرەتایان تێ چووە. وا دەزانم زۆربەی نووسەران، بگرە هەموویان، لەم حاڵانەدا وشەکان بەسەریەکەوە دەنووسن، واتە مەودا ناخەنە نێوان پریپۆزیشنەکە و وشەی دوایەوە. کە حاڵ وەها بێ پێویستە ئەم دەستوورە لە هەموو جێگەیەکدا بەکار بێت کە پیتی سواو لە سەرەتای وشەوە هەبووبێت. کە نووسیت (لە ئەم کاتەدا) وشەی (لە) جودا دەنووسرێ، بەڵام کە نووسیت (لەم کاتەدا) هەردوو وشەی (لە – م) بەسەریەکەوە دەنووسرێن. جا ئەگەر گەڕایتەوە بۆ سەرەتای لاپەڕە (٣٧٤)ی بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕ و دیتت پێشنیاری کۆڕ ئەوەیە لە حاڵی سوانی نیشانەی ئەمر کە پیتی (ب)ە دەبێ پێشگر بەفیعلەوە بنووسێت، بزانە کەوا کۆڕ ئەم لایەنەی سوانی

پـیـتـی سەرەتـای وشەی تـێ خـوێـنـدووەتـەوە لـە پـێشـنـیـارەکـانـی خـۆیدا. بـەپێی دەستووری کۆڕ دەبێ بنووسرێ (هەڵ بەستە، تێ بنیشە، پێ بکە..)، بەڵام کە (ب)ەکە سوا دەبێ بنووسرێ (هەڵستە، تێنیشە، پێکە).

من کە هەموو جار دەنووسم (تێ خوێندنەوە) و پێشگرەکەی «تێ» بەفیعلەکەوە نالکێنم لەمەدا پشت لە پێشنیاری کۆڕ دەڕۆم، بەڵام مەبەستم سەرپێچی نییە لەو پێشنیارانەی کۆڕ بەڵکو لەو ڕەفتارەدا دوو خاڵم بە بەرچاوی خۆمەوە گرتووە: یەکیان ئەوەیە تا ئێستا ئەو پێشنیارانە نەبوون بەبڕیاری یەکجارەکی، دووەمیان ئەوەیە من لەبارەی پێشگرەکانی (تێ، پێ، لێ) ڕایەکی تایبەتیم هەیە کە جودایان دەکاتەوە لە پێشگری وەك (هەڵ، دا، ڕا، وەر..). بەلای منەوە (تێ، پێ، لێ) سروشتی پریپۆزیشنیان پتر تێدایە لە سروشتی پێشگر کە ئێرە جێی درێژە پێدانی تێدا نابێتەوە. بەکورتی دەڵێم «پێ» لە پریپۆزیشنی «بە» وەرگیراوە، «لێ، تێ»ش هەردوویان لە پریپۆزیشنی «لە» وەرگیراون. «لە، بە» دەچنە سەر ناو و ڕاناوی لکاو وەك «لە دارا گەڕێ – بەزستانان پینە و پەڕۆ، بەمن مەڵێ، لە من گەڕێ»، بەڵام کە چوونە سەر فیعل و ڕاناوی لکاو دەبنە «پێ، لێ، تێ»، نموونەی ڕوونکردنەوە لەم ڕستانەدا دەدیترێ: (لە ئەحمەد مەدە، لێی مەدە – لە تۆ ناگەم، تێت ناگەم) (بەکابرام گوت مەڕۆ، پێم گوت مەڕۆ) (تێگەیشتن، لێگەڕان، پێگوتن – ئەمانە نموونەی پێشگرەکان و فیعلن چونکە چاوگ وەك فیعلە).

تێبینیی دووەم:

ئەو وشانەی کە بەواوی بێ بزوێن دەست پێ دەکەن وەك (ورچ، وزە، ورد، وریا، ورتە...):

بـۆ ئـەوەی بـڕیـار بـدەیت ئـەم واوانـە بـەدوو پـیت بـنـووسیت یـاخـود بـەیـەك پیت، سەرنجێك بدە ئەم لێکدانەوەیە:

لە نووسینی ئەو وشانەی بە (ر) دەست پێ دەکەن، نووسەران دەڵێن پێویست نییە نیشانەی (ر)ی قەڵەوی بخرێتە سەر چونکە هەمیشە دەنگی (ر) لە سەرەتای وشەدا بەقەڵەوی دەردەبڕدرێت، کەواتە لزووم بەنیشانە ناکات. کە ئەم لێکدانەوەیە و ئەو بـڕیـارە قـبـووڵ بـکـرێت دەبـێ بـەنـیسبـەت وشەی (ورچ، وشە، وزە...)یشەوە هـەمـان لێکدانەوە بکرێت: دەبێ بزانین ئایا هیچ وشە هەیە لە کوردیدا بەواوی وەستاویش دەست پێ بکات و کورتە بزوێنی (ضمة)شی تێدا نەبێت؟ چونکە ئێمە دەزانین ئەو

وشانەی کە هەندێك لە نووسەران بەدوو واو دەیاننووسن هەموویان لە واوەکەیاندا ئەم کورتە بزوێنەی (ضمە) هەیە. ئەوی ڕاستی بێ (واو) و (یێ) کە لە سەرەتای وشەدا بەوەستاوی هاتن (واتە بزوێنیان بەدوادا نەهات) بەناچاری دەبێ کورتە بزوێنیان تێدا بدرکێندرێت دەنا دەربڕینیان لە ئیمکاندا نابێت؛ کورتە بزوێنی ناو (واو)ەکە (ضمة)یە و هی ناو (یێ)کەش (کسرة)یە. لەم نموونانەی خوارەوە نەختێك ڕوونکردنەوە پەیدا دەبێت:

لە کوردیدا ئەم وشانە هەن:

کڕ [بەواتای بێ دەنگ وەیا مەیلەو ڕەق]

کوڕ [بەواتای «ولد»ی عەرەبی]

کووڕ [بەواتای قەمبوور]

لەم وشانەدا جارێکیان پیتی (ك) چ بزوێنی بەدوادا نایەت وەك (کڕ).

جارێکیشیان کورتە بزوێنی (ضمة)ی بەدوادا هات وەك (کوڕ – ولد).

جاری سێیەم بزوێنی درێژی تیژی واوی بەدوادا هات وەك (کووڕ) – کە هەندێك بە دوو واوی دەنووسن «واو»).

تۆ بێنە پیتی (ك) لە وشەی (کڕ)دا بگۆڕە بە (م) وشەکە دەبێتە (مڕ)، بیگۆڕە بە (د) دەبێتە (دڕ).

ئێستا بێنە (ك)ەکە بگۆڕە بە (و) و بیکە بە (وڕ)، ئایا پێویست دەبینی ئەم (واو)ە بکەیت بەدوو، لە حاڵێکدا کە (ك)ەکەت گۆڕی بە (م، د) لزوومت نەدیت هیچ (واو)یان بەدوادا بێنیت؟

دەزانین لە کوردیدا (کڕ، کوڕ، دڕ، دوڕ) هەیە، ئایا لە هیچ حاڵاندا وشەی وەك (وزە، ووزە – ورتە، وورتە – ورچ، وورچ – وشە، ووشە) بەچەنگ دەکەوێ مەجبوورمان بکات جارێکیان (واو)ەکە بەیەك پیت بنووسین و جارێکیشیان بەدوو پیت بنووسین؟ بەلای منەوە دەبێ لە پێشەوە زمانەکەمان سەروبن بکەین، بەدوا ئەو وشانەدا بگەڕێین کە بەپیتی (واو)ی وەستاو دەست پێ دەکەن، جا ئەگەر دیتمان هەندێکیان واوەکەیان بەتەواوی وەستاوە و هەندێکیشیان وەك (کوڕ، دوڕ) واوەکەیان کورتە بزوێنی (ضمة)یان بەدوادا دێت ئەوسا پێویستە وشەکان بەدوو جۆر بنووسین، جۆرێکیان

بەیەك (واو) جۆرێكی تریشیان بەدوو (واو). خۆ ئەگەر زانیمان هەموو وشەكان وەك یەك وەهان، ئەوسا دەبێ بەچاوی كراوەوە بڕیارێك بدەین ئیتر یا بەیەك (واو) بنووسرێن یا بەدوو (واو)، هەر كامێكیشیان كرا بەبڕیار بەڵگەی لەگەڵ خۆیدا دێت، چونكە ئەوەی گرنگە زانینی ڕاستییەكەیە، كە ڕاستییەكە زاندرا بەخۆی و بەڵگەیەوە دەزاندرێت.

كۆڕ كە هات لە نووسینی خۆیدا وای پەسەند كرد وشەكان بەیەك (واو) بنووسرێن، ئەم لێكدانەوانەی كردبوو. من كە دێم لێرەدا بۆچوونەكان دووبارە دەكەمەوە مەبەستم ڕاكێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ ئەو بارانە و گۆشەنیگایانەی كە مومكینە ببن بەڕوانگەی لێوە سەیركردن.

تێبینیی سێیەم:

زانیمان و گوتمان وشەی پریپۆزیشن بەوشەی دوای خۆیەوە نالكێ هەروەك ناو و ڕاناو و ئاوەڵناو بەدوا خۆیانەوە نالكێن، زانیشمان كاتێك كە پیتی قرتاو لە سەرەتای وشەی دوای پریپۆزیشن هەبوو وا پەسەند دەكرێت پێوەی بلكێت. ئێستا پێویستە ڕاستییەكی گرنگ لە باسی پێوە لكان و نەلكانی وشەی پریپۆزیشن بەدواخۆیەوە ڕوون بكرێتەوە.

وا دەبێ نیمچە ڕستەی ئاوەڵكار adverb پریپۆزیشنی تێدا دەبێت، دەشزانین ئاوەڵكار لەو ڕێزمانانەی كوردی ئەمڕۆی عێراق دەیخوێنن بە بەشێكی سەربەخۆی ئاخاوتن ژماردراوە وەك (ناو، كار، ڕاناو، ئاوەڵناو.. «صفة»...). كەواتە ئاوەڵكارێك خۆی بەشێكی سەربەخۆ بێت لە ڕێزماندا ناشێ نووسینەكەی پچڕپچڕ بێت. بەنموونە دەڵێم لە ڕستەی (من و تۆ «بەبرایەتی» دەبەینە سەر) گوتەی «بەبرایەتی» ئاوەڵكارە و سەرەتاكەشی پریپۆزیشنە. لێرەدا وشەی «بە» وەك ئەو «بە»یە نییە كە لە ڕستەی (بەپارە نانم كڕی) دەوری پریپۆزیشنی دیتووە و وشەی تازەی دروست نەكردووە.

جارێكی تریش مەبەست پتر ڕوون دەكەمەوە:

هەر تازە چەند جارێكیان وشەی «سەربەخۆ»م بەكار هێنا، كە پریپۆزیشنی «بە»ی تێدایە بەڵام واتایێكی تایبەتی هەیە وەك (جوان، بەرد، بەردەست، دەرد..). هیچ لێكدانەوەیێكی ژیرانە لێمان ناسەلمێنێ ئەم وشەیەی «سەربەخۆ» كەرت كەرت بكرێ لە نووسیندا. ئێمە دەنووسین (بەخۆمان نەوێراین) و «بە» كە دوور دەخەینەوە لە

«خۆمان»، بەڵام ناشێ ئەم کەرتکردنە لەگەڵ «سەربەخۆ»دا بەکار بێت و بنووسرێت «سەر بە خۆ» چونکە وشەیێکی تازەیە و لە بەشی ئاوەڵناو «صفە» حیساب دەکرێت.

ئەم نموونانە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر چ لە کاتی پێشنیارکردندا بێت و چ لە باری ڕەخنەگرتندا بێت لایەنەکانی داخوازی ڕێزمان لە بیر نەکات چونکە پێوەندیی «عضوی»ی بەرێنووسەوە هەیە و لە یەکتر جودا ناکرێنەوە.

تێبینیی چوارەم:

لە نووسینی وشەی وەك (کاووڕ، باووڕ، کاوول، پاییز، داییك...) کە کورتە بزوێن بەدواو واوەکە و یێیەکەدا دێت لەو حاڵانەی پیتی کۆتاییی وشەکان وەستاو بن، خوێنەر ئاگادار بێ لەوەی کە ئەگەر پیتەکانی کۆتایی بزافتران کورتە بزوێنەکەی دوای واو و یێیەکە تێ دەچێ. بەنموونە، کە گوتت (کاوڕەکەم دەڵەوەڕێنم، دایکم وای پێ گوتم) پێویست بەوە نامێنێ بزوێن بەدوای واوی «کاوڕ» و یێی «دایك»دا بێت مەگەر بۆ مەبەستی تەئکید. جا کە یەکێك ویستی بڕیار بدات نووسینی ئەم تەرزە وشانــە بــەدوو «و» و دوو «ی» بــێت دەبــێ لــە بــیــری بــێت کــە هــەمــوودەم ئــەم دووبـارەکـردنـەوەیـە ڕاست نـیـیـە چـونـکـە هـەمـوودەم کورتـە بـزوێـنـەکـان پـەیدا نین. هەروەهاش کە هات و بڕیاری دا لە کاتی پەیدابوونی بزوێنەکان بیاننووسێت و لە کاتی سوانیشیان نەیاننووسێت، ئەوسا یەك وشە بەدوو شێوە دەنووسرێت کە ئەمەش ئەنجامێکی سەیرە و جێی ئەندێشەیە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کەوا بەشێکی بەرچاوی وشەی کوردی لەم بابەتەن. خۆ ئەگەر ئەمەشیان بخەینەوە سەر ئەو وشانەی کە لە نووسینی لاتینیدا جارێکیان قورسایی سەر پیتی کۆتاییان دەسوێت و جارێکیشیان قورساییەکە دەمێنێت [لێرە بەپێشەوە باسمان کرد] بەپێی مان و نەمانیشی دەبێ پیتی بۆ دابندرێت و بسڕێتەوە، ئیتر ژمارەی ئەو تەرزە وشانەی دوو شێوە ڕێنووسیان بۆ بەکار دێت نیوەی فەرهەنگی کوردی پڕ دەکاتەوە.

تێبینیی پێنجەم:

ئەم چەند خاڵانەی تێدا ڕەچاو دەکرێت:

١– ئەوانەی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك بەدوا وشەی وەك (نووسی، بڕی)دا دەنــووسن وەیــا «ی» وەسف و «اضافــە» بــەدوا وشەی وەك (مــاسی، تــرۆزی)دا دەنووسن:

دارا نووسیی، بڕیی

ماسیی دەریا، ترۆزیی ناسك

دەبێ سەرنجیان بۆ کۆمەڵێك ڕاستی ڕابکێشم کەوا بەدرێژی لە گوتاری [بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا] باسم کردووە و نابێ لێرە دووبارە بکرێتەوە، بەڵام ئامۆژگاریم ئەوەیە خوێنەر سەیرێکی لاپەڕەکانی «٦٠» و بەرەو دواتری بەرگی یەکەمی گۆڤاری زانیاری کورد بکات، بەتایبەتی لاپەڕەکانی (٦٤، ٦٥، ٦٦)، تا بزانێ ژیاندنەوەی ئەو دەنگە «ی»ەی کە لە ئاخاوتندا دەرناکەوێت بۆ چ لایێکمان دەبات. من لێرەدا نموونەیێکی ئەو زەحمەتییە بێ سەروبنەت دەهێنمە بەرچاو کە لە کۆتاییی لاپەڕە «٦٥» و بەشی زۆری لاپەڕە «٦٦»ی گۆڤارەکەدا دەیخوێنیتەوە:

«لە ئەنجامی ئەم تێکەڵ پێکەڵی و مەعلووماتفرۆشییەدا، ئەم لیستە سیحرییەی خوارەوە پێك دێت:

(بارام دزیی) چونکە ڕابردووی تێپەڕە بۆ شەخسی سێیەمی تاك.

(بارام خزی) چونکە ڕابردووی تێ نەپەڕە بۆ شەخسی سێیەمی تاك.

(جەنابت دزیت) چونکە ڕابردووی تێپەڕە بۆ شەخسی دووەمی تاك.

(جەنابت خزییت) چونکە ڕابردووی تێ نەپەڕە بۆ شەخسی دووەمی تاك.

(جەنابت دەدزییت)
(جەنابت دەخزییت) | چونکە کارەکە «مضارع»ە بۆ شەخسی دووەمی تاك.

(جەنابت دەچیت) چونکە کارەکە لە ئەسڵدا «ی»ی نییە.

(ئێمە خزیین) چونکە ڕابردووی تێ نەپەڕە بۆ (جمعی متکلم).

(ئێمە دەخزیین)
(ئێمە دەدزیین) | چونکە کارەکە «مضارع»ە بۆ (جمعی متکلم).

(ئێمە دەچین) چونکە کارەکە لە ئەسڵدا «ی»ی نییە.

نموونەکانی ناو گۆڤارەکە تەواو بوون.

ئەم لیستەیە بەشێکە لەو زەحمەتییەی کە بەژیاندنەوەی یێی سواوی هەندێ شوێنی ئاخاوتنی کوردی بەرەنگارمان دەبێت.

لێرەدا دەبێ شتێك ڕابگەیەنم، لەم لیستەیە دوو نموونەی (جەنابت دەدزییت، جەنابت دەخزییت) و (ئێمە دەدزیین، ئێمە دەخزیین) ڕاست نین چونکە لە سیغەی موزاریعی ئەم کارانەدا پیتی «ی» دەرناکەوێت، تەنیا ڕاناوە لکاوەکانی «یت» و «ین» دەردەکەون. کەواتە بەهەموو مەزهەبان دەبێ بنووسرێن (جەنابت دەدزیت، دەخزیت – ئێمە دەدزین – دەخزین).

من کاتی خۆی ئەم دوو نموونەیەم بەئانقەست هێنانەوە بۆ ئەوەی بزانم کەس ڕەخنەم لێ دەگرێت؟ لەگەڵ چاپکردنی گوتارەکەشدا ڕاستیی مەسەلەکەم نووسی و خستمە زەرفێکەوە و بەئەمانەت لای فەرمانبەرێکی کۆڕم دانا تاکو ئەگەر لە دواڕۆژدا ڕەخنەم لێ گیرا پاکانە بۆ خۆم بکەم کە نموونەکان بۆ تاقیکردنەوەن نەك هی نەزانینن. ئێستا دوای سێ ساڵ لە بەسەرچوون و بڵاوکردنەوەی گوتارەکە لێرەدا داخوازی جێگە چۆنییەتییەکەم پێ ئاشکرا دەکات. بەڵام ئەوەندە هەیە کەوا من هەرچەند بەئانقەست نموونەی هەڵەم هێناوەتەوە، نموونەی ڕاست هەن لە جێگەی ئەواندا دابندرێن:

(جەنابت دەژییت)
(ئێمە دەژیین)
| چونکە لە سیغەی (مضارع)ی کارەکەدا (ی) هەیە.

جگە لەم کارە هی تریش هەیە ببێتە نموونە وەك کە بێیت و پیتی «ژ» لە نموونەکاندا بگۆڕی بەپیتی «ڕ».

بەهەمەحاڵ پێویستە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ گوتارەکە..

٢– ئەوانەی دەنووسن (چۆنێتی، ڕاستێتی، چاودێرێتی..) کە لە وشەکانی (چۆنی، ڕاستی، چاودێری...)یەوە وەرگیراون، بەکارهێنانی ناوچەیی نەك هی زمانی کوردی دەکەن بەدەستوور چونکە لە کوردیدا ناشێ دەنگی (ی – یێی درێژی تیژ) کە لە ئاخاوتندا دەشکێتەوە بۆ سەر ئەو بنجانەی پێکیان هێناوە بکرێ بە (ێ – یێی درێژی پەل) چونکە ئەمە گۆڕینێکی ڕیزپەڕ (شاذ) و دژە دەستوورە. ئەم تەرزە یێیە درێژە تیژەی کۆتاییی وشە کە هات و شکایەوە، دەبێ بەپێی یەك دەستووری گشتی لە هەموو حاڵاندا وەك یەك بشکێتەوە ئەویش ئەوەیە بکرێ بە (دەنگی کسرة و دەنگی یێی کۆنسنانت) وەك: چۆنییەتی، ڕاستییەتی، چاودیرییەتی. بەڵام بۆ مەبەسی سووك ئاخاوتن بەزۆری دەگوترێ و دەبێ، بنووسرێ: چۆنیەتی،

ڕاستیەتی، چاودێریەتی.

ئەوەی من دەیڵێم کورتکردنەوەی تێدایە، ئەوەی بەشێکی نووسەرانیش دەینووسن گۆڕینی دەنگی تێدایە، گۆڕینەکەش هەر لە یەك ناوچەدا دەکرێت نەك لە هەموو کوردستان وەیا بەشی زۆری کوردستان، دیارە کورتکردنەوەش لە کوردیدا دەستوورێکی زۆر پەرەسەندووە بەپێچەوانەی گۆڕینی دەنگ کە کارێکی ناجایەزە هەروەك گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر) لە ناوچەی کۆیێ ناجایەزە.

ئەو ناوچەیەی یێی تیژی درێژ لەو وشانەدا دەگۆڕێ بە یێی پەلی درێژ هەر خۆی لە جێگەی تردا یێی تیژ دەشکێنێتەوە بە (کسرة و یێی کۆنسنانت) وەك کە دەڵێ (چاودێرییە ڕاست و دروستەکە، زمانە ئەڵمانییە زۆر سەختەکە، ئەو بڵندییەی لە تۆوە دیارە) کە لە وشەکانی (چاودێری، ئەڵمانی، بڵندی)یەوە (ی)کان شکانەوە بە (...ییە). هەروەك (بڵندی) لە شکاندنەوەدا دەبێتە (بڵندییە...) هەروەهاش «برسی» دەبێ بکرێتە (برسییەکان، برسییەتی – نەك برسێتی). کە هاتیت بەم لێکدانەوەیە ڕازی نەبوویت دەبێ بەڵگەی وەها بهێنیتەوە وەرامی هەموو ڕەخنە و پرسیاران بداتەوە، ئەوەش بەئیسپات بگەیەنیت کە گۆڕینی دەنگەکە لە فلانە ناوچەدا کارێکی ڕاستە و دەستوورە گشتییەکەی هەموو کورد هەڵەیە.

٣– شکاندنەوەی واوی تیژی درێژیش لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی دەوێ، ئەو وشانەی کە کۆتاییەکەیان (وو)ە وەك (ماندوو، سنوو، بێزوو، مازوو، هەڵاتوو، چوو، بوو، دڕوو..) چۆن دەخرێنە ناو ڕستەی وەك (دارا ماندوە – دارا ماندووە)وە، ئایا واوەکە هەر بەیەك پیت دەنووسرێت یاخود ئەویش وەك یێی تیژی درێژ لە شکاندنەوەدا دەکرێتە (ضمة و واوی کونسنانت). سەرنج بگرە لە وشەی (هەڵاتوو)، ئەمە ناوی کارا (اسم فاعل)ە لە کاری (هەڵاتن)ەوە وەرگیراوە. لێرەدا واوەکە بەدوا کۆنسنانتدا هاتووە بۆیە بووەتە بزوێن، بەڵام ئەگەر بەدوا بزوێندا هاتبایە دەبوو بەکۆنسنانت وەك (وەستاو، سووتاو، داماو...). دیارە کە بڵێین (دارا وەستاوە) بیریش لەوە ناکەینەوە ئایا واوەکە چۆن و چەند بنووسین. بەڵام وشەی (بوو، چوو، ماندوو..) چ وێنەی تریان نییە واوەکەیان کۆنسنانت بێت. ئایا تۆ بەلاتەوە دەشێ ئەو واوەی جارێکیان کۆنسنانت و جارێکیان بزوێن بێت وەك ئەو واوە حیساب بکرێت کە هەمیشە بزوێنە؟ ئەگەر وەك یەکتریشت حیساب نەکردن چۆن لە یەکتریان جودا دەکەیتەوە؟ ئایا ڕێ بەخۆت دەدەیت بنووسیت (دارا ماندووە،

دارا نووستوە – واتە جاریکیان واوەکە بەیەك پیت و جاریکیان بەدوو پیت بنووسیت)؟ بەهەر لایەکدا بکەویت پێویستە لەسەرت بڕیارەکەت بەپێوانە و کێشانە بێت.

من نالێم دەبێ خوێنەر ئەم گرفتانە چارەسەر بکات، چونکە بەڕاستی کارێکی یەکجار زەحمەتە؛ من هەر ئەوەندەم دەوێ زەینی خوێنەر ڕابکێشم بۆ ئەو لایەنانەی لێکدانەوەیان پێویستە، تاکو ئەگەر کەوتە سەر باری دانانی ڕێنووس بیریان لێ بکاتەوە، لە حالی ڕەخنەگرتنیشدا فەرامۆشیان نەکات.

ئەم چەند تێبینییانەی خستمنە بەرچاوی ڕۆشنبیری کوردەوە مشتێکن لە خرواری گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی کە پێوەندیی هەیە بەسروشتی زمانەکەمانەوە. ئەندامانی کۆڕ، ئەوانەی ئاشنای باسی سەر بەزمان و بابەتەکانی زمانن، لەمانە و لە زۆر لایەنی تریش ورد بوونەتەوە بەر لەوەی بگەن بەبیروڕایەکی یەکگرتوو، واش بووە ڕێککەوتنی گشتی مومکین نەبووە، پێشنیارەکە بەدەنگی زۆربەی ئەندامان پەسەند کراوە. من بۆخۆم وام پەسەند دەکرد هەموو ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب)ی وەك (نان خۆر، دەست بڕ، جل شۆر، گۆشت کوڵێن...) بەسەریەکەوە بنووسرێن (نانخۆر، دەستبڕ، جلشۆر، گۆشتکوڵێن..) نەك تەنیا ئەو ناوانەی دەبنە وشەی فەرهەنگی و دەلالەتیان بۆ پیشە و کەسب و کار دەگەڕێتەوە وەك (جلدروو، سەرتاش، زیندروو..) بەو جۆرەی کە لە لاپەڕە (٣٧٤)ی بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕ نووسراوە. بێگومان منیش و ئەندامانی تری کۆڕیش، هەر لایە، بەڵگە و بنگەی لێکدانەوەی تایبەتیی خۆی هەبوو، ڕەنگە ئێستاش من هەر لەسەر باوەڕەکەی خۆم مابێتمەوە دەبێ وشەی (جلدوور، دڵسۆز، دارتاش) لە هەموو حالاندا بەسەریەکەوە بنووسرێن نەك هەر تەنیا لەبەر خۆلادان لە دوو شێوە ڕێنووس بۆ یەك وشە، بگرە لەبەر هۆی تر کە ئێرە جێی شیکردنەوەی نابێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێزم بۆ بیروڕای هاوڕێکانم هەیە چونکە لەسەر لێکدانەوە و تۆژینەوەوە هەڵستاوە، پێڕەویی ڕێنووسەکەی کۆڕیش دەکەم مەگەر لە حالی فەرامۆشکردندا. ئەو فەرامۆشکردنەش تا ئێستا نابێتە بنگەی «هەڵە» چونکە پێشنیارەکانی کۆڕ تا ئێستا نەبوون بەبڕیار.

خوێنەر دەبینێ من نووسیومە و دەنووسم «ئەلفوبێ» کەچی لە ناوەڕاستی لاپەڕە (٣٦٥)ی بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕ نووسراوە (ئەلف و بێ). وابزانم من باشتر پێڕەویی پێشنیارەکانی کۆڕم کردووە لە نووسینی (ئەلفوبێ)دا چونکە دووجاران بەر

ئەو پێشنیارانە دەکەوێت، جارێکیان لەوەدا کە وشەی لێکدراو بوو بەوشەی فەرهەنگی دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێت وەك کە لە لاپەڕە (٣٧١)ی گۆڤارەکە پێشنیار کراوە (٦ – وشەی داتاشراو)، جارێکیشیان لەوەدا کە بەپێی پێشنیاری لاپەڕە (٣٧٥)ی گۆڤارەکە (١١ – وشەی یەك واتابەخش) ئەم واوە عەتفەی نێوان «ئەلف» و «بێ» وەك وشەی «پێوقەدەم» دوو کەرتی وشەکە لە یەکتر جودا ناکاتەوە. من کە نووسیم (ئەلف و بێ) تەنیا مەبەستم دەنگی ئەلف و دەنگی بێ، وەیا پیتی ئەلف و پیتی بێ، دەبێ. بەڵام کە نووسیم «ئەلفوبێ» هەموو ئەبجەدییەم مەبەست دەبێ.

هەروەهاش زۆر جاران نووسینی نیمچە ڕستە وەیا فیعلی ڕاناودار بەدوو جۆر دەنووسم وەك کە دەنووسم (دەت بینم، دەتبینم). هەرچەند ئەمە پیشەیێکی باشیش نەبێ، بەڵام وەنییە لێی بێ ئاگا بم، بەڕاستی وا دەبێ لەو تەرزە جێگایانەدا بەئانقەست شێوەگۆڕی دەکەم چونکە دەمەوێ بڵێم هەردوو جۆر نووسین تەبریریان هەیە و لەوانەن ببن بەڕێنووسی نیهائی. تا ڕادەیێکیش دەست و چاو ڕاهاتن لەوەدا کاری خۆی دەکات، ئەوەندەشم هەر لە بیرە کەوا تا ئێستاش بڕیار لە کۆڕەوە، وەیا لە لایەنێکی دەسەڵات پێ دراوەوە دەرنەچووە یەکێك لەو دوو شێوەیە بسەپێنێت.

ئێمە، بەپێچەوانەی ڕای ئەو کەسانەی وا ڕادەنوێنن شێوەی ڕێنووس و زمانی ئەدەبیمان قاڵبی بەستووە، جارێ هەر بەڕێوەین، لەوەشدا چ ناتەواویێك پەیدا نابێت ئەگەر بەڕێوەبوونمان بەرەو ئاکامی ڕاست و دروستمان ببات.

## لەبارەی هەندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی

حەسەنی قزڵجی

مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد و دەمڕاستی لیژنەی زمان و زانستەکانی، کتێبێکی بەناوی «چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی» بڵاو کردووەتەوە، لەم کتێبەدا گەلێ مەبەستی وردی هێناوەتە گۆڕێ. لە هێندێکیان بەدرێژی دواوە، لە هێندێکیشیان بەدووودڵیەوە قسەی کردووە، بۆ هێندێکی دیکەشیان تەنیا ئیشارەتی کردووە. بەکورتی، دیارە ویستوویەتی ئەو مەبەستانە بخاتە پرس و ڕا و لێکۆڵینەوە، نەك هەروا ڕاستەوخۆ ڕای خۆی داسەپێنێ. ئەمەش ڕەوشت و کردەوەیێکی زۆر باش و پەسەندە.

لەم وتارەدا دەمەوێ لە چەند مەبەست، لە مەبەستەکانی ئەو کتێبە بدوێم و بنج و بناوانەکانیان پیشان بدەم. هیوادارم (کۆڕی زانیاری کورد) لە چاپەمەنیی خۆیدا بیخاتە بەرچاوی لێزانان تا بەچەشنی پێویست باسیان لەسەر بکرێ و نەتیجەی دڵخواز دەس کەوێ. مەبەستەکان ئەمانەن:

–ناوگر.

–«ت» لە کۆتاییی هێندێ فیعلدا.

– پاشگری (ره)، (وه)، (انێ).

– پاشگری (ك)، (ا).

– هاتنی (ڕاناوی لکاو) لە پێش فیعلەوە لە شێوەی کرمانجیی سەروودا.

١- ناوگر

(بەهار)[١] لە باسی جیاوازیی نێوان زمانی (پەهلەوی) و زمانی (دەری)ی کۆندا دەنووسێ: «هێندێ جار فیعلێکی تێ نەپەڕیان بەهۆی هێنانی ئەلفێکەوە دەکردە تێپەڕ وەك لە «برگشت، برگاشت = یانێ گێڕانەوە»، لە «نشست، نشاست = یانێ دانیشاندن»، لە «گذشت، گذاشت و گذارد = یانێ تێپەڕاندن»دا و هی تریان دروست دەکرد»[٢]. «هێندێ جاریش لە فیعلێك دوو تێپەڕ (متعدي)یان دروست دەکرد: یەکیان «عامّ» و یەکیان «خاص». وەك لە فیعلی «برگشتن» کە تێپەڕە عامەکەی «بر گردانیدن»ە. بۆ تێپەڕی «خاص»یش ئەلفێکیان لێ زیاد دەکرد و دەبووە «بر گاشتن». ئەمەیان نەماوە»[٣].

مامۆستا مەسعوود لە باسی ناوگردا باشی بۆ چووە. وەکو لەو قسانەی سەرەوە دەردەکەوێ ڕیشەی ئەم کارە زۆر کۆنە و ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ لای سەردەمی ساسانییەکان کە زمانی (دەری) زمانی دەرباری ئەوان بووە. لە زمانی کوردیشدا هێنانی ئەم ئەلفە لە هێندێ فیعلدا بووە و ئێستاش ماوە. بەڵام ئەمەمان لێ ڕوون نییە کە ئەم دوو زمانە، هێنانی ئەم ئەلفەیان لە زمانەکانی (پَرْثَوی - شمالی و جنوبی) وەرگرتووە، یا لە زمانی کوردیدا لە ڕۆژگارانی زۆر کۆنەوە هەر بووە، یا لە زمانی (دەری)یەوە کەوتووەتە ناو زمانەکەمان. من خۆم لام وایە ئەم (ناوگرە) لە زمانی (دەری) وەرنەگیراوە و لە ڕۆژگاری زۆر کۆنەوە لە زمانی

---

(١) (بەهار) نازناوی شیعریەتی، لەقەبی (ملك الشعرا)یە، ناوی خۆی محەمەد تەقییە، شاعیرێکی پایە بەرزی ئێرانی و زمانناسێکی ناسراو بووە. لای پرۆفیسۆر (هێرتسفێڵد)ی ئەڵمانی پسپۆڕی زمانەکانی ئەوێستایی و پەهلەوی نهێنییەکانی ئەو زمانانەی بەدەرس خوێندووە و لێیان = شارەزا بووە. کتێبەکەی ئەو (سبك شناسی) بۆ خوێندنە لە زانستگای تاران، ئەوانەی دەیانەوێ پایەی دوکتۆرا لە ئەدەبی فارسیدا وەرگرن دەبێ ئەو کتێبە بخوێنن.

(٢) سبك شناسی لاپەڕە ٣١٩.

(٣) سبك شناسی لاپەڕە ٣٢٧.

کوردیدا هەبووە. چونکە ئەو فیعلانەی زمانەکەمان کە ئەم ناوگرەیان تێدایە خاوەنی شکڵی تایبەتی کوردیی خۆیانن. بەهەر جۆر، هێنانی ئەم ئەلفە لە هێندێ فیعلی کوردیدا وەکو گوتمان ڕیشەیێکی مێژوویی کۆنی هەیە و وا دیارە گشتیتریشە لەوەی کە لە زمانی (دەری)دا بووە و کەم تا کورتێکیش ماوەتەوە. ئەوا لێرەدا چەند فیعل بەنموونە دەهێنینەوە وەك:

١- سوون: سووم، سووت، سووی، سوومان، سووتان، سوویان. ئەلفێك هاتووەتە نێوان (س) و (و) بووەتە: ساوین.

ساویم، ساویت، ساوی، ساویمان، ساویتان.

دەساوم، دەساوی، دەساوێ، دەساوین، دەساون.

(مەولەوی) دەڵێ: «بڵێسەم وەسای گەردوون سەر ساوا».

٢- جوون: جووم، جووت، جووی، جوومان، جووتان، جوویان. ئەلفێك هاتووەتە نێوان (ج) و (و) بووەتە: جاوین.

جاویم، جاویت، جاوی، جاویمان، جاویتان.

دەجاوم، دەجاوی، دەجاوێ، دەجاوین، دەجاون.

٣- بووردن (بەمانای بەخشین و واز لێ هێنان)، بووردم، بووردی، بووردین، بووردن. ئەلفێك هاتووەتە نێوان (و) و (ر) بووەتە: بواردن.

بواردم، بواردت، بواردی، بواردمان، بواردتان، بواردیان.

دەبوێرم، دەبوێری، دەبوێرێ، دەبوێرین، دەبوێرن.

ئەم فیعلە پێشگری جۆربەجۆری پێش دەکەوێ و ماناکەی دەگۆڕێ. (را) دەکەوێتە پێشی و ماناکەی دەبێتە وەخت و کات بەسەربردن: ڕام بوارد، ڕات بوارد، ڕای بوارد... تا دوایی.

پێشگری (هەڵ)ی دەکەوێتە پێش و مانای (استثناء) و جیاکردنەوە دەدات:

هەڵم بوارد، هەڵت بوارد، هەڵی بوارد... تا دوایی.

(بوار) ناوی جێگایە، ئەسڵەکەی (بوارد) بووە، دالەکەی قرتاوە، یانێ جێگای پەڕینەوە.

٤- ئەنگووتن (بەمانای پێکران، پێکیان، ئەنگێوران): ئەنگووتم، ئەنگووتی، ئەنگووت... تا دوایی. ئەلفێك هاتۆتە نێوان (گ) و (و) بۆتە: ئەنگاوتن:

ئەنگاوتم، ئەنگاوتت، ئەنگاوتی، ئەنگاوتمان، ئەنگاوتیان، ئەنگاوتتان.

دەئەنگێوم، دەئەنگێوی، دەئەنگێویٚ، دەئەنگێوین، دەئەنگێون.

ئەم فیعلە ئەگەر پێشگری (هەڵ)ی پێش کەویٚ ئەلف زیاد ناکریٚ.

(ئەنگێوە) سیفەتی فاعیلە، ئەو کەسەی باش دەپێکیٚ.

٥- شردن - ئەلفێك هاتووەتە نێوان (ش) و (ر) بۆتە (شاردن)، پاشگری (وە)ی دواکەوتووە بووەتە (شاردنەوە):

شاردمـــەوە، شاردتـــەوە، شاردیـــەوە، شاردمـــانـــەوە، شاردیـــانـــەوە، شاردتانەوە.

دەشارمەوە، دەشاریەوە، دەشارێتەوە، دەشارینەوە، دەشارنەوە

لە هێندیٚ لەهجەدا ئەلفەکە دەبێتە (ی): دەشێرمەوە، دەشێریەوە... تا دوایی.

(شارانەوە) مصدری (المبنی للمجهول)ە: شارامەوە، شارایتەوە... تا دوایی.

(شرت) لە «شرت و گوم»دا لەم ڕیشەیەیە. ئەسڵەکەی (شرد) مصدری (مرخَّم)ە. دال بووەتە تیٚ.

بۆ نموونەی (شاردنەوە): مەولەوی دەڵیٚ: «تا فەلەك مەودای نەی تۆ شاردەوە.»

٦- پەستن - ئەسڵەکەی (پەستووتن)ە. ئەلفێك هاتووەتە نێوان (ت) و (و) بووە بەپەستاوتن: پەستاوتم، پەستاوتت، پەستاوتی، پەستاوتمان، پەستاوتیان، پەستاوتتان.

دەپەستێوم، دەپەستێوی، دەپەستێویٚ، دەپەستێوین، دەپەستێون.

لە پەستا: (بیٚ پسانەوە). پەستاکردن (متراکمکردن). پەستاوتە (ادخار).

٧– ژمـردن (بـەفـارسی: شمـردن. ئـەوانـیش هـێنـدێ سیغـەی لـێ سەرف دەکەن، بەتایبەتی لە موزاریعدا). ئەلفێك هاتووەتە نێوان (م) و (ر) بووەتە ژماردن:

ژماردم، ژماردت، ژماردی، ژماردمان، ژماردتان، ژماردیان

دەژمێرم، دەژمێری، دەژمێرێ، دەژمێرین، دەژمێرن

ژمارە، ژماردە، ئەژمارە، ئەژماردە – هەموویان لەم ڕیشەیەن.

٨– بژردن – ئەلفێك هاتووەتە نێوان (ژ) و (ر) بووەتە بژاردن:

بژاردم، بژاردت، بژاردی، بژاردمان، بژاردتان، بژاردیان

دەبژێرم، دەبژێری، دەبژێرێ، دەبژێرین، دەبژێرن

–بـژاردن، پـێشگـری (هــەڵ)ی پـێش دەکـەوێ دەبـێتـە (هــەڵـبـژاردن) بەمانای (انتخاب).

–ژماردن و بژاردن، پاشگری (وە)یان دوا دەکەوێ دەبنە (ژماردنەوە) و (بـژاردنـەوە) بـەمـانـای (جُبرانـی خسارت). (بـژار)یش لـەم ڕیشـەیـەیـە، ئەسڵەکەی (بژارد)ە، دالەکەی قرتاوە.

–مصدری (ژمردن) و (بژردن) بەبێ زیادکردنی ئەلف. وابزانم لە کار کەوتووە.

٩– بزووتن (بەمانای حەرەکەت): بزووتم، بزووتی، بزووت... تا دوایی. ئەلفێك دێتە نێوان (ز) و (و) دەبێتە بزاوتن:

بزاوتم، بزاوتت، بزاوتی، بزاوتمان، بزاوتتان، بزاوتیان

دەبزێوم، دەبزێوی، دەبزێوێ، دەبزێون، دەبزێون

–بزێو – وەك (سەربزێو – دەستبزێو)، بزێوی – وەك (سەربزێوی – دەستبزێوی)، بزێوکە (بەهێندێ گۆرانیی هەرزە دەڵێن – بن بزێوکە)، بزوێن (مُحرّك) – هەموویان لەم ڕیشەیەن.

–بزووت (ئەو دارەی لە کوانوودا نەختێکی سووتاوە) لەم ڕیشەیە نییە. ئەو ئەسڵەکەی (بسووت)ە، (س) بووەتە (ز).

١٠– نْردْنْ، یان نرتن – لە نردن وابزانم تەنیا (نردوو) ماوە. بەهێندێ

نان دەڵێن کە دەیپێچنەوە و بۆ دەشتەوانیی دەنێرن. یا کەسێك دەڕوا بۆ لایەك و لەگەڵ خۆی دەیبا: (نردوویەك نان، دوو نردوو نان). بەڵام (المبني للمجهول)ی ماوە: نراومەتە سەر کار، دەنرێمە سەر کار. مصدرەکەی (نران)ە. لە (نرتن)یش کە دال بۆ تێ وابزانم تەنیا (نرت) ماوە کە لەگەڵ (نوێ) بەکار ئەهێنرێ. وەك: «نرت و نوێ».

(نردن)– ئەلفێك هاتووەتە نێوان (ن) و (ر) – بووەتە ناردن:

ناردم، ناردت، ناردی، ناردمان، ناردتان، ناردیان

دەنێرم، دەنێری، دەنێرێ، دەنێرین، دەنێرن

–لە هێندێ لەهجەدا فیعلی (ناردن) پێشگری (ئە)ی پێش دەکەوێ و (ئـ) دەبێتە (هـ). پاشان ئاوای لێ دێ:

هەناردم، هەناردت، هەناردی... تا دوایی.

١١– قەڵشتن– ئەلفێك دێتە نێوان (ڵ) و (ش) دەبێتە قلاشتن:

قلاشتم، قلاشتت، قلاشتی، قلاشتمان، قلاشتتان، قلاشتیان

دەقڵیشم، دەقڵیشی، دەقڵیشێ، دەقڵیشین، دەقڵیشن

١٢– نشت– «هاتە جەم کانیکی ڕۆنشت و نانێ خوە خوەر...» – (کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی. پرۆفیسۆر کەناتی کوردۆ، لاپەڕە ٩٦). ئەلفێك هاتووەتە نێوان (ن) و (ش) بووەتە ناشت:

ناشتم، ناشتت، ناشتی، ناشتمان، ناشتتان، ناشتیان

دەنێژم، دەنێژی، دەنێژێ، دەنێژین، دەنێژن

١٣– سپردن– ئەم فیعلە وەکو (بەهار) دەڵێ ئەسڵەکەی (آوْ سپردن)ە و (پَرْثـوَی – پەهلەوی) خالسە. لە (آوْ – بەمانا لەسەر – علی) و (سپردن) دروست کراوە. فارسەکان کردوویانەتە (آسْپُرْدَنْ). لە کوردیدا ئەلفێك لە نێوان (پ) و (ر)دا زیاد کراوە بووەتە (ئەسپاردن). (سپاردن)یش دەگوترێ:

ئەسپاردم، ئەسپاردت، ئەسپاردی، ئەسپاردمان، ئەسپاردتان، ئەسپاردیان

دەسپێرم، دەسپێری، دەسپێرێ، دەسپێرین، دەسپێرن

– (مبنی للمجهول)ەکەی (سپێران)ە: سپێرام، سپێرای، سپێرا.. تا دوایی.

– پێشگری (را)یان دەکەوێتە پێش و دەبنە (ڕاسپاردن) و (ڕاسپێران). بەمانای (سفارش)ی فارسی یا (توصیە)ی عەرەبی: ڕام سپارد، ڕات سپارد... تا دوایی. ڕاسپێرام، ڕاسپێرای... تا دوایی.

– جاری وا هەیە (پ) دەکەوێتە پێش (س) و دەبێتە (پەساردن). لەم کاتەدا تەنیا لەگەڵ (هەڵ) بەکار دێ و ماناکەشی دەگۆڕێ و دەبێتە دژی مانا پێشووەکەی.

هەڵم پەسارد، هەڵت پەسارد، هەڵی پەسارد... تا دوایی.

١٤– خوەرن. (ئەوێ خوەرن تێر نەددا زاڕوا...)، «کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، پرۆفیسۆر کوردۆ لاپەڕە ١٣٢» ئەسڵەکەی (خْوَردن) یا (خْوَەرتن)ە. بەشی هەوەڵ لەم وشەیە یانی (خوەر) بەهار دەڵێ زۆر کۆنە و لە ڕۆژگاری کۆندا تاقە پیتێك بووە، پاشان بەدوو پیت نووسراوە، شکڵی پەهلەوییەکەی (خْوَ) بووە، وەکو: (خْوَرد) و (خْوَەتای). دەشڵێ: چەند سەدەیە (تلفّظ)ی ئەوە لە بیر چووەتەوە و تەنیا کوردەکان بەدروستی دەیڵێن.

لە خوەردندا، لە جیاتی سەر (فتحة) کە ئێمە بە (ە)ی دەنووسین، ئەلفێك خراوەتە نێوان (و) و (ر) بووەتە (خواردن): خواردم، خواردت، خواردی، خواردمان، خواردتان، خواردیان. لە (مضارع)دا کە (ر)ەکە دەقرتێ، ئەلفەکەشی لەگەڵ دەڕوا:

دەخۆم، دەخۆی، دەخوا، دەخۆین، دەخۆن

وابزانم ئەوەندە نموونەیە، لەگەڵ بنج و بناوانە مێژووییەکەی، بەسە بۆ سەلماندنی بوونی (ناوگر) لە فیعلی کوردیدا.

بەڵام لەبارەی چەند وشە کە مامۆستا مەسعوود وەکو نموونە بۆ بوونی (ناوگر) هێناونی ڕام لەسەر ڕای[٤] ئەو نییە وا لە هێندێکیان دەدوێم:

(٤) ڕەنگە نەمتوانیبێ مەبەستەکە بەڕوونی دەربڕم. چونکە مامۆستا مەسعوود ئەو وشانەی بەتەردیدەوە هێناوە نەك لەسەریان سوور بێ.

١- برێشكە. ئەم وشەیە وشەیەكی كۆنی پەهلەوییە. لە ئەسڵدا (وریژیتك)ە. فارسەكان كردوویانەتە (برشته). لە كوردیدا (یت)ی لێ فڕێ دراوە بووەتە (وریژك). (و) كراوە بە (ب)، (ژ)یش كراوە بە (ش) بووەتە (بریشك). هێیەكی وەدوا خراوە بووەتە (برێشكە).

سیغەیەك لەو ڕیشەیە لە نامیلكەیەكی پەهلەویی ئەشكانیدا بەناوی (درخت آسوریك) هاتووە، كە لەبارەی كێشەی نێوان دارخورما و بزنە. دار بەبزن دەڵێ:

«هیزُم اُم آتوران كی تُوسیچْ بَریژِنْدْ» یانێ: دارم بۆ ئاگرەكانی تۆی پێ دەبرژێنن. ئەمەش دەتوانێ بەڵگە بێ بۆ ئەوە كە (ی) لە برێشكەدا لە ڕیشەی وشەكەیە و لە لاوە نەهاتووە.

٢- برنج- (ر) لەم وشەیەدا لە ڕیشەی وشەكە دەژمێردرێ. ئەمیش هەر بەو شكڵە لە (درخت آسوریك)دا هاتووە. دار لە شانازیی خۆیدا بەبزن دەڵێ: «گُوازْمْ هَچْ اَزْ كِرِنْدْ كی كوپِنْد شی و برنج» یانێ دنگ لە من دروست دەكەن كە جۆ و برنج بكوتن.

٣- ئاسەوار، لام وایە لە (آثار)ی عەرەبییەوە نەهاتووە. ئەم وشەیە ئەسڵەكەی (ئاستەوار)ە. كاتێ (ت) بەدوای (س)دا دێ، (ت) دەقرتێ و (س) قەڵەو دەكرێ وەكو: (ئیستە) كە دەگوترێ (ئیسّە). ئەمیش لە (ئاستەوار)ەوە بووەتە (ئاسّەوار) و پاشان (ئاسەوار). مەولەوی دەڵێ:

«ساقی ئاوەردە و گرد كیاسیتێنێن»

«وریا بەردێن و كـــردە ئاستێنێن»

(ئاستێن) ئەو كەسەیە كە (مُخلّفات) و شوێنەوار لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. (ئاستە) موخەلەفات و شتی جێ هێڵراوە. ئەم وشەیە وابزانم زۆر جوانە لە جیاتی (تۆمار)ی قورس و لە زمان ناخۆش بەمانای (ابقاء وتثبیت وتسجیل) بەكار بهێنرێ، وەك بگوترێ «لە مێژوودا ئاستەكراوە» یا «گۆرانییەكی ئاستە كردووە».

٤- خارشت، وشەیەكی فارسییە، ئەسڵەكەی (خارش)ە، ئیسمی مصدرە. فارسەكان خۆیان جارێ وا هەیە (ت) لە دوای ئیسمی مصدرەوە

دەهێنن، یان ئەم (ت)یە لە کوردیدا ڕەگەڵی خراوە. ئەم وشەیە و هی دیکەی لەم چەشنە لە کوردیدا ناتوانن ببنە بەڵگەی هیچ شتێك. لە کوردیدا لە جیاتی ئەم وشەیە دەڵێن (خورووو). ئەگەر مەبەست نەخۆشیی پێست بێ، بەپێی چەشنی نەخۆشییەکە ناوی هەیە وەك: بیرۆ، گەڕی، گەڕۆڵی.

٥- شەبەق، هەر شەبەقی بەمانای ئەسڵی خۆیەتی کە ڕووناکاییدانە وەك دەڵێن: «شەبەقی بەیانی» یا «شەبەقی داوە». کاتێ بەمانای (قەڵەشت) بەکار دەهێنرێ، مەبەست ئەوەیە کە ڕووناکاییی لێوە دیارە. زەمانی زوو شتێکی کون کونیان دەچنی پێیان دەگوت: (مام شەبەقە). شەوەك، شەوەکی، شەبەك، شەبەکە، لەگەڵ شەبەق هەموویان لە ڕیشەیەکن.

٦- ڕێژە لە (ڕێژان)ەوە هاتووە. مامۆستا خۆشی دەڵێ: «لە هێندێ لەهجەی کوردیدا لە جیاتی (ڕشتن)، (ڕێشتن) دەڵێن». ئەمە وەکو (گێڕە) لە (گێڕان) و (کێشە) لە (کێشان) وایە.

- (پێژە)ش لە (پێژان)ە نەك لە (پژان). لە موکریان دەڵێن: «خشتپێژ»، «تەپاڵەپێژ». بەو کەسەش کە بە بەش نەك بەکرێ تەپاڵە دەپێژێ دەڵێن «لاپێژ».

٧- ئاراو، ڕەنگە لە (ئارا) بەمانای ئەوە بێ لە گۆڕێدایە و (ئاو)ی تێك خرابێ و بووبێتە (ئارائاو) پاشان یەکێ لە ئەلفەکان قرتابێ.

٨- کۆمەڵ- (کۆم) بەمانای کۆوەبوون و گردەوەبوونە، وەك دەڵێن: «ئەم پیاوە کۆم بووەتەوە» یانێ چەمیوەتەوە و گردەوە بووە، یان کۆمایەك خۆڵ، ئەوەندەی گرد کراوەتەوە. لامەکەشی وەکو لامی گردەڵ، زەردەڵ، ڕووشەڵ، گەندەڵ، ڕووتەڵ وایە. پاشگرێکە بۆ مانای (اتّصاف و خاوەنداری) بەکار دەهێنرێ.

٩- دروێنە، لە (دروان)ەوە هاتووە. ئەلفەکەی بووەتە (ی) وەك: سوان و سوین، دڕان و دڕین، بڕان و بڕین. دروان بووەتە دروێن، پاشان (ە)ی کەوتووەتە دواوە و کردوویەتە ئیسمی مصدر یا سیفەتی

مصدری و بووەتە (درویّنە).

١٠- لامێژ- لە موکوریان (لامژ) دەڵێن، لەجیاتی (گوێرەمێژ)یش، (گوێرەمژ) دەڵێن. بەڵام لێرەدا هەق بەلای ماموّستادایە. (مژین) ئەلفی (ناوگر)ی لیّ زیاد کراوە بووەتە (ماژین). پاشان ئەلفەکە بووەتە (ی) و (ماژ) بووەتە (مێژ). لەناوچوونی (ماژ) نابێتە هۆی ئەوە کە (مێژ)ی لیّ وەرنەگیرابیّ.

١١- ڕەمانە، ڕەنگە لە پێشگری (ڕە) و (میانە) تێك خرابیّ و پاشان (ی)ی میانە قرتابیّ.

(ڕە) پێشگرێکە لە هێندیّ لەهجەدا لە پێش وشەوە دیّ و مانای (لە) و (معیّت) دەدا وەك: ڕەگەڵی کەوە، ڕەدوو کەوتووە، ڕەسەر کەوت، ڕەبن کەوت...

یا لە (ڕەمیا - نە)یە و (ی) قرتاوە، (ڕەمیا) یانیّ: هەڵاتوو، ڕۆییو و جووڵاو. مەولەوی دەڵیّ: «ڕەمیای بۆی بارووت هەردە وە هەردە».

٢- «ت» لە کۆتاییی هێندیّ فیعلدا:

«ت» لە کۆتاییی فیعلەکانی وەکو: «دەکات، دەچێت، دەخوّیت، دەکەیت، دەکەوێت»دا، وەك ماموّستا مەسعوود دەڵیّ گومانی تێدا نییە کە (ڕاناو) نییە. لە پێش هەموو شتێکدا سەبارەت بەمە کە خەڵکێکی زوّر لە کوردستان دەڵێن: «دەکا، دەچیّ، دەخوّی، دەکەی، دەکەویّ». شتی واش ناتوانریّ بگوتریّ کە ئەم هەموو خەڵکە بەهەڵە چوون. هەروەها ئەمەش ناتوانریّ بکوتریّ کە لە شێوە ئاخاوتنەکەی ئەواندا (ڕاناو) نییە.

ئەم دوو شێوە ئاخاوتنە هەردووکیان دروستن و تەنیا جیاوازیی لەهجەییان لە نێواندا هەیە. دەتوانین ئەوەش بەڕاشکاوی بڵێین کە لە لەهجەی دووەمیشدا لە ڕوّژگارانی کوّندا «ت» هەبووە و بەهوّی (تطوّر)ەوە سواوە. چونکە ڤانوونێکی گشتییە وشە بەرەو کورتبوون و سووکبوون دەڕوا نەك بەرەو درێژبوون و قورسبوون.

بوّ نموونە، (تطوّر)ی چەند وشە لە ئەوێستاییەوە بوّ کوردی پیشان دەدەین:

| کوردی | پەهلەوی | ئەوێستایی |
|---|---|---|
| هەمانە | همیان | آئیویانگهَنَه |
| درۆ | دروچ | دِروِجْ |
| دێ | دَهْیوك | دَخْیُو |
| دە | دە | دَسَە |
| مانگ | ماس | ماوَنگْە |
| تیغ | تیگ | تیگْرَ |
| تیژ | تیر | تیگری |
| ئاسن | آسن | اینگْهَ |

دەمێنێتەوە ئەوە کە بزانین بنج و بناوانی ئەم «ت»یە لە کوێوەیە. «بەهار» دەڵێ: «جۆرە (ت)ی یەك لە ئەوێستادا خاصّی کۆتاییی وشەکانە(٥)». لێرەدا نە نموونەیەکی هێناوە و نە دەڵێ چ جۆرە وشەیێك.

بەڵام ئەگەر تەنیا لە کۆتاییی فیعلەکاندا هاتبێ ئەوا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی ئێمە بەسە. ئەگەر لە کۆتاییی هەموو وشەیەکدا هاتبێ دیسان ئاشکرایە کە فیعلیش وەبەر دەکەوێ. ئەما وا دیارە زیاتر لە کۆتاییی فیعلدا هاتبێ. چونکە لەو هەشت وشەیەی ئەوێستاییدا ئەگەر (هـ)ش بە (ت)ی سووککراو بژمێرین تەنیا لە کۆتاییی سێ وشەیاندا هاتووە.

شتێکی دیکەش ئەمە پتەو دەکا. «بەهار» لە پەڕاوێزی لاپەڕە (٣٠)دا دەڵێ: (لە زمانی کۆنی دەریدا لە دووەم کەسی کۆی (مضارع)دا کە دەبێ «ید» بێ، لە جیاتیان «یت»یان دەهێنا، لە جیاتی «کُنید» و «رَوید» دیانگوت «کُنیت» و «رَویت»).

بەهەر جۆر وا دیارە لە ئەوێستایی و پەهلەویی کۆندا، لە کۆتاییی فیعلەکاندا دوای (ا) و (ی)، (ت) هاتووە. هەر ئەمەشە کە لە دواییی هێندێ فیعلی کوردیدا وەك: «دەڕوات» و «دەچێت» ماوەتەوە. لە زمانی دەری کۆنیشدا ئەمە جاروبار بەگۆڕینی (د) بە(ت) ڕەچاو کراوە. بەڵام لە

(٥) سبك شناسی لاپەڕە ١٩١.

پەهلەویدا لەبەر ئەوە کە «هیچ کاتێ لە پێش (ن)ی مصدرییەوە دال نەهاتووە[٦]» و هەمیشە (ت) بووە، (ت)ەکە خۆی هاتووەتەوە، وەك ئەم دوو نموونەیە لە (درخت آسوریك):

١– «بوژاوْ اِمْ نَپَرْدِتْ کو اَزْ هَچْ تو اَوَرْ تَرْاُمْ پَتْ وَسْ گونَكْ هیر».

یانێ بزن دێتە سەرم، بەگژم دادێ کە من لە تۆ لەسەرەوەترم بەگەلێ چەشنە شت.

– (نَپَردِتْ) لە (نَپَردیتَنْ)ەوە هاتووە، یانێ بەگژداچوون.

٢– «دُتْ هم بُرتْ آویختَنْد کَذِشْ آن گُفتە بُوتْ درخت آسوریك».

یانێ دوو هاوکێشە بەیەکدا هەڵپڕژان کاتێ (درخت آسوریك) ئەوەی گوتبوو.

– (بُوتْ) لە (بُوتَنْ)ەوە هاتووە، یانێ بوو.

**٣– پاشگری (رە)، (وە)، (انێ)**

١– پێشگری (رە) وەکو لە سەرەوە باس کرا بەمانای (لە)یە. هەروەکو دەبێتە پێشگر دەشبێتە پاشگر و لە دوای فیعلی (فەرمان – أمر)ەوە دێ. لەم کاتەدا ماناکەی دەگۆڕێ و بۆ (تەئکید)ە، وەك: «بیڵێرەوە، قەرزەکەم بدەرەوە، دەرگاکەم لێ بکەرەوە، بیفرۆشەرەوە».

ئەم پێشگری (رە)یە، نە لە پەهلەویدا هەیە و نەلە دەریدا. لە پەهلەویدا (رای) هەیە بەمانای (بۆ). ئەمە لە ئەردەڵان ماوە و دەگوترێ، لە دەریشدا (را) هەیە کە نیشانەی (مفعولٌ لە – وە مفعولی بەواسط)یە و بەدەگمەن بۆ (تەئکید)یش دێ. (رە) وەکو پێشگر و پاشگر وا دیارە لە ڕۆژگاری گەلێ کۆنەوە لە زمانی کوردیدا هەیە.

٢– پاشگری (وە) لە فیعلەکانی وەك: بچۆرەوە، بڵێرەوە، بمدەرەوە، بکەرەوە و هی دیکەدا بۆ چەند پاتەکردنەوەیە. ئەمە لە پەهلەویدا

(٦) سبك شناسی لاپەڕە ٣٠٩.

بەشكڵی (وا) هەیە و پێشگرە و (أداتی اعادەیە) وەك: (واگویە) و (واگیر) و (وارسی). مانایەكی دیكەشی هەیە كە (اپاچ – باز)ە و (نفی معیّت) دەگەیەنێ وەك: (مهر از ما وا مگیر). هێندێ جاریش لە جیاتی (وا)، (فا) هاتووە[٧]. لە كوردیشدا (وە) دەبێتە پێشگر وەك: «وەكە، وەخۆ، وەنووسە». لە كرمانجیی سەرووشدا بەشكڵی (ڤە) هاتووە.

گوتمان (وە)ی پاشگر بۆ (اعادە) و دووپاتەكردنەوەیە، لێرەدا پێویستە زۆر بەوردی سەرنج بدرێ. چونكە بەكابرایەك كە دەڵێی: «ئەو كتێبە بنووسەرەوە، یان، قەرزەكەم بدەرەوە، یان، ئەو گایەی كڕیوتە كە جووت ناكا بیفرۆشەرەوە». كابرا لەوەپێش كتێبەكەی نەنووسیوە، قەرزەكەی نەداوەتەوە و گاكەی نەفرۆشتووە و بەڕواڵەت وا دیارە (اعادە) و دووپاتەكردنەوەیان تێدا نەبێ، وەك لە: بیڵێرەوە و بچۆرەوەدا هەیە. بەڵام كە لێ ورد دەبییەوە مەبەستەكە بەرفراوانە. ڕووی فەرمانەكە لە (اعادە) و دووپاتەكردنەوەی فیعلەكەیە، جا هەر ئەو كارا و (فاعل)ە كردبێتی وەك لە: بیڵێرەوە و بچۆرەوەدا، یا فاعیلێكی تر وەك لە: بنووسەرەوە و بدەرەوە و بفرۆشەرەوەی نموونەكانی سەرەوەدا. تەنانەت بەركار (مفعول)ەكانیش یەك بن وەك كتێب و وەرز و گا لە نموونە پیشاندراوەكاندا یان یەك نەبن وەك كەسێك بەكابرایەك دەڵێ: «ئەم كاوڕەم بۆ بكوژەرەوە». نە كابرا لەوەپێش ئەو كاوڕەی كوشتووە، نە كاوڕەكەش لەوەپێش كوژراوە. بەڵام فیعلی كوشتن لەوەپێش بەدەست فاعیلی تر لەمەڕ مەفعولی تر كراوە.

– پاشگری (وە) لە فیعلی (بخۆرەوە)دا جگە لە مەبەستی (اعادە)، بۆ جیاوازیی نێوان (أكل) و (شرب)ە.

٣– پاشگری (انێ) كە لە هێندێ فیعلی وەك: «دەچەمەوانێ، دەچێتەوانێ» و هی دیكەدا كە لە سلێمانی و بانە و سەردەشت و مەریوان دەیڵێن، بنج و بناوانێكی تا ڕادەیەك دووری هەیە. «بەهار» دەنووسێ:

---

(٧) سبك شناسی لاپەڕە ٣٩١.

(«کردتانی» و «کردمانی» و «کردشانی» صیغەی زۆر کۆنی زمانی دەرین کە لە جیاتی هەوەڵ کەس و دووەم کەس و سێیەم کەسی کۆی ڕابردوو «جمع ماضی»[٨] کە دەبوو «کردیمی»، «کردیتی» و «کردندی» بڵێن – «کردمانی» و «کردتانی» و «کردشانی»یان دەگوت). لە «دەچمەوانێ» و «دەچیتەوانێ»دا ئەمەیە پەیدا بووە. بەڵام فەرقیان تەنیا ئەوەیە لە کوردیدا پاشگری (وە) –کە لە فارسیدا نییە– کەوتووەتە نێوان (م) و (ت)وە و بووەتە: «دەچمـ(ـەو)انێ» و «دەچێتـ(ـەو)انێ».

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین تەنیا بوونی (انێ) لە دوو زمانی کوردی و دەریدا ناتوانێ ببێتە بەڵگەی ئەوە کە زمانی کوردی لە زمانی دەری وەرگرتووە. بۆ ئیسپاتی ئەوە بەڵگەی پتەوتر پێویستە. شتی دیکەی وەك ئەمەش هەر وایە. هەڵدەگرێ هەردوو زمانی کوردی و دەری، (انێ) و شتی دیکەی وەك ئەوەیان ڕاستەوخۆ لە زمانان و لە لەهجەکانی پێشووتر وەرگرتبێ. ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە شتانە لێکۆڵینەوەی هەراوتر و قووڵتری دەوێ.

٤– **پاشگری** (ك)، (ا).

مامۆستا مەسعوود زۆر باشی بۆ چووە کە دەڵێ: «ك» پاشگرە. ئەم مەسەلەیە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا ڕیشەیێکی قووڵی هەیە. لە زمانی پەهلەویدا، لە کۆتاییی هێندێ وشەی «مصغر و نامصغر»دا کە ئەمڕۆ «هایەکی غەیرە ملفوظ» دەبینرێ کافێك لە نێوان کافی عەرەبی و فارسیدا هەبووە. وەك: «بندك»، «دستك» کە بووەتە: «بندە» و «دستە» و جاروبار ئەم کافە ماوەتەوە، وەك: «مردك» و «کۆدك[٩]».

لە زمانی کوردیدا پاشگری (ك) هەیە، مەیدانیشی زۆر فراوانە و بۆ گەلێ مەبەست دێ:

١– بۆ (تصغیر) و بچووككردنەوە، وەك: دار – دارك (دارکە تووتن). لان

(٨) «بەهار» لێرەدا دەڵێ: «لە کاتی التزامی و انشائی و شرطی و غنائیدا». ئەمەم دەرهاویشتووە، چونکە پێوەندیی بەمەبەستی ئێمەوە نییە.

(٩) سبك شناسی – لاپەڕە ٣٠٢.

– لانك (بێشكه). قووڵ – قووڵك. دڕ – دڕك. شووڵ و تووڵ – شووڵك و تووڵك.

٢– بۆ (عهد و تعريف) وەك: میوانەکەم بەڕێ کرد، شتەکەم دایە، ماڵی چووە خانووەکەوە.

٣– بۆ (اتّصاف و خاوەنایەتی) وەك: شل – شلك. تەڕ – تەڕك. ڕوخ – ڕوخەك. سەر – سەلك، سەرەك. بن– بنك. لاو – لاوك. ڕەو – ڕەوەك.

٤– بۆ (ئالەت و هۆ) وەك: زەرد – زەرتك (هۆی زەردکردن) بە «گێنۆ» دەڵێن کە گیایەکە بەنی پێ ڕەنگ دەکەن. کوت – کوتەك (هۆی کوتان).

٥– بۆ میهرەبانی، وەك: ژن – ژنەکە. پیاو – پیاوەکە. کوڕ – کوڕەکە. کچ – کچەکە.

٦– بۆ دیاریکردنی کات و زەمان، وەك: بەیان – بەیانەکی، شەو – شەوەکی.

٧– بۆ دیاریکردنی لا و «جهة» وەك: لا – لاوەکی، ڕاست – ڕاستەکی. چەپ – چەپەکی.

٨– بۆ دیاریکردنی «محلّ» و جێگا، وەك: ناو، نێو – ناوك، نێوك، خلیس – خلیسك.

٩– بۆ دیاریکردنی «حاڵەت»، وەك: بزڕ – بزڕك. دامرد – دامرك. ئاڵۆز – ئاڵۆزك، ئاڵۆسك. هەڵترووش – هەڵترووشك.

هی دیکە و بۆ مەبەستی دیکەش وەك: ملوانك، بەروانك، ڕانك، جلك، بان بانك، ئاوماڵك (ئەو پل و پووشەی ئاو ڕای دەماڵێ و دەیهێنێ)، شۆرتك (لە موکوریان بەجێی خۆشۆردن دەڵێن) لۆرك، نێرك و نێرتك. گرتك (پارچە ئێسکی بەگۆشتەوە).

هەر بەو جۆرە کە لە هێندێ وشەی وەك: نەخش، ڕەنگ، ڕەخس و هی دیکە فیعل دروست دەکرێ و دەڵێن: ڕەنگاندوومە، دەیڕەنگێنم، نەخشاندوومە، دەینەخشێنم، ڕەخسا، دەڕەخسێ، لە هێندێ لەمانەش

فیعل دروست دەکرێ، وەك:

لە خلیسك – خلیسکام، خلیسکای، خلیسکا

لە بزرِك – بزرِکام، بزرِکای، بزرِکا

لە هەڵترووشك – هەڵترووشکام، هەڵترووشکای، هەڵترووشکا.

هی دیکەش. لە هەموو ئەمانەدا «ك» پاشگرە و (ا) وەکو (ا)ی خورا، کرا، برا... پاشماوەی (ان)ی مصدرییە، دوای قرتانی (ن)ەکە.

**٥– هاتنی راناوی لکاو لە پێش فیعلەوە لە شێوەی کرمانجیی سەروودا.**

مامۆستا مەسعوود دەڵێ: «باسی ناوگر وەکو هەموو باسێکی دیکەی رێزمانی کوردی لە شێوە ئاخاوتنی ئێستاکەمان سەر هەڵدەدات، نەك لە بنج و بناوان و سەرچاوەی چەند سەد و چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش. گریمان بەتۆژینەوەیەکی مێژوویی و ورد و قووڵ بۆمان دەرکەوت فلانە پاشگر و پێشگر و ناوگر لە کۆندا نەبوون یا جۆرێکی تر بوون، ئێمە هەر دەبێ وەك ئێستایان سەیر بکەین و بیاننرخێنین».

قسەیەکی دروست و رەوایە و گومانی تێدا نییە کە ئێمە دەبێ هەروەك ئێستا بروانینە زمانەکەمان و تایبەتییەکانی بنرخێنین و بەناوی ئەوەوە کە فلانە شت لە فلانە کاتدا هەبووە و ئێستا نەماوە ناتوانین و ناشبێ بەسەر زمانەکەمانیدا بسەپێنین. هەروەها ئەو شتەش کە ئێستا هەیە و لە زەمانی کۆندا نەبووە ناتوانین و نابێ بەناوی ئەوەوە کە ئەوسا نەبووە لە زمانەکەمانی دەرهاوێژین. بەڵام وەکو دەزانین زمانەکانی پەهلەوی، دەری، کوردی و چەند زمانی تریش هەموویان لە رەگەزێکن. پەهلەوی و دەریش وەکو کوردی لە چەند لەهجەی جیاواز پێك هاتوون و تەئسیریان لە یەکتردا کردووە. زمانی کوردیش لەبەر خزمایەتیی لەگەڵ ئەوان و نزیکیی لەو زمانانە شتی هاوبەشی لەگەڵ ئەوان کەم نییە. شتی واش لە زمانی کوردیدا هەیە سەرچاوەکەی دەگاتەوە زمانی ئەوێستایی یا پەهلەوی بەڵام لە زمانی فارسیی ئێستادا نەماوە. لەبەر ئەمە داخستنی دەرگای تۆژینەوەی تایبەتییەکان و تێکستەکانی ئەو زمانە کۆنانە، لە سنووری پێویستدا، بۆ دۆزینەوەی بنج و بناوانی مەسەلەیێکی رێزمانی

کـوردی، یـا چـەشنـی (تـطـور)ی وشە... ڕەوا نـییـە. بـەڵام ئـەگـەر ئـەم تۆژینەوەیە هەر بۆ چەنە لێدان و فڕوفیشاڵ و خۆهەڵکێشان یا لەمەڕ شتی لاوەکی و ناپێویست بێ، بێگومان نابێ گوێی بدرێتێ. جا ئێستا ئەوا دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەبەستەکە.

هـاتنی ڕاناوی لکاو لە پێش فیعلەوە لە شێوەی کرمانجیی سەروودا، وەك: وی گرت، وان گرت، من گرت، مە گرت، تە گرت، وە گرت.

یـا لە شێوەی کرمانجیی خوارووداـ لە کاتی نەفیدا وەك:

نـەمگـرت، نـەتگـرت، نـەیگـرت، نـەمـانگرت، نـەتـانگرت، نـەیـانگرت، ڕیشەیێکی قووڵ و کۆنی هەیە و لە زمانی پەهلەویشدا هەبووە. «لە زمانی پەهلەویدا ڕاناوی فاعیلی لە پێش فیعلەوە هاتووە. ئەم ڕاناوە یا بەنیشانەی ئیزافە، یا بە (آفْ) بەمانا واوی عاتیفە، یا بەواوی عاتیفە، یا بەڕاناوی ئیشارەی (ان)ەوە.. لکاوە و لە پێش فیعلەوە هاتووە(١٠)».

ئەوا دوو جۆر لەو نموونانەی «بەهار» هێناونی پیشان دەدەین:

آفم – وُم　　　اَفْمان – ومان

اَفِتْ – وِت　　　اَفتان – وِتان

اَفِشْ – وِش　　　اَفشان – وِشان

ڕاناوی جۆری یەکەم ئاوا سەرف (صرف) کراوە:

اَفم گپت – من گوتم　　　اَمان گپت – ئێمە گوتمان

اَفم گپت – ئەو گوتی　　　اَفِتان گپت – ئێوە گوتتان

اَفِت گپت – تۆ گوتت　　　اَفِشان گپت – ئەوان گوتیان

ڕاناوی جۆری دووەم، یانێ: وێم، وێت، وێش، وێمان، وێتان، وێشان هەر بەشکڵی خۆیان لە شێوەی هەورامیدا ماون:

وێم – وەرنە شێتە وێم دڵ وەشی دڵـــەن

گیان جە تەن بەرشی ئاماش موشکوڵەن

(مەولەوی)

---

(١٠) سبك شناسی، لاپەڕە ٣١٥.

ویَت – پەرسا بێت چۆنی؟ ویَت غەڵەت کەردەن
مـــــەر نمـــــــەزانـــی دووریـــت چ دەردەن؟

مەولەوی

ویَش– هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش
پیشیای کـــــــوورەی نـــار عــەشق ویَش

مەولەوی

ویَمان – سەوزەی خاك پاك یاران هام فەرد
فــرەمان وەفـــەرش بـــەزم ویَمان کـــەرد

مەولەوی

ویَتان – شەرح حاڵ ویَم مواچوو پێتان
ئێوە مـــــــزاندێ بـــە بـــەخـــت ویَتان

خانای قوبادی

ڕێشان – چونکە بەی دەستوور شا بی صلاحش
بـــەڕەسم ویَشـــــان بەســتــن نیکــــــاحـــش

خانای قوبادی

لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانم وەبیر بخەمەوە کە لێکۆڵینەوی ورد و درشتی نهێنییەکانی ڕێزمان و (تطوّر)ی وشەکان و ڕێکخستنی وتە و ڕستە کارێکی گرنگ و پێویستە و دەبێ بکرێ، بەڵام لە پلەی ئاخریدا دەبێ تەواوی ئەوانە بەسەنگ و تەرازووی ئامانجی بنەڕەتی – کە یێکیەتیی زمانی ئەدەبییە – بکێشرێن و ئەوەی خزمەتی پێشکەوتن و پێگەیشتنی زمان دەکا و پتر ڕووی لە (تطوّر)ە بایەخی زیاتری پێ بدرێ.

## بەسەرداچوونەوە

مەسعوود محەمەد

ئەم گوتارەی مامۆستا قزڵجی کە بەعینوانی «لەبارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی» بۆ گۆڤاری کۆڕ هاتووە، دەنگدانەوەیێکی نرخدار و دڵسۆزانەیە لەوەوە بەرانبەر یەکێك لە بەرهەمە ڕێزمانییەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێگە ڕووناککەرەوەی ڕێبازێکی زمانی کوردیشە. گوتارەکە لەو ڕووپەڕانەی ژوورا، بێ دەسکاری و لێسڕینەوە و لێگۆڕین، بڵاو کرایەوە، ناوناوەیێك نەبێ کە بەناچاری شێوەی ڕێنووسەکەی لەگەڵ شێوە ڕێنووسی کۆڕ گونجێندرا بۆ ئەوەی، تا ڕادەی لوان، لەگەڵ چاپکراوەکانی تری کۆڕدا لە ڕووی ڕێنووسەوە یەك ئاهەنگ بێت.

بەعادەت گوتار لەلایەن نرخێنەرەوە تەماشا دەکرێت و ئەو تێبینییانەی هەیبێت بۆ خاوەنی گوتار دەچێتەوە تاکو سەرلەنوێ لەبەر تیشکی ئەو تێبینییانەدا بەگوتارەکەیدا بێتەوە و چی بەڕاستیان دەزانێت بەهەندیان هەڵبگرێت و لە دووبارە پێداچوونەوەدا جێگەیان بۆ بکاتەوە. ئەوەی ڕێککەوتنیشی لەسەر نەبێت دەخرێتە بەرچاوی ئەنجوومەنی کۆڕ و ئەو بڕیار لەبارەیەوە دەدات.

ئەمجارەیان لەبەر دووریی نشیمەنی خاوەن گوتار و بەنیازی کورتکردنەوەی کاتی پێویست بۆ ئەم شێوە «دووبارخانە»یەی[1] درێژخایێن، ئەنجوومەنی کۆڕ لێمی سەلماند کەوا تێبینییەکانم لە شێوەی گوتاردا یەکسەر بەدوا ئەو گوتارەدا چاپ بکرێن بێ ئەوەی لە پێشەوە بخرێنە بەر نیگای خاوەن گوتارەوە، لەمەشدا نە زیانێك پەیدا دەبێت، نە ڕاستی و زانستیش وەتەنگ دێن.

مامۆستا قزلجی، وەك لە بەرفرەوانیی لێکۆڵینەوەکانی و سەرەژوور تێ هەڵکشانی بەرەو مێژووەوە دەردەکەوێت، لە گەلێك جێگە و گوتەدا بۆی ڕێك کەوتووە پارێز بباتە ڕایەکانم و بەتیری ڕەخنە بیانپێکێت، بەڵام ویستوویەتی جوانمەردیی خۆیان لێ

(١) دووبارخانە: کاروانچی کاتێك ژمارەی بارەکانی لە ژمارەی وڵاغەکانی پتر بوو هەموو وڵاغەکانی بار دەکات و بارەکان تا نیوەی ڕێگەی قۆناغ دەبات و دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو بارانەی بەجێ مابوون ئەوانیش دەباتە لای بارەکانی تر. هەر بەو پێیەش بەشەکەی تری ڕێگا بەشێوەی «دووبارخانەیی» دەبڕێت.

بەکار بهێنێت و بەشی زۆریان جەب بدات. من هەرچەند هەست بەچاکەکردنم تیژیش بێت و بەچاوی خێڵەوە[٢] سەیری چاکە بکەم، دەشیکەم، هەرگیز وەتەنگ نایەم لەوەی نشتەری پسپۆڕی دۆست و دڵسۆز لەشی هەموو بەرهەمێکم کوناش کوناش بکات. حاجی قادر گوتەنی:

«پێم خۆشە غەزەل فەرشی قدوومی عوقەلا بێ»

هەر ئەم تێبینیکردنەی باخەڵ فەراحیی دۆستێکی زانای وەك مامۆستا قزڵجییە وا ڕێگەم پێ دەدا لە وەرامی ڕەخنەدا، وەیا لە تەك دەرنەزەرخستنی ئەوەی بە «پوختتر»ی دەزانم پەرواى دوودڵیکردن و زمانگرتن لە بیر خۆم ببەمەوە و بێ خوتخوتەی دڵشکستەکردن و کۆمەی دۆست ڕەنجاندن مەشقی خامەڕانی بکەم.

بەدوا گوتارەکەی مامۆستادا، ئێستا پێ بەپێ و جێ بەجێی تێبینی تێداکردن، چی لام هەبێت، لەوانەی خزمەتی باسەکە دەکەن، بەزنجیرە دەخرێنە بەرچاوی خوێنەرانەوە. واش بووە ترسی درێژەی لە حەدبەدەر قسەی لێ کورت کردوومەتەوە، وەیا هەر بەجارێ بێ قسەی کردووم. وەك بزانم تازەییی ئەو باسانە داخوازی شیکردنەوەی نەفەسدرێژ دەکات.

١

بەپێی ئەوەی لە لاپەڕە «١١٣، ١١٤»ی گۆڤاردا نووسراوە وا دەفامرێتەوە کە من لە نووسینەکەی ناو «چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی»دا لەو مەبەستانە دواوم کە لە کۆتاییی لاپەڕە «١١٣» و سەرەتایی لاپەڕەی دواتردا ڕیزیان بەستووە. لێرەدا ناوی ئەو سەرەباسانە دەنووسم کە لە «حەشارگە...»دا لێیان کۆڵراوەتەوە:

١– حەشارگەی «ڕاناو».

٢– حەشارگەی پاشگرەکانی «کار» کە بریتین لە (ا، کا، را).

٣– حەشارگەی «فیعلی انتقالی و انتقالی پێچەوانە».

٤– حەشارگەی «ناوگر».

دوای ئەمانە، بەزیادەوە و بێ ئەوەی ژمارەی بۆ دابندرێت، لە ڕاناوبوون و ڕاناونەبوونی ئەو «ت»ە دواوم کە لە کاری ئایندەدا دەکەوێتە کۆتاییی ڕێژەی لەمەڕ

(٢) مەشوورە، دەگوترێ خێل یەك بەدوو دەبینێ.

کەسی سێیەمی تاکەوە، وەك: دەڕوات، دەچێت..

لەمەوە دەردەکەوێت من لە «حەشارگە...»دا باسی پاشگری «رە، وە، انێ»م نەکردووە کە لە گوتارەکەدا لێیان کۆڵراوەتەوە. ئەم ئیشارەتەش بەهیچ جۆرێك دەخلی بەسەر نرخ و ناوەڕۆکی گوتارەکەوە نییە چونکە نەدوانی من لەو شتانە نرخان لە گوتارەکە داناشکێنێت، لە سەنگیشی کەم ناکاتەوە.

٢

لە لاپەڕە «١١٤»ی گۆڤاردا کە لە دەسنووسی مامۆستا قزڵجییەوە بەچاپ گەیشتووە نووسراوە فیعلی «برگشتن» تێپەڕە. نەمویست نووسینەکەی مامۆستا دەست لێ بدەم هەرچەند دەزانم مەبەستی ئەوە بووە بڵێ «تێ نەپەڕە»، کە ئەمەش ڕاستیی فیعلەکەیە، چونکە لە قسەکانی دواتریدا کە دەڵێ «برگردانیدن» تێپەڕی عام و «برگاشتن» تێپەڕی خاص بووە دیارە دەبێ بەلای ئەویشەوە «برگشتن» تێ نەپەڕ بێت.

٣

لە لاپەڕە «١١٥»دا فیعلی «سوون، جوون» هاتوون، گۆیا لەوانەوە دوو فیعلی «ساوین، جاوین» بە لێ زیادکردنی ئەلفێك لە هەر یەکێکیان پەیدا بوون.

لە پێشەوە دەبێ بڵێین ئەگەر سەلماندمان «ساوین، جاوین» لە «سوون، جوون»ەوە هاتوون پێویستە بشسەلمێنین کە نەك تەنیا ئەلف، بەڵکو یێش بەزیادەوە هاتووە، بەو پێیە ئەلفێك لە دەرەوە هاتووەتە بەراییی واوەکە و یێیەکیش هاتووەتە دوایەوە، کە ئەمە شێوەیێکی نەدیتراوە لە پەیدابوونی ناوگر لە فیعلی کوردیدا.

من وا دەزانم فیعلەکان لە بنەڕەتدا «ساوین، جاوین» بوون و بەتێپەڕینی کات و گۆڕانی ئاخاوتن بەرەو سووکی و کورتیی شێوەی کورتتر و سووکتریان لێ کەوتووەتەوە. ئەوەی لە ئاخاوتنی ناوچە جوداکانی کوردستاندا دێتە بەرگوێ ئەم سێ شێوەیەیە:

ساوین: ساویم، دەساوم

سوین: سویم، دەسووم

سوون: سووم، دەسووم

فیعلی «جاوین»یش دوو شێوەی «جوین، جوون»ی لێ دەبیسرێ و هەرسێ شێوەش لە باودان.

دیارە ئەم فیعلانە هەوەڵ جار ئەلفەکەیان قرتاوە و بوونەتە (سوین، جوین) دواتر کورتتر کراونەتەوە بۆ «سوون، جوون».

من لە گوتاری ترمدا نووسیومە چۆن وشەی «دژنێو – بەواتای دشنامی فارسی» ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتووە:

دژنێو – جنێو – جوێن – جوون.

ساوین و جاوینیش نەختێکی ڕێگەی «دژنێو – جوون»یان کوتاوەتەوە و بوونەتە «سوون، جوون». ئەم باوەڕە لە ڕێگەیێکی تریشەوە پتەو دەبێت، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە هاتنی ناوگر بۆ ناو وشە گۆڕان بەسەر واتایدا دەهێنێت کەچی دەزانین «جاوین – جوون» «ساوین – سوون» واتایان نەگۆڕاوە، کەواتە دەبێ وشەکان لە ڕێی لێسوان و لێقرتانەوە شێوەیان گۆڕابێت چونکە بەمەدا واتای وشە ناگۆڕێت وەك کە وشەی «هەستام، هەڵستام» و چەندین وشەی تری کورتکراوەی کوردی واتا گۆڕانیان تێدا پەیدا نەبووە. ئەم لێکدانەوەیە تەنیا لە حاڵێکدا هەڵدەوەشێتەوە کە بەتوێژینەوەی مێژوویی بسەلمێندرێ، لە کۆندا وشەکان «سوون، جوون» بوون دوایی لێیان زیاد کرا و بوون بە «ساوین، جاوین».

٤

لە لاپەڕە «١١٦»دا وشەی «بووردن، بواردن» هاتووە: من لە «حەشارگە...»دا باسی ئەمەم کردووە، بەڵام لێرەدا دەبێ بڵێم «بووردن» کە کارێکی تێ نەپەڕە بەواتای «بەخشین»ی پاتەوپات نایەت چونکە «بەخشین» کارێکی تێپەڕە، دیارە تێپەڕ و تێ نەپەڕیش پێکەڵ نابن. ئەوەی بەواتای «بەخشین»ی تەواو دێت وشەی «لێبووردن»ە کە تێپەڕی بەواسیتەیە. دەبێ بگوترێ «من لە تۆ بووردم» ناشێ بگوترێ «من ئەتۆم بوورد». ئەوەی بەسەر زارانەوەیە و دەگوترێ «بمبوورە» تەواوێك لە دەستووری لاداوە و ڕاستییەکەی «لێم ببوورە»یە. دەگوترێ «دارام بوارد، دارا منی بوارد، بمبوێرە...» چونکە «بواردن» کارێکی تێپەڕە و جێی خۆیەتی بەرکاری بێ واسیتەی هەبێت..

بەدوا «بووردن – بواردن»دا من لەگەڵ ڕای مامۆستا قزڵجیدام کە دەڵێ دوو وشەی «ئەنگووتن – ئەنگاوتن» تێ نەپەڕ و تێپەڕی یەك کارن هەرچەند لە گەلێك شێوە

ئـاخـاوتـنـدا ئـەنـگـوتـن بـەواتـای «بـزووتـن [گـەلاوێژ ئـەنگووت]، هـەڵکردن [نـەسیم ئەنگووت]..» و واتای ئەوتۆییی تریش بەزۆری لەکار دێت. من لە «حەشارگە...»دا ئەم دوو وشەیەم هەڵبوارد چونکە هەندێ برادەری زمانزان لێیان نەسەلماندم واتای تێپەڕ و تێ نەپەڕی یەك کار هێندەی «ئەنگووتن، ئەنگاوتن» لە یەکتر دوور بکەوێتەوە، ئەو برادەرانەش نەیانبیستبوو کارەکان بەو واتایە دێن کە مامۆستا قزڵجی باسی کردووە [بەواتای پێکران، ئەنگێوران].

بەپێچەوانەی ئەوەی مامۆستا لەبارەی «هەڵئەنگاوتن»ی گوتووە کە گۆیا ئەم کارە وجـوودی نـییـە، لـە زۆر نـاوچـەی کوردەواریـی دیوی کوردستـانـی عێراقدا دەگـوترێ «لـوولـەی تـفـەنـگـەکـەم هـەڵـئـەنـگـاوت دەنـا کـابـرام دەکوشت – جـۆگـاکـەم نـەختێك هەڵئەنگاوت و ئاوەکەم سەرئەرز کرد...».

٥

لەبارەی کارەکانی «شردن [بووبێتە شاردن]، ژمردن [بووبێتە ژماردن]، بژردن [بووبێتە بژاردن]».. من وا دەزانم ئەسڵی ئەم فیعلانە «شران، ژمران، بژران»ە کە لە جۆری فیعلی متاوعی وەك «سووتان، ڕمان، پسان»ن. ئەمانە بەهۆی ناوگر دەبنە «شاردن [ەوە]، ژمـــاردن، بـــژاردن» ڕێژەی «مبـنـي للمجهول»یشیان تا ئێستا بەپێی دەستووری گشتی لە ئاخاوتندا هەر ماوە و دەگوترێ «دەژمێردرێ، دەشاردرێتەوە، دەبژێردرێ» کەواتە دەشێ بڵێین لە ڕووی بەراوردکرنەوە ئەم لیستەیە پێك دێت:

| تێ نەپەڕ | تێپەڕ | مبني للمجهول |
|---|---|---|
| ڕما | ڕماندی | ڕماندرا (ڕمێندرا) |
| سووتا | سووتاندی | سووتاندرا (سووتێندرا) |
| پسا | پساندی | پساندرا (پسێندرا) |
| شرایەوە | شاردییەوە | شاردرایەوە |
| ژمرا | ژماردی | ژماردرا (ژمێردرا) |
| بژرا | بژاردی | بژاردرا (بژێردرا) |

لێرەدا ئەو ڕەخنەیەم لێ ناگیرێ کە بگوترێ «سووتا، ڕما، پسا» بەهۆی «اند»ەوە بوونەتە تێپەڕ کەچی «شرا، ژمرا، بژرا» لە ڕێگەیێکی ترەوە بوونەتێ، چونکە مەرج نییە هەموو فیعلەکان بەیەك ڕێگەدا بەرەو تێپەڕی بڕۆن. بەنموونە، فیعلی «ئەنگوا –بەواتای پێکرا» بەهۆی «اند» ناکرێتە تێپەڕ و نابێتە «ئەنگواندی» بەڵکو دەبێتە «ئەنگاوتی» کە هەر خۆی ڕێژە تێپەڕی «ئەنگووت»یشە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەم ڕاست بێ کاری (سپاردن)یش هەمان جۆر هاتنی لە «سپران»ەوە جێی باوەڕ پێکردن دەبێ. وەك لە «حەشاگە..»دا گوتوومە «سپرا، دەسپرێ» لە نێوان خێڵەکانی بەشێکی هەرێمی ڕانیە و قەڵادزە و کۆیەدا دەبیسترێ. ئەگەر بشڵێین «ژمرا، شرایەوە، بژرا، سپرا» ڕێژەی (مبني للمجهول)ن دەبێ بسەلمێنین کورتکراوەی «ژماردرا، شاردرایەوە، بژاردرا، سپاردرا»ن. ڕەنگە توێژینەوەی مێژوویی بەلایێکیاندا ساغ بکاتەوە. ئەوەی مامۆستا قزڵجی لەبارەی «ژماردن»ی گوتووە کە گۆیا لە «شمردن»ەوە بەئەلفێکی زیادەوە هاتووە [کۆتایی لاپەڕە «١١٧»] ناوگرمان بەدەستەوە نادات چونکە «ژماردن»ی کوردی بەرانبەر و پێکەڵپێکی «شمردن»ی فارسییە و هەردوویان تێپەڕن. وابزانم نابێ بڵێین «ژماردن» لە «شمردن»ەوە هاتووە بەڵکو هەر ئەوەندە ڕێگەیەمان هەیە کە بڵێین لە کوردیدا ژماردن بەواتای «شمردن»ی فارسییە هەروەك «پێ»ی کوردی بەرانبەر «پا»ی فارسییە.

٦

منیش وەك مامۆستا قزڵجی [لاپەڕە «١١٨»]، لە «حەشارگە...»دا گوتوومە «بزووتن» بەهۆی ناوگرەوە لە تێ نەپەڕەوە بووەتە «بزاوتن» کە تێپەڕە.. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم لە هەندێ شوێنی کوردستانی عێراقدا لە جیاتی «بزێو» وشەی «بزۆز» بەکار دەهێنن، واش پێ دەچێ ڕێژەیێك بێت لەوانەی تا ئێستا بەر حیسابان نەکەوتوون، هەڤاڵیشی هەن وەك لەم نموونانەوە دەردەکەوێت:

بزۆز

کڵۆڵ

گڵۆڵ

فسۆس

٧

ڕۆنشتن و دانشتن [وەیا دانیشتن] لە یەك واتادان و زۆریش باون، بەڵام کە بەهۆی «اند» بکرێتە تێپەڕ دەبێتە «دانیشاندن– ڕۆنیشاندن»، دیارە کە بەهۆی ناگری «ا» بکرێتە تێپەڕ دەبێتە «ناشتن» و تەواوێك لە واتاکەی دەگۆڕێت، ئەمەش مافی بێ دەمەتەقەی ناوگرە. پاشگری «اند» هەر ئەوەندە دەکات کە لە تێ نەپەڕەوە تێپەڕ دروست دەکات بێ ئەوەی واتای بگۆڕێت.

٨

لە لاپەڕە «١٢٠»دا وا ڕاگەیاندراوە کە وشەی «پەساردن – هەڵپەساردن» لە «سپاردن»ەوە هاتووە و واتاکەی گۆڕاوە. وا دەزانم بەڵگەیێك نییە ئەمە بسەپێنێ، پتریش لەگەڵ باوەڕدا دەگونجێ بگوترێ هەردوویان وشەی سەربەخۆن و لە بنەڕەتدا لە یەکتر جودان وەکو هەموو دوو وشەی تری لە یەکتر جودا. گەلێك وشە هەن لە کوردیدا وەك ئەم دوو وشەیە حەرفەکانیان [دەنگەکانیان] هاوچەشنن بەڵام بەدوایەکتردا هاتنی دەنگەکان و واتای وشەکان جودان وەك: گەرم، مەرگ – دەرز، زەرد – زێڕ، ڕێز.. چ بەڵگەیێکیشم بەدەست کەسەوە نەدیتووە ئیسپاتی ئەوە بکات کە یەکێکیان لەوی ترەوە وەرگیراوە.

٩

لە بابەت وشەی «خْوَردن، خْوَرتن، خْو...»ەوە کە لە لاپەڕە «١٢١» باس کراوە دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: لەم وشانەوە کە سەرچاوەی «خواردن»ی ئێستاکەی کوردی بەدەستەوە دەدەن دەزانرێ بۆچی ئەم وشەیە لە تەسریفدا وەك ئەو کۆمەڵە وشانە نییە کە هاوکێشن و بەر یەك دەستووری بێ کەلەبەر و بێ ڕیزپەڕی تەسریف دەکەون وەك:

| | |
|---|---|
| بواردم | دەبوێرم |
| هەناردم | دەهەنێرم |
| ژماردم | دەژمێرم |

بژاردم		دەبژێرم

سپاردم		دەسپێرم

فیعلی «خواردم» دەبوو بەپێی ئەم دەستووره لە ئایندەدا ببێتە «دەخوێرم» کەچی دەبێتە «دەخۆم» ناونـاوەیێکیش لێره و لەوێ دەگوترێ «دەخۆرم». بەڵام کە زانرا بەئەسڵ «خواردن» نەبووه چ گلەیی لەوەدا نامێنێ کە ڕێژەی ئایندەی بچێتەوە بەرەو ڕێژەی ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە هەڵقوڵیوە.

دووەم: کە زانیمان دەنگی «ا»ی ناو وشەی «خواردن» لە دەنگی فەتحە «ە»وە هاتووه نابێ بڵێین ناوگره و لەلاوه هاتووه بۆ ناو وشەکە بگره ئاشکرایە کە لە ئاکامی گۆڕانەوە پەیدا بووه، گۆڕانیش باسێکە زۆر جودا لە باسی «ناوگر».

١٠

لەبارەی وشەی «برێشکە»وە کە ئەویش لە لاپەڕە «١٢١»دا باس کراوە من هەر وا دەزانم بەهۆی ناوگری «ێ» لە «برژان»ی کوردییەوه پەیدا بووه نەك لە «وریژیتك»ەوە، بەڵگەشم وشەیێکی تره کە ئەویش، هەمان جۆر، ئەم دەنگەی «ێ» تێیدا بەناوگر هاتووه، وشەکەش «نان برێشك»ە کە خەڵق کردوویانەتە «ناوبرێشك». وا دەزانم زۆر زەحمەتە زمانی کوردی لە وشەی «وریژیتك»ەوه ڕێژەی «برێشك»ی بۆ وشەی «نان برێشك – ناوبرێشك» خواستبێتەوە بەتایبەتی کە لە کۆنەوە وشەیێکی وەك «نان بریژیتك» نەبووبێت بیکەین بەبنەمای وشەکەی ئێستای کوردی.

١١

لە وشەکانی «برنج، ئاسەوار [لاپەڕە «١٢٢»]، کۆمەڵ [لاپەڕە «١٢٣»]، دروێنە» بێ سێ و دوو لێکردن هاتمە سەر ڕایەکەی مامۆستا قزڵجی، لە دوو وشەی «ئاسەوار، کۆمەڵ»یش وێڕای قەناعەتهێنان، ڕوونبوونەوەیێکی زمانناسانەشم پێ گەیشت بەتایبەتی لە وشەی «ئاسەوار»ەوه. بەڵام وا دەزانم دەنگی «ێ»ی ناو وشەی «دروێنە» لە «درویـن»ەوه گۆڕاوە نەك «دروان» چونکە ئەمەی دوایی تێ نەپەڕە «دروون، درویـن»یش تێپەڕه. «سوان، بڕان»یش هەردوویان تێ نەپەڕن «سوین، بڕین»یش تێپەڕن..

## ١٢

وشەی «پێژە» ناشێ لە «پێژان»ی «خشت پێژان»ەوە هاتبێت کەوا لە لاپەڕە «١٢٣» باس کراوە چونکە واتای «پێژە» لە وشەی «ڕێژە و پێژە»دا بڵاوبوونەوەیە نەك کەوتنەوە سەریەك و ڕێك کەوتن. بڵاوبوونەوەش بۆ «پژان» دەچێتەوە.

بەداخەوە لە دەسنووسەکەی مامۆستا قزڵجی دوو وشە هاتوون، نیشانەیێك بەسەر پیتێکی هەر یەکێك لەو دوو وشانەوە هەیە بەڵام نازانرێ هی کام پیتە. وشەکان «گیرە، گیران»ن، لە چاپکردندا بوون بە «گێڕە، گێڕان» دیاریشە نابێ وا بن.

## ١٣

وشەکانی «خارشت، شەبەق، ئاراو [لاپەڕە «١٢٣»]، ڕەمانە [لاپەڕە «١٢٤»]» دەمەتەقە هەڵدەگرن، ڕەنگە لێشیان بەکۆتایی نەگەین، ئەوەندەش گرنگ نین زۆریان پێوە ماندوو بین، لەبەر ئەمە بەسەریاندا نەڕۆیشتمەوە.

## ١٤

لەبارەی خاڵی دووەم کە لە کۆتایی لاپەڕە «١٢٤» و بەرەو دواوە باسی «ت»ی کۆتایی هێندێ فیعل دەکات، مامۆستا لەوەدا لەگەڵم گونجاوە کە دەڵێم ئەو تێیانەی کۆتایی فیعلی کەسی دووەم و سێیەمی تاك، وەك «دەخۆیت، دەکەیت – دەبات، دەچێت..» ڕاناو نین نموونەی وشەی کۆنی دەری و ئاوێستاشی هێناوە کە لەواندا، وەك لە پەهلەویدا، [بەپێی نووسینی ناو گوتارەکە] ئەم تێیانە بەکار هاتوون. بەڵام لە گۆشەنیگای ڕێزمانەوە، وا دەزانم، ئەو بەڵگانەی من لە «حەشارگە...»دا هێنابووم بۆ ڕاناونەبوونی ئەو تێیانە [بەتایبەتی هی کەسی سێیەمی تاك] پتر ئیسپاتی مەبەست دەکەن لەوەی کە بزاندرێ لە کۆنەوە تێ لەو شوێنانەدا بەکار هاتوون چونکە ئەو کەسەی بڵێ تێیەکانی ئیمڕۆ ڕاناون دەتوانێ بڵێ لە کۆنیشەوە ڕاناو بوون، بگرە پتریش بەردەوام دەبێ لەسەر بیروڕای خۆی کە دەزانێ بەر لە دوو هەزار ساڵ زیاتر ئەم جۆرە تێیە بەکار هاتوون، بەڵام کە بەڵگەی پتەو ئیسپاتی ڕاناو نەبوونیانی کرد چ بایەخێك نامێنێ لەوەدا ئایا کۆنن یا تازە. من لە حەشارگەدا دوو بەڵگەم هێنابووەوە [بڕوانە لاپەڕەکانی ٨٨–٩١ی «حەشارگە..»] بۆ ڕاناونەبوونی تێیەکەی

کەسی سێیەمی تاك یەکێکیان لەوەدا کە ئەگەر ڕاناو بوویایە دەبوو وەك ئەوانی تر مومکین بێ لە ڕستەدا ببێتە مەفعوول. ڕاناوەکانی ڕێژەی ئایندە ئەمانەن:

دەڕۆم (م)

دەڕۆین (ین)

دەڕۆیت (یت، ی)

دەڕۆن (ن)

دەڕوات (گۆیا «ت» یاخود «ات» ڕاناوە)

دەڕۆن (ن)

ئێستا ئەم ڕاناوانە -ئەگەر ڕاناو بن- دەخەینە ڕستەی ئەوتۆوە تێیدا ببن بەمەفعول:

دەیانبردم (م)

دەیانبردین (دین)

دەیانبردیت (یت، ی)

دەیانبرد ( )

دەیانبردن (ن)

ئەگەر (ات) وەیا (ت) لە کۆتایی (دەڕوات)دا ڕاناو بوویایە دەبوو ئەویش وەك ئەوانی تر ببوویایە مەفعوول و بگوترابایە:

دەیانبردت

وەیا دەیانبردات

وەیا دەیانبردێت (ئەگەر نموونەکە لە «کوشتن»ەوە هاتبا دەبوو بگوترێ «دەیانکوشتیت»).

بەڵگەی دووەم، کە بەهێزتریشە لە هی یەکەم، لەوەدایە کەوا بەپێی باوەڕی ئەو زمانشناسانەی تێیەکەی کەسی سێیەمی تاك بەڕاناو دادەنێن دەبێ ئەم تێیەی کۆتایی فیعلی وەك «بووبێت، چووبێت..» ڕاناو بێ. جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە تێیەکە ڕاناوە دەبێ بسەلمێنین لە فیعلەکانی وەك «چووبێتم، چووبێتین،

چووبێتیت...»دا دوو ڕاناو هەبێت یەکێکیان هی کەسی سێیەمی تاك و ئەوی تریشیان هی کەسەکانی تر. لە فیعلی تێپەڕدا وەك «گوتبێتمان، کێڵابێتیان، کردبێتت...» کەوا هەمیسان دوو ڕاناوی فاعیل لە یەك فیعلدا کۆ دەبنەوە یەکێکیان هی کەسی سێیەمی تاك و ئەوی تریان هی کەسەکانی تر، دەبێ لە «گوتبێتی، کێڵابێتی، کردبێتی»دا دوو ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك هەبێ «ت، ی» ئەمەش شتێك نییە هیچ لێکدانەوەییێکی بەرێ و جێ مەرحەبای لێ بکات.

لەبەر ئەمە وا دەزانم مامۆستا قزڵجی لە پێویست کەمتر سەرنجی کشاوە بۆ ئەم باسە و بەچاوی کڕیاریش سەیری هەموو بەڵگەکانی ناو «حەشارگە..»ی نەکردووە. بەنموونە، ئەگەر ڕێی هەبا پتر خۆی بەو باسانە و بەڵگەکانی ناو «حەشارگە...»وە خەریك کردبا دەبوو هەڵوەستێکی لە ئاست لێکدانەوە دەربارەی ڕاناوی لکاوی بەهێز و بێ هێز [لاپەڕە ١٣–١٧] بکردبایە وەیا ناوێکی فیعلی «انتقالی و انتقالی پێچەوانە [لاپەڕە ٥١–٧٧]»ی بهێنابایە..

–١٥–

لەبارەی وشەی (نَپَردِت، نَپرَدیتَنْ) کە لە سەرەتای لاپەڕە «١٢٧»دا هاتوون چ زیانێك پەیدا نابێ لەوەدا کە بڵێم ڕەنگ بێ وشەی (نَبَرْدْ – نەبەرد) لەوانەوە کەوتبێتەوە.

هەر لەو لاپەڕەیەدا مامۆستا قزڵجی وشەی «رە»ی بەپێشگر داناوە و دەڵێ بەواتای «لە»یە. لێرەدا تێبینیم هەیە:

ناشێ «رە» بەپێشگر دابندرێت چونکە خۆی وشەیێکە لەو بەشە ئاخاوتنەی پێی دەڵێن preposition و لە عەرەبیدا پێی دەڵێن «حرف جر». دەوری «پێشگر» لە پێکهێنانی وشەدایە، دەوری پریپۆزیشنیش لە ڕستەدایە. پێشگر و پاشگر و ناوگر خۆیان هەمیشە دەبنە کەرتێکی وشە، هەر ئەم تایبەتییەشە لە وشەی دیکەیان جودا دەکاتەوە، بەڵام ئەم ڕاستییە مەنعی ئەوە ناکات پریپۆزیشن وەك هەموو وشەیێکی تر ناوناوە وشەی لێکدراو وەیا داڕژاو دروست بکات وەك کە بڵێین (پیاوی «بێ دین» چ پەروای نییە...) وەیا (پیاوی «بەدین» دەست دەپارێزێ..). لەم نموونانەدا «بەدین، بێ دین» بوونەتە وشەی فەرهەنگی هەروەك دەشێ وشەی «دەستکورت»یش بەواتای هەژاری بخرێتە ناو فەرهەنگەوە، بەڵام کە گوتمان «ئەم دنیایە بێ دین ڕاناوەستێ –

کابرا بەپارە چارەی کارەکەی کرد...» دوو وشەی «بێ، بە» لە ڕستەدا دەوریان دیت و وشەی فەرهەنگییان دروست نەکرد چونکە نەبوون بەکەرتی وشەیێکی تر وەك کە «هەڵ، دا، تێ، را..» لە وشەکانی «هەڵگرتن، داگرتن، تێ سرەواندن، ڕاهاتن..» هەمیشە کەرتێکیانن و ناتوانن لێیان بپچڕێنەوە بۆ ئەوەی سەربەخۆ لە ناو ڕستەدا دەور ببینن. لە شێوەی وەك «هەڵم گرت، داتان شکاند، تێیان هەڵسو، ڕای دەپەڕێنن..»دا پێشگرەکان هەر پێشگرن و بەشێکی فیعلەکانن هەرچەند ڕاناوێك کەوتووەتە نێوانیانەوە.

لە وشەی وەك «ڕەدووکەوتن»دا ئەم «ڕە»یە پێوەندیی بەوشەی «دوو»وە هەیە وەك پریپۆزیشن نەك پێشگر، چونکە لەوێدا «دوو» زەرفە نەك فیعل.

لەبارەی «ڕای» پەهلەوی و «ڕا»ی دەریشدا [لاپەڕە «١٢٧»] هەرچەند نەشتوانم ببم بە بەرەوان لەو دوو زمانەدا بەڵام جوداوازیی نێوان واتاکەیان هێندە ئاشکرایە ڕێ بەخۆم دەدەم بڵێم ئەم دوو وشەیە دەخڵیان بەسەر یەکترەوە نییە چونکە «ڕای» پەهلەوی پریپۆزیشنە «ڕا»ی دەریش نیشانەی «مفعولیة»ە چ بەواسیتە و چ بێ واسیتە. هەروەك «ڕای» ناشێ پێشگر بێت هەروەها «ڕا»ش ناشێ پاشگر بێت هەرچەند لە دوای وشەوە بێت چونکە نابێتە کەرتێکی وشە و چ مەعنایان لە ناوەڕۆکی وشاندا زیاد و کەم ناکات.

لەبارەی پاشگری «وە»وە [لاپەڕە «١٢٧»] قسە زۆرن، من بەوپەڕی لێکورتکرنەوەوە خۆمی لێ ڕزگار دەکەم:

أ- نموونەکانی مامۆستا قزڵجی «بچۆرەوە، بلێرەوە، بمدەرەوە، بکەرەوە» هەموویان لە ڕێژەی فەرمان هاتوون، باشتر ئەوەیە «چۆوە [چۆوەوە]، گوتییەوە، دایەوە، کردییەوە» بەسادەیی و بێ لێ زیادکردنی ئەم «ر»ەی ڕێژەی فەرمانی بەشێك لە لەهجەکانی کوردی بخرێنە بەر سەرنجەوە.

ب- وەك بۆ سەرنجی بینەر دەردەکەوێت پاشگری «وە» کە لە هەندێ لەهجەی کوردیدا دەبێتە پێشگری «وە، ڤە» نەك تەنیا بۆ دووپاتکردنەوە بگرە بۆ گەلێك مەبەستی تر لەگەڵ فیعلدا بەکار دەهێندرێ، لەوانە:

- دووپاتەکردنەوە.

- خۆی بەشێکی بنجییە لە فیعلدا کە بێ ئەو فیعلەکە واتای دروست نادات وەك «ڕازانەوە، گواستنەوە، شاردنەوە..» لەم فیعلانەدا پاشگری «وە - ەوە» نە واتای

دووبارەکردنەوەی تێدایە نە بێ ئەو فیعلەکان واتایان دروست دەبێ.

– خۆی بەشێکی بنجییە لە فیعلدا بەڵام کە لێی قرتا فیعلەکە واتایەکی تر دەدات و لە هیچیشیان دووپاتەکردنەوە پەیدا نییە وەك «ئاو خواردنەوە، پارەبردنەوە، دەرگاکردنەوە، مەڕکوشتنەوە...». ئەم فیعلانە ئەگەر بەواتای «شرب، کسب، فتح، ذبح» بن لە دووپاتەکردنەوەدا دەبێ بگوترێ «جارێکی تر وەیاخود دووبارە خواردنەوە، دووبارە بردنەوە، دووبارە کردنەوە، – جارێکی تر بردمەوە، دووبارە دەرگەکەم کردەوە، سەرلەنوێ خواردمەوە... هتد». مامۆستا قزڵجیش لە بەرەو کۆتاییی لاپەڕە «١٢٨»دا گوتوویەتی «پاشگری (وە) لە فیعلی (بخۆرەوە)دا جگە لە مەبەستی (اعادە)، بۆ جیاوازیی نێوان (اکل) و (شرب)ە.» بەڵام دەبوو بڵێ فیعلی تریش لەم جۆرەی «خواردن» زۆرن.

– لە فیعلەکانی ئەو نموونانەی مامۆستا قزڵجی لە لاپەڕە «١٢٨»دا هێناونیەوە «ئەو کتێبە بنووسەرەوە، قەرزەکەم بدەرەوە، ئەو گایەی کڕیوتە کە جووت ناکا بیفرۆشەرەوە..» وەك مامۆستا خۆی دەڵێت سەرنجگرتنێکی ورد پێویستە: چ لەم نموونانەی بێت و چ لە نموونەی تری وەك «کەوتم و هەڵستامەوە، چووم و هاتمەوە، کەپرم کرد و تێکم دایەوە..» بێت، دیاردەیێکی گشتی لە هەمووواندا هەیە هەرچەند دیاردەکە بەپێی سروشتی «فیعل» جلوەگۆڕیش بکات. لە بەشێکی زۆری ئەو فیعلانەدا فیعلەکەی دوایی کە پاشگری «وە – ەوە»ی پێوەیە بەردەوامبوون وەیا دووبارەکردنەوەیێکی پێچەوانەییی فیعلی یەکەم ڕادەگەیەنێت لە هەمووانیشدا ئەگەر فیعلی یەکەم نەبێت هی دووەم نابێت:

چووم و هاتمەوە – هاتنەوەکە بەردەوامبوونێکی پێچەوانەییی چوونە.

کەوتم و هەڵستامەوە – هەڵستانەوەکە پێچەوانەی کەوتنە و لەوەوە پەیدا بووەتەوە.

کردم و تێکم دایەوە – تێکدانەوە پێچەوانەکردنی کردنەکەیە و لەوەوە هاتووە.

گایەکە دەفرۆشمەوە – دیارە لەمەوپێش کڕیومە دەنا دەمگوت «دەفرۆشم»، ئەم فرۆشتنەوەیە پێچەوانەکردنی کڕینەکەیە.

لە فیعلی «کوشتنەوە»دا وەك گوتم پاشگری «وە – ەوە» بۆ دووبارەکرنەوە نییە بگرە خۆی دەوری بنجیی واتاگۆڕیی دیتوە وەك کە لە «پارە بردنەوە، دەرگە کردنەوە...»دا دەوری بنجیی دیتوە بێ «اعادة». ئەگەر ئێمەش وەك مامۆستا قزڵجی بڵێین

کوژرانەوەی بەرخ لەلایەن خەڵقی ترەوە سەبەبە بۆ ئەوەی واتای دووبارەکردنەوەی تێدا «تصور» بکرێت، ڕووبەڕووی دوو بەرهەڵستی گەورە دەبین: یەکێکیان ئەوەیە کە دەبوو یەکەم «کوشتنەوە» پێی بگوترێ «کوشتن» تاکو دووەم و سێیەم و... هەزارەم دووبارەکراوەی ئەو بن. بەرهەڵستی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر لە کوشتنەوەدا ڕێ هەبێ کاری لێرە بەپێشەوەی خەڵق ببێتە «مبرر» بۆ ئەوەی هی من و تۆ بەشکڵی دووبارەکراو دەربېڕدرێت، ئەوسا دەبوو هەموو کارێکی تێپەڕ نەك هەر «کوشتن، کوشتنەوە» هەمان شکڵی دووبارەکراو وەرگرن چونکە هەروەك بەر لە بەرخەکەی من و تۆ بەرخی تر سەر بڕاون بەر لە جگەرەی من و تۆش جگەرەی تر داگیرسێنراون، ئەوساش دەبوو بڵێم «جگەرەیێکم داگیرساندەوە...» هەروەهاش بڵێم «دەموچاوم شووشتەوە، زەوییەکەم کێڵایەوە [بەواتای کێڵام]، سەگەکە پشیلەکەی خنکاندەوە... هتد» چونکە لێرە بەپێشەوە دەموچاویش شۆراون و زەویش کێڵراون و پشیلەش خنکێنراون. [باسەکە پتر بەدواکەوتن هەڵدەگرێت].

١٧

لەبارەی ئەوەی مامۆستا قزڵجی لە کۆتاییی لاپەڕە «١٢٨»دا پێی دەڵێ پاشگری «انێ»: ڕاستکردنەوەیێکی بچووك لە سەرەتای لاپەڕە «١٢٩»دا پێویستە بکرێت. نووسراوە («کردتانی» و «کردمانی» و «کردشانی» سیغەی زۆر کۆنی زمانی دەرین کە لە جیاتی هەوەڵ کەس و دووەم کەس و سێیەم کەسی کۆی ڕابردوو...) وا دەزانم دەبێ وشەی «کردمانی» لە پێشەوە بێت بۆ ئەوەی لە خوردکرنەوەکەی دواتردا بەرانبەر کەسی یەکەم ڕاوەستێت، ئەوساش «کردتانی» دەکەوێتە بەرانبەر کەسی دووەمەوە.. کە سەرنج ڕاگریت دەبینیت دواتر لە دێری چوارەمی لاپەڕەکەدا فیعلەکان ڕیزی ڕاست و دروستیان بەستووە.. بەدوا ئەمەدا کە مامۆستا دەڵێ «دەچمەوانێ، دەچیتەوانێ» لەمەوە پەیدا بووە باشتر ئەوە بوو بیگوتبایە «چوومەوانێ، چوویتەوانێ» تاکو ئەوانیش وەك نموونەکانی ناو کتێبەکەی «بەهار» ڕێژەی ڕابردوویان هەبوایە.

ئێستا دەبێ سەرنج بۆ شتێکی گرنگ ڕابکێشم لە مەسەلەی «انێ – هوانێ»دا:

لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی ئەم پاشکۆیە وەنییە هەر لەگەڵ فیعلدا بێت بەڵکو بەدوای ناویشدا دێت و دەگوترێ «لە ماڵەوانێ..». ڕەنگە بگوترێ ئەم «هوانێ»یەش هەر هی دوای فیعلە پەڕیوەتەوە بۆ کۆتاییی ناو، بەڵام ئەم هێندە گوتەیە ڕاستیی

دیاردەکەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە چونکە دەبێ لە پەڕینەوەی وشە وەیا کەرتی وشە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هەرنەبێ، بۆرە دەستوورێك ڕەچاو بکرێت وەك ئەوەی کە من خۆم لە کۆتاییی لاپەڕە «٢٢٩» و لە لاپەڕە «٢٣٠»ی کتێبی «چەپکێك لە گوڵزاری نالی»دا گوێزانەوەی هەندێ دەنگ و ئامرازم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە نموونەکانی ناو ئەو لاپەڕانەدا داوەتەوە بەداخوازی کێش وەیا قافیەی شیعر(١). لێرەدا دەبێ ئەو تێبینییەش بکرێت، هاتنی ئەم «ەوانێ»یە بەدوا غەیری فیعلدا لە شوێنی تایبەتیدا دەبێ، ژمارەی ئەو شوێنانەش زۆر نین، وشەکەش دەبێ لە حاڵەتی غەیری «فاعلیة وصفیة»دا بێت، بەکورتی دەبێ لەو حاڵەتەدا بێت کە عەرەب پێی دەڵێن «معمول» ئیتر مەفعوول بێ وەیا زەرف وەیا هەر شتێکی تری وەك ئەوان. بەنموونە دەڵێم کەس نەیبیستووە بگوترێ «مەحموودەوانێ کوڕێکی زیرەکە، ئەم ڕووبارەوانێ ئاوەکەی خوڕە، خانووەکەم خۆشەوانێیە، مەلێکی جوانەوانێم گرت...».

بەهەمەحاڵ ئەم باسە گەلێك پتر لێوردبوونەوەی دەوێت لەوەی مامۆستا قزڵجی کردوویەتی وەیا من لێرەدا کردوومە. بەلای باوەڕی منیشەوە بەکارهێنانی ئەم شێوە «ڕستەسازییە» بابەتی «زمانی ئەدەبی یەکگرتوو» نییە بگرە بەکارهێنانێکی ناوچەییە، تەنانەت هێنانی ئەو «ر»ە نەرمەش لە ڕێژەی فەرماندا وەك «بنووسەرەوە، بڵێرەوە، بچۆرەوە..» کە هەندێك لە نووسەران بەشتێکی وەك «نون الوقایة»ی(٢)

(١) وا دەزانم ئەوەی لەو جێگایەی «چەپك»دا گوتراوە یەکەم ئیشارەیە بۆ ئەو تەرزە جێگۆڕکێیە لە ئاخاوتنی کوردی، ئەمجارەشیان دووەم ئیشارەیە.

(٢) بەلای هەندێ زمانەوانانەوە ئەم پاشگرە «ەوە»یە نەك «وە» چونکە لە هەر جێگایەکی مومکین بێت بزوێنەکەی پێشەوەی بپارێزرێت پارێزراوە، بەڵگەیێکیش بۆ ئەم باوەڕە لەوەدا دەهێننەوە کە لە ڕێژەی فەرمان «فعل أمر»ی کوردیدا لەبەرئەوەی کۆتاییی ئەو ڕێژەیە هەمیشە هەر بزوێنە، بەشێك لە کوردەکان ئەم «ر»ە لاوازە بەنیازی پاراستنی بزوێنەکەی سەرەتای «ەوە» دەهێننە ناو ڕێژەی فەرمان چونکە دیارە بزوێن بەبزوێنەوە نالکێ، تۆ ناتوانی تەلەفوز بکەی «وەرە ەوە – بکە ەوە – بخۆ ەوە – بێ ەوە...» تا کۆنسنانتێك دێت و بزوێنەکە بەخۆیەوە دەگرێت.. ئەوەی ڕاستی بێ من تا ئێستا نەمگوتووە «وە» یاخود «ەوە» پاشگرە هەرچەند لە بیروڕا و لێکدانەوەدا بەلای (ەوە)دا دەچمەوە چونکە ئەم بزوێنە لێرە و لە شوێنی تریشدا زۆر بەرچاوە و دەورێکی گەورەی هەیە لە ئاخاوتنی کوردیدا، دیارە نابێ ئەم هەموو سەرەتاتکەیە لەلایەن بزوێنی «ە»وە=

دادەنێن بۆ پاراستنی بزوێنی سەرەتای «ەوە» ئەویش ڕەفتارێکی ناوچەیییە و ناشێ

---

= خۆڕایی بێت، دەرنەکەوتنیشی لە هەندێ حاڵ و باردا نابێتە ڕەسەن نەبوونی چونکە بەشێکی زۆر لە دەنگەکانی ناو وشەی زمانی کوردی تێ دەبردرێن و دێنەوە کەسیش ڕێی نییە بڵێ تێبردنەکە بەڵگەی ناڕەسەنییە:

چووم دەچم – لێرەدا واوەکە تێ بردرا

هاتم دێم – هێ نەما

شووشتم دەشۆم – «شت» ون بوو

خواردت دەخۆی – «ارد» ڕۆیی

بەرەڵڵا لە بەرهەڵدراوەوە هاتووە...

هەر بەو جۆرەش بزوێنی پێش نیشانەی تەعریف «ەکە» لە زۆر شێوە ئاخاوتندا کە کەوتە دوای بزوێنەوە تێ دەبردرێت وەك:

پەنجەرە پەنجەرەکە – نەگوترا و ناگوترێ «پەنجەرەەکە»

برا براکە – نەگوترا و ناگوترێ «براەکە».

واش دەبێت کۆنسنانت دێت و ئەم بزوێنە دەپارێزێت و دەگوترێ «برایەکە».

لە هەندێ لەهجەدا پاشکۆی «اسم الاشارة» کە بزوێنی «ە»یە، کاتێك بەدوای وشەی وەهادا هات کە بە «ە» کۆتاییی دێت تێ دەچێت وەك:

پەنجەرە: ئەم پەنجەرە. لە شێوەی تردا دەگوترێ «ئەم پەنجەرەیە..».

دەرنەکەوتنی بزوێنی «ە» لە بەراییی «ەوە» کە دەبێتە پێشگر، شتێکی ناچارییە چونکە لەو حاڵەتەدا چ کۆنسنانت لە پێشیەوە نییە خۆی پێوە بگرێت، لەبەر ئەمە نابێتە بەڵگەی ناڕەسەنیی بزوێنەکە. کورتەی قسەم لەمەدا ئەوەیە کەوا بەئاسانی ناتوانین بڵێین ئەم پاشگرە، کە دەشبێتەوە پێشگر «وە»یە نەك «ەوە». ئەو نووسەرانەی دەڵێن هاتنی ئەو بزوێنە لە بەرایی «وە» وەیا لە کۆتاییی وشەکاندا بۆ ئاسانکردنی دەربڕینی بێژەکانە قسەیێکی بێ جێ دەکەن چونکە چ قورساییی لەوەدا پەیدا نییە کە لە جیاتی «چوومەوە» بگوترێ «چوومو‌ە» لە حاڵێکدا ناوی جێگە و ئاوایی هەیە لە کوردستاندا وەك: «پەسوە، بێژوە..» کۆتاییان بە «وە» دێت و کەس لێیان وەتەنگ نەهاتووە، بەڵێ مومکینە بگوترێ «پەسوێ، بێژوێ» بەڵام زۆریش بەجۆرەکەی تری دەردەبڕن بەتایبەتی لە ڕستەدا کە دەڵێن «فلانە کەس خەڵقی بێژوەیە و خەڵقی پەسوەیە...». لەمەش بترازێ، یەکێك لە ڕێژەکانی ڕابردووی کوردی هەمیشە کۆتاییی بە «وە» دێت وەك: دارا نوستووە، ئەمەم بردووە، کێت دیتووە؟ چەندین ڕستەش هەن وەك: ناوم برزووە، دایکی ژن خەسووە، دوای ژمارە یەك =

بەسەر هەموو نووسینی کوردیدا بهێندرێ.

### ١٨

لەبارەی پاشگری «ك»ەوە:

ئەوەی لە لاپەڕە «١٢٩» و «١٣٠» و «١٣١»دا نووسراوە لە ژێر عینوانی [٤– پاشگری (ك)، (ئا)]دا تەواوێك لە مەبەستی ناو «حەشارگە...»ی لاداوە، چونکە لەوێدا باسی پاشگری «کا» کراوە کە بەدوا فیعلدا دێت و لە ئایندەدا دەبێتە «کێ – بزرِکا، بزرِکێ» کەچی لە گوتارەکەدا کۆمەڵێك مەبەستی لە یەکتر جودا لە ژێر ئەو عینوانەدا کۆ کراونەتەوە کە زۆر تێبینی هەڵدەگرن من لەم چەند خاڵەی ژێرەوەدا کورتەیێکیان دەنووسم:

أ– کافی «بندك، دستك – کە بوونەتە بەندە، دەستە» لە هیچ ڕوویێکەوە لەگەڵ باسەکەی مندا یەکتر ناگرنەوە، تەنانەت وشەیێکی وەك «کوتك – کوتەك» کە لە فیعلی «کوتان»ەوە هاتووە ئەویش لە پەڕاوێزی قسەکانی من بەدەرە چونکە «کوتك» و کافەکەی گەردان ناکرێن وەك ئەو فیعلانەی لە «حەشارگە»دا بەنموونە هاتوونەتەوە. ئەگەر گوترابایە «کوتکا، دەکوتکێ، دەتکوتکێنم، دەیکوتکاند...» ئەوسا دەمانگوت ئەم کافە کە بۆ پەیداکردنی ناوی «ئامێر»ە پاشگرێکی فیعلە.

ب– کافی «بچووککردنەوە» کە ئەویش لە باسی ناو «حەشارگە..» بەدەرە، دەشێ پێی بگوترێ «پاشگر» چونکە گۆڕینێك لە واتای وشە بچووککراوەکە پەیدا دەکات، بەڵام دیارە پێوەندیی بەفیعلەوە نییە.

---

= ژمارە دووە... کە هەموویان کۆتاییيان بە «وە» دێت.

لێرەدا پێویستە بڵێم، مادەم مامۆستا قزڵجی لە مادەی پێشگری «ك»دا بەزۆر لایاندا قسەزانیی کردووە، دەبوو لەبارەی «وە، ەوە» ئەوەش بخاتە سەر قسەکانی کە بێژەی «ەوە» دەبێتە پاشکۆی بەشێك لە پریپۆزیشنەکان و بەدوا ئەو ناوانەدا دێت کە لەبەر تاوی پریپۆزیشنەکەدان وەك:

لە هەولێرەوە بۆ سنە.

بەباب و باپیریشیەوە ڕای ناکەوێ.

لە من و تۆوە خەڵق فێر بوون.

لە من و تۆوەڕا خەڵق فێر بوون.

ج– نیشانەی (عهد و تعریف – لاپەڕە «۱۳۰»ی گۆڤار) کە مامۆستا خستووەتییە ژێر سەرەباسی پاشگری «ك»، لە هیچ ڕوویێکەوە بەر ئەو سەرەباسە ناکەوێت:

پاشگری «ك» لە وشەی وەك «کۆتك، کۆچك، کوتك، لانك...»دا بۆ هەر مەبەستێك بێت تەنیا دەنگی کافە، کەچی نیشانەی «تعریف» سێ دەنگی سەرلەبەری «ەکە»یە. ئەگەر جایەز بێت «ەکە» بەپاشگری «ك» بژمێردرێت دەبێ «ۆکە»ش لە وشەی وەك «جلۆکە، مەڕۆکە، بزنۆکە..» بەپاشگری «ك» لەقەڵەم بدرێت، هەروەهاش هەموو پاشگرێکی تری دەنگی «ك»ی تێدا بێت.

گوتم نیشانەی «عهد و تعریف» و نەمگوت پاشگری «عهد و تعریف»، لەمەشدا بەئانقەست ئەم «ەکە – الف لام التعریف»ەم لە مەفهوومی ناو گوتارەکە دزییەوە چونکە هەروەك نەشیا بخرێتە ژێر عینوانی پاشگری «ك» هەروەهاش ناشێ پێی بگوترێ پاشگر: واتای پاشگر هەر ئەوە ناگەیەنێ کە لە کۆتاییی وشەوە بێت. هەڵکەوتنی وشە و کەرتی وشە لە پێشەوە و لە دواوە شتێکی ڕواڵەتییە و خۆی بەتەنیا نابێتە هۆی بەشداربوون لە پێکهێنانی وشەی تازەدا. پێشگر و پاشگر و ناوگر وشەی تازە دادەهێنن، واتە «تدخل» لە شیرازەی وشە دەکەن و دەبن بەکەرتێکی پێکهێنەر و واتا بەخشی وشە تازەکە. هەر بۆیەیە کە کوردەواری ناوی «عمر» دەکات بە «عومبەر» و دەنگێکی «ب» دەخاتە ناو کلێشەی وشەکەوە چ ناوگری لەوەدا بەکار نەهێناوە چونکە «عمر» و «عومبەر» یەك شتن و جوداوازییان لە نێواندا نییە. ئەم «ب»ەی ناو «عومبەر» زیادییێکی فۆنەتیکییە دەم و ڕاوێژی بەشێکی کوردەواری لەو شوێنەدا حەزی لێ دەکات هەروەك «کەمەر» دەکەن بە «کەمبەر» وەیا بەمەکینەی «کسّارة» دەڵێن «کەستارە» وەیا وشەی «تسوية» دەکەن بە «تەوسییە». لە وشەی «عومبەر»دا دەنگی «ب» چووەتە ناو کلێشەی وشەکەوە بەمەشدا بەشێکی ڕێگەی بڕیوە بەرەو ناوگری، بەڵام چونکە هیچ واتای نەگۆڕیوە و چ وشەی تازەی دانەهێناوە لە ناوگری دەشۆڕێت و دەبێتە زیادییێکی فۆنەتیکی. هەروەهاش «کەمبەر» لە تەك «کەمەر»دا.

لە بابەتی «ەکە»ی تەعریف نیشانەی تر هەن وەك «ان»ی کۆ [پیاوان، درەختان] و پاشکۆی ناوی ئیشارەت [ئەم پیاوە – ئەم پیاوانە] کە ئەوانیش نابن بەکەرتی وشە و ناشێ پێیان بگوترێ پاشگر. بۆ ئەم تەرزە بێژانە زاراوەی «نیشانە» بەکار دێت کە مامڵەتێکی پەسەندە لەگەڵ وشە و ڕێزماندا. هەندێك زمانەوان هەن «دە»ی «دەڕۆم، دەخۆین...» و «ب»ی «بڕۆ، بخۆم..» و «نە»ی «نەڕۆی، نەخۆین..» و «مە»ی «مەڕۆن،

مەخۆن..»یش بەنیشانە دادەنێن. ئەو لیژنەیەی «زمان و زانستەکانی» کە من تێیدا ئەندام و دەمڕاستم تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا نەگەیشتووەتە باسی ئەو وشانەی لە زیمنی «وشەی بەستراو»دا بەر تاقمی «نیشانە» دەکەون، بەڵام هەرجارە کە پێویستی توێژینەوە ڕووبەڕووی ناوهێنانی تاك تاکەی وشەکانمان بکات زاراوەی «نیشانە»یان بۆ بەکار دەهێنین.

دەنگی «ك» لە ئاخاوتنی کوردیدا یەکێکە لە دەنگە هەرە چالاکەکان کە دەوری جۆراوجۆر دەبینن لە دروستکردنی وشە و لە پێکەوەبەستنەوەی ڕستان. مامۆستا قزڵجی لە بەشێکیان دواوە، خۆشم لێرە بەپێشەوە باسی گرنگیی دەوری «ك»م کردووە، نووسەری دیکەش بەگشتی (نەك بەتایبەتی) لە نموونانداد ئەم «ك»ەیان باس کردووە، بەڵام تێکڕای ئەو بۆچوونانە بخرێنەوە سەریەك هەر بایبی سەرەتایێکی باسەکە دەکەن. لێرەدا دوو نموونەی عەنتیکە لە بەکارهێنانی دەنگی «ك» دەخەمە بەرچاوی خوێنەر. یەکێك لەو دووانە، بەر لە ئێستا، کەوتووەتە ناو نووسینمەوە، ئەوی دیکەیان یەکەم جارە لێرەدا باس دەکرێت.

نموونە باسکراوەکە ناوی یاری «دایە مەمدۆڕەکێنە»یە کە لە کۆیێ و شوێنی نزیك بەو پێی دەڵێن (دونگ لە مەڕێ – ڕەنگە «گورگ لە مەڕێ» بووبێت و گۆڕابێت چونکە یەکێك لەو گەمەیەدا دەوری گورگ دەبینێت و خۆی لە مەڕ دەدات). دیارە وشەکە بەپێی دەستووری زمان و ڕێزمانی کوردی «دایە مەمدۆڕێنە» بووە و ناوگری «ەك» خراوەتە ناو کلێشەی پاشگری «اند» کە لە ڕێژەی فەرماندا دەبێتە «ێنە – دۆڕاندت، دەدۆڕێنیت، بدۆڕێنە». بۆیەش پێی دەڵێم ناوگری «ەك» چونکە: ١– چۆتە ناو کلێشەی بەشێکی وشەوە. ٢– ناوێکی تازەی داهێناوە بۆ جۆرێك لە یاری و گەپ.

نموونە باسنەکراوەکە فیعلی «ڕاوەستەکێ»یە کە لە دەوروبەری خۆمم بەزۆری بیستووە. لەم فیعلەدا دوو ڕەفتاری بەرچاو کراوە: ١– فیعلی «ڕاوەستە» گێڕدراوەتەوە بۆ سەر بنجی خۆی کە لە بنەڕەتدا «وەستا، دەوەستێ، بوەستێ»یە. ٢– ناوگری «ەك» خراوەتە نێوان دوو دەنگی کۆتاییی وشەکە.

دیارە گۆڕانێکیش لەو بەکارهێنانەدا بەسەر واتای «ڕاوەستە، ڕاوەستێ»ی عادەتیدا هاتووە چونکە کە دەگوترێ «ڕاوەستەکێ» مەبەست هەر «ڕاوەستان»ی عادەتی نییە بگرە ئەو ڕاوەستانەیە کە وردبوونەوە وەیا گلەییکردن وەیا مەبەستێکی تایبەتیی بەدوادا دێت.

لە وشەی «دایە مەمدۆڕەکێنە» بیر بۆ وشەکانی وەك «شلکێنە، نیسکێنە، زەردێنە، ماشێنە، ترخێنە، جگێنە، قرقێنە، وەردێنە...» دەڕوات، بەڵام لە ڕووی ڕێزمان و وشەسازییەوە قیاسی ئەو لەوان ناکرێ چونکە «ێنە»ی کۆتایی «مەمدۆڕێنە» شێوەی پاشگری «اند»ە لە ڕێژەی فەرماندا و پاشگرێکی لەمەڕ فیعلە، کەچی «ێنە»ی دوای وشەکانی تر پاشگری بەرەی ناوە و سەربەخۆیشە چونکە لە شتێکی دیکەوە نەهاتووە وەك «ێنە»کەی تر کە لە «اند»ەوە هاتبوو.

د- لەبارەی «شەوەکی، بەیانەکی، ڕاستەکی، چەپەکی، لاوەکی...»یەوە:

لە گوتارەکەدا (لاپەڕە «١٣٠»، خاڵی ٦- ٧) ئەم پاشگرەی «ەکی»ش هەر لە ژێر عینوانی پاشگری «ك»دا باس کراوە. دیارە لە شکڵدا «ك» و «ەکی» هەر هێندە یەکدی دەگرنەوە کە لە هەردوویاندا دەنگی کاف هەیە، لەوە بەولاوە نە بەشکڵ و نە بەواتا و نە بەجۆری لەکارهێنان خزمایەتییان لە نێواندا پەیدا نابێ. لێرە بەپێشەوە ئەم «ەکی»یە لەلایەن لیژنەی زاراوە زانستییەکانی سەر بەکۆڕی زانیاری کورد، کە خۆم دەمڕاستی بووم، نەختێك بەپێی پێویستی فەرمانی زاراوەدانان لێی کۆڵراوەتەوە [لاپەڕە ٤٣٩ - بەرگی چوارەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٦] و لە داهێنانی زاراوەدا بەکاریش هاتووە [لە نێوان لاپەڕە ٤٤٢ - ٤٧٥ی هەمان گۆڤاردا].

لەو شوێنانەدا لیژنە ئەم پاشگرەی «ەکی» بەئەداتی نیسبەت داناوە وەك کە «ی» لە کۆتایی بەشێکی وشەی کوردیدا دەوری نیسبەت دەبینێت. ئەمەی خوارەوە سەرەتای قسەکانی لیژنەیە لەبارەی ئەم پاشگرە و بەکارهێنانی لە داڕشتنی وشە و زاراوەی تازەدا:

«لەم کارەی داهێنانی زاراوە کەوا گەلێك جار ڕێژەی نیسبەتی تێدا بەکار دێت لیژنە خۆی لە (ی)ی تەقلیدی دزییەوە بۆ پاشگرێکی تر کە ئەویش هەر بۆ نیسبەتە و زۆریش لە تاکە دەنگی (ی) لەبارترە بۆ هاتن لە دوای زۆربەی وشانەوە. لە کوردیدا دەگوترێ (لاوەکی، دەرەکی، ناوەکی، سەرزارەکی، شەوەکی، بەیانەکی، ڕۆژەکی، پێشەکی، پاشەکی، ڕەمەکی...) کە هەموویان ڕێژەی نیسبەتن و گونجاوتریشن لەوەی بەهۆی (ی) پێك هاتبان. ئەوەی ڕاستی بێ پاشگری (ی)ی نیسبەت لە بنەڕەتدا بۆ دەربڕینی نیسبەت لەگەڵ شار و وڵات و عەشرەت و گەل و شتی ئەوتۆییدا بەکارهاتووە، ئێستا نووسەران خەریکن لەگەڵ وشەی وەهای بەکار بێنن کە هەرگیز کورد لەگەڵیاندا

بەکاری نەهێناوە وەك وشەی ئاوەڵناوی عادەتی (جوان، ئازا، سوور، زەرد، تێر... هتد). ئەم وشانە کە پاشگری (ی)یان چووە دواوە دەبنە ئەبستراکت هەرچەند پاشگرەکە لە هەمان کاتدا بۆ نیسبەتیش بەکار دێت. لێژنە وای پەسەند کرد لە جیاتی پاشگری (ی) لەم شوێنانە و شوێنی وەك ئەواندا پاشگری (ەکی) بەکار بێنێت».

«(جوانەکی، ئازایەکی، سوورکی، زەردەکی..) بەواتای (جمالیّ، اقدامیّ، أحمریّ، أصفریّ..)، ناوە ئەبستراکتەکەشیان دەبێتە (جوانەکیەتی – الجمالیة، ئازایەکیەتی – الأقدامیة، سوورەکیەتی – الأحمریة، زەردەکیەتی – الأصفریة...)» [بنوارە لاپەرە ٤٣٩ی گۆڤارەکە، دواتریش لە لیستەی زاراوەکاندا ئەو وشانە دەبینیت کە بەتازەیی پاشگری «ەکی» لەگەڵیاندا بەکار هاتووە.]».

ئەم بۆچوونەی لیژنە، وا دەزانم، بۆچوونێکی ڕاست و دروستە، تەنانەت ئەگەر پێشنیارەکەشی وەرنەگیرێ لە داهێنانی وشەی تازەدا لەوەدا نیشانی پێکاوە کە دەڵێ پاشگری «ەکی» بۆ نیسبەتە.

بەپێی بیروباوەڕی ناو گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی پاشگری «ەکی» بۆ دیاریکردنی: ١– کات و زەمان [بەیان – بەیانەکی، شەو – شەوەکی]. ٢– لا «جهة» [لا – لاوەکی، ڕاست – ڕاستەکی، چەپ – چەپەکی].

نەختێك وردبوونەوە بەچاوی مامڵەت دەری دەخات کە پەیدابوونی واتای «کات، لا» لەم وشانەدا شتێك نییە پاشگرەکە پێکی هێنابێت چونکە ئاشکرایە واتای کات لە وشەکانی «بەیان، شەو»دایە واتای «جهة»یش لە وشەکانی «لا، ڕاست، چەپ»دایە. ئەگەر هاتبا پاشگرەکە لە وشەی وەك «بەرد، دار، ئاو، هەنجیر، کراس، چوێلەکە...» واتای «کات» وەیا «لا»ی پەیدا کردبا دەمانگوت دیارە ئەم پاشگرە بۆ داهێنانی «کات، لا» لە وشاندا بەکار دێت. فەرموو سەیری وشەی «سەرزارەکی، سێ جرتەکی، ڕەمەکی...» بکە، کوا واتای «کات، لا»؟ ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە لیژنە بۆی چووە. ئەم پاشگرە لە کوردیدا بەدوا کۆمەڵێك وشەدا هاتووە بۆ دەربڕینی واتای نیسبەت لەو وشانەدا ئیتر کاتیان تێدا بێت یا شتێکی تر، هێندە هەیە هەست بەوە دەکرێت کە وشەکان بەزۆری واتایێکی «ظرفیة» دەدەن بەڵام وەنییە پاشگری «ەکی» «ظرفیة»ەکەی پەیدا کردبێت. واتای «کات، لا»ش لەو وشانەدا لەوەوە دێت کە «ظرف» بەواتای تەقلیدی یا «ظرف زمان»ە یا «ظرف مکان»ە. بەپێی دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی چ گرفت لەوەدا نییە بگوترێ «سەرەوژێرەکی تێ نیشتین».

١٩

لەبارەی خاڵی نۆیەم کە لە لاپەڕە «١٣١» باس کراوە:

مامۆستا قزڵجی بۆ ئەوە چووە کە دەنگی «ك» لە فیعلەکانی وەك «بزرکان، دامرکان، نووسکانەوە، هەڵترووشکان...»دا پاشگرە و ئەو «ا»یەش کە لە دوایەوە دێت نیشانەی «مصدریة»ە وەك کە لە وشەکانی «خورا، کرا، برا...»دا نیشانەی «مصدریة»ە.

لە پێشەوە دەبێ ئەوە بڵێم فیعلەکانی «خورا، برا، کرا» ڕێژەی «مبني للمجهول»ن کە لەوێدا پاشگری «را» هەیە نەك تەنیا «ا». من لە کتێبۆلکەی «حەشارگە...»دا بەدرێژی باسی ئەم پاشگرەم کردووە و نابێ لێرەدا پێیدا بێمەوە. بەڵام هەلێکم بۆ هەڵکەوتووە کە قسەیێکی خۆم لەبارەیەوە ڕاست بکەمەوە، لە سەرەتای لاپەڕە «٢٩»ی ئەم کتێبۆلکەدا گوتوومە، لەمەوبەر هیچ کەس لە زمانشناسان باسی ئەم پاشگرەی نەکردووە کەچی دواتر کتێبی ڕێزمانی یەکێك لە پۆلەکانی قوتابخانەی ناوەندیم کەوتە بەرچاو کە لەوێدا لە نێوان پاشگرەکاندا باسی «را» کراوە. من ئەگەر زووتر ئەمەم دیتبا هەرگیز پشتگوێم نەدەخست بەڵگەشم ئەوەیە کە ئێستا لە خۆمەوە ئەو سەهوەم ڕاست دەکەمەوە. بەڵام لەو کتێبەدا لەبارەی «را»وە هەڵەیێکی بەرچاو کراوە کە دێت و دەڵێت بۆ فیعلی ئایندەی «مبني للمجهول» پاشگری «رێ» بەکار دێت کەچی زۆر ئاشکرایە هەر پاشگری «را»ی ڕابردووە لە ئایندەدا دەبێتەوە «رێ» ئەمەش مامڵەتێکی «تصریفی»یە وەك چەندین مامڵەتی تر کە لەگەڵ فیعلی کوردیدا دەکرێت. بەنموونە دەڵێم ئەم دەنگەی «ا» لە کۆتاییی سێ جۆرە فیعلدا دەبن بە «ێ» کاتێك کە ڕێژەی ئایندەیان پێ دەدرێت:

١- ترس ترسام دەترسێم
٢- بزرکان بزرکام دەبزرکێم
٣- دیتران دیترام دەدیترێم

جگە لەمانە فیعلی دیکەش هەن کە دەنگی ئەلفیان لە ئایندەدا دەبێتە «ێ» هەرچەند ئەلفەکەشیان لە کۆتاییی وشەکانیانەوە نایەت:

ڕماندن: ڕماندم دەڕمێنم
بزاوتن: بزاوتم دەبزێوم

سپاردن: سپاردم دەسپێرم

قەلاشتن: قەلاشتم دەقەڵێشم

پاراستن: پاراستم دەپارێزم

هەموو ئەم فیعلانەش لە «تصریف»دا بەپێی دەستوور لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە و بۆ فەرمان دەگۆڕێن، کە ئێرە جێگەی کوتانەوەی ئەم باسە بەربلاوەی تێدا نابێتەوە.

دەگەڕێمەوە سەر گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی.

بەلای منەوە لە فیعلی «بزرکان، هەڵترووشکان، ئالۆزکان، پەشۆکان...» و هی تری وەك ئەواندا سەرلەبەری «کا» نەك تەنیا دەنگی «ك» پاشگرە. بەشێك لەو فیعلانە هەڵدەگرن تەنیا «ا»یان بەدوادا بێت وەك «ئالۆز – ئالۆزا – ئالۆزکا» کە ئەمە ڕاستییێکە زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات کەوا جارێکیان پاشگری «ا» فیعلەکەی دروست کردووە جارێکیشیان پاشگری «کا». بۆ ڕەواندنەوەی ئەو بۆچوونەی کە دەشڵێ ئەلفی ئەو فیعلانە نیشانەی «مصدرية»ن بەڵگەی زۆر بەهێز هەن:

١– وشەی وەك «ترس، نەخش، قەڵش، سوور، خول...» خۆیان «اسم مصدر»ن و واتای تەواویان هەیە، دیارە ئەلفێکی پاشگر دێت و دەیانکاتە فیعل «ترسا، نەخشا، قەڵشا، سوورا، خولایەوە...». سەلیقەی زمانشناسانە پێمان دەڵێ دەوری ئەو ئەلفە لەو فیعلانەدا هەر ئەوە نییە کە نیشانەی «مصدريّة»ە بگرە وێڕای نیشانەبوون دەوری پێکهێنانی فیعلیشی دیتووە. ئەم ڕاستییە جارێکی تریش لە خاڵی دووەمدا دەردەکەوێتەوە.

ئەلفی فیعلی «ترسا، سووتا، ئالۆزا» جارێکی تریش بەودا مەعلووم دەبێ کە بەشێکی بنجیی فیعلەکانە نەك تەنیا نیشانەی «مصدر»ە کە لە ئایندەدا بەشکڵی «ێ» دێتەوە و تێ ناچێت. [پێش ماوەییێکی کەم نموونەم لێ هێنانەوە]. فیعلی دیکە هەن کۆتاییەکەیان بە «ا» دێت بەڵام لە ئایندەدا تێ دەچێت لەبەر ئەمە دەبێ جودایی نێوان ئەمانە لەگەڵ ئەوانی تردا دەربخسترێ وەك لەم نموونانەدا ڕوون دەبێتەوە:

کێلان کێلام دەکێڵم

وێران وێرام دەوێرم

هەڵستان        هەڵستام        هەڵدەستم

ڕاوەستان        ڕاوەستام    ڕادەوەستم

وشەی «هەڵستان – هەڵوەستان – ڕاوەستان» کە تێ نەپەڕە ئەگەر بەواتای پەککەوتن بوویایە دەبوو بگوترێ: وەستام، دەوەستێم چونکە یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەو فیعلانەی کە ئەلفەکەی کۆتاییان لە ئایندەدا دەبێتە «ێ» ئەوەیە کە لەو جۆرە فیعلانەن لە چاو غەیری خۆیاندا بێ هێزن چونکە فاعیلەکانیان خوایشت و ئیرادەیان نییە لەوەی ڕوو دەدات هەر بۆیەش بوو من لە ساڵی «١٩٧٣» لە گوتاری (دەوری «ی» لە ڕێزمانی کوردی)دا بەو فیعلانەی وەك «سووتام، برژام، ڕمام – دەسووتێم، دەبرژێم، دەڕمێم» کە ئەلفەکەیان لە ئایندەدا دەبێتە «ێ» گوتم «فیعلی ڕوودان – افعال الوقوع». لە ڕووی هێزەوە فیعلی کوردی «٣» جۆرە:

١– تێپەڕ.

٢– تێ نەپەڕی عادەتی.

٣– تێ نەپەڕی بێ هێز.

ئەم بەشە بێ هێزە «٣» لکی لێ دەبێتەوە:

١– لکی فیعلی وەك: سوان، ڕژان، برژان.

٢– لکی فیعلی وەك: ئاڵۆزکان، بزڕکان، پەشۆکان.

٣– لکی فیعلی «مبني للمجهول» وەك: کوژران، دیتران، خوران.

ئەم قسانە زۆریان بە بەرەوەیە، من لێیان دەبڕمەوە.

کە دەڵێم لە «بزڕکا، پەشۆکا...»دا سەرلەبەری «کا» پاشگرە نەك تەنیا «ك» ئەو ڕاستییەم ڕەچاو کردووە کە وشەکان بەر لەوەی ببن بەفیعل، دەنگی «ك»یان لە کۆتاییەوە نەهاتووە تاکو لە حاڵەتی فیعلیەتیشدا هەر بۆ وشە ئەسلییەکەی حیساب بکەین. کەس نەیبیستووە گوترابێ «بزڕك، پەشۆك، ترووشك..» تاکو فیعلەکانی «بزڕکا، پەشۆکا، ترووشکا..» بەتاکە دەنگی «ا» بووبێتە فیعل. وشەی «ئاڵۆز» کە هیچ کافی تێدا نییە، جارێکیان بەپاشگری «ا» دەبێتە «ئاڵۆزا» جارێکیشیان بەپاشگری «کا» دەبێتە «ئاڵۆزکا». دوو فیعلی «نووزایەوە، نووسکایەوە» ئەوانیش کە لە «نووزە»وە وەرگیراون بەپاشگری «ا، کا» بوونەتە فیعل.

بەلای باوەڕی منەوە ئیشکال کە هەبێ لە فیعلی وەك «داچڵەکین»دا هەیە، کە بەدوو جۆر تەسریف دەکرێ بۆ ڕێژەی ئایندە:

داچڵەکین داچڵەکیم دادەچڵەکم

دادەچڵەکێم

لە شێوەی یەکەمدا ئەو (ی)ەی دوای کافەکە لە ئایندەدا تێ دەچێت «دادەچڵەکم»، لە شێوەی دووەمدا تێ ناچێت و هەر دەڵێی لە فیعلی «داچڵەکان»ەوە هاتووە، کە بەپێی دەستوور دەبێتە «دادەچڵەکێم». ئەگەر بسەلمێنین «دادەچڵەکێم» لە «داچڵەکیم»ەوە هاتووە دەبێ بسەلمێنین کە «ی» لە وشەی «داچڵەکین»دا بۆتە «ێ» لە «دادەچڵەکێم»دا:

داچڵەکیم دادەچڵەکێم

کەچی وەك دەزانین هەموو ئەو فیعلانەی لە پێش نونی چاوگیانەوە «ی» هەیە لە ئایندەدا لێیان دەقرتێت:

خزین خزیم دەخزم

نووسین نووسیم دەنووسم

فڕین فڕیم دەفڕم

من لە نووسینی لێرە بەپێشەوەمدا گوتوومە، ئەو دەنگەی «ی» کە گەلێك جاران فیعلی لە وشەی ترەوە دروست کردووە وەك «لەرز، لەرزی...» بۆیە پێی ناڵێم پاشگر چونکە لە ڕێژەی ئایندەدا تێ دەچێت: لەرزیم، دەلەرزم. ئەگەر تێ نەچووبایە جێی خۆی بوو بەویش گوترابایە پاشگر چونکە دیارە بەدوا «اسم المصدر»دا هات و کردیە فیعل. وا دەزانم تێچوونی دەنگەکە بەسە بۆ ئەوەی لە «پاشگری» بکەوێت، هەروەك لە شوێنی تردا گوتم، مامۆستا قزڵجیش وای گوت، کە قرتان و سوانی دەنگی «ت» لە فیعلەکانی کەسی دووەم و سێیەمی تاکدا وەك «دەڕۆی [لە جیاتی دەڕۆیت]، دەخوا [لە جیاتی دەخوات]» بەڵگەیە بۆ ڕاناونەبوونی دەنگەکەی «ت» لەو شوێنانەدا.

٢٠

لە لاپەڕە «١٣١»، لە ژێر عینوانی «٥- هاتنی ڕاناوی لکاو...»دا مامۆستا قزڵجی چەند بیروڕایەکی دەربڕیوە هەندێك تێبینی هەڵدەگرن:

أ- لە لاپەڕە بیست گوتەیێکی مامۆستا وا ڕادەگەیەنێ کە من گوتبێتم نابێ تۆژینەوەی

مێژوویی بکرێت بۆ دۆزینەوەی بنەمای وشەی کوردی.. ئەوەی ڕاستی بێ من لە کتێبۆلکەی «حەشارگە...»دا هەر ئەوەندەم گوتووە کە دەبێ نرخاندنی وشەی کوردی لە شێوەی ئێستاکەیدا بێت نەك لە شێوەی کۆنیدا بەو مانایە کە ناشێ ئاخاوتنی ئێستاکەمان بە هی کۆنی بەر لە هەزاران ساڵ بگۆڕینەوە هەرچەند بشتوانین شێوەی ئەو کۆنە ئاخاوتنە لە هەناوی مێژوو دەرکێشینەوە. وا دەزانم لەمەدا چ گرفتێك پەیدا نابێ ماموستا قزڵجیش هەر لەو باوەڕەدایە بەڵام وا دیارە قسەکانم ئەوەندە ڕوون نەبوون کە گومانی داخوازی مەنعکردنی تۆژینەوەی مێژوویی لێ نەکرێ. بەلای منەوە ئەم جۆرە تۆژینەوەیە نەك هەر ڕەوایە بەڵکو لە پێویست پێویستترە چ لە زمان بێت چ لە مێژوو بێت چ لە هەر شتێکی تری سەر بەکۆمەڵایەتیی کوردەوارییەوە بێت چونکە ئێمە هیچ گۆشەیێکی بوونمان ڕووناك نییە، ڕووناکیش نابێ بەتۆژینەوەی مێژوویی نەبێت. من لەم لایەنەوە هێندە بەپەرۆشم تاکو جارێکیان نووسیم، ئەوەی پێوەندیی زمانی ئێستاکەمان بە هی سەردەمی ئاوێستا و کۆنترەوە دەربخات دەبێ پەیکەری زێڕی بۆ دروست بکرێت و بەقارەمانی کوردایەتی بژمێررێت..

ب– لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجیی سەروودا ئەوەی لە پێش فیعلی تێپەڕەوە دێت «ڕاناوی لکاو» نییە هەروەك لە ئینگلیزیدا کە دەگوترێ:

I came

he said

you go

ئەم he, you, Iە ڕاناوی لکاو نین.

وەك من بۆی دەچم لە کرمانجیی سەروودا لە فیعلی ڕابردووی تێ نەپەڕ و لە هەموو ئایندەیێکدا ڕاناوی نەلکاو و لکاو دێن. بەڵگەی ئەم بۆچوونە، جگە لە سەلیقە، لەوەوەش دێت کە ڕاناوی «من» لە هەموو کرمانجیی خوارووودا ڕاناوێکی نەلکاو. هەروەها ڕاناوی «ئێمە، مە–ئەوان، وان–تۆ، تە–ئێوە، وە» هەموویان نەلکاون و لە یەك سەرچاوەشەوە هاتوون. لەگەڵ ئەمەشدا بۆچوونەکەی ماموستا قزڵجی سەرنج ڕادەکێشێت لێکدانەوەش هەڵدەگرێت.

ج– پێشکەوتنی ڕاناوی لکاو لە فیعل، وەك کە ماموستا قزڵجی نموونەکانی «نەمگرت،

نەتگرت، نەمانگرت...»ی لە تاکە وێنەی نەفییەوە بۆ هێناوەتەوە دیاردەیێکە لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ تەبیعەتی ڕاناوی لکاو کە جێگۆڕکێ دەکات لە ڕستەدا. ئەم دیاردەیە هەر لە نەفیدا بەدی ناکرێت بەڵکو لە زۆر باری تردا بەرچاو دەکەوێت. ئەو فیعلە تێپەڕانەی کە پێشگریان پێوەیە هەمیشە لە ڕابردوودا ڕاناوە لکاوەکانیان دەکەوێتە پێشەوە:

هەڵمان گرت

دام کرد

وەرتان گرت

چەندێکیش بەرکار دیاربێت لە ڕێژەی ڕابردوودا ڕاناوی لکاوی بەدوادا دێت و ڕاناوەکە دەکەوێتە بەراییی فیعلەکە:

گۆشتم خوارد

ماڵمان ماشت

ماستی فرۆشت

دارتان سووتاند

تا مومکین بێت ڕاناوی لکاو بەیەکەم کەرتی فیعلەکەوە دەنووسیت:

دەمکرد

نەمدەکرد

هەڵم نەدەکرد

ڕۆژێکم هەڵنەدەکرد

هەر ئەم جۆرە بزۆزییە و چالاکییەی ڕاناوی لکاو بوو وای کرد من پێشنیار بکەم پێی بگوترێ «ڕاناوی چالاك».

کەواتە پێش کەوتنەوەی «ڕاناوی چالاك» لە فیعل، بەپێی ئەو دەستوورانەی کە ئێستا شێوە ئاخاوتنی کرمانجیی خواروو دەخەنە گەڕ دیاردەیێکە لەمەڕ ڕاناوی چالاك و خاسیەتەکانی.

د- وا دەزانم نموونەکانی لاپەڕە «١٣٣»ی گۆڤار کە دواتر بەنموونەی شیعری شێوەی

هەورامی دەرخستراون «ویم، ویت، ویش، ویمان، ویتان، ویشان» بریتین لە ڕاناو و وشەیێکی تری بەواتای «خۆ» بەو پێیە دەبنە «خۆم، خۆت...». کە ئەمە وابێ، بەلای منەوە، وشەکان لەوە دەشۆرێن پێیان بگوترێ «ڕاناو» چونکە وشەیێکی داڕژاو دروست دەکەن کە بەپێی واتاکەی داخوازی دەستووری لەکارهێنان دەکات. لە گوتارێکی خۆم «سووڕێکی خامە بەدەوری ڕاناودا» نەختێك بەدرێژی لەم «خۆ»یە دواوم..

لە کۆتاییی ئەم بەسەرچوونەوەیەدا هەر ئەوەندە دەڵێم، چەندێکی بەناوی وەرامدانەوە وەیا ڕوونکردنەوە وەیا لێ نەسەلماندن خەریکی گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی بم، نرخی گوتارەکە گەلێك لەوەی پتر بە بەرەوە دەمێنێتەوە کە ئەو تەرزە پێوە خەریکبوونە لە منەوە یا لە یەکێکی ترەوە بەگوتارەکەوە دیار بێت.

## هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەییێکی زمانی کوردی

### ١

### دیاردەییێکی فۆنەتیکی

دەزانین لە کوردیدا لەهجەی ئاخاوتن لە جێگەییێکەوە بۆ جێگەییێکی تر شێوەگۆڕی دەکات تا ئەو ڕادەیەی، وا دەبێ، لە یەکتر گەیشتن وەزەحمەت دەکەوێت، ئەمەش دیاردەیێکە لە هەموو زمانانیدا دێتە بەرچاو وەك كە دەبینین شێوە ئاخاوتنی دانیشتوانی تونس نائاشنا و نامەئنووسە لەبەر گوێی خەڵکی قاهیرە وەیا بەغدا وەیا حەڵەب و خەرتووم کە هەموویشیان هەر عەرەبن، شێوە ئاخاوتنی ئەوانیش لەبەر گوێی عەرەبی غەیری خۆیان بێگانە دەنوێنێت و پێویستی بەتەرجومان دەبێت...

ئەم جوداوازییەی ئاخاوتن کە تێکڕای زمانی وتووێژ دەگرێتەوە، هەر لە وشە هەتا جۆری تێکبەستنی وشە و ڕستە... هەتا دەربڕینی ئەو هەستەی کە مەبەستی ئاخێوەرە لە قسەکردندا وەك: تووڕەیی، ناڕەزامەندی، ڕا لێبوون، شکاندنەوە، ئافەرین لێکردن، خۆشویستن، ڕق لێبوونەوە.. هتد، ئا ئەم جوداوازییە بەرفرەوانە خورد دەکرێتەوە بۆ جوداوازیی دەربڕینی تاکە دەنگ لە وشەدا وەك کە کۆیی لامی قەڵەو دەکەن بە «ر»ی لاواز کەچی مەنگوڕایەتی چەندجار هێندی لامە قەڵەوەکەی سلێمانی قەڵەوتری دەکەن، وەیا دەنگی (د) لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا بەزۆری تێ دەبردرێ و دەنگێکی تایبەتی دەخرێتە جێیەوە کە لە نووسیندا پیتی بۆ دانەندراوە، واش دەبێ هەر بەتەواوی لەناو دەچێت بێ ئەوەی هیچی لە جێگەدا دابندرێت وەك کە (قەرەداغ) دەبێتە (قەراغ–خ).

هەندێ جۆری دەربڕینی (دەنگ) لە ئاخاوتندا ڕوو لە ئەنتیکەیی دەکات کاتێك کە دوو دەنگ لە تەك یەکتردا تاو بۆ یەکتر دەهێنن و گۆڕان لە یەکتردا پەیدا دەکەن. نموونەی ئەم بابەتە ئەگەر زۆر نەبێ کەمیش نییە، بەڵام بەهۆی لە یەکتر دابڕان و یەکتر نەبیستن و تێکدا نەگەڕانی میللەتەکەمان کەم وا دەبێ خەڵکەکە گوێبیستی هەموو دەنگە سەیرەکان ببێت. ئەدیب و نووسەری کورد، لە سلێمانی بێت یا لە هەولێر یا لە کەرکووك و هەر شوێنێکی تری کوردزمان بێت بەدەگمەن نەبێ گەشت و گەڕان

لە دەشت و دەر و هەڵەت و پەڵەتی وڵاتەکەی ناکات، ناوناوەیێك نەبێ کە بەسەردان وەیا لە گەشتی هاوینەدا چەند شوێنێك دەبینێت، ئەویش بەپەلە و تەنیا ئەو شوێنانەش کە ڕێگەی گەڕۆکیان پێ گەیشتووە، یەك بستی خاك و ئاوی وڵاتەکەی نابینێت و گوێی لە یەك وشەی هیچ یەکێك لە شێوە ئاخاوتنی جۆراوجۆری کوردستانی پان و بەرین نابێت. ئا لەم دەرفەتە یەکجار بەرتەسکەی گوێبیستبوونی لەهجەکانی کوردیدا، یەك دوو تێبینی هەن کە هەر بەجارێ دەرفەتەکە دەکاتەوە بەکونی سووژن. تێبینیی یەکەم ئەوەیە کە کوردی عێراق[1] بۆی ڕێك ناکەوێت بەکوردستانی دەرەوەی عێراقدا بگەڕێت، جا ئەگەر هیچ جۆرە (دەنگ)ێکی مەیلەو سەیر و ئەنتیکە لەو شوێنانەدا هەبێت ناکەوێتە بەرگوێی، مەگەر ئەو دەنگە بەپێی خۆی بەرەو پیرییەوە بێت. تێبینیی دووەم ئەوەیە کەوا لەو حاڵەتە زۆر کەمەشدا کە بۆ ڕۆشنبیر و ئەدیب و نووسەری کوردی عێراق ڕێك دەکەوێت گەشتی هاوینە بکات، هەر گوێی لە وتووێژی ئەو خەڵکە دەبێت کە لە ئوتێلەکاندا تووشیان دێت. دانیشتوانی ناوچەکە توانای سەردانی ئۆتێلەکانیان نییە تاکو گەشتەوەرەکە وتووێژیان ببیستێت. لەمەش بترازێ، کەم وا دەبێ گەشتەوەر و سەفەرکردو مەراقی چۆنیەتیی دەمودووی خەڵك و جۆری هاتنەدەری دەنگەکانی ئاخاوتنی هەبێت تاکو لە نێوان هەزاران قسە و دەنگی عادەتیدا یەك دووانێکی ئەنتیکە دەسبژار بکات و لای خۆی هەڵیان بگرێت بۆ باس لێکردن و لەسەر دوان و بەراوردکردن و کاری ئەوتۆیی زمانەوانانە. بەڕاستی ئەم گوێبیست نەبوونەی لەهجەکانی زمانی کوردییە وا دەکات نووسەر پتر لە پێویست و بەرژەوەند پێ لەسەر لەهجەی شار و گەڕەك و دەربوونەی خۆی دابگرێت و هەموو لەهجەیێکی تر بەهەڵە بژمێرێت. مرۆڤ ئاشنای نەفسی خۆی و ئەو کەسانەیشە کە وەك خۆی وان، چ لە ئاخاوتن بێت، چ لە داب و دەستوور و نەریت بێت و چ لە جۆری خۆراك و پۆشاك و بیروباوەڕ و نرخاندنی کۆمەڵایەتی و هەموو سەروبەرێکی ژیان بێت.. لەبەر ئەمە ئەگەر بەچاوی (بێگانە) سەیری ئەو کەسانە بکەین کە وەك (خۆمان) نین لێیان گوێ قوتاخ و سەیر پێهاتوو دەبین، ئاگاشمان لەوە دەبڕێ کە ئێمەش بۆ ئەو (بێگانە)یە هۆی گوێ قوتاخبوون و سەیر پێهاتن دەبین.

یەکێك لەو دەنگە سەیرانەی کە لە بەیەکگەیشتنەوەی دوو دەنگ پەیدا دەبێت ئەو منگە و (غنّە)یەیە کە لە زاری سلێمانیدا لە بەیەکگەیشتنەوەی (ن، گ–ن، د)، بەتایبەتی

(١) ئەم گوتارە بەزۆری لەگەڵ ئاخێوەری کوردی عێراق خەریکە.

لە کۆتاییی وشەدا، دێتە بەرگوێی بیسەرەوە. کەم وا دەبێ یەکێك خۆی خەڵکی سلێمانی نەبێ وەیا بەمنداڵی تێیدا نەژیابێت و گەورە نەبووبێت بتوانێ وەك ئەوان منگەی نێوان ئەو دوو دەنگانە دەرببڕێت. هەر ئەمەیشە پێویست ناهێڵێ بەدانانی نیشانەی تایبەتی لەو تەرزە شوێنەدا، چونکە دیارە ئەو دەنگەی کە بەماموٚستاش فێری نەبم، نیشانەی کەڕوڵاڵی بەستەزمان ناتوانێ فێرمی بکات، بەلای خەڵکی سلێمانیشەوە دەنگەکە بەنیشانە و بێ نیشانە وەك پێویستە وەها دەرببڕێت ئیتر نیشانە بۆچی؟ وشەیێکی تریش هەیە هەرچەند دەنگەکانی (ن، گ) تێیدا نەکەوتووەتە کۆتاییەوە، تەنانەت نوونەکەشی بەوەستاوی تەواوەوە نەکەوتووەتە پێش گافەکەیەوە، هەمیسان نەمتوانیوە وەك خەڵکی سلێمانی دەری ببڕم، وشەکەش (کنگر)ە کە لە زۆر شوێنی دیکە پێی دەڵێن (کەنگر). خەڵکی سلێمانی ئەم نوونە وەها دەسوێنن و سووك بەسەریدا تێپەڕ دەبن بۆ گافەکە هەر دەڵێی زبراییی زمان و مەڵاشووش لە بەیەکگەیشتنەوەیاندا سواون و لووس بوون.

لە نێوان هۆزی بڵباسەتیی هەرێمی (ڕانیە)دا، گوێم لێ بووە وشەی (زپڵ – بەواتای زبڵ) وەها دەردەبڕن هەر دەڵێی دەنگەکانی (پ، ڵ) تێکەڵ بەیەکتربوونەتەوە، تەنانەت جارێکیان یەك لە بەرەی (هۆرمزیار)ی سەر بەبڵباسەتی ئەم وشەیەی (زپڵ)ی وەها بەقەڵەوی و خێرایی دەرپەڕاند من و ئەوانەی لەگەڵمدا بوون بەناچاری کەوتینە پێکەنین، بەڵام نەك پێکەنینی گاڵتە پێکردن بەڵکو هی سەیر پێهاتن و بەئەنتیکە زانینێکی ئەوتۆ کە لە ئاستیدا بێ دەسەڵات بووین، تا ئێستاش ناوناوە کە بەو کەسە دەگەمەوە داوای لێ دەکەم ئەو وشەیەم بۆ بڵێتەوە.

ئەم دیاردەیەی تێکەڵبوونی دوو دەنگی consonant لە کوردیدا ناوێکی بۆ دیار نەکراوە، وا بزانم لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش هەر بۆ تێکەڵبوونی دوو دەنگی lvowe زاراوەیان داناوە، وەك کە بەتێکەڵبوونی دوو vowel دەڵێن Diphthong بەلای منەوە چ مەرج نییە دەنگە تێکەڵەکان vowel بن، هەموو تێکەڵبوونێك دەبێ بەر زاراوەکە بکەوێت.

بەهەمەحاڵ ئەم باسەی دەنگی تێکەڵ و شێوەی دەربڕینی تایبەتیی هەندێك لە دەنگەکان هەرچەند باسی گرنگ و وردیشن، لێرەدا یەکەم مەبەستی گوتارەکە نین. چی گوترا پێشەکی و دەربوونەیێکە بەرەو باسێکی تری سەر بەیەکێك لە گۆشە تاریکەکانی (دەنگی زمانی کوردی) کەوا هەتا ئێستا هیچ نیگاییێکی بۆ خۆی ڕانەکێشاوە، تەنانەت خۆیشم بەو دواییە سرنجم بۆی کشا. وەك هەر ئێستاش بۆت ڕوون دەبێتەوە چ گلەیی

نایێتە سەر خەڵکی ئەو جێگایانەی دیاردەکە لە شێوە ئاخاوتنی ئەواندا پەیدا نییە، ئەگەر چ گلەیی هەبێت لە من و ئەو کەسانە دەکرێت کە هەست بەبوونی ناکەن لە لەهجەکەیاندا.

پێشەکیی گوتارەکە باسی دەنگی وەهای کرد کە تایبەتیی ناوچەیێك و شێوە ئاخاوتنێکە. ئەم دیاردەیەی کە خەریکم بەرەو ڕوونکردنەوەی بڕۆم دابڕانێکی ناوچەیییە لە دەستوورێکی گشتیی فۆنەتیکی کوردی:

ڕەنگە کەس نەمابێ نەزانێ دوو دەنگی (ك، گ) لە کوردیدا دوو شێوەیان هەیە: یەکێکیان شێوەی عادەتیی دەنگەکان وەك کە لە وشەی (گرد، بەگ، دەرگا – تاك، کورد، شەکر)دا بەدی دەکرێت ئەوی دیکەشیان ئەو دەنگەیە کە لە وشەکانی (گێرە، سەنگین، گوێ، گوێز – کێل، شلکێنە، مشکی، کوێر، کوین...)دا دەبیسرێ. ڕەنگە ئەمەش یەکێك بێ لەو تایبەتییانەی کە (دەنگ)ی کوردی لە (دەنگ)ی زمانەکانی تر جودا دەکەنەوە [فارسی و تورکی، تا ڕادەیێك، بەر ئەم گوتەیە ناکەون]...

وەها ڕۆیشتووە لە نێوان ئەوانەی خەریکی زمانەوانین کەوا هەمیشە کات ئەم دوو دەنگەی (گ، ك)ی کوردی کە هات و (ی، ێ – وی، وێ)یان کەوتە دواوە کلۆر دەکرێن لەمەشدا بەبیری کەسدا نەهاتووە جێگە بۆ ئیحتیمالی تر بکاتەوە، خۆیشم یەکێك بووم لەوانەی وایان دەزانی هەموو ئەو کاف و گافانە بێ (استثناء) کلۆر دەکرێن.

کەچی ئەم (هەمیشەیی)یە لە هەموو لەهجەیێکدا بەڕاست ناگەڕێ:

من لێرەدا قسەم لەو لەهجانەیە کە دەیانبیەم نەك دەیانخوێنمەوە، چونکە مەسەلەکە بەندە بەدەنگ و بیستنەوە نەك بەپیت و دیتنەوە. لەبەر ئەمە ناتوانم حوکم بەسەر ئەو لەهجانەدا بدەم کە لە کوردستانەکانی دەرەوەی عێراقدا وتووێژیان پێ دەکرێت، مەگەر لەهجەیێکی وەك موکریانی کە بەهۆی هاتوچۆی بەردەوامی نێوان دانیشتوانی هەردوو دیوی سنوور، بووەتەوە بەلەهجەیێکی باو و بیستراو لە کوردستانی عێراق.

لە زۆربەی لەهجەکانی (سۆران) کە نێوان دوو زێی بادینان و کۆیێ دەگرێتەوە حاڵەتی وەها هەیە ئەم کاف و گافە (وی، وێ)یان بەدوادا دێت و کلۆریش ناکرێن. وەك لە وشەی (حاڵەت)یش دەفامرێتەوە وشەکان لە بنەڕەتدا (ی، ێ)یان لە کۆتاییدا نییە بگرە پێداویستیی ڕێزمان و ڕستەسازی دەیهێنێت. لەو لەهجانەشدا ئەگەر وشەکە خۆی ئەم (وی، وێ)یەیان تێدا بوو کاف و گافەکەی بەراییيان کلۆر دەکرێت.

دەتوانین ئەم دیاردەیەی کلۆرنەکردنی (ك، گ) لەم حاڵەتانەدا بخەینە بەر

دەستووری ژێرا:

ئەو وشانەی کە لە کۆتاییياندا دوو دەنگی (گو، گۆ، کو، کۆ) هەیە و پێداویستێك ڤاوڵی (ی، ێ)یان بەدوادا دەهێنێت گاف و کافەکەیان کلۆر ناکرێت.

لێرەدا نموونە دەتوانێ مەبەستی دەستوورەکە بەباشی ڕوون بکاتەوە:

وشەی (پشکووتن) لە ئایندەدا دەبێتە:

دەپشکووم

دەپشکووین

دەپشکوویت

دەپشکوون

دەپشکوێ (ێت)

دەپشکوون

دەبینی ڕێژەی ئایندەی (پشکووتن) بۆ کەسی سێیەمی تاك دەبێتە (دەپشکوێ – ێت). وشەکە نە لە ڕابردوودا و نە لە ئایندەی کەسەکانی غەیری سێیەمی تاکدا دەنگی (ێ)ی نییە وەك کە دەبینین لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدا کارەکە دەبێتە (دەپشکوێ – ێت) و ڤاوڵی (ێ) دەکەوێتە دوای دوو دەنگی (کو)وە. ئا لەم حاڵەتەدا بەشی زۆری دانیشتوانی سۆران کافەکە کلۆر ناکەن و وەك ئەو کافەی دەردەبڕن کە لە کاری (دەپشکنێ)دا هەیە. ئەگەر گوێ بگریت لە یەکێکی کۆیی وەیا هەولێری کە ئەم نیوە بەیتە دەخوێنێتەوە:

«دڵ چونکە میسلی غونچەیە بۆیە دەپشکوێ»

دەبیەیت ئەم کافەی (دەپشکوێ) وەك حاڵەتی خۆی کە لە ڕابردوو و ڕێژەکانی تری ئایندەدا دەردەبڕێ، هەروەها دەمێنێتەوە.

لەبارەی دەنگی (گ)ەوە:

وشەی (ئەنگوتن) ئەویش وەك (پشکووتن) لە حاڵەتی ئایندەی کەسی سێیەمی تاکدا دەنگی (ێ) دەکەوێتە کۆتاییيەوە و دەبێتە: دەئەنگوێ – ێت. لێرەشدا دەنگەکەی (گ) کلۆر ناکرێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە.

وشەیێکی وەك (سەکۆ) کە لە حاڵەتی (معمولیة) لەو لەهجانەدا دەنگی (ێ)ی بەدوادا

دێت کافەکەی کلۆر ناکرێت. هەرچەند بەزۆری لەو لەهجانەدا دەگوترێ (دەچمە سەر سەکۆیێ) و لەم حاڵەتەدا دەستوورەکە جێگەی باسکردنی نامێنێ چونکە دەنگێکی (ی) کۆنسنانت کەوتە نێوان کافەکە و (ێ)کەی (معمولیة)، بەڵام زۆر جاران خەڵکەکە دەڵێن (چوومە سەر سەکوێ). ئا لەم حاڵەتەدا کافەکە دەکەوێتە پێش (وێ)وە و کلۆریش ناکرێت.

خوێنەر بمبەخشێت لەوەدا کە نموونەیێکی ناخۆش، بەڵام مەشوور، دەکەم بەرووناککەرەوەی مەبەست:

که یەکێك زۆر لە سنووری خۆی تێ پەڕاند و قسەی ناجایەزی کرد پێی دەڵێن (گوێکی گەورەی خوارد). لێرەشدا گافەکە بەپێتەوی دەمێنێتەوە و کلۆر ناکرێت.

نموونە لەم بابەتە زۆرن کە مەبەست روون بکەنەوە، چەند تێبینییەکیش هەن بەدەوری باسەکەوە، کۆتاییی پێ دەهێنن:

١– ئەم حاڵەتە بەندە بەوەی (ێ) بەدوا (کو، کۆ، گو، گۆ)دا بێت، کە هات و کەوتە دوای (ك، گ)ەوە هەمیشە کلۆریان دەکات وەك کە وشەکانی (سووك، پەلك، دارك، بەگ، پۆرگ، درەنگ) دەنگی (ی، ێ) لەلاوە بێتە کۆتاییانەوە کافەکە و گافەکە کلۆر دەکات:

سووکێك هەڵستایە سەرپێیان

پەلکی دارەکەم وەراند

بەگی جافان

درەنگیان بەسەردا هات

لەم حاڵەتانە و هەموو حاڵەتێکی تری وەك ئەوانیشدا کافەکە و گافەکە کلۆر دەکرێن.

٢– دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە دێن ناوی وڵاتی (کوێت) دەهێنن کافەکەی کلۆر ناکەن و وەك عەرەب و ئینگلیز دەری دەبڕن چونکە لە زمانی ئەو خەڵکەی کە ناوەکەی بۆ ئەو وڵاتە داناوە کافەکە کلۆر نییە، بەڵام کە دەڵێن (ئەسپە کوێت و ماینە کوێت) کافەکە کلۆر دەکەن چونکە (ێ)ی پاش (کو) لە وشەی (کوێت)ی کوردیدا ئەسڵییە و لەلاوە نەهاتووە. هەر بەم جۆرەیش کە وشەی quink دەخوێننەوە کافەکەی بەپێتەوی دەردەبڕن.

ئـەوەی سەرنجی لـە قسان گـرتـبـێت دەزانـێ ئـاخێوەری سلێمـانـی زۆر جـاران لـە ئاخاوتنی عەرەبیدا کافی ناو وشەی عەرەبی کلۆر دەکات چونکە ئەو پتر لە دانیشتوانی سۆران زاری ڕاهاتووە لە کلۆرکردنی کافی ناو وشەی کوردی. خەڵکی سلێمانی چۆن لە ئاخاوتنی کوردیدا وڵاتی (کوێت) وەك وشەی (کوێت)ی کوردی دەڵـێنـەوە، گـەلـێك جـاران (لـکـن)ی نـاو ئـاخـاوتـنـی عـەرەبـیش بـەشێوە کوردی دەردەبـڕن، یـاخـود دێن لـە وشەی queenی ئینگلیزیدا وەك (کوێن)ی کوردی کافەکە کلۆر دەکەن.

٣- پێویستە لە نوختەنیگای فۆنەتیکەوە ئاگاداری ئەم ڕاستییە بین. کە هات و دەنگی (ی) لە سەرەتای وشەیێکی سەربەخۆدا بوو، تەئسیر لە کاف و گافی کۆتاییی وشەی پێش خۆی ناکات. بەنموونە، کە دەڵێی (بەرگیان لەبەر کرد) چونکە ئەم (یان)ە وشەیێکە وجوودی سەربەخۆی نییە و هەمیشە بەدوا وشەی تردا گافەکەی (بەرگ) کلۆر دەکات. بەڵام کە گوتت (داوا دەکەم یان چەك یان بەرگ یان خواردنم بۆ پەیدا بکەیت) لەم حاڵەتە (یان)ی دوای (چەك، بەرگ) تەئسیر لە کافەکە و گافەکە ناکات چونکە خۆی وشەیێکە وجوودی سەربەخۆی هەیە هەرچەند لە ڕووی واتاوە هێندەی ناو و کار و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار.. سەربەخۆ نییە.

لە کتێبەکەی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی) سەیری لاپەڕەکانی (٣٨٨) و بەرەو دواتر بکەیت دەبینیت باسی وشەی سەربەخۆ و بەستراو کراوە. لەو باسەدا ڕاناوی لکاو (بنواڕە لاپەڕە «٣٨٩»ی کتێبەکە) و ئامرازی (عطف)یش بە (وشەی بەستراو) دانراون کە لە نێوانیاندا (یا، یان، یاخو، یاخود...) لە ژمارەی (٧)ی زنجیرەی وشەکان لە لاپەڕە (٢٧٩)ی کتێبەکەدا بەوشەی بـەستـراو دانـدراوە. بـەم پـێیـە (یـان)ی ڕانـاوی لـکـاو و (یـان)ی پـێوەنـدی (عـطـف) هەردوویان وشەی بەستراون بەڵام جوداوازیێکی گرنگ هەیە لە نێوانیاندا ئەویش لە ڕووی (سەربەخۆیی هەبوون)ەوە چونکە ڕاناوەکە پەکی وجوودی لەسەر وشەیێکی تر کەوتووە کە خۆی پێوە بەند بکات کەچی - وشەکەی پێوەندی لە (وجود)دا پەکی لەسەر وشەی تر نەکەوتووە چونکە دەشێ بەر لە وشەوە بێت هەروەك دەشێ بەجۆرێکی سەربەخۆ دوای وشە بکەوێت (یان من دەبم یان تۆ..). ئەم ڕاستییە بەوەدا بەدرۆ نـاخرێتـەوە کـە هـەندێك لـە وشەکـانـی (عطف) نـاتـوانن بـکـەونـە بـەراییی وشانـەوە و هەمیشە دەبێ بەدوا وشەدا بێن وەك کە دەبینین (و) هەرگیز ناتوانێ لە سەرووی

ڕستەوە بێت، چونکە مەبەست لە (وجوودی سەربەخۆ) جێگەی وشەکە نییە، سروشت و تایبەتییەکەیەتی لەمەشدا چ گومانێك نییە کە هەموو ئامرازەکانی (عطف) وشە بەوشەوە دەبەستنەوە نەك خۆیان بەوشەوە دەبەسترێنەوە.. هەر چۆنێك بێ ئێرە جێگەی ئەم کێشەیە نییە، چی تازە گوتم باییی ئەوە بوو کە لە خوێنەری تازەپێگەیشتووی کورد بگەیەنم بۆچی (یان)ی ڕاناو کاف و گافی پێش خۆی کلۆر دەکات و (یان)ی پێوەندی کلۆریان ناکات.

## ٢

## ئاخافتنی عادەتی و شێوازی ئەدەبی

گەلێك لە نووسەران و لە ئەدیبانی کورد دەڵێن و دەشنووسن، گۆیا لایەنێکی پەسەندی نووسینی کوردی بەشێوازی ئەدەبی لەوەدایە کە فەرقی نییە لەگەڵ ئاخافتنی عادەتی لەبەر ئەمە نووسەری کورد دووچاری زەحمەتی فێربوونی شێوازی ئەدەبی نایەت، وەك کە نووسەری عەرەب ناچارە فێری (صرف ونحو)ە قورسە هەناسەبڕەکە ببێت ئەوسا دەست بکات بەنووسین.

ئەم بیروڕایە زۆری بە بەرەوە هەیە و گەلێك دەمەتەقە هەڵدەگرێت، بەڵام من بەشێوەییێکی کورت لە هەندێك لایەنی ڕاست و چەوتی دەدوێم هەر بەنیازی ئەوەی لە خاوەنەکانی ئەم بیروڕایە بگەیەنم کە چەند پێویستە بەر لە دەربڕینی بیروڕا، وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن و بەیەکتر گرتن بەکار بێت چونکە زۆر جاران ڕواڵەتی شتان تا بڵێی بەهەڵەبەرە و چ پێوەندیی بەواقیعەوە نییە...

بەڵێ ڕاستە ڕێزمانی کوردی هێندەی عەرەبی ئاڵۆزکاوی (اعراب) نییە، لەو ڕووەوە ئاخێوەر و نووسەری کورد مەجبوور نییە خەریکی دۆزینەوەی (حاڵەتی) وشە بێت تاکو (اعراب)ی ئەو حاڵەتەی بداتێ، بەڵام ئەم ڕاستییە بەنیسبەت زۆرینەی زمانانی جیهان ڕاستە نەك هەر زمانی کوردی، تەنانەت دەتوانم بڵێم لە کوردیدا چاودێریی هێندێ (حاڵەت) دەکرێت کە لە زمانێکی وەك فارسی وەیا ئینگلیزی وەیا تورکیدا ناکرێت، بەنموونە، وشەکانی (شەو، ڕۆژ، بەهار، زستان) و هەموو ئەو وشانەی کە ناوی کاتن لە حاڵێکدا بوون بە (ظرف) شێوەییێکی (اعراب) وەردەگرن، وشەکان کە لە حاڵەتی (عاملية)دا بن (اعراب)ەکە هەڵناگرن وەك ئیعرابەکە لەم ڕستانەدا بەدی دەکرێت کە بەنموونەی (ظرفية) هاتوونەوە:

بەهارێ دەچمە سەفەر

شەوێ زوو دەنوم

عەسرێ بەرێ دەکەوم

سبەینێ دێمە لات

لەم حاڵەتانەدا وشەکان نیشانەی (ظرفية)یان پێوە لکا، ئەگەر وشەکان لە حاڵەتی (عاملية)دا بانایە دەگوترا:

بەهار کژێکی خۆشە

شەو بەسەرچوو

عەسر لە ڕۆژاوا گەرمترە

سبەینە بەعادەت کزەبای هەیە

تاکە یەك وشەم بەبیردا دێت ئەویش ناوی کاتە بەڵام لە حاڵەتی (ظرفية)دا (ی)ی بەخۆیەوە دەگرێت نەك (ێ). وشەکە وشەی (بەیانی)یە کە لە بەیانەوە هاتووە. دەڵێی:

بەیانی کاروانەکە تێ پەڕی

جا ئەگەر یەکێك چاودێریی دەستووری (ظرفية)ی ئەم وشانەی نەکرد وەك ئەو عەرەبە دەبێت کە بڵێ (أكلتُ خبزٌ، آتيك غدٌ) هەرچەند هەستیش بەهەڵەی خۆی نەکات. تۆ کە گوتت (شەوێ هات) مەبەستیشت (جاء الليلُ) بوو فەرقت نییە لەگەڵ ئەو عەرەبەی بڵێ (جاء الليلَ) مەبەستیشی (شەو داهات) بێت. هەر بەو پێیەش کە گوتت (شەو هاتم) لە واقیعدا هەڵەیێکی ڕێزمانیت کردووە چونکە دەبێ بڵێی (شەوێ هاتم) چ عوزریشت بەدەستەوە نابێ لەوەدا کە بڵێی شێوە ئاخاوتنی ناوچەییی خۆم وەهایە چونکە تۆ عوزری ئەوتۆیی لە غەیری خۆت ناسەلمێنی. تۆ سەیری، کە گوتت (شەو هات) چارت نییە دەبێ مەبەستت (جاء الليلُ) بێت، کە ویستت بڵێی (جاء ليلاً) دەبێ بچیتەوە سەر دەستوورەکەی (ظرفية) و بڵێی (شەوێ هات). لە ڕستەی (شەو هاتم) هەرچەند هەڵەیشە، ڕاناوە لکاوەکەی کۆتاییی (هاتم) لە سەرشێواویت ڕزگار دەکات، بەڵام چونکە لە ڕستەی (شەو هات)دا ڕاناوێك نییە فیعلەکە بۆ خۆی دابڕێت هەر دەبێ وشەی (شەو) فاعیل بێت.

نالی دەڵێ:

«فەرمووتە کە بانگم کە شەوێ دێمە کنارت»

(شەوێ) بەتەواوی واتای (بەشەو) دەگرێتەوە، هەروەهاش ئەوانی تر. وشەکانی ناوی جێگە دەکرێن بەدوو بەشەوە:

بەشێکیان وەك (سەر، خوار، ژوور، دەر...) کە سروشت و واتایان بەلای (ظرفیة)ی ڕاستەقینەیاندا دەبات نەك (ناوی جێگە) دەبێ مامڵەتێکی پسپۆڕانەیان لەگەڵدا بکرێت. دەگوترێ:

چوومە دەرێ

هاتمە سەرێ

ئەم بەرەیەم خستە خوارێ

وەرە ژوورێ

دیارە لەم حاڵەتەدا وشەکان زەرفی تەواون و بەزاراوەی عەرەبی (معمول)یشن. ئێستا وردبوونەوەیێکی بەئەندێشە پێویستە:

کە ویسترا وشەکان لە حاڵەتی (عاملیة)دا بەکار بهێنرێن ناشێ بەسادەیی بخرێنە ناو ڕستەوە، دەبێ بڵێین:

دەرەوە، سەرەوە، ژوورەوە، خوارەوە...

ئێمە ئەگەر دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی بچەسپێنین پتر دووچاری حاڵەتی ئەوتۆ دەبین هەڵەی تێدا بکەین، نەبوونی دەستووری قەرارداده وەك نەبوونی سنوورە بەدەوری زەویی کێڵگەوە، کەس نازانێ جووتیاری زەوییەکە سنووری بەزاندووە. بەوپێیە ئەگەر بڕیار درا (دەرێ، سەرێ...) بۆ حاڵەتی (معمولیة، ظرفیة) بێت و (دەرەوە، سەرەوە...)ش بۆ حاڵەتی (عاملیة) بێت ئەوسا ئەگەر یەکێك گوتی (دەرێ خۆشە، سەرێ بەربەرەڵلاترە) وەیا گوتی (چوومە سەرەوە، هاتمە دەرەوە) لە هەردوو حاڵەتدا هەڵەی کردووە و دەستووری ڕێزمانی بەزاندووە وەك کە سنووری دیارکراوی کێڵگەی بەزاندبێت چونکە لە ڕستەی (دەرێ خۆشە، سەرێ بەربەرەلاترە)دا دوو وشەی (دەر، سەر) لە حاڵەتی (مبتدأ)دان کە وەك حاڵەتی (فاعلیة)ە. لە ڕستەی (چوومە سەرەوە، هاتمە دەرەوە)شدا وشەکان لە حاڵەتی (معمولیة)دان. ئەم ڕستانە لەم شێوەیەدا حاڵەتی (فاعیلیة و مفعولیة)ی وشەکانی بەیەکتر گۆڕیوەتەوە، بەلام ناگوترێ هەڵەن چونکە جارێ دەستووری (فاعلیة، مفعولیة، ظرفیة) بۆ ئەو وشانە قەرارداده نەکراوە. هیچ سەیرێکیش لەوەدا نییە ئەگەر بێین قیاسی (سەر، دەر، ژێر..) لە وشەکانی ناوی

کات (شەو، ڕۆژ، عەسر..) بکەین و وەك ئەوان حاڵەتی (فاعلیة و مفعولیة)یان لە یەکتر جودا بکەینەوە: هەروەك (عەسرێ، شەوێ، بەهارێ...) بۆ (معمولیة «مفعولیة» و ظرفیة)ن با (دەرێ، سەرێ، ژوورێ...)یش بەبەر ئەو حاڵەتە ببڕێن.

بەشی دووەمیان ناوی جێگەی تەواوە، بەڵام لەوێشدا دابەشکردنێك هەیە وشەکان لە یەکتر جودا دەکاتەوە:

١- ناوی جێگەی عادەتی وەك: حەوشە، بان، کۆڵان، دۆڵ، بازاڕ، مزگەوت...

٢- ناوی تایبەتی (اسم عَلَم) وەك: زاخۆ، سەفین، زەڵم، بیتوێن مامڵەتکردن لەگەڵ ئەم تەرزە وشانە جودایە لەوەی لەگەڵ (ظرف)ەکاندا کرا، بەنموونە تۆ ناتوانی بڵێی «زەڵمێ ڕووبارێکی تیژە - بیتوێنێ دەستە» وەك کە دەتوانی بڵێی «شەوێ چوومە لات، سبەینێ دەڕۆم، بەهارێ دەیکێڵم». وشەی «شەوێ» لێرەدا بووە بە «معمول» هەرچەند کارەکەی «چوون» تێپەڕیش نییە، هەروەها لە پێشەوەی ڕستە هاتووە و جێگەی کارا «فاعل»ی گرتووە. ئەم ئامادەییەی وشەی «ظرف» بۆ «معمولیة» تا ئێستا لەلایەن زمانزانانی کوردەوە باسی نەکراوە، هەر نەبێ من نەمبیستووە باس کرابێ. لە ڕێزمانی عەرەبیدا باسەکە کە ئەنجن ئەنجن کراوە. لێرەدا قسەیێکی سەعدی تەفتازانیم بەبیر دێتەوە لەبارەی ئامادەییی «ظرف» بۆ ئەوەی ببێ بە «معمول» کە دەڵێ «والظرف تکفیه رائحة الفعل..» بەنموونە لە ڕستەی «هو فوقَ الشبهات»دا وشەی «فوق» حاڵەتی «نصب»ی وەرگرت هەرچەند چ فیعلێکیش نییە لە ڕستەکەدا بیکات بە «مفعول - معمول» بەڵام لە واتادا تارماییی فیعل هەیە وەك ئەوەی ڕستەکە «هو واقع فوق الشبهات» بێ دیارە وشەی «واقیع»یش لێرەدا کە «اسم فاعل»ە دەوری فیعلی بینیوە. لە کوردیشدا ئەم دیاردەیە دێتە بەرچاو وەك ئەوەی یەکێك بڵێ «سەرێ خۆشە» مەبەستی ئەوە بێ بڵێ «بوون یاخود دانیشتن یاخود نووستن لەسەرێ خۆشە» بەڵام ناشێ بگوترێ «سەرێ بڵندە» چونکە لەم ڕستەیەدا وشەی «سەر» خۆی «عامل»ە، لەبەر ئەمە دەبێ بگوترێ «سەرەوە بڵندە...».

ئەم بەشەی دووەمی ناوی جێگە درێژەی زۆرە، لێرە بەدواوە لە هەندێکی ئەو درێژەیە دەدوێم.

بەهەمەحاڵ ئەم کێشەیە تا ئێستا یەخەگیری نووسەر و ئاخێوەری کورد نەبووە چونکە دەستوورەکانی قەرارداد نەکراون. لەگەڵ ئەمەشدا ئاخاوتنی کوردی لە بەشی هەرە زۆری کوردستاندا حاڵەتی تری وەهای تێدایە داخوازی مامڵەتی ئەوتۆ دەکات

کە لە (اعراب)ی عەرەبی دەچێت.

هەرچەند ئەم حاڵەتەشیان بەندە بە (معمولیة)ەوە بەڵام پتر لە حاڵەتی پێشوو وردبوونەوە و زمان پاراستنی دەوێ چونکە لەمەیاندا نێرایەتی و مێیایەتیش دەور دەبینن. لەو شێوە ئاخاوتنە کە حاڵەتەکەیان تێدا دەردەکەوێت ئەگەر (معمول)ەکە نێرینە بوو (ی)ی بەدوادا دێت، ئەگەر مێینە بوو (ێ)ی بەدوادا دێت. دەڵێن:

ئەحمەدی دەبینم

فاتمێ دەبینم

لێرە بەپێشەوە زۆر جاران گوتراوە، لە کرمانجیی سەروو بەتێکڕایی و لە بەشێکی کرمانجیی خوارووشدا فەرقی نێر و مێ لە کاتی بانگهێشتندا دەکرێت وەك کە دەگوترێ:

هۆ پوورێ

هۆ شوانە

دیارە هەمان (ێ)ی مێینەی حاڵەتی (معمولیة)ە وا لە کاتی بانگهێشتندا بەدوا وشەی (پوور)دا دەردەکەوێتەوە و دەیکاتە (پوورێ) ئەم فەرقکردنەی نێوان نێر و مێ لەم حاڵەتەدا، وەها ئاسان نییە وەك کە لە کۆبوونەوەی (ئەحمەد، فاتم – پوور، شوان) دەردەکەوێت چونکە هەموو جاران وشەی کوردیی نێرایەتی و مێیایەتی خۆی بەئاشکرایی نانوێنێت. زەحمەتیی فەرقکردن بەلایەنی (نێر، مێ) لە وشەی کوردیدا لەوەوە دێت کە زۆربەی زۆرینەی وشەکان لە ڕێی بیستنەوە بەنێر وەیا مێ دانراون بێ ئەوەی نیشانەی تایبەتی وەیا جۆری وشە وەیا واتاکەی بیکات بەنێر یا مێ. لەو شێوە ئاخاوتنانەدا کە فەرقی نێر و مێ لە حاڵەتی (معمولیة)دا دەکات دەبێ بزانرێ تاك تاکی وشەکان نێرن یا مێن، هەرچەند ناوناوە دەشێ دەستوورێکی گشتیش ڕەچاو بکرێت وەك هەر ئێستاکە بۆتی ڕوون دەکەمەوە:

سەیرێکی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

| | |
|---|---|
| دەچمە شاری | دەچمە دەشتێ |
| هاتمە بانی | هاتمە حەوشێ |
| | هاتمە ژوورێ |

هاتمە بێلاییێ

هاتمە هەیوانێ

خانووچکۆڵە دەکەم بە بەردی — خانووچکۆڵە دەکەم بەخۆڵێ

خانووچکۆڵە دەکەم بەگڵی — خانووچکۆڵە دەکەم بەقوڕێ

چوومە سەر دیواری — چوومە ناو ئاوێ

بەگەنمی تێرم کرد — بەنیسکێ تێرم کرد

بەبرنجی تێرم کرد — بەنۆکێ تێرم کرد

چوومە قەندیلی — چوومە هەولێرێ

چوومە هەڵگوردی — چوومە کەرکووکێ

چوومە سەفینی — چوومە سابلاغێ

چوومە کارۆخی — چوومە بەغدایێ

لەم نموونانەوە دەردەکەوێت، بەشێکی وشەکان بێ هۆیەکی ئاشکرا لە خۆوە نێرن یا مێن، گڵ و بەرد و دیوار و گەنم و برنج... نێرن، خۆڵ و قوڕ و ئاو و نیسك و نۆك...یش مێن. نموونەی ئەم تەرزە وشەیەی کەوا بێ هۆی ئاشکرا دەکرێن بەمێ وەیا نێر یەکجار زۆرن هەمووشیان دەبێ لە ڕێی بیستنەوە بزاندرێن، بەڵام وەك لە سەرەوە دەردەکەوێت ناوی هەموو شار و ئاواییەك مێیە، هی هەموو شاخێکیش نێرە. سەیر لەوەدایە دوو وشەی (شار، گوند) خۆیان نێرن کەچی ناوی شار و گوندیش مێن.

لێرەشدا یەك تێبینیی ورد پێویستە.

گوتمان ناوی (ئافرەت) و شار و ئاوایی مێیە و هی شاخیش نێرە، لەمەشدا گومان نییە، بەڵام کە هات و ناوێکی بەئەسڵ لە بەرەی نێر حیساب کرابێت و مامڵەتی وشەی نێری لەگەڵدا کرابێت و دواتر بۆ مێینە بەکار هاتبێت و جارێ لە بیران نەچووبێتەوە کە بەئەسڵ نێر بووە، هەر مامڵەتی کۆنینەی لەگەڵدا دەکرێت و نیشانەی مەعمولیەتی نێری پێوە دەلکێ. بەنموونە، وشەی (بنار) لە بەرەی وشەی نێرینەیە، بەو پێیە دەگوترێ (لە دەشتێ ڕاوم دەکرد دواتر چوومە بناری) ناگوترێ (چوومە بنارێ). جا کە کیژێك ناوی نرا (بنار) خەڵکەکە هەروەك جاران مامڵەت لەگەڵ وشەکە دەکەن:

بەفاتمیّ دەڵێم

بەگەلاوێژیّ دەڵێم

بەبناریّ دەڵێم

وا دەزانم دوای کۆنبوونی لەکارهێنانی ناوەکە ئەویش وەك ناوی مێینەی لیّ بەسەر دێت، بەڵام لەو حاڵەتانەدا کە یەك ناو بۆ نێریش و بۆ مێیش لەکار بێت زەحمەتێکی ناخۆش پەیدا دەبێت چونکە ئاخێوەر نازانیّ وشەکە بۆ کام لایەن بباتەوە. ڕەنگە هەر جارە بەڕێکەوت لەکاری بهێنێت. بەنموونە ناوی (نیشتمان) بۆ کوڕیش و بۆ کچیش ڕۆیشتووە، بەلای منەوە لەم تەرزە هەڵکەوتەدا دەبیّ یا فەرقی بەکارهێنانەکە بکریّ یانیش هەردوویان مامڵەتی وشەی نێرینەیان لەگەڵدا بکرێت، لە ڕێزماندا وشە بەئەسڵ وێنەییێکی هەیە بۆ هەمووان کە ویسترا حاڵەتی تایبەتی بدرێتیّ شتێکی بۆ ڕەچاو دەکرێت، دیارە مێیایەتیش حاڵەتێکە بەسەر وشەدا دێت هەروەك (معمولیة)یش هەر حاڵەتە.

لەم بەینەدا وشەی وەها هەیە ناتوانم بڕیارێکی بۆ بدەم:

(هەورەمان) لە سەرەتاوە ناوی ئاوایی بووە و دواتر شاخەکەش بەوەوە ناو نراوە. کە ئەمە وابیّ وشەکە لە ڕیزی ناوی شار و گوندانددا دەبێتە میّ، لە ڕیزی ناوی شاخانیشدا دەبێتە نێر. تۆ بڵێی لە حاڵی (معمولیة)دا نیشانەی نێریی بدرێتیّ یاخود نیشانەی میّ؟ ئایا بگوتریّ (هەورەمانیّ دەبینم) یاخود (هەورەمانی دەبینم)؟

لە وەرامدا نموونەییێکی کۆنم بەدەستەوە هەیە تیشکێك بۆ سەر پرسیارەکە دەهاوێژێت:

حاجی مەلا عەبدوڵڵا، لە وەرامی نامەیێکی شێخ عومەری بیارەدا، بەیتێکی گوتووە ناوی (هەورەمان)ی تێدا هاتووە. هەرچەند لە وەرامەکەدا ئاشکرا نییە ئاخۆ مەبەست شاخی هەورەمانە یاخود ئاواییی هەورەمان، بەڵام نامەکەی شێخ عومەر بانگهێشتنی حاجی مەلا عەبدوڵڵا دەکات (بچیتە کێوی هەورامانی پڕ نوور) لەمەوە دەردەکەویّ مەبەس لە بەیتەکە شاخی هەورەمانە. من لێرەدا بەیتەکە بەڕێنووسی ئێستاکەی کوردی دەنووسمەوە بەو شێوەیەی کە لە زاری جیلی پێش خۆمم بیستووە، دیارە لەو کاتە کە بەیتەکەی تێدا هۆنراوەتەوە نیشانە بەسەر پیتەکانەوە نەبووە، نیشانەییێکی من بیخەمە سەر پیتەکانەوە کاری ئیمڕۆکەیە. بەیتەکە ئەمەیە:

بەقوربان هەورەمانیٚ چۆن ببینم

زەر و زوورم نییە شاقاو هـــەڵینم

پیٚ دەچیٚ سەلیقەی زمانشناسی وای کردووە شاعیر وشەی (هەورەمان) بداتەوە بەو سەرچاوەیەی کە لێوەی هەڵقووڵیوە ئەویش ئاواییە نەك کێو بۆیە وشەکەی لە بەرەی مێینە حیساب کردووە. جا ئەگەر ئەم نموونەیە بکەین بە بەرەوانی پرسیارەکە دەبیٚ لەم تەرزە حاڵەتانەدا نێرایەتی و مێیایەتیی وشە بدەینەوە بەیەکەم شێوەی لەکارهێنانی چ بۆ میٚ بووبێت و چ بۆ نێر.

ئەم لایەنە بەتەواوی لە حاڵەتی (مضاف الیە)شدا دەردەکەوێت [کراسی بارامی – کراسی فاتمیٚ]. [حاڵەتی تریش هەیە لەم بابەتە].

خوێنەر دەبینیٚ ئەم جوداوازییەی نێوان وشەی (نێر) و وشەی (میٚ) لەو شێوە ئاخاوتنانەدا کە بایەخ بەزایەندی[1] وشە لە حاڵەتی (معمولیة) دەدەن، چ فەرقی نییە لەگەڵ جوداکردنەوەی (قال، قالت)ی عەرەبی و (her, his)ی ئینگلیزی، هەڵە تێداکردنیشی وەك ئەو هەڵەیەیە کە لە زایەندی وشەی عەرەبی و ئینگلیزی بکرێت.

لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی ئەم بێنە و بەرەیەی (حاڵەتی مەعمولیەت و زایەند) بەسەرچووە و چ نیشانەیێك بە (معمول)ەوە نانوسێت تاکو خەیاڵ بۆ ئەوە بڕوات ئایا نیشانەی وشەی نێر چۆن لە هی میٚ جودا بکرێتەوە، بەمەشدا بەشێکی سەختی و زەحمەتی ئاخاوتن لە یەخەی ئەو شێوە ئاخاوتنە بووەتەوە بەڵام دوو تێبینیی بنجی لەوەدا دەکرێت.

تێبینیی یەکەم ئەوەیە، کە نەمانی دیاردەیێکی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنێکدا ناتوانیٚ بڕیاری نەبوونی دیاردەکە دەرچووێنێت، بگرە ناتوانیٚ هەڵەبوونی دیاردەکەش بسەپێنێت، بەپێچەوانە، لە ڕووی بوون و نەبوون و هەڵە و ڕاستییەوە ئەو دیاردەیەی کە لە بەشی هەرە زۆری ئاخاوتنی زمانێکدا بەرچاوە، ئەویان بنجییە، کە بنجی بێت ڕاستیشە [پێی ناویٚ بڵێم «هەیە» چونکە هەبوونەکەی بەولای بەدیهییەوەیە] بەتایبەتی کە نەمانی دیاردەکە لە لەهجەیێکی زمانەکەدا بەهۆی لێسوان و لێقرتانەوە بێت دەشزانین زمانی کوردی گەلێك ئامادەیە بۆ لێکورتکرنەوە و لێبڕینەوە. ئەو لەهجەیەی کە دەستوورێکی زمانە دایکەکەی لیٚ کورت کراوەتەوە هەر ئەوەندە ڕێگەیەی لەبەرە کە بڵیٚ نەمانی دەستوورەکە نیشانەی بەرەوپێشچوونی

(١) زایەند: جنس Gender.

لەهجەکەیە نەك هەڵەبوونی دەستوورەکە.

تێبینیی دووەم ئەوەیە، ئەگەر سەلماندمان لێسوان و کورتبوونەوە بەڵگەی بەرەوپێشچوونی زمانە، دەبێ بشسەلمێنین هەموو ئەو تایبەتییانەی کە لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا هەیە و لە لەهجەکانی دیکەی کوردیدا نین بەڵگەی بەرەوپێشچوونی ئەو لەهجانەن چونکە نەبوونیان بووەتە هۆی کورتبوونەوە و ئاسانبوون، ئەمەش قسەیێکە بۆ هەر لایێکی حیساب بکەیت تا بڵێی سافیلکەیە چونکە پەسەندی و ناپەسەندیی دەستووراتی زمان بەتاکە پارسەنگی (کورتی و ئاسانی) هەڵناکێشرێت، ڕەنگە حاڵەتی وەها زۆر بێ کە (کورتبوونەوە و لێسوان) سەر بکێشێتەوە بۆ هەژاری نەك دەوڵەمەندیی زمانەکە چونکە لەوانەیە سوانەکە کەرستەی تەعبیری لە کیس دابێت. بەنموونەی ڕوونکردنەوەی مەبەست دەڵێم، هەبوونی ڕاناوی نێر و مێ بۆ کەسی سێیەم لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجیی سەرووودا یاریدەی کورتکردنەوەی ئەو ڕستانە دەدات کە پێویستن بۆ دەرخستنی لایەنی مێیایەتی و نێرایەتیی کەسەکەی سێیەم. چیرۆکێکی عەرەبی ئەم عینوانەی بەسەرەوە بوو (یهواها و تهواه). سەیری، بوونی نیشانە و ڕاناوی تایبەتی بۆ نێر و مێ چەند ڕێگەی لەبەر هەنگاوی نووسەردا کورت کردووەتەوە. ئەم عینوانە لە کرمانجیی سەرووودا بەئاسانی و بەکورتی شیانی دەربڕینی هەیە کەچی لە کرمانجیی خوارووودا بەهیچ جۆرێك مومکین نییە.

ئەم نموونانە و نمایشتانە بەشی ئەوە دەکەن بیرمان بەرەو بوونی (اعراب) لە کوردیدا بچێت، خۆ ئەگەر خەریکی هەموو گۆشەیێکی زمانەکەمان بین دەبینین گەلێك وردە دەستووری وەهای تێدایە، ڕەنگە بەولای ئیعرابەوە بێت لەلایەن زەحمەتی ڕێ پێبردن و هەڵە تێدا نەکردنەوە. کە بگەڕێیتەوە بۆ کتێبی (چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی – نووسینی مەسعوود محەمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٦) باسێك دەخوێنیتەوە بەناوی (فعلی انتقالی پێچەوانە) کەوتووەتە نێوان لاپەڕەکانی ٦١ – ٧٧ لەو کتێبەدا. نەختێك سەرنج لەو باسە بگریت دەبینیت هێندەی بابەتە هەرە سەختەکانی ڕێزمانی عەرەبی ئەویش سەختە، بگرە سەختتریشە و ڕەنگە بەلای بێگانەی زمانی کوردییەوە لە مەتەڵ داخراوتر بێت.

جارێ تێبینیی تر زۆر ماون نادروستیی ئەو گوتەیەمان بۆ بەدیار دەخات کە دەڵێ وەك یەکبوونی قسەکردن و شێوە نووسینیی ئەدەبی لە زمانی کوردیدا دیاردەیێکی پەسەندە، بەڵام من لێرە بەدواوە تەنیا لە چەند خاڵێکی ئەو تێبینییانە دەدوێم:

خاڵی یەکەم: هیچ زمانێك نییە لەسەر ڕووی زەوی شێوە ئەدەبییەکەی و قسە و گفتوگۆ عادەتییەکەی وەك یەك بن. ئەو نووسینانەی کە بریتین لە ڕاگوێزتنی قسەی عادەتی بۆ سەر ڕووی کاغەز ناگەنە ئەو پلەیەی پێی دەڵێن شێوەی ئەدەبی. ئەم قسەیەش بەر لە من زۆر کەس کردوویانە، هێندەش ڕاست و ڕوونە هەر دەڵێی بەڵگەنەویستە چونکە ناچێتە هیچ حیسابێکی بەڕێ و جێوە، زمانی مامڵەتکردنی نرخی تەماتەی بازاڕ وەك ئەو زمانە بێت کە لە پرسیارە سەخت و ورد و قووڵەکانی فەلسەفی و ئەدەبی و هونەری و.. هتد دەکۆڵێتەوە. بابایێکی تەماتەکڕ و پەنیرفرۆش خەریکی کارێکن هەر بەقەدەر خەریکبوونی قەڵەبازەڵە بەدزینی پەنیرەوە وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی پێ دەوێت ئیتر چۆن دەشێ زمانی دەمەتەقەکردنی کڕیار و فرۆشیار لەسەر نرخی پەنیر و تەماتە وەك ئەو زمانە بێت کە گڕوگاڵ و وڕێنە قۆڵ و تەماوییەکانی ناخی دەروونی شاعیر و فەیلەسووف و هونەرکار دەڵێتەوە. زۆر جاران خەیاڵی هێندە کێوی و وشت و قوتاخ لە ئاسۆی پڕ وەهم و وڕێنەی فەیلەسووف و شاعیر شەبەنگ دەبەستێ هەرچی فەرهەنگی ئەدەب و زانست و تەکنیك هەیە ناتوانن تەعبیری لێ بدەنەوە چ جاییی زمانە سافیلکەکەی (کاکە ڕۆژباش و براله گیان خۆش..). دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ، تێ هەڵکشانی ئاخێوەری ئەدیب و زانا لە شێوەی ئاخاوتن چ کەمایەتییەك ناخاتە سەر زمانی بازاڕی، هەروەك گەیشتنی (دارا) بەپلەی گەنجایەتی چ ساوایان عەیبدار ناکات لەوەدا کە جارێ ساوان، هەر کەسە و هەر شتە و هەر بابەتە جێ و ڕێ و کات و قۆناغی خۆی هەیە و هیچیان جێی ئەوی تر ناگرنەوە هەرچەند یەکێکیان لەوی تر هەڵکشاوتر وەیا جوانتر و ڕێکوپێکتر... بێت.

خاڵی دووەم: باوبوونی نووسینی ئەو شتانەی لە دەمەوە دەردێن لەسەر شکڵی خۆیان بێ ئەوەی بخرێنە قاڵبی ئەدەبییەوە دەردی هەرە کوشندەی زمانی نەتەوایەتی و ژیانی ڕۆشنبیریی گشتیی میللەتە، تا ئەو ڕۆژەی نووسەرانی میللەتێك دەگەن بەو پلەیەی کە زۆربەیان بەشێوە ئەدەبییەکی وەها دەنووسن جودا بێت لە لەهجەکانی ناوچەیی و ئاخاوتنی عادەتی، ناتوانن بڵێن کەوتووینەتە سەر ڕێبازی ڕاست و دروستی ڕۆشنبیری و گەشە پێکردنی زمان و ئەدەب و زانست و هونەر و.. هتد نژادەکەمان.. هەر زمانێکی پێشکەوتووی ئەم دنیایە بکەیت بەنموونەی بەراوردکردن، دەبینی شێوە ئەدەبییەکەی

جودایە لە هەموو لەهجەکانی ئاخاوتنی. نەك هەر ئەمەندە و بەس، لە نێوان ئەو میللەتانەی کە زانست و تەکنیك تێیاندا ڕەگی داکوتاوە و هەر بابەتە زانستە و تەکنیکەی قالبی تایبەتیی خۆی بۆ خۆی هەڵناوە دیاردەیێکی نەوڕەس سەری هەڵداوە کە بریتییە لەوەی هەر بابەتە زمانێکی سەربەخۆی خۆی پێك هێناوە زۆر بێگانەیە لە زمانی بابەتەکەی تر. دەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە لە نێوان ڕۆشنبیرانی میللەتە پێشکەوتووەکاندا خەریکە شێوەی (ملوية سامراء) وەربگرێت لەو ڕووەوە کە بەرەوپێشچوونیان چەندین نهۆمی یەك لەسەر یەکی شێوەی تەعبیری دروست کردووە کە لەوێدا باسی وەك یەکبوونی زمانی ئەدەبی و ئاخاوتنی بازاڕی نەك یەك جار بگرە دە جارانیش ئیفلاسی کردووە. ئێمەی کورد لەم مەیدانەشدا پتر لە میللەتانی ڕووی زەوی کەم بەهرە بووین چونکە مێژوو دەرگای ئەو بەهەشتەی لە ڕوومان داخست کە شێوەیێکی ئەدەبیمان هەبێ (وەك عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و فرەنسەیی...) هەموو کوردزمان تێی بگات.

خاڵی سێیەم، لە یەکەم و دووەم سەیرترە، ئەو کەسانەی وا بەڕەهایی و بەوپەڕی دڵنیاییەوە شانازی دەکەن بەیەکبوونی شێوەی ئاخاوتن و نووسینی کوردی هیچ لەوە ئاگادار نین کە قسەکەیان تەنیا لە ئاست خودی خۆیان بەڕاست دەگەڕێ چونکە بەڕێکەوت شێوە ئاخاوتنی سلێمانی لە کوردستانی عێراقدا بووە بەشێوە نووسینی ئەدەبیی کوردی عێراق، لەبەر ئەمە دەشێ بگوترێ شێوەی نووسین و ئاخاوتن بەنیسبەت خەڵقی شاری سلێمانییەوە، تا ڕادەیێك، لە یەکتر نزیکن لەوە بەولاوە نووسەرانی دەرەوەی سلێمانی بەشێوەیێك دەنووسن کە قسەی پێ ناکەن، بەشێکی زۆری کوردزمانیش نەك هەر قسەی پێ ناکەن بگرە تێشی ناگەن هەروەك کە نووسەرانی سلێمانی لە نووسینی کوردەکانی سۆڤێت ناگەن. ئەگەر ئەو کەسانە ناچار بووبان بەشێوەی کرمانجیی سەروو وەیا هەورەمان بنووسن هەرگیز بەدڵیاندا نەدەهات بڵێن ئێمە ئەوە دەنووسین کە بەزمان دەری دەبڕین.

ئەم خاڵەی سێیەمە، دەرگە بە ڕووی وتووێژێکی کورتیلەدا دەکاتەوە.

پەرەسەندنی نووسین بەو شێوەیەی کە لە سلێمانییەوە سەری هەڵداوە نەك هەر دیاردەیێکی سازگارە و بەس، بگرە تاکە ڕێبازی پەسەند و دروستیشە لەبەر ڕەوتی

ڕۆشنبیریی کوردیدا چونکە ئەگەر ئەم شێوەیە پەرە نەستێنێ دەکەوینە سەر چارشەقامێك کە نازانین بۆ کوێمان دەبەن. ئەم ڕاستییە، بەدوا خاڵەکانی سەرەوەدا، دوو داخوازیی گەورە لە نووسەرانی کورد دەکات.

داخوازی یەکەم هەوڵدانە بۆ دەوڵەمەندترکردنی ئەو شێوەیە بەو بژێو و کەرەستەیەی کە لە شێوە ئاخاوتنەکانی دیکەی کوردیدا هەیە و لە لەهجەی سلێمانیدا نییە چونکە ئەگەر ئەم هەوڵە نەدرێت شێوە ئەدەبییەکەمان خۆی دادەبڕێت لە دایکی خۆی یاخود با بڵێم بەر لە کاتی خۆی دەم لە مەمکی دایکی هەڵدەگرێت.

لێرەدا نموونەیێکی چۆنیەتیی دەوڵەمەندبوونی زمانی ئەدەبی بەهۆی وەرگرتنی خۆراك لە تێکڕای زمانە دایکەکە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، نموونەکەش لە زمانی فارسییەوە دەهێنمەوە کە یەکێکە لەو خێزانە زمانەی کوردیش دەگرێتەوە.

لە کۆتاییی لاپەڕە (٢٥١) و چەند دێری سەرەتای لاپەڕە (٢٥٢)ی بەرگی یەکەمی کتێبی (مجموعە مقالات)ی (ماهیار نوابی) مامۆستا و سەرۆکی (مؤسسە آسیایی) لە دانشگەدەی شیراز، ئەم ڕاستییە دەخوێنیتەوە:

«درست است کە زبان فارسی دری اصلا زبان فارس یعنی گویش ایرانی جنوب غربی است، اما نباید فراموش کرد کە گویش های دیگر ایرانی، از همان آغاز، در غنای ان سهم بسزائی داشتەاند. این زبان بواسطە رسمی بودن و بکاررفتنش در مدت هیجدە نوزدە قرن در تمام ایران و در دربارهای مختلف شاهنشاهان و پادشاهان محلی، از دیگر گویش های ایرانی واژەها وتعبیرها و اصطلاح هائی گرفتە و غنی تر شدەاست.»

«نویسندە و شاعر بلخی و خوارزمی و مروزی و سعدی و پیشاوری و هریوی و طوسی نیشاپوری و سگزی و رازی و شیروانی و گنجەای و اصفهانی و خوزی و کرمانی و بلوچی و دیگر شهرهای ایران همە از وازەها و اصطلاحات گویش محلی خود مشتی بدان افزودە و ان را بیش از پیش غنی ساختەاند.»

ئەمەش وەرگێڕانی نووسینە فارسییەکەیە بۆ سەر کوردی:

«ڕاستە زمانی فارسیی دەری لە بنجدا زمانی فارس واتە گوتەی ئێرانیی باشووری ڕۆژاوایە، بەڵام نابێ لە بیر کەین کە گوتەکانی تری ئێرانیش، لە سەرەتاوە، لە دەوڵەمەندکردنی ئەودا پشکێکی نرخداریان هەبووە. ئەم زمانە [مەبەست: زمانی فارسیی دەری – مەسعوود محەمەد] بەهۆی ڕەسمیبوون و بەکارهێنانی لە ماوەی

هەژدە نۆزدە سەدەدا لە سەرانسەری ئێران و لە دەربارە جوداکانی شاهەنشاهەکان و پادشاکانی ناوچەیی، لە گوتەکانی تری ئێرانی وشە و تەعبیر و زاراوەی وەرگرتووە و دەوڵەمەندتر بووە.»

«نووسەر و شاعیری بەلخی و خوارزمی و مەرووزی (مەروی) و سوغدی و پیشاوەری و هریوی (هیراتی) و توسی و نیشاپووری و سەگزی و ڕازی (خەلقی رەی) و شێروانی و گەنجەیی و ئیسفەهانی و خووزی و کرمانی و بلووچی و شارەکانی تری ئێران هەریەکەیان لە بێژە و زاراوە و گوتەی ناوچەی خۆیان مستێکیان خستووەتە سەر ئەو و پتر لە جاران دەوڵەمەندیان کردووە.»

کە چاوێك بە بەرگی چوارەمی گۆڤاری کۆڕ، ١٩٧٦دا بگێڕیتەوە دەبینیت لە ژێر سەرەباسی (ڕێنووسی کۆڕ) بەپەڕاوێز لە لاپەڕە ٢٤١ تا لاپەڕە ٢٤٩ بۆ خوێنەری کوردم ڕوون کردووەتەوە کە ئەو دەرفەتەی بۆ زمانە پێشکەوتووەکان ڕێك کەوت لەوەدا کە شێوە ئەدەبییەکەیان خۆی دەوڵەمەند کرد بەبژێو و کەرستەی هەموو لەهجەکانی ئاخاوتنی ناوچەییان، ئەم دەرفەتە بۆ زمانی کوردی ڕێك نەکەوت و شێوە نووسینی ئەدەبیمان لە کوردستانی عێراق لەسەر تاکە شەتڵی لەهجەی سلێمانی هەڵی داوە بێ ئەوەی توانیبێتی وەیا بۆی ڕێك کەوتبێت لە هیچ یەکێك لە لەهجەکانی تری کوردی خۆراکێکی دەرەوەی هەناوی خۆی وەرگرێت. چاری ئەم ناتەواوییە بەوە دەکرێ کە نووسەرانی کورد، بەتایبەتی خەڵقی سلێمانی، گوێبیستی هەموو شێوە ئاخاوتنێك ببن و چی تێیاندا پەسەندە لە وشە و زاراوە و جۆری تەعبیر موتوربەی بکەن لە شێوە نووسینی ئەدەبیمان، خۆ دیاریشە گوێبیستبوون کارێکی ئاسان نییە لەبەر ئەمە پێویستە خۆشامەدی بکرێ لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆری بەو لەهجانە، نەك بەنیازی جێ لەقکردن بەشێوە ئەدەبییە ڕسکاوەکەمان بگرە بۆ ئەوەی نووسەرانی کورد بزانن چ سامانێك لە تێکڕای زمانی کوردیدا هەیە و بتوانن شێوازیانی پێ دەوڵەمەندتر بکەن. هەر دەنگ و سەدایەکیش پێچەوانەی ئەم هەوڵە بەرز بێتەوە، بەلای باوەڕی منەوە، یا لەبەر (تعصب)ە یا لەبەر کوردەغیرەتییە یا لەبەر نەزانینە یا بەنیازی دوشمنایەتیکردنە لەگەڵ زمانی کوردیدا. دەبێ ئەدیبی کورد ئەوە بزانێ، شادەمارەکانی ئاخاوتنی کوردیی پلەی خوار و ژوور و بەرەوپێشچوون و وەستانیان ئەوەندە فەرقەی نییە یەکێکیان بکاتە (سۆجەر) و ئەوی تریشیان (لێڤی). خەڵقیش کە واز لە لەهجەی ناوچەیی خۆی دەهێنێت و ئەرکی ڕاهاتن بەشێوەیێکی تر هەڵدەگرێت،

بۆ بەرەوپێشبردنی سەقافەتی نەتەوایەتی و پتەوترکردنی زەویی ژێر پێی میللەتەکەی ئەو لەخۆبووردنە دەکات نەك لەبەر دانهێنان بەپەستبوونی لەهجە ئاخاوتنی خۆی لە چاو لەهجەیێکی تر. نابێ هەرگیزاو هەرگیز ئەو تەرزە گیانەی بەرتەسکی ناوچەپەرستی لە پەرە پێسەندنی لەهجەی ئەدەبی یەکگرتوومان بەکار بێت، کوردێك کە هات خۆی هەڵداتەوە بەسەر کوردی دیکەدا بەوەی کە لەهجەی ئاخاوتنی ئەو بەگزادەترە هەر بەجارێ ڕێی گلەییکردن لە ستەمی بێگانە بە ڕووی خۆیدا دادەخات، لە هەمان کاتیشدا بانگهێشتنی کوردەکەی تر دەکات کە ددان چیڕ کاتەوە بەشێوە ئاخاوتنی خۆیدا چونکە لەو مامڵەتەی وازهێنان لە لەهجەی دایکزا بۆ لەهجەیێکی دیکە، کابرای وازهێناو، بەتەمایە ئافەرینی لێ بکرێت، دەنا پەندە مەشوورەکەی فارسی بەدەنگ دێت کە دەڵێ (سنگین نشوم سبك چرا – کە گران نەبم بۆچی سووك بم).

وێرای پێویستبوونی ئەم دەوڵەمەندکردنەی شێوەی نووسینی سلێمانی بەو خۆراکە زمانییەی کە لە لەهجەکانی دیکەی کوردیدا هەیە، دەبێ ئاگاداری لایەنێکی تری یەکجار گرنگ بین کە ئەویش هەر بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی شێوەی ئاخاوتن و نووسینی ئەدەبیمان بەڵام ئەمجارەیان لێ زیادکردن نییە، بەپێچەوانە، مشتومالدان و هەڵپەرداوتنە:

هەموو شێوە ئاخاوتنێکی ناوچەیی هێندێك تایبەتیی خۆی هەیە کە لە شێوەکانی دیکەی زمانەکەدا نابیسترێت. وا دەبێ بەشێکی کەم یا زۆری ئەو تایبەتییانە لە ئاکامی هەڵە تێکەوتن وەیا دوورکەوتنەوە لە دەستووری زمانە دایکەکە پەیدا بووە. لەم حاڵەتانەدا پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ پاککردنەوەی شێوەی ئەدەبی لەوەی هەڵەیە وەیا دوورکەوتنەوەیە لە دەستووری ڕاست و دروستی زمانەکە بەتێکڕایی.

هەڵبەت کە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بووە بەبنەمای زمانی ئەدەبیمان دەبێ خەریك بین قەڵەمەکانمان ڕابێنین بەخۆدزینەوە لە نووسینی ئەو شتانەی کە لە شێوەی سلێمانیدا، دژی دەستووری ڕەسەنی زمانی کوردی، خۆیان سەپاندووە.

بێگومان دەستنیشانکردنی ئەو شتانەی کە لە شێوەی سلێمانیدا پشت لە دەستووری زمانی کوردین خۆ خەریککردنێکی باشی دەوێت لەلایەن دەستەیێکی لێزانەوە. دوای ئەو دەستنیشانکردنەش دەبێ بزاندرێ کام «جێگر» ڕاستە بۆ ئەوەی ئەویان بخرێتە جێگەی هەڵەکەوە. ناوناوە وا دەبێ زۆربەی لەهجەکانی دەرەوەی سلێمانی یەك جۆر بەکارهێنانیان هەیە لە جێگەی ئەو هەڵەیەدا. لەم حاڵەتەدا پێویستە یەکسەر ئەو

بەکارهێنانە گشتییە ببێتە «جێگر». ئەگەر ئەو جێگرە گشتییەش دەست نەکەوت دەبێ ڕاستترین بەکارهێنانێکی ناوچەیی بکرێ بە «جێگر» ئیتر هی هەر کوێیەك دەبێ با ببێ.

لێرەدا چەند نموونەیێك دەهێنمەوە، لەوانەی پێویستە نووسەران خۆیانی لێ بدزنەوە:

تیا: ئەمە کورتکراوەی «تێدا»یە، لەوەوەش هاتووە کە خەڵقی سلێمانی دەنگی «د» لەو تەرزە شوێنەدا دەسوێنن. دیارە وشە ڕەسەنەکە ڕاستە و پەسەندتریشە زۆربەی کوردەواریش بەکاری دەهێنن.

پیا: ئەمیش کورتکراوەی «پێدا»یە و چی لەبارەی «تیا» نووسرا لەبارەی ئەمیشیان هەر ڕاستە.

تیایا: ئەمیان لەبری «تێیدا» بەکاردێت و یەکجار لە بنجی خۆی دوور کەوتووەتەوە، تەنانەت بەر دەستوورە ناوچەییەکەی سلێمانیش ناکەوێ کە دەنگی «د» دەسوێنێت چونکە ڕواڵەتی وشەکە وا ڕادەگەیەنێ کە لە «تێدادا»وە هاتبێت، دەشزانین شتی وەها بەزاری کورددا نەهاتووە.

لە منا: مەبەست «لە مندا»یە، هەروەهاش «لە ئەوا، لە ئەوانا..»دا دەنگی «د» سواوە. ئەم بەکارهێنانە جگە لەوەی لە تەك بەکارهێنانی دروستی کوردیدا لاسەنگە، هەر لە شێوەی سلێمانیشدا لاسەنگبوونی دەردەکەوێت کە هاتیت وشەکەت خستە ڕیزی هەواڵەکانی خۆیەوە، دوو ڕاناوی «ئێمە، ئێوە» بەبزوێنی «ە» کۆتاییان دێت و ناهێڵن دالەکەی «دا»یان لێ بسوێت. دەڵێی «لە ئێوەدا، لە ئێمەدا» هەرگیز ناکرێ بگوترێ «لە ئێوە ا، لە ئێمە ا..». هەروەهاش ڕاناوی «تۆ» بەبزوێنی «ۆ» کۆتاییی هاتووە ئەویش داوای مانەوەی دالەکە دەکات و دەگوترێ «لە تۆدا» ڕاناوی «ئەو» کۆتاییی بەدەنگی «و» هاتووە بەڵام لەوێدا واوەکە بزوێن نییە و Consonantە بۆیەیە مومکینە بگوترێ «لە ئەوا».

قرتانی ئەم «د»ە لە ئاخاوتندا چ ئیعتیرازی لێ ناگیرێت هەروەهاش کە کێشی شیعر داخوازی قرتانەکەی کرد.. لەوە بەولاوە قرتانەکە دەبێتە دەستوور شێواندن. یەکێکی وەك نالی لە شیعردا «تیا» و «ئەودا»ی بەکار هێناوە:

پەچەیی پەرچـــەمی و پرچی سـیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی «تیا»

تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەمی جەوهەر لە نێو «ئەودا»

بـــەڵێ مـــسقاڵە زەڕە زاهـــیرە جـلوەی لــــە پرتـــــــەودا

حاجی قادری کۆیی «لە مێرغوزارا» و «لە شەوا»ی بەکار هێناوە لە جیاتی «لە مێرغوزاردا» و «لە شەودا»:

نێرگز «لە مێرغوزارا» دەزانی بەچی دەچی

بنوارە ئـــاسمان «لە شەوا» عەینیهی ئەوە

هـەرچـی دالـێکـی لـە شێوە ئـاخـاوتـنـی سلێمـانـی بـقـرتـێ دەبـێ لـە نـووسـینـی ئەدەبیماندا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، چونکە ئەم دالانە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ماون و پاشماوەیێکی زیندوو و شەرعیی زمانەکەمانە.

دەربەنگ: دەنگی گافی «دەربەنگ، ئەفەنگی» لە دالەوە هاتووە، هی ئەفەنگی: «دوانگزە، یانگزە»ش هەڵەیێکە لە قورقوڕاگەی ئەو یانگزە: کەسانەوە هەڵقوڵیوە کە بەکاریان دەهێنن و چ پێوەندییان بە دوانگزە: زمان و دەستوورەکانیەوە نییە. گۆڕینی ئەم دەنگانە شتێك نییە بەهیچ کلۆجێك پشتگیریی لێ بکرێت، واز لێ هێنانیشی خاترانەی تێدا نییە چونکە وازهێنانە لە هەڵەیێکی بێ پێچ و پەنا.

نوستبوومایە: ئەم ڕێژەیە شێوەی «ئینشائی»یە دەکەوێتە بەرانبەر ڕابردووی دووری خەبەری «نووستبووم». لە زۆرینەی ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی [بەشی کرمانجیی خواروو] دەڵێن «نوستبووبام». دیارە ڕێژەکە لە دوو کەرت پێك هاتووە: ١- کەرتی فیعلی بنجی «نووستن» ٢- کەرتی فیعلی یاریدەر لە شێوەی ئینشائیی «بوون». بەشی هەرە زۆری کورد ئەم شێوەیەی ئینشائیی فیعلی «بوون» دەکەنە «بووبا» نەك «بوویایە» لەبەر ئەمە ڕێژەی ڕەسەن و ڕێزمانی ڕابردووی دووری ئینشائی لە «نووستن» دەبێتە «نوستبووبام». ئەم بۆچوونە لەبارەی فیعلی تێپەڕیشەوە هەر ڕاستە. بەنموونە: لە سلێمانی دەڵێن «گرتبوومایە» لە ناوچەکانی تردا دەڵێن «گرتبووبام» بەڵام وا دەبێ جێگۆڕکێ بەڕاناوە لکاوەکە دەکەن و دەڵێن «بمگرتبووبا» لەمەشدا مەبەستێکی تایبەتی قسەکەر دەکەوێتە ناو وشەکە. [دەشگوترێ گرتبام، بمگرتبا].

هەموو ئەو ڕێژە فیعلانەی کە لە بنەڕەتدا فیعلی یاریدەری «بوون»یان تێدایە دەبێ بەپێی دەستووری ڕێزمان دەنگەکەی «ب» تێیاندا بپارێزرێت، جا ئەگەر

بەلای نووسەری سلێمانییەوە ئەم کارە زەحمەت بێ دیارە بەلای نووسەری شوێنی دیکەشەوە شێوەکەی سلێمانی زەحمەتە، سەرەڕای زەحمەتی لە دەستووریشی لاداوە. لەبەر ئەمە دەبێ هەر نەبێ هەردوو شێوە بەڕاست داندرێ نەك ئەوی ڕەسەنە تێ ببردرێت [تەماشای لاپەڕەکانی ١٨٥ – ١٩٩ی کتێبی «ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لێژنەی زمان و زانستەکانی – چاپکراوی کۆڕ ١٩٧٦» بکە]

بڵێرەوە: ئەمە لە جیاتی «بڵێوە»یە. کەس نازانێ ئەم دەنگەی «ر»ی لاواز لە کوێوە پەڕیوەتە نێوان فیعلەکە و پاشگرەکەی «ەوە»وە هەرچی فیعلێکی تری وەك ئەمیش هەیە لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا ڕێیەکی لاوازی تێ دەترنجێت. دەستووری وەرگرتنی ڕێژەی فەرمان «أمر» بریتییە لە گۆڕینی «د»ی نیشانەی ئاییندە بە «ب»ی نیشانەی فەرمان و هەندێك دەسکاری وەك:

دەڵی: بڵێ

دەچی: بچۆ

دەڕوا: بڕۆ

دەکا: بکە... هتد

ئیتر بۆ دەبێ لە کاتی بەکارهێنانی پاشگری «وە، ەوە» لەگەڵ فیعلی فەرماندا ڕێیەکی لاواز بێتە ناوەوە لە حاڵێکدا نە لە ڕێژەی ئایندە و نەلە ڕێژەی ڕابردوودا ئەم ڕێیە دەرناکەوێ؟:

گوتمەوە: دەڵێمەوە

چوومەوە: دەچمەوە

ڕۆیمیەوە: دەڕۆمەوە

کردمەوە: دەکەمەوە

کوردێکی دەرەوەی سلێمانی بەفێربوون و لاساییکردنەوە نەبێ بەدڵیدا نایەت لەلاوە ڕێیەکی لاواز بخوازێتەوە بۆ ڕێژەی فەرمانی ئەو فیعلانە. وابزانم پێویستە نووسەری سلێمانی خۆی ڕابێنێت بەوەی کە بەسەر زاری زۆربەی ئاخێوەری کوردییەوەیە.

چوومەوەوانێ: ئەم «وانێ»یەش لە هەموو حاڵاندا شتێکی زیادە و تایبەتی

ماڵەوەوانیٚ:  ناوچەییٚکی بەرتەسکی ئاخاوتنی کوردییە، ناشیٚ بکریٚتە سەربار لە شیٚوەی ئەدەبیمان.

من لەم نووسینەدا بەم نموونانە واز دەهیٚنم لە دریٚژە پیٚدان، بەڵام دەبیٚ لیٚرەدا شتیٚکی یەکجار گرنگ بەخویٚنەری کورد بڵیٚم کە تا ئیٚستا هیچ ئیشارەتیٚکی بۆ نەکراوە هەرچەند یەکیٚکیشە لە تایبەتییە هەرە بنجییەکانی زمانی کوردی.

بەشی هەرە زۆری چۆنیەتیی نووسینی ئەدەبی لە زمانە پیٚشکەوتووەکاندا تەنیا یەك شیٚوەی ڕاستی لیٚ پەیدا دەبیٚت، کە لەوت لادا دەکەویتە هەڵەوە. زمانی کوردی ئەم خاسیەتەی (تاك ڕیٚباز)ی تیٚدا نییە چونکە گەلیٚك جاران لە دەربڕینی واتادا، پتر لە ڕیٚگەییٚکی ڕیٚزمانیی ڕاست و دروست لە کوردیدا پەیدایە. بەنموونە، ڕیٚژەی کاری کارابزر (صیغة الفعل المبني للمجهول) دوو ڕیٚبازی سەربەخۆی دروستی هەیە، یەکیٚکیان هی کرمانجیی سەروو ئەوی دیکەشیان هی بەشەکانی تری کوردستان. کەس ناتوانیٚ بڵیٚ ڕستەی (هاتە کوشتنیٚ) هەڵەیە و هەر (کوژرا) ڕاستە. کە بیٚیت و بەراوردی ڕستەکان بکەیت لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دەبینی (هاتە کوشتنیٚ) لەگەڵ he was killedی ئینگلیزی و (کشته شد)ی فارسی هاودەستوورترە لە (کوژرا) لەو ڕووەوە هەرسیٚ شیٚوە [کرمانجیی سەروو، ئینگلیزی، فارسی] بەهۆی فیعلی یاریدەرەوە پیٚك هاتوون کەچی (کوژرا) لەگەڵ (قُتل)ی عەرەبی (اولدرلدی) تورکی لە ڕووی دارشتنەوە ئاشناترە چونکە ڕیٚژەی کارابزر (مبني للمجهول)ی هەرسیٚ زمان [کرمانجیی خواروو، عەرەبی، تورکی] لە تەنیا مادەی فیعلە بنجییەکەوە وەرگیراوە. لەوەش بەولاوە ڕیٚژەکەی کرمانجیی سەروو ناوناوە هەر لە کۆنەوە و تا ئیٚستاش لە شیٚوە ئاخاوتنی خوارووودا بەکار هاتووە و بەکار دیٚت، وەك ئەوەی کە شاعیر بەر لە پەنجا ساڵ دەڵیٚ:

قەتعی مومکینە تاکە هەوداییٚ

ئەمما کە زۆر بوو لە پچڕان ناییٚ

ئەم ڕستەی (لە پچڕان ناییٚ) شیٚوەی مەنفی (دیٚتە پچڕانیٚ)یە. گەلیٚك جاران گویٚت لیٚ دەبیٚ یەکیٚك دەڵیٚ (فلانە مەسەلە نایەتە گوتنیٚ، فلانە شت لە کڕین ناییٚ – لە کڕین دیٚ..) ئەمانە هەمووی بەکارهیٚنانی ڕیٚژەی کارابزری کرمانجیی سەرووە.

نموونەییٚکی دیکە لەم بابەتە:

دەگوترێ: دەیاندیتم، دەمدیتن، دەماندیتی، دەتدیتین.

لـە بـەرەو بـاشووری کـەرکـووك دەڵـێن: دەمـیـانـدیت، دەیـانـمـدیت، دەتـمـانـدیت، دەمانتدیت.

ئـەم دوو شێوە ئـاخـاوتـنـە، لـە بـاری ئـێستـاکـەیـاندا، لـەسەر دەستووری ڕێزمـانـی تـایـبـەتی خۆیـان هـەڵستاون و هـەریـەکەیان بـەکێش و تـەرازووی خۆی ڕاست و دروستە.

دەگوترێ: پێم گوتن، پێت گوتم، پێیان گوتین..

دەشگوترێ: پێتانم گوت – پێیانم گوت (چونکە «پێم گوتن» بۆ کۆی کەسی دووەم و کۆی کەسی سێیەمیش بەکار دێت)، پێمت گوت، پێمانیان گوت..

دەبینی هەردوو جۆرە ڕستەکان لەباودان و بەپێی دەستووری خۆیان ڕاستیشن، تەنانەت شێوە ئاخاوتنی خوارووی کەرکووك توانی بڵێ (پێتانم گوت، پێیانم گوت) کەچی شێوە ئاخاوتنی سلێمانی و سۆران و موکریان بۆ هەردوو ڕێژە هەر دەڵێ (پێم گوتن) و ناتوانێ کەسی دووەم و سێیەم لە یەکتر جودا بکاتەوە. لە ڕستەی (پێم گوت)دا کـەسی سێیـەمـی تـاك بـەرکـارە بـەڵام دیـار نـەکـەوتـووە کـەچـی لـە شێوە ئـاخـاوتـنی خوارووی کەرکووکدا دەگوترێ (پێیم گوت) و ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك دیارە..

کورتەی قسە لێرەدا ئەوەیە پتر لە شێوەیێکی ئاخاوتن بەر دەستووری ڕاست و دروستـی ڕێزمـان دەکـەوێت، زۆر جـارانـیش شێوە ئـەدەبـیـیـەکـەی پـەرەسەندووی ئـەم ڕۆژانەی کوردی هەرە پەسەندەکەی نییە.

٣

### دەنگەکانی ئاخاوتن

**«یەك ڕاستیی بزرکراو»**

مەبەس لە دەنگەکانی ئاخاوتن ئەوانەن کە لە ڕێنووسدا ئەلف و بێ و قاف و شینیان بۆ کراوە بەنیشانە. ئەوانەی لە بڕی وشەی «دەنگ» وشەی «پیت» بەکار دەهێنن کەرستەی گفتوگۆ تێکەڵ بەکەرستەی نووسین دەکەن چونکە ئەوەی لە زارەوە دەردێت دەنگە نەك پیت. گریمان نووسین لە بەیندا نەبێت و پیت و ڕێنووس جارێ پـەیدا نـەبـوویـێت، خـۆ خـەڵـقـەکە قسان دەکەن و پـەکیـان لـەسەر شکڵـی ئەلفوبێ و Alphabet ناکەوێت. یەکێکی نەخوێندەوار کە دەئاخێوێ ئاگای لەوە نییە نووسەران چۆن قسەکانی بۆ دەکەن بەنووسین، من و تۆش کە قسە دەکەین و بەنموونە، دەڵێین

«بەرد» چەند دەنگێك لە زارمانەوە دەردێت و وشەکە پێك دەهێنن نەك شکڵی «ب، ە، ر، د». عەرەبەکان لە کۆندا فەرقی نێوان دەنگ و پیتیان نەکردووە و بۆ هەردوویان وشەی «حرف»یان بەکار هێناوە، بگرە ئەم وشەیان بۆ «حروف القواعد»یش گوێزاوەتەوە و گوتوویانە «حرف العطف، حرف الجر... الخ». بەهەمەحاڵ ئەم چەند دێرە بەنیازی ڕەواندنەوەی گومانێك بوون کە لەوانەیە بەدەوری واتای «دەنگ»ەوە ڕەشکەوپێشکە بەچاوی خێراخوێن بکات چونکە نووسینەکەم لێرەدا باسی دەنگ دەکات و زۆر جاران وشەکە دەهێنێتە ناوەوە بۆیە بەپێویستم زانی کە لە پێشەوە بڵێم مەبەست لە دەنگ «دەنگی زمانی – صوت لغوي» چییە تاکو لە هەر شوێنێك وشەکە هاتە ناو نووسینەوە زیهنی خوێنەر بۆ ئەو واتایە بباتەوە نەك دەنگی با و ئاو و تەیر و ئاژەڵ و فیکە و لرخەی سینگ و... هتد.

تا ئێستا ئەوەی خوێندبێتمەوە لەبارەی «دەنگ» بەتێکڕایی وای ڕانواندووە کە هەموو دەنگێکی زمانی بەهۆی هاتنەدەری هەناسە لە سییەکانەوە، لە پیکی قوڕگەوە بەرەو دەرەوەی زار دێت و بەهاریکاریی زمان و پووك و مەلاشوو و ددان... شکڵی خۆی وەردەگرێت ئیتر یەکێکیان دەبێتە لێوی – لووتی ئەوی تریان زمانی – مەلاشوویی، سێیەمیان – لێوی – ددانی... هتد کە ئەمە پتر پێوەندیی بەفەسلەجەوە هەیە نەك زمانەوانی. زانستی زمان پاش دیارکردنی شوێنی دەربڕینی دەنگەکان لەلایەن زانای «وظائف الأعضاء»ەوە دەست دەکا بەلێکۆڵینەوە لە تەئسیری نزیکبوون و لە یەکتر دووربوونی ئەو شوێنانە لە نوقتەنیگای ئاخاوتن و پێکهێنانی وشە و تێك هەڵکێشرانیان... ڕەنگە زۆر لە ڕاستی دوور نەکەوتبێتمەوە ئەگەر بڵێم قەساب لە زمانزان باشتر شارەزایە لە خزمایەتی و نزیکی و دووریی ئەندامەکانی ئاخاوتن و قوڕگ و سیپەلاك و بۆڕییەی هەوا.. بەهەمەحاڵ هەڵەکردن لە دۆزینەوەی شوێنی دەربڕینی دەنگەکان پەکی قسەکەر نایەخێت چونکە مرۆڤ بێ مامۆستا لەخۆوە فێری ئاخاوتن دەبێت، تەئسیری ئەو هەڵەیە لە حاڵەتێکدا دەبێ کە نزیکی و دووریی جێگەی لێ دەرچوونی دەنگێك لە یەکێکی تر پێوەندیی هەبێ بەیەکتر گۆڕینەوەیان وەیا یەکتر کزکردنیان وەیا یەکتر لەناوبردنیان چونکە ڕەنگە لەو حاڵەتەدا دەستوورێك داندرابێت بۆ ئاڵوگۆڕ و کزبوون و تێچوونی دەنگەکان ئیتر بەهۆی ئەو هەڵەوە ببینین ئاکامی دەستوورەکە نەیەتە جێ وەك ئەوەی بەهەڵە بگوترێ فلانە دەنگ و فلانە دەنگ شوێنیان لە یەکتر نزیکە بەو پێیە دەبێ لە گۆڕیندا یەکیان بەوی تر بگۆڕدرێتەوە کەچی لە واقیعدا گۆڕینەکە لەگەڵ دەنگێکی سێیەمدا بکرێت. من لێرەدا ئەم نموونەیەم

بەمەبەستی ڕوونکردنەوە هێنایەوە نەك لەبەرئەوەی کەوا لە یەکتر نزیکیی شوێنی دەربڕینی دوو دەنگ هەمیشە وا دەکات یەکێکیان بەوی دیکە بگۆڕدرێتەوە.

من لەبارەی ئەوەی کە دەگوترێ دەنگی زمانی بەهۆی دەرهاتنی هەوای هەناسە لە پیکی قوڕگ «حنجرة»ەوە بۆ دەرەوەی زار و بەهاریکاری ئەندامەکانی ئاخاوتن پەیدا دەبێ دوو ڕەخنەی زلم هەیە:

١– تەدەخولی پیکی قوڕگ «حنجرة» لە پێکهێنانی دەنگی زمانی بریتییە لەوەی کە «ئاوازە» پەیدا دەکات نەك سەرلەبەری دەنگەکە. «ئاوازە»ش وەك من بزانم لە سێ حاڵەتدا دەردەکەوێت:

أ– حاڵەتی هەموو بزوێنەکان [دواتر دەگەڕێمەوە سەری].

ب– حاڵەتی دەنگە ئاوازەدارەکان. وەك، د، ز، ب، گ، ل، ڕ، ژ، ڤ، ر، ن، غ...

ج– حاڵەتی قورسکردنی دەنگ، وەك لە وشەی «گەنم»دا دەنگی «ن» بەناچاری قورسکردنێکی بەسەردا دێت بۆ ئەوەی بتوانرێ بەدوا ئەودا دەنگەکەی «م» تەلەفوزی پێ بکرێت. ئەم حاڵەتەی قورسکردنی دەنگ درێژەی زۆرە، لێرە بەپێشەوە لە بەشێکی گرنگی دواوم [بڕوانە گوتاری «فۆنەتیك چیمان بۆ بکا؟» – بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥ – بەتایبەتی لە لاپەڕە ٦٠٣ بەرەو دواوە].

لە نموونەی وشەی «گەنم» دەنگی «ن» کە قورس کرا بۆ خۆی ئاوازەدارە قورسیش نەکرابایە هەر دەبوو ئاوازەی هەبێ، بەڵام دەنگی «چ» لە وشەی «پچڕ»دا قورس نەکرێت ئاوازەی نابێت، بەنموونە وشەی «گەچ» لەگەڵ خۆتدا بڵێوە و لەسەر «چ»ەکە بوەستە و قورسی مەکە، دەبینی هیچ «ئاوازە»ی تێدا نییە.

مـن لـە لـێکـدانـەوەی خـۆمـدا ئـەم قـورسـکـردنـەم بـە «بـزوێن» دانـەنـاوە چـونـکـە بەوردبوونەوە دەردەکەوێت ناچاری و پەککەوتن بۆ دەنگەکانی ناو وشەی دەهێنێ نەك لە بنەڕەتدا بەشێکی وشەکانە چونکە هەر لزوومت پێی نەما دەڕەوێتەوە. تۆ ناتوانی، وەیا زۆر بەزەحمەت پێت دەکرێ لە وشەی «پچڕ»دا سکوونی تەواو بخەیتە سەر دوو دەنگی «چ، ڕ» کەچی زۆر بەئاسانی دوو دەنگی «س، ت» لە وشەی «مست، ڕاست، بست، خـەست»دا دەوەسـتـێـنـێت، هـەر دەبـێ بشیـانـوەشێـنـێت، هـەروەهـاش دوو دەنگی «ر–د، ر–ت» لە وشەکانی «کورد، بەرد، پرد، هەڵگورد – کەرت، جرت، فرت»

بەسکوونی تەواوەوە دێن. لێرەدا دەبێ بڵێم هەموو دەنگێکی سەرەتای وشە ئەگەر بزوێنی بەدوادا نەیەت دەبێ قورس بکرێ، هەموو دەنگێکی کۆتایی وشەش دەبێ بوەستێندرێ ئەگەر ئەویش هیچ دیکەی پێوە نەلکابێ. ئەو دەنگەش کە بەناچاری لە پێش دەنگێکی ترەوە بەقورسکراوی دێت هەر کاتێك دەنگەکەی دواوەی بزوێنی درایێ وەیا قورس کرا بۆ خۆی قورساییەکەی لەسەر هەڵدەستێت مەگەر قسەکەر بەخواهشتی خۆی قورساییەکە بهێڵێتەوە، بەنموونە کە گوتت «گەنمەکە» پێویست نامێنێ دەنگەکەی «ن» قورس بکرێت چونکە میمەکە بزاوترا وەیاخود کە گوتت «گەنم کرێ» دیسان قورسایی سەر نونەکە لزوومی نامێنێ چونکە میمەکەی دواوەی قورس کرا. لە عەرەبیدا ئەم قورسکردنە پێی دەگوترێ «کسرة مختلسة» بەڵام من هەروەك ڕازی نیم لە کوردیدا پێی بگوترێ بزوێن ڕازیش نیم پێی بگوترێ «کسرة...» چونکە ئەگەر بزوێنی «کسرة» بایە دەبوو کە خرایە سەر دەنگی «ك، گ» لە کوردیدا هەردووکیان کلۆر بکات لەو ڕووەوە کە دەزانین دەنگی «کسرة» کورتە بزوێنی «ی»ە، جا ئەگەر «ی» بەدوا کاف و گافدا بێت کلۆریان دەکات. هەرچەند نموونەی وەها لە کوردیدا نییە کەسرە بەدوا کاف و گافدا هاتبێت، بەڵام بۆ تاقیکردنەوە دەتوانین لەبەر خۆمانەوە بڵێین «گِرد، کِرد»، کە بەڕێنووسی کوردیی ئێستاکە «گیرد، کیرد» دەنووسرێن دیاریشە گاف و کافەکە کلۆر دەکرێن. لە وشەی وەکو «سگرمە، شەکر»دا گاف و کافەکە قورس دەکرێن، بەڵام قورسکردنەکە کلۆریان ناکات. لەبەر ئەمە وا دەزانم هەقم هەیە بڵێم ناشێ بەهیچ جۆرێك ناوی «کسرە» لەو قورسکردنە بندرێت..

لەم سێ حاڵەتەدا ئاوازە لە پیکی قوڕگەوە دەبیسترێ، لەوە بەولاوە پیکی قوڕگ تێکەڵ بەپەیداکردنی «دەنگ» نابێت. بەو پێیە هەموو دەنگە کپەکانی وەك «پ، ت، چ، ح، خ، س، ش، ف، هـ» لە حاڵەتی وەستاندنی تەواودا پێوەندییان بەپیکی قوڕگەوە نییە، هەر لەو شوێنە پەیدا دەبن و بەسەر دەچن کە شوێنی دەربڕینیانە(١).

---

(١) ئەو خشتەیەی د. ئاورەحمانی حاجی مارف لە لاپەڕە «٤٠»ی کتێبەکەی «زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا» بۆ دەنگە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی ڕێك خستووە دەنگی «ئـ – هەمزە بەعەرەبی»ی تێدا نییە، لە ڕاستیشدا دەنگێکی کۆنسنانتی ئاوازەدارە. بەداخەوە نەبوونی پیتێك بۆ ئەم دەنگە لە ڕێنووسەکانی ڕۆژاوادا گەلێك کێشەی هێناوەتە بەر ئەو کوردانەی پێڕەوی زاناکانی ڕۆژاوا دەکەن، لەمەشدا مەبەسم د. ئاورەحمان نییە.

بزوێنەکان، چ کورت بن چ درێژ، سەرەڕای ئەوە کە لە حاڵەتی بزوێنیدا ئاوازەیان دەبیسترێ، کە دەشکرێن بەکۆنسنانت هەر بەئاوازەداری دەمێننەوە. کە دەڵێی (شیك، شێت، پیس، پێست، پیست، کووپ، کۆش، کوشت) بزوێنەکانی (یی، ێ، ی، وو، ۆ، و) ئاوازەی ناو وشەکان پێك دەهێنن دەنا دەنگەکانی (ش، ك، پ، ت) هیچ کامێکیان ئاوازەدار نین. لە وشەی (واك) کە دەنگی (و) تێیدا کۆنسنانتە، بەر لەوەی بزوێنی (ا) بدرکێندرێ واوەکە ئاوازەی خۆی دەردەبڕێت هەروەهاش لە وشەکانی (هاو، باوك..) و هی وەك ئەوانیشدا واوەکە هەمیشە ئاوازەدارە. دەنگی (ی)ش بەبزوێنی و بەکۆنسنانتی هەر ئاوازەدارە وەك: (یار، یای، دایك..). دەبێ لێرەدا ئیشارەتێك بۆ ئەوە بکەم کە بزوێنی (ا) حاڵەتی کۆنسنانت تەحەمول ناکات و ئەوەی دەگوترێ گۆیا دەنگی (ئـ) ئەلفی کۆنسنانتە زۆر لە ڕاستی دوور کەوتووەتەوە [لە گوتارەکەی «فۆنەتیك چیمان بۆ بکا» نەختێك لەم باسە دواوم].

٢- ڕەخنەی دووەمم ئەوەیە کەوا بەلای باوەڕی منەوە هەوای هەناسە تەنیا سەرلەبەری دەنگی «هـ» دروست دەکات، لەوە بەولاوە پێ بەپێ دوورکەوتنەوەی شوێنی دەنگ لە بۆڕییەی هەناسەوە بەشداریی هەوای هەناسە لە پێکهێنانی دەنگەکان کەم دەبێتەوە تا دەگاتە دەنگی وەك «ف، پ، ت، س، ش...» کە هیچ پێوەندییان بەهەوای هەناسەوە نامێنێت و بەتەواوی لەو شوێنەدا پێك دێن کە پێی دەڵێن «مخرج»ی دەنگەکە. ئەم پێنج دەنگەی سەرەوە هەوای ناو دەم بەکار دەهێنن و هەر ساتەش بایی ئەوەی لە دەربڕینی دەنگەکان هەوا بەخەرج دەدرێ هی تر لە بۆشاییی بەینی دوو ڕیزە ددانی سەرەوە و خوارەوە دێتەوە ناو دەم، بەڵام هەر لەو کاتەدا هەوای هەناسە بەعادەتی خۆی لە سییەوە دەردێت وەك کە قسانیش نەکەیت هەر دەردێت. دەنگی «ف» لەوانەیە بەبردنەوە ناوی هەواش پەیدا بێت نەك هەر بەهاتنە دەرەوەی. تۆ لێو و ددانەکانت بخە بارێك کە دەتەوێ دەنگی «ف» بدرکێنیت، ئنجا لە جیاتی ئەوەی هەوای ناو زار بەناو ددانەکانتدا بۆ دەرەوەی بەرێ بکەیت هەوا لە دەرەوە بەناویاندا بۆ ژوورەوە ببە، دەبینی دەنگی «ف» لەم حاڵەتەشدا پەیدا دەبێ. ئەم خاسیەتەی پەیدابوونی دەنگی وەك «ف» بەهۆی بردنەوە ژووری هەوای دەرەوەی دەم، بەجارێك بێ پێوەندیی هەوای هەناسە بەو تەرزە دەنگانەوە ئیسپات دەکات. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە نەبوونی پێوەندیی هەوای هەناسە بەپەیدابوونی «دەنگ» دەخلێکی نییە بەسەر پێوەندی و

بێ پێوەندیی پیکی قوڕگ بەدەنگەوە. هەرچی پیکی قوڕگە بەشدارە لەو ئاوازەی کە خاسیەتی دەنگە ئاوازەدارەکانە وەك، (ئـ، ج، د، ر، ڕ، ن، ژ، ع، غ، ڤ، گ، ل، ڵ، م، ن). دەنگی ئاوازەدار دەخلی بەسەر هەوای هەناسەوە هەبێت و نەبێت بەناچاری ئاوازەکەی لە پیکی قوڕگ پەیدا دەبێت و لەوێوە دەبیسرێ کە هات و پیکی قوڕگ لە دەربڕینی ئەو دەنگانە بەشدار نەبوو [وەك ئەوەی کە دەنگ دەنووسێ، وەیا بەفسکە قسە دەکرێ] دەمێنێتەوە ئەو لەرە و لەرزە بێ ئاوازەی کە ددان و زمان و لێو و پووك و مەلاشوو پەیدای دەکەن، ئەوساش هەموو دەنگە ئاوازەدارەکان وەك دەنگە کپەکانیان لێ دێت، تەنانەت دەنگی «ڤ» فەرقی لەگەڵ دەنگی «ف» نامێنێت دەنگی دالیش یەکجار لە دەنگی تێ نزیك دەبێتەوە، هەروەهاش «گ» بەرەو «ك» دەڕوات..

ئەمەی لەم چەند ڕووپەڕەیەدا خستمە بەر نیگای زانایانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیی کوردزمان، سەرەتایێکە بەبەریەوە هەیە ڕێگە بۆ ناوەڕۆکی قووڵاییی ئەو باسانە هەموارتر بکات، لە وتووێژیشدا سرنجی ئەم و ئەوم بۆی ڕاکێشاوە، گەلێك جارانیش لە نووسینمدا ڕام گەیاندووە کە ناشێ ئێمە گوێ قوت بین بۆ ئەوەی لە زاناکانی بێگانەوە پێمان دەگات وەیا بەهەموو عومرمان چاو چڕ بکەیتەوە لەو زانیارانەی کە لە نوکی قەڵەمی ئەوانەوە دەتکێن. هەڵبەت من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم نابێ نووسینی بێگانە بخوێنینەوە چونکە دیارە منداڵیش دەزانێ ئەو سامانە زانستییەی لە زانای میللەتە پێشکەوتووەکانەوە هەڵدەڕژێ، هەر خۆیەتی دەبێتە چرای بەرهەنگاومان و هۆی ژیانمان و بەرەوپێشچوونمان. من دەڵێم لەگەڵ خۆڕوونکردنەوەمان بەزانستی میللەتە پێشکەوتووەکاندا، ئەوەندە جورئەتەشمان هەبێت بەشێوەی سەربەخۆ و ئازاد و باوەڕ بەخۆکرد و بوێرین لەو باسانە بدوێین کە هۆش و گۆشمان پێیان دەشکێت بەتایبەتی باسی سەر بەو بابەتانەی پێوەندیی بەوجوودمانەوە هەیە و بۆ ئێمەش وەك دەسهەڵێنج بن وان.

## چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی

دەشیا بێ ئەوەی بلکێم بەنەخشەی ناو بانگەوازەکەی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لە خۆمەوە نەخشەیەکی لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی بگرمە بەر و لەسەری بڕۆم، بەڵام وا دەزانم نەخشەی ئەو بانگەوازە، کەم و زۆر، وێنەیەکی خۆی لە هەست و نەستی خوێنەری کورددا ڕەنگڕێژ کردووە و لە خۆی ڕاهێناون. لەبەر ئەمە وام بەچاك زانی منیش لەو کەلەبەرانەی کە بانگەوازەکە بەرەو کێشەی ڕێنووس تیشکی پرسیارەکانی بەرێ کردووە سەرەتاتکەی وەرامدانەوە بکەم هەرچەند، وەك وردەوردە دەردەکەوێ، بەشی هەرە زۆری پرسیارەکان کەم و کەسری و ناونـاوە، هەڵەشیان تێدایە. بەهەمەحاڵ پیرۆزبایی لە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق دەکەم لە پێکهێنانی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ گەیشتن بەو ئامانجە گرنگ و گەشەی یەکخستنی ڕێنووسمان کەوا تا ئێستا، بەداخەوە، دەسگیری خوێندن و نووسینی کوردی نەبووە. ئەوەی ڕاستی بێ کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کوردیش لە پەراوێزێکی تەسکتردا ئەم ڕێبازەی پرسکردن بەلێزانانی گرتە بەر کە هات و پێش هەموو شتێك لیژنەی تایبەتی ڕێك خست بۆ دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووس بەئەندامەتیی چەندین لێزانی ئەو کارە لە دەرەوەی جغزی کۆڕ کە ئەوسا دەرفەتی لەوە فرەوانتری نەبوو بۆ ئەنجامدانی کارەکە بەپێی حاڵ و بارێك کە لە یەکەم ڕۆژی پەیدابوونیەوە خۆی تێدا دیتەوە. بەش بەحاڵی خۆم کە هەمیشە چاوەچاوی هەلی یەکخستنی ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی بۆتم تەنیا داخوازیم لە سەرۆکی نوێی کۆڕی زانیاری عێراق دۆستی بەڕێز و دێرین دکتۆر (صالح احمد العلي) ئەوە بوو کە تێ کۆشێت بۆ یەکخستنی ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی چونکە ڕێنووس دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە و هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێتەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوانبوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا نەگونجانی نووسەران. میللەتێك هێندەی کورد پێویستی بەیەکیەتی هەبێت ناشێ خوێندەوارەکانی لە هەوەڵ هەنگاوی خامەگێڕییانەوە، کە ڕێنووسە، لە یەکدی بترازێن. ئێمە کە لەسەر چۆنیەتیی نووسینی (کەرەباب)ی بەری سۆران و (ئەفەنگی) بەری بابان پێك نەیەین چۆن لە ئاست شتە ژیوەرییە گرنگەکان تێك دەگەین.

لەم نووسینەمدا وا دەبێ زاراوەی زمانی بێگانە لەبری هی کوردی بەکار دەهێنم بەنیازی تێگەیاندنی ئەوانەی ئەوانەی ڕاهاتووی نووسینی تازەبابەتی کوردی نین، نـاونـاوەش جـێگۆڕکـێ بـەڕێزی هـێندێ خـاڵـەکـانـی نـاو نـەخشەی بـانگەوازەکە دەکەم ئـەویش بـەپـێی داخـوازیـی لـەیـەکـچـوونـی بـاسەکـان. چـەنـد خـاڵـێکـی جـودا لـە هـی بـانـگـەوازەکـەش بـاس دەکـەم بـەنـیـازی چـارەسەرکـردنـی گرفـتـەکـانـیـان، وەك دەریش دەکەوێ گەلێك لە تێکڕای ئەو خاڵانە پێویستییان بەلێکۆڵینەوەی ڕێزمانی و فۆنەتیکی و فیلۆلۆژی و بەراوردی هەیە بۆ ئەوەی بگەین بەقەناعەت لەو پێشنیارانەی بۆیان بەدی دەکـرێ. بـەڕاسـتـی تـرسی درێژەکـێشانـی وەڕسکـەر لـە گـەلـێك شوێـنـدا وازی پـێ لـە شریتەکێشانی نووسینەکەم هێناوە. بۆ خاتری ئەوەی خوێنەر لە دەرەوەی ئەم کۆڕە بزانێ نووسینەکەم بەدیار چ جۆرە بابەتێکەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بووە لێرەدا نەخشەی خاڵەکانی ناو بانگەوازەکە دەنووسمەوە دواتریش پێ بەپێ وەرامی پرسیارەکانیان دەدەمەوە. ئەمەیە نەخشەی ئەو خاڵانە وەك کە لە بانگەوازەکەدا نووسراوە:

١– گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان:

أ– ئەوانەی نیشانەدارن (بزوێن و نەبزوێن).

ب– ئەوانەی پیتیان بۆ دانەندراوە.

ج– پلەی دەنگە بزوێنەکان.

د– دیفتۆنگەکان (وێ، نگ).

٢– گیروگرفتی وشەی سادە و داڕێژراو:

أ– ناوی عەرەبی.

ب– پێشگر – پاشگری (پێ ناسین و کۆ).

٣– وشەی سادە:

أ– دیاردەی داتاشین و قووتدانی هەندێ دەنگ.

ب– گیروگرفتی نووسینی ژمارەکان لە (١١)وە تا (١٩).

٤– گـیـروگـرفـتـی نـووسیـنـی کـردار لـەگـەڵ ڕانـاو لـە ڕووی پێکـەوە نـووسـان و پێکـەوە نەنووسانەوە.

٥– گیروگرفتی نووسینی ئامرازە لێکدەرەکان (حروف العطف).

٦- گیروگرفتی چۆنیەتیی نووسینی وشە لێکدراوەکان لەبارەی پێکەوە نووساندن و نەنووساندنەوە.

٧- گیروگرفتی دانانی نیشانەکان.

## ١

## گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان

دیارە مەبەست لە شکڵی ئەو پیتانەیە کە بۆ دەنگەکان قەرارداده بکرێ، دەنا دەنگ وەکو دەنگ نووسین هەڵناگرێ. بەپێی نەخشەکەش وا پێ دەچێ ئەو پیتانەی بەر یەکێك لەو چوار خاڵانەی کە گیروگرفتی دەنگی بەسەردا دابەش کراوە نەکەوێ گیروگرفتی تێدا نەبێ وەك پیتی (ا، س، ش، ف، ن...). جا کە ئەمە وەها بێ دیارە پیتی (هەمزە) و (هـ) کە کەوتنە حاڵەتی بەتەنیا نووسرانەوە دەبێ (ئـ، هـ) بنووسرێت وەك (نەئـ، مەهـ، ئەڵڵاهـ...) لەمەشدا من هیچ گرفت نابینم خۆشی بڕیاری کۆڕ هەر وەها بوو.

أ- گیروگرفتی ئەوانەی نیشانەدارن:

لام وایە نووسەران لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە:

(ڵ) پیتی لامی قەڵەو بێت وەك (دڵ، حەڵاڵ).

(ێ) پیتی یێی کراوە بێت وەك (لێژ، ڕاوێژ).

(ۆ) پیتی واوی کراوە بێت وەك (زۆر، بالۆرە).

دەمێنێتەوە واوی تیژی درێژ و یێی تیژی درێژ و ڕێی قەڵەو و ئەو دالە کلۆرەی کە لە سلێمانی لە دالی عادەتی دەشۆرێ واش دەبێ بەجارێ دەسوێ. لە پەنا ئەم دالەدا دەنگی (ت)ش وا دەبێ لە ئاخاوتنی سلێمانیدا کلۆر دەکرێ وەیا دەنگەکەی دەگۆڕێ.

لەبارەی ڕێی قەڵەوەوە:

تا ئێستا بۆ ئەم دەنگە سێ جۆر پیت هەبووە، یەکیان ئەوە بوو کە بەدوو (ر) دەنووسرا، دووەمیان ئەوەیە کە نیشانەی (٧)ی دەخرێتە ژێرەوە، سێیەمیشیان ئەوە بوو کە کۆڕی زانیاری کورد پێشنیاری کردبوو لە سەرەوەی ڕێیەکە نیشانەی (٧) دابندرێ.

لەلایەن نووسینی دوو (ر) لە بری ڕێی قەڵەو، من بەش بەحاڵی خۆم لە هیچ حاڵ و باردا ڕەوا نابینم بۆ تاکە دەنگ دوو پیت قەرارداده بکرێ چونکە تاکە یەك هۆ و بەڵگە

پشتگیریی لێ ناکات. دەنگەکان، جگە لە دیفتۆنگ، قەڵەو بن و لاواز بن تاکە دەنگن لەوەشدا کاف و میم و هێ لە ڕێ و لام جودا ناکرێنەوە. ئێمە دەزانین وشە هەیە لە شێوە ئاخاوتنی کوردستانی خوارووادا وەك (صەد، صەگ) بەسینی قەڵەوی وەك صادی عەرەبی دەست پێ دەکەن. لە شێوە ئاخاوتنی بادینیشدا ئەم سینە قەڵەوە زۆر باوە کەچی کەس نەهات بڵێ با ئەویش بەدوو (س) بنووسرێ. لامی قەڵەویش هێندەی دوو لامی لەڕە کەچی بەدوو پیت نانووسرێ ئیتر بۆ دەبێ لە نێوان کۆنسنانتەکاندا تەنیا دەنگی ڕێی قەڵەو دوو پیتی بۆ دابندرێ. ڕاستییەکەی تەنیا لە حاڵەتی گوشینی دەنگدا کە بەتەواوی دەبێتە دوو دەنگی تێك چڕمساو ڕەوایە، بگرە پێویستە دوو دەنگ بنووسرێ وەك (کەللە، گوللە، شەننەومەننە). ئێمە ئەگەر ڕێی قەڵەومان بەدوو پیت نووسی و ویستمان وشەی (کرّە)ی عەرەبی بهێنینە سەر ڕێنووسی کوردی دەبێ بیکەینە (کەرررره). ئەگەر ئەمەش نەکەین لەبەر ناقۆڵاییی نووسینی چوار پیت بەدوا یەکدا دەبێ ببڕای ببڕای هیچ دەنگێکی گوشراوی بێگانە بەگوشراوی نەهێنینە سەر ڕێنووسی کوردی دەنا بێ لزووم دەبێتە مامڵەت جودایی. بەلای منەوە نووسینی دوو (ر) لە بری ڕێی قەڵەو ناڕەوایە.

دەمێنێتەوە نووسینی دەنگی ڕێی قەڵەو بەپیتی نیشانەدار و جێگەی دانانی نیشانەکە.

کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کورد لە چەند ڕوویێکەوە پەسەندی سەرووی پیتەکەی کرد بۆ دانانی ئەو نیشانەیە:

یەکەم:

بڕیار درا سەرلەبەری نیشانەکان بکەونە لایەك نەك هەندێك لە ژێرەوە و هەندێك لە سەرەوە بن. چونکە نیشانەی پیتەکانی (هەمزە، لامی قەڵەو، واو، یێ) لە کۆنەوە لەسەرەوە بوون وا بەباش زاندرا نیشانەی پیتی ڕێی قەڵەو و پیتی دیکەش کە هەبێ هەر لەسەرەوە بێ.

دووەم:

پیتی دیکە زۆرن لەوانەی خاڵیان لەسەرەوە یا لە ژێرەوە هەیە و شێوەیان لە یەکدی دەکات بەئاسانیش خوێندراونەوە وەك (ز، ژ) (ت، ن) (ی، ب، پ) (ج، چ) (ف، ڤ، ق). کەواتە ناشێ ترسی سەرلێشێوان لە نۆژەن یەخەی لێکدانەوەی چارەسەرکردنی گرفتی

ڕێنووس بگرێ و بڕیارمان لێ هەڵوەشێنێتەوە.

سێیەم:

بەوردبوونەوەی ژێرانە دەردەکەوێ وەها چاکە هەتا بلوێ مەودای ژێرەوەی هەموو دێرێك بۆ دێری خوارووتر بەجێ بهێڵرێ. وەك ئاشکرایشە هەموو کەوانەی پیتی (ر) لە خەتی دێرەکەی دادەکشێ ئینجا کە نیشانەکەش خرایە ژێریەوە لەوانەیە لە کاتی نووسیندا نیشانەکەی تێکەڵ بەدێری خوارەوە بێت. ئەم تێبینییە بەوەدا پتر هێز وەردەگرێ کە دەبینین هیچ کامێك لەو پیتانەی نوختەکانیان لە ژێریانەوەیە لە خەتەکەیان داناکشێن تەنیا پیتی (ی) نەبێ کە بکەوێتە کۆتاییی وشە وەیا بەتەنێ بنووسرێ ئەوساش لە نووسیندا نوختەی بۆ دانانێن. ئەگەر ڕێ هەبا ئەلفوبێیەکی سەرلەبەر نوێ دابندرێ وا باش بوو هیچ پیتێکی، نە خۆی نە خاڵەکانی لە خەتی خۆی بەرەژێر نەچێت تاکو لە نووسینی دێری دواتردا هەموو مەودای سەرووی خۆی بەر خۆی بکەوێ، بەڵام ئەمە کاری کردەنی نییە.

لەگەڵ ئەم تێبینییانەشدا چ فەرقێك نابینم لە نێوان سەرختن و ژێرخستنی نیشانەی (ر)ی قەڵەو، لە هەردوو بڕیاردا ڕازیم. بەڵام کە بڕیار بۆ نیشانەکە درا پێویستە هەمیشە لەگەڵیدا بنووسرێ نەك کە هات و کەوتە بەراییی وشەوە نیشانەکەی پشتگوێ بخرێ بەنامەی ئەوەی کە ڕێی پێشەوەی وشە هەمیشە قەڵەوە چونکە ئەم مەعلووماتفرۆشییە ڕێ دەدات بەوەی نووسەر بەهەوەس هەموو لامەکانی بەراییی وشە بەلامی قەڵەو بنووسیت کە دەزانین لامی پێشەوەی وشە هەمیشە لاوازە. بەهەمەحاڵ لە چاپەمەنیدا ئەرکی ڕێی بەنیشانە و بێ نیشانە وەك یەکدییە چونکە قاڵبی حازربەدەست بۆ هەردووکیان هەیە و لە ژێر پەنجەی ڕێکخەرەکەشیان وەکو یەکن.

لەبارەی واوی تیژی درێژەوە:

وەك دیارە دوو ڕێگەمان لە پێشە بۆ بڕیاردان لەو کێشەیەدا، یەکیان ئەوەیە بەدوو واو بنووسرێ، دووەمیشیان ئەوەیە نیشانەی بۆ دابندرێت.

ئەوانەی بەدوو واوی دەنووسن دەڵێن چونکە واوی درێژ دوو هێندەی کورتە بزوێنی بۆرە [(ضمة)ی عەرەبی] بۆریش بەیەك واو دەنووسین جێی خۆیەتی ئەویان بەدوو واو بنووسرێ.

ئەم لێکدانەوەیە ڕاستیی گەورەتر و گرنگتری لە بیر چووە:

یەکەم:

دەبوو لە ڕێی قیاسەوە ئەلفیش بەدوو نیشانەی سەر [فەتحەی عەرەبی] بنووسرێ چونکە دەڵێن دەنگی ئەلف دوو هێندەی دەنگی فەتحە درێژە.

دووەم:

واوی درێژ چ کراوە بێت (ۆ) و چ تیژ بێت یەك دەنگە نەك دوو دەنگ بەو پێیە یا دەبێ واوی کراوەش بەدوو پیت بنووسرێ یا واوی تیژ نیشانەی بۆ دابندرێ. ڕاستییەکەی تێکڕای دەنگە تەواوەکان بەکۆنسنانت و بزوێنییەوە مافی ئەوەی دەبێ بەدوو پیت بنووسرێ.

سێیەم:

کە کورتە بزوێن نیو هێندەی واوی تیژ بێ پێویستە خۆی بەنیو پیت بنووسرێ. مەنتیق داوا دەکات نیو دەنگ نیو پیتی پێ بدرێ نەك یەك دەنگ دوو پیتی پێ بدرێ. وەك دەزانین لە عەرەبیدا ئەم مامڵەتە لەگەڵ کورتە بزوێنەکاندا کراوە کە هاتووە نیشانەی بۆ داناون نەك پیت. من ناڵێم کورتە بزوێن ببێتە نیشانە، بەڵام مەبەستم هەڵسەنگاندنی ئەو ڕایەیە کە لە ڕێی قیاسەوە بۆ واوی درێژ دوو پیت دادەنێ چونکە ئەو ڕایە دوای دانانی دوو پیت بۆ یەك دەنگ لە بیری دەچێ کە هەر بەپێی لێکدانەوەی خۆی کورتە بزوێن نیو دەنگە و دەبوو نیو پیتی پێ ڕەوا ببینێت. ئەم کورتی و درێژییەی دەنگی واو، بەدوا ئەویشدا یێ، ناچارم دەکات پتر درێژە بەموناقەشەکەم بدەم و بڵێم ئەو کەسەی دەیەوێ خەریکی ئەلفوبێ و ڕێنووس بێ لەسەریەتی شارەزای دەستوورە بنجییەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمان بەتێکڕایی و هی زمانی خۆی بەتایبەتی بێ چونکە پیتەکان یەکسەر پێوەندییان بەدەنگەکان و خاسیەتی هەریەکەیانەوە هەیە تێك بەستن و لێك ترازاندنی وشە و دەستەواژەش پێوەندیی بەوشەسازی و ڕێزمانەوە هەیە. ئێمە کە دەڵێین واوی درێژ دوو هێندەی کورتە بزوێنی بۆرە دەبێ بزانین کورتە بزوێنەکان هیچیان لە شێوەی کورتە بزوێندا درێژکردنەوە هەڵناگرن، کە درێژ بوونەوە دەگۆڕێن بەبزوێنی درێژ. هەرچی بزوێنی تەواوە دەشێ بەقەدەر توانای ئاخێوەر درێژببێتەوە. بەشی هەرە زۆری کۆنسنانتەکانیش درێژکردنەوە هەڵدەگرن. دەنگەکانی (خ، ڕ، ر، ز، ژ، س، ش، غ، ف، ڤ، ل، ڵ، م، ن – دەنگی ح، هـ جێی دەمەتەقەن –) دەشێ بەئارەزووی ئاخێوەر درێژ بێتەوە. دەنگەکانی

(ب، پ، ت، ج، د، ع، ئـ، ك، گ) هیچیان ناشێ درێژ بکرێنەوە. بەو پێیە (١٤) دەنگی کۆنسنانت لە قابیلیەتی درێژکردنەوەدا بارتەقای بزوێنە تەواوەکانن (١٠) دەنگی کۆنسنانتیش وەك کورتە بزوێن درێژکردنەوە هەڵناگرن. ئینجا ئەوەی وا دەزانێ هەستکردن بەکورتبوونی هەندێ بزوێن یەکسەر دروستبوونی نووسینی دوو واو ئیسپات دەکات هاتووە نیگای خۆی لە تاکە دەنگی واوی کورت و درێژ قایم کردووە و بەلای ئەو ڕاستییە زێدە گەورە و گشتییەی دەنگەکاندا نەچووە کە قابیلیەتی درێژبوونەوە هەر هی ئەلف و واو و یێ نییە، بێ قابیلیەتی درێژبوونەوەش هەر هی کورتە بزوێن نییە. لەمەوە دەمەوێ بڵێم درێژی و کورتیی دەنگ دەخلی بەسەر (چەندایەتی)ی دەنگەوە نییە هەروەك قەڵەوی و لاوازیش ئەو دەخلەی نییە. جا لەبەر تیشکی ڕاستییەکانی دەنگسازیدا ڕێگە نابینم بۆ دانانی دوو پیت لە بری یەك دەنگ هەرچی دەبێ ئەو دەنگە با ببێ. لەلایەن دانانی دوو پیت بۆ دەنگی گوشراویش دەڵێم هەرچەند لە کوردیدا دەنگی گوشراوە دەگمەنە دیسانەوە دەبێ لە ڕێنووسدا دانی پێدا بهێندرێ هەر نەبێ لەبەرئەوەی بتوانین وشەی بێگانە کە گوشینی تێدا بوو بیهێنینە سەر نووسینی کوردی بێ ئەوەی تەلەفووزەکەی بگۆڕین. من کوردم دیتووە تووڕە بووە لە گۆڕانی ناوی کوردی کە بەڕێنووسێکی بێگانە نووسراوە بەڵام هەر خۆی پێی ناخۆش بووە گوێ بدرێتە ئەو گوشینەی کە لە زمانێکی بێگانەڕا بەهۆی نووسینی دوو پیت هێنراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی.

کەواتە ناشێ دوو واو لە بری تاکە دەنگی واوی تیژی درێژ بنووسرێ. دەمێنێتەوە ئەو نیشانەیە کە دەخرێتە سەری بۆ جوداکردنەوەی لە کورتە بزوێن، ئایا کەشیدە بێ وەك کە کۆڕ کاتی خۆی پێشنیاری کردبوو یاخود شتێکی دیکە بێ؟ لێرەشدا چ لایەنگیریم نییە بۆ هەر نیشانەیەکی پەسەند بکرێ، تەنانەت ئەگەر بۆ کورتە بزوێنەکەش شتێکی جوداکەرەوە پەیدا بکرێ چ ڕەخنەم نییە بەڵام ئەوسا لزووم بەنیشانەی واوەکە نامێنێ.

لەبارەی بزوێنی (ی) تیژی درێژەوە:

بەشێك لەوانەی بەڕێنووسەوە خەریکن دەڵێن پێویست نییە ئەم بزوێنە درێژە لە کورتە بزوێنی ژێر جودا بکرێتەوە، گۆیا تەنیا لە چەند وشەیەکدا هەست بەدرێژبوونەوەی بزوێنەکە دەکرێ.

دەزانم وشە هەن، کەمیش نین، وەك (پڵینگ، بیست، گوڵینگ، خرینگە، فریشتە، تەنیشت...) دەشێ بزوێنی (ی)یان تێدا کورتیش و درێژیش بکرێتەوە بەڵام دەبێ بزانین ئەمە دیاردەیەکی فۆنەتیکییە لەوەوە هاتووە کە دەنگێکی وەستاو کەوتووەتە دوای بزوێنی (ی)وە و بەدوا ئەو وەستاوەشدا دەنگی دیکە دێن و سەرلەبەری وشەکان جۆرێك درێژی پەیدا دەکەن مرۆڤ حەز دەکا بەهۆی کورتکردنەوەی بزوێنەکەی (ی) لەو ناڕاحەتییە دەرچێ. تۆ بێنە دەنگە وەستاوەکانی دوای (ی) ببزێوە و بڵێ (پڵینە، بیسوو، فریشا، تەنیشی...) دەبینی بەدەست خۆت نییە مەیلت بۆ درێژکردنەوەی ئەو ییێە دەچێ کە پێشتر حەزت دەکرد کورتی بکەیتەوە. وشەی وەك (جۆخین، گزیر، گوزین، سیخوڕ، بینین، تەنین، شیرازە، شیر، شووتی، دەرزی، نازوفیز...) هەرچی ییێەکی تێیاندا هەیە بەناچاری درێژ دەکرێنەوە مەگەر پیاو زۆر لە خۆی بکات و بەنیازی دەسەڵات تاقیکردنەوە لێیان کورت بکاتەوە. تۆ سەیری دەنگی واویش تا ڕادەیەك لەم خاسیەتەدا بەشدارە، بەنموونەی وشەی (کورت، خورت، نورت و نوێ، شوست و شۆ، پوخت...) لەوانەن حەز لە بزوێنی واوی تیژی درێژ ناکەن.

کورتەی قسە ئەوەیە کەوا هەبوونی هەردوو دەنگی کورت و درێژی بزوێنی (ی) لە کوردیدا شتێك نییە دەمەتەقە هەڵبگرێ، دەمێنێتەوە بڵێین ئایا پێویست هەیە یا نییە بۆ جوداکردنەوەیان لە نووسیندا.

بێگومان جوداکردنەوەیان لە خوێندنەوەدا لەلایەن کوردەوە پەکی لەسەر دانانی نیشانە نەکەوتووە، تەنانەت دەتوانێ واوی کراوە و تیژ و کورتیش لە یەکدی جودا بکاتەوە بێ ئەوەی نیشانەیان بۆ دابندرێ لەوەشدا هەستی زگماك بەکار دەهێنێ بەڵام دوو خاڵی گرینگ لەو کێشەیەدا هەیە نابێ بن لێو بخرێ.

یەکەمیان ئەوەیە ئێمە بەتەماین ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی بەکێشانە و پێوانە و لێکدانەوەی زانستکارانە بچەسپێنین و لە بەرتیشکی مەنتیقدا بڕیاری بۆ بدەین.

دووەمیان ئەوەیە بێگانە لەخۆوە ناتوانێ فەرقی خوێندنەوەی ییێی درێژ و کورت بکات ئەگەر لە نووسیندا ڕێنمایی نەکرێ.

ئینجا ئەگەر بڕیار درا کە بەپێی زانست و مەنتیق ڕێنمایی و فەرقکردنەکە پێویستە، سەرلەنوێ، دەبێ ملکەچ بین بۆ ئەو بڕیارە بەدیهییەی کە دەڵێ یەك پیت بۆ یەك دەنگ دابندرێ، ئەوەی ڕاستیش بێ مەنعکردنی دوو (ی) لە بری ییێی درێژ پێویستترە لە

مەنعکردنی دوو واو چونکە تەنیا لە وشەی وەك (کاوووس، تاوووس)دا سێ واو بەدوا یەکدیدا دێن کەچی وا دەبێ تووشی وشەی وەك (لادێیی) دێین کە بەپێی نووسینی دوو یێ لە بری یێی تیژی درێژ چوار یێ بەدوا یەکدیدا دێن، ئینجا ئەگەر (ی) ئیزافە وەیا وەسفیشمان خستە دوایانەوە دەبنە پێنج یێ وەك (لادێییی شارەزوور). لەو تەرزە وشانە وشەی (سەرجێییی، سەرپێییی، هەرمێییی، مێیینە، گرێییی، شلوێییی)م بەبیردا دێن. خۆ و تالع ناوەکانی (شنەروێ، پەسوێ، کەڵوێ، بێژوێ...) لە حاڵی نیسبەتدا یێی کۆتاییان دەبێتە کورتە بزوێنی سەر (فەتحەی عەرەبی) دەنا ئەوانیش وەك (لادێیی) چوار یێیان بەدوا یەکدیدا قەتار دەکرد بەڵام دەگوترێ (پەسوەیی، کەڵوەیی، بێژوەیی) نەشمبیستووە لەگەڵ (شنەروێ)دا چ دەکرێ. جا پێویستە بەلای منەوە، بەلای واقیعیشەوە، یێی تیژی درێژ لە نووسیندا لە کورتە بزوێنی یێ جودا بکرێتەوە. ئەوەی کارەکە لەبەر مجێزی نووسەری کورددا قورس دەکا شکڵی (ی)یە بەخۆی و دوو نوختەی ژێریەوە بەو هەموو لە یەکچوونەی لەگەڵ (ب، پ، ت، ن)ی ناوەڕاستی وشە. ئەگەر (ی)ش وەك (و) وێنەی لاتەریکی هەبوایە بەئاسانی پیتی کورت و درێژی لێکتر جودا دەبوونەوە. بەهەمەحاڵ (ی) پەل نیشانەی حەفتێکی بچووکی بۆ داندراوە، جا ئەگەر هەشتێکی بچووك بخرێتە سەر یێی تیژەوە گۆیا چ ناقولاییەك ڕوو دەدا. کاتی خۆی کە لە ئەنجوومەنی کۆڕ لە ڕێنووسمان دەکۆڵییەوە پێشنیاری من ئەوە بوو کە نیشانەی سەر پیتەکان بریتی بێ لە حەفتی و هەشتی بچووك بەڵام وا پەسەند کرا کە لە جیاتی نیشانەی (٨)ی بچووك کەشیدە بچێتە سەر واو و یێی تیژی درێژ.

پێویستە لێرەدا شتێك بگوترێ لەبارەی هەڵەیەکی بنجی کە لە جووتە پیتی (و، ی)دا کراوە، زۆر بەسەیری دانەرانی ڕێچکەی ئەلفوبێی نوێی کوردی هاتوون شکڵی (و)ی سادەیان بۆ واوی کۆنسنانت و کورتە بزوێنی بۆر داناوە، شکڵی (ی)شیان بۆ (ی) کۆنسنانت و کورتە بزوێنی ژێر داناوە کەچی دەبوایە ئەم دوو شکڵە بۆ واو و یێی کۆنسنانت و واو و یێی تیژی درێژ دابندرێت چونکە ئەوان دەنگی سەربەخۆ و تەواون نەك کورتە بزوێنەکانیان کە دەزانین بەعادەت لە کورتکردنەوەی و لێبرینەوەی دەنگی بزوێنی درێژی واو و یێ پەیدا دەبن. ئەگەر کاتی خۆی چارەی کورتە بزوێنی بۆر و ژێر کرابایە وەك کە بەرێکەوت چاری فەتحە کرا دەمایەوە جوداکردنەوەی واو و یێی کراوە لە هی تیژ کە بەهۆی نیشانەی (٧)ی بچووك جودا کراوەتەوە. هەرچی واو و یێی

کۆنسنانتن هەڵەیان تێدا ناکرێ، واو و یێی کۆنسنانت لە سێ شوێندا دێن: ١- لە سەرەتای وشەدا. ٢- لە دوای بزوێنەوە. ٣- لە پێش بزوێنەوە. لەم سێ شوێنەدا ئیمکان نییە بزوێنی واو و یێ بێت. لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبێ واو و یێیەکان هەر کۆنسنانت بن:

وەرە، گەورە، سروە، واز، کەوەر.

یار، دایك، مایە، سەیران، گەمیە.

وشەی (سروە) بێنە و بزوێنەکەی کۆتاییی لێ بستێنە بەناچاری واوە کۆنسنانتەکە دەبێتە بزوێن چونکە کۆنسنانتەکەی پێش خۆیەوە وەستاوە. وشەی (گەمیە)ش بزوێنی کۆتاییی لێ بستێنە یێیە کۆنسنانتەکەی دەبێتە بزوێن چونکە بەدوا کۆنسنانتی وەستاودا دێت.

لەمەوە دەردەکەوێ واو و یێی کۆنسنانتی وەستاوە بەدوا دەنگی وەستاودا دەبنە بزوێن.

ئەم رچە پڕ هەڵەیەی لە یەکچوواندنی شکڵی کورتە بزوێنی (و، ی) لەگەڵ شکڵی (و، ی) بزوێنی درێژ وەها نەقشبەستوو بووە تازە بەکەس هەڵناوەشێتەوە. لەبەر ئەمە هەر دەمێنێتەوە نیشانە بۆ دوو دەنگی واو و یێی تیژی درێژ دابندرێت، پێشنیاری منیش لەوەدا دانانی نیشانەی (٨)ی بچووکە کە بریتییە لە هەڵگێڕانەوەی حەفتە بچووکەکەی سەر واو و یێی کراوە.

لەبارەی دالی کلۆرەوە:

ئاشکرایە دەربڕینی دەنگی دال بەشێوەی کلۆرکراو لە هەندێ باردا تایبەتییەکی ئاخاوتنی سلێمانییە، وەك دەشزانین ئەو دالانە هەر دالی عادەتین و کلۆر دەکرێن نەك دالی وشەی ناسراوی وەك صادەکەی وشەی (صەد). وا دەزانم کێشەی ئەم دالە بەدواکەوتنی ناوێ چونکە لە هیچ کوێرەڕێگایەکەوە ڕەوا نییە جۆری دەربڕینی تایبەتی دەنگ لەلایەن بەشێکی خەڵقەوە بەسەر هەموو زماندا بسەپێ، ئینجا ڕەنگە زۆربەی هەرە زۆری میللەت نەتوانێ دەنگەکە بەو شێوە تایبەتییە دەربڕێ. لەوەش بەولاوە، دالی کلۆر بەپێی هەڵکەوت و جێگەی لە وشەدا شێوەگۆڕی دەکات وەك کە لە دوای نوونی وستاودا بەرەو گاف دەڕوات وەیا لە دوای (ر)دا گۆڕانی بەسەردا نایەت وەك (کورد، بەرد، مرد، کردم..). ئێمە کە بزانین لە وشەی (بەغدا، ئەحمەد)دا دالێکی

عادەتیی زەق و تەق هەیە و زۆربەی هەرە زۆری کورد دەیڵێتەوە، چۆن دەشێ لە نووسیندا پیتی دالەکە بشێوێنین وەیا بقرتێنین هەر هەتا هەڵەی تێدا بکەین، ئینجا نەشتوانین وەك پێویستە دالەکە کلۆر بکەین. پێویستە ئەو دالانە بەعادەتی بنووسرێن، خوێندنەوەشیان بدرێتە زەوقی خوێنەر وەك کە دەنووسین (ماڵ، کلاو) خۆشناو و دزەیی و ڕەواندزی و کۆیش دەخوێننەوە (مار، کراو).

هەر لەگەڵ دەنگی کلۆری دالدا دەنگی کلۆری (ت)ی کلۆریش لێدوان هەڵدەگرێ هەرچەند چ کەسێکیش لە نووسیندا نیشانەی بۆ دانەناوە، پێشنیاریشی نەکردووە. باسکردنی تێی کلۆر جگە لەوەی باسی دیاردەیەکی بەرهەستە سوودی بێ بایەخکردنی دالی کلۆریشی هەیە چونکە هەردوویان ئاوی یەك سەرچاوەی فۆنەتیکین.

ئەوانەی دال لە شوێنی تایبەتیدا کلۆر دەکەن، لە شوێنی تایبەتیدا (ت)یش کلۆر دەکەن وەیا تێی دەبەن وەیا دەیگۆڕن وەك کە وشەی (مەتبەخ – مطبخ) دەکەنە (مووبەق). ڕەنگە چی لەبارەی دەنگی دالەوە بگوترێ لەبارەی ئەم دەنگەشەوە بگوترێ، هەردوویان دیاردەی فۆنەتیکی ناوچەیین و شێوەی ڕاستی ئەو وشانەی دەنگەکانیان تێدا دەگۆڕێ ئاشکرایە و زیندوون، هەندێکیان وشەی بێگانەن و بەشی هەرە زۆریان کوردین و لەلایەن زۆربەی کوردەوە بەدروستی دەردەبڕدرێن. دیارە بەلای باوەڕی منەوە کلۆرکردن و گۆڕینی دەنگی (ت)یش هی بایەخ پێدان نییە لە ڕێنووسدا، وشەکان وەك بەلای کوردەوە ڕاستە وەها دەنووسرێن خەڵقیش بەپێی دەستووراتی دەنگسازیی ناوچە ئازادن لە چۆنیەتیی خوێندنەوەیان.

کە قسەم ئێستا ڕووی لە لەهجەی ناوچەیییە وا بەباش دەزانم باسی دیفتۆنگەکانی (وێ، نگ) بۆ ئێرەکانە پێش بیەخم چونکە ئەوانیش شێوە دەربڕینی ناوچەیین نەك دیفتۆنگی ڕەسەنی کوردی.

جارێ با لە پێشەوە بزانین دیفتۆنگ چییە:

دیفتۆنگ ئەو دەنگەی ئاخاوتنە کە تامی دوو دەنگی سەربەخۆی ئاخاوتنی تێدا بێ، بەڵام هیچ کامێکیشیان نییە. لە کوردیدا باسی تریتۆنگ نایەتە ناوەوە چونکە لە کەسی کورد نەبیستراوە دەنگی وەها بەکار بهێنێ لە ئاخاوتندا تامی سێ دەنگی تێدا بێ.

مەرجی سەرەتایی و بنجیی ئەو تەرزە دەنگانەش ئەوەیە کە دەبێ وەك دەنگەکانی دیکە لەخۆوە هەبن نەك بەرێکەوت لە کەوتنە تەنیشت یەکتری دوو دەنگ پەیدا ببن

چونکە لەم حاڵەتەدا دەنگە تێکەڵەکە دەبێتە دیاردەی دەربڕینی ناوچەیی نەك دەنگی نژادی زمانەکە، تەنانەت وا دەبێ ئاخێوەری ناوچەکە لە دەربڕینی وشەی ئەوتۆیی بێگانەشدا دیفتۆنگەکە پەیدا دەکات هەرچەند بەئەسڵ لەو زمانە بێگانەدا دیفتۆنگیش نییە. بەنموونە ئاخێوەری سلێمانی ناوی وڵاتی (کوێت) دەهێنێتە سەر شێوەی دەربڕینی کوردی و کافەکە وەك کافی وڵاغی (کوێت) دەردەبڕێ، دەشڵێ (مەرەکەبی کوینك). ئەم نموونەیەم لە دەرەوەی دیاردەی دیفتۆنگەوە هێنا بۆ تەنیا مەبەستی گۆڕینی دەنگ بەپێی هەڵکەوتی لە وشەدا. نموونەیەکی ڕوونکەرەوەی دیکەی هەڵکەوتی دەنگ لەوشەدا لە زمانی فرەنسییەوە دەهێنم. دوو وشەی le, de کە دیفتۆنگیان تێدایە کاتێك کەوتنە بەرایی وشەیەك کە بەدەنگی هەمزە دەست پێ دەکا دیفتۆنگەکەیان تێ دەچێ وەك کە لەجیاتی le ecole دەڵێن l´ecole و لە جیاتی de Artagnan دەڵێن d´Artagnan.

لەبارەی (وێ)وە وەك لە وشەکانی (خوێ، نوێژ، توێژ، سوێ، دوێنێ)دا بەپێی دەربڕینی دانیشتوانی سلێمانی و هەندێ جێگەی دیکەی کوردەواری دەبیسرێ، لێرە بەپێشەوە لە نووسینی دیکەمدا بەدرێژی لەم کێشەیەم کۆڵیوەتەوە. لێرەدا ناچارم بەو بەڵگانەدا دێمەوە کە بەپێی ڕای خۆم گرفتەکان ڕوون دەکاتەوە، کەم و زۆر بەڵگەی تازەش دەخەمە بەرگوێی گوێدێرانەوە، ڕەنگە بەڵگەش هەبێ گلم دابێتەوە بۆ هەلی بیندرێژتر و لێکۆڵینەوەی قووڵتر و لەسەرەخۆتر..

ئەوەی بەلام وەك بەدیهییە وایە ئەوەیە کە دیفتۆنگی (وێ) لە ڕاستیدا دیفتۆنگ نییە بەڵکو واوێ کۆنسنانت و بزوێنی (ێ) کراوەیە و بەشی هەرە زۆری کورد بەو جۆرەی دەردەبڕن کە لە کۆنەوە گوتراوە و نووسراویشە بەڵام بەشێك لە دانیشتوانی هەندێ ناوچەی کورد لە شێوەی دیفتۆنگ دەری دەبڕن، واتە دیفتۆنگەکە هی زمانی کوردی بەرفرەوان و ڕەسەن نییە. لەم جۆرە دەربڕینە ناوچەییە دیفتۆنگی دیکە هەیە کە سەرنجی نووسەرانی ڕانەکێشاوە و نەبووە بەجێی پرس و لێکۆڵینەوەش. یەکێك لەمانە دیفتۆنگی لامی قەڵەوی بڵە کە بریتییە لە تێکەڵبوونی دوو دەنگی (ر)ی لاواز و لامی قەڵەو. ئەم دیفتۆنگە لە لایێکەوە خۆی ڕەسەن دەنوێنێ چونکە هەڵکەوت پەیدای ناکات، لە چەند لایێکیشەوە ناڕەسەنایەتی و نادروستیی خۆی بەدەستەوە دەدات، یەکیان لەوەدا کە ئەویش وەك لامی قەڵەو وشەی عەرەبیش دەگرێتەوە نەك هەر کوردی وەك (حەڵاڵ، ماڵ، کامڵ). دووەمیان لەوەدا کە ئەگەر ئاخێوەر لە منداڵییەوە فێری

نەبێ بەگەورەیی بۆ ڕام نابێ، بەپێچەوانەی لامی قەڵەو کە هەموو کورد بگرە زۆرینەی ئادەمیزاد دەتوانن فێری بن. دیارە کە دەنگێك لەوانە نەبێ میللەتەکەی فێری بێت هی ئەو میللەتە بەتێکڕایی نییە. سێیەمیان لەوەدا کە ئەم دەنگە زێدە لە هەموو کۆنسنانتێك گوشین هەڵناگرێ. سەرەڕای ئەم لایەنانە ئەویش وەك لامی قەڵەو نایەتە بەراییی وشەوە. ئینجا کە ئەم هەموو گرفتانە بێنە بەر دەنگێك دیارە مافی نامێنێ لەوەدا کە پیتی تایبەتی بۆ دابندرێ وەیا بەسەر هەموو میللەتدا بسەپێندرێ.

ئێستا با بزانین بەچدا مەعلووم دەکرێ کە دیفتۆنگی (وێ)ش ڕەسەن نییە بگرە واو و یێیە عادەتییەکەیە لێرە و لەوێ شێوە دیفتۆنگی پەیدا کردووە:

یەکەم:

لە کۆنەوە وشەکان بەدوو پیتی تەواوی واو و یێ نووسراون و بەپێی بەدوا یەکتردا هاتنیشیان لە نووسیندا گوتراون و خوێندراونەتەوە. وشەی (نوێژ، درێژ) هەردوویان وەك یەکدی نووسراون، ئەوسا نیشانەش نەبوو لەسەر (ی)کە دابندرێ و بەسەلیقە دەخوێندرایەوە (نوێژ، درێژ) نەك (نوییژ، دریێژ). بێگومان ئەگەر دڵنیا نەبانایە لە ڕاستیی وشەکە گرفتێکیان دەهاتە بەر و لێی دوودڵ دەبوون وەیاخود دەیاننووسی (نیوژ، دیونێ) هەروەك هەندێ کەمزان هەن دەڵێن (سیۆر) لە بری (سوێر).

دووەم:

لە شیعری شاعیرەکانی بابانـدا ئەم وشانـە کە هاتبن وەك کە نووسراون خوێندراونەتەوە. بەنموونە نالی دەڵێ:

هەر جۆگە و جێگایە کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆششی گـــریانی منە خوێ نەڕژاوە

وشەی (سوێر) ئەگەر دیفتۆنگ بێ کێشی شیعرەکە تێك دەچێ. هەر نالی لە بەیتێکی دیکەدا دەڵێ:

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاگر دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ

لێرەشدا ئەگەر وشەی (توێ) دیفتۆنگی تێدا بایە هەم کێشی بەیتەکە تێك دەچوو هەم قافیەشی دەگۆڕا چونکە وشەکە هاوقافیەی (هۆردوێ، نادوێ)یە. جارێکیان لە

کۆبوونەوەی لیژنەیەکی کۆڕی زانیاری کورد ئەم پرسیارە لێی کۆڵرایەوە یەکێك لە ئەندامانی ئەوسای لیژنەکە و ئێستاکەی دەستەی کوردی کە مەیلی بەلای دیفتۆنگدا دەچوو بەبیستنی ئەم جۆرە نموونانە سەلماندی کە وشەکان واو و یێیان تێدایە نەك دیفتۆنگ، هەر ئەمەیشە گیانی زانستپەروەر کە سەرپێچی لە ئاست ڕاستیدا ناکات.

سێیەم:

بەشی هەرە زۆری کورد لەو وشانەدا واو و یێ دەردەبڕێ و دیفتۆنگەکە بەزمانیدا ناهێنێ و پێشی ناکرێ دەری ببڕێ هەر ئەمەیش ڕێك دێت لەگەڵ نەبوونی دیفتۆنگ لەو وشانەدا وەك کە لە شیعریشدا دیفتۆنگیان تێدا نەبوو.

چوارەم:

ئەم دیفتۆنگە تەنیا لە بەشێکی وشەی وەهادا خۆی بەسەر شێوە ئاخاوتنی هەندێ ناوچەدا دابڕیوە، هەرچی فیعلە واو و یێیەکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە. دەڵێن (دەدوێ، دەڕوێ، دەئاخێوێ، دەسوێ..). ڕەنگە هۆیەکی پەیدانەبوونی دیفتۆنگ لەو فیعلانەدا ئەو بێ (ێ)کەیان لە ئەلفەوە هاتووە چونکە چاوگ و ڕابردوویان (دوان – دوا، ڕوان – ڕوا، ئاخاوتن – ئاخاوتی، سوان – سوا)یە. وەیاخود زیادییەکی گەردانە لە فیعلی تێپەڕدا بەدوا کەسی سێیەمی تاکدا دێت وەك (دەئەنگێوێ، دەبزێوێ، دەئاخێوێ). ئەم فیعلانە کە درانە کەسی یەکەمی تاك و دووەمی کۆ و سێیەمی کۆ (ێ)کەی کۆتاییان هەر پەیدا نییە هەتا خەیاڵ بۆ دیفتۆنگ بڕوات، دەڵێ (من دەئەنگێوم، ئێوە دەبزێون، ئەوان دەئاخێون). لە کەسی یەکەمی کۆ و دووەمی تاکدا یێی تیژ نەك کراوە بەدوا واوەکەدا دێت کە ئیتر ناشێ دیفتۆنگەکە خۆ بسەپێنێ. هۆیەکی دیکەی زێدە بنجی هەیە نایەڵێ دیفتۆنگەکە لەو تەرزە فیعلانەدا دەردەکەوێ. سەرنج بگرە دەبینیت کە دەڵێی (دەئاخێوێ، دەئەنگێوێ، دەبزێوێ..) بزوێنی (ێ)ی کراوە دەکەوێتە پێش (وێ)وە ئینجا کە ئەم دوو دەنگەی (وێ)یە بکرێنە دیفتۆنگ دەبنە یەك دەنگی بزوێن، بەم جۆرە بزوێن دەکەوێتە پاش بزوێن دەشزانین ئیمکان نییە بزوێن سواری بزوێن بێ لەبۆیە بەناچاری وشەکان لەسەر دەقی خۆیان دەمێننەوە و هەموو کورد یەك جۆریان دەردەبڕن.

وشە هەن، ناو و ئاوەڵناو جاری دیفتۆنگەکەیان تێدا دەرنەکەوتووە وەك بلوێر، زەنوێر. وا پێ دەچێ تەمەنی ئەم دیفتۆنگە لەو شێوە ئاخاوتنەدا زۆر درێژ نەبێ بۆیە ئەو وشانەی بەنوێیی دەکەونە بەرگوێی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەهۆی تازەیی

ڕاهاتنی خەڵقەکە بەو دیفتۆنگە وەك خۆیان دەمێننەوە. بەڵگەیەکی دیکەی تازەییی ئەم دیفتۆنگە لەوەدا پەیدایە کە ئەو کۆمەڵە ناوەی (عەلەم)ی (شنەروێ، کەڵوێ، پەسوێ، بیژوێ)ش بێ دیفتۆنگ بەدەقی خۆیان لە سلێمانی و ناوچەکانی دیکەدا دەگوترێن. ئەم بەڵگەیە کە بەراورد بکرێ لەگەڵ گۆڕینی دەنگی کافی (کوێت) بۆ کافە کلۆرەکەی کوردی باشتر نوێبوونی دیفتۆنگەکە ئیسپات دەکا چونکە ڕەسەنایەتی و کۆنایەتیی کافی کلۆر لە کوردیدا خۆی بەسەر وشەی بێگانەشدا سەپاندووە کەچی تازەییی دیفتۆنگەکە وای لێ کردووە بە بەشێکی کەمی وشەی کوردی بوێرێ، چ جایی بێگانە.

ئەم درێژەیەم بە بەڵگەی چوارەم دا هەرلەبەر ئەوەی بۆ بیسەر و خوێنەری کوردی ڕوون بکەمەوە کە چۆن بڕیاری چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگ لە ڕێزمان و فۆنەتیك و وشەسازییەوە لەخۆوە دەردەچێ بێ ئەوەی ئاخێوەر هەستیشی پێ بکات، نەخۆ وا دەزانم سێ بەڵگەی سەرووتر بەسن بۆ بەئیسپات گەیاندنی ڕەسەن نەبوونی ئەو دیفتۆنگە.

با لێرەدا لە جیاتی ئەو کەسانەی سوورن لەسەر دیفتۆنگەکە بەڵگە بهێنمەوە و وەرامیان بدەمەوە.

ڕەنگە بەڵگەی یەکەم ئەوە بێ کە دیفتۆنگەکە هەیە و ئینکار ناکرێ. لە وەرامی ئەوەدا دەڵێم:

١- هێزی ئەم بەڵگەیە هەر هێندەی بەڵگەی ئەوانەیە کە لە ئاخاوتندا ئەو واو و یێیانە بێ دیفتۆنگ دەردەبڕن. جا ئەگەر خاوەن دیفتۆنگەکە بڵێ من چ بکەم لەوەدا کە دیفتۆنگەکە لای من هەیە ئەوی دیشیان دەڵێ من چ بکەم دیفتۆنگ لای من نییە.

٢- ژمارەی ئاخێوەری بێ دیفتۆنگ شەش حەفت هێندەی ژمارەی ئاخێوەری بەدیفتۆنگ دەبێت. بەو پێیە بەڵگەی لایەنی نەبوون چەندین جار بەسەر بەڵگەی لایەنی بووندا ڕادەشکێ.

٣- دیفتۆنگی لامی قەڵەوی بڵێش هەیە بەڵام هەبوونەکەی نەبووەتە بنۆس بۆ سەپاندنی بەسەر نووسیندا، بگرە هەر قسەشی لێوە نەکراوە.

ڕەنگە بەڵگەی دووەمیش ئەوە بێ بگوترێ چونکە دیفتۆنگەکە لە لەهجەی سلێمانیدا هەیە ئەو لەهجەیەش بنەمای زمانی ئەدەبیی کوردییە پێویستە دانی پێدا بهێندرێ و لە ڕێنووسدا جێی بۆ بکرێتەوە. لە ئاست ئەم بەڵگەیەشدا وەرام هەن:

١– لەهجەی سلێمانی کە جێی خۆیەتی ببێتە بنەمای نووسینی ئەدەبیی کوردی ئـەوەنـدە لایـەنـی بـەهـێز و جـوان و ڕاست و ڕەسەنـی تـێدا هـەیـە کـە پـێویستـی بەسەپاندنی شتی نارەسەن نەبێت. خزمەتی شێوە نووسینی ئەدەبی و شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی خۆیشی لەوەدایە کە هەر وشە و تەعبیر و دارشتنێکی کوردی لە ڕەسەنایەتی و ڕاستبووندا بەسەر هی دیکەدا کەوتەوە ئەویان قبووڵ بکرێ نەك جـوانـی و ئـاوریـنـگـی لـەهـجـەی بـنـەمـای ئـەدەبـی شەفـاعـەت بـکـەن بـۆ ئـەو بەکارهێنانەی نادروستن و لەگەڵ خۆیدا بەسەر هەموو زمانەکەیاندا بسەپێنێ.

٢– لە زمانی فرەنسەیی، کە شێوە ئاخاوتنی شاری پارس بووەتە بنەمای شێوە ئەدەبییەکەی نەهاتوون شکڵی پیتی (ر) بگۆڕن بەو (غ)ەی کە پارسییەکان لە جێی (ر)ی دادەنێن. ئاخێوەری پارس (ر)ەکە دەنووسێت و بەغەینی دەخوێنێتەوە، ئاخێوەری سلێمانیش وەك هی پارس دەتوانێ وشەکان بەڕاستی بنووسێت و لە خوێندنەوەشدا بەپێی ڕاهاتنی خۆی دەریان ببڕێت، هەروەك کۆیە و خۆشناو و دزەیی لامی قەڵەو و بڵ دەنووسن و لە ئاخاوتندا دەیانکەنە ڕێی لاواز.

٣– گرفت و ڕەخنە هەر لەو دیفتۆنگەدا نییە، شێوە ئاخاوتنی سلێمانی، وەك هەموو شێوەیەکی پێشکەوتووی ئەم جیهانە کە بەجۆرێکی خۆڕسك و بێ مامۆستا بەسەر زمانی دانیشتووەکانیدا هاتووە بەپێی بڕیاری واقیع تایبەتی وەهای تێدا پەیدا بووە کە لە ئەسڵی زمانەکەدا نییە، ناوناوە هەڵەشی تێ کەوتووە. بەنموونە کە دەگوترێ (بێرەوەوانێ، لە ماڵەوەوانێ) هیچ کوردێکی دەرەوەی سلێمانی بەبیریدا نایەت لەلای خۆیەوە شتی وەها بڵێ وەیا بنووسێ، ساڵەهای ساڵیشی بەسەردا تێ دەپـەڕێ بـەر لـەوەی بـزانـێ ئـەم (وانـێ)یـە بـەدوا کـام وشەدا دێت. (ر)ەکـەی (بـچـۆرەوە)ش کـە لـە جـیـاتـی (بـچـۆوە) بـەکـار دێت، ئەویش بـۆ کوردی دەرەوەی سلێمانی لەمپەرێکی ئاخاوتن و نووسینە، ئینجا لزوومیشی نییە، کەسیش نازانێ لە کوێوە ئەم (ر)ە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەم ڕێژە فەرمانەی کار.

لە ئاخاوتنی سلێمانیدا لایەنی دیکەش هەن کە لێرەدا جێی باسکردنیان نابێتەوە پێویست دەکا نووسەران و زمانناسان بۆیان کۆ ببنەوە و دەستنیشانیان بکەن و چی هەڵەی تێیاندایە ڕاستیان بکەنەوە وەك کە دەگوترێ (تیایا – لە بری تێیدا) وەیا (یەت – لە بری دێت، دەهێت) و هی تریش.

شێوە ئاخاوتنی پێشکەوتوو لە هەر زمانێکدا بێ ناشێ ناتەواوییەکانی خۆی بەسەر

شێوە نووسینی ئەدەبیدا بسەپێنێ. بەنموونە، ئەگەر شێوەی ئاخاوتنی تەهران بیەوێ ببێتە زمانی نووسین و ئەدەب هەموو تار و پۆی زمانی یەکگرتووی فارسی لەبەریەك هەڵدەوەشێنێ، جا ئەگەر کوردیش وەك فارسی دەقی کۆنینەی ئاخاوتنی مابایەوە بۆ ئیمڕۆ دەماندیت هەموو شێوە جوداکانی ئێستاکەی ئاخاوتنی کوردی بەقەدەر دوورکەوتنەوەی ئاخاوتنی تەهران لە زمانە نژادییە پاراستراوەکەی فارسی، لەهجە کوردییەکانیش لەو زمانە ڕەسەنە نژادییە دوور کەوتوونەتەوە. عەیبی لەهجەکانی کوردی بەوە داپۆشراوە کە شێوەی ئەسڵە کوردییەکەی بەر لە دابەشبوونی بەسەر ئەو هەموو لەهجەیەدا لە کۆنەوە تۆمار نەکراوە. ئینجا کە ئێمە نەتوانین هەموو گۆڕانە بەرەو شێواویەکەی لەهجەیەك ببەینەوە بۆ سەرچاوە دێرینە ڕاست و دروستەکەی ئەوەندەمان هەر بۆ دەمێنێتەوە کە هەڵەی زەق و زۆپ ببینین هەر نەبێ لە ڕێی بەراوردکردنی ناوخۆییی کوردی و بەراوردکردنی لەهجە جوداکانی لەگەڵ ئەو زمانانەی خزمایەتییان بەکوردییەوە هەیە. بەهەمەحاڵ کە ویسترا بەکارهێنانی ناڕەوای لەهجەیەك بەسەر هەموو زمانەکەدا بسەپێ خەڵق لێی دڕدۆنگ دەبێ.

هەر لەم کولانەیەوە سەیرێکی دیفتۆنگی (نگ) دەکەم.

وەك لەخۆوە دیارە هاتنی نوونی وەستاو لە بەراییی دەنگی گافدا دیاردەیەکی ئاساییە بەقەدەر هاتنی نوون لە پێش کاف وەیا تێدا. ئەمە ڕاستییەکە هیچ دەمەنەقە هەڵناگرێ، لەوە بەولاوە پرسیار هەڵدەستێ کە ئەگەر بەشێکی کوردزمان لە دراوسێیەتی دوو دەنگدا دیفتۆنگی دروست کرد هەموو کوردزمان چی بکا؟ زمانە ئەدەبییەکەی چۆنی مامڵەت لەگەڵدا بکا؟ ڕێنووس و ئەلفوبێ لە ئاستیدا چ هەڵوەستێکی هەبێ؟

ئێمە ئەگەر نەمازانیبایە دیفتۆنگەکە لە چییەوە هاتووە ڕێی تێ دەچوو لەوە بکۆڵرێتەوە ئایا ناوچەیییە یا نژادی، تا ئەگەر نژادی بێت نیشانە وەیا پیتی بۆ دابندرێ. بەڵام هەموومان دەزانین نونێکی بێ دەمەتەقەی وەستاو دەکەوێتە بەراییی گافێکی بێ دەمەتەقەوە و لە لەهجەی سلێمانی و ناوچەیەکی تەسکدا منگە و (غنّة)یەك لە نێوان دوو دەنگەکەدا پەیدا دەبێ کە زەحمەتە لە زار و زمانی دانیشتووی غەیری ئەو ناوچەیە دەربێت، تەنانەت ڕەنگە بەدەرس دانیش فێری نەبن. جا کە حاڵ ئەمە بێ چیمان لە پێشدا دەبێ مەگەر ئەوەی کە نوون و گافەکە وەك هەن بیاننووسین و خەڵقیش بەپێی ڕاهاتنی زمانیان بیانخوێننەوە، ئەوساش هەموومان لە یەکدی ڕازی

دەبین چونکە وشەکان بەدروستی دەپارێزرێن و ناشارەزای ئەو دیفتۆنگەش ناچار ناکرێ بەگوتنەوەی شتێك کە لە وزەیدا نییە.

ئەمەی گوتم بۆ خۆی بەسە بۆ ڕەواندنەوەی گرفتەکە و وەرامی پرسیارەکە چونکە شتێکی وەك بەدیهییەم گوتووە، بەڵام هەر لەبەرئەوەی مەسەلەکە وەك بەدیهییە وایە چەند ڕاستیی دیکەی زۆر بەهێز لەلاوە دێن و پشتگیری لەو ڕایە دەکەن:

ڕاستیی یەکەم ئەوەیە کە دەنگی نوون لە لەهجەی سلێمانیدا لە بەراییی دەنگی دالیشدا منگە و غوننە پەیدا دەکات، دەربڕینەکەشی زەحمەتترە لە منگەی نێوان نون و گاف، بەو پێیە دەبێ خەریکی چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش بین تا ئەگەر بڕیار درا منگەکە بەسەر نووسیندا بسەپێ خەریك بین ماموستا بدۆزینەوە بۆ ڕاهێنانی هەموو کورد لەو دەربڕینە یەکجار تایبەتی و ئەستەمە. هەڵبەت کە پیتێکی کەس نەدیتوو و نەبیستوو دابهێنین لە بڕی (نگ) و (ند) کەوا نە نوون بێت و نە گاف و نە دال دەبێ لەو تەرزە وشانەدا ڕاستییە ڕەسەن و دروستەکانیش بکوژین و لە بیر خەڵقیان ببەینەوە. دەمەوێ لە خۆم بپرسم ئایا ئەمە چارەسەرکردنە یاخود شەڕ پێ فرۆشتنە؟

ڕاستیی دووەم ئەوەیە کە منگە و غوننەکە لە حاڵەتی وەستان لەسەر گاف و دالەکە بەئاشکرایی پەیدایە، کە هاتیت بزوێنت بەدوادا هێنان دەچنە بارێکی دیکە لە زۆر وشەشدا هەر بەجارێ دەبنەوە نوون و گاف و دالی عادەتی وەك (بەندەر، سەنگەر، چەنداوەکو، کوندی لەسەر سندی، شەنگەبی، ڕەند..)

ڕاستیی سێیەم ئەوەیە کە هەندێ جار لە زاری سلێمانیدا دەنگی دالی دوای نوون دەکرێتە گافی بێ فێڵ وەك (ئەفەنگی، مەنگ، تونگ، دەربەنگ..). ئایا لەگەڵ ئەمانەدا چی بکەین؟

ڕاستیی چوارەم ئەوەیە کە دیاردەی فۆنەتیکی ئەوتۆیی لە زۆر حاڵەتی دیکەدا دەردەکەوێ بێ ئەوەی نوون و گاف وەیا نوون و دال لە بەیندا بێ وەك کە نوونی وەستاو دەکەوێتە پێش دەنگی بێ دەبێتە میم. بەنموونە (عەمبار، شەمبە، پەمبە، عەمبەر، قەمبەر..) لە بری (عەنبار، شەنبە، پەنبە، عەنبەر، قەنبەر..). وشەی (بەرانبەر) کە بووەتە (بەرامبەر) لە ڕێژەی (سەرانسەر، دەوراندەور)ە و نوونەکەی لە نووسیندا بەهەڵە دەکرێتە میم. نوونی پێش دەنگی (پ)ش هەر دەبێتەوە میم. لە بەراییی دەنگی (ف)شەوە حەز دەکا بەرەو میم بچێتەوە وەك لە عەرەبیدا وشەی (ینفی) لە (یمفی) نزیك دەبێتەوە، تەنانەت دوو دەنگی (ف، ث) کە لە بیستندا زەحمەت جودا دەکرێنەوە هەرکە

دەنگی نوونیان لە پێشەوە هات بەتەواوی لە یەکدی دەترازێن وەك (ینثر، ینفر) چونکە نوونی پێش دەنگی (ث) وەك خۆی دەمێنێتەوە هی پێش فێیەکەش لە میم دەچێ. لامی وەستاو لە بەرایی تێی قەڵەو دەبێت و تێیەکەش دەبێتە (ط) وەك (گاڵتە، خڵتە، قەڵتارە..). وشەی (کلتوور – بەواتای کلدان) ئەو گۆڕینەی تێدا نییە چونکە لە دوو وشەی (کل) و (توور) پێك هاتووە. کاف و گاف کە بزوێنی (ی، یٚ) وەیا (وی، ویٚ)یان بەدوادا هات دەنگیان دەگۆڕێ. تێکڕای ئەم گۆڕانانە دیاردەی دەنگسازین و دەخلیان بەسەر ڕێنووسەوە نییە.

باوەڕم هەیە، ئەوانەی گوتمن بەس بن بۆ وەرامدانەوەی پرسیار لە گرفتی دیفتۆنگی (ویٚ، نگ). بەڵام ماوەتەوە بڵێم لە زاری کرمانجیی سەروودا دیفتۆنگی ئەو دەنگەی کە لە تێکەڵبوونی واوی درێژ و یێی درێژ پەیدا دەبێ دیفتۆنگێکی ڕەسەن و بنجییە لەو ڕووەوە کە دیفتۆنگەکە لە وشەی مەعلوومدا دەردەکەوێ و بەردەوامیشە وەکو هەر دەنگێکی دیکەی سەربەخۆی ئاخاوتن، جا ئەگەر یەکێك لەهجەکە نەزانێ و وشەکان نەناسێ ناتوانێ لە ڕێی دەستووراتی دەنگسازییەوە دیفتۆنگەکە بناسێتەوە وەك کە لووسبوونی کاف و گافی پێش (ی) وەیا منگەی نوونی پێش گاف بەسەلیقەی دەزانێ. کاتی خۆی ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کورد بەبیریدا نەهات پیت بۆ ئەم دیفتۆنگە ڕاستینەیە دابنێ تاکو لە خوێندنەوە و نووسینی ئەو وشانەی دیفتۆنگەکەیان تێدایە هەڵە نەکرێ. بێگومان دەبێ چارەسەری ئەم گرفتەش بکرێ.

ب– ئەوانەی پیتیان بۆ دانەندراوە:

بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ئەو پرسیارە گەڕامەوە لای بەرپرسەکانی ئەم کۆڕە چونکە لە ئاست ئەم پرسیارەدا بیر بۆ چەند لایەك دەڕوات وەك دەنگی (ض، ص، ط، ظ) کە لە کوردیدا نین و ناوناوەش کارمان پێیان دەبێ هەر نەبێ لەو دەمەی کە لە نووسینی کوردیدا ئیشارە بۆ ئەو دەنگانە وەیا دەنگی دیکەی بێگانە دەکەین.. بیر بۆ ئەو دەنگانەش دەڕوا کە پێیان ناگوترێ دەنگی زمانی وەك فیکە و مرخەی مرۆڤ و کیفەی مار و ورشەی با... بیرم بۆ ئەو دیفتۆنگەی زاری کرمانجیی سەرووش چوو کە دەمزانی بەبیراندا نایەت.. لە وەرامدا پێیان گوتم مەبەست ئەو دەنگەیە کە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن (کسرة مختلسة) وەك دەنگی دوای دەنگی (چ) لە وشەی (پنچك)دا.

بەر لە ئێستاکە لەم دەنگە دواوم و لەسەریم نووسیوە، ڕەنگە لەم ڕۆژەی

١٩٨٠/٣/٢٨ تا دەمی بەستنی کۆڕی گیروگرفتەکان گوتارێکی دیکەشم لەبارەی ئەم دەنگەوە دەربچێت، ئیتر نازانم ئایا مافی سێبارەکردنەوەم دەمێنێ؟ لە گوتاری (فۆنەتیك چیمان بۆ بکا؟) کە لە بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد –ساڵی ١٩٧٥–دا بڵاو بووەتەوە لە گەلێك سەروبەری دیاردەی ئەم دەنگە بێ هێزە دواوم، ئەوەی بیەوێ دەتوانێ بۆ ئەو گوتارە بگەڕێتەوە و بیروباوەڕی منی تێدا بخوێنێتەوە. لێرەدا زۆر بەکورتی لەبارەی دەنگەکەوە دەدوێم.

بەر لە هەموو شتێك دەڵێم من ئەم دەنگە بەبزوێن دانانێم و هەمیشە پێم گوتووە قورسکردن چونکە لە دەربڕینیدا مەبەست بزاوتنی دەنگی پێش خۆی نییە بەڵکو مەبەست ئیمکانبوونی دەربڕینی دەنگەکەیە. ئەمە لە سەرێکەوە، لە سەرێکی دیکەشەوە ئەو قورسکردنە بەشێکی بنجی و هەمیشەیی وشە نییە، چونکە کە باری دەربڕینی وشە گۆڕا قورسکردنەکە هەڵدەستێ و دەچێتەوە. هەروەك بەشێکی تاکە وشە نییە لکێنەری دوو وشەش نییە کە لە دراوسێیەتییان قورسکردنەکە دەبێتە کارێکی ناچاری.

بەڵگەی ئەوەی کە بەشی بنجی و هەمیشەیی وشە نییە لەم نموونانەدا دێتە بەرچاو، وشەی (شێلم) قورسکردنی تێدا دەکەوێتە سەر دەنگی (ل). کە هاتیت و میمەکەت بزاوت و گوتت (شێلمەکە) قورسایی سەر لامەکە نەما. هەروەهاش کە دەڵێی (گەنم – گەنمەکە، بەفر – بەفرۆکە، قەسر – قەسرین) قورسایی نوونی گەنم و فێی بەفر و سینی قەسر دەڕەوێتەوە.

بەڵگەی ئەوەی کە لکێنەریش نییە لەم نموونانەوە دەردەکەوێ:

کە دەڵێی (دڵم) قورسایی دەچێتە سەر لامی قەڵەوی وشەی (دڵ). کە گوتت (دڵمان) وەیا (گوناهی دڵمە) قورساییەکە دەپووچێتەوە.

چاوگی بەستن، کردن: قورسایی لەسەر دەنگی پێش نوونی چاوگی هەردوو وشەدا هەیە بەڵام کە گوتت (بەستنەوە، کردمانەوە) دەتوانی قورساییەکە تێ ببەیت دەشتوانی بیهێڵیتەوە.

ڕاستییەکەی ئەم قورسکردنە ناچارییەکی فۆنەتیکییە لە کاتی پێویستدا بۆ دەربڕینی وشە پەیدا دەبێ، ناوناوەش بەنیازی تەئکید، کە هەر دەکاتەوە پێویستی، دەخرێتە سەر دەنگێکی وشە وەیا نێوان دوو وشەوە، هەرکە پێویستییەکەش نەما قورسکردنەکە لەخۆوە بزر دەبێ، وردبوونەوە لە تایبەتیی دەنگەکانی کوردی دەری دەخا کە ئەم دەنگە

لە ڕووی بوون و نەبوونەوە سێ پلەی هەیە، پلەی یەکەم ئەوەیە کە لە هەندێ حاڵەتدا هەر دەبێ هەبێ وەك لە وشەی (شێلم، گەنم، بەفر، کەسر، سەپك..)دا قورسکردنی دەنگەکانی (ل، ن، ف، س، پ) ناچارییە، تا بزوێنێك دێت و قورساییەکە هەڵدەگرێ. پلەی دووەم ئەوەیە کە لە هەندێ باردا دەشێ قورسکردنەکە هەبێ و دەشێ نەشبێ وەك لە وشەی (دەنك، مەرج، سەخت، کەشك..)دا دەشێ دەنگەکانی (ن، ر، خ، ش) قورس بکرێن و نەشکرێن. پلەی سێیەم ئەوەیە کە دەنگی (ڕ) لە پێش (د، ت)دا قورسکردن هەڵناگرێ. هەروەهاش دەنگی (ن) لە پێش (د، گ) و دەنگی (س، ش) لە پێش (ت)دا..

ئەمانە ڕاستی و تایبەتی هەندێك لە دەستوورەکانی فۆنەتیکی کوردییە، درێژەشیان لێرەدا جێی نابێتەوە. قورسکردنی دەنگیش لە وشە وەیا لە نێوان دوو وشەدا دەکەوێتە بەر حوکمی ئەو دەستووورە فۆنەتیکییانە. لەمەوە و لە گەلێك لێکدانەوەی دیکەش دەردەکەوێ کە ئەم قورسکردنە بەشی بنجیی ئاخاوتن نییە، بوون و نەبوونیشی لە وشەدا بەندە بەجێگەی وشە وەیا جۆری دەربڕینی لە ئاخاوتندا، دۆزینەوەی ئەو جێگە و جۆرەش کاری سەلیقەیە. لەبەر ئەمە وا دەزانم پێویست نییە دیاردەکە بەگرفتی ڕێنووس لە قەڵەم بدرێت بەتایبەتی کە نووسینمان بەو پیتانە بێ وا لە باودان. بێتو ئەو قورسکردنە بەسەر نووسیندا بسەپێ زۆربەی وشەکانمان دوو جۆر نووسینیان دەبێ، یەکیان بەقورسکردن ئەوی دیکەشیان بێ ئەو. بەنموونە کە وشەی (شێلم)ت نووسی دەبێ قورسایی بدەیتە لامەکە. کە گوتت (شێلم کرِی) قورساییەکە دەچێتە سەر میمی شێلم. کە گوتت (شێلمتان کرِی) قورساییەکە دەگەڕێتەوە بۆ لامەکە. دیسانەوە کە گوتت (شێلم کرِی) ڕێت هەیە لامەکەش و میمەکەش بەیەکەوە قورس بکەیت بەڵام کە گوتت (شێلمتان کرِی) تەنیا لامەکە قورسایی هەڵدەگرێ. بەهەمەحاڵ هەستکردن بەو تەرزە هاتوچۆیەی قورسکردنەکە لە هیچ ماموستا و دەرسدەرێکەوە وەرناگیرێ، هەستێکی زگماکە، وەیا هەر نەبێ فرچك گرتنێکی منداڵییە بەزمانی دایکزاوە. لێکۆڵینەوەی ئەم گرفتە لەگەڵ پیتی عەرەبیدا، لە سەرەتاوە، بێ جێیە، کاتێك باس لە ئەلفوبێی لاتینی کرا دەشێ تۆژینەوە لە چۆنیەتیی نووسینی وشە و ڕستەی کوردی بەپیتی لاتینی بکرێ.

ج- پلەی دەنگە بزوێنەکان:

بزوێن دوو جۆری بنجیی هەیە:

١– بزوێنی درێژ.                ٢– کورتە بزوێن.

لە کوردیدا بزوێنی دیفتۆنگ کە هەبێ لە جۆری درێژدا پەیدا دەبێ. بەلای منەوە دیفتۆنگ هێندەی بزوێنەکانی دیکە بنجی نییە چونکە لە تێکەڵبوونی دوو دەنگ پێك دێت، وەك موتوربەی کە لەسەر ڕەگی خۆی شین نابێ. چی لەم بەندەشدا بەگرفت داندراوە تەنیا لەبارەی (و، ی)وەیە، هەرچی ئەلف و دیفتۆنگە جێی لێدوان نین.

ئەوەی ڕاستی بێ دەبوو ئەم گرفتەش هەر بخرێتەوە ژێر بەندی (أ) خاڵی یەکەم کە لە پیتی بزوێن و نەبزوێنی نیشانەدار دەکۆڵێتەوە، دیارە کە لە واو و یێی نیشانەدار دوایین بەناچاری لە هی بێ نیشانەش دەدوێین. لێرەدا کورتەیەکی ئەو لایەنانە دەنووسم کە پێوەندیی بەپلەی دوو بزوێنی (و، ی)وە هەیە.

١– لەبارەی (و)وە: واوی درێژ وەك پێشتریش گوتمان دوو جۆری هەیە، واوی تیژ، قووچاو و واوی کراوە، پەل. هەرچی کراوەیە هەموو لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە نیشانەی حەفتی بچووکی بۆ دابندرێ. واوی تیژ جاریێ ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی نووسینی پەیدا نەبووە. بەڵام لە ڕووی پلەی دەنگەوە دەبێ ئەوە بزانین کە کورتە بزوێنی واو و کورتکراوەی واوی تیژە، واوی کراوە لە کوردیدا شێوەی کورتی نییە. هەر ئەم ڕاستییەیشە بەڵگەی ڕەسەنایەتی و بنجیبوونی واوی تیژ پتر بەهێز دەکا و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە واوی کراوە بریتییە لە واوێکی تیژ و نەختێك تامی دەنگی ئەلف، بەڵام پێی نەگوتراوە دیفتۆنگ. جا ئەگەر بمانەوێ سەرجوملەی دەنگ و ڕەنگی واو و پەیدابوونیان و خوار و ژووریان بکەین بەلیستە ئەم ڕیزە واوە بەدوا یەکدیدا قەتار دەبێ:

أ– واوی کۆنسنانت کە بنەمای هەموو شێوەکانی دیکەی واوە وەك لەم وشانەدا دەبیسترێ: وزە، وەرە، ڕاو، ڕەو، دێو، هەوێر، هەوار.

ب– واوی تیژی درێژ وەك لە وشەکانی (دوور، کاووس، بەڕوو، هەیوولا..)دا دەبیسترێ.

ج– واوی کراوەی درێژ وەك (خۆڵ، برۆ، سەرکۆنە..)

د– دیفتۆنگی واوی درێژ لە زاری کرمانجیی سەروودا.

هـ– کورتە بزوێنی بۆر –(ضمّة)ی عەرەبی– وەك (کورت، ڕوسم..) ئەم واوەیان دەنگێکی ناتەواوی ناسەربەخۆیە و بەدوا کۆنسنانتدا دەشێ دەرکەوێ و لە

کورتکردنەوەی واوی تیژ پەیدا دەبێ.

٢– لەبارەی (ی)وە:

ئەم بزوێنە لە درێژکردنەوەی یێی کۆنسنانتەوە شکڵی دەنگی یێی تیژی درێژ وەردەگرێ. کورتە بزوێنی ژێریش کورتەی ئەم یێیەیە. هەروەها یێی کراوەش بەتێکەڵبوونی تامێکی دەنگی ئەلف وەیا کورتە بزوێنی سەر لەگەڵ یێی تیژی درێژ پەیدا دەبێ بەڵام ئەویش پێی نەگوتراوە دیفتۆنگ. سەرلەبەری جۆرەکانی (ی)ش بەبزوێن و کۆنسنانتیەوە ئەم لیستەیە پێك دەهێنن:

أ– یێی کۆنسنانت: وەك (دایك، یار، هەیتە، مەی، مەیاس).

ب– یێی تیژی درێژ وەك (پیتاك، جوانی، بینین، گۆلاوی..)

ج– یێی کراوەی درێژ وەك (ڕێ، شوێن، دوێنێ، ڕدێن..)

د– کورتە بزوێنی یێ کە پێی دەگوترا ژێر وەك (گزینگ، بیست..)

بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم کورتە بزوێنە لە زۆربەی هەرە زۆری وشەکاندا دەشێ درێژ بکرێتەوە واتاش نەگۆڕێ، وشەی وەهاش هەیە کورتە بزوێنەکەی درێژ ناکرێتەوە وەك کە دەڵێی (لەسەر شینگ و تاقەتی خۆی..) وەیا (ڕینگەی لە هەناویەوە هات..).

دیفتۆنگی نێوان واو و یێ لە بنەڕەتدا واوە یێی تێکەڵ دەبێ بۆیە بوو خستمە لیستەی بزوێنی واوەوە.

ئەو دەنگەی من ناوم نا قورسکردن بەلای زۆر کەسەوە ناوی بزوێن هەڵدەگرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە من بەبزوێنی دانانێم چونکە دەنگێکی بێ لایەنە نابردرێتەوە بۆ هیچ یەکێك لەو بزوێنە بێ گومانانە، لەبەر ئەمە نابێتە (پلە) مەگەر بێین و لەخۆڕایی قبووڵ کەین کەوا عەرەب گوتەنی (کسرة مختلسة)یە و بیکەینە پلەی سەرەتاییی بزوێنی (ی). بەهەمەحاڵ ئەگەر ئەزموونی ئەلیکترۆنی ئیسپاتیشی کرد کە قورسکردنەکە بەرەو (کسرة)وە دەڕوات دەبێ بزانین کە قورسکردنی واوی کۆنسنانت بەرەو (ضمة)یەوە دەبات چونکە دەنگی (ضمة) لە سروشتی دەنگی واودایە. لەگەڵ خۆتدا بڵێ (کاوڕ، کەوڵ، وزە، وڵە، لاوك..) هەست دەکەیت لە دەربڕینی واوەکەدا تامی (ضمة) هەیە هەر بۆیەیشە زۆر لە نووسەران ئەو تەرزە وشانە بەواوێکی کۆنسنانت و یەکێکی بزوێن دەنووسن. شتێکی دیکەش هەیە لەم بابەتە فۆنەتیکییە بەهەست ڕاگرتن و لێوردبوونەوە خۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەو دەنگەی بەدوا قورسکردنەکەدا دێت دەخلی

هەیە بەسەر جۆری دەربڕینی دەنگە قورسکراوەکە، لە وشەی (کەڵب، گەرم)دا چونکی دەنگی (ب، م) بەدوا لامە قەڵەوەکە و ڕێیە لاوازەکەدا دێت قورسکردنەکە حەز لە خزمایەتیی (ضمة) دەکات نەك کەسرە چونکە هەردوو دەنگی (ب، م) لەوانەن لێو پێکدا دەدروون و بەرەو ئەو شکڵەیەوە دەبەن کە لە دەربڕینی دەنگی (و)دا وەری دەگرن. دەنگەکانی (ب، پ، م، ف، ڤ) هەر پێنجیان لەم بابەتەن.

**گیروگرفتی وشەی سادە و داڕێژراو**

ئەم سەرەباسە لە بانگەوازەکەدا بەدوو بەند دابەش کراوە.

أ– ناوی عەرەبی

ب– پێشگر – پاشگری (پیّ ناسین) و (کۆ)

هەرچەند نازانم ئاخۆ نووسەرانی بانگەوازەکە وایان داناوە وشەی سادە بەر بەشی (ناوی عەرەبی) دەکەوێت و وشەی داڕێژراویش بەشی پێشگر، ئینجا پاشگری پیّ ناسین و کۆ دەکەوێت، یاخود پرسیارەکە بەلای ئەوانەوە جۆرێکی دیکەیە کە من بۆی ناچم، دیسانەوە پرسیارەکە ناتەواوە و وەرامدانەوەی بەرەو هیچ کوێیەکمانەوە نابات.

لەبارەی بەندی (أ– ناوی عەرەبی)یەوە چەند تێبینییەك خۆ بەسەر زیهندا دەبڕیّ:

١– نووسینی ناوی عەرەبی لەوەدا گرفت پەیدا ناکات ئایا سادەیە یا داڕێژراوە، گرفتەکانی لەوەدایە ئایا ناوی عەرەبی بەپیتی کوردی و ڕێنووسی کوردی بنووسریّ یاخود بەپیت و ڕێنووسی عەرەبی؟ کە بەکوردیمان نووسی چ لە دەنگی وەك (ض) بکەین؟ کە بەڕێنووس و پیتی عەرەبیشمان نووسی ئایا بیخەینە ناو کەوانەوە یاخود بیّ کەوانە بکەوێتە نێوان وشە کوردییەکانەوە؟

٢– نەك هەر ناوی عەرەبی بگرە هەموو ناوێکی غەیری کوردی ئەم کێشەیەی چۆنیەتیی نووسینی بەدوادا دێت لەوەدا ئایا بەپیتی کوردی بنووسرێن یاخود بەپیتی زمانەکەی خۆیان؟

٣– لەلایەن سادە و ناسادەییشەوە ناوی کوردی و بێگانەش هەموو جۆرێکی هەیە نەك تەنیا ناوی عەرەبی، بەولای سادە و داڕێژراوەوە ئاوێتەشی هەیە، واوەی سادەوەش هەیە بریتییە لە یەك پیت وەك (مستر×).

کاتی خۆی ئەنجوومەنی کۆڕ بڕیاری لەبارەی چۆنیەتیی نووسینی ناوی غەیری کوردی ئەوە بوو کە ئەگەر ویسترا وەکو خۆی ڕاگوێزرێ دەبێ بەپیتی زمانەکەی خۆی لە نێوان دوو کەوانەدا بنووسرێ، ئەگەر ویستراش وەك ئەوەی کە کورد دەری دەبڕێ بنووسرێ ئەوسا بێ کەوانە بەپیتی کوردی و ڕێنووسی کوردی دەنووسرێ. لەمەدا چ گرفت پەیدا نییە بەڵام کە ویسترا ناوی ئەو زمانانە بنووسین کە لە چاپخانەکانی عێراقدا وێنەی پیتیان بۆ دانەڕژاوە هیچ چارە نییە مەگەر ئەوەی بەپێی تەلەفوزی خۆمان بەڕێنووسی کوردییان بنووسین. هەڵبەت پێویستە لەو بارانەدا کەرتی سەربەخۆی ناوی ئەجنەبی لە کوردیشدا سەربەخۆ بنووسرێ بەنموونە ناوی (تریگڤی لی) نابێ ببێتە (تریگ ڤیلی) وەیا (برنارد شۆ) ببێتە (بر ناردشۆ). وا دەزانم ئەو تەرزە بڕیارانەش لە ڕادەی بەدیهییەدان.

ب– لەبارەی ئەوەی بانگەوازەکە پێی دەڵێ (پێشگر – پاشگری) (پێ ناسین و کۆ).

ڕاستییەکەی نە نیشانەی (پێ ناسین) و نە هی (کۆ) هیچ کامێکیان پاشگر نین چونکە پاشگر دوو مەرجی بنجیی تێدایە:

١– ببێتە کەرتێکی وشە.

٢– پاشگرەکە جۆرێك گۆڕان لە واتای وشەکەدا پەیدا بکات.

باسی مەرجی لکان و بەدواداهاتن نابەمە ڕیزی دوو مەرجەکەی سەرەوە چونکە وا دەبێ وشە دێت بەپێش خۆیەوە دەلکێت کەچی پاشگر نییە وەك کە دەڵێی (نووسیمان) ڕاناوەکە بەدوای کارەکەوە لکاوە وەیا دەڵێی (لە بیتوێندا دەژیم) (دا)کەی دوای بیتوێن تەواوکەری پریپۆزیشنی (لە)یە.

پێکهێنەری ناسین و پێکهێنەری کۆ هەروەك پاشگر نین ئامرازیش نین، چونکە ئامراز لە ڕستەدا دەور دەبینێت نەك لە پێکهێنانی وشە، بەعادەت هەبوونی سەربەخۆشی هەیە و بەدەگمەن نەبێ لە نووسیندا بە وشەوەش نالکێ. هەرچی ئەو دوو پێکهێنەرەیە پتر بەلای نیشانەدا دەچنەوە وەك نیشانەی نەفی و نەهی. نازانم بۆچی بانگەوازەکە بەلای چەندین پاشگری ڕاستینەی ناو و کار و هی تریشدا نەچووە و تەنیا یەخەی ئەم دوو پاشگرەی گرتووە.. لەمەش زیاتر، هیچ تروسکەی نەداوینێ (سادە) و داڕێژراوی پێ بناسینەوە وەیا مەبەست لە پێشگر و پاشگر چییە چونکە ئەم زاراوانە لەوانەن نووسەران و زمانناسان بەرەو ئامانجی لە یەکدی دوور ببەن.

بەهەمەحاڵ لێرەدا چی لە مەفهوومی ئەو پرسیارانەوە بەبیردا بێت وەرامیان دەدەمەوە داخیشم ناچێ کە مومکینم نەبوو پرسیار لە هەموو ئەندامانی لیژنەی ڕێکخەری بانگەوازەکە بکەم نەشمدەتوانی جار لە دوای جار پرس بەتاك تاکیان بکەم بۆیە وەها خودبەسەر مل بەوەرامەکان دەنێم ئیتر کوردی گوتەنی ئەڵڵای ورمان لە جێی نەرمان..

ناوی کوردی و چۆنیەتیی نووسینیان نابێ وەك ناوی کۆك (اسم العلم Proper noun) گرفت لە نووسینیان هەبێ چونکە هەرچی ناوی کۆکە چ سادە بێت و چ داڕێژراو چ لێکدراو چ ئاوێتە بێت بەیەك وشە حیساب دەکرێ و کەرتەکانی تاکە ناوێك، وەك تاکە وشە پێکەوە دەلکێن وەیا بەسەریەکەوە دەنووسرێن وەك (کاکەڵڵا، زێندین، پیربال، دلْشاد، گوڵبەدەم..) بەڵام ئەو ناوانەی کە لەقەبی واتاداری نەشێواویان پێوەیە وەك (مام ئۆمەر، خاڵ گەدروون، ئاغا مستەفا) بەیەکەوە نووساندن هەڵناگرن چونکە ئەمانە لەقەبەکانیان وەك لەقەب ماونەوە و دەقی خۆیان پاراستووە و هیچ نەگۆڕاون وەك کە (زێندین، کاکەڵڵا) بەو لێکدرانە تێکەڵی و شێواوییان بەسەردا هاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە هەردوو کەرتی ناوەکە لە یەکدی نزیك بنووسرێن.

ئەو ناوانەی کە لەقەبی (ئاغا)یان بەدوادا دێت، بەتێکڕایی، لە نووسیندا چوار ئیحتیمال هەڵدەگرن: ١- بەتەواوی بەیەکەوە بلکێن. ٢- نەختێك لە یەکدی جودا بکرێنەوە بێ ئەوەی پیتی هەمزە بەسەر وشەی (ئاغا)وە بمێنێ. ٣- هەمزەکە بمێنێ و وشەی (ئاغا) لە نزیك ناوەکەوە بنووسرێ. ٤- هەردوو وشە بەتەواوی لە یەکدی دابڕێن، ئەمەش هەر چوار جۆری نووسینەکە:

حوسێناغا – حوسێن اغا – حوسێن ئاغا – حوسێن ئاغا.

گرفتی نووسینی ئەم تەرزە ناوە لەوەوە دێت کە لە ئاخاوتندا هەمزەی وشەی (ئاغا) بەتەواوی دەسوێت و دەمێنێتەوە دەنگی بزوێنی ئەلف کە بەناچاری خۆ دەداتە پاڵ وشەی پێش خۆیەوە. ئینجا ژیاندنەوە هەمزەکە لە نووسیندا دەبێتە کارێکی ناقۆڵای ناواقیعی. بێگومان کە نووسیمان (حوسێن ئاغا) خوێنەر ناچار دەکەین بەپێچەوانەی عادەت گرتنمان لە خوێندنەوەدا گیان بە بەر هەمزەکە بێنێتەوە، ئەوساش دەڵێی وشەکە لە دەمی بێگانەی ناشارەزاوە دەردێت. ڕەنگە وا باش بێ لە نووسیندا هەمزەکە

بسوێت بەڵام ئەلفەکەی بێ هەمزە بەوشەی پێشییەوە نەلکێت وەك کە واوی (عطف) بەدوا کۆنسنانتدا بەجودا لە دوورەوەی وشەی پێشییەوەی دەنووسین هەرچەند لە خوێندنەوەدا دەیکەینە بزوێنی کۆنسنانتەکە. بەڵام لە نووسینی ناوی (حەماغا)دا پێویستە ئەلفەکە بەپێش خۆیەوە بلکێ چونکە وشەکە بەئەسڵ حەمەد بووە، بە لێقرتاندن بووەتە حەمە، ئینجا بزوێنەکەی کۆتاییشی قرتاوە واتە شێوارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە داخوازی مامڵەتی تایبەتی بکات. هەر ناوێکی دیکەش لەم جۆرە بوو بەر ئەم دەستوورە دەکەوێت وەك ناوی (عەوڵاغا)، ئەگەرنا دەبێ بنووسین عەبدوڵڵا ئاغا وەهاشی بخوێنینەوە. بەشێوەیەکی گشتی هەر ناوێك شێوانی تێدا پەیدا بووبێت ناشێ لە نووسیندا ببرێتەوە بۆ ئەسڵەکەی وەك (بلە، سمکۆ، مچە، خولە، فالە – لە «فارس»ەوە هاتووە، قالە..) چونکە خاوەنەکانیان بەم ناوانە نەبێ ناناسرێنەوە مەگەر بەهەردوو ناو لە کۆنەوە ناسرابن وەك (سمایل اغای، شکاك، سمکۆ – ئیبراهیم ئەحمەد، بلەی ئەحەرەش، عەلی اغای خورشیدی بایزی، عەلۆی خورشید – عیزەدین شێر، یەزدان شێر..) لە شوێنێکی وەك سلێمانی تا نەڵێی (قالەی ئایشەخان، حەمەی ئاورەحمان اغا) بەچاکی نازانرێ مەبەستت کێیە، لە کۆیەش بڵێی (حەمەداغای مەحمووداغا) کەس بیری بۆ (حەماغا)ی گەورە ناڕوا. لە هەولێر نەڵێی (مەلافەندی) نازانن مەبەستت مەلا ئەبوبەکری کوڕی حاجی عومەرەفەندییە...

ناو هەیە وەك بەگزاد – بەگزادە – سەیدزادە – مەلازادە – شێخزادە دەبێ کەرتەکانیان بەیەکەوە بلکێن هەم لەبەرئەوەی کە ناوی کۆکن هەم لەبەر هۆیەکی دیکە کە ئێرە جێی لەباری باسکردنیەتی.

ئەم ناوانەی وشەی (زاد)یان بەدواوەیە دەچنە ڕیزی وشەی لێکدراو کە لە کەرتێکی واتادار و کەرتێکی واتا ناتەواو پێك دێن بەزۆریش کەرتی دووەمیان تەواوکەری وشەی فاعیلی داڕێژراون وەك (نانخۆر، جلدروو، بن بزێوکە، ئاوخۆرەوە...) ناوناوەش مەفعولی داڕێژراو دروست دەکەن وەك (مەلاخۆرە، بەگزادە، ئاوخۆرك، دزنەبەرەی گورگ نەخۆرە، سەردڕ، عەنبارەسۆت..).

کاتی خۆی کە لە ئەنجوومەنی کۆڕ دەمەتەقە لەسەر چۆنیەتیی نووسینی ئەم تەرزە وشانە هەڵستا بڕیار وەها دەرچوو کە ئەو وشەیەی بووبێتە ناوی کۆك [اسم علم] وەیا وشەی فەرهەنگی بەیەك وشە حیساب بکرێت و کەرتەکانی بەیەکەوە بلکێن. هەرچی من بووم وام پەسەند دەکرد وشەکان هەمیشە بەیەکەوە بلکێن ئەویش لەبەر دوو هۆی بنجی:

١– زۆربەی ئەو کەرتە تەواوکەرەی کە لە فیعلەوە دێن بەتەنیا واتا نابەخشن تا بەدوا وشەیەکی دیکەدا دێن بەتەواوی وەك پاشگرەکانی وشەی (نانەوا، پاسەوان، هونەرمەند، بەختەوەر..) کە ئەمانیش بەتەنیا واتا نابەخشن و لە هەموو بارێکدا بەوشەی پێش خۆیانەوە دەلکێندرێن.

٢– ئەگەر مامڵەت جودایی بکەین لە نووسینیان گەلێك وشەی کوردی بەدوو جۆر دەنووسرێن وەك کە گوتت (دڵسۆز برادەرێکی دڵ سۆزە) دەبێ جارێکیان هەردوو کەرتی (دڵ سۆز)ەکە بەیەکەوە بلێکن جاری دووەمیشیان لە یەکدی بترازێن. ئەم هۆیەیان دەبێتە هێز بۆ هۆی یەکەم نەخۆ بەتەنیا زۆر گرنگ نییە.

ئینجا بەلای منەوە دەبێ ناوی کۆك و وشەی فەرهەنگی و وشە دارێژراوەکانی باسکراو هەموویان لەنووسیندا کەرتەکانیان بەیەکەوە بنووسێن. نموونەی ناوی کۆك وەکو: کاکەڵڵا، خوادای، ئاورەحمان، گەلاوێژ، خەزەڵوەر، بنگرد، سێوەسەن، پێبازۆك، بەکراوا، چوارتا، حەسەنکیف، سەردەشت، دۆڵەمۆمن...

نموونەی وشەی فەرهەنگی وەکو: جلدروو، دارتاش، چێشتخانە، نەخۆشخانە، ئێستگە، مامۆتك، مامۆستا، شێرپەنجە، گوریسکێشەکێ، سێبان، کلکتەقێنە.

نموونەی وشەی دارێژراوی فاعیل وەك: دەسبڕ، پێڕەوکە، دڵدەرەوە، شەرمهێن، دەسکەوت...

نموونەی وشەی دارێژراوی مەفعوول وەك: مەلاخۆرە، دزنەبەرە، ئاوشۆرك، سەردڕ...

وشەی دیکەش هەن لەم بابەتە بوونەتە ناوی ئالەت وەیا یاری وەیا هەر شتێکی دیکە بێ وەك: پارزۆنگ، دەسگرە، دەسشۆر، پێمبەرە، پانیکێش، نانبرێشك، ئەوانیش بەپێی دەستوورەکە و دەستووری وشەی فەرهەنگی دەبێ کەرتەکانیان بەیەکەوە بلکێن.

هەڵبەت وشەی وەك: لێنەر، تێکبەستە، پێکەڵ، ڕایەخ، پێخۆر، پێخەف، دانەر، هەڵتەك کە هیچ کەرتێکیان بەتەنیایی واتا نابەخشێ بەولاتەریقەوە دەبێ بەیەکەوە بنووسێن.

ناوی گشتیی ئاوێتەی وەك ( بن بەردەقیلە، سەرهەڵقەنە، سەربەکڵاوە، قسە تێ نەوەستاو، گوریسکێشەکێ) هەڵدەگرێ بەیەکەوە بلکێن و لە یەکدیش بترازێن بەمەرجێك کەرتەکانیان لە یەکدی نزیك بنووسرێن چونکە ئەم وشانە کۆمەڵێك کەرتی سەربەخۆیان تێدایە هەمووشیان دەقی خۆیانیان پاراستووە. هەر لەم کولانەیشەوە

دەتوانین بۆ وشەی وەك (بێ دین، بەدین، لێزان، بۆچوون...) برۆین. ئەم وشانە دەچنە ڕیزی ئەو وشانەی پێشگر وەیا پاشگریان هەیە دەبێ بەیەکەوە بلکێن.

کێشەی پاشگر گەلێك ئاسانترە لە هی پێشگر و بەکورتی دەشێ بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ کە هەرچی پاشگرە بەکەرتی پێش خۆیەوە بلکێ چ لە فیعل و چ لە غەیری فیعلدا بێ وەك: ماڵدار، دەوڵەمەند، بەختیار، هاتنەوە، هەڵستاو، سووتاندن، ڕەواندنەوە، خنکێنراو، بیژۆك، ئاگرۆچکە، پیاوەتی، مەردایەتی، پیاوانە، کوڵکن، گێژەن..

هەرچی پێشگرە وەها مامسەلمێن نییە، بەلاّم دەشێ نەختێك لەبەر یەکی هەڵوەشێنین و بۆ ناو توێژەکانی ببینەوە.

لە پێشەوە با قسە لە پێشگری فیعل بکەین:

کاتی خۆی ئەنجوومەنی کۆڕ پێشنیاری کرد کە ئەو پێشگرەی یەکسەر دەکەوێتە پێش فیعلەوە پێوەی بلکێت وەك: هەڵکەوتن، تێ بردن، دەرکەوتن، وەرگەڕان، ڕاهێنان، پێکەنین.. بەلاّم کە لەمپەر هاتە نێوانیانەوە دەبێ پێشگرەکە جودا بکرێتەوە بەمەرجێك لە نزیك فیعلەکەوە بنووسرێت وەك: لێمان بوورد، هەڵیان نەدەگرت...

ئەو لەمپەرەی کە دەکەوێتە نێوان پێشگر و فیعل یەکێکە لە سێ شت:

١- ڕاناوی لکاو: وەك هەڵم گرت، تێمان گەیشت، دامان نا.

٢- پێشگرێکی دیکە: وەك لێ هەڵستان، پێ تێکردن، پێ لێکردنەوە.

٣- یەکێك لە نیشانەکانی ئەمر، نەهی، نەفی، مضارعة، وەك: هەڵ بستە، تێ مەکە، وەرناچەرخێ - وەرنەچەرخا، هەڵ دەگرێ.

ئەگەر لەمپەرەکە ڕاناو بوو بەپێی دەستووری ڕاناوی لکاو دەبێ ڕاناوەکە بەپێشگرەکەوە بنووسیت و بەجووتە لە نزیك فیعلەکەوە بنووسرێن وەك: هەڵم گرت، دەرتان دا، وەری گرت، تێیان پەڕاند. هەڵبەت دەستوورەکە ناگۆڕێ ئەگەر گوترا (پێیاندادەنێرم، تێیرادەڕۆم، تێیەوەدەچین) بەلاّم لە حاڵەتێکدا دەشێ هەردوو کەرت لە یەکدی دوور بخرێنەوە وەك کە بڵێی (لێمەوە دیارە، پێیانەوە ماندووە) کەرتەکان لە یەکدی دوور دەنووسیت. هۆیەکەش ئەوەیە کە لێرەدا فیعلی ئاشکرا پەیدا نییە، پێشگرەکان کەوتوونەتە بەرایی تاقمی ناو و دەوری حەرفی جەڕ دەبینن.

٢- ئەگەر لەمپەرەکە پێشگرێکی دیکە بۆ یەکەمیان بەجودا لە نزیکەوە دەنووسرێ ئەوەکەی دیکەش بەپێی دەستووری گشتی بەفیعلەکەوە دەلکێت وەك: پێ هەڵگرتن،

لێ دەرهاوێشتن، تێ هەڵقوتان.

پێشگری لێکدراو هەمیشە دەبێ لە دوورەوە بەجودا بنووسرێ وەك (لێکرا هاتن – تێك هەڵقژان – پێکەوە ڕۆیشتن – پێکیانەوە هەڵکرد...). حوکمی پێشگری لێکدراو وەك هی وشەی سەربەخۆیە تەنانەت وا دەبێ لە جێگەی وشەی سەربەخۆ بەکار دەهێندرێ وەك کە دەڵێ (جەژنت پیرۆز بێ) ئەوی دیکەش دەڵێ (پێکمانەوە..).

٣– ئەگەر لەمپەرەکە یەکێك لە نیشانەکان بوو.

یەکالاکردنی ئەم گرفتە پێوەندیی بەهێزی بەرێزمانی کوردی و بەفیلۆلۆجیی کوردییەوە هەیە. کاتی خۆشی کە لە ئەنجوومەنی کۆڕ ئەم باسە هاتە ناوەوە زمانناسەکانی کۆڕ بەوردی و بەهەناسەی درێژەوە لێکۆڵینەوەیان تێدا کرد. بەش بەحاڵی خۆم ئەوسا و ئێستاکەش بەدوای تیشکێکی ناوەکیی زمانەکەمانەوە بووم لە پێشنیارکردنی بیروڕای گرفت ڕەوێنەوەدا.

وردبوونەوە لە سروشتی ئەو نیشانانە جوداوازییەکی بنجی ڕەچاو دەکا لە نێوان ئەوان و پێشگردا، هەرچی پێشگرە وشەیەکی سەربەخۆی واتا ناتەواوە لە لاوە بۆ بەراییی فیعل دێت و تێکەڵ بەتەکوینی دەبێ، تەنانەت پێشگر هەیە واتاشی هەیە وەك (بەر، دەر..) هەرچی نیشانەکانن بەشێوەیەکی بنجیتر لە پێکهێنانی فیعلەکە بەشدارن تا ئەوەی دەشێ بگوترێ بەشێکی بنەڕەتین لە فیعلەکەدا بەتایبەتی نیشانەی (مضارعة) و نیشانەی ئەمر. ئەگەر سەلیقەی هەستی فیتری لە دەستنیشانکردنی پلەی نزیکیی ئەو نیشانانە لە فیعلەوە بەکار بهێنین دەتوانین بڵێین بەم جۆرەی خوارەوە ڕیز دەبن:

١– پلەی یەکەمی نزیکی لە فیعلەکە هی نیشانەی (مضارعة)یە، وەك: دەچێ، دەکا، هەڵدەستێ، دەنووسین.

٢– پلەی دووەم هی نیشانەی ئەمرە، وەك: بگرن، بڕۆ، بنووسین..

٣– پلەی سێیەم هی نەهییە وەك: مەبێژە، مەنووسن، نەکەین.

٤– پلەی چوارەم هی نەفییە وەك: ناشێوێن، نەبزووتن.

لە نیشانەی موزاریعە و ئەمردا هەرچی هەبوونی سەربەخۆ هەیە نادیارە. تا ڕادەیەك نیشانەی نەفی لە زیهندا بەسەربەخۆیی جلوەیەك دەبەستێ بەتایبەتی کە دەچێتە سەر غەیری فیعل و وشەی نوێ پەیدا دەکات وەك ناشیرن، ناپوختە، نەمێرد، لە مەتەڵی فۆلکلۆریدا هەیە دەڵێ: چوومە سەر نە گڵ نە بەردەکی، بانگم کردە نە ژن نە

مێردەکی، گوتم ئەو نە گا نە کەرەی دەرکە لەو نە گەنم نە جۆیە..

لە کوردیدا فیعلی ڕابردوو بنەمای فیعلەکانی دیکەیە چونکە بەلادانی نوونی چاوگ پەیدا دەبێ و هیچی زیادەی پێوە نییە. لە ئینگلیزیدا ڕێژەی موزاریع بنەمایە و ڕابردووی لێ وەردەگیرێ بەپێچەوانەی کوردی کە مضارع لە ڕابردووەوە وەردەگیرێ. ئەمریش لە موزاریعەوە دێت چونکە ئەگەر نەزانیت ڕێژەی موزاریعی فیعل چییە نازانی ئەمرەکەی چییە بەڵگەش لەوەدا ڕێژەی ئەمری (مؤول)ە کە یەکسەر لە موزاریعەوە وەردەگیرێ. دەڵێی: دەڕۆیت، بڕۆیت – دەژیت، بژیت. هەرچی ئەمری سەریحە لە ڕێژەی موزاریع و ئەمری (مؤوّل) دەترازێ وەك: دەخۆیت، بخۆیت، بخۆ – دێیت، بێیت، وەرە – دەکوژیت، بکوژیت، بکوژە.. ئەم باسەی هاتنی فیعل لە فیعلەوە درێژەی زۆرە بەناچاری وازی لێ دەهێنم.

ئەمریش پێش نەهی دێت چونکە نەهی ڕێ لە ئەمر دەبڕێتەوە، تەنانەت دەستووری فیقهی و قانوونیش سەلماندوویەتی کە حەرامبوون بەسەر حەڵاڵبووندا دێت. وەك دیاریشە نەفی دەکەوێتە بەرانبەر ڕابردوو و موزاریع نەهیش دەکەوێتە بەرانبەر ئەمر، لەوەوە من بۆ ئەوە دەچم کە نیشانەی موزاریعە هەر تەنیا ڕاگەیەنی کات نییە بەڵکو ئیجابییەتیش لە فیعلەکەدا پێك دەهێنێت بۆیە لەگەڵ نیشانەی نەفیدا کۆ نابێتەوە. ئەگەر تەنیا ڕاگەیەنێ کات بوایە و ڕوودانەکە لە تەنیا وشەی فیعلەکەوە بوایە نیشانەی موزاریعە لەگەڵ نەفیدا کۆ دەبووەوە. دیارە نیشانەی ئەمریش، کە داخوازییە، لەگەڵ نەهی، کە نەهێشتنە، کۆ نابنەوە. بۆیە ناگوترێ (نادەڕۆم، نادەکەیت) ناشگوترێ (مەبڕۆ، نەبکەین..).

لەم وردەکارییەوە دەگەم بەپێشنیاری چۆنیەتیی نووسینی ئەو فیعلەی کە لەمپەری نیشانە دەکەوێتە بەینی خۆی و پێشگریەوە، هەروەها چۆنیەتیی نووسینی ئەو نیشانانە کە لەمپەر دەکەوێتە نێوان خۆیان و فیعلەکەیانەوە.

وەهام بەبیردا دێ، کاتی خۆی پێشنیاری کۆڕ فەرقی کرد لە نێوان ئەوەی نیشانەکە خۆی ببێتە لەمپەر لەگەڵ ئەوەی لەمپەر بکەوێتە نێوان فیعل و نیشانەکە، کە نیشانەکە لەمپەر بوو پێشگرەکە بەجودا بنووسرێ و نیشانەکەش بەدەقی خۆی لەگەڵ فیعلەکە بمێنێتەوە وەك: هەڵ بگرە، دەرمەپەڕە، تێ ناکەوێ، لێ نەپرسێتەوە، تێ نەگەیشت. کە لەمپەریش کەوتە نێوان نیشانە و فیعلەکە تێکڕایان بەیەکەوە بلکێن وەك: دەمدوێنێ، ناتداتێ، نەیگرتیت، بیانبینە، بیانبینێت، مەیانشکێنەوە، دەتخوێند، بتکردبایە،

نەتکردبایە. کە نیشانەش قرتا پێشگر بەفیعلەوە بلکێ وەك: هەڵگرە، تێکە، پێکەنە..

ڕای من ئەوە بوو، ئێستاش هەر وەهایە، کە ئێمە زانیمان ئەو نیشانانە وەك بەشێکی فیعلەکانن پێویستە لە هیچ بارێکدا لە یەکدی جودا نەبنەوە وەك: هەڵدەستێ، تێناگا، لێبکاتەوە، وەرمەگێڕە، دەرنەچین، هەڵنەچوو. بەڵام کە پێشگرەکە لێکدراو بوو ناشێ بەنیشانە و فیعلەکەوە بلکێت چونکە گوتمان وەك وشەی عادەتیی سەربەخۆی لێ هاتووە وەك تێکڕا نەهاتن، پێکەوە بڕۆن، تێك ناگەن، لێکەوە دێن.. بەلای منەوە ئەمە بڕیاری مەنتیقە بەڵام بەرهەڵستیم نییە لەوەدا بەناوی سووککردنی ڕێنووس و کەمکردنەوەی دەستوورەکانی بڕیار بدرێ هەر لەمپەرێکی بێتە دوای پێشگرەوە لە فیعلەکەی جودا بکاتەوە، ئەگەر دەستووری لەمەشیان سووکتر پەیدا بێ بەویشیان ڕازیم.

حاڵەتێك هەیە دوو نیشانەی تێدا کۆ دەبێتەوە ئەویش ڕابردووی بەردەوامە لە حاڵەتی نەفیدا. دەگوترێ: نەدەهات. لێرەدا (دە)ی موزاریعە بووەتەماڵی ڕابردوو، هەرچی ڕابردووشە پێویستی نییە بەهۆی نیشانە ئیسپاتی پەیدابوونی خۆی بکات چونکە ڕووداوی ڕابردوو، بە ئیستلاح (أمر واقع)ە، لە حاڵەتی ڕوونەدان وەیا خۆزی خواستن ڕابردوو پەکی لەسەر نیشانە دەکەوێ وەك: نەهات، کاشکی بچوومایە.. بۆیە ئەم (دە)یەی (مضارعة) لە ڕابردووی بەردەوامدا لایەنی ئەو ئیجابییەت و ئیسپاتەی کە لە موزاریعدا دەیبینێ پەکی کەوتووە و هیچ سەیر نییە لەگەڵ نەفیدا بێت. ڕێژەی فیعلی ڕابردوو لە کوردیی سەروو و خوارووداجارێکی دیکەش لایەنی (امر واقع)بوونی خۆی لەوەدا دەردەخات کە بۆ نەفی نیشانەی (نەهی) مضارع بەکار دێنێت. هەر وەك لە نەهیدا جەزم و بڕیە هەیە لە ڕابردووشدا دڵنیایی و یەقینی ڕوودان و ڕوونەدان هەیە چونکە ڕوودان و ڕوونەدانی شتی لەمەوبەر لە ڕووناکیدایە وەك ئایندە نییە لە گومانی بوون و نەبووندا بێت. تۆ کە گوتت (دوێنێ هاتم) لەوانەیت لە سەدی سەد ڕاستت کردبێ، مەگەر مەبەستت هەڵفریواندن بێ، بەڵام کە دەڵێی (دوای سەعاتێك دێم) لەوانەیە هەر پێت نەکرێ بێیت چونکە مەعلووم نییە دوای یەك چرکەی سەعات چی دەقەومێ. وا دەزانم ئەمەیە هۆی بەکارهێنانی نیشانەی زێدە بەهێزی (نە) لە ڕابردوودا. سەیری چۆن (نەخۆش) لە (ناخۆش) بەهێزترە وەیا کە دەڵێی ئەم مایـنە (نەزۆکە) دڵنیایت لەوەی هەرگیز نازێ وەك ئەوەی کە گوتت (نەزا) دڵنیایت لە نەزانەکە بەڵام کە گوتت (نازێ) ڕەنگە بەهەڵەدا چووبێت چونکە لەوانەیە بزێ. گوێگری بەڕێز بمبوورێ لەم درێژە پێدانەی لایەنی لێکۆڵینەوەی سەر بەفیلۆلۆجی کە

دێم هـەنـدێکـی وەختـە بـەنرخـەکـەی دەکـەمـە قـوربـانـیـی تـۆزە تـروسکـەیـەك بـۆ ڕوونـاککـردنـەوەی ڕێزمـانـە بـەنرخـترەکـەی بـاییـی ئـەوەی لـێکدانـەوە و تـۆژینـەوەی شەخسی یارمەتیی دابێتم.

وشەیەکی دیکەی نەفی هەیە بەڕواڵەت (نە)یە عادەتییەکی نەهی و نەفیە کەچی لە ڕاستیدا نیشانە نییە بەڵکو ئامرازی عەتفە و نەفی تێدایە عەتفەکەشی لەوەوە دیارە کە وشە وەیا ڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە وەك (نە دارا نە دلێر هیچ کامیان ناخوێنن – نە دێم نە دەڕۆم..) (نە بکەی نە بخۆی تەماشای سای گەردەنی بکەی –فۆلکلۆر–). هەر چونکە بۆ نەفی نییە لەگەڵ نیشانەی ئەمر و موزاریعەتدا کۆ بووەوە. بەوردبوونەوەش دەردەکەوێ ئەم (نە)یە وەکو (لم، لما)ی عەرەبی، لە مەعنادا، کاری موزاریع دەکاتە ڕابردوو چونکە کە دەڵێی (کابرا نە دەخوا نە دەخواتەوە) باسی حاڵەتێکی وەها دەکەیت کە لێرە بەپێشەوە مەعلووم بووە، تەنانەت ئەگەر مەبەست لە ئێستا بەدواوەش بێ بەهۆی یەقینێك کە لە ڕابردوودا بۆت پەیدا بووە بەدڵنیاییيەوە نەفییەکە دەکەیت. ئەم (نە)یە لە جێی nor و neither ی ئینگلیزییە کە شێوەی نەفی or و either ن. (نە)ی کوردی شێوەی نەفی (یان)ە وەك کە دەڵێی (یان دێت یان دەچێت) کە لەوێشدا دڵنیایی هەیە، ئەگەر نەبێ دەڵێی (دەشێ، ڕەنگە، ڕێی تێ دەچێ، مومکینە بێت و نەیەت). ئەم (نە)یە وەك وشەی سەربەخۆ بەجودا و دوور لە وشەی دیکە دەنووسرێ.

پێشگر حیسابی دیکەشی تێدایە:

١– پێشگر هەیە دەشێ لە ڕستەدا ناوی زەرف بێت و دەشێ پێشگری ئاساییش بێت وەك (دەر، بەر). بەنموونە کە گوتت (نیوەم بەرکەوت، مەلەکەم بەر دا..) لەمانەدا (بەر) پێشگرە چونکە ناشێ ڕستەکان هەڵوەشێنەوە و (بەر) ڕاگوێزرێت بۆ شوێنێکی دیکە و بارێکی دیکە لە ڕستەی تازە هەڵنراودا واتە ناتوانی بڵێی (بەری مەلەکەم دا، بەر نیوەم کەوت) بەڵام کە گوتت (لە ڕێگەکە بەرکەوت) لێرەدا (بەر) زەرفە نەك پێشگر بۆیە دەکرێ بڵێی (کەوتە بەر ڕێگە).

٢– هەندێ وشەی (ناوی زەرف) هەن وەك (سەر، ژێر، پێش، پاش..) خەریکن بەرەو پـێشگری دەڕۆن و وشەی فـەرهـەنگـیـی تـازە دروست دەکـەن وەك (سەرکـەوتـن، ژێرکـەوتـن، پـێشکـەوتـن، پـاشکـەوتـن) لـەگـەڵ نـاودا وەك (پـاشدن، پـێشدەستـی، ژوورخان، ژێرزەمین).

پێشگربوونی ئەم وشانە لەو تەرزە لێکدرانەدا بەوە مەعلووم دەبێ کە ئەگەر وشە لێکدراوەکانت لەبەریەك هەڵوەشاندن واتاکەی دەدۆڕێنێت بەنموونە کە گوتت (چوومە ژێری زەمینەکە) تۆ نەچوویتە (ژێرزەمین) وەیا کە گوتت (کەوتمە سەر دارەکە) تۆ (سەرنەکەوتوویت..).

٣- وشە هەیە ناوی گشتییە بەڵام شێوەی پێشگری وەرگرتووە. لە هەمووان گونجاوتر وشەی (سەربڕین)ە کە بەتەواوی جێی (کوشتنەوە)ی گرتووەتەوە وەك کە دەڵێی (بەرخەکەم سەربڕی). تۆ کە گوتت (سەری بەرخەکەم بڕی) نەتکوشتووەتەوە ڕەنگە نەختێکت بریندار کردبێ. وشەی (دەستبڕین) بەواتای فێڵ لێکردن هێندەی (سەربڕین) نەبووەتە وشەی فەرهەنگی چونکە دەشێ لە ڕستەدا هەڵوەشێتەوە وەك کە دەڵێی (دەستی کابرای بڕی) دەشتوانی بڵێی (کابرای دەست بڕی).

٤- وشەی (پێکردن) بەواتای داگیرساندن لە بنەڕەتدا (بەئاگرکردن)ە، تا ئێستاش دەگوترێ (چراکە بەئاگر کە) بەڵام پێشگرەکە لەگەڵ فیلعەکەدا وەها جۆشخواردوو بووە دەتوانی بڵێی (چراکە بەئاگر پێکە نەك بەکفریت). بەزۆریش (پێکردن) بەکار دێت نەك (بەئاگرکردن).

پێشگرەکانی (پێ، تێ، لێ) لە پریپۆزیشنەوە هاتوون: (پێ) لە پریپۆزیشنی (بە)وە هاتووە، بەنموونە دەڵێی (بەدارام گوت) کە ناوی دارات لادا دەڵێی (پێم گوت) (بەهەمووانم ڕاگەیاند – پێیانم ڕاگەیاند).

(لێ) گۆڕاوی (لە)یە وەك کە دەڵێی (لە کێشەکە دوام – لێی دوام، ڕەخنەم لە تۆ گرت – ڕەخنەم لێ گرتی..).

وابزانم (تێ) دوو سەرچاوەی هەیە، یەکێکیان هەمان (لە)یە کە گوتم (لێ)ی لێ کەوتووەتەوە. دەڵێی (تفەنگم لە نیشانە گرت – تفەنگم تێ گرت، ئاردم لە جەواڵ کرد – ئاردم تێ کرد). ئەوەی دیکەیان وشەی (توێ – تێو)ە کە لە بنەڕەتدا یەك شتن. لە فارسیدا وشەی (تو) باوە وەك کە دەڵێ (تو دلت) واتە (ناوی دڵت، تێوی دڵت). لە ناوچەی دامەنی بیتوێن و بەری مەرگە و بنگرد گوێم لێ بووە دەڵێن (دەچێتە تێویەوە – بەواتای دەچێتە ناویەوە). ئەم پێشگرەی (تێ) کە لە (تێو، توێ)وە هات نابێتەوە (لە) وەك کە گوتت: (وەها تێ ماوم پەشۆکاوم – بەچاکی تێ وەستاوە جووڵەی بۆ ناکرێ) هیچ هەڵوەشاندنەوەیەك نایانباتەوە بۆ (لە). ئەگەر (تێدامان، تێداوەستان) بێت

دەچێتەوە بۆ (لە). ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو وشانەی بەپێشگری (تێ) دەست پێ دەکەن (تێ)کەیان یەکسەر لە (تێو، توێ)وە هاتبێت بەڵام لە هەڵوەشاندنەوەدا بشێ واتاکەی بەپریپۆزیشنی (لە) لێ بدرێتەوە چونکە (لە)ش زەرفییەتی تێدایە وەك (تێو، تێ). بەنموونە دەشێ (تێکردن) بە (لە ئەودا کردن) تەفسیر بکرێ. زۆریش ئاشکرایە پێشگری (تێ) کە لەگەڵ فیعلێکدا پێکەوە زەرفییەت پەیدا دەکەن مومکینە بەدەستەواژەی (لەناو) بگۆڕدرێتەوە وەك (تێهاویشتن – لەناو هاویشتن، تێکردن – لەناو کردن، تێوەردان – لەناو وەردان) بەڵام (نیشانە تێگرتن) نابێتە (نیشانە لە ناو گرتن) چونکە لە (تێگرتن)دا زەرفییەت نییە، نموونەی ئەمەش زۆرە وەك کە گوتت (تێبوون، تێ وەرپێچان، تێبەستن) ناکرێنە (لەناو بوون، لەناو وەرپێچان، لەناو بەستن..). بەهەمەحاڵ ئەم وردبوونەوەیەش پتر لەگەڵ فیلۆلۆجی خزمە، لابەلایی دەگاتەوە ڕێنووس بەڵام بێگومان هەموو وردبوونەوەیەك پرشنگ بۆ دەوروبەری خۆی دەهاوێژێ. هەر ئەم تەرزە وردەکارییەش بوو کاتی خۆی لیژنەی زمان و زانستەکانی گەیاندە ئەو ڕاستییە کە تەنیا سێ پێشگری (تێ، لێ، پێ) دەست دەدەن لە بەراییی پێشگری دیکەوە بێن و ببن بەدوو پێشگری یەك فیعل هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتی پریپۆزیشن لە هەرسێکیاندا. پێشگری (پێ) پێش (لێ، تێ) دەکەوێتەوە وەك (پێ لێکردنەوە، پێ تێکردن). پێشگری (لێ)ش پێش (پێ، تێ) دەکەوێتەوە وەك (لێ پێکەوتن، لێ تێگەیشتن). هەرچی پێشگری (تێ)یە ناتوانێ پێش (پێ، لێ) بکەوێتەوە. هیچ کامێکیش لە پێشگرە عادەتییەکانی وەك (هەڵ، دا، وەر) نایەنە پێش پێشگری دیکەوە.

پێشگرە پریپۆزیشنەکانی (پێ، لێ، تێ) کێشەی دیکەشیان هەیە: دەگوترێ: پێوە بوون، لێ وەبوون – پێدا هاتن، پێ داهاتن– پێڕا هاتن، پێ ڕاهاتن.

بەڕواڵەت پێشگرەکان هەریەکە دوو شێوە نووسینی هەیە، جارێکیان دوویان پێکەوە دەنووسرێن جارێکیشیان لێك دەترازێن. ئەم ڕواڵەتە ساغکردنەوەی دەوێ.

کە دەڵێی (پێدا چوون، تێدا ژیان) لەمانەدا پێشگرەکەی (دا) نییە هاتووەتە دوای (پێ، تێ) بگرە تەواوکەری پریپۆزیشنی (بە، لە)یە هاتووەتە دوایانەوە (بەهەولێردا تێپەڕین – پێدا تێپەڕین) (لە هەولێردا ژیان – تێدا ژیان).

هەروەهاش تەواوکەرەکانی (ڕا، وە) کە بەڕواڵەت لەگەڵ پێشگری (ڕا، وە) یەك شتن لە حوکمدا زۆر جودان. کە دەڵێی (تێڕا ڕۆیشتن – لێوە نۆڕین) دوو تەواوکەری

پریپۆزیشنت بەکار هێناوە کە دەبێ بەپێشگرەکانەوە بلکێن و هەردوویان بەجودا دوور لە فیعلەکەوە بنووسرێن، بەڵام کە گوتت (تێ ڕامان، لێ وەکردن) بەدوا پێشگری (تێ، لێ)دا دوو پێشگری (ڕا، وە)ت بەکار هێناوە کە دەبێ بەپێی دەستووری لێرە بەپێشەوە باسکراو (تێ، لێ) بەجودا و لە نزیك پێشگرەکەی دیکە و فیعلەکەوە بنووسرێن. لێرەدا پێشگری (وە) لە وشەی (وەکردن) پاشگرە مەشوورەکەی (ەوە – هاتنەوە، کردنەوە..)یە لەم لەهجەیەدا بۆ بەرایی وشە هاتووە. کەواتە ئەم (وە)یە ئەگەر تەواوکەری پریپۆزیشن بوو بەپریپۆزیشنەکەوە دەلکێت، ئەگەر پێشگریش بوو لە نزیك فیعلەکەوە دەنووسرێت – ناڵێم پێوەی دەلکێت چونکە لە نووسیندا هەڵناگرێ بەدوا خۆیەوە بلکێ.

زۆربەی نووسەران و زمانناسان، ئەگەر نەڵێم هەموویان، وا دەزانن (ڕا)ی فیعلی (ڕاکردن) پێشگرە مەشوورەکەی (ڕاهاتن، ڕاگوێستن)ە بەڵام ڕاستییەکەی لە (ڕاکردن)دا ئەم (ڕا)یە کورتکراوەی وشەی (هەڕا)یە بەواتای (غاردان). بەڵگەی ئەمەش کەم نییە:

١– تا ئێستاش (هەڕاکردن) لە ئاخاوتندا باوە.

٢– لەگەڵ hurry ئینگلیزی خزمە هەم لە واتادا و هەم لە شێوەدا. وا دەزانم وشەی (خێرا)ی کوردیش هەر هەمان (هەڕا)ی کوردی و hurry ئینگلیزی بێت، وەك دەزانین گۆڕانی دەنگی (خ) بە (هـ) وەیا (هـ) بە (خ) لە کوردیدا ڕەچاو دەکرێ وەك کە وشەی (خۆر، هۆر) یەك شتن، وشەی (هەر)ی کوردی و (خەر)ی فارسیش یەك شتن.

٣– بەعادەت پێشگر فیعلی تێپەڕ ناکاتە تێ نەپەڕ فیعلی تێ نەپەڕیش ناکاتە تێپەڕ کەچی (ڕاکردن) بەواتای غاردانە و تێ نەپەڕە (کردن)یش تێپەڕە.

٤– بابەتی مەتەڵی فۆلکلۆری هەیە دەڵێ (قوندەکە قوندەکە لە سەربانان هەڕا کە بۆقە و پێت ناڵێم..). دیارە (هەڕاکردن) لە کۆن و نوێدا باو بووە. کەواتە دەبێ ئەم (ڕا)یە لە وشەی (ڕاکردن)دا لە دووری فیعلەکەوە وەك وشەیەکی سەربەخۆ بنووسرێت.

وشە هەن لەو پێشگرە پریپۆزیشنانە داکەوتوون وەك (لێزان، لێهاتوو، پێخەف، تێچێن) لە کۆنەوە باو بوون هی نوێشیان چووەتە سەر وەك (پێنووس، پێناس) دەبێ هەردوو کەرتیان بەیەکەوە بلکێن. تەواوکەری ئەو تەرزە پێشگرانەش وەك (پێدا، تێڕا، لێوە) هەموویان لە یەك حوکمدان دەبێ بەپێشگرەکانیانەوە بلکێن. زۆربەی نووسەران

تەواوكەری (دا) دەلكێنن و نالكێنن ئەوانی دیكە هەمیشە دەلكێنن، ئەم مامڵەت جوداییە بێ جێییە و بەسەر هیچ بنجێكەوە هەڵناوەستێ. دەبێ هەموویان بلكێن وەك:

لە ڕاستیدا

لە كەركووكرا

بەسەرومالەوە

لێدا، تێدا، پێدا، پێرا، تێرا، تێوە، پێوە، لێوە، تێكرا، لێكدا، لێكەوە، پێكەوە، لێكترەوە، پێكترەوە.. وشەیەك هەبوو تا بیست ساڵێك لەمەوبەر، بەتایبەتی لە نێوان مەلایاندا، باو بوو هەر دەڵێی لە بیران چووەتەوە ئەویش وشەی (لەوڕا)یە بەواتای (چونكە). ڕەنگە وشەكە كورتكراوەی (لە ئەوڕا) بێ. ئەگەر ژیایەوە دەبێ ئەویش بەسەریەكەوە بنووسرێ.

ئێستا باسی چۆنیەتیی نووسینی وشەی وەك (بەپارە، بێ دین، لەبار) بەدوا ئەوانیشدا (بۆچوون، بۆهاتن) دەكەین كە هەموویان پریپۆزیشنیان لە پێشەوەیە.

ئەم وشانە وەك (جلدروو، دڵسۆز..) نین كە كەرتی دووەمیان بەتەنیایی واتا نابەخشێ، لەبەر ئەمە ناشێ یەكسەر دەستووری ئەوانیان بۆ ڕاگوێزین.

بەلای منەوە نووسینی ئەم وشانە كە هەردوو كەرتیان یەك واتای سەرانسەر ببەخشن دەبێ هەردوو كەرتیان لە یەكدی نزیك بنووسرێن و ئەگەر پیتەكانیان دەست بدەن بەیەكەوە بلكێن. وەك دیارە ئەم وشانە ئەگەر لە غەیری فیعلەوە هەڵستن ئاوەڵناو پێك دێنن و پلەی خوار و ژووریان دەبێ وەك (بەدینتر، هەرەلەبار، بێحاڵترین) ئینجا كە ئەمە وەها بێ دیارە لەم شێوە بەكارهێنانەیاندا لە ڕادەی تاكە وشەی واتادارن كە دەبێ هەموو پیتەكانی بەیەكەوە بلكێن. بەلام كە لە ڕستەدا وشەكە هەڵوەشایەوە بەیەكەوە لكانەكەش كۆتایی دێت وەك كە بڵێی (ئەم دنیایە بێ دین ڕاناوەستێ — ناتوانم بێ پارە خانوو بكەم — لە بارێكی دیكەدا جۆرێكی دیكە دەدوێم.) ئەم ڕاستییە هۆیەك بوو لەوانەی كاتی خۆی لە ئەنجوومەنی كۆڕ پێشنیارم دەكرد كە وشەی وەك (جلدروو، دڵسۆز..) هەمیشە بەیەكەوە بلكێن چونكە هەڵوەشاندنەوە هەڵناگرن.

وشەی (بۆچوون، بۆهاتن) و هی وەك ئەوان كە پریپۆزیشن هاتووەتە بەراییی چاوگیانەوە ڕێ دەدا نەختێك لە سروشتی ئەم (بۆ)یە بكۆڵینەوە. بەدوا ئەودا برا چووكەڵەیەكیشی هەیە كە دەبێ باس بكرێ. هاتنی پریپۆزیشن لە بەراییی چاوگ و

تێکڕای بەرەی ناودا شتێکی ئاساییە وەك (بۆ فرۆشتن دار دەکڕم، بەخوێندن سەر دەکەویت، لە زانینەوە دەدوێ..) بەڵام لە نێوان پریپۆزیشنەکاندا تەنیا (بۆ) بەڕاشکاوی دەتوانێ بهێتە بەرایی ڕاناوی لکاوەوە وەك (بۆت بەپەرۆشم، بۆیان دەنێرم، بۆم دەنووسێ..) لەمەشدا ڕەفتاری (پێ، لێ، تێ) دەکات کە ئەوانیش لە پریپۆزیشنەوە بوونەتە پێشگر. پریپۆزیشنی عادەتی دەچێتە بەرایی هەموو ئەو وشانەی کە لە تاقمی ناون وەك ئاوەڵناو و ڕاناوی کەسی نەلکاو و ناوی ئیشاری و ژمارە و دەستەواژەش بەڵام هەرگیز ناچێتە بەرایی ڕاناوی لکاوەوە، (بۆ)ش بەبێ واسیتە ناچێتە بەرایی فیعلەوە. دەڵێی (هەڵفڕی، داکەوت، لێکەوت، بەربوو) بەڵام ناتوانی بڵێی (بۆ هات، بۆ ڕۆیشت) مەگەر ڕاناوێکی لکاو ببێتە جەمسەری بەیەکەوە گەیشتنی (بۆ) و فیعلەکە وەك: (بۆمان هات، بۆیان ڕەخسا...). لەمەوە دەردەکەوێ پریپۆزیشنی (بۆ) نابێتە پێشگری تەواو. سەرنج دەری دەخات ئەم (بۆ)یە لە هەموو ڕوویێکەوە ڕەفتاری (برای)ی فارسی دەکات کە ئەویش دەچێتە پێش ڕاناوی لکاوەوە نەك فیعل، لە واتاشدا یەکجار نزیکی (بۆ)یە. لەمەش زیاتر، هەروەك (بۆ) دەتوانێ پریپۆزیشنی (لە) بەخۆیەوە بگرێ (برای)ی فارسیش پریپۆزیشنی (از) بەخۆیەوە دەگرێ کە بەواتای (لە)یە. دەڵێی (لە بۆ) فارسیش دەڵێن (ازبرای). شێوە ئاخاوتنی کوردی هەیە لە جیاتی (لە بۆ) دەڵێ (ئەڕا) کە ئەویش دەچێتە پێش ڕاناوی لکاوەوە.

بەهەمەحاڵ ئاسان نییە بڕیار بدرێ لەسەر ئەوەی ئایا وشەی (بۆ) لە چییەوە هاتووە و بنەمای چی بووە. ئەو نزیکییەی لە نێوان (ازبرای) و (ئەڕا)دا هەیە لە ڕووی شێوەوە لە نێوان (لە بۆ) و هیچ کامێکیاندا نییە. ساغکردنەوەی پرسیارەکە تێ هەڵکشانی بەرەو مێژووی کۆنی زمانی کوردی گەرەکە، بەتایبەتی لە ڕووی بەراوردکردنی وشەکە لەگەڵ ئەو وشانەی شکڵی کۆنیان پارێزراوە و لەو نزیکن. هەرچۆنێك بێ پێویستە لە نووسیندا وشەی وەك (بۆچوون، بۆهاتن) هەردوو کەرتەکەی بەسەریەکەوە بن نەك (بۆ)یەکە دوور بخرێتەوە. وەك دیاریشە (بۆ) لە کۆنەوە لەگەڵ چاوگدا وشەی نوێی دروست کردووە، ئەویش بەدەگمەن. نەبیستراوە لێرە بەپێشەوە (بۆ) لەگەڵ وشەی غەیری چاوگدا هاتبێ. لەبەر ئەمە وا دەزانم وشەی (بۆناو) بەواتای (ڕاناو – ضمیر) کە بەو دواییە داتاشراوە لە ڕاستە دەستووری وشەسازیی کوردیی لاداوە، خۆ وشەی (ڕاناو) بەهیچ جۆرێك لە هیچ دەستوورێکدا ڕەوا نییە چونکە کەرتی (ڕا) ئەگەر پێشگرە ناسراوەکەی (ڕاهاتن، ڕاگوێستن، ڕادان..) بێت

هەرگیز ناشێ لەگەڵ ناودا بێت، ئەگەر کورتکراوەی (ئەڕا)ش بێ پێویستە بگوترێ (ئەڕای ناو) (ڕای ناو) بەتەواوی وەك (ازبرای نام، برای نام). ئەوەی ئاشکرایە (بۆناو) و (ڕاناو) لە وشەی Pronounەوە وەرگێڕدراونەتە سەر کوردی. لە (پرۆناون)دا کەرتی (پرۆ – Pro) بەواتای (بەرەو)ی کوردی دێت، دیارە noun ەکەش بەواتای (ناو)ی کوردییە. بەو پێیە تەرجەمەی وشەکە بۆ کوردی دەبێ بیکاتە (بەرەو ناو) هەتا بشڵێی لە وشەی Pronoun ەوە نزیکە.

برا چووکەڵەکەی (بۆ) پریپۆزیشنی (بێ)یە کە ئەویش لە هەندێ باردا دەشێ ڕاناوی لکاو بەخۆیەوە بگرێ وەك کە دەگوترێ (بێت ناژیم – بێمان هەڵناکەن..) وەك بزانم لە پەڕاوێزێکی زێدە تەسکدا و لە تەنیا حاڵەتی نەفیدا ئەم (بێ)یە هەندێ ڕاناوی لکاو بەدوا خۆیدا دەهێنێ. ئەمە لەلایێکەوە، لەلایەکی دیشەوە (بێ) وەکو (بۆ) دەتوانێ پریپۆزیشن بخاتە پێش خۆیەوە وەك (بەبێ پارە سەفەر ناکرێ، بەبێ ترس هاتە دوان..). سەرەڕای ئەمە دەتوانێ پریپۆزیشن بەدوا خۆشیدا بهێنێ وەك (بێ لەم جارە دوو جاری دیکەش هاتووم). بۆیەش دەڵێم (بێ) پریپۆزیشنەکان بەپێش و پاشی خۆی دەیەخێت.

١– دەتوانرێ (بە) فڕێ بدرێت و لە جیاتی (بەبێ پارە) بگوترێ (بێ پارە).

٢– ئەو ڕستەیەی کە تێیدا لەگەڵ (لە) کۆ دەبێتەوە بەر حوکمی (بێ)یە هەرچی (لە)یە یاریدەدەری تەواوکردنی واتای (بێ)کەیە، بەنموونە سەرنج بدە ئەم دوو ڕستەیە (بێ تۆ دارا هات – بێ لە تۆ داراش هات..).

لەلایەن چۆنیەتیی نووسینیانەوە دەبێ هەردوو پریپۆزیشن بەجودا و لە یەکدی دوور بنووسرێن نەك خەیاڵ بۆ ئەوە بچێ کە ئەمانە پریپۆزیشنی لێکدراون. دیارە کە ڕاناوی لکاویشیان بەدوادا هات دەبێ پێیانەوە بلکێ هەرچەند مەعلوومیشە (بۆ) ڕێ نادا شتی لە دواوە پێوە بلکێ، ئینجا لەگەڵ ڕاناوەکەدا دوور لە وشەی دوای خۆیانەوە بنووسرێن.

زۆر جاران نووسەر و ئاخێوەی کوردی وا دەزانێ وشەی وەك (پێ لێ هەڵبڕین، پێ لێ خستن، پێ لێنان، پێ شێلکردن...) بەپێشگری (پێ) دەست پێ دەکەن، کەچی ئەم (پێ)یە بەواتای (قدم)ی عەرەبییە و ناوێکی عادەتییە. لەبەر ئەمە دەبێ نووسەر ئاگاداری واتای وشەکە بێت و لەو شوێنەدا کە پێشگر نییە بەجودا دوور لە وشەی دواتری بنووسێت.

ڕاستییەکەی هەرسێ پێشگری (پێ، لێ، تێ) لە بەکارهێناندا وا دەبێ پێشگری تەواون واش دەبێ وێنە پێشگرن. عەیارەی لە یەکدی جوداکردنەوەشیان ئەوەیە ئەگەر گۆڕانیان بەسەر واتای وشەدا هێنا پێشگری تەواو و ڕاستینەن دەنا وێنە پێشگرن. بەنموونە: وشەی (پێکردن) ئەگەر بەواتای (داگیرساندن) بوو کەرتی (پێ)ی پێشگرە چونکە واتای فیعلی (کردن)ی گۆڕیوە، بەڵام کە گوتت (کارەکەم بەتۆبزی پێ کرد) لێرەدا (پێ)کە پێشگری تەواو نییە چونکە واتای (کردن)ی نەگۆڕیوە. (لێکردن) کە بەواتای دوشمنایەتی بوو (لێ)یەکە پێشگرە بەڵام کە گوتت (فێڵم لێ کرد) (لێ)کە وێنە پێشگرە. لە وشەی (تێبردن)دا (تێ) پێشگرە بەڵام لە (تێبەستن)دا وێنە پێشگرە. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر زەحمەتە نووسەری عادەتی، بەتایبەتی هی بێگانە، بتوانێ هەست بەم جوداوازییەی هەردوو حاڵەتی وشەکان بکات. لەبەر ئەمە وەها بەرژەوەند دەبینم کە لەگەڵ هەمووواندا و لە هەموو بارێکدا یەك جۆرە مامڵەت بکرێ و هەمان دەستووریان بەسەردا بهێندرێ.

لێرە کە قسە لە پێشگر دەکەین باسی گیروگرفتی هەندێ شێوە داڕشتنی دەستەواژە بکەین کە لەگەڵ فیعل و غەیری فیعلیشدا دێن. دەستەواژەی وەك (چنگ لەسەر شان، دەستەونەزەر، بەرەوڕۆژ، دەستەوخەنجەر، دەمەوڕوو..) کە دەشێ ئاوەڵناو وەیا ئاوەڵکار بن، بەرەو ئەوە ڕۆیشتوون ببنە وشەی فەرهەنگی و فەرقیان هەیە لەگەڵ دەستەواژەی وەك (قەرز نەدانەوە، لەسەر چەقی ڕێگە ڕاوەستان، لە ئاودا مەلەکردن..). بەڵێ ڕاستە هێندەی وشەی وەك (بن بەردەقیلە، پەپوولەسلێمانکە، حاجی لەکلەك، دوڕەشێر..) دەقگرتوو و جۆشخواردوو نەبوون بەڵام چونکە بوونەتە ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و هەڵوەشاندنەوەش قبووڵ ناکەن لێیان دێت کەرتە جوداکانیان لە یەکدی نزیك بنووسرێن بێ ئەوەی بلکێندرێن. کە دەڵێم هەڵوەشاندنەوە قبووڵ ناکەن مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر هەڵت وەشاندن واتاکەیان وەك خۆی نامێنێ، بەنموونە کە گوتت (دوو چەنگی خستە سەر شانەکانی برادەرەکەی) دەستەواژەی (چنگ لەسەر شان) تێ چوو بەڵام کە (لەسەر چەقی ڕێگە ڕاوەستان) خرایە ڕستە و بوو بە (لەسەر چەقی ڕێگە دوو ڕۆژان بەتەنیا بۆی ڕاوەستام) واتاکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە، کەواتە جۆشخواردوو نەبووە و نەچووەتە ڕیزی وشەی فەرهەنگییەوە. لەبەر ئەمە پێویست نییە بگرە جایەز نییە کەرتەکانی (لەسەر چەقی ڕێگە ڕاوەستان – بەپێوە نانخواردن..) لە یەکدی نزیك بخرێنەوە.

لە بانگەوازەکەدا وشەی (سادە و داڕێژراو) بەر خاڵی دووەم کەوتوون گۆیا خزمی یەکترن، دواتر لە خاڵی سێیەمدا (وشەی ناسادە) هاتووە. لە خاڵی شەشەمدا وشەی لێکدراو هاتووە. ڕەنگە بێ سوود نەبێ بزانین سادە و ناسادە و داڕێژراو و لێکدراو چین.

بەپێی سەرجوملەی لێکدانەوەکانی لیژنەی زمان و زانستەکانی سەر بەکۆڕی زانیاری کورد، کە من لەوانەی وا ئێستا وەریان دەگرم ڕازیم، وشە لە ڕووی کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە دەبێتە دوو بەش:

١– سادە ٢– ناسادە

ناسادەش دەبێتەوە:

أ– داڕێژراو ب– لێکدراو

١– سادە ئەو وشەیەیە کە لە شێوەی ئێستاکەیدا هیچ زیادەیەکی لاوەکیی تێدا نەبێت، وەك: پیاو، بەرد، ڕێوی، هیزە.

٢– ناسادە ئەو وشەیەیە کە زیادیی لەگەڵدا بێت.

أ– داڕێژراو ئەو ناسادەیەیە کە تەنیا یەك وشەی واتاداری تەواوی تێدا بێ، واتە زیادییەکەی واتای سەربەخۆی نەبێ وەك: هونەرمەند، پیاوەتی، پیاوانە، دەرگەوان.

ب– لێکدراو ئەو ناسادەیەیە کە بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تەواوی تێدا بێ وەك: بەردەنوێژ، داروەکار، شەونم.

دەشێ بڵێین پلەی هەرە تێکەڵ و بیندرێژی وشەی لێکدراوی کوردی (ئاوێتە)یە وەك وشەی سیسارکە کەچەڵ، بن بەردەقیلە، چاردەرپیان.. بەڵام هەر دەکاتەوە لێکدراو چونکە درێژبوونەوەی وشەی لێکدراو ئەگەر چۆنایەتییەکی تازە پەیدا نەکا نایباتە بارێکی تازەوە.

کاتی خۆی لیژنەی زمان و زانستەکانی کە تێیدا ئەندام بووم، بایەخی وشەی واتاداری دا بەو کەرتەی کە ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب) و ناوی بەرکاری لێکدراو (اسم مفعول مرکب) دروست دەکا وەك کەرتی (خۆر) لە (نانخۆر) و کەرتی (دەر) لە (ناندەر) و کەرتی (شۆر) لە (جلکشۆر). بایەخەکەش لە گرنگیی دەوری ئەو کەرتە لە پێکهێنانی وشەکانەوە دێت، نەخۆ ئەو کەرتانە بەتەنیا واتا نابەخشن. بۆیە بوو لیژنە

وشەی وەك لێنەر، تێكەر، بەرخۆر، ڕاڕەو..ی بەوشەی داڕێژراو دانا چونكە ئەگەر كەرتە فیعلییەكەی بەواتادار دانەنابایە وشەكان پێیان نەدەگوترا داڕێژراو. سەیر لەوەدایە ئەو وشانە سادەش نین چونكە تاكە وشە نین، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی پێیان بگوترێ (ناسادە) بەڵام ناسادەیەك كەوا نە داڕێژراوە و نە لێكدراویشە. وشەی وەك تێكەڵ، پێكەڵپێك بەڕواڵەت وشەی واتاداری تێدا نییە بەڵام ڕاستییەكەی لەمانەدا بەئەسڵ وشەی (یەك) هەیە كە ژمارەی واتادارە و لێی سواوە. لەبەر ئەمە داڕێژراوی بێ تەئویلن.

لە تێكڕای ئەم بۆچوونانەوە دەبێ وشەی وەك (هەڵتەكێن، ڕایەخ، پێخەف، دابڕ، وەرگێڕ) و هەرچی دیكەی ئەوتۆیی هەبێ بەداڕێژراو دابندرێ، دیارە وشەی وەك (بەهەڵەبەر، گوڵەپێغەمبەرانە..) سەرەڕای لێكدراو ئاوێتەشن.

ئەم وشانەی داڕێژراو، لێكدراو، ئاوێتەش، بەكورتی هەموو ناسادەكان مادەم بووبێتنە وشەی فەرهەنگی دەبێ بەسەریەكەوە بنووسرێن. هەر لەم بڕیارەوە دەفامرێتەوە كە هەرچی پاشگر هەیە دەبێ بەپێش خۆیەوە بلكێ. نیشانەی (پێ ناسین) و (كۆ) هەرچەند پاشگر نین چونكە گۆڕان بەسەر واتای وشەدا ناهێنن دیسانەوە هەر بەكۆتاییی وشەوە دەلكێن وەك (دڵەكە، لە دڵاندا). كە بەیەكیشەوە هاتن هەر دەلكێن وەك (دڵەكان).

پاشگرەكانی كار ئەمانەن:

١– دەنگی (ا) وەك (ترس – ترسا، ترش – ترشا، كول – كولایەوە) بەلای منەوە دەنگی (ی) كە دێتە پاش هەندێ وشەوە و دەیكاتە فیعل پاشگر نییە چونكە هەر لە ڕابردوودا دەردەكەوێ لە موزاریعدا ون دەبێ. بەنموونە وشەی (لەرز) دەبێتە (لەرزی، لەرزیم..) بەڵام لە موزاریعدا یێیەكە دەرناكەوێ (دەلەرزم، دەلەرزن..) هەرچی ئەلفەكەیە لە موزاریعدا دەبێتە (ی)ی كراوە وەك ترسام، دەترسێم – جۆشا، دەجۆشێت – كۆشاین، دەكۆشێین. لەگەڵ ئەمەشدا (ی) لەرزی، دزی، دڕی و، هەموو فیعلێكی دیكە، وەك بەدیهییە، بەكۆتاییی وشەوە دەلكێ، هەر نەبێ لەبەرئەوەی كە بەشێكی پێكهێنەری فیعلەكەیە.

٢– پاشگری (كا) وەك: ئاڵۆزكا، هەڵترووشكا، بزڕكا.. لە موزاریعیشدا دەبێتە (كێ).. دەئاڵۆزكێ، دەبزڕكێ..

٣– پاشگری (را)ی فیعلی كارابزر وەك دیترا، گوشرا، نووسرا. لە موزاریعیشدا دەبێتە

(ڕێ). دەگوشرێ، دەدیترێ.

٤- پاشگری (اند) وەك ترساندی، پساندی. لە موزاریعیشدا دەبێتە (ێن).. دەپسێنم، دەترسێنن، دەرمێنین..

٥- پاشگری (ەوە) وەیا (وە) کە لە ڕابردوو و ئایندەدا یەك شتە وەك: چوومەوە، دەچمەوە - پرسیتەوە، دەپرسیتەوە. ئەم پاشگرە وەك لە نموونەکاندا دیارە، دەکەوێتە دوای ڕاناوی کۆتاییی فیعلەکەشەوە، واش دەبێ بەدوا دوو ڕاناودا دێت وەك: دیتمتەوە، ناسیانینەوە... پاشگرەکانی دیکە یەکسەر بەکۆتاییی فیعلەوە دەلکێن و ڕاناویان بەدوادا دێن.

پاشگری غەیری کار هێند زۆرە لە ئەژمار نایەت. وەك لێرە بەپێشەوە گوتم سەرلەبەری پاشگرەکان بەکۆتاییی وشەوە دەلکێن، زۆربەی نووسەرانیش هەر وەهایان دەنووسن.

وشەی وەك (دڵ پاك) ئەگەر لە واتادا کەرتەکانی بەیەکەوە بەسترابوونەوە بەسەریەکەوە بنووسرێن بەڵام نەلکێن. دەڵێن (دارا دڵ پاکە) بەڵام کە لە واتادا لە یەکدی ترازان دەبێ دوور لە یەکدی بنووسرێن وەك: چی هەتە لە ناو دڵ پاکە.

وشەی وەك (دەستنوێژ) چونکە بووەتە فەرهەنگی دەبێ کەرتەکانی بەیەکەوە بلکێن. پێپلکە، پێکورە، سەراسنە، گەرماژۆ.. و هەرچی وشەی لێکدراوی وەها هەیە دەبێ کەرتەکانیان بلکێن.

وشەکانی (هەرچی، هەرکام، هەرکوێ) بوونەتە وشەی لێکدراو کەرتەکانیان ئەگەر لکانیان هەڵگرتبا دەبوایە بلکێن. بەڵام (هەر) بەدوا خۆیەوە نالکێ بۆیە دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێن. بەڵام (هەر کەسێك هەر شارێك) چونکە نەبوونەتە وشەی لێکدراو دەبێ لە یەکدی دوور بنووسرێن.

نیشانەکانی پلەی بەراورد و بالای (صفة) بێ دەمەتەقە دەبێ بەوشەوە بلکێن وەك (جوانتر، جوانترین، هەرەجوان). بەڵام وشەی (هەر) لە ڕستەی وەك (هەر دەڕۆم و نایگەمێ - هەر منم ئێستە وارسی عیسا - هەر مرۆڤ دەتوانێ بدوێ) دەبێ سەربەخۆ و لە دووری وشەی دوایەوە بنووسرێ.

لە وشەی (شتی تر)دا ئەم (تر)ە سیفەتە و بەوشەوە نالکێ.

یەکەم، دووەم، بیستەم، دوازدەمین، پێنجەمین... نیشانەی پلەیان بەژمارەکەیانەوە

دەلکێ و لەمەدا چ گرفت نییە، بەڵام چ پێویست بەوە ناکات لە هەندێ ژمارەدا دەنگی (هە) لەلاوە بێت بۆ ناو وشەکە وەك کە هەندێ کەس دەنووسن (دووهەم، سێهەم) چونکە ئەم (هە)یە ناچێتە کۆتاییی هەموو ژمارەکانەوە تەنانەت کە نووسیشت (دوازدەهەم) ناتوانی بنووسیت وەیا بڵێیت (دوازدەهەمین..) بەشی زۆری ئاخێوەری کوردیش دۆستی ئەم (هـ)یە نین ئیتر بۆ دەبێ بەسەر زمانی ئەدەبیدا بسەپێت؟

وشەی (هی) کە ئەمرازی وەسف و ئیزافەیە بەجودا دەبێ بنووسرێ وەك (ئەمە هی منە.. هی قەڵەو بگرە هی لەڕ نا). بەڵام کە سوانی بەسەردا هات و مایەوە (ی) دەبێ بەکۆتاییی وشەوە بلکێت وەك (گوڵی جوان، بەرخی بارام).

دوو وشە هەن لە نێوان عەشرەتە مەیلەو کوێستانییەکانی بەشێکی سۆراندا باون تا بڵێی گەش و ڕاگەیەنن، بریتین لە چەند کەرتی ئەوتۆ هیچیان بەتەنیا واتا نابەخشن. دوو وشەکە (پێ هەڵا) و (پێدا)یە وەك کە یەکێك بڵێ (جۆگەو جۆگە ڕۆیشتم) ئەوی دیکەش بپرسێ (پێ هەڵا یان پێدا؟) واتە بەرەو سەرچاوە و بناوانەوە وەیا بەرەو قووناو؟ جوانیی وشەکانیش لەوەوە دێت کە دەست دەدەن بۆ هەرچی سەرەژوور و سەرەژێرە هەر لە شاخی ڕژد و ڕکەوە هەتا دەگاتە پێ دەشتی دەستەوناو و هەموار. وشەی یەکەمیان بریتییە لە (پێ هەڵ دا) ئەوی دیکەش (پێ دا)ی عادەتی. بەلای منەوە یەکەمیان دەبێ (پێ)کەی بەجودا لە نزیکی (هەڵدا)ی بەیەکەوە لکاوەوە بنووسرێت، (پێدا)ش بەیەکەوە بلکێت (پێ هەڵا – پێدا).

٣

## وشەی ناسادە

لە ژێر ئەم خاڵەدا دوو بەندی أ– دیاردەی داتاشین و قووتدانی هەندێ دەنگ. ب– گیروگرفتی ژمارەکان لە (١١)وە تا (١٩) نووسراوە.

أ– لەبارەی دیاردەی داتاشین و قووتدانی هەندێ دەنگەوە:

ئەگەر ڕوون کرابایەوە ئایا مەبەست لە داتاشین ئەوەیە کە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (نحت) یاخود مەبەست داڕشتنە باس لێکراوەکەیە دەتوانرا بەجۆرێکی ڕوونتر لە کێشەکە بکۆڵرێتەوە. بەهەمەحاڵ داتاشین بەواتای (نحت) بێ وەیا بەواتای داڕشتن و (اشتقاق) بێ لە ڕێنووسدا فەرق پەیدا ناکا چونکە هەر وشەیەکی فەرهەنگی لە

دارشتنەوە وەیا لە داتاشینەوە وەیا لە غەیری ئەوانەوە بەرهەم بێت مامڵەتی تاکە وشەی لەگەڵدا دەکرێ بەپێی تێبینی و هەلومەرجێکی کە لە بەشی زۆریان دواین.

یەك تێبینی هەیە پێویستە باسی بکەم: وشەی داتاشراو و دارێژراو و لێکدراوی لێرە بەپێشەوە شوێنی خۆیان لە زماندا کردووەتەوە و بوونەتە بەشێکی ئاخاوتن و نووسین. دەمێنێتەوە وشەی تازە دروستکراو و چۆنیەتیی پێشوازی لێکردنی. بێگومان رێگە بەستن لە داهێنانی وشەی نوێ نەزۆککردنی زمانەکەیە چونکە ئەم جیهانە وەها خێرا بەرەوپێشەوە دەڕوات و دەگۆڕێت خەریکم بڵێم زمانی پار ناتوانێ بەچاکی تەعبیر لە هەموو دۆزراوە و داهێنراو و خەیاڵ لێکراو و نەخشەکێشراوی ئەمساڵ بداتەوە. دانانی وشەی نوێش لە چەند رێگەیەکەوە دەبێ: یەکیان ئەوەیە خەڵق لەخۆوە ناوێك بۆ شتێکی تازەبابەت دابنێ. دووەمیان ئەوەیە نووسەر و زمانزان هەریەکە لە مەیدانی خۆیدا بەدوا وشە و تەعبیری نوێدا بگەڕێ. سێیەمیان ئەوەیە لیژنەی لێزانان خەریکی ئەم کارە بن.

بەداخەوە وەها دەبێ کام وشەی چرووکە ئەویان پەرە دەستێنێ وەك راناوە پشت لە دەستووره بەبرەوە بێ کەلکەکە وەیا وشەی (بەروار) کە لە هەڵەیەکی رووتەوە بۆ ناو فەرهەنگانیش رۆیشت.

وا بەچاك دەزانم لیژنەیەکی لێزانان ئەم کارە بگرنە ئەستۆی خۆیانەوە و دەستەی کوردیش سەرپەرشتیی چالاکی و بەرهەمی لیژنەکە بکات و هەر جارەش کە لیستەی وشەی نوێ رێك خرا بڵاو ببێتەوە بۆ رەخنە و تێبینی تاکو لە ئەنجامدا وشەکان قاڵبی یەکجارەکی وەردەگرن و قەرارادە دەکرێن ئەوەی راستیش بێ دەستەی کوردی بۆ ئەم جۆرە کارە پەیدا بووە ئەگەرنا چی چاکتری لە تواناداییە؟ لە ئیمکاندا نییە بۆ هەر تاقمە وشەیەکی نوێ کۆڕێکی وەك ئەمەیان رێك بخات، بۆیەیە دەبێ لیژنە بخاتە کارەوە. ئەم کۆڕەیش دەبێ لیژنەی لێزانی بێ تەرەفانی بەدوادا بێت بۆ هەڵبژاردنی پێشنیارە پەسەندەکان.

بگەڕێینەوە بۆ رێچکەی لێکۆڵینەوەکان:

قووتدانی دەنگ.

ئەم دیاردەیە لە روانگەی روونەوە سەیری دەکرێ:

ئێمە هەرچەند نەشتوانین وشەی ئێستاکەی کوردی ببەینەوە بۆ سەرچاوەی

مێژوویی کۆنی زمانی کوردی تا بزانین لە ماوەی چوار هەزار ساڵدا چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە ئەوەندەمان پێ دەکرێ لە ڕێی بەراوردکردنی وشەی لەهجە جوداکانەوە بزانین کامیان پتر لێی سواوە وەیا بەرەو هەڵە بووەتەوە. بەنموونە ئەو وشە کوردییەی کە بەواتای (دشنام)ی فارسی و (شتم)ی عەرەبییە لە هەندێ ناوچەدا (دژنێو)ی بۆ بەکار دەهێنن. دیارە ئەم دژنێوە بووەتە (جنێو) کە وشەیەکی زیندوو و دەستووریشە چونکە سوانی بەسەردا هاتووە نەك شێوان. جنێو بووەتە (جوێن) و جوێنیش گۆڕاوە بە (جوون). ئەم دوو وشەیەی (جوێن) و (جوون) هەردوویان بیژۆك و ڕیزپەڕن تەنیا بۆ ئاخاوتن دەست دەدەن (دژنێو) و (جنێو) هەردوویان پەسەند و دەستوورین بەر شێوەی زمانی ئەدەبی دەکەون. ئێمە ئەگەر (دژنێو) و (جنێو)مان بۆ نەپاراسترابایە نەماندەزانی (جوێن) بیژۆکە، بێ (جوێن)یش بیژۆکبوونی (جوون)مان بۆ دەرنەدەکەوت. هەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانین وشان بەیەکدی بگرین و ڕاستتر و لە ڕاست نزیکەکان هەڵبژێرین.

جگە لەم بەراوردکردنە دەتوانین لە ڕێی دەستوورە بەرچاوەکانی سوان و قرتان لە هەر لەهجەیەکدا ماکە ڕاستینەکە بدۆزینەوە، وەك بڵێی لەهجەیەك بەشایەد دەگرین لە خۆی.

هەروەها دەشێ لە ڕێی دەستوورەکانی فۆنەتیکەوە بگەین بەحەقیقەتی گەلێك لەو وشانەی سوان و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

ڕێ هەیە ناوناوە ئەو زمانانەی لە کوردییەوە نزیکن بکەین بەعەیارەی هەڵاواردنی وشەیەك بەسەر وشەیەکی دیکەی کوردیدا.

بێگومان ڕێگەی دیکەش هەن بۆ دەستنیشانکردنی وشەی پەسەند، پێویست نییە لێرەدا بەدوایان بکەوین.

لە نموونەی بەراوردکردنی لەهجە لەگەڵ لەهجەدا دەتوانین وشەی (گێ) بەوشەی (گوێ) بگرین. دیارە وشەکە بە لێسوان بووەتە (گێ) نەك بە لێزیادکردن بووەتە (گوێ) چونکە بەعادەت وشەی لێی دەسوێ مەگەر بە بەڵگە ئیسپات بکرێ کە بەسەرییەوە نراوە. لێرەدا بەڵگەی بەراوردکردن ئیسپاتی لێسوانەکە دەکات چونکە ئەم واوەی وشەی (گوێ) لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجیی سەروو و لە وشەی (گوش)ی فارسیشدا هەر هەیە. کە بێین وشەی (خێ) بەراورد بکەین لەگەڵ (خوێ) دەتوانین قیاسەکەی

(گێ) و (گوێ)ی لێ بەکار بهێنین، بڵێین مادام لەوێدا واوەکە بنیچەییە دەبێ لێرەشدا ئەم واوە بنیچەیی بێ جگە لەوەی کە لە لەهجەی دیکەی کوردیدا وشەی (خوا) لە جێگەی (خوێ) باوە و پاڵپشتی لە ڕەسەنایەتیی ئەو واوە دەکات.

لە نموونەی بەشایەدگرتنی دەستووری سوان و لێقرتانی دەنگ لە تاکە لەهجەدا دەتوانین تێبردن وەیا سووك دەربڕین وەیا گۆڕینی دەنگی دال لە لەهجەی سلێمانی بکەین بەعەیارەی ساغکردنەوەی وشە، هەروەهاش گۆڕینی لامی قەڵەو بە ڕێی لاواز لە کۆیە و خۆشناوەتی و ڕەواندز و باڵەك و گەردییاتی و دزەییاتی بکەین بەو عەیارەیە.

لە نموونەی بەدەنگهێنانی دەستوورەکانی فۆنەتیك دەتوانین وشەی وەك دەزگا، دەزگرە، پژدەر بکەین بەعەیارە: دەزگا و دەزگرە لە دەستگا، دەستگرەوە هاتوون. لە پێشەوە دەنگەکەی (ت) لە هەردوو وشەدا قرتاوە، کە دەزانین قرتانی (ت) لە زۆر باردا دیاردەیەکی فۆنەتیکیی کوردییە، کە تێیەکە نەما دەنگی (س)ی کپ بەوەستاوی دەکەوێتە پێش دەنگی (گ)ی ئاوازەدار. بەپێی خزمایەتیی نێوان دەنگەکان ئاوازەدار حەز لە ئاوازەدار دەکات کپیش حەز لە کپ دەکات، بەزۆریش کپ خۆ دەگۆڕێ بۆ ئاوازەدار، ئیتر سینەکە دەبێتە زێ.

وشەی پژدەریش لە هەمان ڕێگەوە لە (پشتدەر)ەوە بەقرتانی تێیەکە و گۆڕانی شینی کپ بۆ ژێی ئاوازەدار بووەتە (پژدەر). ئا لێرەدا دەبێ بڵێم دەنگی (س) خزمی (ز)ە هەرچەند لە نووسینیشدا بەرەو (ش) بردراوە دەنگی (ش)یش خزمی (ژ)ە. ڕەنگە بەشی هەرە زۆری خوێنەری کورد وا بزانێ ئەو پیتانەی لە ئەلفوبێی عەرەبیدا شکڵیان لە یەکدی دەچێ لە دەنگیشدا خزم بن کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە (س، ش، ف، ك، ت) شێوەی کپی دەنگە ئاوازەدارەکانی (ز، ژ، ڤ، گ، د)ن. بەڵام دەبێ بڵێم خزمایەتیی (ت) لەگەڵ هەردوو دەنگی (ط، د)دا جێی ساغکردنەوەیە.

بەکارهێنانی ئەم تەرزە دەستوورانە بۆ دۆزینەوەی وشەی ڕاست نابێ لە پەراوێزی شێوە ئاخاوتنی ئێستاکەی کوردیمانەوە ڕاگوێزێ بۆ ئەو دەقە مێژوویی و کۆنانەی کە لە هەندێ نووسینی کۆنینەی زمانە ئێرانییەکاندا پارێزراوە. ڕەنگە بەشی زۆری ئەو وشانەی کە لە زۆربەی لەهجەکاندا سوانیان بەسەردا هاتووە شێوەی دروستیان لە لەهجەیێکدا مابێت کە بشێ نارەسەنایەتی وەیا نادروستی وەیا هەڵەیی وشەی لەهجەکانی دیکەی پێ ئیسپات بکرێ. کاتێك کە هیچ عەیارەی تەرجیح لە لەهجەکانی

ئێستاکەماندا چنگ نەکەوت دەشێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەقە کۆنانە –ئەگەر هەبن–. جا ئەگەر ئێمە ئەم پێوانەیەمان کرد بەعەیارەی تەرجیح و هەڵاواردن بێ ئەوەی لایەنگیری بکەین، بەئاسانی، دەتوانین دەسبژاری وشەی دروست و نادروست لە لەهجەکانماندا بکەین بێ ئەوەی دەست لە شێوەی ئاخاوتن بدەین. ئێمە کە هاتین و نووسیمان (ئەفەندی، دڵ، کردن) لێ دەگەڕێین خەڵقی سلێمانی بڵێن (ئەفەنگی) و کۆییش بڵێن (در) بادینانیش (کرن).

ئینجا با بزانین چۆن دەتوانین ئەم دەسبژارە بکەین.

بەلای باوەڕی منەوە کارەکە بەندە بەدوو مەرجی سەرەتاییەوە:

یەکەمیان، دەسبژارەکە خۆی.

دووەمیان سەپاندنی وشە دەسبژارەکان بەسەر زمانی ئەدەبیماندا.

لە ڕووی دەسبژارەکەوە، پێویستە لیژنەیەکی لێزانی نیگافراوانی دڵسۆزی بێلایەن کارەکە بگرێتە ئەستۆی خۆیەوە و لە ماوەیەکدا چی بەڕاست دەزانێ ئەوە پەسەند بکات و لە شێوەی پێشنیاردا بڵاوی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر کەس ڕەخنە و تێبینی و ناڕەزاییی هەبوو لە ماوەیەکی دیارکراودا بەلیژنەکەی ڕابگەیەنێتەوە وەیا لەلای خۆیەوە لە هەمان ماوەدا بڵاوی بکاتەوە تاکو لە ڕادەی ئیمکاندا چی هەرە پەسەندە ئەویان ببێتە وشەی ئەدەبیی قەرارداده. واش دەزانم سەرلەبەری کارەکە لە ماوەی شەش مانگدا بەئەنجام دەگات.

لە ڕووی بەکارهێنانی وشە دەسبژارکراوەکانەوە پێویستە دوا بڕیار و پەسەندکردنی لیژنەکە ببێتە دەستوور و هەرچی دەزگای نووسین و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی هەیە پێڕەوی بکات. بێگومان سەلماندنی گشتی لەخۆوە پەیدا نابێ. بەداخەوە بەدرێژاییی ڕۆژگار یەك هۆی تەفرەقە چوار هۆی یەکبوونی بەزاندووە، تەنانەت لە زەمینەی (فقه) و قانوونیشدا ئەوەی پێی دەڵێن (مانع) بەهێزترە لە (مقتضی). جا ئەگەر دەسەڵاتی ڕەسمی پشتگیریی لە لیژنە و بڕیارەکانی نەکات تەنیا ئەوانە بەدوایدا دێن کە لەگەڵیدا هاوباوەڕن، ئەوساش نووسینی ئەدەبی کوردی ئەو هەڕەمەیە دەبێ کە هەیە. هەڵبەت ئەو لیژنەیە کە پێك بێت لە جغزی دەستەی کوردیی کۆڕی عێراق پێك دێت، دەسەڵاتەکەش هی دەستەی کوردی و کۆڕی عێراقی دەبێت. سەپاندن و بەسەردا بڕینیش لەم کارەدا نابێتە دیکتاتۆرایەتی چونکە هەموو یاسا و دەستوورێکی ئەم

جیهانە لەلایەن کەسانی دەسەڵات پێدراوەوە قەرارداده دەکرێن و دەسەڵاتی ڕەسمیش بەسەر هەمووانیدا دەبڕێ. لە بانگەوازەکەدا کە ئیشارەت بۆ تێبڕنەکردنی بڕیار و پێشنیارەکانی کۆڕی زانیاری کورد دەکات ئەم لایەنەی بوون و نەبوونی دەسەڵاتی لە بیر چووە، فەرامۆشیشی کردووە کە پێشنیار و ڕێنووس و بڕیاری هیچ کەس و هیچ لایەنێك نەیتوانیوە خۆی بسەپێنێ نەك هەر هی کۆڕ ئەگەرنا بانگەوازەکە چ لزوومی هەبوو؟ ئەم کۆبوونەوەیە بۆچی؟

ئینجا کە ئەمە پێشنیاری من بێ بەزاهیر چی لێرەدا دەیڵێم لەبارەی قووتدان و سوان و گۆڕانی دەنگ وەیا سەرلەبەری کێشەی ڕێنووسی کوردییەوە دەبێتە کارێکی بێ لزووم بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەندە بۆ نووسینەکەی من دەمێنێتەوە کە لە دواڕۆژدا لیژنەکە سەیری بکات و بەتێبنی و ڕەخنەی دابنێ.

فەرمانی زیندووکردنەوە و نەکردنەوەی دەنگی قرتاو بەوەدا سووك و ئاسان دەبێ کە هەموومان سەلماندوومانە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بنەمای نووسینی ئەدەبیمان بێت چونکە ئەم سەلماندنە ئەرکی ساغکردنەوەی سوان و قرتانی لەهجەکانی دیکە بەلاوە دەنێ و تەنیا ڕووەوڕووی ئەو سوانە دەبێ کە لە ڕاوێژ و دەمودووی ئاخێوەری سلێمانیدا پەیدا بووە. ئێمە کە بەراوردی وشەی ئاخاوتنی سلێمانی لەگەڵ وشەی شێوەیەکی دیکەی کوردیدا بکەین لەو حاڵەدا دەبێ کە وشەکەی دیکە پەسەندتر وەیا ڕەسەنتر وەیا ڕاستتر بێ نەك لە ڕووی ئەو قرتان و سوانەی کە بەسەریدا هاتووە. من نایەم (ئەبێم)ی خۆشناوەتی ببەمەوە سەر (ئەبێژم) و قرتانی دەنگی (ژ)ی تێدا دەرخەم چونکە بەتەما نیم شێوە ئاخاوتنی خۆشناو بکەمە بنەمای نووسینی ئەدەبیمان هەروەها لەبەر هەمان بنۆس (ئوڵڵاهی) مەنگوڕانیش نابەمەوە سەر (وەڵڵاهی). لەمەش زیاتر دەسپارێزی دەکەم کە نایەم لێك بدەمەوە ئایا (ئاوزەنگییان) دەدا لە (ئاوی زیندەگی) یا (ئاوی زیندەگانی)یەوە هاتووە چونکە دەبێ شێوەی ئەم وشەیە بەپێی بەکارهێنانی سلێمانی بخرێتە نووسینی ئەدەبیمانەوە، مەگەر ئاشکرا بێ کە وشەکەی سلێمانی شێواوتر و لێقرتاوتر و بەرەو هەڵەتر بێ لە وشەی هاوتای خۆی لە لەهجەیەکی دیکەدا. ئێمە کە تەنیا لە حاڵەتی هەبوونی وشە وەیا تەعبیری پەسەندتر لە هی سلێمانی هانا ببەینە بەر لەهجەیەکی دیکەی کوردی دەست لێدانێکی ڕەوامان کردووە، بەولای ڕەواوە پێویستیشە، بەولای پێویستەوە کاری دەستخاوێنی و دڵسۆزییە بۆ زمانی کوردی، ئینجا پەراوێزی دەست لێدانەکەش تا بڵێی تەسکە لە چاو

جغزه بەرفرەوانەکەی سەرلەبەری شێوە ئاخاوتنی سلێمانی، خۆ ئەگەر وەها نەڵێین و نەیسەلمێنین دیسان لە سەرەتاوە لزووم بەم تەرزە کۆڕە نامێنێ. بەنموونە دەڵێم کە فرەنسەییەکان هەڵەیەکیان لە لەهجەی پارسدا دۆزییەوە وا چاکە پارسییەکان واز لە هەڵەکە بهێنن نەك هەموو میللەتی فرەنسە و دەیان ملیۆن ئاخێوەری فرەنسەیی فێری ئەو هەڵەیە بکرێن.

ئەوەی لە لەهجەی سلێمانیدا بووەتە دەقێکی زێدە بەرچاوی ئاخاوتن مامڵەتکردنە لەگەڵ هەندێ دەنگ کە لە پێش هەموویانەوە دەنگی (د) دێت بەدوا ئەویشدا (ت)، ئینجا دراوسێبوونی دەنگی (ن، گ) و (ن، د). هەروەك میسرییەکان قاف و جیم دەگۆڕن بەهەمزە و گاف، وەیا پارسییەکان دەنگی ڕێ دەگۆڕن بەغەین هەروەهاش سلێمانییەتی بەزۆری دەنگی دال تێ دەبەن وەیا کلۆری دەکەن، تا ڕادەیەك ئەو مامڵەتە لەگەڵ دەنگی (ت)شدا دەکەن.

لەلایەن دیاردەی کلۆرکردنەوە وەك کە دەڵێ (ئەحمەد ئەمەت بۆچی کرد) ناشێ هیچ گرفت و دەمەتەقە پەیدا ببێ چونکە نووسەری سلێمانیش پیتی دەنگەکان دەنووسێت بەڵام لە خوێندنەوەدا کلۆریان دەکات. دەمێنێتەوە بگوترێ ئایا دەشێ داوا لە هەموو کورد بکرێ ئەو دال و تێیە کلۆر بکات؟ بێگومان تەکلیفی وەها جێی بیستن نییە چ جاییی سەلماندن، نەك هەر لەبەرئەوەی کە گۆڕین وەیا تێبردنی دەنگەکان کۆشەشێکی بەرەو هەڵەیە، بگرە لەبەر هۆیەکی گرنگی دیکەی قسەبڕەوە، ئاخێوەری دەرەوەی سلێمانی ناتوانێ دەنگەکان بەکلۆرکراوی دەرببڕێت چونکە زۆر زەحمەتە بۆ ئەوەی زمانی بەو کلۆرکردنە نەپژابێ وەیا ماوەیەکی درێژ لە سلێمانی ڕای نەبواردبێ فێری ببێت وەیا بزانێ کەی و لە کوێ کلۆریان بکات.

لەلایەن قرتاندنی دەنگەکان و گۆڕینیانەوە، لە خۆم دەپرسم ئایا دەبێ وشەی وەك (بەغداد، قەرەداغ، گوێدرێژ، دێت) چۆن بنووسرێ؟ ئایا وەك دەربڕینی خەڵقی سلێمانی بنووسرێ (بەغا، قەراغ، گوێرێژ، یەت)؟ یاخود وەك کە زۆربەی هەرە هەرە زۆری ئاخێوەری کورد نزیك لە حەقیقەت دەریان دەبڕێ؟ وشەی (مطبخ)ی عەرەبی بنووسرێ (مووبەق) وەیا (مەتبەخ)؟ وابزانم وەك بەدیهییە ئاشکرایە کە دەبێ وشەکان بەو شکڵە بنووسرێن کە لە ڕاستی نزیکترن و لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن. زۆرینەی کورد دەڵێن (بەغدا) کە نزیکترە لە (بەغداد) هەروەهاش (قەرەداغ) وشە دروستەکەیە نەك (قەراغ). لەبارەی وشەی وەك (گوێرێژ)ەوە، ئەگەر بمانەوێ ئەم وشەیە بێ دال بنووسرێ دەبێ

بگەڕێینەوە سەر فەرهەنگ و هەموو ئەو وشانەی کە دالی (درێژ)یان پاراستووە دالەکەیان لێ بقرتێنین هەر بۆ خاتری (گوێرێژ) بەڕاست بگەڕێ، ئینجا هەموو ئاخێوەری کوردیش کە دەڵێ (گوێدرێژ) بگێڕینەوە لە نووسینی وشە ڕاستەکە. وشەی (یەت) کە ئایندە وەیا ئێستاکەی (هات)ە دەبوو بەشێوەی سلێمانیش (ئەهێت، ئەیەت) بێ. وشەی (مووبەق) کە بەسوان و بەگۆڕان (ت)ەکەی بووە بە (و) ڕێ خۆش دەکات بۆ سەپاندنی (دەس) لە جێگەی (دەست) و سەپاندنی (حەوهەزار) لە جێگەی (حەفت وەیا حەوت هەزار).

بەهەمەحاڵ ڕێدان بەپەسەندکردنی قرتان و شێوە گۆڕان لەو وشانەدا کە زۆربەی ئاخێوەری کورد قرتان و گۆڕانیان تێدا نەکردووە دەبێتە هۆی دوو شێوانی زێدە گەورە، یەکەمیان، شێوانی زمانەکە دووەمیشیان شێوانی ئاخێوەری کورد کە هەر خۆی دەبێتەوە نووسەر. لەوە هەر بگەڕێ کە بێگانە سەرەدەری لەو قرتان و گۆڕانە ناکا. ئەم تەرزە قرتان و گۆڕانە کە بەسەر زمانی ئەدەبیماندا سەپا دوو ئەرکی نوێزاد دەخاتە سەر شانی ئاخێوەر و نووسەر و خوێنەری بادینی، جارێکیان کە دێت بۆ بەرژەوەندیی زمانی یەکگرتوو واز لە نووسینی هەموو لەهجەی خۆی دەهێنێت، جاری دیکەشیان کە ناچار دەبێ لەبەر خاتری سوان و گۆڕانی ناوچەیی واز لە ڕاستە زمانەکەی زۆربەی ئاخێوەری کورد بهێنێت.

کورتەی باوەڕی من کە پتر لەوەی خۆی خۆش بوێ بەرژەوەندیی زمانی یەکگرتوومانی خۆش دەوێ ئەوەیە کە سوان و قرتان و گۆڕان لەو وشانەدا دەسەلمێندرێ کە زۆربەی ئاخێوەری کوردی لەسەری ڕۆیشتبێت.

هەر لە ناو توێژی باسی قرتانی دەنگدا ڕووبەڕووی جۆرێك قرتان دەبین کە لە ڕێزمانەوە بەرەو ڕێنووس دێتەوە ئەویش قرتانی (ب)ی ڕێژەی فەرمانی فیعلە لە هەندێ حاڵەت و هەندێ فیعلدا.

وەك دەزانین ڕێژەی فەرمان لەو فیعلانەدا کە پێشگریان پێوەیە وەیا بوونەتە فیعلی لێکدراو دەشێ نیشانەی (ب)ی فەرمانیان بڕوات و دەشێ بشمێنێتەوە وەك: هەڵببڕە، هەڵبڕە – هەڵبگرە، هەڵگرە – تێ بکۆشە، تێ کۆشە – سەرببڕە، سەربڕە – بەئاگربکە، بەئاگرکە – هتد.

وابزانم لێرەدا قسەمان لە کوێرکردنەوەی ئەم دەستوورە چەسپاوەی هێڵان و

نەهێڵانی نیشانەکە نییە چونکە قرتانەکە دەستوورییە نەك بیژۆك، قسەمان لە چۆنیەتیی نووسینی وشەکانە لە هەردوو حاڵەتدا. لێرە بەپێشەوە لە نێوان باسی پێشگردا کە هاتمە سەر باسی نیشانەکانی فەرمان و نەهی و نەفی و موزاریعە قسەم لە قرتان و نەقرتانی ئەم نیشانەیەی ئەمرە کرد و ئێستا ناگەڕێمەوە سەری، ئەم پێدا هاتنەوەش داخوازی سەرەباسی قووتدانی دەنگ بوو کە لە بانگەوازەکەدا نووسراوە. بەڵام ئەوەندە دەمێنێتەوە کە بڕیار بۆ قرتاندن و نەقرتاندنی نیشانەکە لە هەندێ بار و لە حاڵەتی فیعلی لێکدراودا بدرێ وەك کە دەگوترێ: سەربڕە، دەغڵەکە ڕووکە، قوڕەکە ماڵنج دە، پیاوی چا بە (لێرەدا «چاك»یش لێی قرتا).. هتد بەڕای من نە زەرەر هەیە لە بەجێهێشتنی مەسەلەکە بۆ دڵخوازی نووسەر و ئاخێوەر نە سوودیش هەیە لە سەپاندنی ژیاندنەوەی ئەو نیشانەیە چونکە مادەم قرتاندنەکە شکڵی دەستووریی وەرگرتووە زەرەر لە هیچ سەروبەرێکی ڕێزمان و نووسینی ئەدەبی نادات بەنموونە: دەتوانی بڵێیت (لاکەوە – سەرکەوە – پێش کەوە – دوور کەوە – نێزیك کەوە) بەڵام ناتوانی بڵێیت (دەرگاکە کەوە..) فەرقکردنی شیان و نەشیانی قرتاندنیش لەو شوێنانەدا کاری سەلیقەیە ئەوەی لە خۆیشی ڕانەبینێ قرتاندنەکە لە جێی دروستدا بکات با خۆی لە دوودڵی ڕزگار کات و نیشانەکە بەکار بهێنێ.

ڕێژەیەکی دیکەی فیعل هەیە دەنگێکی (ب)ی تێدا دەقرتێ بەڕواڵەت هەر دەڵێی نیشانەکەی ئەمرە بەڵام هەو نییە و شتێکی دیکەیە: لە گەلێك ناوچەی کوردزماندا لە جیاتی بمکردبایە، بچووبامایە.. دەڵێن بمکردایە، بچوومایە – ئەم (ب)ە لێرەدا شکڵێکی فیعلی (بوون)ە، هەرچی (ب)ی سەرەتای فیعلەکەیە ئەویان نیشانەی ئەمرە (لە ڕاستیدا لێرە نیشانەی خۆزی وەیا مەرج و شتی ئەوتۆییە و لەگەڵ ئەمردا لەوەدا کۆ دەبنەوە کە هەموویان فیعلی ئینشائین...). هەڵبەت ئەم قرتانەش هی دەست لێدان نییە و خەڵقی لێ مەنع ناکرێ.

ئەو فیعلانەی کە بەدەنگی (هـ) دەست پێ دەکەن سەرەڕای (ب)ی نیشانەی ئەمر هێیەکەشیان دەقرتێ وەك کە دەگوترێ (هەڵێنە، هەلاوێژە، تێ وەرێنە، هەڵێ...) لە جیاتی (هەڵبهێنە، هەڵبهاوێژە، تێ وەربهێنە، هەڵبهێ...). بەشێك لەو فیعلانەی کە بەهەمزە دەست پێ دەکەن وا دەبێ هەمزەکەیان دەقرتێ وەك (داخێوم، بنگێوە..) لە جیاتی (دەئاخێوم، بئەنگێوە..). لەبارەی وشەی (بنگێوە)وە لە شێخ عەلی تاڵەبانی دەگێڕنەوە کە لە پیریدا گوتوویەتی: کاتی خۆی کە مامۆستای سوختەخانە لە

حینجەکردندا دەیگوت (بێ ژێر بی بنگێوە سینێ..) عەلی کوێر بێ نەمدەزانی مەبەستی وەستاندنی سینەکەیە. لەمەوە دیارەکە تێبردنی ئەو هەمزەیە لە کۆنەوە و بە بەرینایی کوردستان باو بووە.

ڕای من لەبارەی ئەم جۆرە سوان و قرتانە ئەوەیە کە هەروەك لە عەرەبیدا (یستطیع) و (یصطیع) ڕەوان، لە کوردیشدا بەمەرجی نەشێوانی ڕیزی دەنگی وشەکان شێوەی سواو و نەسواوی وشەیەك کە لە زۆربەی لەهجەکاندا باو بێ هەر ڕەوایە بەڵام دیارە نەسواوەکەی پەسەندترە.

وشە هەیە دەقی کۆنی ماوە بەڵام سواوەکانی پتر لە کاردان وەك وشەی (خاتوون) کە تەنیا بۆ ناوی کۆك و لە شێوەی ئاوەڵناودا بەکار دێت وەك ئەوەی یەکێك ناوی (خاتوون) بێ وەیا بگوترێ (کیژێکی خاتوونە) لەوە بەولاوە سێ جاران کورت کراوەتەوە بۆتە (خاتوو، خات، خا) پتریش لە ئەسڵەکەی مەبەست ڕادەگەیەنن، تەنانەت جارێکیان لە ئەدیبێکی کوردم بیست گوتی گوێم لێ بوو بانگ کرا (خا فاتم) دەرحاڵ بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەم (خا)یە دەشێ ببێتە نیشانەی مێیینە لەو وشانەدا کە پێویستیان بەجوداکردنەوەی نێر لە مێ هەیە وەك (خا دکتۆر، خا وەستا، خا سەرتاش..). لەم وشەیەدا ژیاندنەوەی (خاتوون) لە جیاتی لەقەبی (خاتوو) سوودی نییە چونکە ئێستاکە هەردوو وشە خزمەتی ئاخاوتن دەکەن هەریەکەیان لە مەودای خۆیدا. (خات) و (خا)ش لە شوێنی تایبەتیدا هەر ڕەوان چونکە بەفرەوانی لە کاردان و ڕێزی دەنگەکانیشیان نەشێواوە، ئەگەر (خات) بووبایە (تاخ) بیژۆك دەبوو.

لە بەرەی فیعلدا ڕێژە هەن لە لەهجەیەکەوە بۆ لەهجەیەك جوداوازیی تێدا پەیدا بووە وەك: گوتبێتم، گوتبم – دەڕۆیت، دەڕۆی – کردووەتی، کردییەتی، کردیتی – دیتوومە، دیتۆتم – نوستوومە، نوستۆتم – دەچێتن، دەچێت، دەچێ. بەلای منەوە تا ئەو ڕۆژەی بڕیار لەسەر یاساغکردنی ئەم مامڵەت جوداییە دەدرێ هەموویان ڕەوان بەڵام وا چاکە چی لە لەهجەی سلێمانیدا باوە ئەویان بەکار بێت هەرچەند لەوێشدا مامڵەت جودایی هەیە. بەڵام دەتوانم بڵێم لە نێوان دوو ڕێژەی (کردبام، بمکردایە)دا پێویستە (کردبام) ڕێژەی ئیحتیمالی بێت وەك (ئەگەر کردبام پێمەوە دیار دەبوو) بمکردایەش بۆ خۆزی خواستن بێ وەك (کاشکی بمکردایە، بمکردبایە).

باسی قرتان و سوان دەمانهاوێتە سەر لێکۆڵینەوە لە باسی بەسەرەوەنان و لێ زیادکردن، لێرەشدا کارمان هەر بەو لێ زیادکردنە هەیە کە لە شێوە ئاخاوتنی

سلێمانیدا دەکرێ چونکە هەر خۆی بنەمای زمانی ئەدەبیمانە و کەس گوێ ناداتە ئەو ناوچانەی لە بری (بەڵام) دەڵێن (.. بەرانەکینێ). ئاخێوەری سلێمانی لە هەندێ شوێنی ئاخاوتندا زیادییەك دەخاتە کۆتایی وشەوە وەك زیادی (وانێ) بەدواکار و دەستەی ناودا. من بەش بەحاڵی خۆم تا ئێستا لە کەسم نەبیستووە و نەشمخوێندۆتەوە لە بنەچەك و سەرچاوەی ئەم زیادییەی کۆڵیبێتەوە. ئەوەندەی نووسینی کۆنی سەر بە زمانە ئێرانییەکانیشم هاتبێتە بەرچاو نەمدیتوە شتێکی وەك (وانێ) باو بوو‌بێت، وەك بشزانم تەنیا لە سلێمانی و شوێنی لەوەوە نزیك بەکاردێت، ڕەنگە ڕاستیش بێ بگوترێ فەرق بەکەمبوونەوەی دەکرێ نەك بەزیادبوونی بەتایبەتی لە نووسیندا.

هەرچەند لە زۆر حاڵ و باری تایبەتیدا حەزم لە بیستنی ئەم (وانێ)یە دەکەم، وەك کە گوێم لێ دەبوو لە چیرۆکە تەمسیلییەکانی ڕەفیق چالاك بەجۆری ڕەزا سووك لە دەمی ئاکتۆرەکان دەهاتە دەرەوە، دیسانەوە بەبارگرانییەکی بێ لزووم دەبینم بەسەر نووسینی ئەدەبیمانەوە. جگە لەو گرانی و بێ لزوومییە دەشبێتە ئەزموونێکی ئەبەدی بۆ دانیشتووانی دەرەوەی سلێمانی کە هەتاهەتایی زماننناسیی خۆی تێدا تاقی بکاتەوە لەوانەیشە دوای مەشق و خۆڕاهێنان ئینجا بڵێ (چەند خۆشە بەهارەوانێ، دەچم بۆ کڕینی میوەوانێ..)

زیادییەکی دیکە ئەو (ر)ە لاوازەیە دەچێتە کۆتایی ڕێژە ئەمری وەك (بچۆرەوە، بمەمەرەوە). ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ نەهاتنی (ر)ەکەیە لە کۆتاییی غەیری ئەم ڕێژەیەدا هەرچەند پاشگرەکەشی پێوە بێ دەگوترێ (چۆوە، ئەچێتەوە، ئەممماتەوە، ئەیخوێندەوە..) فیعلی وەك (بممەرێ، «مەمخەرە هاوییەیی هەولێی فیراق»)یش لەم بابەتەیە، وەك دەبینین نەهیش وەك ئەمر وایە..

ئەم زیادییەش سەرچاوەی ڕوونی نییە و هەر لە سلێمانیش باوە. بێگومان ئەمیش وەك (وانێ) هەقی بەسەر نووسینی ئەدەبی یەکگرتووەوە نییە و ناشێ بەسەر هەموو کورددا بسەپێ. ناوناوە لە لەهجەی دیکەشدا زیادی بۆ هەندێ وشە دێت وەك کە لە نێوان بەشێك لە عەشیرەتەکاندا وشەی (دەگیرێ) دەبێتە (دەگیرەرێ).. عومەر دەبێتە (عومبەر)... (کەسسارە) دەبێتە (کەستارە). بەڵێ دەزانم ئەم زیادییانە دەستووریان نییە وەك (ر)ە لاوازەکە دەستووری هەبوو بەڵام بەهەمەحاڵ ئەوانیش زیادین و ڕەنگ بوو ئەگەر لە سلێمانی باو بوونایە خۆیان بۆ ناو شێوە نووسینی ئەدەبی نامزەد بکردایە وەك کە فیعلی (یەت) لە بری (دێت) وەیا (یەکێکی کە – لە بری یەکێکی دیکە)

بەڕاشکاوی دەنووسرێت. لەلایەن بوونی دەستووریش لە هێنانی ئەو (ڕ)ەدا زۆربەی هەرە زۆری کوردیش کە بەکاری ناهێنن لەسەر دەستوورێکی گشتی دەڕۆن کە نەك تەنیا لەو ڕێژەیە بگرە لە هیچ ڕێژەیەکدا زیادیی ئەوتۆیی ناهێننە ناو ئاخاوتنەوە، خۆ ئەگەر بەڕێکەوت لێرەولەوێ زیادییەکیش هەبێ کەس گوێی ناداتێ ڕەنگە هەر نەشیبیسن وەك کە لە دەشتی کۆیێ دانیشتووی چەند دێیەك لە جیاتی مانگەشەو دەڵێن (مانگاشەو) هەروەها دەڵێن (دووانان) و (سێیانان) لە جیاتی (دووان) و (سێیان). وشەی گەمەش دووجار کۆ دەکەن و دەڵێن گەمانان. هەر ئەوانیش ڕێژەی فیعلی تێپەڕ لە هەندێ شێوەیدا دەدەنە فیعلی تێ نەپەڕ وەك کە دێن دەڵێن (نوستۆتم، چۆتم و هاتۆتمەوە..) لە بەری سلێمانی لە بری ئەمانە دەڵێن چووم و هاتووم، کە فیعلەکەش تێپەڕ بوو دەڵێن (کردوومە – کردووەتم). گوێم لێ بووە گوتراوە ئەم (ڕ)ە لەم شوێنەدا هاتووە تاکو بزوێنی بەرایی پاشگری (ەوە) بپارێزێ کە لەو ڕێژەیەدا بەدوا بزوێندا دێت. دیارە بزوێنیش بەبزوێنەوە نالکێ. لە وەرامی ئەم بەڵگەیەدا دەڵێم:

١– دەزانین نیشانەی پێناسینیش بەخۆی و بزوێنەکەی پێشیەوە وا دەبێ دەکەوێتە دوای بزوێنی ئەلفەوە کەچی ئاخێوەری سلێمانی بزوێنەکەی پێ ناسین تێ دەبات و نە (ڕ)ی لاواز نە هیچ دەنگێکی دیکەش نایەنێ بۆ پاراستنی ئەو بزوێنە بەنموونە دەڵێ (براکە، چراکە) کەچی لە گەلێك شوێنی دیکەدا (ی)ی پێوەندی دێنن و بزوێنی نیشانەکەی پێ دەپارێزن و دەڵێن (برایەکە، چرایەکە).

٢– لە سلێمانیش بەزۆری کە ڕێژەی ڕابردووی بەردەوام دەهێنن و پاشگری (ەوە)ی دەدەنێ بزوێنی بەرایی پاشگرەکە تێ دەبەن وەك کە دەڵێن (ئەچۆوە، ئەبۆوە – لە جیاتی ئەبووەوە، ئەچووەوە..) کەچی بەدوا ئەلفدا بزوێنەکە دەپارێزن وەك کە دەڵێن (گەڕایەوە، بووژایەوە).. لە جیاتی (گەڕاوە، بووژاوە).

٣– هەر لە سلێمانی دەڵێن (ئەم پەنجەرەیە، ئەو پیشەیە) بەڵام کە وشەکان کۆکران بزوێنەکەی دوای ناوەکان تێ دەبەن و دەڵێن (ئەم پەنجەرانە، ئەو پیشانە) لە بری (ئەم پەنجەرەیانە..)

٤– لە سلێمانی و غەیری سلێمانیش وشە کە کۆکرا بزوێنی (ە) فەتحەی کۆتاییی وشەکە تێ دەچێت وەك (پەنجەران، شەدان..) کورتەی قسە ئەمەیە کە پاراستنی بزوێن نابێتە هەنجەتی هێنانی ئەو (ڕ)ە لاوازە، پاراستنی بزوێنەکەش وەنییە لە هەموو حاڵاندا بەر دەستوورێکی گشتی بکەوێ، ئینجا لە هیچ نموونەیەکدا

نادیتریٚ بزوێنەکە وەیا بزوێن بەگشتی بەهێنانی (ر) بپارێزریٚ، ئەوەی وەك (نون الوقایة) بزوێن دەپارێزیٚ لە کوردیدا دەنگی (ی)ە. کەواتە دەبیٚ لە جیاتی (بلێرەوەوانیٚ) بنووسین (بلێوە) خۆ ئەگەر ئەمەش نەسەلمێندریٚ نابیٚ (بلێوە) کوێر بکرێتەوە چونکە ئەمیان ڕاڕەوی دەستووری و زۆرینەی ئاخێوەرە.

**گیروگرفتی ژمارەکان لە ١١ تا ١٩**

لێرەدا گیروگرفت لە دوو ڕووەوە هەڵدەستیٚ:

یەکەم: لەو (ن)ەی کە لە زاری سلێمانیدا دەکەوێتە ناو ژمارەکانی ١١، ١٢، ١٣، ١٦.

دووەم: لە قرتانی دالی (یازدە، دوازدە، سێزدە، پازدە، شازدە) ئەویش هەر لە زاری سلێمانی.

بەدوا ئەو گرفتانەدا بادانەوەیەکیش بۆ ژمارە (٧) پێویستە.

لەبارەی ڕووی یەکەمەوە کە نوونی ژمارەکانی (١١، ١٢،١٣، ١٦)یە: ڕوونکردنەوەی ئەم گرفتە بەم جۆرە دەبیٚ:

سەرنج بگرین دەبینین لە ژمارەکانی (١٤، ١٧، ١٨، ١٩) گرفتی ئەو نوونە لە لەهجەی سلێمانیشدا پەیدا نییە چونکە لە هیچیاندا نون نییە. ژمارەی (١٤) لەوەدا پرسیار پەیدا دەکا ئایا بەئەسڵ (چوار) و (چواردە) یاخود (چار) و (چاردە)یە؟ بەلای منەوە (چوار) ڕاستترە چونکە واوەکە لە زمانی دیکەشدا دەردەکەویٚ وەك Fourی ئینگلیزی، تەنانەت کە دێن بۆ (چارەگ) وشەی quarter بەکار دەهێنن لەوێشدا واوەکە پارێزراوە. لە فارسیدا وشەی (چهار) بەلای (چار)دا دەچێتەوە چونکە ئەو دەنگەی (هـ) بەرەو قرتان نزیکترە تا ئەوەی ببێتە (و) بەڵام زۆرینەی زمانە ئەوروپاییەکان کە واوەکە دەپارێزن وشەکە بەلای (چوار)دا دەبەنەوە وشەی (چارەگ) کە واوەکەی دۆڕاندووە و کافەکەشی کردووە بەگاف نەیتوانیوە وشەی (چواریەك) بکوژێت. بۆیە دەتوانین بڵێین (چارەگ) سوان و گۆڕانی بەسەردا هاتووە نەك ڕەسەنە.

لە ژمارەکانی (١٤، ١٧، ١٨، ١٩)دا گرفتی پەڕینی (د)ەکەش پەیدا نییە چونکە ئاخێوەری کورد بەتێکڕایی دەیڵێت تەنانەت کە دانیشتووی سلێمانی دەڵیٚ (حەڤڤە) دالەکەی سەلماندووە بەڵام لە شێوەی گوشینی ڤێیەکە دەری بڕیوە.

لە نوونەکەی (١٥)ی شێوەی سلێمانیش گرفت نییە چونکە بەئەسڵ وشەی پێنج نوونی تێدایە.

گرفت لە ژمارەکانی (١١، ١٢، ١٣، ١٦)دا هەیە و لە پەڕاندنی (د)ەکەی ژمارە (١٥)ش بەپێی ئاخاوتنی سلێمانی.

لە لەهجە ئاخاوتنی سلێمانیدا دەگوترێ (یانزە، دوانزە، سیانزە، شانزە) لەمەشدا دووجاران مامڵەت جودایی کردووە لە چاو چواردە و هەژدەدا، جارێکیان کە هاتووە دالی ژمارەی (١٠)ی پەڕاندووە بەپێی دەستووره گشتییەکەی قووتدانی دەنگی دال. جارێکیشیان کە لەلاوە نوونێکی هێناوە بۆ ناواخنی وشەی ژمارەکان. وا دەزانم لەو وشانەدا پەڕاندنی دالەکە یەکسەر بووەتە ڕێ خۆشکەرەوە بۆ هێنانی ئەو نوونە بەپارسەنگی تێکچوونی زەنگ و لەنگەری وشەکان، تۆ کە ئەو دالانەت سواند و گوتت (یازە، دوازە، سیازە، شازە) هەست بەنالەبارییەکی فۆنەتیکی دەکەیت و پێت خۆشە لەو نالەبارییە دەرچیت. لە نێوان هەموو دەنگەکانی کوردیشدا تەنیا دەنگی نوون لەو شوێنەدا دەبێتە پارسەنگێکی ڕۆح سووك. ئەم ڕاستییەش بەسەلیقە و بەئەزموون دەردەکەوێ. تۆ سەیری ئەو لەهجانەی کە دالی ژمارەکان دەهێڵنەوە دێن نوونی (١٥) وەها سووك دەردەبڕن لە قرتانی نزیك دەخەنەوە و دەڵێن (پازدە) هەر چونکە هاتنی نوون لەو شوێنەدا بەدیار دالەکەوە قورس دەردەچێت. لەمەوە دەردەکەوێ، لادانی ئاخێوەری سلێمانی لە وشە دروست و ڕەسەنەکانی (یازدە، دوازدە، سێزدە، شازدە) لەبەر پەڕاندنی دالەکە ناچارییەکی فۆنەتیکی بووە. بەڵگەش لەمەدا ئەمانەن:

١- وشەکان بەئەسڵ دالیان تێدایە.

٢- لە هیچ کەرتێکی ئەو وشانەدا -جگە لە پانزدە- بەئەسڵ دەنگی نوون نییە.

٣- بەشی هەرە زۆری کورد نە دالەکە دەقرتێنن و نە نوونیش بەزیادەوە دەهێنن.

ژمارەی (١٥) دەشێ بەپێی ئەسڵی کەرتەکانی بنووسرێ پانزدە، هەروەها دەشێ بەپێی دەستووری ڕەسەن و دروستی سوانی دەنگ (پازدە) بێ. ژمارەی (١٧) کە بەشی هەرە زۆری ئاخێوەری سلێمانی (حەڤڤە)ی دەردەبڕن دەبێ (حەڤدە) بنووسرێ و چ ڕێگەی دیکەی لە پێشدا نییە، ئەسڵی وشەکە (حەفت دە) بووە. لە پێشەوە دەنگی (ت) تێیدا سواوە، ئینجا بەپێی داخوازی دەنگسازی دەنگی کپی (ف) لە دراوسێیەتیی (د)ی ئاوازەداردا بووەتە (ڤ)ی ئاوازەدار و وشەکە بووەتە (حەڤدە).

دەچمەوە بۆ لای ژمارە (٧) کە بەشێکی ئاخێوەری کورد (حەوت) و بەشێکیشی (حەفت)ی دەردەبڕێ. ساغکردنەوەی کێشەکە بەچاکی لە بەسەرکردنەوەی (حەڤدە) و

(حەفتا)دا هەڵدێنجرێ چونکە ئەوانەی دەشڵێن (حەوت) لەو دوو ژمارەیەدا دەگەڕێنەوە بۆ بنچینەی وشەکە کە (حەفت)ە. ئەگەر گوترابا (حەوت، حەودە، حەوتا) ڕێی تێ دەچوو دەمەتەقە لەسەر پرسیارەکە هەڵستێ و گوێ نەدەینە (هفت)ی فارسی و Sevenی ئینگلیزی Septی لاتینی کە هەموویان بەلای دەنگی (ف)دا دێنەوە نەك (و).

کەواتە ژمارەکان لە نووسینی ئەدەبیدا دەبێ بەم شێوەیە بنووسرێن:

چوار، حەفت، یازدە، دوازدە، سێزدە، چواردە، پانزدە یاخود پازدە، شازدە، حەڤدە، هەژدە، نۆزدە.. حەفتا، حەفسەد، حەفت هەزار.. حەفت ملیار...

## گیروگرفتی نووسینی کردار لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوەنووسان و پێکەوە نەنووسانیانەوە

ئەم گرفتە زۆری بە بەرەوەیە:

جارێ با لە پێشەوە بڵێم من لە زاراوەی (کردار) ڕازی نیم و لایەنگیری (کار)م لە بری فیعل، لەخۆڕاییش لایەنگیر نیم:

١– کار پتر لەگەڵ موتڵەقی (عمل) ڕێکە، هەرچی (کردار)ە تا ڕادەیەك بەلای ئاکارەوە دەبێتەوە.

٢– سێ وشەی (کار، کارا، بەرکار) لە بری (فعل، فاعل، مفعول) زۆر شیرن و ڕێکوپێکن. لە (کردار) وشەی بەواتای (فاعل – کارا) هەڵناستێ.

٣– بەتێکڕایی خولی وشەی (کار) بەناو ڕێزمان و فەرهەنگ و زاراوە جوداکانی لکی زانستەکان گەلێك بەر فەراح و فرەوانترە لە هی (کردار) وەك وشەی (کارگێڕ، کارم پێت ماوە، کارامە، سەرکار، کارم خوێندنە.. کاریگەر) هەمووشی بەلای کردن و جموجۆڵەوە دەڕوات. کاتی خۆی کە کۆڕی زانیاری کورد وشەی (کار)ی لە بری (فعل) پەسەند کرد دەیزانی (کردار)یش هەیە بەڵام تای (کار)ی نەدەکردەوە مەعلوومیش بوو بەلایەوە کە (فرمان) هەر بەجارێ بێ کەڵکە چونکە لە (فەرموون)ی ئەمرکردنەوە هاتووە، لە واتاشدا کە دەڵێی (فرمانی خۆم جێبەجێ کرد) وەك ئەوەیە کە بڵێی (واجبی خۆم بەجێ هێنا) ئینجا وشەی (واجب) ببێتە (فعل)ی قەواعید. وا دەزانم چاوەڕوان ناکرێ لە سەپاندنی زاراوەیەکدا پتر لەو بەڵگانەی بۆ (کار) ڕەچاو کراون ڕەچاو بکرێ. ئینجا کە نەسەلمێندرێ چۆن

پێشنیاری کۆڕ و غەیری کۆڕ بڕ دەکات؟

بگەڕێمەوە بۆ کێشەی کردار و ڕاناو.

نازانین مەبەست لە (ڕاناو) چییە.

کرداریش هەر بەڕاناوەوە نانووسێت، ڕاناویش هەر بەکردارەوە نانووسێت.

لە پێشەوە بزانین ڕاناو لێرەدا دەبێ چی بێ؟

بەشێکی زۆری زمانەوانانی کورد شوێنپێی ڕێزمانە مەشوورەکانی دنیا هەڵدەگرنەوە و ڕاناو دەکەن بەو چەند بەشەی لەواندا دیار کراوە، لای هەندێك لەو زمانەوانانە ژمارەی ڕاناو دەگاتە (٨). لای هەندێکی دیکەش دەگاتە (٧) و بەرەوژێرتریش. لە ڕووی نووسینەوە ناشێ لەو هەمووو بەشانەدا یەك پێوانە بەکار بێت. بەنموونە ئەوەی پێی دەڵێن ڕاناوی ئیشاری (ئەمە، ئەوە، هۆوە، ئەمانە..) کۆ نابێتەوە لەگەڵ ئەوەی پێی دەڵێن ڕاناوی هەیی کە بریتییە لە وشەی (هی) وەیا ڕاناوی گەیەنەر کە بریتییە لە (کە)ی ناو ڕستەی وەك (ئەوی کە پێم گوتیت). بەپێی ئەو دابەشکردنانە سەرلەبەری وشەکانی ڕستەی (ئەو هیچانەی کە هی تۆن هی منن) ڕاناون. وەك دیارە بەشی زۆری ئەو ڕاناوانە لە ڕووی ڕێنووسەوە فەرقیان نییە لەگەڵ وشەی عادەتیدا، بۆیەیە وا دادەنێم کە مەبەست لە ڕاناو ئەوە بێ پێی دەڵێن (ڕاناوی کەسی) وەك (من، تۆ، ئێوە) لەوێشدا مەبەست ڕاناوی لکاو بێ چونکە سەرێشەی گەورە لە چۆنیەتیی نووسینی ئەودا پەیدایە.

ڕاناوی لکاو نەك هەر بەکارەوە بگرە بەهەمووو وشەیەکەوە دەلکێت. دەستووری گشتیی چۆنیەتیی نووسینی ڕاناوی لکاویش وەك لە ناوەکەیەوە دیارە ئەوەیە کە دەبێ هەمیشە بەوشەی پێش خۆیەوە بلکێ وەك: دەستمان هەڵگرت، برام هات، دیتمان، منم، بمگرە، من دۆستتم... دەبینی ڕاناوی لکاو بەڕاناوی لکاوەوە دەنووسێت هەردووکیشیان پێکەوە بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێن ئەو وشەیە هەرچی دەبێ با ببێ.

تا ئێرە گرفت لە جۆری نووسینی ڕاناوەکاندا نابینم، بەڵام لەو حاڵەتەدا کە ڕاناوی لکاو جێگۆڕکێ دەکات پێویستە بڕیار لەسەر چۆنیەتیی نووسینی بدرێت بەنموونە (دەگرم) دەبێتە (دەمگرت، نەمدەگرت، هەڵم نەدەگرت، پێم هەڵنەدەگرت).

ئینجا دەگوترێ (هەڵم نەگرتبای) وەیا (تێیان هەڵنەپێچابایناید، پێیان وەرگەڕاندبووین. تێم ڕانەدەدیتیت..).

ئەگەر ئارەزوو بکەین دەتوانین دەمەتەقە و بەڵگەکاریی دوور و درێژ لەسەر چۆنیەتیی نووسینی ئەو ڕستە وەیا دەستەواژانە هەڵستێنین بەڵام لێرەدا هەم بەنیازی کورتکردنەوەی قسە و هەم بەهۆی ئەوەندە ڕووناکییەی کە تا ئێستا هاتووە بۆ ناو تێکڕای گرفتەکان بیروڕای خۆم لەم چەند خاڵەدا لەبارەی کێشەکەوە دەردەبڕم:

١- کە ڕاناوەکە کەوتە نێوان کار و نیشانەکانی (مضارعة، أمر، نهی، نفی) بەهەردوو لای خۆیەوە بلکێ لەو ڕووەوە کە ئەو نیشانانە بەکەرتی تەواوکەری فیعلەکە حیساب دەکرێن ئیتر بنووسرێ (دەتبینم، بتبینم، ناتبینم، مەمبینە، بمبینە، نەتدیتم..).

٢- ناوناوە وا دەبێ دوو نیشانە دێنە بەرایی فیعلەوە وەك (نەدەڕۆیشتم) کە فیعلەکەش تێپەڕ بوو ڕاناوی فاعیل دەکەوێتە نێوان هەردوو نیشانەکەوە وەك (نەتاندەدیتم..) من وا بەباش دەزانم لەم حاڵەتەشدا کەوا ڕەنگە تاکە حاڵەت بێ، هەردوو نیشانەکە و ڕاناوەکە وێکڕا بەفیعلەکەوە بلکێن، هەم لەبەر ئەو هۆیەی کە لە خاڵی یەکەمدا باس کرا هەم لەبەرئەوەی کە نیشانەکان لەلایەن لکانەوە لە پێشگر و لە دەستەواژە و لە وشەی سەربەخۆی وەك (ناو، ڕاناوی نەلکاو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار) جودا بکرێتەوە، واتە ئەگەر ڕاناوی لکاو کەوتە نێوان ئەو وشانە و فیعلەوە بەوانەوە بلکێت و لە فیعلەکەیان دوور بخاتەوە وەك (هەڵم گرت، منت دیت، پیاوانەیان دەدواندین، عاقڵت شێت کرد، بەتەنگەوەیان بووین).

٣- لە حاڵەتی هاتنی ڕاناو بەدوا فیعلدا: کە یەك ڕاناو بوو بەپێی دەستووری گشتی بەفیعلەکەوە بلکێت (دیتم، هاتیت، دەچووین). کە بوون بەدوو ڕاناوی یەك لە دوا یەك وەك (دیتمت، بیستمن، دیتیانین..) ئەوساش هەردوویان وێکڕا بەفیعلەکەوە بلکێن. کە پاشگری (ەوە)ش بەفیعلەکەوە بوو بەدووەم ڕاناوەوە بلکێت (دیتمنەوە، دیتیانینەوە..) خولاسە چەندێك ڕاناوی لکاو و پاشگر و نیشانەی خۆزی بەدوا فیعلدا بێن هەموویان پێکەوە پێیەوە بلکێن وەك (نووستبامایە، بتخواردایە، بماندیبایت، هەڵم کێشابایت).

هەر لەبارەی کێشەی ڕاناوی لکاوەوە پێویستە باسی ئەوەش بکەم کە لە هەندێ ناوچەی وەك دەوروبەری کەرکووك لە جیاتی (دیتیانین، بیستمانیت..) دەڵێن (دیتمانیان..) (بیستتمان..) وەیا کە شێخ ڕەزا دەڵێ (خۆی کرد بەنێرە تورك و لێمی

خوڕی کیم بلرسزی) له جیاتی (لێی خوڕیم..). ڕاستییەکەی ئەم بەکارهێنانە لەوانەیە باشتر بێ لەوەی لە بەری سۆران و موکریان و بابان و نازانم کوێ باوە چونکە لە هەندێ باردا ئەم داڕشتنە ڕاگەیەنترە و وەك کە دەڵێ (پێیم گوت..) مەفعوولی ڕاناوی کەسی سێیەم دەردەکەوێ کەچی لە لەهجەکانی دیکەدا ڕاناوەکە دەرناکەوێ و دەڵێن (پێم گوت). ئێمە دەزانین کە کەسی سێیەمی تاك مەفعوول بوو ڕاناوەکەی دەرناکەوێ تەنانەت کە دەڵێین (لێم ستاندەوە) دوو مەفعوول بزرە بەڵام کە گوتت (لێیم ستاندەوە..) مەفعوولی دووەم لە شکڵی ڕاناوی (ی)دا دەرکەوت و حەقیشیەتی دەرکەوێت چونکە تەنیا یەك مەفعوول دەشێ هەر بەتەسەور جێی بۆ بکرێتەوە لە ئاخاوتندا وەك کە دەڵێی (دیتم) دەزانین شتێك وەیا یەکێکت دیتووە بەڵام کە بوون بەدوو مەفعوول وا باشە دووەمەکەیان دەرکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە کە لەو لەهجەیەدا دەڵێن (لێتم وەرگرت) ڕاناوی کەسی دووەم کە لەبەر حوکمی (لێ)ی پریپۆزیشنە یەکسەر بەدوایدا هات بەڵام کە گوتت (لێم وەرگرتیت) ڕاناوی کەسی یەکەم کە فاعیلە ئەویان کەوتە بەر حوکمی پریپۆزیشن هەرچی کەسی دووەمە بەسەلامەتی کەوتە دوای فیعلەکەوە.. بەهەمەحاڵ ئەم بەراوردکردنە سەر بە ڕێزمانە نەك بە ڕێنووس، بەڵام ڕێم بۆ دەکاتەوە بڵێم لە هەر لەهجەیەکدا بێ ڕاناوی لکاو دەبێ بەپێی ئەو دەستوورانە بنووسرێ کە بۆ نووسینی ئەدەبی قەرارادە دەکرێ، چ زەرەرێکیش لەوەدا نابینم ئەگەر لیژنەیەکی شارەزای ڕێزمان خەریك بێ ئەو تەرزە بەکارهێنانە و داڕشتنانە هەڵسەنگێنێ بەڵکو هی وایان تێدا ڕەچاو دەکات کە لەوەی باوی نووسینە پەسەندتر بن، خۆ هەمووی هەر کوردییە و هیچیان نابنە منداڵی هەڵگیرایەوە..

### گیروگرفتی ئامرازە لێکدەرەکان (حروف العطف)

زاراوەی (ئامرازی لێکدەر) لە ڕووی واتاوە لەگەڵ (اسم الموصول)دا ڕێك دێت هەرچی (حروف العطف)ە لەگەڵ وشەی (پێوەندی)دا پتر دەگونجێ. بەڵام لێرەدا پێڕەوی بانگەوازەکە دەکەین و بە (عاطف) دەڵێین (لێکدەر). هەرچەند تا ئێستا ڕێککەوتنی گشتی لەسەر تێکڕای ئەو وشانەی بەلێکدەر دانراون پەیدا نەبووە دیسانەوە دەتوانین بریاری وەها بدەین کە لە ڕووی چۆنیەتیی نووسینیانەوە هەموویان بگرێتەوە.

ئامرازی لێکدەر هەرکە ناوی ئامرازی وەرگرت دەبێتە یەك لەو چەند بەشە سەربەخۆیەی کە زمانی بەسەردا دابەش دەکرێ وەك: ناو، کار، ئاوەڵناو... دیارە کە لە

ڕێزماندا سەربەخۆ بوو دەبێ لە نووسینیشدا بەجودا بنووسرێ. بەڵام کە بێین وشە لێکدەرەکان بخەینە بەرنیگای سەرنجەوە چەند تێبینییەك خۆ ڕەپێش دەکات:

١– وشە مەشوورەکەی (عطف) کە فارسی و کوردی و تورکیش تێیدا هاوبەشی عەرەبین واوی عەتفە. لەبارەی ئەم واوەوە دەبێ دوو خاڵ ڕەچاو بکرێ:

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە شکڵی (وە) ئەمرازە سەریحەکەی عەرەبییە بەزەقی ڕادەگوێزرێ بۆ ناو ئاخاوتنی کوردی. لەبەر ئەمە پێویستە دوورەپارێزی لێ بکرێ وەك کە دوورەپارێزی لە (بلی بەلا)دا دەکرێ و دەگۆڕێ بە (بەڵێ).

خاڵی دووەم چۆنیەتیی نووسینی (و)ی عەتفە، وابزانم نووسەران هەموویان واوەکە بەجودا دەنووسن و نایلکێنن بەڵام هەندێکیان لە نزیك وشەی پێش خۆیەوەی دەنووسن هەندێکیشیان لێی دوور دەخەنەوە. بەلای منەوە هەردوو شێوە نووسین بەڵگەی خۆی لەگەڵ خۆیدایە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئێمە بڕیارمان دا بەجودا بنووسرێ بۆچی وەکو وشە جوداکانی دیکە لە دوورەوەی وشانیەوە نەنووسین؟ ئەگەر بگوترێ دوورخستنەوەی وەهای دادەبڕێ کە ئیتر نەشێ ببێتە بزوێن بۆ وشەی پێشیەوە، لە وەرامدا دەڵێین نزیکخستنەوەشی لە وشەی پێشیەوە مافی ئەوەی لێ دەستێنێ کە پێیەوە نەلکێ. جگە لەمە، جاری وەهاش هەیە واوەکە بەدوا هەندێ وشەدا ئەگەر لێی دوور نەخرێتەوە بەپیتی ئەو حیساب بکرێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە خوێندنەوەدا، جارێ، شلکن، واش دەبێ بەدوا وشەیەکدا دێت کە کۆتاییەکەی دەنگی واوی تیژە. ئینجا ئەوانەی واوی تیژ بەدوو واو دەنووسن لێیان ناقۆڵا بەدەر دەداتەوە. بەهەمەحاڵ وا دەزانم چاکتر ئەوەیە لە دوورەوە بنووسرێت. پێی ناوێ بڵێم لەخۆوە دیارە کە دەبێ تەنیا یەك واوی بێ نیشانە بۆ ئەم واوەی عەتف دابندرێ هەر نەبێ لەبەرئەوەی کە بەدوا بزوێندا هات واوەکە دەبێتەوە کۆنسنانت و نیشانە قبووڵ ناکات.

لە حاڵێکدا واوەکە بەشداریی دروستکردنی وشەی فەرهەنگی بوو دەبێ لە سیفەتی عەتف و سەربەخۆیی بکەوێت و بەپێش خۆیەوە بلکێت، وەك لە وشەکانی (هاتوچۆ، هیچوپووچ، شتومەك..) و هی ئەوتۆییدا واوەکە بووەتە کەرتی پێکهێنەر. هەرچۆنێك بێ ناشێ لە وشەکانەوە دوور بخرێتەوە. ئەمە دەڵێم لەبەر ئیحتیمالی پەیدابوونی گرفت لە نووسینی وشەی وەك (هەرچی و پەرچی) چونکە ئەگەر بڕیار نەدرێ لەسەر دانانی نیشانە بۆ (ی)ی تیژ ئەوسا کە واوەکە بەچیمەکەوە لکێندرا لەوانەیە بخوێندرێتەوە (هەرچی یو پەرچی).

لە وشەی وەك (سەر و سەر، کەل و کەل، مل و مل، دەشت و دەشت..)دا واوەکە نەبووەتە کەرتی پێکهێنەری وشە لەوەش دەرچووە عەتفی ڕووت بێ لەبەر ئەوە پێویستە بەجودا لە نزیکەوە بنووسرێ.

٢- وشەی (هەر) لەگەڵ (کوێ، کەی، کام، سات..)دا سیفەتی عەتف دەدۆڕێنێت و دەبێتە جۆرە وەسفێك بۆ ئەو وشانە. لەبەر ئەمە لێیانەوە نزیك دەخرێتەوە. بەڵام کە گوتت (لە نێوان فلانە کۆمەڵە وشەدا هەر کام بۆ پرسە) دەبێ (هەر) دوور بخرێتەوە چونکە بۆ عەتفە.

٣- وشەی، وەیا ڕاستی، دەنگی (ش)ی عەتف بێ چەند و چوون بەپێش خۆیەوە دەلکێت وەك (بیتوێنیش دەشتە، شووتیش هەرزانە، منیشت دیت..). کە هات و کەوتە نێوان نیشانەکانی موزاریعە و نەفی و نەهی و ئەمر و نێوان فیعلەوە دەبێ بەهەردوو لاوە بنووسێت وەك (بشخۆ، مەشڕۆ، دەشچی، نەشچوو، ناشچێ، نەشڕۆیشتایە، بشڕۆیشتایە.). وا دەزانم لە ڕابردووی بەردەوامدا کە لەگەڵ نەفی هات وەك کە دەگوترێ (نەشدەهاتم) هەر دەبێ بەدوا خۆیەوە بلکێ بەڵام کە ڕاناو هات و کەوتە دوای (ش)ەوە جودای بکاتەوە وەك (نەشمدەزانی). بەهەمەحاڵ ڕاناو هەمیشە شینەکە لە وشەی دواوە جودا دەکاتەوە جا ئەگەر شینەکە بەدوا پێشگر و نیشانەکاندا هات پێکڕا لەگەڵ ڕاناوەکە لە نزیك وشەی دواوە بنووسرێن وەك (هەڵیشم گرت، بشمگرتایە، نەشمدیت، مەشمبینە، ناشمدوێنێ..) بەڵام کە بەدوا دەستەواژە و وشەی سەربەخۆدا هاتن تێکڕایان بەجودا دوور لە وشەی دواوە بنووسرێن (خانووشم کڕی، سەفەریش دەکەم، سەرەو هەورازیش دەڕۆم..).

ئەم مامڵەت جوداییە داخوازی ڕێزمانە، جا ئەگەر ویسترا بەنیازی ئاسانکردن یەك مامڵەت لەگەڵ وشەی سەربەخۆ و دەستەواژە و پێشگردا بکرێت و هەموویان دوور لە وشەی پاشەوە بنووسرێن دەبێ مامڵەتی نیشانەکان هەر جودا بێ و لەگەڵ (ش)ەکە وێکڕا بەدوا خۆیانەوە بلکێن وەك: بشڕۆ، دەشبینێ، دەشچوو، نەشدەچوو.

٤- «نە»ی (عەتف - نەفی) بەجودا لە دوورەوەی وشانەوە دەنووسرێ وەك: نە دەخۆم نە دەخۆمەوە، نە دارا و نە برزۆ، نە دەشهات و نە دەشچوو... هتد.

وابزانم لە ناو توێژی چی لێرە بەپێشەوە باسمان کرد ڕوون بووەتەوە بەپێی باوەڕی من چۆن وشەی لێکدراو بنووسرێ، کاکڵی قسەش لەوەدا ئەوەیە کەوا هەتاکو وشەی لێکدراو و دارێژراو و دەستەواژەش بەرەو سەربەخۆیی و جۆش خواردنەوە برۆن پتر بەیەکەوە لکان هەڵدەگرن. پلەی لکانیش لەوەدا دووە، یەکیان لکانی تەواو، ئەوی دیکەیان لە یەکتر نزیککردنەوەی کەرتی وشەکان. ئەوەی ڕاستیش بێ ئەو تەرزە وشانە بەهۆی ئەوەوە کە بەهەر جۆرێك بنووسرێن واتا نادۆڕێنن وا لە نووسەر دەکات کە یەك وشە بەچەند جۆرێك بنووسێت بۆیەشە سەپاندنی یەك وێنە بۆ هەر تاکێك لەو وشانە پێویستی بەبڕیار و دەسەڵات هەیە، ئینجا کاتیشی دەوێ تا دەست و قەڵەمی تێکڕای خەڵق ڕادێت لە جۆری نووسینیان بەڵام بێگومان دوای ئەوەی شێوەی وشەکان و جۆری ڕێنووس لە قوتابخانەکان جێگیر دەبن پاش چەند ساڵێك زۆربەی خەڵق بەو شێوەیان دەنووسی کە بەدەرس گوتراوەتەوە چونکە هەرچی منداڵە دەچێتە قوتابخانە و هەموویان یەك جۆر ڕێنووس فێر دەبن ئەوساش کارەکە بەند دەبێ بەهەبوونی مامۆستا شارەزا بایی هەموو قوتابخانەکان.. ئەمەیش بەولای ئیمکانەوە نییە، زۆریش زەحمەت نییە چونکە ئێمە لەم کارەدا یەکەم هەنگاو هەڵنانێین.

## گیروگرفتی دانانی نیشانەکان

ئەگەر مەبەست لە نیشانە ئەوە بێ کە لەسەر هەندێ پیت دادەندرێ ئێمە لێی بووینەوە و لە یەکەم بەندی خاڵی یەکەمی بانگەوازەکەدا بووبووە سەرەباس. ئەگەر مەبەستیش نیشانەی موزاریع و فەرمان و نەهی و نەفی و پێ ناسین و کۆکردن و چووککردنەوە و پاشگرەکانی ناوی مەعنەوی و ئاوەڵکار و ئاوەڵناو و شتی ئەوتۆیی بێ دیسانەوە لە تێکڕای ئەم نووسینەدا باسیان کرا و گوترا دەبێ ئەو نیشانە و پاشگرانە بەکۆتایی وەیا بەرایی وشانەوە بلکێن. لێرەدا تێبینییەك هەیە باسکردن دەهێنێ.

پاشگر بێ هێزتر و ناسەربەخۆترە لە پێشگر، تەنانەت هی وایان تێدایە بەحاڵ وجوودی هەیە وەك دەنگی فەتحەی دوای (چاکە، خراپە) وەیا هی دوای (گرزە، ڕووتە). هەرچی پێشگرە هەبوونی سەربەخۆی هەیە با واتای تەواویشی نەبێ چونکە مومکین

نییە هیچ بێژەیەك لە پێشەوە بێت و وجوودیشی بەند بێ بەوشەی دوای خۆیەوە بەڵام دەشێ هەبوونی بێژە بەند بێ بەپێش خۆیەوە وەك بزوێنی دوای (خراپە، ڕووتە، جوانی، سەروو، زانا). پێشگر هەیە وجوودی سەربەخۆ و واتای تەواویشی هەیە وەك (دەر، بەر، لا..). لە وشەکانی (بێ دین، بەناموس)دا پێشگرەکان پریپۆزیشنن کە لە هەبووندا بەشێکی ئاخاوتنە وەك ناو و کار.. لەبەر ئەمە پاشگر پتر ئامادەی پێوە لکانە بگرە نەلکان هەڵناگرێ. هەر بۆیەیشە نووسەران بەئاسایی وا دەبێ پێشگر بەجودا دەنووسن وەیاخود کە لەمپەر کەوتە نێوان وشە و پێشگرەکەیەوە بەپێی دەستوور پێشگرەکان لێی دادەبڕێن وەیا دوو پێشگر پێکەوە بەفیعلەوە نالکێن. ئەم دیاردەیەی خۆش جڵەوی پاشگر بۆ لکان بەپێش خۆیەوە زۆر بەسەیری، لە پیتەکانی ئەلفوبێش بەدیار دەداتەوە کە دەبینین هەموو پیتەکان بەپێش خۆیانەوە دەلکێن، ئەوانەی کە نالکێن نەلکانەکەیان بەپیتی دوا خۆیانەوەیە.

دوو تێبینیی وردیلە هەن دەبنە دوایین ئاڵقەی ئەم زنجیرەیە: یەکیان نیشانەی موزاریعەتە کە لە سلێمانی و خۆشناوەتی و هەندێ شوێنی دیکەدا (ئە)ی بۆ بەکار دەهێنن. ڕاستییەکەی (دە) باشترە لە (ئە) ئەویش لە دوو ڕووەوە: ڕووی یەکەم ئەوەیە کە لە سەدی نەوەدی کورد (دەڕۆم، دەبیەم، دەمنووسی..) بەکار دەهێنن. ڕووی دووەم ئەوەیە کە لە زاری کرمانجی سەروودا بەولای (دە)وە (دێ)ش هەیە لە بری (سوف)ی عەرەبی وەك دەڵێن (دێچم). ئێمە لەجیاتی ئەوەی کەرستەی وەها ڕاگەیەنەر پەرە پێ بدەین نابێ ئیعدامی بکەین چونکە مەنعکردنی (دە) لە پێشەوە (دێ)ش مەنع دەکات.

تێبینیی دووەم ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری نووسەران زۆر بەسەیری لە گەلێك باردا پیتی (ی) دادەبڕن لە وشەی پێش خۆیەوە. بەنموونە کە دەنووسن (لێت ڕازییە) ڕاناوەکەی (ت) بە (لێ)وە دەلکێتن بەڵام کە دەنووسن (لێی ڕازییە) ڕاناوەکەی (ی) لە (لێ) دادەبڕن (لێ ی ڕازییە). نووسەران لەم مامڵەتەدا دەستووری لکان و نەلکانی پیت هەڵدەگێڕنەوە کە دێن (ی)ی دووەم بەپێش خۆیەوە نالکێنن چونکە وەك پێشتر گوتم (ر، د، و، ز، ا)ش بەپێش خۆیانەوە دەلکێن، لە نموونەکانیشدا یێی یەکەم بەپێش خۆیەوە لکا (لێت ڕازییە، لێ ی ڕازییە). باوەڕ ناکەم هیچ کەسێك وەرامی هەبێ بۆ پرسیارێك کە بڵێ (ئەرێ نووسەری کورد لە کوێوە دەستووری نەلکانی ئەو یێیانەت هێنا؟).

**کورتەی پێشنیارەکان**

لەم چەند دێرەی خوارەوەدا کورتەیەکی بێ بەڵگەکاری دەکەم بەچەند خاڵ لەبارەی ئەلفوبێ و ڕێنووسەوە.

أ– لەبارەی ئەلفوبێوە:

١– ناشێ بۆ تاکە دەنگ دوو پیت دابندرێ.

٢– دەبێ نیشانە بخرێتە سەر واوی تیژ و یێی تیژەوە، وەهاش پەسەند دەکەم نیشانەکەیان هەشتێکی بچووك بێت کە دەکاتەوە حەفتی بەرەواژ.

٣– دیفتۆنگی (وێ، نگ، ند) هیچیان ڕاستە دیفتۆنگی نژادی نین چونکە بریتین لەو دەنگە ئاشکرایانەی بەنووسین دەیاننووسین.

٤– دالی کلۆر و تێی کلۆر دال و تێی حەقیقین دەبێ هەر بەپیتە عادەتییەکانی بێ نیشانە بنووسرێن.

٥– دەبێ پیت بۆ دیفتۆنگی واوی تیژی بادینانی دابندرێ وەیا نیشانەی بۆ ڕەچاو بکرێ تاکو لە واوە تیژەکەی بێ دیفتۆنگ جودا بێتەوە.

٦– ئەو دەنگانەی لە کوردیدا نین بەو شێوەیە بنووسرێن کە لە زاری کوردەوە دێنە دەرێ، وەیا بەپیتی زمانی خۆیان بنووسرێن و بخرێنە نێوان کەوانەوە.

٧– لە بری (شدّە)ی عەرەبی دوو پیتی دەنگە گوشراوەکە بنووسرێ.

٨– نیشانە بۆ ڕێی قەڵەو دابندرێ چ لە سەرەوەی بێت چ لە ژێرەوەی.

٩– پێویست نییە بۆ (کسرة مختلسه)ی کە من پێی دەڵێم قورسکردنی دەنگ هیچ نیشانەیەك دابندرێ. کاتێك باس گەیشتە دانانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی ئەوسا قسەی لێوە بکرێ.

١٠– کەسرە و فەتحە و «ضمە» وەك باوە بنووسرین (ی، و، ە).

ب– لەبارەی ڕێنووسەوە:

١– وشەی لێکدراو و داڕێژراو بەتێکڕایی کە بوون بەوشەی فەرهەنگی هەموو کەرتەکانیان بەیەکەوە بنووسرێن. دەستەواژەی ئاوەڵکاری و ئاوەڵناوی کە جارێ

نەبوونەتە وشەی فەرهەنگی کەرتەکانیان بەجودا لە نزیك یەکترەوە بنووسرێن: (چنگ لەسەر شان..).

٢- وشەیەك کە کەرتی ناتەواوی فیعلی تێدا بەشدار بوو هەمیشە کەرتەکانی بەیەکەوە بلکێندرێن وەك: خوێنمژ، دەسکەنە، هەڵکەوت، گورگنەخۆرە، پاشبەند، دەستبەستە، پێڕەوکە.. هتد. مەرجیش نییە وشەکە بووبێتە فەرهەنگی.

٣- هەرچی ناو کۆکە مامڵەتی تاکە وشەی لەگەڵدا بکرێ وەك (گوڵبەدەم، قەرەتاژدین، کێلەشین، کاکەمەم، دووگرتکان، کاکەڵڵا، پیرۆتەسوور، مەلای جەزیری-) ئەم ناوەی دوایی چونکە (مەلا)کە تێیدا بەلەقەب ماوەتەوە تا ئەوەی (ی) ئیزافەشی داخوازی کردووە نەشیا (ی)کەی بە (جەزیری)یەوە بلکێ بەڵام هەردوو وشە لە نزیك یەکدییەوە نووسراون. (بۆ لەقەبەکان بگەڕێوە سەر درێژەی نووسینەکە).

٤- ناوی عەرەبی و بێگانە ئەگەر وەك خۆیان ڕاگوێزران دەخرێنە نێو کەوانەوە و بەپێی ڕێنووسی زمانەکەیان دەنووسرێن وەك (محمد، خلعتبری، George ..). بەڵام کە پیتی ئەو زمانانە لە چاپەمەنی وەیا ڕێنووسی کوردیدا نەبوون دەبێ بەو شێوەیە بنووسرێن کە لە زاری کوردەوە دەردێن.

٥- پێشگر هی فیعل و هی غەیری فیعل بەدوا خۆیەوە دەلکێ. بەڵام کە دوو پێشگر بەیەکەوە هاتن تەنیا ئەوەی دراوسێی وشەکەیە پێیەوە دەلکێ، ئەوی دیکەیان بەجودا لە نزیکەوە دەنووسرێ.

أ- نیشانەکانی موزاریع، ئەمر، نەهی، نەفی بەفیعلەوە دەلکێن تەنانەت کە دەنووسرێ (نەدەڕۆیشت) دەبێ وا لە قەڵەم بدرێ کە بەیەکەوە نووساون هەرچەند (نە، دە) بەحوکمی ئەلفوبێ ڕێی ئەوەیان نییە بەدوا خۆیانەوە بلکێن، لەبەر ئەمە لە نزیك یەکدییەوە دەنووسرێن.

ب- ئەم نیشانانە لە دوا پێشگریشدا هەر بەوشەوە دەلکێن وەك هەڵبگرە، هەڵمەگرە، هەڵنەگرێ، هەڵناگری، هەڵنەفڕی، هەڵدەگرێ.

ج- کە ڕاناوی لکاو کەوتە نێوانەوە بەخۆی و ئەوەی پێش خۆیەوە لە وشەی دواوە دادەبڕێت وەك: هەڵم دەگرت، هەڵم گرت، تێم گەیشت، بۆم هات، وەرم گرە.. بەڵام لە نزیکیەوە دەنووسرێت.

د- کە ڕاناوی لکاو کەوتە دوای وشەی سەربەخۆوە لە هەموو بارێکدا لە وشەی

دواوەی دوور دەخـاتـەوە وەك (خـانـووم کـرد، سەریـان تـاشی، دارەکـەتـان بڕییەوە..).

هـ- پێشگری پریپۆزیشن وەك: (بێدین، بەنـامووس) بەوشەوە دەلکێت، بەڵام کە لە پێشگریەتی کەوت، لـە وشەکە دوور دەکەوێتەوە وەك (دنیـا بـێ دین هـەڵناکا، خانووم بەقوڕ و خشت کرد..).

ز- پێشگری لێکدراو هـەمیشە بەجودا و دوور لـە فیعلەوە دەنووسرێت وەك (تێك هەڵقژان، لێکەوە هـاتن، پێکەوە ژیـان.).

٦- هـەموو پـاشگرێك بەوشەی پێشییەوە دەلکێت، تەنـانـەت ئـەگـەر دوو پـاشگر و دوو ڕاناوی لکاویش بەدوا یەکدیدا هـاتن هـەموویـان پێکڕا بەوشەی پێشیـانەوە دەلکێن وەك (مێواندارێتـانم تـاقی کردەوە، جووڵاندنـەوەیـانت ڕا لـێ نەبوو).

٧- داتـاشین بـەر واتـا و حوکمی وشەی داڕێژراو دەکەوێ هـەرچەند ڕوونیش نییە ئەم داتـاشینـەی بـانگـەوازەکـە چـی مـەبـەستـە. بـەهـەمـەحـاڵ ئـەوەی بـووەتـە وشەی فـەرهـەنگـی وەیـا لـە داتـاشینـەکـەدا سوان و قـرتـان و سووککردن پـەیدا بـووبـوو بەسەریەکەوە وەیا لە شکڵی لکاودا دەنووسرێ.

٨- قرتـانی دەنگ هـەر لە پەڕاوێزی زمـانی ئێستـاکەی کوردی بەهـەند هـەڵدەگیرێ. لەو پەڕاوێزەدا ئەو دەنگەی کە لە لەهجەیەکدا قرتـابوو بەڵام لە لەهجەی دیکەدا زیندوو بوو دەبێ زیندووەکە بچێتەوە بۆ نووسینی ئەدەبی.

٩- ژمـارەکـان بـەم شێوەیە دەنووسرێن:

چوار، حەفت، یـازدە، دوازدە، سێزدە، چواردە، پـانزدە یـاخود پـازدە، شـازدە، هـەڤدە، هـەژدە، نۆزدە، حـەفتـا - حـەفصـەد - حـەفسـەد -. دووەم، سێیـەم، نۆیـەم، دەیـەم، یـازدەم، دوازدەم - یـازدەمین - دوازدەمین، سێزدەم، .. هتد حەفتـایـەم، هـەشتـایـەم، نـەوەدەم، سەدەم، ... هتد هـەزارەم، دەهـەزارەم، ملیۆنـەم، ملیۆنـەمین.

١٠- ڕاناوی لکاو هـەمیشە بـەوشەی پێش خۆیـەوە دەلکـێ و لـە هـی دوا خۆیـەوەی دادەبڕێ و لێی دوور دەخاتەوە مەگەر نیشانەکانی (مضـارع، نفي، نهي، أمر) بەیەکەوە دەنووسرێن. دیـارە ڕانـاوی لکاو بـەڕانـاوی لکاوەوە دەلکێت وەك (قسەتم پـێ خۆشە، قـەڵـەمەکەمت چ لـێ کرد، دیتمـانن..)

١١- هـەرچی (حروف العطف) هـەیە بەجودا دەنووسرێ بەڵام:

أ– دوورەپـارێزی بـکـرێ لـە بـەکـارهـێـنـانـی (وە) کـە ڕاگوێستنێکی دەقـاودەقـە لـە عەرەبییەوە.

ب– واوی عەتفی کوردی دوور لە وشەی پێشییەوە بنووسرێ.

ج– کـە واوی عـەتـف بـوو بـەکـەرتـی وشە دەبـێـتـە بـەشێکی بـنـجـیـی وشەکـە و بەپیتەکانی دیکەوە دەلکێ (کەلوپەل، شتومەك.. هتد)

د– لە وشەی وەك (مل و مل، دەشت و دەشت، کەل و کەل) واوەکە جودا بێ بەڵام لە نزیك پیتەکانی دیکەوە بێ.

هـ– وشەی (هەر) کە لەگەڵ (کوێ، کێ، کام..)دا بەیەکەوە هاتن لێیانەوە نزیك بنووسرێ وەك: (هەرکام، هەرکێ، هەرکوێ). بەڵام کە گوتت (لە نێو کۆمەڵە وشەکەدا هەر کام بۆ پرسە) دەبێ (هەر) دوور بخرێتەوە چونکە بووە بەوشەی عەتف.

و– «نە»ی نەفی و عەتف لە دووری وشەوە دەنووسرێت وەك: نە دێم نە دەڕۆم – نە تۆ نە ئەحمەد هیچتان نەهاتن. بەڵام لە (نەمێرد)دا لە وشەکە نزیك دەبێتەوە.

لە کۆتاییی ئەم کورتەیەدا دەڵێم کاتی خۆی ئەنجومەنی کۆڕ وای پەسەند کرد کە سێ ژمارەی یەك پیت بەدوا یەکدیدا هاتن دووی پێشەوە لە نووسیندا بەیەکەوە بلکێن سێیەمەکەش لە نزیکیانەوە بەجودا بێت یاخود بەپێی داخوازیی ڕێزمان دووی دواوە بەجودا لە نزیك کۆتاییی وشەکەوە بنووسرێن وەك (لادێییە، مێیینە.) کە دەڵێن (یێی کراوە) سێیەمینیان جودا دەبێ وەیا کە دەڵێن (ئێوە عاشقی فەنن ن) نوونی سێیەم جودا دەبێ. وادەزانم پێشنیارێکی باش بێ بۆ ئیمکانبوونی خوێندنەوەی سێ پیتی یەکجۆری بەدوایەکدا.

**پێرست**


وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی................................................................٥

چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی ............................................................................. ١٣٤

بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی کوردی ............................................................................ ٢٠٨

فۆنەتیك چیمان بۆ بکا؟ ........................................................................................................ ٢٥٦

ڕێنووسی کۆڕ.......................................................................................................................... ٢٨٧

لەبارەی هەندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی ............................................................. ٣٢٦

بەسەرداچوونەوە ..........................................................................................................٣٤٤

هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەیێکی زمانی کوردی ...............................................................٣٧٢

چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی ..................................................٤٠٣